گاڵتەجارِییەکانی دادگا

ڕۆمان

هەڵۆی سامی

- ناوی کتێب : گاڵتەجارییەکانی دادگا
- ناوی نوسەر : هەڵۆی سامی
- بابەت : ڕۆمان
- هاوکار لە هەڵەچنین : ڕەزوین تاهیر ـ ئومێد قەرەنی
- دیزانی بەرگ : ئیبراهیم صالح
- دیزاییننی ناوەوە : محمد حوسین خەتێ
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- نرخ : (٨٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردن : (٣١٣) ی ساڵی (٢٠٢٠) .

دەروازە

شەو درەنگ بوو ، ئەردەشێر مەیتی ژنێکی ڕووتی لەسەر شان بوو ، بتڵێک مەیشی بە دەستەوە گرتبوو بەناو کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە و هاواری دەکرد هۆ خەڵکینە هەستن ژنە لەشفرۆشەکەیان کوشتووە ، هۆ پیاوەکان ئەو ژنەی بە پارە لەشە ناسکەکەییتان دەکڕی کوژراوە ، ئەدی بۆ ئێستا نایەن لەسەری بێنە جواب ؟ بۆ نایەن کۆببنەوە و بیشۆن و بە خاکی بسپێرن بە ڕێوڕەسمێکی شایستە ، مەگەر نابینن بە مردوویی هەر جوانە ؟ هەر میهرەبان و خۆبەخشە ؟ مەگەر نابینن بە مردوویش دەم بە خەندەیە بەس بۆئەوەی دڵتان خۆش بکات ؟ مەگەر نابینن هەڵگری چ ئازارێکە لە سایەی ئەو ڕەنگە زەردەی ؟ هەر دەهات و دەچوو لەناو کۆڵانەکان

بێ ئەوەی ماندوو بێ . خەڵکەکەش تاک تاکە لە سەربان و کەلەنی دەرگاکان سەریان هەڵدەکێشا و دەچوونەوە ژووری . پاشان ئەردەشێر چووە پێش مزگەوت و بە پێلەقە لە دەرگای دا ، بۆئەوەی بیشۆن و نوێژی لەسەر بکەن و بە خاکی بسپێرن ، مەلای لە نوێنەکەی بە ئاگا هێنا . کە مەلا دەرگای کردەوە گووتی هەستە لەخەو تەرمی مەریەمێکی پاکیزەم پێیە، تاقە عیسایەکی لە دوا بەجێماوە . مەلاش کە بەمشێوەیە بیبینی شڵەژا ، بتڵی مەی و ژنێکی ڕووت بە کوژراوی لەسەر ملی پیاوێک و شووشتنی لەناو مزگەوت بەلایەوە زۆر سەیر بوو ، نەیزانی چیبکا . لەو کاتەش ئەردەشێر هاواری کرد بۆ ڕاوەستاوی مەگەر نابینی کەسێک مردووە ؟ ئەویش بە ئەردەشێری گووت بەڵێ بەڵێ دەبینم ، بەڵام ژن لەناو مزگەوت ناشورێ . ئەردەشێریش گووتی بۆ چما دەرگای مااڵی خوا بۆ هەموان کراوەنیە ؟ خاستەن بۆ لەشفرۆشەکان کە بێ مااڵن و هەموو دەرگایەکیان بە ڕووداخراوە ؟ مەلا زمانی تێک ئااڵ و گووتی بەڵێ بەڵام دەبێ ژنێک بیشوا . ئەردەشێریش گووتی باشە بانگی مەلاژن بکە . کە بانگی مەلاژنیان کرد ، مەلاژن سەیرێکی تەرمەکەی کرد و ناسیەوە، گووتی ئەوە مەیسەری لەشفرۆشە من دەستی لێنادەم ئاوەگرە . لەوکاتە ئەردەشێر تووڕە بوو ، گووتی کەواتە لێم دوورکەونەوە ، بە خۆی بردیە شووێنی مردوو شۆرین و بتڵە مەیەکەشی لە تەنیشتە خۆی لەسەر یەکێک لە بەردە چاکراوەکانی ناو مزگەوت دانا ، مەیتەکەی لەسەر

تاتەشـۆرەکە درێـژ کـرد و پرچـی کـردەوە ، پاشـان ئـاوی پێداکردو و بە سابوون و لیفکە شووشتی ، لەکاتی شووشـتن بە بەر چـاوی مەلاژن و مەلاوە جـار جـار ملـی بـووتڵەکەی دەگرت و قومێکی لێ دەخواردەوە . کە لە شووشتنی ژنەکەش بۆوە بە ڕێکی کفنی کرد و دەستی کردە قورئانێک و بە مەلای گـووت سـوڕەتی " النـور " ی لەسـەر بخـوێنە ، ئـایەتی (١١ تا ٢٠) ، منیش گۆرانیەکی بۆ دەڵێم . مەلاش لە ترسان سووڕەتەکەی بە دەنگ لەسەر خوێند . پاشان ئەردەشـێریش پـڕ بە گەرووی هـاواری کـرد و لەسـەر تەرمەکەی گـۆرانی گووت . ئینجا خستیەوە سەرملی و مزگەوتی بەجێهێشت . ئەم دەنـگ و باسـە بەنـاو شـاردا بـڵاو بـۆوە . پۆلیسـیش کە بەمەیانزانی دەم و دەست بە دوای ئەردەشـێردا دەستیان بە گەڕان کـرد بـۆئەوەی بیگـرن و ڕادەسـتی دادگـای بـکەن . ئەردەشێریش هەر ئەو شەوە تەرمی ژنەکەی بردە ڕۆژئاوای شارۆچکەکە و لە نزیک چڵکاوە بە قامیش دەورە دراوەکان نێشتی ، لەوێ دوو بەردیشی لەملا و لەولای گۆڕەکەی دانا لە جێگـای کێـل . پاشـانیش لەگەڵ ڕۆژهەڵاتـن گەڕایەوە نـاو شارۆچکەکە و لە نزیک ماڵی ژنەکە دەستگیرکرا .

یەکەم

دادوەر پرسی بەڕێز ئەردەشێر ئەو ڕووداوە چۆن بوو ، تۆ چۆن زانیت ئەو ژنە کوژراوە ؟ ئەو شەوە تەرمی ئەم ژنە چی دەکرد لەسەر شانی تۆ ؟ ئەردەشێر ئامادە نەبوو وەڵامی دادوەر بداتەوە ، لەبەرە خۆشی دووسێ جار بە گاڵتەوە پێکەنی . دادوەر لێی پرسی بە چی پێدەکەنی ؟ ئەردەشێر گووتی بە دادگا ، جەنابی دادوەر بە دادگا ، بەو دادگایەی تەرازووەکەی بە دەستی دوو حزب و دوو بنەماڵە و دوو عەشیرەتەوەیە . ئێوە منتان گرتووە بە تاوانی ئەوەی تەرمی ژنێکم لەسەر شان بووە و بردومەتە مزگەوت . ناڵێم هەڵەن تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە ڕووداوەکە چۆن بووە ، بەڵام کوا عەدالەت ، کوا یاسای سەروەر ؟ هەر بەڕاستی ئێوە

دەوێـرن کـوڕی سـەرۆکی ووڵات ، یـان بـەرپرسێکی گـەورە بگرن ئەگەر تاوانێک بکات ؟ دادوەر لەپڕ بە تووڕەییەوە دوو سێ جار چەکوشەکەی لە مێزەکەی پێشە خۆیدا و گووتی بێ دەنـگ بە ، مـن چـیم لـێ پرسـی ئەوەم وەڵام بـدەوە . ئەردەشـێریش جیـا لەهەمـوو ئەو زینـدانیانەی لە بەرامـبەر دادوەر زمانیـان تێـک دەئـاڵا و چۆکیـان دەلەرزی ، بـوێرانە گـووتی مـن هـیچ قسـەیەک بـۆ ئەو دادگـا درۆینـە نـاکەم کە کۆمەڵێک پارێزەرو دادوەری کۆیلە بەڕێوەی دەبەن ، دواتر تۆ ئەگەر تۆزێک زیرەک بی و تیژتر بیر لە تاوانەکە بکەیتەوە و خەیاڵ بکەی ، بێ ئەوەی هیچم لێ بپرسی دەزانی من بکوژم یـاخود نـا . دادوەر گـووتی چـۆن ؟ ئەردەشـێر گـووتی ئەگەر ئیزنم بدەن بە کورتی لەڕێی بەسەرهاتێکی خـۆمەوە ئەمەتـان پێ دەڵێم ، هەرچەندە ئێرە شوێنی بەسەرهات گێڕانەوە نـیە . بەڵام پەیوەندی بە دادگایی کردنەکەمەوە هەیە .

دادوەر خەریک بوو لە پێستەکەی خـۆی بێتە دەرەوە ، بەڵام لەبەر ئامادەبوان دانی بە خۆی داگرت ، ڕووی لە ئەردەشێر کرد و گووتی بفەرموو . ئەردەشێر گـووتی مـن منداڵ بـووم تەمەنـم هەشـت نـۆ سـاڵ دەبـوو ، دوکانێـک لەسـەری کۆڵانەکەمان هەبوو ، بابم ئێوارەیەک ناردمی هێلکە بکڕم ، کە گەیشتمە دووکانەکە لە بیرم چـوو پـارەی هێلکەکـان بـدەم ، هێلکەکانیشـم هێنـا . دوای نـان خـواردن ، دەسـتم لە گیرفـانم ڕاکرد ، بینیم هەندێک پارە لەناو گیرفانمە ، منیش سـەیرم پێهات ، لە بیریشم چوو بوو پارەی هێلکەکانم نەداوە . بە بابم

گووت ئەو پارەیە چ دەکا لە گیرفانی من ؟ بابیشم کەوتە گومان ، وایزانی درۆی لەگەڵ دەکەم ، یەکەم جار بە قسەی خۆش لە گەڵم دوا ، پاشان زانی هیچ نالێم لە بارەی پارەکە ، سەراوژێر بە پانکەی هەڵواسیم ، تا درەنگی شەو لێی دام ، لەتاو ئازاری گیانم درۆیەکم ڕێکخست ، گووتم دوێنێ کە لاس هاتە ماڵمان ، ئەو پارەیەی لە گیرفانی بەربۆوە و منیش هەڵم گرتەوە . لاس کوڕێک بوو دەبۆوە خزمی بابم، ماڵیان لە پشت ماڵی ئێمە بوو ، بابیشم کە گوێی لەو قسەیە بوو دەست و پێی کردمەوە . دایکیشمی نارد بەدوای لاس دا ، بۆئەوەی بزانێ پارەی بزرکردووە یاخود نا ، دوای کەمێک دایکم گەڕایەوە لاسیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو ، بابم لە لاسی پرسی تۆ دوێنێ هیچ پارەیەکت بزر کردبوو ؟ لاس گووتی نەخێر ، بابم گووتی باشە تۆ بڕۆوە ماڵەوە . کە لاس گەڕایەوە ، بابم دیسان هەڵیواسیمەوە ، ئەوجارە لەگەڵ فەللاقەکردن ، داغیشی کردم ، زیڕەم دەگەیشتە ئاسمان ، هەرچەند دەمویست خۆشم بزانم ئەو پارەیەم لە کوێ بووەو چۆن کەوتۆتە ناو گیرفانم نەمدەزانی . ئەو درۆیەی لەتاو ئازاری گیانم کردبووشم دوو ئەوەندە بارەکەی لە سەرم گران کردبوو. هیچ چارەیەکم نەما، ئەو جارە بە بابم گووت بمکەوە پێت دەڵێم ئەو پارەیەم لە کوێ بووە ، بابیشم کردمیەوە ، تۆزێک ئاوم خوارد، وا لەبیرمە کە لێوم بە جامەکە وەنا لە ناوی هەنسکم دەدا ، دیسان بابم لێی پرسیمەوە ئەو پارەیەت لە کوێ بووە ؟ منیش ڕووم لە دەرگای ژوورەکە کرد کرابۆوە ، ڕێک هەڵاتم،

گەیشتمە کۆڵان ، بابیشم کەوتە دوام لەسەری کۆڵانەکە گرتمیەوە . ژنێکی جیرانمان ناوی چنار بوو ، دیاربوو لەسەرەتاوە گوێی لە زیڕ و هۆڕی من ببوو ، هاتە بەر دەرگا، بە بابمی گووت توخوا وازی لێبێنە وا جەرگم دەسوتێ بۆی . بابم گوێی پێنەدا، دیسان ویستی هەڵمواسێتەوە ، ئەمجارە بە گریانەوە گووتم ئەو پارەیەم لە سەر شەقام دۆزیوەتەوە . گووتی ئەدی بۆ لەسەرەتاوە وات نەدەگووت ؟ گووتم لە بیرم نەمابوو . دایکیشم لەوکاتە گووتی دەوازی لێبێنە ئێ هەر دەبێ دۆزیبێتیەوە ئەدی لە کوێی بووە . ئەو شەوە بابم بە هەزارحاڵ وازی لێ هێنام . چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕوودواوە ، من و دایکم بەیەکەوە چووینە ئەو دووکانەی هێلکەکانم لێ کڕی بوو ، ژنی خاوەن دوکانەکە لەسەر دووکانەکە بوو ، بە داکمی گووت ئێوە پارەی هەندێ هێلکە قەردارن ، دایکیشم گووتی لەکەیەوە ؟ ژنەکەش گووتی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەردەشێر هات هەندێک هێلکەی برد پارەی نەدا ، لەوکاتەی ئەوان لەو قسانە بوون ، من لە خۆشیان لە شوێنی خۆم شاگەشکەبووم ، ڕووم کردە دایکم گووتم ئێستا بە بیرم هاتەوە پارەکە هی ئەو هێلکانە بووە ئەو ئێوارەیە نەمداوە و هەر لە گیرفانم ماوەتەوە . بەغاردانیش گەڕامەوە ماڵ هەواڵەکەم بە بابم ڕاگەیاند . جا جەنابی دادوەر ئەگەر بابم ئەو شەوە تۆزێک بیری بکردبایەوە ، هەر زوو دەیزانی ئەوبڕە پارەیە هی خۆیەتی کە کاتژمێرێک لەمەوپێش پێیدابووم هێلکەی پێ بکڕم . منیش نە هەڵدەهاتم و نەدرۆشم

دەکرد لەتاو ئازاری گیانم . ئێستاش هەرچەند لە پرسیارەکانی تۆ و فەلاقەی پیاوەکانتان ووردە دەبمەوە ، ڕێک وەکو ئەو شەوەی بابم دێنە بەرچاو ، کە ڕەنگە هەم هەڵاتن و هەم درۆشی لێ بکەوێتەوە . هەرچەندە ئێوە دادوەر و پیاوی حوکمەتن ئەو دز و ڕێگر بوو ، چ دز و ڕێگرێک؟ تەنیا پارەی لە دەوڵەمەندەکان دەستاند و دزی لە کارگەکان دەکرد ، بۆئەوەی بمانژیێنێ و لە گرانیە گەورەکەی ساڵی نەوەد تا دوو هەزار نەهێڵێ لە برسان بمرین .

ئەو ساڵە ڕەش و نەفرەتیانەی برا برای دەکوشت بە قسەی ئەم دوو حزبەی ئێستا دەستیان لەناو دەستی یەکە و ئەم ووڵاتە بە سەقەتترین شێوە بەڕێوە دەبەن ، ئەو ساڵە ڕەش و نەفرەتیانەی باوک منداڵی خۆی دەفرۆشت و دایک شەو تا بەیانی بە دیار جلە دڕاوە بەجێماوەکانی و شوێنە خاڵیەکەی دەگریا . ئەو ساڵە ڕەش و نەفرەتیانەی لەسەر شەقامەکان پیاو پیاوی بە ئاشکرا دەدا بەرچەقۆیان بۆ یەک دیناری ئاسن و کوڕ گۆڕی باوکی هەڵدەدایەوە و تەرمەکەی دەسوتاند بۆئەوەی ئەو بڕە پلاتینەی خراوەتە ناو قاچە شکست خواردووەکانی دەری بێنێ .

دووەم

کە ئەدرەشێر لەو قسانە بۆوە ، دادوەر لەپڕ سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد و چەکوشەکەی بە میزەکەدا کێشا ، گووتی کاتی دادگایی تەواو ، بەم نزیکانە بەڕێز ئەردەشێر دادگایی دەکەینەوە ، ئەمجارە بە تاوانی ئەوەی تەرمی ژنێکی لە ناو مزگەوت شووشتووە و بتڵێک مەییشی لەلا بووە ، کە ئەمەش پێچەوانەی بیر و باوەڕی ئایینی یە ، یەک نابێ ژن لەناو مزگەوت بشووڕێ ، جا چشنا ئەو ژنە لەشفرۆش بێ ، دووش نابێ پیاو ژن بشوا و لە ناو مزگەوتیش مەی بخواتەوە . بۆیێ ناڕەزایی مەلاکانی لێ کەوتۆتەوە و سکاڵایان لەسەری تۆمار کردووە . پۆلیسەکان ئەردەشێریان کەلەپچە کردەوە و زنجیرەکەیان خستەوە پێی . ئەردەشێر

دەتگووت شێرێکە کەوتۆتە داوی چەند ڕاوچیەکی ووڕگنی بێ زاخ . چونکە هەرکەس پۆلیسەکانی دەبینی دەیزانی ئەوانە بەو وورگە زلانەی لە ژێر بەرگەکانیان دەرپەڕیوە کە هەر لە ژنی دووگیان دەچوون ، نەهی ئەو کارە و نە هیچ کارێکی ترن . خەڵکەکە لەو کاتە واقوڕماو سەیری بوێریەکەی ئەردەشێریان دەکرد کە لەناوەڕاستی پۆلیسەکان بە پرچێکی تۆزێک تێکئاڵاو و کابۆیەکی ڕەنگ شیری و بلووزێکی ڕەساسی ڕاوەستابوو، بێ هیچ دڵەڕاوکێ و ترسێک . دەتگووت بۆ ئەو دەرەوە و زیندان هیچ جیاوازیەکی نیە .

پاشان پۆلیسەکان بە ناو مەمەڕە درێژەکەی دادگا بەرە و دەرەوەیان بردن ، کە دەبوا بیگەینە لای ئەو ئۆتۆمبێلە قەفەسەی دەیبردەوە بۆ زیندان . گەیشتنە بەر دەرگای پێشەوەی دادگا ، کە بڵندی و قەوسیەکەی هاوشێوەی دەرگاکانی کەنیسا بوو وێنەی تەرازوویەکی گەورەشی پێدا هەڵواسرابوو ، ئەردەشێر لەسەر قادرمەکان سەیرێکی ئاسمانی کرد، چەند باڵندەیەکی لە دوورەوە بینی بە هەموویان شێوەی سەرە تیرێکیان پێکهێنابوو بۆئەوەی باشتر با ببڕن ، بەرەو ڕۆژ ئاوا دەفڕین ، لەبەرە خۆی گووتی خۆزگەم بە ئێوە کە دەتوانن لەسەر هەرداڕێ بتانەوێ هێلانە چێکەن و لە کەناری هەر ئاوێ جووت بن و لە دەم هەرتەبارەیێ سیقەدانەتان پڕکەن لە گەنم .

ئاخەر ئەوەی تۆزێک شارەزایی هەبێ لەو جۆرە ژیانە ، چ پێویستی بەوە دەبێ کەسێک ووشەی ئازادی بۆ شی بکاتەوە.

لەودەمە پۆلیسەکان زنجیرەکەی دەستیان ڕاکێشا و سواری ئۆتۆمبێلیان کرد ، لە ڕێگا ئەردەشێر لە کونێکی بچووکی قەفەسەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد ، لە نێزیک دادگاکە بینی سێ چوار منداڵ تونـد عەباکەی دایکیان گرتووە و دەگرییێن ، دیار بوو زانیبویان باوکیان بۆ ماوەی بیست ساڵ حوکم بووە و چیتر ناتوانن بە هەوەسی خۆیان باوەشی پێدابکەن و ئێواران بچێتەوە ناویان . لەو کاتە ئەردەشێر بەبیری هاتەوە کە منداڵ بوو لەگەڵ دایکی لەناو پاسێک دانیشتبوو بۆئەوەی بچنە مەهاجەی باوکی . ڕۆژێکی باراناوی بوو ، سەرشەقامەکان هەموو ببووە قوڕ و لیتراو ، کە پاسەکە گەیشتە بەردەرکی ئەو زیندانەی باوکی تێدا بەند کرابوو ، دایکی بە پەلە لە پاسەکە دادەبەزێ و دەکەوێت ، ئەو قەت ئەو دیمەنەی لەیاد نەدەچوو ، کە دایکی غلۆر ببۆوە بە دوای پاسەکەدا و هەموو جلەکانی لە قوڕ هەڵاتبوون . لە کاتی چوونە ژوورەوەش کە باوکی دەبینێ لەناو قەفەسە بۆی دەگریەت . لە پڕ هۆڕینی ئۆتۆمبێلەکە لەبەر دەرگای زیندان بە ئاگای هێنایەوە ، کە پۆلیسەکان لێیان دا بۆ ئەوەی ستوونی پرسگەکە بەرزبکرێتەوە . لەو کاتە پۆلیسێک لە نوقتەکەی هاتە دەرەوەو بە غار گوریسی ستوونەکەی شلکردەوە و ڕێی ئۆتۆمبێلەکەی کرد بچێتە ژووری . لە نزیک دەرگای سەرەکی زیندانەکە ، کە بە شیشی ئەستوور ئەستوور دروستکرابوو ڕاوەستا ، پۆلیسەکان هاتنە خوارەوە و کەلەپچە و زنجیرەکەیان لە دەست و پێی ئەردەشێر کردەوە و ناردیانەوە

ناو زیندانەکە ، خۆی لە ئەسڵدا ئەم شوێنە زیندان نەبوو ، لە کۆندا مەحەتەی قیتار بوو ، کرابووە زیندان ، هەر بۆیەش پێیان دەگووت " زیندانی مەحەتە " .

دەرگاکانی و شێوەکەی هەروەکو خۆی مابۆوە ، تەنیا دیوارێکی بەرزیان بەدەوریدا درووستکردبوو ، لە بەرامبەریشی بە درێژی ڕێزێک ژووری تریشیان درووستکردبوو بۆ مەحکومەکان ، چوار دەورەی هەموو زیندانەکەش بەدیوارێکی بەرز دەورە درابوو ، سەر دیوارەکەشیان سیم ڕێژ کردبوو ، بەو سیمانەی لە دەوری سەربازگەکان بەکاریدێنن و درکیان پێوەیە .

ئەردەشێر لە ژووری ژمارە شەش بوو ، ژووری ژمارە شەش لە ناوەڕاستەوە کرابووە دوو بەش نزیکەی پەنجا زیندانی تێدابوو ، کەچی بەخۆی ئەو ژووڕە هەر شوێنی دوازدە سێزدە کەسێک دەبۆوە ، ئەوەش وای کردبوو هەموو ڕۆژێک لەو زیندانە شەڕ ڕووبداو زیندانیەکان کەم تەحەمووڵی یەکتری بکەن . گەلێ جاریش دەست درێژی دەکرا سەر ئەو کەسانەی بێ هێز بوون و شەڕی دەستیان نەدەزانی .

سێیەم

لەناو زیندان نزیکترین هاوڕێی ئەردەشێر مام تاوێر بوو ، ئەو پیاوە چەند ساڵێک بوو لەو زیندانە ژیانی دەکرد ، بەڕێوەبەری بەندیخانە بەهۆی پیریەکەی ، سەربەستی کردبوو لەناو هەر ژوورێک بیەوێ بمێنێتەوە . ئەویش ئەو ژوورەی هەڵبژاردبوو کە ئەردەشێر تێیدا بەندکرابوو . ئەگەرچی دەبوا ئەو لەناو مەحکومەکان بێ .

مام تاوێر زۆر حەزی لە یاری دامە بوو ، کەس لێی نەدەبردەوە ، هیچ کاتێکیش یاری بە خۆڕایی نەدەکرد ، یاریەکانیشی هەمووی لەسەر قۆپچەی کراس بوو ، هەرکەسێک چەند یاری لێ بدۆڕاندبا ، دەبوا ئەوەندە قۆپچەی لە کراسەکەی بەری بکاتەوە و پێی بدات .

ئەویش سندووقێکی هەبوو ڕۆژانە قۆپچەکانی دەخستە ناوی ، هەموو جارێ ئەردەشێر پێی دەگووت باشە بۆ تۆ تەنیا یاری لەسەر قۆپچە دەکەیت لەو هەموو شتی وەها زۆر ؟ ئەویش لە ووەڵامدا دەیگووت کاتێک من و کەسێک بەرامبەر یەک دانیشتووین بۆ یاری ، پێویست ناکات ئەو کەسەی دێتە دیارمان لێم بپرسێ ئەرێ چەند یاریت بردۆتەوە ، یەکسەر سەیری یەخەی کراسەکەی بەرامبەرم دەکات و دەزانێ چەند یاری دۆڕاندوە . ئەو قسەنەکردنەش بۆ من بەسوودە چونکە لە یاریەکە نامپچڕێنێ . دواتر ئەو دەنگوباسی قۆپچەیە وا دەکات هەمیشە سەرکەوتووبم و هەر یاریزانێکی بێتە بەرامبەرم بۆ یاری ، هەر فکری لەسەر ئەوەبێ کامە قۆپچەم پێبدات ، تا ئەو خۆی یەکلاییدەکاتەوە لەناخەوە ، من ئۆینی یاریەکە بە ئاسانی جێبەجێ دەکەم و سەردەکەوم .

ئەو پیاوە مااڵی نەبوو ، کەسیش نەدەهاتە سەردانی ، چەند شەو جارێک ئێزنی لە بەڕێوەبەری بەندیخانە دەخواست دەرگای لێبکەنەوە و بچێتە ناو گۆڕەپانەکە . کە دەرگایان لێ دەکردەوە بەو ڕیشە سپیەوە دەستی بە سەما دەکرد ، بە تایبەتی شەوان کاتێک ئەستێرەکان بە دەردەکەوتن . کاتێکیش لێیان دەپرسی بۆ وا دەکەی ؟ دەیگووت من بەم شێوەیە هەست دەکەم خودا ژنێکی جوانە و سەمام لەگەڵ دەکات ، هەست دەکەم ئەستێرەکان بەدەورماندا دەخولێنەوە و مەلائیکەتەکان بە باڵەکانیان هەڵماندەگرن . ئینسان تەنیا لە سێ حالەتدا دەتوانێ بەم پلەیە بگات ، یەک لە کاتی پابەند

نەبوون ، دوو لەکاتی سەما کردن ، سێش لەو کاتەی گوێ لە مۆسیقا دەگرێت . ئەو پیاوە گەلێ سیفاتی سەیری هەبوو ، هەموو کات دەیگووت بەربم هیچم ناوێ ، تەنیا دەمەوێ بچمە ئەشکەوتێک، ئەوەندە تەمەنەی ماومە بە تەنیا بیبەمەسەر، لە مرۆڤەکان دوورببکەومەوە ، حەزم لێیە بەیانیان زوو لە خەوهەڵستم و وەکو منداڵی لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکە بەرد بخەمە ناو گۆمە ئاوەکان و سەیری فەرخە بۆقەکان بکەم .
نیوەڕۆیانیش بە سەر لمی دەم ڕووبارەکان ڕابکەم و بەناو دارستانەکان تێپەڕم ، ئێوارانیش لەسەر لوتکەکان دابنیشم و تەماشای ڕۆژئاوا بوون بکەم ئەو کاتەی وەکو تۆپێک ئاگر دەردەکەوێت . کە تا ئێستا ژیان ئەو دەرفەتەی پێنەداوم . هەموو جارێ ووتە بەناو بانگەکەی مەولانای دەگووتەوە بەڵام وەک خۆی نا ، دەستکاری کردبوو کە دەڵێ "حەقیقەت ئاوێنەیەک بوو لەدەست خوا بەربۆوە و شکا ، هەر پارچەی لە لای یەکێکمانە " . ئەو دەیگووت حەقیقەت ئاوێنەیەک بوو لە دەست خوا بەربۆوە و شکا ، هەر پارچەی کەوتە دەست یەکێکمان بە هەموومان خەریکین چاکی بکەینەوە ، پێمان چاک نابێتەوە .

چوارەم

ئەو دادوەرەی ئەردەشێری دادگایی دەکرد ناوی حاکم عبدلرحمان بوو ، پیاوێکی سەرسپی بوو ، حاکم عبدلرەحمان سەری سووڕما بوو لەو ڕووداوە ، ئەو ئەم ئیفادەیەی لەسەر ئەردەشێر درابوو چەندجار خوێندبوویەوە سەری لەو تاوانە دەرنەدەچوو ، ئەردەشێریش لەکاتی دادگایی کردن هیچ وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدایەوە گاڵتەی بە دادگاش دەهات ، ئەمەش وای کردبوو حاکم هەم لێی پەست بێ ، هەمیش بیری لێبکاتەوە و لە ناخەوە هەندێک لە قسەکانی بە ڕاست بزانێ . ئەو حاکمە هاوڕێیەکی نزیکی هەبوو بەناوی مەنسوورِی بازرگان ، کە یەکێک بوو لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی ئەم شارە ، مااڵی کەوتبووە گەڕەکی فیرعەونەکان ، ئەم گەڕەکە

لەلایـان هەژارەکـانەوە نـاوی لێنـدرابوو ، چـونکە هەمـوو خانووەکان لەبەردی حەلان و مەڕمەڕ دروستکرابوون ، هیچ خـانوویەکیش نەبـوو لە دوو سـێ نهـۆم نزمتـر بـێ . حـاکم عبـدلرحمان ئێـوارەیەک لەگەڵ هەردوو منـداڵ و خێـزانەکەی چووە سەردانی مەنسـووڕی بازرگـان ، هـەم بـۆئەوەی لەنـاو باخچەی حەوشـە بە یەکەوە چەند پێکێک شـەڕاب بخـۆنەوە، هەمیش چەند گفتووگۆیەک بکەن دەربارەی کار و بارەکانیان و هەواڵەکانی دونیا . کە لەو جۆرە دانیشـتنانەیان چەند ڕۆژ جارێک ڕێکدەخست وەکو دوو هـاوڕێی نزیک . مەنسـووڕی بازرگـان کچێکـی تاقـانەی هەبـوو ، بەنـاوی ئانیـا ، ئەو کـچە لەسەر داواکاری باوکی پارێزەری تەواو کردبوو ، دەنـا هـیچ حەزی لەو کـارە نەبـوو ، ئەو دەمێـک بـوو دەیویسـت ببێـتە ڕۆمـــاننووس و واز لە پـــارێزەری بێنێـــت ، دەیویســـت بە زووترین کات ئەو کەیسەی لەبن دەستی بوو کۆتایی پێ بێت. باوکیشـی دژی ئەم بڕیـارەی ئانیـا بـوو ، چـونکە پێـی وابـوو مرۆڤ کەبووە ڕۆمانـنووس ماڵ وێران و سەرگەردان دەبێ ، چونکە بە پێی کات ئەگەر نووسـینەکانی خەیاڵیش بـن دەبێتە یەکێک لە کار ئەکتەرەکـان ، ئەوەندەی بە دوای بەسـەرهاتی تراژیدیادا بگەڕێ . حاکم عبـدلرەحمان ئەو ئێـوارەیەی لەگەڵ مەنسـووڕی بازرگـان دانیشـت دوای خـواردنەوەی پێکێـک شـــەڕاب ڕاســـتەوخۆ چـــووە ســـەر باســـی ئەردەشـــێر بە سەرگەرمیەوە گووتی مەنسـووڕی هـاوڕێم کەیسـی کەسـێکم لەلایە مەگەر هەر لە کتێبەکان شتی وا بەرچاو بکەوێ ، ئەو

قسەیەش سەرەنجی ئانیای بۆلای خۆی ڕاکێشا و وای لێ کرد گوێ بگرێ ، مەنسووڕی بازرگانیش گووتی بۆ چی کردووە ؟

حاکم عبدلرەحمان بە پێی ئیفادەکان ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە مەنسووڕی بازرگان سەری سووڕما بە قسەکانی حاکم .

گووتی هاوڕێ بڵێم چی ڕاستە تابڵێی ڕووداوێکی سەیرە ، ئێ باشە ئەو پیاوە چ پەیوەندیەکی بەم لەشفرۆشەوە هەبووە ؟

ئێ ئەگەر ئەوکەسە بکوژی ئەو ژنەبا بۆ کۆڵان بە کۆڵان دەیگێرا و پاشان دەیبردە مزگەوت و دەیشووشت ؟

حاکم عبدلرەحمان گووتی ئاخەر ئەوەشە کێشەی بۆ ئێمە دروستکردووە .

جا لەهەمووشی ناخۆشتر چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا کۆمەڵێک مەلا لەبەر دادگا گردبوونەوە دژی ئەوەی ئەردەشێر لەناو مزگەوت تەرمی ژنێکی شووشتووە و مەیخواردۆتەوە ، دواتر بە سەرخۆشی دەستی داوەتە قورئان، هاواریشیان دەکرد دەبێ بە تووندترین شێوە سزا بدرێ ، ئەم پیاوە کافرە سوکایەتی بە مااڵی خواکردووە ، لە جیاتی ئەوەی بڵێن ژنێک کوژراوە دەبێ بکوژەکە بدۆزنەوە .

مەنسووڕی بازرگان گووتی ئێ ئەدی ئێوە ووەڵامتان چی بوو بۆ مەلاکان ؟

حاکم عبدلرەحمان گووتی هیچ ، ناچار بووین لەسەر ئەمەش لەداهاتوو دادگایی بکەین بە ئامادەبوونی مەلاکان .

جانازانم سزاکەشی چی دەبێت . ئانیا کە گوێبیستی ئەم ڕووداوە بوو حەزی دەکرد زیاتری لەبارەوە بزانێ . بەڵام چیڕۆکەکە بە نیوە پچڕی وای لێ کرد وەکو خوێنەرێک عەودالّی بەشەکانی تری بێت ، کە لەوەتەی ببووە پاریّزەر و تەنانەت لە هیچ شوێنێکیش گوێی لە بەسەرهاتی بەم شێوەیە نەببوو .

پێنجەم

حاکم عبدلرەحمان و خێزانەکەی ئەم شەوە تا درەنگ لە ماڵی مەنسوورِی بازرگان مانەوە ، پاشان هەستان و ڕۆیشتن ، ئانیاش کەل و پەلەکانی سەر مێزەکەی خڕکردەوە ، دواتر ڕاستەوخۆ چۆوە ژوورەکەی ، کەلە نهۆمی دووەم بوو ، ژوورەکەی ئانیا کەوتبووە نزیک بەلەکۆنی خانووەکە ، کە دەچوویە ژوورەوە بە لای دەستە ڕاست لەسەر مێزێکی لاکێشە چەند گوڵێکی سپی و پەمبەی بۆنداری بەر سێبەر داندرابوو ، کە وایکردبوو بۆنی ژوورەکە هەمیشە خۆش بێ ، بە لای دەستە چەپیش چەند تابلۆیەک هەڵواسرابوو ، کە لەسەر یەکێکیان وێنەی پیاوێکی سەرباز دەردەکەوت بەسەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە لە جەنگی جیهانی دووەم . چەند

دێرێک لە قسەکانیشی لە قونیچکێکی تابلۆکە نوسرابۆوە کە گووتبووی مانگە شەو بوو ، لە نزیک ساترە تێلبەندکراوەکان لاشەی سەربازێکم بینی ، کە چوومە سەری دڵی لە لێدان کەوتبوو ، تەنیا کاتژمێرەکەی دەستی کاری دەکرد . سیسەمێکی یەک کەسیش لە سەرەوەی ژوورەکە داندرابوو لە نزیک کانتۆڕی جلەکانی ، کۆمێنتێکیش لە تەنیشتی ، کە گڵۆپێکی سفر و چەند کتێبێکی لەسەر بوو لەگەڵ گڵازێکی خاڵی . کتێبەکان زۆربەیان ڕۆمان بوون ، لە قونیچکێکیش گیتارێک بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو . ئانیا بێ ئەوەی ئەمجارەیان خۆی بگۆڕێ ، چەند قۆپچەیەکی کراسەکەی کردەوە و لێی ڕاکشا .

پرچە خاوەکەی بەسەر باڵیفەکەدا پەرش و بڵاو بۆوە . لەپڕ چاوی کەوتە سەر ئەو تابلۆیەی کچێکی وێنەکێش کێشابووی، کە دوو شەپۆڵی دژیەکی ڕەش و سپی ڕووبەڕوو خۆیان لێکدابوو و بەرەو ئاسمان بەرز ببوونەوە . ئانیا لە پڕ هەستایەوە تەواو لە تابلۆکە نزیک بۆوە ، دەتگووت لە دوای بیستنی چیڕۆکەکەی ئەردەشێر خەریکە پەی بە واتاکەی دەبات ، کە تا ئەو کاتە هیچی لێ تێنەگەیشتبوو . ژوورەکەی ئانیا بە هەر شێوەیەک لێت دەڕوانی پڕ بوو لە ئیستاتیکا ، کە ئانیا و کەل و پەلەکانی پێیان بەخشی بوو . دەتگووت ئەستێرەیەکە لە دەرەوەی گۆی زەوی هێشتا هیچ ئایین و ئایدۆلۆژیا و سیاسەتێک تێیدا سەری هەڵنەداوە . ئەو لەو ژووره دونیایەکی یۆتۆپی هەبوو ، دونیایەک دوور لە هەراو

هۆریا و قەرەباڵغی . لە پڕ ئانیا بە مێشکی داهات دەست بە نووسینی ڕۆمانەکەی بکات ، پێشی باشبوو بە نهێنی ئەمە بهێڵێتەوە ، لای کەس نەیدرکێنێ بۆئەوەی کەس ڕێگری لێ نەکات . دەشیویست چیرۆکی ئەردەشێریش بکاتە بەشی سەرەکی ڕۆمانەکە ، بۆ ئەم کارەش بیری کردەوە پێویستە بچێتە زیندان . ئەمەش بۆ ئەو سەرکێشیەک بوو نەبێتەوە ، ئەگەرچی دەیتوانی بە ناوی پارێزەری ئەم کارە ئەنجام بدات .

شەشەم

چەند ڕۆژێک دوای سەردانیکردنی حاکم عبدلرەحمان ئەو کەیسەی ئانیا بەر لە بیستنی چیرۆکەکەی ئەردەشێر خەریکی بوو ، بردنەوەی هەموو خەڵکی ناو دادگا و هەتا دادوەریشی سەرسام دەکرد ، کەیسەکە دزیکردن بوو، پیاوێک بە تۆمەتی دزیکردن گیرابوو . ئەو پیاوە دوو شاهێدیشی لەسەر بوو . شاهێدەکان سوێندیان لە بەردەمی دادوەر خواردبوو بە چاوی خۆیان ئەو پیاوەیان بینیوە دەمامکی خۆی داوە و بەسواری ماتۆرێک هاتۆتە ناو بازاڕ و دەمانچەی لە سەر سەری یەکێک لە زێڕینگرەکانی ناو شار داناوە . پاشان ئەو پارەیەی لە ناو چەکمەجەی دوکانەکە هەبووە بردوویەتی لەگەڵ هەندێک پارچە زێڕ . دادوەر لێیان دەپرسێ بەڵگەتان چیە ئەو پیاوە

هەمـان ئەو پیـاوەیە دزیەکەی کـردووە ؟ ئەوانـیش دەڵـێن جەنـابی دادوەر نیشـانەیەکی ڕەش لەسـەر ڕوومەتـی هەیە ، ڕۆژی دزیەکەش بە چاوی خۆمان بینیمان .

دادوەریش دەڵێ ئێوە هیچ جارێکی تـر ئەو پیاوەتـان بینیـوە ؟ شاهیدەکانیش دەڵێن نەخێر . دادوەریش کە سەیری ڕوومەتی تاوانبارەکە دەکات دەبینێ نیشانەیەکی ڕەش بەڕوومەتیوەیە ، دێتە ئەو بڕوایەی شاهیدیەکەیان ڕاستە ، بۆیە بڕیار دەدات بە پێی ماددەی چوار سەد و چل و یەک حـوکمی بـدات . ڕۆژی بڕیارەکەش ئانیا لەوێ ئامادە دەبێت .

دادوەر کە دەڵێ " بڕیار "، هەموو ئامادەبوان وەکو ڕێزێک بۆ یاسـا و دادگا لە شـوێنەکانی خۆیـان هەڵدەسـتنەوە بـۆئەوەی گوێیان لە بڕیاری دادوەر بێ . بەڵام ئانیا لەناکاو دەست بڵند دەکـات و دەڵـێ جەنـابی دادوەر بوەسـتن هەڵەیەک هەیە ، خەریکە بەسـەرماندا تێپەڕێ و کەسێک بەخـۆڕایی حـوکمی دزیکردنی بەسەردا بسەپێندرێ ، هەموو ئامادەبوان سەریان سووڕدەمێنێ لەو قسەیەی ئانیا .

دادوەریـش بە ناچـاری دەڵـێ جەنـابی پـارێزەر چ هەڵەیەک هەیە؟ ئەو پیاوە شاهیدی لەسەرە ، شاهیدەکانیش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگریـان پێیە ، کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لـێ بکات ، ئەویش نیشانەکەی سەڕ ڕوومەتیەتی . ئانیاش دەڵـێ جەنـابی دادوەر ئەو شاهیدیە درۆیە ، ئەم شاهیدانە یان پاش تاوانەکە لەلایان کەسێکەوە وەسفی تاوانبارەکەیان بۆ کراوە ، یانیش لە پێشدا بینیوێتیان . دەنا کەسێک دەمـامکی خـۆی بـدات ، چـۆن

نیشانە لە سەر ڕوومەتی دیار دەبێت ؟ ئەو قسەیەی ئانیا وادەکات بێ دەنگی باڵ بەسەر ژووری ناو دادگاکە بکێشێت ، چونکە شاهیدەکان لە پێشدا گووتبویان ئەو پیاوە لەکاتی دزیکردنەکە دەمامکی خۆی دابوو ، کەچی ئێستا دەڵێن ڕۆژی دزیەکە لەسەر ڕوومەتی نیشانەیەکی ڕەش هەبووە. ئێ ئەم دوو قسەیەش لە گێڕانەوەدا دژیەکن . دادوەر دەمێک بێ دەنگ دەبێ ، پاشان چاویلکەکەی لەچاو دەکاتەوە و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ ، خەڵکەکەش سەیری یەکتری دەکەن، دەزانن قسەکەی ئانیا ڕاستە . لە شوێنی خۆیان دوو دوو و سێ سێ دەکەونە گفتووگۆ ، لەناو دادگا غەربە غەرب پەیدا دەبێ ، دادوەر هەرچەند چەکوشەکەی بە مێزەکەی پێشە خۆیدا دەکێشێ دەنگە دەنگەکە کەم نابێتەوە .

ناچار ئانیا داوایان لێ دەکات بێ دەنگ بن . خەڵکەکە لەگەڵ قسەی ئانیا هێمن دەبنەوە . ئینجا دادوەر لە شوێنی خۆی هەڵدەستێتەوە و دەڵێ بەڵێ ئەوەی پاریزەر ئانیا گووتی تەواوە ، هیچ گومانی تێدانیە ، بۆیە دادگا ئەم شاهیدی دانە ڕەت دەکاتەوە ، لە پڕ خەڵکەکە هەموو دەست دەکەن بە چەپڵە لێدان ، بە دادوەریشەوە . ئینجا دادوەر پیاوەکە ئازاد دەکات و ئەو دوو کەسەی شاهیدیشیان دابوو دەیانێرێ بۆ لێکۆڵینەوە بۆئەوەی بزانێ کێ لە پشت ئەم کارەیە و چی وای کردووە ئەم شاهیدیە بە درۆ بدەن .

حەفتەم

ئانیا پاش بردنەوەی کەیسەکە بە نهێنی دەستی لە پارێزەری کێشاوە وەک ئەوەی پلانی بۆ دانابوو ، بڕیاریشیدا بچێتە سەردانی ئەردەشێر لە زیندان ، لە پێناو تەواوکردنی ئەو چیرۆکەی حاکم عبدلرەحمان بە تەواو نەکراوەیی بۆ باوکی گێڕابۆوە . ئەو لە لایان خۆیەوە بڕیاری دابوو ڕۆمانەکەی لەم چیرۆکەوە هەڵچنێ ، بڕیاری دابوو ئەم چیرۆکە بکاتە بەشی سەرەکی ڕۆمانەکە .

کاتژمێر چواری عەسر بوو ، پۆلیسەکان بانگی ئەردەشێریان کرد و پێیانگووت کەسێک هاتۆتە سەردانت ، ئەردەشێر سەرەتا سەیری پێهات ، چونکە ئەو ڕۆژە کاتی سەردانی کردنی بەند کراوەکان نەبوو ، پاشان پۆلیسەکان هیچ

سەردانی کەڕێکیان ئیزن نەدەدا ، دوای دەوام . کە ئەردەشێر خـۆی ئامـادە کـردو بەرەو ئەو ژوورە چـوو پۆلیسـەکان ڕێنماییان کرد ، بینی کچێک لەسـەر یەکێک لە کورسـیەکانی ژوورەکە دانیشـتووە و چـاوەڕێی دەکـات . ئەمەش بـۆ بەندکراوێک تابڵێی سەیربوو . چونکە بەندکراو هەبوو لەناو ئەو زینـدانە بیسـت سـاڵ زیـاتریش بـوو لە کچێـک نزیـک نەبوبۆوە ، یـان هەستی بە نەرمـی و ناسکی جسـمی کچێک نەکـرد بـوو. ئەوەش وایکردبـوو زۆر بەیـان وەک دڕنـدە دەربکەون . لەو زیندانە هیچ وێنەیەک لەسەر دەبەی شـامپۆ و کیسـەی خەنە و ڕۆژنامەکـان نەدەبینـدرا ، هەموویـان لـێ کرابـوونەوە لە لایـان زینـدانیەکانەوە ، بـۆئەوەی لە حەمـام خۆیـان پـێ تەواو بـکەن ، جـا ئەو وێنـانە هـی ژن و کچـی سەرۆکەکان با ، یان وێنەی گۆرانیبێژ و ئەندام پەرلەمـان و سکرتێر ، هیچ جیاوازیەکی نەبوو .

ئانیـا کە ئەردەشـێری بینـی لە شـوێنی خـۆی هەڵسـتایەوە و خۆی پێناساند و دەستی بـۆ دۆقەکردن بـرد ، ئەردەشـێریش دەستی کوشی و ناوەکەی خۆی پێگووت . بۆئەوەی ئەگەر بە هەڵە هاتبێتە سەردانی پێ بزانێ . کەچی ئانیا فەرمووی لێکرد دابنیشێ لە سـەر یەکێک لە کورسـیەکان . ئەوەی سـەرەنجی ئەردەشێری ڕاکێشا ئەو هەموو جوانیەی ئانیا بوو .

ئانیـا پرچـی یەک پـارچە وەکـو ڕژانـی لـم لەبەرزیەوە بەرەو خوار بەسـەر شان و ملی دا شۆڕببۆوە ، چاوەکانی خورمایی بوون ، ددانەکانی ڕاست ، بەژنی بارک و ڕێک هەڵکەوت بوو،

پانتۆڕێکی تۆزێک شلکی ڕەنگ ڕەشی لە بەر بوو ، لەگەڵ قەمیسێکی زەرد . تەنکی قەمیسەکە وای کردبوو ، هەست پێ بکرێ ستیانی نەبەستووە ، جار جاریش کە بۆ مەبەستێ دەنوشتایەوە مەمکە تونەکانی لە کەلەنی قۆپچەکان بە دیار دەکەوتن . ئەم دوو ڕەنگەی ئەو پۆشی بووی ، بەیەکەوە وایان کرد بوو ، منداڵتر دەربکەوێ لە تەمەنی خۆی . ئەو بۆنەی ئانیا لەخۆیدابوو ، لەگەڵ بۆنی جسمی و بۆنی ئەو مکیفەی پرچی پێ شووشتبوو ، بەیەکەوە تێکەڵ ببوون و بۆنی ژوورەکەیان بە تەواوەتی گۆڕی بوو .

ئەردەشێر هەرهاتە ژوورەوە هەستی بەوە کرد ، بۆیە هەناسەیەکی بەهێزی هەڵکێشا ، وەک ئەوەی گوناحبارێک بێ لە دۆزەخەوە دوای چەندین ساڵ خرابێتە بەهەشت و ژیابێتەوە . ئانیا لایەکی پەرچەمە درێژ و تەنکەکەی کە بەسەر لاچاوێکی دا هاتبووە خوارێ تا نزیک گەردەنی هاوشێوەی دەمە داس ، بە پەنجە باریکەکانی خستیە پشت گوێی خۆی و لێی پرسی بەڕێز ئەردەشێر لە زیندان حاڵت چۆنە ؟ ئەردەشێر گووتی باشە ، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ زیندانداا نیە ، من کێشەم لەگەڵ زیندانیەکاندا هەیە . ئەو زیندانیانەی ناو ئەم چوار دیوارە بچووکەش کە هەر شەش سەد حەفت سەد کەسێکی تێدایە ، هەندێکیان دووبارە بوونەتە کۆیلە و هەندێکیشیان ئاغا و سەردار ، هەندێکیان وەکو دەرەوە دووبارە دووڕووی وفیتنە بەرپا دەکەن و هەندێکیشیان یاخی دەبن . ئەوەش وایکردووە بێمە ئەو بڕوایەی ئەو سیفاتانەی

لە مرۆڤاکان دەیبینم بڵێم ویراسەیە ، لە باب و باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە . چونکە ئەوانی لە دەرەوە کۆیلە بوون ، لێرەش هەر کۆیلەن ، کە باسی باب و باپیریشیان دەکەن دەردەکەوێ هەر کۆیلە بوونە ، جا ئاغا و سەردارەکانیش بەهەمان شێوە ، تا دەگاتە فیتنەچی و یاخیەکان.

ئانیا گووتی لەگەڵتم بەڵام مەرجیش نیە ، ئەم بۆچوونە تاسەر ڕاست بێ . ئەردەشێر گووتی وایە ، هەموو جارێکیش لەم ڕووەوە بەسەرهاتی باپیرم کێشەم بۆ دروست دەکات ، وەنەبێ بیرم لەوەشیان نەکردبێتەوە . ئانیا گووتی چۆن ؟ ئەردەشێر گووتی ئەمەیان دوورو درێژە گێڕانەوەی کاتی دەوێ . ئانیا بە خەندەوە کە هەمووکات لەگەڵ پێکەنین سەرڕوومەتەکانی دوو قۆرتی بچووکی تێدەکەوت گووتی من حەزم لێیە گوێ بگرم ... جا بەڕاستی ئانیا حەزی دەکرد گوێ لە هەموو بەسەرهاتێک بگرێ .

ئەردەشێر لەپڕ سەیری ناو چاوەکانی ئانیای کرد و گووتی شتێکت لێ دەپرسم بەڕاستی ووەڵامم بدەوە ، بۆ هاتوویە ئێرە ؟ تۆ کێی ؟ ئانیا شڵەژا گووتی من پارێزەرم ، هاتووم هەرچیت بوێ بۆتی بکەم لەدوای ئەوەی چیرۆکەکەتم بیست لە دادگا . ئەردەشێر گووتی ئانیاخان من بیست و پێنج جار گیراوم ، هەر جارەی چەندین مانگ لە زیندان ماومەتەوە ، لەو بیست و پێنج جار گیرانە ڕەنگە سەدان کەسم بینی بێ ، لە هەریەکەیان وانەیەک فێر بووم ، هەرچی هاتبێتە لام شتێکی ویستووە بەر لەوەی ویستبێتی شتێکم پێبدا . تۆ چیت

دەوێ ؟ کە ئانیا ئەمەی لە ئەردەشێر بیست پەشمان بۆوە لەوەی زوو ڕاستیەکەی پێ نەگووتووە ، ناچار بێ دەنگ بوو. ئەردەشێر لەوکاتە بە جواب هات گووتی کاتێک بەرامبەرەکەت بەڕاستی لەگەڵت نادوێ ، بیرکردنەوە ڕاتدەکێشێ بۆ شتێکی گەورەتر لە شتەکە خۆی . ئانیا لە شوێنی خۆی لەگەڵ ئەم قسەیە تاسا. گووتی نا قوڵتر مەڕۆ من پێت دەڵێم هاتووم چیم پێ بدەی ، ئەردەشێر پرسی چی ؟

من هیچ شتێکم نەماوە بە کەسی بدەم هەتا خۆشم لە دەست خۆم نیم . ئانیا گووتی وامەڵێ تۆ شتێکت هەیە کەس نیەتی . ئەویش ئەو بەسەرهاتەیە کە تۆ لەسەری گیراوی و ماوەیەکە منی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە .

ئەردەشێر بە سەرسامیەوە گووتی بەسەرهات ؟ بەسەرهاتی چی ؟ ئانیا گووتی چۆن بەسەرهاتی چی ، ئەگەر ئەمە بنووسرێتەوە دەبێتە سەرەنج ڕاکێشترین چیرۆک . منیش لە ڕاستیدا تەنیا بۆ ئەمە هاتووم . ئەردەشێر قەت پێشبینی ئەمەی نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک لە زیندان بێتە سەردانی و ئەم داوایەی لێ بکات . بۆیێ پێی گووت ، لەم چیرۆکە دوورکەوە کۆتاییەکەی ڕەنگە باش نەبێ ... ئانیا لەگەڵ ئەم قسەیە دوو ئەوەندەی تر هۆگری چیرۆکەکە بوو . بۆیە بە ئەردەشێری گووت من قەت داوام لە پیاوێک نەکردووە یارمەتیم بدات ، داواکەم ڕەتمەکەوە ، من خەون بە هەبوونی ڕۆمانێکەوە دەبینم . ئەردەشێر گووتی یەعنی هەر لەبەر ئەوەندە ؟ ئانیا گووتی نا مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە،

مەسەلەکە ئەوەشە من لە سایەی خەونەکەمەوە دەکرێ سووديٚکيش بە هەزاران کەس بگەینم تا وانەیەک لەم چیرۆکەوە وەربگرن . تا بزانن دادوەر و مەلا و تەنانەت هەموو خەڵکیش چۆن بیردەکەنەوە . ئەردەشێر ڕاستەوخۆ بەڵێنی گێڕانەوەی پێ نەدا ، بەڵام پێی گووت با بیری لێبکەمەوە ئەو کات ووەڵامت دەدەمەوە بۆت دەگێڕمەوە یاخود نا .

****

لەو کاتە یەکێک لە پۆلیسەکان هاتە ژوورەوە و بە ئانیای گووت خانم ئەگەر ئەزیەت نەبێ کاتەکەت تەواو . دەبێ ئەردەشێر ببینەوە ناو زیندان . ئەردەشێر لەگەڵ ئەو قسەیە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا . ئانیا بە پۆلیسەکەی گووت باشە دوو دەقەی تر ، ئینجا ڕووی لە ئەردەشێرکرد و گووتی هەزاران چیرۆکی پڕ لە نهێنی و ئەزموونبەخش ڕوویانداو نەنووسرانەوە و فەوتان . با چیرۆکەکەی تۆش نەبێتە یەکێک لەو چیرۆکانە . تۆ دەتوانی ئەو ژنەی ئەو شەوە تەرمەکەی لە سەرشانت بووە بەڕووتی ، کە خەڵک ئێستاش بە مەیسەری لەشفرۆش ناوی دێنن ، زیندووی بکەیەوە . ئەگەرنا بۆ هەتا هەتایێ نەفرەت لێکراو دەبێ ، بۆ هەتاهەتایێ هەر دەیکوژن و هەردەیکوژن و هەردەیکوژنەوە ، بۆ هەتاهەتایێ ئەو کارەی

تـۆ بە چەنـد خاکەناسـێک خـۆڵ دادەپۆشـرێ و کەس هەر باسیشی ناکات .

بۆ هەتاهەتایێ کردەوەکانی خەڵک و مەلا و مەلاژن و دادوەر و نـاو دادگـا و شـتەکانی تـری پشـتەوەی ئەم چیـڕۆکە دەشاردرێتەوە لەگەڵ لاشەی تۆ، لەژێر دەمامکی ئایین و یاسا و ئەو حـوکمەتەی حـوکمڕانی وواڵاتـی کـردووە ... ئێسـتاش ئەگەر کارێکت نیە و شتێکت پێناوێ دەبێ برۆم . ئانیا دەستی دۆقەکردنی بۆ ئەردەشێر ڕەوان کرد و خواحافیزی لێکرد ، کارتەکەی خۆشی لا بەجێهێشت کە ژمارەی تەلەفۆنی لەسەر بوو . ئەردەشێر دوای دۆقەکردنەکە وا هەستی دەکرد نەرمی دەستی ئەو کـچەی لە پـڕ هـاتۆتە سـەردانی لە نـاو دەسـتی بەجێمـاوە ، پەنجەکـانی لە یەکتـری دەخشـاند و بیـری لە قسەکانی دەکردەوە . لەو خەیاڵانە بوو پۆلیسێک قۆڵی گرتوو ڕەوانی نـاو دیـوی ژووڕەوەی قەفەسـە بڵنـدەکانی کـردەوە و دەرگاکانی قفلدا . ئەردەشێر ڕاستەوخۆ چـۆوە ژووڕەکەی و لەسـەر جێگـاکەی ڕاکشـا ، سـەیری پەنـجەرە بچـووک و بڵنـدەکانی بنمیچـی نـاو زینـدانەکەی کـرد، کە هەریەکە و سـاحیبەیەکی دەنـگ ناخۆشـی کـۆنی پێوە بـوو هەمـوو ڕەش هەڵگەڕابوون لەگەڵ دووکەڵ ، هەندێکیان تێکچووبوون لەگەڵ هاتنی با بە ئەستەم دەجـووڵانەوە ، سێبەری پەڕەکـان و دوا تیشـکی زەردی پـێش ڕۆژئـاوابوون لە لایەکـی پەنجەرەکـانی دەدا .

پاشان هەڵستایەوە و واهەستی کرد هەناسەی تەنگ بووە ، چووە بەر قەفەسی دەرگاکە دووسێ هەناسەی قوڵی هەڵکێشا. پەرچەمەکەی ئانیا کە بەسەر لاچاوێکیدا هاتبووە خوارێ و ئەو قۆرتانەی سەر ڕوومەتی کە لە کاتی پێکەنین دەردەکەوتن لەبەرچاوی لانەدەکەوتن ، ئەو بۆنەی لە ئانیاوە دەهات کە ژووری سەردانی کردنەکەی پڕکردبوو زۆر جیاوازبوو لەگەڵ بۆنی ئەو چل پەنجا زیندانیەی لەگەڵی لە ژوورەوە دەژیان . ئەردەشێر یەکەم جاربوو بەمشێوەیە دوای بینینی ئانیا هەست بە ناخۆشی زیندان بکات . هەست بکات زیندان چ بوونەوەرێکی لێستاندۆتەوە ڕاستەوخۆ ئەو دەقە میتۆلۆژیەی بەبیرهاتەوە کە دەڵێ خوا کاتێک ئادەمی دروستکرد هەموو ناز و نیعمەتێکی پێدا ، هەموو میوە و خواردنێکی خستە بەردەستی بۆئەوەی بێزار نەبێت .

لە ناو باغەکانی بەهەشت سەربەستی کرد ، کە لە ژێر هەر داریک کانیەک هەڵدەقوڵا و لە هەر قەد پاڵێک تاقگەیەک شۆڕ دەبۆوە . لە کەلەنی هەر چیایەک ڕووبارێک شەڕاب بەدی دەکرا و لە هەر دۆڵێک لێت دەڕوانی پڕ بوو لە هەنگوینی ساف ، باڵندەکان لەسەر دارە بەرزەکان دەیانخوێند و هەزاران گیانلەبەری جۆراوجۆر کە هەندێکیان ئێستا هەر نەماون بەیەکەوە لە بنارەکان دەلەوەڕان . کەچی ئادەم زۆر زوو هەستی بە بێزاری و تەنیایی کرد ، هەستی کرد پێویستی بە شتێکە نازانێ چیە . کون بە کون دەگەڕا لە ناو بەهەشت ، چێژی لە هیچ لەوانە نەدەبینی . شڵەژان و دڵەڕاوکێی پێوە

دیاربوو ، تا ڕۆژێکیان لە بن داریێک دانیشت و دەستی بە گریان کرد ، لەبەرەخۆی گووتی من ناتەواوم ئەی خودا ، تۆ لەبیرت چووە پارچەکەی ترم دروست بکەیت ، وەک دەبینم هەموو باڵندەکان لە نێر و مێیەک پێکهاتوون ، تەنیا من نەبێ . هەموو گیانلەبەرەکان مێیەکیان هەیە شەوان سەربەیەکەوە بنێن و بحەسێنەوە و ڕۆژانیش بەناو جوانیەکانی ژیاندا بگەڕێن و لەناو ئاوە ڕوونەکان مەلە بکەن . جارجاریش بە دارە بەرزەکاندا هەڵگەڕێن و لە پێدەشتەکان هەڵبەزن و دابەزن . خوا کە گوێی لە گریانەکەی ئادەم بوو بە پەلە خۆی گەیاندە لای زگی پێ سوتا ، وای زانی بەوە دڵتەنگە کە دووچاری ژیان بۆتەوە . بەڵام کە لە نزیکەوە گوێی لە گلەییەکانی بوو زانی ڕاست دەکات . بە خۆشی لەگەڵی گریا ، چونکە کەس هەندەی خوا هەستی بە تەنیایی نەدەکرد تا تێی نەگات ، ئەو بە خۆی سەرباری ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەیبوو مەحکومی تەنیایی بوو ، بۆیە بە ئادەمی گووت دڵتەنگ مەبە چانیە خوایەک بۆ تۆ هەیە ئاواتەکەت بێنێتەدی ... ئینجا خوا حەوای بۆ ئادەم بە جوانترین شێوە دروست کرد. لەگەڵ دروستکردنی حەوا ، ئادەم هەستی کرد ژیان خۆشە ، هەستی کرد لە تاریکایی ناو کونە ئەشکەوتێکیش بژی لەگەڵ ئەو بوونەوەرەی هاوشێوەی خۆیەتی بێزار نابێت. لەو کاتە مام تاوێر دەستی لە سەر شانی ئەردەشێر دانا و گووتی چیە هاورێ بۆ وا دڵتەنگ دیاری ؟ ئەردەشێر لەگەڵ ئەم قسەیە ڕاچڵەکی کە سەیری مام تاوێری کرد ڕەنگی زەرد

هەڵگەڕابـوو . بە زمـانی حـاڵ گـووتی هـاوڕێ چیـت لـێ بشارمەوە کچێک هاتبووە سەردانم ، نەمن ئەوم دەناسی و نە ئەویش من ، بەڵام هەر لە یەکەم بینین هەستم بە ئاشنایەتی کرد لەگەڵی . جیا لەوەش قەت بیرم نەکردبۆوە ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک بێتە سەردانم داوایەکی وام لێبکات . مام تاوێر گووتی داوای چی لێ کردووی ؟

ئەردەشـێر گـووتی چیڕۆکـی گیـرانەکەم ، داوای چیڕۆکـی گیرانەکەمی کرد . ئەو دەیەوێ بینووسێتەوەو بیکاتە ڕۆمان ، ئامانجیشی لەوە دەرخستنی ڕاستیەکانە ، ئەو نـازانێ کۆتایی ئەم چیڕۆکە چەند خەتەرناکە ، خوێنی چەند کەسی لە خۆیدا هەڵگرتووە ، ڕەنگە بە سەرپەڕاندن کۆتایی بێ . ئەو وادەزانێ لە سـەردەمێک دەژی دونیـا بـۆتە ئەو دونیـایەی شـاعیر و ڕۆماننوس و فەیلەسووفەکان باسی دەکەن .

نـازانێ دونیـا هەمـان دونیـای کـۆنە لە جیـاتی ئەمجـارە پێغەمبەرەکان لە خـاچ بـدەن و فەیلەسـووفەکان ژەهرخـوارد بـــکەن ، دەچـــن لەناوەنـــدی شـــار بە ڕۆژی ڕووناـــک ڕۆژنامەنووســـەکان دەڕفێـــنن و بە تەعزیبـــی جۆراوجـــۆر دەیانکوژن و چاویان دەردێنن .

لەجیاتی ئەوەی بە شمشێر سۆفی و عارفەکان پەلپەل بکەن ، شاعیرەکان دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە و کەللەی سـەریان کون کون دەکەن و لەناو گۆمی خوێن لە کۆڵانە تاریکەکان بە جێیانـدێڵن . مـام تـاوێر گـووتی باشـە تـۆ چیـت پـێ گـووت؟ ئەردەشـێر گـووتی هـیچ ، جـارێ ووەڵامـم نەداوەتەوە . مـام

تـاوێر گـووتی بـۆ ووەڵامـت نەداوە ، دڵـت نەهـات لەبەر جـوانیەکەی وایە ؟ ئەردەشـێر خەنـدەیەکی کـرد و بە سـەرلەقاندن گـووتی بەڵـێ . مـام تـاوێر گـووتی چاکت کـرد مرۆڤ ڕۆژێک بە دڵ بژی باشترە لە ژیـانێکی دوور و درێـژ بە بێ دڵی ، دونیا چیە ئەگەر جارێک بە گیان سەرکێشی تێدا نەکەی و جارێـک یـاخی نەبـی و جـارێکیش ڕێـی عەشـقێکی مەحاڵ نەگری ؟ هێمنی و بێ کێشەیی لەمردنێکی قوڵ زیـاتر نیە ، ئێمە هەموومان لەو زیندانە مردووین ، بۆ ؟ چونکە تێیدا هـیچ نـاکەین . دەرفەتێک بـۆ تـۆ ڕەخسـاوە لە دەسـت خـۆتی مەدە ، کە هـەم بە گیـان سـەرکێشـیە و هـەم یـاخی بـوونە و هـەمیش گرتنی ڕێی عەشقێکی مەحاڵە .

ئەردەشێر گووتی ئاخەر ئەگەر خـۆم دووچـاری ئەم عەشـقە مەحاڵە بکەم دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە ئەو کچە دەڕوا و ناگەڕێتەوە ، منیش دەبێ لەو ئـازارە شـەو و ڕۆژ بتلێمەوە ، شـەو و ڕۆژ لە نـاو ئەو چـوار دیـوارە و ئەو شیشـە لەحـیم کراوانە وەکو بولبول بێ هودە بێم و بچم .

مام تاوێر زۆر بە قوڵی سـەیری نـاو چاوەکـانی ئەردەشـێری کردو گـووتی نـا ، تـۆ دەتـوانی کارێـک بکەی هەرگیـز لەلات نەڕوا . ئەردەشـێر گـووتی چـۆن ؟ مـام تـاوێر گـووتی چیرۆکەکەت درێژ بکەوە ، ئەوەندە درێژ کە هەرگیـز کۆتـایی نێ ، بۆئەوەی تا ئەبەد ئەو کچە بەجێتنەهێڵێ و ببێتە هی تۆ ، هیچیشـی پـێ مەڵـێ لە بـارەی ئەوەی خۆشـتدەوێ ، خۆشەویستی بەوەوە جوانە کە هەستت بـۆ کەسـێک هەبـێ و

بە نهێنی شیعری بۆ بنوسی و گۆرانی بۆ بڵێی بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ .
تۆ هەر بەدیاریەوە دابنیشە و سەیری بکە ، هەر چیرۆکی بۆ بگێڕەوە و ئەویش با گوێ بگرێ ، چیرۆک گێڕانەوە خۆی لە خۆیدا بەهانەیەکی باشە بۆئەوەی کاتی مانەوەی مەعشوق درێژ بکەیتەوە . ڕۆمانتوسەکان بۆیێ چیرۆکەکان دەنوسنەوە بۆئەوەی دونیا بینیەکانی خۆیان هونەرمەندانە وەک خاکێکی بە باران تەڕبوو و ئاسمانێکی بە هەوروهێر داپۆشراو پێشکەش بکەن . تا کچەکان بیانخوێننەوە و بە دیار کتێبەکانیانەوە پرچی درێژیان بکەنەوە و دابنیشن .

هەشتەم

ئانیـــا ئەو ڕۆژەی کە لە زینـــدانەوە گەڕایەوە مـــاڵ ، لە ژوورەکەی بینی کتێبەکان لە شوێنی خۆیان نەماوون ، زۆر ترسا لەوەی باوکی بەوەی زانی بێ چۆتە زیندان . بە پەلە خۆی گەیاندە دایکی کە لە مدبەغەکە بە پەڕۆکێک خەریکی پـاککردنەوەی کەوەنـتەرەکە بـوو. لێـی پرسـی دایە کـێ دەستکاری کتێبەکانمی کردووە ؟

دایکی ووەڵامی دایەوە باوکت کچم باوکت . ئانیا گووتی بۆ ؟ دایکی گووتی نازانم بڕۆ لە خۆی بپرسە وا لە ژوورەکەیەتی . ئانیا بە دوودڵیەوە مدبەغەکەی بەجێهێشت و بەرەو ژووری دانیشتن چوو ، لە پەنجەرەکەوە بینی مەنسووڕی بازرگان لەسـەر کورسـیەکەی خـۆی دانیشـتووە و بە حاسـیبەیەک

خەریکی حیساباتە . ئانیا بێ ئەوەی سڵاوی لێبکات بە پەلە گووتی باوکە کوا کتێبەکانم ؟ مەنسووڕی بازرگانیش بە هێمنی سەری بڵند کرد ، لە کەلەنی چاویلکەکەیەوە بینی ئانیا تووڕەیە ، گووتی کچم وا لە شوێنی کارکردن دامناون . ئانیا گووتی بۆ ؟ مەنسووڕی بازرگان وەڵامی دایەوە بۆئەوەی بیانخوێنمەوە .

ئانیا کە گوێی لەو قسەیە بوو ڕاستەوخۆ لێی نێزیک بۆوە و توند باوەشی لێدا . ئینجا مەنسووڕی بازرگان کە زانی ئانیا هێمن بۆتەوە پێی گووت کچم کتێب هیچ سوودێکی نیە تەنیا ژیانت تێکدەدا ، ئەو ژیانەی بە هەزارحاڵ بۆ خۆت بنیادی دەنێی .

نووسەرەکان بێجگە لەوەی لەو هەموو جوانیەی دونیا کە پڕە لە چێژ، دووردەکەونەوە وخۆیان بەند دەکەن لە کتێبخانەیەکی بێ ڕەنگی تۆزاوی ، واز لە خەڵکیش ناهێنن ئاسایی بژین . وەکو ڤایرۆس دەچنە ناو هەموو خواردنێک ، بۆئەوەی نەخۆشت بخەن و دڵت بۆ هیچ نەچێت ... ئانیا نێوچاوانی گرژ بوو لەگەڵ ئەم قسەیە ، سەیری باوکی کرد و گووتی وامزانی بەڕاستی دەتەوێ دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکان بکەی ، نەمزانی هەر وەکو پێشتر بیردەکەیتەوە.

دواتر ئەوە کتێبەکانن واتا بە ژیان دەدەن . کتێبەکانن باران بارین و هەڵوەرینی گەڵاکان و ڕۆژهەڵاتن و هاتنی شەو خۆشەویستتر دەکەن . کتێبەکان وات لێ دەکەن نەتوانی پەردەی پەنجەرەیەک چیە بە خواری بە دیوارەوە هەڵواسی .

ئایا تۆ بەمە دەڵێی نەخۆشی ؟ مەنسوورِی بازرگان گووتی بەڵێ دەمێکە ناوم لێناوە نەخۆشی پەشیمانیش نیم . ئینجا ئانیا گووتی باشە قسەکەتم قبوڵە ، نەخۆشی پڕ واتاترین ووشەیە ئەگەر ساغی ئەوەیە خەڵک تێیدان . مەنسوورِی بازرگان لەو کاتە دەستی ئانیای گرت و سەری بەسینگی خۆی وەنا و ماچی کرد گووتی کچەتاقانەکەم دانیشە با بەسەرهاتێکت بۆ بگێڕمەوە . ئانیاش لە تەنیشتی دانیشت . مەنسوورِی بازرگان گووتی دەڵێن شاعیرێک هەبوو دڵی نەدەهات پێ لە مێرولەیەکیش بنێ ناخی ئەوەندە جوان بوو ، ڕۆژ نەبوو لە دیار هێلانەی چۆڵەکەکانی حەوشەکەیان نەگرێ لەو کاتانەی بێچووەکان دەمیان بەشدەکردەوە بۆئەوەی دایکیان خواردنیان پێبدات .

شەو نەبوو تادرەنگ سەیری جیلوەی ئەستێرەکان و ڕۆناکی مانگ نەکات کە لەو بەرزیە پەخش دەبوو بە دەوروبەری خۆیدا ، ئەو پیاوە چوار کچی هەبوو ، تا بڵێی دەست کورت و هەژاربوو ، لەسەرباری ئەو هەژاریەش زگی بە خەڵکی دەسووتا . ئەو هەر شیعری دەنووسی و لەسەر یەکی دادەنا ، لەسەر ئاو لەسەر بەرد لەسەر جوانی لەسەر ژن و ئاسمان و مانگ ، لەسەر بوون ، نازانم بڵێم لەسەرچی . هەموو کات تەمەننای ئەوەی دەکرد کوڕێکی ببێ لەبەر کچەکانی ، چونکە زۆریان حەزدەکرد و داوایان لێی کردبوو برایەکیان پێ ببەخشێ . لەچل و پێنج ساڵی کوڕێکیان بوو ، لەگەڵ لە دایک بوونی ئەم کوڕە ماڵەکەیان ڕۆناک بۆوە ، هەژاریان بۆ چەند

ڕۆژێک لەبیرچۆوە بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو دوای ماوەیەک هەستیان کرد کوڕەکە ئاو لەناو سەری دایە ، پێویستی بە نەشتەرگەریە ئەو پیاوەش ئەو پارەیەی دکتۆرەکان پێیان گووتبوو نەیبوو .

هیچ سامانێکیشی شک نەدەبرد لە شیعرەکانی زیاتر ، کە لەلای ئەو ئەوەندە بە نرخ بوون و ئەوەندە لەم دونیایە ڕۆچوو بوو وایدەزانی دەوڵەمەندترین کەسە لەم جیهانە . ژنەکەی کە چووە لای و پێی گووت ئەو پارەیە چۆن پەیدا بکەین . گووتی ئاسانە چەند شیعرێکم دەفرۆشم و کوڕەکەمانی پێ چاک دەکەینەوە . ژنەکەی کە گوێی لەم ووەڵامە بوو دڵی نەهات هیچی پێ بڵێ ، چونکە دەیزانی ئەو وادەزانێ شیعرەکانی چەندی بڵێ پارە دەکات . بۆیە بە دیار لانکی کوڕەکەیەوە دەستی بە گریان کرد تا خەو بردیەوە . پیاوەکە شەو هەموو شیعرەکانی هێنا گۆڕێ سێ چوار شیعری لەو شیعرانەی لەلای زۆر بە نرخ بوون خستیە گیرفانی قاپووتەکەیەوە، ئەوانی تریشی هەڵگرتەوە ، هەر چوار کچەکەشی سەیریان دەکرد بێ ئەوەی هیچی لێ تێبگەن . کە ڕۆژ بەدەرکەوت و خەڵک وەکو مێروولە لە ناوشار دەستیان بەهاتووچۆ کرد ، قاپووتەکەی کە چەند پینەیەکی گەورە گەورەی پێوەبوو ، لەبەری کرد و چووە ناوەندی بازاڕ .

شیعرەکانی دەرهێنا و وەکو شیرینی فرۆشێک دەستی بە هاوار کردن کرد ، گووتی هۆخەڵکینە بەنرختترین شیعری خۆم دەفرۆشم وەرن لێم بکڕن ، کوڕەکەم پێویستی بە

نەشتەرگەریە ، وەرن لە کڕینی ئەم شیعرانە پەشیمان نابنەوە کە زۆر شـــاعیرانە هۆنـــدراونەتەوە ، وەرن شـــیعری باڵەسووتاوەکەی پەپوولە و گەڵای وەریو و دوا دڵۆپی باران دەفرۆشم . تا ڕۆژ لەم سەری دونیا ئاودیو بوو بۆ ئەو سەر هەر هاواری کرد ، کەچی کەس دینارێک چیە بە شیعرەکانی نەدا . لەپڕ هەستی کـرد بـازاڕ چـۆڵ بـووە ، ئەو بە تەنیـا ماوەتەوە و چەند دەستنووسێکی بەدەستەوەیە .

ناچار بە دڵتەنگی بەرەو ماڵ گەڕایەوە ، خێزانەکەی کە لەبەر دەرگای حەوشە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکرد لێی پرسی چیت کردەوە ؟ ئەویش ووەڵامی دایەوە و گووتی بەیانی دەچمەوە نـــاو بـــازار بـــۆ فرۆشـــتنی شـــیعرەکان ، دیـــارە خەڵـــک تێنەگەیشتوونە من دەمەوێ چەند شیعرێکم بفرۆشم ، ئەگەرنا زۆر لەوە زیاتری پێدەدەن کە من مەبەستمە .

بۆ ڕۆژی دووەم هەمان شتی ئەنجام دایەوە ، کەچی وەکو ڕۆژی یەکەم دیسان کەس هیچ پارەیەکی پێنەدا . چەندین ڕۆژ ئەم کارەی لەسەریەک دووبارە کردەوە ، بێ هوودە بوو . تا ساڵێکی ڕێک ، پاشان ڕۆژێکیان بە دڵشکاوی گەڕایەوە بینی لەبەر دەرگای ماڵیان خەڵک کۆبوونەتەوە ، کە چـووە پێشتر بینی تەرمی منداڵەکەیان لە حەوشە درێژ کردووە لە ژێر ئەو دارەی هێلانەی چۆڵەکەکانی لەسەر بوو .

هەرچـــوار کـــچ و خێزانەکەشـــی بە دەووری دانیشـــتبوون و دەگریـــان . ئەویـــش بە قـــاپووتە پیـــنە پیـــنەکەیەوە لەلایەک ڕاوەستا و شیعرەکانی هەر لە ناو دەست بوو ، نەیدەزانی چ

ووەڵامی ژنەکەی و کچەکانی بداتەوە . کە کچەکان باوکیان بینی گەڕاوەتەوە بەیەکەوە گووتیان باوکە برا تاقانەکەمان مرد ، ئەو برایەی چەندین ساڵ بوو چاوەڕێی بووین گیانی سپارد . ژنەکەشی لەو کاتە سەری بڵندکرد و بە غەریبی و چاوی گلەییەوە سەیری کرد ، دەتگووت ئاسکێکە بەچکەکەیان لێ بردووە و خەریکە بەزگ دەدات . پیاوەکە زیاتر لێیان چووە پێش ، لە بەینی یەکێک لە کچەکانی و ژنەکەی دانیشت ، سەری کوڕەکەی هەڵدایەوە کە بە پارچە پەڕۆکێک داپۆشرابوو ، کە چاوی پێکەوت تازە شوورواوە و پرچی بەسەر نێوچاوانی بڵاوبۆتەوە ، توند پەڕۆکەکەی ناو دەستی کوشی خەریک بوو بەم ووشکیە لەداخان ئاوی لێبێنێ ، بەیەکەوە هەرچی ئازاری هەژاری و نەخۆشی منداڵەکەی و ئەو دونیابینیەی ئەو هەیبوو بۆ شیعر و پێشوازی نەکردنی خەڵک کاریان تێکرد ، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس مابوون ، قورگی پڕ ببوو لە گریان هەرئەوەتە هەناسەی دەهاتوو دەچوو . دەتگووت منداڵێکە ئەو یاریانەی لە قوڕ درووستی کردوون مێردمنداڵەکان لێیان تێکداوە و دەسەڵاتیشی بەسەریاندا ناشکێ .

لە ناکاو بە دەنگێکی شڵەژاوەوە لەناو بێدەنگی و هەنیسکی کچەکانی و ژنەکەی ڕووی لە تەرمی کوڕە چاو نوقاوەکەی کرد و گووتی بەڵێن بێ کوڕم ئەو باوکەی توانای دایکە چۆڵەکەیەکی نەبوو کە لە دووڕەوە ئاو و خواردن بە دەنوک هەڵدەگرێ و بە بێچووەکانی دەدات ، لەگەڵ تۆ هەموو

شیعرەکانم لە گۆڕ بنێم لە هەمان ئەو گۆڕەی بۆ هەتاهەتایێ دەبێتە لانکی تۆ . دەبێ کفنێک لە شیعرەکانمت بۆ بدوورم . شتێکیش لەسەر کێڵەکەت بنووسم کەس نزیکی ئەدەبیات نەکەوێت . ئینجا تەرمی منداڵەکەی بە باوەش هەڵگرتوو چووە لای ئەو کانتۆڕە شکاوەی هەموو شیعرەکانی تێدا بوو ، دەستنووسەکەی دەرهێنا و بەرەو گۆڕستان بەڕێکەوت ، لەبەر دەرگای ماڵەوەش گووتی کوڕم هاتنەوە بۆ ئەو ماڵە دوای تۆ زۆر لەوە سەخت و ئەستەمترە کەوا بەیەکەوە بەرەو گۆرستان دەڕۆین ، بۆئەوەی بەو دەستانەی خۆم جەرگی خۆم لە گۆڕ بنێم . لە ڕێگاش کچەکانی و ژنەکەی بە پرچی پەرش و بڵاوەوە بەدواوەی بوون ، لەگەڵ چەند ژن و پیاوێکی گەڕەکەکە .

کە گەیشتنە گۆڕستانیش بەدەستی خۆی لەلاچەپێک گۆڕێکی بچووکی بۆ هەڵکەند پاشان لە پەڕپەڕی شیعرەکانی لولدا و لە ناو قوڵایی گۆڕەکە دریژی کرد ، دەستی نەدەچووە ئەوەی دایپۆشێ دەیزانی ئەو داپۆشتنە دواهەمین دیدارە .

کچەکانی و ژنەکەشی هاتبوونە سەر لێواری گۆڕەکە بۆ ئەوەی بۆ دواین جار ببینن ، تا دونیا تەواو تاریک داهات بە دیاریەوە دانیشتن . هەرکەس لەبەرەخۆیەوە خەریکی خەیاڵێک بوو لە بارەی ئەو منداڵەی هەموو یاریەکانی و پێکەنینەکانی و هەتا گریانەکانیشی بۆ دەرد و داخی بێ کۆتایی لە زەینیان بەجێهێشتبوو . لەو کاتەش بووە باران و بۆنی خۆڵ و پووش و پەراش بەهەموو لایەکدا بڵاو بۆوە ، ئاسمانیش بە دیار ئەو

دیمەنانەوە نەیتوانی پێش لە فرمێسکەکانی بگرێت . دواتر پیاوێکی پیر لەناو خەڵکەکەوە بەدەنگێکی تۆزێک نووساو و لەرزۆکەوە هاتە جواب و گووتی هەموومان لە کۆتاییەکەی هەر دەمرین ، هیچ شتێک تاسەر وەکو خۆی نامێنێتەوە ، با دابپۆشین . ئینجا کە شاعیرەکە زانی تەواو تازە بۆ هەموو شتێک درەنگە ، بەدەستی خۆی هێدی هێدی خۆڵی دەرەوەی چاڵەکەی شۆڕکردەوە و منداڵەکەی و شیعرەکانی لە گۆڕنا . دوای ماوەیەکیش لەسەر کێڵەکەی نووسی ئەو گۆڕە بچووکە گۆڕی منداڵێکە بە نەخۆشی گیانی سپارد ، باوکە شاعیرەکەی هەریەک لەباشترین شیعرەکانی خۆی مەزاد کرد بۆئەوەی خەرجی نەشتەرگەریەکەی بۆ پەیدا بکات ، کەچی نەیتوانی ، چونکە هیچ یەکێک لە شیعرەکانی نەفرۆشران .

****

کە مەنسووڕی بازرگان لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بۆوە ، ئانیا فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتەخوارەوە ، لەگەڵ ئەمەش هەستی کرد ئەم باوکیتی و دەیەوێ لەڕێی ئەم گێڕانەوەوە دووری بخاتەوە لە کتێب . بەڵام لە ڕاستیدا ئانیا منداڵەکەی جاران نەبوو کە باوکی دەیبینی . بۆیە لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و گووتی باوکە بەڕاستی چیڕۆکەکە کاریگەر بوو بەڵام هەستەکەم ناتەواوە . بەم شێوەیە هەرلە لەوحەیەکی شکاوی سۆمەڕی نیوە وون بوو

دەچێ . دەبێ لە ژێر تۆز و خۆڵ لە بەشەکەی تری بگەڕێین و ببینینەوە بۆئەوەی پێکی بگرین و بزانین کۆتاییەکەی چۆنە. باوکی لەم قسەیە سەری سووڕما گووتی ئەوە یەعنی چی ؟ ئانیا گووتی دوایی پێت دەڵێم ، بەو مەرجەی کە پارچەکەیم دۆزیەوە کتێبەکانم بۆ بگەڕێنیتەوە شوێنی خۆی . ئینجا لە لای باوکی هەڵستا و ژوورەکەی جێهێشت ، بە قادرمەکانی خانوەکەدا بەسەرکەوت ، کە بە کومبارێکی سوور فەرش کرابوو ، کە گەیشتە بەردەرگای ژوورەکەی دەستی کردە جامێک ئاو و گوڵەکانی ئاودا ، پاشان پەنجەرەی بەلەکۆنەکەی کردەوەو سەیری دەرەوەی کرد ، بینی چەند منداڵێک لە کۆڵان یاری دەکەن . ڕۆژیش خەریکی ئاوابوونە ، زەردە دەیدا لە سەرووی دارە بڵندەکان ، چۆلەکەکانیش لێکڕا گەڕابوونەوە ناو هێلانەکان و جریوە جریویان دەکرد .

نۆیەم

مام تاوێر لە منداڵیەوە خولیای دۆزینەوەی ئاساری هەبوو ، یەک پارچە گۆزەی بێ ناونیشانیشی بە پارەی هەموو دونیا نەدەدا ، ئەو پێی وابوو ئاسار مێژوویەکی حاشا هەڵنەگرە نابێ بفرۆشێتەوە و بازرگانی پێوە بکرێ ، ئامانەتێکە دەبێ بپارێزرێ ، دەبێ بەناوی ئەو شوێنەوە بمێنێتەوە کە لێی دۆزراوەتەوە بۆ ڕاستکردنەوەی مێژوو . ئەو شارەزای گرد بە گردی باشووری کوردستان بوو، بە تایبەتی لە دەورو بەری هەولێر ، وەک گردی کلک مشک و گردی باستامی قەتەوی و گردی عبدلعەزیزی دوزتەپە و گردی قەڵاتی عەوێنە و شێخ شێروان . لەبارەی هەریەک لەو گردانەش چیرۆکگەلێکی دەزانی و چەندین پارچە ئاسار کە لەلای

خەڵکی ناوچەکە دۆزرابوونەوە بە چاوی خۆی بینیبووی ، وەک گۆزەی لولە باریکی ژێرپان و گلازی بچووک بچووک و کوپەی گەورە ، کە لە دەورەی شوێن پەنجە و نەخشگەلێک چاکرابوون ، تا چایەپەست و چرا و شێر و بەران و مەڕ و بەراز و کەرۆشک و ژووژگی لە قوڕ سوورەوە کراو . بێجگە لە پارە و پارچە زێڕی سوور و سەرە ڕم و تیری ئاسن . کە بە دەستی خۆی یەکێک لەو پارانەی لە گردی باستامی قەتەوی دۆزیبوویەوە ، لە دیوی پێشەوە وێنەی مێشەنگینێکی لەسەر بوو لەدیوەکەی تریشی وێنەی سەربازێک بوو ڕمێکی بە دەستەوە بوو بە سواری ئەسپەکەی .

جیا لە دۆزینەوەی ئەو کەل و پەلانە ، دەوروبەری ئەو گردە و گردەکانیتریش کە بۆ کشتوکاڵ دەکێڵدران ، یان کاتێک خەڵک بیریان لێدەدا ، ئێسک و پروسکی زۆر بەدەردەکەوتن ، ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو ئەو ناوچەیە شەڕی زۆری بە خۆیەوە بینیوە . دیارترین بەڵگەش ئەو کاتە بەدەرکەوت کە شەقامی مەخموریان کردە جووت ساید و شۆفەڵ چواریەکی گردەکەی بڕی ، جیا لە بەدەرکەوتنی ئێسک و پروسک و کەرتە گۆزە و پارچە بەردی ئیش پێکراو ، کەللە سەرێکیان دۆزیەوە تیرێکی تێدا بوو ، بێجگە لەوانەش بەدەستی خۆی لە بنارەکانی زوورگەزراو بەدیوی هەولێر بەردێکی دۆزیبۆوە پڕی جۆرە دانەوێڵەیەک بوو زیاتر شێوەی لە گەنم دەچوو بەبەردبووبێ . کە تا ئەو کاتەش ئەو ناوچەیە هەر گەنم و جۆی لێ دەچاندرا . هەر ئەوشتانەش وای لەو پیاوە کردبوو

ژیان لەلای لە یاریەکی لە قووڕ درووستکراو زیاتر نەبێ ، هەر کاتێک ڕۆژگار بیەوێ تێکی بدات تێکی دەدات . ئەو پێش ئەوەی بگیرێ ، ماڵی لە قەتەوی بوو ، بەرامبەر ئەو گردەی پارەکەی لێ دۆزیبۆوە ، هەرکاتێک باران دەباری ئەو دەچووە ئەو گردە و لەو قەدانەی ئاو هەڵی دڕی بوون دەگەڕا ، جاری وا هەبوو لە بەیانی زووەوە تا ئێوارە دەمایەوە بێ ئەوەی پارووبەک نان چیە بخاتە دەمی ، قومێک ئاو چیە گەرووی پێ تەڕ بکات . ئەو ئەوەندە لەو گردە قوڵدەبۆوە زۆرجار خەیاڵ دەیبردە ئەو سەردەمەی ئاوەدان بووە .

لەپڕ ئەو خاک و خۆڵ و چاڵانە لەبەر چاوی دەبوونە شارێک، پڕ لە دوکانی ئاسنگەر و گۆزەساز و زین دوور و قووماش فرۆش . لەلایەک دەنگی ئاسنگەر دەهاتە بەرگوێی و ئاسنی دەکوتا بۆئەوەی بیکاتە سەرەتیر و سەرە ڕم و شمشێر بەدیار کورەکەیەوە . لەلایەکی تر گۆزەکەر لەسەر ئامێرێکی دار دانیشتبوو بە دیار بادانی گۆزەیەکی ناسکی تەڕ ، جیڕە جیڕی ئامێرەکە دەنگی دەدایەوە . لەلایەک چەند ئەسپێک بەسترابوونەوە لەبەر دوکانی نانەبەند و یەکێکیان سمکۆڵی دەکرد و بەرزدەبۆوە و دەیحیلاند ، لە ڕووی ئەسپی ئەو چەند سەربازەی بەوێدا تێدەپەڕین ، لەلایەکی تر چەند ژنێک سەیری قوماشی ئاوریشم و خەناوکە و بازنی لە ئێسک و بەرد درووست کراویان دەکرد و بەیەکەوە دەدوان .

مەگەر هۆڕینی ئۆتۆمبێلێک یان تڕەتڕی ماتۆڕێک بە ئاگای هێنابایەوە ، دەنا ئەو هەر دەگەڕا و خەیاڵی دەکرد ، هەر

دەگەڕا و بەدیار پارچە گۆزەی شکاو و ووردبوو دادەنیشت و ڕادەما . ڕۆژێک دوای باران بارین چووە سەر ئەوگردە بینی لە چاڵێک لەو چاڵانەی ئاو هەڵی دڕیبوو ، لێوی کوپەیەک بەدەرکەوتووە ، دوای ئەوەی خۆڵی دەوروبەرەکەی لادا ، بینی قەبارەکەی گەورەیە ، بەقەد ئەوەی کەسێک بتوانێ بچێتە ناوی و بێتە دەرەوە ، کوپەکە خڕ درووستکرابوو ، لای دەرکی باریک ببۆوە بە لێوێکی ئەستووری قەوس ، شێوەی هێلکەیی وەرگرتبوو ، دەستی گۆزەکەرێکی بلیمەتی پێوە دریار بوو . بەپێی ئەوەی دەمێک بوو دەیزانی لە کۆندا مردوویان لە ناو کوپە بە خاک سپاردووە ، زانی ئەوە گۆڕی کەسێکە ، وە ڕەنگە کەل و پەلیشی تێدابێ ، وەک ئەو کەل و پەلانەی ئەو ڕۆژگارە هەبووینە و لەگەڵ مردووەکە لە گۆڕیان ناوە . هەڵستا بە دەردانەوەی خۆڵی ناو کوپەکە ، لەکاتی دەردانەوە بەتایبەتی لای بنەوە ، چەند پارچە ئێسکێکی قەبارە جیاجیای دەدۆزیەوە لەگەڵ چەنگێک مۆری سپی هاوشێوەی زەنگیانە ، دانەیەکیان نەبێ کە لە هەموویان گەورە و درێژتر بوو ، ڕەنگە ئەوە بۆ پێشەوە بەکار هێندرابێ . دوای گەڕانی زیاتر پارچە کانزایەکیشی بە قەد پەنجەی شەهادە ، کە سەرەتا وایزانی ئاسنە لەبەرئەوەی بە کاربۆنی کەسکی فسفۆڕی داپۆشرابوو نەدەبیندرا ، دۆزیەوە . دواتر ئێسک و پروسکەکانی خستەوە ناو گۆڕەکە و مۆریەکان و پارچە کانزاکەشی بردەوە ماڵ ، بەڵام مۆریەکان سەرباری ئەوەی ژمارەیان زۆر بوو لە سێزدەدانە زیاتر نەمانەوە ، لەبەرئەوەی

بەهۆی کۆن بوونەوە کەدەستیان بەردەکەوت وورد دەبوون ، پارچە کانزا بەکاربۆن داپۆشراوەکەشی بە پلایسێک گرتوو خستیە سەر ئاگر ، دوای چەند دەقەیەک پارچەکانزاکە ئاگرێکی کەسک کەسکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە ، ئاگرێک تابڵێی جوان و سەرنج ڕاکێش . پاشان کە تەواو گەرم داهات ، خستیە ناو جامێک ئاوی سارد ، هەموو ئەو کاربۆن و قەتماغانەی دەوریان گرتبوو لێ بوونەوە ، ماددەیەکی سوور مایەوە هاوشێوەی سفر ، هەر لە بازنێک دەچوو لە ناوەندەوە قرتێندرابێ ، پارچەیەکی لێ گێڕدرابێتەوە و پارچەیەکیشی خرابێتە ناو ئەم کوپەیە ، ئەلەمەوە مام تاوێر بەهۆی ئەم پارچە بازنە و ئەو چەنگە مۆریەی ڕەنگە هەر خەناوکە بووبێ، بۆی دەرکەوت ئەم گۆڕە گۆڕی ژنێکە . ئینجا هەڵستا بابەتێکی لەسەر نووسی و لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان بڵاوی کردەوە ، ویستی لەڕێی ئەم بابەتەوە دەستەی ئاسار ئاگادار بکاتەوە تابێن ئەم کوپەیە بە ئێسکەکانەوە ببەنە مۆزەخانە دایبنێن، ناو و ناونیشانی گرد و ناوچەکەشی لەسەر بنووسن. لەلای خۆیەوە بەڵێنیشیدا پارچە بازنەکە و مۆریەکانیشیان ڕادەست بکات بۆ ئەوەی هەر لەناو کوپەکە دابندرێ و لە خاوەنە بە ئێسک بووەکەی جیانەکرێتەوە ، ئەگەرچی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە کەسانێکی زۆر پەیوەندیان پێوەکرد ، بەناوی دەستەی ئاسار و سەرۆکی دەستەکە و بەڵێنیان دا بەم زوانە بێن بۆ هەڵکۆڵینی ئەم شوێنە و بردنی کوپەکە بۆ مۆزەخانە ، کەچی پاشان نەک هەرنەهاتن ، جارێکیتر

پەیوەندیشیان پێوە نەکردەوە بۆئەوەی بزانن چارەنووسی کوپەکە چی بەسەرهاتوە .
مام تاوێریش دوای ماوەیەک دابڕان لەو شوێنە ، ڕۆژێک کە گەڕایەوە بینی کوپەکە لەلایان میردمنداڵانی ناوچەکە دەرهێندراوە و وورد و خاش کراوە ، تەنیا پارچەکانی لەو شوێنە دەبیندرا ، لەگەڵ کونێکی گەورە کە لە پاش خۆی لە قەد پاڵی تەلانەکە بەجێیهێشتبوو .

دەیەم

مـام تـاوێر هەر لە ڕێـی گەڕان بە دوای ئاسـارەوە ببـووە هاوڕێی کەسێک بەناوی سیاوەش . ئەو پیاوە خەڵکی هەرێر و باتاس بوو ، بەڵام دەمێک بوو لە هەولێر نشتەجێ ببوو ، ئەو پیاوە بۆ مام تاوێر هەر باسی دەرگەی کافرانی بەنی هەرێر و ئەشکەوتی سێ دەری و کونە کۆتری باتاسی دەکرد .

لە باسـەکاندا زۆر ئەوەی دووپـات دەکـردەوە ، پێشـترێ لە پیـاوێکی بە تەمەنـی ئەو نـاوچەیەی بیسـتووە ، لە خـوار ئەشکەوتی سێ دەری ئەشکەوتێکی تر هەیە ، ئەو ئەشکەوتە بە بەردێکی گەورە دەرکیان گرتووە ، ئێستا بەکەس لاناچێ ، هیچ ئـامێرێکیش ناگـاتە ئەم شـوێنە لەبەر سـەختی ڕێگـاکە و بڵندی ئەو زنجیرە شاخەی کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی باتاس ، دەڵێن

لە پشت ئەو بەردە لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکە قادرمەیەک هەیە ، کە بە قادرمەکاندا دەچیە خوارەوە ، لە تاریکایی بیرێک لەسەر ڕێگاکە هەڵگۆڵدراوە وەکو تەلیسم ، بۆئەوەی هەرکەس بیەوێ بچێتە ناو ئەو ئەشکەوتە بکەوێتە ناوی و نەگاتە ئەو شتانەی تێیدایە . لەناوەوەی ئەشکەوتەکەش کە قادرمە و بیرەکە تێدەپەڕێنی ، لە دەستە ڕاست دەلاقەیەک لە بڵندی هەڵگۆڵدراوە ، لە ناو ئەو دەلاقەیە سێ کوپە زێڕ شاردراوەتەوە ، لە بەرامبەر دەرگای ئەشکەوتەکەش گۆڕێک هەیە ، ئەو گۆڕە لە تابووتێکی گەورەی بەرد پێکهاتووە تەرمی خواوەندە ژنێکی تێدایە مۆمیا کراوە ، لە گەڵیشی تاجەکەی و ئەو کەل و پەلانەی هەیبووە خراوەتە گۆڕەکە .
لە دەستە چەپیش تابووتێکی گەورە و لەناوەندی هەردوو تابووتیش تابووتێکی بچووک هەیە ، بەهەمان شێوە لە بەرد دروستکراون ، تابووتە گەورەکە تەرمی مێردی ئەوخوداوەندە ژنەی تێدایە ، دەڵێن گەورەترین پاڵەوان بووە ، شمشێر و زرێپۆشەکەشی لەگەڵی لە گۆڕ نراون کە لە زێڕ پێکهاتوون ، گۆڕە بچووکەکەش هی کچی ئەم ژن و پیاوەیە ، دەڵێن کاتێک لە ژیان دابووە بووکەڵەیەکیان لە زێڕ بۆ دروست کردووە ، کاتێکیش مردووە دوای ئەوەی خراوەتە ناو ئاوی مۆمیاکە بوکەڵەکەشیان لەگەڵ خستۆتە ناوی . بۆ ئەوەی لەو دونیا کە هەڵستایەوە یاری پێ بکات .
دەگێڕنەوە ئەو شاژنە زۆر خۆشەویست بووە لەلایان خەڵکی ئەم ناوچەیە ، چونکە گەلێ کاری بەسوودی کردووە بۆیان ،

یەک لەو کارانەشی کە باسی دەکەن ئەوە بووە کاتێک خەڵکی دووچاری قەیران و برسێتیەکی گەورە بونەتەوە ، فێری برنج چاندنی کردوون . خەڵکەکەش بەو کارە نەک هەر لە قەیران و برسێتیەکە ڕزگاریان بووە ، بەڵکو دەوڵەمەندیش بوونە و ناوچەکەش ناوبانگی بە هەموو ووڵاتاندا بڵاو بۆتەوە ، لەسایەی ئەو برنجەی بازرگانەکان دەیان بردە دەرەوە و بەشتی تر دەیان گۆڕیەوە .

مام تاوێر دوای ماوەیەک چووە لای سیاوەش و پێی گووت دەبێ بڕۆینە ناو ئەم ئەشکەوتە ، سیاوەشیش گووتی کەس تائێستا نەیتوانیوە بچێتە ناوی ، گەلێ کەس ئەو هەوڵەیانداوە شکستیان هێناوە ، لەبەر گەورەیی و ئەستووری ئەو بەردەی بە دەرگاکە وەندراوە . مام تاوێر گووتی نا ئێمە دەچین نە هەوڵی ئەوە دەدەین بەردەکە لابەین ، نە هەوڵیش دەدەین بیشکێنین . هەر لەو نزیکانەی ئەشکەوتەکەی لێیە دەبێ کونێکی تریش هەبێ بۆ چوونە ژوورەوە ، سیاوەش سەری سووڕما لەو قسەیەی مام تاوێر ، گووتی چۆن ؟ مام تاوێریش گووتی ئاسانە تۆ بیری لێبکەوە بەبڕوای تۆ ئەو بەردە بە چەند کەسی پاڵەوان دەبێ بەو دەرگایە وەندرابێ ؟ سیاوەش گووتی ڕەنگە بە سێ سەد چوارسەد کەس . مام تاوێریش گووتی ئێ باشە دەکرێ هەرکاتێک ویستبێتیان بچنە ژوورەوە ئەو هەموو پاڵەوانەیان کۆکردبێتەوە ، بۆ لابردنی ئەو بەردە ؟ سیاوەش تۆزێک بیری کردەوە و گووتی بێ گومان نەخێر .

مام تاوێریش گوتی کەواتە دەرگایەکی نهێنی ئاسانیش دەبێ هەبووبێ بۆ هاتووچۆ کردن ، ئێمەش دەچین بە دوای ئەم دەرگایەدا دەگەڕێین .

دوای چەند ڕۆژێک مام تاوێر و سیاوەش تۆپێک گوریس و لایت و پاتری زیاد و کامێرا و تفەنگ و خاکەناس وقازمە و هەندێ خواردن و کیسە خەویان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەیان کە جێبێکی بچووک بوو ، بەرەو هەریر و باتاس بەڕێ کەوتن. لەڕێگا کە ئۆتۆمبێلەکەیان بەو لۆفانەدا تێدەپەڕی کە لە زنجیرە چیایەکان توشی دەبوون ، لەسایەی چامرغە دەرچوەکانی پێشەوەی هەر لە جاڵجاڵۆکەیەک دەچوو لە کاتی هەنگاونان . کە گەیشتنە ناو هەریر بەدەستە ڕاست لایاندا و لەبناری چیایەکە دابەزین ، بۆئەوەی بەرلەوەی هەریر تێپەڕێنن بچن سەیری دەرگای کافران بکەن ، کە هەندە دوور نەبوو لە ڕێگای سەرەکی . کە بە چیایەکەدا هەڵگەڕان و مام تاوێر شوێنەکەی بینی زۆر پێ سەرسام بوو ، شاخەکە بە قەدەر دەرگایەکی گەورەی لاکێشە هەڵکۆڵدرابوو ، لە ناو شوێنە هەڵکۆڵدراوەکەش کە وەکو چوارچێوەی تابلۆیەکی هەڵواسراو خۆی نیشان دەدا ، پەیکەری پیاوێک دەبینرا کە ئەویش هەر کاری هەڵکۆڵین بوو بارزیان دابووێ ، ئەو پەیکەرە بەرزیەکەی سێ مەتر دەبوو پانیەکەشی دوومەتریک. گەریەکی ڕک کەوتبووە لای ڕاستی ، بە پێچ و پەنا بەرزدەبووەوە تا سەری شاخەکە . ئەو پیاوە پشتێنێکی بە گرێی لە پشت بوو ، تاجێکیشی لەسەربوو ، ڕمێکیشی

بەدەستی چەپیەوە گرتبوو ، دەستی ڕاستیشی بۆ پێشەوە بەرزکردبۆوە . بەڵام دەموچاوی باش نەدەبیندرا ، کە مام تاوێر لێی وورد بۆوە بینی بە سەدان گوللەی لێدراوە ، هەر ئەو گوللەنەش وایان لێ کردبوو پارچەی لێ ببڕێتەوە و شێوەکەی بشێوێ ، بۆیە لە سیاوەشی پرسی ئەم گوللانە چین ؟ سیاوەش سەرێکی بادا و گووتی چیت پێ بڵێم ڕەنگە هەربڕواش نەکەی ، خەڵکی ئێرە زۆربەیان مسوڵمانن ، ئەو پەیکەرەشیان لەلا هی کافرانە ، بۆیە هەرچی هاتووە و چەند گوللەیەکی پێوە ناوە ، تا بەم دۆخەیان گەیاندووە ، هەر لەبەر ئەو بیر و باوەڕەشە پێی دەڵێن " دەرگای کافران " . ئینجا مام تاوێر سەیرێکی پەیکەرەکەی کرد و پاشان سەیرێکی خوارەوەی شاخەکە ، لەو بەرزیە ڕێگا سەرەکیەکە و خانووەکان تاچاو حوکمی دەکرد دەبیندران ، گووتی هەی کۆلەوارینە کەس وای لە شوێنەواری خۆی کردووە ؟ ئاخەر ئەوە ناسنامەی ئێوەیە ، لەگەڵ نەمانی ، ئێوەش لەناو دەچن ، ئێوەش دەسڕێنەوە . شکاندنی پەیکەر و نەهێشتنی شوێنەوار بەو ناوەی لێتان ناوە" کافر کافر" ، پیلانی دوژمنە ئەوان دەیانەوێ ڕەشتان بکەنەوە و بتانخەنە سەر ناوی خۆیان، دەیانەوێ زمان و فەرهەنگ و کەلتورتان لەناو ببەن ، بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو ئاوێنەیەک نەبێ ڕەسەنایەتی خۆتانی تێدا ببینن و شێوەی خۆتان بەبیربێتەوە . ئینجا مام تاوێر کامێراکەی دەرهێنا و هەندێک وێنەی گرت ، پاشان لەگەڵ سیاوەش بەرەو ئۆتۆمبێلەکەیان بەڕێ کەوتن ، لەو

مەسافەیەش بە سیاوەشی گووت ئەم وواڵاتە بێ خاوەنە بێ خاوەن ، دەنا چۆن دەبێ ڕێ بدرێ شوێنەوارەکانی دووچاری ئەم تێکشکان و لەناوچونە ببنەوە ، ئاخەر سەرۆکەکانمان ئامادەن پارەی قوتی ساڵێکی خەڵک بدەنە قەحپەیەکی بیانی بۆ ئەوەی بێ گۆرانیان بۆ بڵێ و ڕەقسیان بۆ بکات ، کەچی ئامادە نینە بە نیوەی نیوەی ئەو پارەیە ، مەحەجەڕەیەک بۆ شوێنەوارێکی وا دروووست بکەن . تف تف تف .... تا سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو هەر لەبەرەخۆی تفی دەکرد دەتگووت یەک یەک دەیانهێنێتە بەرچاوی خۆی و تف لەچارەیان دەکات .

ئینجا بەڕێ کەوتن بەرەو باتاس ، لەگەڵ خۆشیان لەناو بازاڕەکەی هەریر ، کە لەم لاو لەولای شەقامەکە خەڵک پیکابیان ڕاگرتبوو ، هەندێک ماسیان دەفرۆشت ، هەندێکیان ماست ، هەندێکیان گیزی خۆمانە و هەندێکیشیان تری و هەنار و هەنجیر و تەرە ، ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرت و دابەزین ، کە لە ڕێگا بە نۆرە دەیانهاژوشت . هەندێک گوێز و هەنار و تریێیان کڕی ، ئینجا سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بوونەوە و بەڕێ کەوتنەوە ، کە بازاڕەکەیان تێپەڕاند لەسەر شۆستەی شەقامەکە پەیکەرێکیان کەوتە بەرچاو ، کە مام تاوێر لێی وورد بۆوە بینی پەیکەری شاعیرێکە بە لەوحەیەک لەژێرەوەی نوسراوە"عەلی حەریری". پاشان کە باتاسیشیان تێپەڕاند بە دەستە ڕاست ڕێگایەکی خۆڵیان گرت ڕوو لە ڕۆژهەڵات . سەرەتا ئەو چیایەی ئەشکەوتی سێدەری و کونەکۆتر و ئەو ئەشکەوتەی تابووتەکانی لێ بوو بچووک

دەهاتە بەرچاو ، بەڵام کە نزیک بوونەوە ، زۆر لەوە عاسێتر بـوو کە مـام تـاوێر پێشـبینی دەکـرد . ئەوان ئەو ڕێگـایەی گرتبوویان دەچووە بناری چیاکە، بەرامبەر ئەو ئەشکەوتانەی بۆی هاتبوون ، ئەشکەوتەکانیش هەرسێکیان کەوتبوونە کن یەک ... هەندەی نەبرد گەیشتنە جێ ، کە ڕایان گرت هەرچی تۆز و خۆڵ هەبوو لە پشتەوەی جێبەکەیان هەڵنیشتبوو ، لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین ، مام تاوێر ڕاستەوخۆ سـەیری بەرزی چیایەکەی کرد ، گووتی ئەو ناوچەیە پێشتر ئاو و داری زۆر بووە .

سیاوەش گووتی ڕاستە پیاوە پیرەکانیش وادەڵێن ، ئەگەرچی ئێستاش ئەم شوێنە بە ئاوی خواردنەوە دەوڵەمەندە ، هەرماڵە و کانیەکی هەیە لە ناو باخچەکانیان .

لە ئاقـارەکە شـوانێک دەبینـدرا پێدەچوو تەمەنـی گەورەبـێ ، پیاوێکی لاوازی دەم وچاو باریک بوو ، هەندێک مەڕ و بزنی دەلەوەڕاند ، هێدی هێدی لە مـام تـاوێر و سـیاوەش نێزیـک بۆوە ، تا گەیشتە لایـان و سـەلامی لـێ کـردن ، مـام تـاوێر و سیاوەشـیش وەڵامیـان دایەوە ، ئینجـا شـوانەکە گـووتی پـێ نـاچێ خەڵکـی ئێـرە بـن ، مـام تـاوێریش بە زمـانی سـووتای گووتی ناوەڵا خەڵکی ئێرە نین ، میوانین . شـوانەکە کە گـوێی لەم قسـەیە بـوو چـووە سـەر کەلـی شـەیتان و گـووتی دار و بەرد خۆی لێکبدا دەبێ ئەم شەو میـوانی مـن بـن ، سـیاوەش دەیزانی خەڵکی ئەم ناوچەیە چۆنن ، ئەگەر کەسێک غەریبەبێ

شەوی یەکەم هەردەبێ ببێتە میوانیان ، ئەگەر بە خۆشیش لەگەڵیان نەچێ بە ناخۆشی دەیبەن .
مام تاوێر گووتی سوپاس ئێمە دەمانەوێ لێرە بمێنینەوە ، کە مام تاوێر وای گووت ، شوانەکە سێ چوار هەنگاو پشتا و پشت کشایەوە و ڕای کێشا کلاشینکۆفەکەی و گووتی قسەی قۆڕ ، بۆ دیارە ئێرە مااڵی لێنیە ؟ مام تاوێر واقی ووڕما ، تفەنگەکە سوار بوو ڕووشی لە هەردووکیان کردبوو ، سیاوەش خۆی دابووە پەنای مام تاوێر، بە هێمنیش بە بن گوێیدا دەچرپاند ، دەیگووت پێی بڵێ باشە باشە دێین .
مام تاوێریش ڕووی لە سیاوەش کرد و گووتی بۆ کوێ بڵێم دێین ؟ شوانەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو گووتی یەعنی نایەن؟ پلی بە پەالپێتکەی تفەنگەکە وەنا و ڕمبەی لێوە هێنا ، فیشەکێک لە تەنیشتیان بە عەردی کەوت ، لە تۆز و خۆڵی وەردان ، مەڕ و بزنەکان هەموو ڕەوینەوە ، گووتی دیارە ئێمە بە پیاو نازانن ، وەڵاهی لەالی من نەبنە مێوان ئەلێرە دەتان تۆپێنم . مام تاوێر سەری لەمە دەرنەدەچوو سیاوەشیش دەتگووت زمانی قوتداوە بە هەزار حاڵ ئەوەندەی لە دەمی دەرهات گووتی کاکە مەسەلە بە پیاو زانین و ئەو شتانە نیە ئەو پیاوەی لەگەڵمە نازانێ خەڵکی ئێرە ئەوهان ، تا ئەو ئاستە ڕێز لەمیوان دەگرن ، پێیان عەیبە بۆ یەکەمین جار هاتبیە ئەو ناوچەیە و لە ئاقار بمێنیەوە لەو مااڵی وەها زۆر .
شوانەکە گووتی هەنکە ئەمن ئەو شتانە نازانم ئێستا دێن یان نا ؟ مام تاوێر لەو گفتوگۆیە لە مەبەستەکەی گەیشت ، گووتی

کاکە چەکەکەت لابە دێین ، ئەوە چ پێشوازیەکە لە مێوان دەیکەن ؟ تۆ خەریک بوو بمانکوژی ، لەوکاتە سیاوەش نقورچەیەکی لە مام تاوێردا گووتی دەوازی لێ بێنە جارێ ، قسە مەکە تا سارد دەبێتەوە . مام تاوێریش بە تۆڕەییەوە گووتی من واز بێنم ؟ ئاخەر خەتا لە تۆیە ، تۆ خەڵکی ئێرەی دەبوایە زووتر لەوە ئاگادارم بکەیتەوە ، دەنا ئەو گەلحۆیە چیە گوللەمان پێوەبنێ . شوانەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو ئاوڕی دایەوە و گووتی گەلحۆ یەعنی چی ؟ تفەنگەکەشی لەناو دەستی بوو . سیاوەشیش لەترسان گووتی یەعنی پیاوی جوامێر ، پیاوی خانەدان و چاونەترس .

ئینجا شوانەکە تفەنگەکەی بەشانی وەکردەوە و گۆچانەکەشی هەڵگرتەوە کە لەگەڵ ڕاکێشانی تفەنگەکە فڕەیدا بووە ئەم گۆڕە ، گووتی من وا دەڕۆم ئێوەش ئۆتۆمبێلەکەتان بێنن و بەدوام دا وەرن ، مام تاوێر و سیاوەشیش بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چوون ، بە ناچاری سوار بوون و سەبر سەبر بەناو ئاقارەکەدا بە دوای شوانەکە کەوتن ، شوانەکەش بە پەلە مەڕ و بزنەکانی دەهاژووشت ، وەک ئەوەی بیەوێ زوو بگاتەوە جێ ، دیاربوو دڵخۆش بوو بەوەی میوانەکان گوێڕایەڵی ببوون . جار جاریش ئاوڕی لە دوای خۆی دەدایەوە و دەستی هەردەشەقاند ، بە ئاماژە بانگی دەکردن . کە گەیشتە جێ ، مەڕ و بزنەکان لێکڕا غاریاندا سەر کۆلە ئاوەکان ، دیار بوو زۆر تێنو بوون، مام تاوێر و سیاوەشیش ئۆتۆمبێلەکەیان لەبەردەم خانوە بچووکەکەی شوانەکە ڕاگرت ، کە لە قووڕ و

خشت درووست کرابوو ، چەند کۆریتێکی بچووک بچووکیش لە ڕێزی یەک کەوتبوونە دەستە چەپی ئەو شوێنەی سیم کرابوو بۆ مەڕ و بزنەکان، کۆمەڵێک مریشک و یەک دوو کەڵەشێریش لە ناو ئەو هەوێزەی فڕێدرابووە دەرەوەی سیمەکە پێکۆریان دەکرد، لە دنکە گەنم و جۆ و دان دەگەڕان. سەگێکی پیری گەورەش لە بن تەنکیەکی ئاو کە لەو تەنکیانە بوو لەدواوەی تەنکتەر دەخسترا وەرکەوتبوو . شوانەکە بە پەلە بەرەو پیلی مام تاوێر و سیاوەش چوو فەرمووی لێکردن لەسەر سەکۆی بەر خانوەکە دابنیشن ، جامێک ئاویشی لە کوپەیەک هەڵێناو پێیدان کە لە لایەکی حەوشەکە لەبن داریک دانیدرابوو . دوای ئەوەی مام تاوێر و سیاوەش ئاوەکەیان خواردەوە ، مام تاوێر لێی پرسی کاکەی شوان دیارە بەتەنیای ، ئەویش هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وەڵامی دایەوە گووتی بەڵێ چەند ساڵێکە .

مام تاوێریش گووتی بۆ ؟ هەر ژنت نەهێناوە یان لەلات ڕۆیشتووە ؟ شوانەکە گووتی نا ، ژنەکەی من لەو ژنانە نەبوو لەلام بڕوا و بەجێمبێڵێ ، ئەو کە دەڕۆیشتم بۆ شوانی لەبەرچاوم دەنوشتایەوە و خۆڵی شوێن پێیەکانمی هەڵدەگرتەوە و بە سینگی خۆی وەدەنا ، کە دەشگەڕامەوە خۆی دەخستە باوەشم و بێزی لەو بۆنە ناخۆشە و ئەو ئارەقانەی لەبەر گەرما کردبووم نەدەکردەوە ، هەموو جارێکیش لەکاتی ڕۆیشتن دەیگووت زوو بگەڕێوە چاوەڕێت دەکەم ، کە دەشگەڕامەوە ، لەنیوەی ڕێیێ تووشی دەبووم ،

چونکە خۆی پێ ڕانەدەگیراو دەهاتە پێشوازیم ، هەموو جارێ ئەم سەگەش لەگەڵی دەهات ، لەو ڕۆژەوە ژنەکەم نەماوە ئەویش نەخۆش کەوتووە و زۆرجاریش کە غەریبی دەکاتن دەلوورێنێ ، ئێمە ئەگەرچی هەر ئەو دووکەسە و ئەوەندە مەڕومااڵتە بووین ، بەاڵم زۆر بەختەوەربووین ، ئەوەندەی بەیەکەوە بووین ڕۆژێک لچمان لەیەکتری هەاڵنەهێنا ، ڕۆژێک خۆمان لەیەکتری نەگرت بۆئەوەی کەم و کوڕیەکانی یەکتری بژمێرین ، بەاڵم چیبکەم چی لەگەڵ مردن دەکرێ ، ڕۆژێک وەکو هەموو ڕۆژەکانی تر مەڕ و بزنەکانم ڕاداو بەڕێکەوتم ، ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕۆیشتن ماچم نەکرد ، تەنیا ئەو ڕۆژە ، ئەگەرچی ئەو وەکو هەموو ڕۆژەکانی تر بەڕێی کردم و دوعای گەڕانەوەی بۆ خواستم ، بۆیەش ئەوەی ئازارم دەدا و لەسەر دڵم بۆتە گرێ و کەسەر ، سەرباری هەموو غەمەکان ئەو دوا ماچ نەکردنەیە .

لە ئاقار بووم بینیم سەگەکەمان کە هەمووکات لەلای ئەو بەجێمدەهێشت بۆئەوەی ئاگاداری بێت ، وەک بروسک بۆ الم دێت ، منیش سەیرم پێهات ، لە دڵەوەش زانیم شتێک ڕوویداوە، کە گەیشتەالم تونـد بە ددان شـەروااڵکەی گرتم و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشام بەرە و ماڵ ، منیش بەغار بە دوای کەوتم ئەویش هەر لە پێشم غاری دەدا و دەوەڕی ، دەتگووت پێم دەاڵێ خێراتـر غـاردە خێراتـر ، کە گەیشـتمەوە نزیـک خانووەکەمان بینیم هەموو مریشک و کەڵەشێرەکان لە شتێک خڕبووینەوە، کەچوومە سەریان چاوم بەالشەی هاوسەرەکەم

کەوت شـــین هەڵگەڕابـــوو ، مـــارێکی گەورەی بـــۆریش لە تەنیشتی کوژرابوو ، ئێستاش نازانم خـۆی ئەو مـارەی پێیـوە دابوو کوشتبووی ، یان سـەگەکە و مریشک و کەڵەشێرەکان . منیش لەباوەشـم کرد و بردمـەوە سـەرجێگا ، جسـمی سـارد سـارد بـوو زانـیم مـردووە ، بەڵام نەمدەویسـت بـڕوابکەم ، دەمویست زیندوو بێتەوە ، هەرچەند بەسـینگی خـۆم وەنـا و هـەرچەنـد بـۆی گریـام سـوودی نەبـوو ، ئەو دەمێـک بـوو بەجێیهێشتبووم ، ئاخەر لەو ئاقارە خۆشەویستەکەت بمرێ و بەدەستی خۆت بینێژی زۆر سەختە ، لەبەر گریان نەمدەتوانی گۆڕەکە هەڵکەنم ، هەتا سـەگەکەش هەستی بەم ئازارە دەکرد و کە گۆڕەکەم هەڵدەکەند لە دیـارم دەنووسـکایەوە ، لەکاتی نێشتنیشـی قسـەکانیم بەبیـر دەهـاتەوە ، ئەو زۆر جـار دار و دیواری ماڵەکەمانی مـاچ دەکرد و دەیگـووت خۆشـترین جێ لەلام ماڵی خۆمانە ، کەچی بە دەستی خۆم ئەوم بردە دەرەوە لەو ماڵەی ئەو پێی خۆش بوو ، بەڵام شتێکم بۆی کرد هەر لە حەوشە نێشتم ، دڵم نەهات لە خۆمانی دوور بخەمەوە ، ئەو دارەی ئەو گـۆزە ئـاوەی لەبـنە گـۆڕی ئەوە ، ئێسـتاش لەبەر سێبەرەکەی دادەنیشم و دەحەسێمەوە ، ئێسـتاش شـەوان کە غەریبـی دامـــدەگرێ باوەشـــی لێـــدەدەم و مـــاچی دەکەم ... ئێستاش زۆرجار کە دەگەڕێمەوە وا دەزانم بەرەو پیلم دێ و ماچم دەکات ، وادەزانم لەماڵەوەیە ، بەڵام کە نزیک دەبمەوە دارەکە و خـانوەکە و بـێ دانـی مریشـکەکان و وەرکەوتنـی سـەگەکە ، شـتێکی تـرم پـێ دەڵـێن . شـوانەکە لەگەڵ ئەو

گێڕانەوەیە فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتبووە خوارێ ، مام تاوێریش قوڕگی پڕ ببوو لە گریان ، بە هەزارحاڵ ئەوەندەی لە دەم دەرچوو گووتی گرینگ ئەوەیە ئێوە بە خۆشەویستی ژیاون .

لە سایەی ئەم هەموو خۆشەویستیەش بۆ یەکتر هەتان بووە و کۆتاییەکەی بەم ئەنجامە گەیشتووە ، هەستەکەم داستانێکی نەنوسراوەن . بشمبوورە کە بریەکەم کولاندیەوە . ئینجا هەستا باوەشی لێدا و ماچی کرد .

پاشان چووە نزیک دارەکە و گووتی خاتوون من نەمبینیوی و ناشزانم شێوەت چۆنە بەاڵم ئەوەندە دەزانم پیاوەکەت ئێستاش خۆشیدەوێی، ئێستاش لەدوای ئەو هەموو ساڵە باسی مهرەبانیەکانت دەکات .

دونیا بەرەو تاریک بوون دەچوو ، شوانەکە چاوەکانی سڕیەوە و لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە ، مریشک و کەڵەشێرەکانی بردەوە ناو کۆریتەکانیان و دەرگای لەسەر پێوەدان ، پاشان مەڕ و بزنەکانیش کە بە خۆیان چووبوونەوە ناو سیمەکە، دەرگاکەی لەسەر وانیش داخست .

لەبەرە خۆشی سەبر سەبر قسەی دەکرد بۆ مام تاوێر و سیاوەش، دەیگووت ئەم ناوە گورگ و کەمتیار و ڕێوی زۆرە، ئەگەر ئەو شتانەی هەیتم نەیانپارێزم بە شەوێک خلاسی دەکەن .

دیار بوو زۆر کۆڵی لە گورگ بوو ، دەیگووت ئەو دەعبایە

پیسەی پێی دەڵێن گورگ هەندە بێویژدانە ، بە یەک شەو جاری وا هەبووە پازدە بیست سەر حەیوانی کوشتووە ، کەچی یەکێکیشی بە تەواوی پێ نەخوراوە . لەوکاتە سیاوەشیش هاتە جواب و بە مام تاوێری گووت سەیرکە ئەم شوانە چەند ڕقی لەگورگە ئەوانەشی شینایی شفتی دەکەن لە دەوزێیەکان دوو ئەوەندە ڕقیان لە بەرازە ، ئێمە کاتی خۆی کە مااڵی باوکم لێرە بوو هێشتا نەهاتبووینە هەولێر ، لە دەوزێی قەندیل کە چارێگە ڕێیەک بە ئۆتۆمبێل لێرەوە دووڕە، ساڵێک لەساڵەکان شفتیمان کرد ، شەو نەبوو بەراز بەناو شینایەکانمان نەکەوێ و دوو سێ پیکاب شفتیمان لێ نەشکێنێت . شەو نەبوو بڕکەکان نەپلیشێنێتەوە و ناو گۆلەکان گێرە نەکات . تا لە کۆتاییەکەی تووشی زەرەرێکی گەورەی کردین .

جا برادەرێکی بابم هەبوو ناوی مام سوار بوو لە ڕقی ئەوەی زەرەری کردبوو وازی لە شینایی کردن هێنابوو ، هەموو شەوان ڕاوی بەرازی دەکرد ، بەڕۆژیش کەالکەکەیانی بۆ عەنکاوە دەنارد ، مەسیحیەکانیش هەر دانەیەکیان بە هەزار دیناری ئەسڵی لێ دەکڕی . ئەو بە ماوەیەکی کەم پارەی دە ساڵی شینایی هاتە دەست ، لەڕێی بەراز کوشتنەوە .

خەڵکیش بە کافر و حەرام خۆر ناویان دێنا ، ئەویش کە ئەو قسانەی بەرگوێ دەکەوتەوە دەیگووت واز لەو قسانە بێنن ، حەق وایە مەمنونم بن ، کە هەموو شەوان کون بە کون ڕاوی

بەرازیان بۆ دەکەم و لە شینناییەکانیان دووریان دەخەمەوە ، ئاخەر حەق بڵێن بە پارەش کەس ئەمە بۆ کەس دەکات ؟ هەموو جارێکیش وا لە بیرمە سەری دەهێنا بن گوێی بابم و دەیگووت چانیە بڕوایان وایە بەراز فرۆشتنیش حەرامە وەکو گۆشتەکەی ، دەنا ئەوانیش ڕوویان لەم کارە دەکرد و بەماوەیەکی کەم بەرازێکیان نەدەهێشت ، ئەو کات منیش بێ ئیش دەمامەوە ، لێیان گەڕێ با هەر لەسەر ئەو بڕوایە بن ، دونیا وایە دوو گەمژە نەبێ ئاقڵێک ناژی .

یازدە

شوانەکە مەسینەیەکی پڕ ئاو کرد و هەموو سەر سەکۆ و دەوروبەرەکەی پێ ڕشاند ، بۆنی خۆڵ بەحەوشەکەدا بڵاو بۆوە ، پاشان دوو ڕایەخی ڕاخست و فەرمووی لە مام تاوێر و سیاوەش کرد دابنیشن ، پاشان ئەو ئاگردانەی لە قونیچکێکی سەکۆیەکە چاکرابوو پڕی دار کرد و ئاگرێکی کردەوە ، چایەپەستێکی گەورەی ڕەشی بن مل قوپاویشی خستە سەر ، جامێک ماست و هەندێک پەنیری خۆمانە و قاپێک هەنگوینیشی لەسەر سینیەک لە پێش میوانەکان دانا ، لەگەڵ هەندێک نانی تیری کە لەسەرنانێک لول درابوو.
مام تاوێریش لە ناو ئۆتۆمبێلەکە ئەو گوێزەی لەگەڵ سیاوەش کڕی بوویان دەریهێنا و خستیە سەر خوانەکە ، ئینجا هەموو

بەیەکەوە دەستیان بە نان خواردن کرد . ڕۆناکی ئاگرەکە جار جار دەیدا لە دەموچاویان و بەملاو بەولایاندا بڵاو دەبۆوە بۆنی چایەکەش وایکرد هەست بکەن چایەکە کوڵاوە . ئینجا مام تاویر بە خۆی هەڵستا و لێنەگەڕا ئەم جارە شوانەکە هەڵستێتەوە ، سێ چایەی تێکرد، دوای دابەش کردنی چایەکان فڕێکی لە چایەکەی خۆیدا و سەیری ئەو چیایەی کرد کە کەوتبووە بەرامبەریان و سێ ئەشکەوتەکەی لێ بوو ، گووتی بە ڕاستی ژیانی دەشت ئارامە ، بێ هۆ نیە مام هێمنی شاعیر دەڵێ :

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کە بەو مانگە شەوە جوانە
دانیشتووی لە ڕژد و هەڵدێر
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر
لەگەڵ تەبیعەت هاودەمی
شادی بە کەیفی بێ غەمی
ئاغاش بە نۆکەر ناگری
وەک من لە داخان نامری .....

ئینجا شوانەکە هاتە جواب گووتی وەڵا جوانی فەرمووە ، بڕوا بکەن ئەگەر کۆچی ئەو هاوسەرەم نەبوایە لەگەڵ چەند شتێک لە ژیانم بینیومە لەکاتی چەکداری کە لەبەر چاوم لاناکەوێ ، قەت کەسێک وەکو من خۆش نەژیاوە و ناژی . چ شتێک لەوە خۆشترە لەگەڵ سرووشت هاودەم بی و نانێک بە دەستی خۆت پەیدات کردبێ بیخۆی .

جا لە هەمووشی خۆشتر ئەو نانە بەرهەمێک بێ بێ فڕ و فێڵ. لە منداڵیەوە سەعاتێک چیە نەخۆش نەکەوتوومە ، هیچ داو و دەرمانێکیشم بەکار نەهێناوە بۆ ؟ چونکە بڕوام بە هیچ داو و دەرمانێک نەبووە ، ئەو بڕوایەش وای لێ کردووم ، تاقە نەخۆشیەکیش چیە نەتوانێ زەفەرم پێ ببات . وە بڕواشم وایە ئەوانەی نەخۆش دەکەون ، بەر لە نەخۆشکەوتن بڕوایان بە داو و دەرمانێک هەبووە ، بۆیە دووچاری نەخۆشی بوونەتەوە . لەو حاڵەتەش نەخۆشەکە بڕوای بە چ داو و دەرمانێک بووبێ تەنیا بەوە چاک دەبێتەوە ، "چونکە لە پێشدا بۆ ئەمە نەخۆش کەوتووە " . وەپێشم وایە خەڵکی شار هەمووی نەخۆشن . مام تاوێر خۆی پێنەگیرا لە قسەکان پچڕاندی و گووتی بۆ ؟ شوانەکە گووتی چونکە نەنانیان نانە نەخواردنیشیان خواردنە، نانیان بێ کەپەکە هیچ ڕووحێکی تێدانماوە . خواردنەکانیشیان هەمووی لە قتوو کراوە ، جا لە هەمووشی خراپتر یان هی تورکیایە یانیش هی ئێرانە ، کە دوو وواڵتن لە دەستیان بێ هەموومان ژەهرخوارد دەکەن ، چاوەڕێی چ خواردنێکی باش لەوانە دەکرێت ، بینێرن ؟ لە کاتێکدا ئەوانە دەیانەوێت میللەتێکی نەخۆش و بێ تاقەت بین . چونکە دەزانن میللەتی نەخۆش و بێ تاقەت نە دەتوانێ بیری باش بکاتەوە ، نەدەشتوانێ خاوەنی ئیرادەیەکی باش بێت . دوایێ لە ڕووی ئابووریشەوە بۆ خاوەنی بەرهەمی خۆمان نەبین ؟ بۆ پشتمان لە کشتوکاڵ کردووە ؟ لەکاتێکدا خاکێکمان هەیە لە کۆنەوە دەوڵەمەندە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری .

مام تاوێر و شوانەکە لەوکاتەی لەو گفتوگۆیە دابوون لە دوورەوە دەنگی واقە واق و حەپە حەپ دەهات . سیاوەش گووتی گوێتان لەم دەنگەیە ؟ شوانەکە گووتی بەڵێ ئەوە چەقەڵن . ئێستا وەختیتان ، هەموو شەوێ بەینی عیشا و مەغریب بڕێک درەنگتر چەقەڵ و ڕێوی پەیدا دەبن . دوای سەعات دوو و سێی شەویش نۆرەی گورگ و کەمتیار دێ ، من بە دەنگەکان لێکیان دەکەمەوە ، بۆیە دەبێ هەموو شەوێ دووجار ، یەک دوو تفەنگ بەو چیایە وەبنێم ، یەکێک ئێستا ، یەکەکەی تریش شەو درەنگ ، بۆئەوەی لە مەڕومااڵتەکەم نزیک نەبنەوە . ئینجا شوانەکە ڕایکێشا تفەنگەکەی و پلی بە پەالپێتکەکەوەنا ، دوو حەریق بە دوای یەکدا شریقەیان هات لە بناری ئەو چیایە دەنگی دایەوە . تا لەوبەری بە یەکێک لە ملەشاخەکان وەنووسان . مام تاوێریش کە خۆی هەموو لەشی دەخورا بۆ ئەم حاڵە ، تفەنگەکەی دەرهێنا و ڕایکێشا بە شوانەکەی گووت بزانین هی کاممان کاریگەرترە بەاڵم من بەسەر ئاقارەکەدا دەیهاوێم بەبەرزی بەژنێک ، لە پڕ پلی پێداهێنا سێ فیشەک بەدوای یەکدا دەرچوو ، هەتا لە چاو بزربوون هەر دەنگی دەدایەوە . سیاوەشیش بە پێکەنینەوە گووتی وەاڵ وابزانم ئەم فیشەکانەی مام تاوێر هاوێشتی ئەوەندە نەوی بوون دوورنیە کون بە کون کەوتبنە دوای چەقەڵەکان . هەموو پێکەنین . لەوکاتە شوانەکە دەستی کردە چیلکە داریک و لە ئاگردانەکەی وەردا ، ئاگرەکە دەمێک بوو کوژابۆو ببووە ڕەژوو ، ئینجا چایەپەستەکەی دووبارە

هاوێشتەوە سەر و گووتی با چایەکی تر بخۆین . مام تاوێریش گووتی لە جێی خۆیەتی ، بەڵام تا چایەکە گەرم دەبێتەوە پرسیارێکی تر لەناو سەرم دێت و دەچێت دەمەوێ لێتی بکەم . شوانەکە گووتی بفەرموو. مام تاوێر گووتی کاتێک تۆ هاوسەرەکەت کۆچی کرد ، بۆ کەس لە پرسەکەی ئامادە نەبوو ، چۆن بوو بەتەنیا گۆڕت بۆ هەڵکەند و هەربە تەنیاش نێشتت ؟ شوانەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و داما، دوای کەمێک بیرەنگی گووتی چی بڵێم؟ ئەوەیە بەدبەختیەکەی تر ، کە من لە تەمەنی خۆم بە یەکەم دیمەنی ناخۆش لە ژیانم بینیبێتم وەسفی دەکەم . بێ کەس مانەوەی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی نێوان پارتی و پەکەکە ، بنەماڵەی من و بنەماڵەی هاوسەری کۆچ کردووم پارتی بوون ، منیش لەو مەسەلەیە لەسایەی بنەماڵەگەرایی تێوە گلاّبووم ، خۆشیانم دەویست ، دەبوا چەک هەڵگرم و لەو شەڕە بەژدار بم ، خاوەنی هۆشیاریەکی ئەوەندەش نەبووم تا بزانم ئەو شەڕە لەپای چیە ؟ نەشم دەزانی ئەو شەڕە دەستی تورکیای لەپشتە ، ئێوارەیەک هێرشمان کرد ، ئەو چەکدارانەی لەگەڵمان بوون تامەزرۆی دەستکەوت بوون ، خەبەریشمان پێ گەیشت بوو پەکەکە لە زۆر شوێن گۆڕیان هەڵکەندووە ، لە ناو گۆڕەکان چەکیان حەشارداوە بۆ کاتی پێویست .

جا واش بوو لە هەندێک شوێن کە چۆڵکرابوو چەکدارەکانی ئێمە کە ئەو گۆڕانەیان هەڵدابۆوە پڕی چەک بوو . لەو ڕۆژەوە چەکدارەکانی ئێمە بگەیشتبانە هەر شوێنێکی چۆڵکراو

گۆڕی لێبا هەڵیان دەدایەوە . دیارە ئەم زانیاریەش بە پەکەکە گەیشت بۆوە ، بۆیە ڕۆژێک بێ تەقە لە یەکێک لە شەڕەکان کشانەوە ، ئێمەش بە پەلە کە گەیشتینە ئەو شوێنەی ئەوان تێدا ڕەبیە و شوێنی مانەوەیان قایم کردبوو ، بینیمان پڕی گۆڕە ، لێکڕا ئەو چەکدارانەی لەگەڵمان بوون دەستیان بە هەڵکۆڵینی گۆڕەکان کرد ، وایانزانی دووبارە وەکو گۆڕەکانی تر چەکی تێدایە . لە پڕ هەموو گۆڕەکان بەیەکەوە تەقینەوە ، زەوی لەو ناوچەیە بەسەرماندا سەراو ژێر بوو ، دەمێک کەس هۆشی ئەوەی نەمابوو بزانێ چ ڕوویداوە ، سێ بەشی چەکدارەکانی ئەو ڕەبیەیەی ئێمە لێی بووین لەوێ گیانیان لە دەستدا ، تووماەست گۆڕی مین ڕێژ کراویان دروووست کردبوو بۆئەوەی بمانخەنە ئەم داوە ، منیش کە ئەو ڕۆژە دەرباز بووم، لەسایەی بڕوا نەبوونم بوو بەو شەڕە، هەردەم چاوەڕێی ئەوەم دەکرد زوو کۆتایی بێ .

دوور خۆم دەگرت لە هەر مەترسیەک . زۆر جاریش لە گەرمەی شەڕ خۆم لە پەنا بەردێک دەنا بەس بۆئەوەی نەکوژرێم و کەسیش نەکوژم . یەک لەو شەڕە سەختانەشی توشی بووم عەسرێکی درەنگ بوو ، کۆپتەری تورکیش هاوکاری ئێمەی دەکرد و لە پەکەکەی دەدا لەگەڵمان ، بە سەدان چەکدار بەو دەشتەدا بڵاو ببوونەوە ، مەیت لە هەموو لایەک کەوتبوو ، بۆن باروووت وبۆن بۆگەنی لە هەموو شوێنێک دەهات ، چونکە هەندێک هەبوون چەند ڕۆژ لەمەو پێش کوژرابوون و مەیتەکانیان لەو زوورگ و قەدتەلانانە

بەجێمـــا بـــوو ، ئەوان تـــا پێیـــان بکرابـــا مەیتـــی خۆیـــان بەجێنەدەهێشت ، هـیچ کـاتێکیش کەسـیان بە دیـل نەدەگیـرا ، هەتا کچەکانیش ، هەموو خۆیان دەتەقاندەوە ، ئەگەر دەرفەتی خۆ تەقاندنەوەشیان نەبا لە شاخ خۆیان فڕێ دەدا خوارەوە. چونکە دەنگوێەک هەبوو ئەو کات جانـازانم تـا چەند ڕاست بـوو ، دەیـانگووت دیلەکـانی پەکەکە هەمـوو یـان کۆمەڵکـوژ دەکرێن ، یانیش ڕادەستی جەیشـی تورکیـان دەکەن . کەچی ئەوان کە دیلـی ئێمەیـان دەگـرت دەیاننـاردە ئەکادیمیاکـانی خۆیان و پەروەردەیان دەکرد ، پاشان ئەگەر بەویستی خۆی بمابوایەوە دەیان هێشتەوە ، ئەگەرنا ڕەوانیان دەکردەوە، بەو مەرجەی واز لەو شەڕە بێنێ . بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژە تا درەنگ شەڕ بوو ، دووبارە خـۆم لە کۆندرێک مـات کـرد ، گـوللە بە گوللەی دەکەت ، پاشان هەسـتم کـرد تەقەکـان کەم بـۆتەوەو دونیا نزیک ڕۆژئاوا بوونە ، هاتمە دەرەوە بچمە کۆندرەکەی تر تا بزانم چەکدارەکانی ئێمە گەیشتونەتە کـوێ ، لەپـڕ بینیم دوو سێ پێشـمەرگە خەریکی مەیتی کـچە گەریـلایەک بـوون ڕووتیان کردبۆوە بە مردوویی لەگەڵی جووت دەبوون ، بڕوا بکەن کە پرچە درێژەکەیم بینی کرابووە کەزی ، هەندێکی بە خـوێن ببـوو ، لەگەڵ ئەو جسـمە فریشـتانیەی ، بە ڕووتـی کە هەر لە پەیکەرێکـی بـێ کەم و کـوڕی لە مەڕمەڕ تاشـــراو دەچوو ، لە بن دەسـت و پێی ئەو چەکدارە داوێن پیسـانەی خۆمان ، ئیمان لەکەللەم نەما ، بەرچاوم تاریک بوو . دەسـتم بـۆ تفەنـگەکەم بـرد هەرسـێکیان لەوێ بکـوژم . بەڵام لەپـڕ

سلێمانی جیرانمان خۆی پێدادام گووتی نەکەی ، بە پەلە لەوێ ڕایکێشام و دووری خستمەوە ، پێشی گووتم تۆ چیت بینیوە شـتی زۆر لەوە خراپتریـان کـردووە لەبەر چـاوم ، ئەوانە هێزێکن هەرگیز پەروەردە نەکراون لەوە زیاتر چاوەڕێی چیان لێدەکەی . لەو ڕۆژەوە لولەی تفەنگەکەم گرت و تێم هەڵدا ، ڕقـم لە ووشـەی شـۆڕش و "پـارت" یـش بـۆوە ، کە هەردەم بەسـەر زاریـانەوە بـوو . ڕێـی مـاڵەوەم گـرت و ئێستاشـی لەگەڵدابێ نەچوومەوە . هەموو ڕووداوەکانیشم بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم گێڕایەوە . ئەویش لەمـن زیـاتر بەو ڕووداوە تێک چوو . شان بە شانی من نەفرەتی لە هەرچی حزب هەیە کرد، بەیەکەوەش چەند سـەرمەڕ و بزنێکمـان کـڕی و هـاتینە ئەم بنـارە ، بـۆئەوەی لە مرۆڤـایەتیش دووربکەوینـەوە ، پاشـان هەربەیەکەوەش خشـتمان بـڕی و ئەم خانوەمـان لە قـوڕ دروست کرد ، لەدوای ئەو بڕیارەی دابووشـمان بنەمـاڵەی هەر دوولامـان حاشـایان لێکـردین، چـونکە وازمـان لە پـارتی هێنـــابوو، کە لەلای ئەوان وەک ئەوە وابـــوو لە ئـــاین هەڵگەڕابیتیەوە . ئێمەش گوێمان بە هیچ لایەکیان نەدا چونکە لە بڕیارەکەمان دڵنیا بووین و دەشمانزانی ئەوان هەڵەن کە نـازانن لە سـەرەوە چ دەگـوزەرێ. ئێـدی ئەوەی بێکەسـی هێشـتینەوە ئەو مەسـەلەیە بـوو هەر ئەوەش وایکـرد هاوسەرەکەم بەتەنیا بنێژم و کەس لە بەخاک سپاردنەکەی بەژدار نەبێ .

دوازدە

شەو درەنگ بوو ئەستێرەکان لە ئاسمانەوە دەبریسکانەوە ، مانگ لە سوچێکەوە دەیویست هەڵبێ ، تازە ڕۆناکیەکەی لە پشت لوتکە بەرزەکان بە دەردەکەوت ، مام تاوێر و شوانەکەش هەربەیەکەوە گفتوگۆیان بوو . دوای ئەوەی چەند چرکەیەک بێ دەنگ بوون ، سیاوەش باوەشکێکی هاتێ و گووتی براینە من خەوم دێ ، چیتر خۆم ڕاناگرم ، لەسەر سەکۆیەکە هەڵستایەوە و بەرەو ئۆتۆمبێلەکە چوو ، بۆئەوەی کیسەخەوەکەی بێنێ .

دوای ئەوەی کیسەخەوەکەی هێنا و داینا ، شوانەکە کە چاوی پێ کەوت گووتی ئەوە چیە ، دیارە ئەو ماڵە نوێنی لێ نیە ؟ مام تاوێریش بەگاڵتەوە کە دەیویست شوانەکەی لێ هانبدات ،

گووتی دەزانی لە لای ئێمە ئەگەر کەسێک وابکات سوکایەتی کردنە بە خاوەن ماڵ . دەزانی چی لێدەکەن ؟ بڕوابکە کیسەخەوەکەی لێ دەدڕێنن و یەک پارچە ڕایەخیش چیە نایدەنێ ، دەبێ لەو گۆڕە بخەوێ .

شوانەکەش زانی مام تاوێر گاڵتە دەکات ، بە قەستی دەستی بۆ تفەنگەکەی برد و گووتی یەعنی چی ؟

سیاوەش بەڕاستی تەنگاو بوو گووتی کاکە دەتۆ واز لەو تفەنگە بێنە خۆ کفرم نەکرد . کیسەخەوەکەی تێهەڵدا ئەولاو لە قونیچکێکی سەکۆیەکە دانیشت . مام تاوێر و شوانەکەش دایانە قاقای پێکەنین . ئینجا شوانەکە هەڵستا و دوو دۆشەک و دوو باڵیف و دوو بەتانی بۆ هێنان باش دایوەشاند و لە سەرسەکۆیەکە بۆیانی ڕایەخست . گووتیشی لێرە دەست دەیە هەرنوینێک دەبێ قەیم دایوەشێنی چونکە ئەم ناوچەیە دوپشکی لێیە ، جاری واهەبووە لەناو جێ لەشیرینی خەو پێوەی داوم . من دەرباز بوومە لەوەی بە ژەهری دووپشک بمرم ، بەڵام دوورمەبینن دووپشکێکی بچووک ئێوە بکوژێ ، چونکە خەڵکی شارن . ئەوەی لەشارەوەش هاتبێ لە کۆنەوە گووتوویانە نیو مرۆڤە ، بەرگەی هیچ ناگرێ .

سیاوەشیش لەسەر جێگاکەی خۆی دانشت بوو گووتی جا بەرلەوەی بخەوم با لەسەر پێوەدانی دووپشک شتێکتان بۆ بگێڕمەوە ، بەمندااڵی لە بیرمە لەگەڵ ئایشە و براکەی بەبەرد خانوچکەمان دروووست دەکرد بۆ یاری ، کە دوومنداڵی گوندەکەی ئێمەبوون ، دووپشکێک بە ئایشەی وەدا ، چی وای

نەمابوو بیکوژێ ، بەڵام پیرێژنەکان هەندێک پەلکە کەبەر و هەندێک شیری بزنیان دەرخوارد دا ، چاک بۆوە لەو ڕۆژەوە ئایشە گەشەی کرد بووە فیلە ژنێک نەبێتەوە ، هەموو خەڵکەکەش دەیان گووت ئەو گەشەکردنەی ئایشە هی ژەهرەکەیە . شوانەکە کە خەریکی ڕێکخستنی جێگاکەی خۆی بوو هەر لە ڕێزی ئەوان گووتی ڕاستە . ژەهری دووپشک و مار ئەگەر نەتکوژێ بەهێزت دەکات . ئینجا پاڵی دایەوە و دەستەکانی خستە ژێر سەری ، بە قوڵی سەیری ئاسمانی کرد و دوو سێ جار لەبەرە خۆی گووتی ئای های دونیا ، هەزاران جار لەسەر ئەم سەکۆیە لەگەڵ ئەستێرەی هاوسەرم کە پاڵمان دەدایەوە ، ئەو ئەستێرانەمان دەژمارد و چیرۆکی سەرنج ڕاکێشمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە . کەچی ئێستاش ئەستێرەکانی خوا هەر لە شوێنی خۆیانن و منیش لێرەم ، ئەوەی شوێنەکەی خاڵیە تەنیا ئەستێرەکەی منە . بەهەرحاڵ با دیسان سەرتان نەئێشێنم ، بمبوورن لە مێژە کەسێک نەهاتۆتە سەردانم دەردەدڵی خۆمی لابکەم ، ئەو هەموو دەرد و داخەی ئەم شەو بینیتان و ئەو بەسەرهاتانەی بۆم گێڕانەوە چەندین ساڵە لە ناخم پەنگیان خواردبۆوە . پاشان چاوەکانی خستەسەریەک و لێی خەوت . سیاوەشیش بە هەمان شێوە ، کە دەمێک بوو خەوی دەهات . مام تاوێریش هەر لەسەر جێگاکەی خۆیەوە بە ڕاکشاوی بیری لەو شوانە دەکردەوە ، هەستی بەمە کردبوو ئەو شوانە بێ ئەوەی یەک پیت چیە خوێندبێتی ، ژیان بەدەم و پل و زیرەکی کردبوو . سەیریشی

بەوە دەهات ئەو پیرێژنانە لە کۆندا چۆن زانیوێتیان کەبەر دژی ژەهری مار و دوپشکە چونکە تاڵە ، سوکەری دادەبەزێنێت چۆن زانیوێتیان ژەهر ئەوەندە شیرینە سوکەری بەرزدەکاتەوە . ئینجا لەبەرەخۆی گووتی ڕەنگە لەسرووشت فێربووبن ، سوودیان لە شەڕی مار و بزنمشک بینی بێ ، ڕەنگە بینیبێتیان بزن مشک لە شوێنێک بنە کەبەری لێنەبێ لەگەڵ مار شەڕ ناکات ، کاتێک لەگەڵیشی دەکەوێتە شەڕ لەو شوێنەی بنە کەبەری لێیە ئەگەر مارەکە پێیوەبدا ، زوو خۆی دەگەینێتە بنە کەبەرەکە و چەند پەلکێکی لێ دەخوات ، ئینجا دەست بەشەڕەکە دەکاتەوە .

پاشان سەیری چیایەکەی بەرامبەریانی کرد و ئەشکەوتەکانی بەبیرهاتەوە ، بیریشی لە تابووتەکان دەکردەوە . لەبەرە خۆشی دڵی بەوە تونـد ببوو ئەگەر دەنگۆی ئەو تابووتانە ڕاست بێ ، چیان لێبکات . چ لایەنێکیان لێ ئاگادار بکاتەوە بۆئەوەی خۆیان لێی بە خاوەن بکەن ، لەم وولاتە بێ سەروبەرەدا . خەو باڵی بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرانە داکێشا کە شەو دەخەوتن ، هەموو ئەو بوونەوەرانەش لە خەو هەڵستان کە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن دەچوونەوە ناو کونە تاریکەکان . ڕەوە گورگێک هاتنە نێزیک ئەو سیمەی شوانەکە دایکوتابوو بۆ مەڕ و بزنەکان ، دەستیان بە هەڵکۆڵینی خۆڵەکەی دەورو بەری کرد ، سەگەکەشی لە بن تانکیەکە وەرکەوت بوو ، دەنوسکایەوە ، دەمێک بوو تاقەتی حەپینی لێ بڕابوو ، کەچی هەر ئەوسەگە بوو بە گەنجی پاراستنی هەموو

ئەو مەڕ و ماڵاتەی گرتبووە ئەستۆ و گورگ و کەمتیارەکان زەندەقیان لێی چووبوو ، بەڵام بێ هۆنیە گووتراوە پیری و هەزار عەیب، ئەو لە ددانەکانی خۆی ڕانەدەبینی پێستی گورگەکانی پێ بریندار بکرێ ، نەشیدەویست شەڕێکی خۆترێن بکات ، ئەو نوسکانەوەیەی پێ باشتر بوو بۆئەوەی خاوەنەکەی بەخەبەربێنێ و بە گورگەکانیش نیشان بدات لێیان دەترسێ ..

لەپڕ شوانەکە لەگەڵ نوسکە نوسکی سەگەکە بە خەبەرهات ، لەبەر تیشکی مانگ بە چاوی خۆی گورگەکانی بینی ، بە پەلە ڕایکێشا تفەنگەکەی و سێ چوار حەریقی پێوەنان ، لەگەڵ دەنگی تەقەکان سیاوەش لە خەو ڕاپەڕی و ڕێک بەدەشتێ کەوت . مام تاوێریش بەخەبەرهات ، شوانەکە کەوتە دوای سیاوەش و بەهەزارحاڵ گەڕاندیەوە ، مام تاوێریش زوو لە مەسەلەکە گەیشت ، لەگەڵ پێکەنین خەریک بوو بخنکێ ، هەر دەیویست پێی بڵێ تۆ ویستت بۆ کوێ ڕابکەی ؟ کەچی نەیدەتوانی و پێکەنین لێ نەدەگەڕا ، شوانەکەش دەم نا دەم دەیگووت کاکە وەڵا گورگ هات بوونە گژ سیمەکە دەنا تەقەم نەدەکرد . سیاوەشیش لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشت بوو نقەی لێوە نەدەهات . دوای ئەم ڕووداوە چەند خۆیان هێنا و برد خەویان لێ نەکەوتەوە . ئەستێرەی کاروانکوژە کە بەر لە ئەستێرەی بەرەبەیان هەڵدێ ، دەمێک بوو هەڵاتبوو . شوانەکە هەڵستا و هەندێک داری هێنا خستیە ناو ئاگردانەکە و ئاگرێکی کردەوە ، چایەپەستەکەشی شوشت و پڕی ئاو

کرد ، پاشان هەندێک دەرمانچای تێ کرد و خستیە سەر ئاگر . مام تاوێریش لەو ماوەیە بەدەرفەتی زانی باسی چوونە ناو ئەشکەوتەکان بکات ، پێشی باشبوو ئۆتۆمبێلەکەیان هەر لەوێ بەجێبێڵن . شوانەکە بەخۆشحاڵیەوە ئەمەی قبووڵ کرد، پێشی گووتن هەر کات منیش لێرە نەبووم دەتوانن بێنەوە ئەم ماڵە و تێیدا ئیسراحەت بکەن ، ماڵ ماڵی خۆتانە .

****

دونیا ڕۆناک بۆوە ، چیایەکە بەدەرکەوت ، دەنگی سۆفەقیتە و بولبولی کێوی و چۆلەکەکانی حەوشە و سەردارەکە دەهات . مام تاوێر و سیاوەش کەل و پەلەکانی خۆیان بەکۆڵدادا و بەرەو ئەشکەوتەکان بەڕێکەوتن ، شوانەکەش مەڕ و بزنەکانی ڕادا و ڕێی دەشتاییەکەی گرت . سیاوەش لەپێشەوە دەڕۆیی بەهۆی ئەوەی بەرد بە بەرد شارەزای ئەو چیا و چۆڵە بوو ، ملی گەریەکی گرتبوو کە تا سەرەوە بە پێچ و پەنا بەرز دەبۆوە ، بۆئەوەی ڕێی چوونە سەرەوەیان بۆ ئاسان بکات . لەکاتی بەسەرکەوتنیش جار جار سوێسکە بە ڕەوە لە پێشیان دەفڕین و دەنگی باڵەکانیان دەهات . لە پڕ گەیشتنە ئەشکەوتێک کە لە گەریەکەوە یەکەمین ئەشکەوت بوو دەکەوتە سەر ڕێیان . کە گەیشتنە ناوی هەستیان کرد هەوایەکی فێنک لە بنەبانی ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە ، لەبەر دەرکی ئەشکەوتەکەشڕا هەموو دەشتاییەکە لەبەرزیەوە

دیاربوو ، هەتا شوان و مەڕ و ماڵاتەکەش . لە قەد بنمیچی ئەشکەوتەکەش چەند هێلانەیەکی داخراوی بچووک بچووکی لە قوڕ درووستکراو دەبیندرا بە قەد هەرمێیەک ، کەتەنیا کونێکیان تێدا بوو بۆئەوەی ئەو باڵندەیەی بۆ خۆی چایکردبوو پێیدا هاتووچۆ بکات . لە هەندێک شوێنیش لە بەرزیەوە دڵۆپ دڵۆپ ئاو بەردەبۆوە خوارێ ، کە لەناو ئەشکەوتەکە جێ جێ قۆرتی درووست کردبوو . مام تاوێر و سیاوەش دوای ئەوەی سەریان بە کەلەن و قوژبنەکان داگرت بەیەکەوە لە لایەک ڕوو لە دەرەوە کە تا چاو حوکمی دەکرد ئاقار دیار بوو ، دانیشتن . سیاوەش بە مام تاوێری گووت ئەو ئەشکەوتە ئەشکەوتی فێنکی پێ دەڵێن ، بەهۆی ئەو هەوایە ساردەی لە قوڵایی ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە . بەڵام بەهۆی ئەوەی بنەبانی ئەشکەوتەکە زۆر تەسک دەبێتەوە هی ئەوە نیە پێیدا بڕۆین ، ناتوانین بچینە ناوی . مام تاوێریش گووتی ڕەنگە ئەو ئەشکەوتە ئەگەر پێشدا بڕۆین بمانگەینێتە سەری چیاکە . بەهۆی ئەو هەوایەی لێی دێتە دەرەوە ، چونکە دەبێ ئەو هەوایە لەدەرەوە ڕابێ ، نەوەک لە قوڵاییەکەی ، کە ژێر زەویە. مام تاوێر و سیاوەش دوای پشوودانێک هەڵستانەوە و بەڕێ کەوتنەوە ، ئەو ئەشکەوتەی کەوتبووە سەر ڕێیان تێیان پەڕاند . شاخەکە لە هەندێک شوێن ئەوەندە ڕک بوو دەبوا پێیدا هەڵگەڕێن ، هەر خزینێکیش ڕوویبدابا دەبووە هۆی هەڵدێرانیان تا بنی گەریەکە ڕکیەکەی زیاتر لەو بەردانەڕا بە دەردەکەوت کە لە بن پێیان

غلـۆر دەبـۆوە خـوارێ . دوای شـەڕ و ململانێیەکـی زۆر گەیشتنە ئەشکەوتی سێدەری و ئەو ئەشکەوتەی بۆی چوو بوون . ئەشکەوتی کونە کۆتریش هەر لەو ئەشکەوتانە نزیک بوو . مام تاوێر کە چاوی بە ئەشکەوتی سێدەری کەوت لە سەرسامیان دەمێک بێ دەنگ بوو ، ئەو ئەشکەوتە بێجگە لەوەی دەرکەیەکی لە خوارەوە ڕا هەبوو کە پێدا دەتوانی بچیە سەرەوەی شاخەکە ، سێ دەرکەی تری بازنەییشی هەبوو ، لە شێوەی دەلاقە ، هەر سێ دەرکەکەش لە ناوەوەڕا بەسەر دەشتاییەکەدا زاڵ بوون ، پێ دەچوو ئەمانە بۆ چاودێری کرابن . مام تاوێر زوو کامێراکەی دەرهێنا و دەستی بە وێنەگرتن کرد. پاشان بە دەرگاکەی لای خوارەوە چوونە ناو ئەشکەوتەکە ، لەلایەک جانتا و کەل و پەلەکانیان دانا ، پاشان لە ژوورەوەڕا مام تاوێر لە یەکێک لە دەلاقەکان سەیری خوارەوەی گەریەکە و دەشتاییەکەی کرد ، کە لەو بەرزیە خوارەوە وەکو تابلۆیەک دەهاتە بەرچاو. بە سیاوەشی گووت بڕوابکە ئەم سێ کونە لە ڕێزی یەک شوێنی پاسەوان بووە ، سەیرکە چۆن دروستکراوە دەتوانی بە ئیسراحەت دابنیشی و دەرەوەشت لێ دیار بێ ، سیاوەش لەوکاتە کە سەیری پێشە خۆی دەکرد گووتی ئەوەتە قادرمەیەک ، مام تاوێر لەگەڵ ئەم قسەیە خۆی گەیاندە لای ، بینی چەند پایەکی بچووک لە نێزیک ئەو کونەی دەچووە دەرەوە بۆ سەرەوەی شاخەکە هەڵکەندرابوو . ئەگەر زۆر بە ووردی سەرنجت نەدابا ، نەتدەزانی ئەوە قادرمەیە . ئینجا سیاوەش باسی

ئەشکەوتی کونە کۆترێشی بۆ کرد ، گووتی چیت بینیوە بابچینە ناو ئەشکەوتی کونە کۆتر ئەوجە دەزانی شتی چەند سەیر و سەمەرە و شاراوە لەو قەد چیایە هەیە . کات بەرەبەری نیوەڕۆ بوو ، مام تاوێر و سیاوەش ناو ئەشکەوتی سێ دەری دانیشتن ، لەناو جانتایەکانیان هەندێ گوێز و هەنگوینیان دەرهێنا و یەکە و پارویەکی گەورەیان کرد ، بە پەلە شتێکیان خوارد و جانتا و کەل و پەلەکانیان بە کۆڵدادا و بەڕێ کەوتن بۆ ئەشکەوتی کونە کۆتر ، سیاوەش لە ڕێگا بە مام تاوێری گووت دەبێ هەردووکمان چاو بگێڕین ئەشکەوتەکە لەم ناوەیە ، ئەو ئەشکەوتە وەکو ئەشکەوتەکانی تر نیە ، بە ئاسانی دیار بێ . ئەم ئەشکەوتە کونێکە لەسەر زەوی ، کە دەچیە دیاری وادەردەکەوێ بیربێ ، کەچی کە بەو کونەدا دەچیە خوارەوە بەرەو ئەشکەوتێکی گەورەت دەبا ، لە خوارەوە ئاویش هەیە ، بۆیەش زۆر کەس بەلایدا تێدەپەڕن و نایبینن . مام تاوێر گووتی کێ دەڵێ هەر ئەوە دەرگا نهێنیەکەی ئەو ئەشکەوتە نیە کە بەردە گەورەکەی پێوەندراوە و تابووتەکانی تێدایە . سیاوەش گووتی نازانم بەڵام خەڵیکیتریش هاتوونەتە ناوی ، هیچیان نەدۆزیوەتەوە . مام تاوێر گووتی نا ڕەنگە لە قەد دیوارەکان دەرگا هەبێ ، بچێتەوە ناو ئەو ئەشکەوتەی باسی دەکەین ، لەو قسانەبوون سیاوەش کە لە پێشەوە دەڕۆیی گووتی ئەگەر هەڵە نەبم ئەوەتە ، بە پەلە بۆلای ڕاستی خۆی چوو ، کە لێی نێزیک بۆوە گووتی تەواو خۆیەتی .

مـام تـاوێر کاتێـک بینـی گـووتی یەعنـی ئەوە ئەشـکەوتە ؟ سیاوەش گووتی بەڵێ ، ئێستا دەچینە خوارەوە دەیبینی .
مام تاوێر و سیاوەش گوریسێکیان کردەوە و سـەرێکیان لە بنەداریکی بەرامبەریـان بەستەوە ، کە لە کەلەنە شـاخێکەوە شین ببوو ، سەرەکەی تریشی دەبوا ئەوەی دەچێتە خوارەوە لە ناو قەدی خۆی ببەستێ . مـام تـاوێر بە سیاوەشـی گـووت بڕۆ منیش بە دواتدا دێم ، دیار بوو سیاوەش خـۆی بە پـاش دەدا ، هـەر دەستی لە گرێی گوریسەکە دەدا و دەیگووت ئێستا دەچم . مام تاوێر زانی دەترسێ ، بە خۆی شۆربۆوە خوارێ تـا بنی ئەشکەوتەکە ڕانەوەسـتا ، کە گەیشتە خـوارەوە زۆر تاریـک بـوو ، هـیچ شـتێک لە دەوروبەری نەدەبینـدرا ، ئینجـا سیاوەشیش بەدوایـدا چـوو ، لە نـاو ئەشکەوتەکە مـام تـاوێر لایتەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و پێی کرد ، بینی ئەشکەوتێکی گەورەیە ، قل قلە شـەمشـەمەکوێرە لەناو هاتوچۆیان بوو ، کە لایتەکەی لە بڵندیدا ، بە هـەزاران شـەمشـەمەکوێرە خۆیـان بە بنمیچەکەوە هـەڵواسی بوو ، لە هـەندێک شـوێن دەنگی دڵۆپە ئاو دەهات ، لە ناکاو بینیان لە بنەوەی ئەشکەوتەکە گۆڕێک هەیە لە شـێوەی حـەوزێکی بچـووک ، لەنـاو گـۆڕەکە ئێسـکە پەیکەرێکـی مرۆڤـی تێدابوو ، دیـار بـوو ئێسـکەکانی لاقـی و دەستی و کەللەی هێشتا دەناسـرایەوە کە ئەمە هـی مـرۆڤە ، پارچە پارچە لێک جیا ببوونەوە و لە تەنیشت یەک کەوتبوون. بەڵام کەللەی لە کەللەی مرۆڤی ئێستا نەدەچـوو ، نێوچـاوانی

دەرپەڕی بـــوو هـــاتبۆوە ســـەر هەردوو کـــونی چـــاوی ، ئێسکەکانی پشتیشی کەوانەیی بوو نەوەک ڕاست و ڕاست.
ســـیاوەش بە ئەســـتەم دەســـتی گەیانـــدە پەراســـوویەکی ، پەراســووەکە لەگەڵ دەست لێدان هەڵوەری، بووە تـۆزێکی سپی و ڕژا سەر ئەرزەکە . مام تاوێر گووتی نا ، دەستی لێ مەدە ، پێویســتە بمێنـــێ . ئەوە پێـدەچێ مرۆڤـی کـۆن بـــێ ، شـێوەی ئێسـک و کەللـە سـەری لە شـێوەی ئێسـک و کەللـە سەری مرۆڤی ئێستا ناچێ . سیاوەش گووتی تۆ پێتوایە هی چ سەردەمێکە ؟ مام تاوێر گووتی ڕەنگە نیاندەرتاڵ بێ .
نازانم ، کێ دەڵێ کۆنتریش نیە . ئینجا کامێراکەی دەرهێنا و چەند وێنەیەکی گرت . سیاوەش گووتی باشـە دەبـێ کەل و پەل لە بنەوەی گۆڕەکەیدا نەبێ ؟ مـام تـاوێر گووتی نـازانم بەڵام نابێ دەستکاری ئەو ئێسکە پەیکەرە بکەیـن ، بـۆئەوەی بـزانین کەل و پەل لەبـنەوەی گـۆڕەکە هـەیە یـان نـا ، چـونکە ئێسکە پەیکەرەکە لەگەڵ دەست لێدان شـی دەبێتەوە و ئەم شـێوەیەی دەیبینـین نـامێنێ کە بـۆ مێـژووی مرۆڤـایەتی لە هەمـــوو شـــتێک گرینگتـــرە . لەو قســـانەبوون دەنگێـــک لە پشتەوەیان هات، دەنگێکی بە سام هاوشێوەی بۆڕاندنی مانگا. هەردووکیان لە شوێنی خۆیان ڕاپەڕین ، بەتایبەتی سیاوەش، خـوێن لە لەشـی نەمـا . سـەیری یەکتریـان کـرد ، لایتیـان بـۆ دەوروبەری خۆیان لێدا هیچ نەبوو .
ئینجا ئێسکە پەیکەرەکەیان بەجێهێشت ویستیان بۆ لایەکەی تری ئەشکەوتەکە بڕۆن .

لەپڕ ماریٚکی گەورەی ڕەشی قۆچداریان بینی ، ناوقەدی هەندەی ناوقەدی مرۆڤێک دەبوو ، جارجار ئاوڕیشی لێیان دەدایەوە و زمانی دەردەهێنا . سیاوەش بە زمانی تێک ئاڵاو بە مام تاوێری گووت تەقەی لێ بکە ، پێش ئەوەی لێمان بگەڕێتەوە ، لەو قسانەبوو پێی کەوتە ناو چاڵێکی بچووک بە ئەستەم پێی قرچایەوە ، یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد و گووتی ئای شتێک پێی وەدام . مام تاوێریش بە پەلە ڕووی لایتەکەی لێکرد بینی هیچ نیە تەنیا پێی کەوتۆتە ناو چاڵێک ، زۆر لێی توڕەبوو گووتی کوا ؟ ئەو مارە بیخواردبای باش بوو یان ئەو مرۆڤە کۆنە لێت هەڵستابایەوە و دوو سێ شەقی باشی تێهەڵدابای دڵم دادەکەوت . ترسنۆک لە دوێنێوە قەهرت لێ دەخۆم ، شوان تەقە لە گورگ دەکات تۆ هەڵدێی ، مار بۆ خۆی بە لایەکی تردا دەڕوا ، تۆ لە ترسان پێت دەکەوێتە ناو چاڵ ، تۆ چ جۆرە پیاوێکی ؟ دەکرێ مرۆڤ لەگەڵ دەنگێک ڕاپەڕێ بەڵام نەک وەک تۆ زەندەقت لە هەموو شتێک چووە ، لە سێبەری خۆشت دەڕەویەوە .

لەو قسانە بوون لایتیان بۆ پیشە خۆیان لێدا ، مارەکە لەبەر چاویان بزر بوو ، کە چوونە پێشتر لەو شوێنەی مارەکە دیار نەما ، کونێکی گەورە هەبوو . مام تاوێر گووتی دەبێ ئەم کوونە کێوە بچێ ؟ ڕەنگە مارەکەش هەر چوبێتە ناو ئەو کوونە . مام تاوێر زیاتر چووە پێش لایتی بۆ ناو کونەکە لێدا دیار بوو لەو دیو گەورە دەبۆوە .

سیاوەش گووتی وا چاکە بگەڕێینەوە ، مام تاوێر گووتی بۆ کوێ ؟ من وا بیر لەوە دەکەمەوە بچمە ناو ئەو کونە ، سیاوەش گووتی ئاخەر کێ دەزانێ چی تێدایە ، دواتر لێرە شتێکمان لێ بێ کەس هەر پێشمان نازانێ . ڕاستە من ئێرەم پێ دەزانی ، بەڵام قەت ئەوەندە شۆڕنەبوویمەوە ناو ئەو ئەشکەوتە ، جاران بۆ ڕاوە کۆتر دەهاتین ، لەبەر دەرگاکە تۆزێک شۆڕدەبووینەوە و پاشان دەگەڕاینەوە . کە گووتیشم خەڵک هاتوونە پێش ئێمە هەر گوێم لێ ببوو ، دەنا بە چاوی خۆم کەسم نەبینیوە . مام تاوێر گوێی بە سیاوەش نەدا ، سەرێکی لە کونەکە هەڵکێشا ، بینی ئەو دیوی زۆر گەورەترە لەم دیوە ، ئەوەی مام تاوێریشی لە چوونە ناوەوەی ئەو کونە سارد کردبۆوە چوونە ژوورەوەی ئەو مارە بوو . دەترسا لەوەی بچێتە ناوەوە پەلاماری بدات . هەرچەندە لە باب و باپیرانیەوە گوێی لێ ببوو ماری ڕەش لەکۆنەوە دۆستی مرۆڤە و بە کەس وەنادا . ئۆقرەشی لەبەر بڕابوو ، حەزی دەکرد بزانێ چی لێیە ئەو دیو . ئاخیرجار بە سیاوەشی گووت ناکرێ کات بەفیڕۆ بدەین . من هەر دەچمە ژوورەوە . ئینجا جانتاکەی پشتی دانا و لایتەکەی لە نێو چەوانی بەستا و تفەنگەکەشی لەگەڵ خۆی برد . یەکەم جار سەری ڕەوان کردە ژوورەوە، بە هەرچوار دەوری ئەشکەوتەکە چاوی گێڕا، کە زانی هیچ لە گۆڕێ نیە ، لەشیشی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا و چووە ناوەوە . دەمێک هەستی ڕاگرت ، لە دوورەوە دووبارە گوێی لە بۆڕینەکە بۆوە کە لەدەنگی مانگا دەچوو ،

ئینجا زانی ئەو دەنگە هی مارەکەیە لەوێ دوور کەوتۆتەوە . بە سیاوەشی گووت وەرە هیچ لە گۆڕێ نیە . سیاوەشیش بە هەزارحاڵ لە کونەکە ئاو دیو بوو. کە هەڵستانەوە لە قەد بنمیچەکە بینیان هەندێ شتی هاوشێوەی شووشە شۆڕ ببوونەوە خوارێ ، لەڕژانی ئاو دەچوو ڕەق بووبێ . پاشان بەرەو قوڵاییەکە ڕۆیشتن گوێیان لە شووڕە شووڕی ئاو بوو، کە چوونە پێشتر بینیان ڕووبارێکی بچووک بە قووڵایی ئەشکەوتەکە تێدەپەڕێ . بەیەکەوە چوونە سەر ئاوەکە ، مام تاوێر نوشتایەوە و دەستێکی تێ هەڵێنا ، گووتی چەند جوانە ئێستا ئەگەر نەهاتباینە ئەو قوڵاییە، لە دەرەوە چۆن دەمانزانی ڕووبارێک لە بن ئەو شاخە هەیە ؟ ئینجا بەیەکەوە دانیشتن ، سیاوەش دەموو چاوی شووشت و هەندێک ئاوی لە دەم وەرکرد ، مام تاوێر پێی گووت چیە پێ دەچێ زۆر ترسابی ؟ سیاوەش گووتی چیت لێ بشارمەوە ، ئەرێ وەڵا کە مارەکەم بینی جێم پێ جێ نەبوو . ئاخەر قەت شتی وام نەبینی بوو ، مار قۆچی هەبێ و بەم شێوەیە ببۆڕێنێ . بە هەرحاڵ واز لەوە بێنە ئەم ڕووبارە دەبێ کێوە بڕوا ؟ مام تاوێر گووتی ڕەنگە لە یەکێک لە قەد شاخەکان بچێتە دەرەوەو ببێتە تاقگە . خوا دەزانێ ئێستا لە قەد چ شاخێک دەڕژێتە خوارەوە .

مام تاوێر لەگەڵ ئەو قسەیە دەستی لە بن ئاوەکەناو چەند بەردێکی دەرهێنا ، بەردەکان ڕەنگا و ڕەنگ بوون ، پێ دەچوو هەرگیز ڕۆژیان پێ نەکەوتبێ .

ئینجا لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوەو لایتەکەی لە قەد دیواری ئەشکەوتەکە دا ، گووتی پێویستە بگەڕێین بزانین هیچ کونی تری لێنیە بێجگە لەو کونەی ڕووبارەکەی شۆڕدەبێتەوە ناوی ؟ سیاوەشیش لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە ، بەیەکەوە دەستیان بە گەڕان کرد ، لایتیان بۆ هەموو لایەک لێ دەدا ، لە ناکاو مام تاوێر لە قەد دیواری ئەشکەوتەکە دەلاقەیەکی بینی ، بەڵام تۆزێک بڵند بوو ، ئەویش پێی لەسەر کونێکی بچووکی دیوارەکە دانا و خۆی گەیاندە دەلاقەکە ، بینی پڕی بەردی ڕەنگا و ڕەنگە ، کە چەنگێکی لە بەردەکاندا و خستیە بەر ڕۆناکی لایتەکە ، بۆی دەرکەوت ئەو بەردانە کون کراون ، هەمووش قەبارەیان لێک نزیک بوو . سیاوەش گووتی ئەوە چیە ؟ مام تاوێر ووەڵامی دایەوە گووتی ڕەنگە لە کۆندا بۆ ملوانکە چاکرابێ ، ئەو بەردانەش هەر لەو بەردانەیە کە لەناو ڕوبارەکە چەنگم لێدا، هیچ جیاوازیەکیان نیە تەنیا دەستکاری کراون . داخوا بەدەستی کێ و لەچ سەردەمێک و بۆچی لێرە داندراون . سیاوەش گووتی چی لەو بەردانە بکەین ؟ مام تاوێر لە شوێنی خۆی دانانەوە و گووتی هیچ ، تەنیا چەند وێنەیەکیان دەگرین ، ئەوانە نابێ هەر کەسێکی بێ و دەستکاریان بکات . ئیشی ئێمەش ئەوەیە کە گەڕاینەوە ناو شار ، ئەو کەسانەیان لێ ئاگادار بکەینەوە کە زانیاریان لەم بوارە هەیە و بە دواداچوون دەکەن .

****

دوای دۆزینەوەی بەردە کونکراوەکان مام تاوێر و سیاوەش زۆر بەناو ئەشکەوتەکەدا گەڕان هیچی تریان نەدۆزیەوە ، هێدی هێدی کاتیش بەرەو ڕۆژئاوابوون دەچوو . بەیەکەوە لە ئەشکەوتی کونە کۆتر هاتنە دەرەوە ، تاریکی ناخی زەویان بەجێهێشت ، کە چاویان بە دەوروبەردا گێڕا و ڕووناکیان بینیەوە هەستیان کرد ژیان لەسەر زەوی بەهۆی ڕۆژەوە زۆر سەرنجڕاکێش و ئاوەدانتر ە ، لەو شوێنانەی تاریکە و تیشکی ڕۆژیان ناگاتێ .

دوای پشودان مام تاوێر گووتی بەبڕوای من ئەو کونەیان وەکو گۆڕێکی نهێنی بەکارهێناوە ، ئەو ئێسکە پەیکەرەی لە خوارەوەش بوو ئەو بۆچوونەمان پشت ڕاست دەکاتەوە ، ئەو بەردە چاکراوانەشی لە دەلاقەکە بوون ، ڕەنگە لە کاتی سەردانیکردنی مردووەکە یەکێک لەناو ڕوبارەکە دۆزیبێتەوە و پاشان چایکردبێ .

وەکو دیاریەکیش بۆ ئەو مردووەی دانابێ . پێشدەچێ ئەو مردووە ژن بێ ، ئەوەی ئەو بەردانەشی بۆ چاکردووە ڕەنگە ئەو پیاوە بێ خۆشیویستووە، هەڵستاوە دوای مردنیش سەردانی کردووە و لەکاتی سەردانیکردنیشی ئەو بەردانەی چاکردووە ، بۆئەوەی خەناوکەیەکی بۆ دروست بکات .

سیاوەشیش گووتی ئێ باشە بۆ خەناوکەکەی لەلای مردووەکە دانەناوە ؟ مام تاوێر گووتی ڕەنگە تەواو نەبووبێ ویستبێتی تەواوی بکات ، ئینجا بە مردووەکەی ببەخشێت . نەتبینی لە ڕووبارەکە نێزیک بوو ؟ وە لە هیچ مووییەکی بادراویش هەڵنەکێشرا بوو ؟ ژمارەشیان لە چەند دانەیەک تێپەڕی نەدەکرد ؟

سێزدە

دوای ئەم گفتوگۆیە مام تاوێر و سیاوەش ئەشکەوتی کونە کۆتریان بەجێهێشت و بەرەو ئەشکەوتی سێ دەری گەڕانەوە، لەناو ئەشکەوتی سێ دەری ئەوکەل وپەلانەی بەجێیانهێشتبوو لەگەڵ ئەو کەل و پەلانەی لەگەڵ خۆیان بردبوویانە ناو ئەشکەوتی کونەکۆتر لەو گۆڕە دایاننا و لەسەر تاشەبەردێکی ڕاست و تەخت کیسەخەوەکانیان ڕایەخست ، پڵاوەکانیان لەبەر کردەوە و لێی دانیشتن ، ڕۆژ وەکو تۆپێک ئاگر کەوتبووە بەرامبەریان و دەیویست ئاوابێ . لەو بەرزیەوە تابڵێی جوان و سەرنجڕاکێش دیار بوو، سیاوەش دوای پشوودان دەستی بە کۆکردنەوەی پەلەداری ووشک کرد بۆ چای ، لە بەیانیەوە چایان نەخواردبۆوە ، هەستیان بە برسیەتیش دەکرد .

مـام تـاوێریش سـێ بەردی هێنـاو لەنزیـک یەک داینـان ، ئاگرێکیان کردەوە ئەو چایەپەستە بچووکەی لە شارەوەش لەگەڵ خۆیان هێنابوویان خستیانە سـەر ئاگرەکە . سیاوەش لەو کاتە گووتی ئەو تاشەبەردەی لەسەری دانیشتووین دەڵێی بۆ ئێمە چاکراوە ، هەر لە سەربانێکی گەورە دەچێ . واچاکە تـا لێرە بـین لەم شـوێنە پاڵدەینەوە شـەوان . مـام تـاوێریش گووتی وادەکەین منیش هەروام دانابوو . تەنیا کێشەی ئاومان هەبوو ئەویشم لە مێشکی خۆمدا چارەسەر کردووە، سیاوەش گـووتی چـۆن ؟ مـام تـاوێر وەڵامیـدایەوە و گـووتی هەمـوو ڕۆژێ پێش ئەوەی دەست بە هەڵکۆڵینەکە بکەین ، ئەودەببەیە و ئەو چایەپەستە لە ئەشکەوتەکەی خوارەوە لەبەر ئەو دڵۆپە ئـاوانە دادەنێـین کە لە بنمـیچەکە بەردەبێـتەوە خـواری ، تـا ئێوارە دەگەڕێینەوە پڕدەبن ، ئێمەش هەم بۆ چایە و هەمیش بۆ خواردنەوە بەکاریان دێنین . سیاوەش دڵی بەم بیـرۆکەیە خۆش بوو ، بە سوعبەت بە مام تاوێری گووت کورە تۆ زۆر شتت لەژێر سەردایە . مام تاوێریش خەندەیەکی کرد و پاشان گـوتی مـرۆڤ وەکـو هەر گیـانلەبەرێکی تـر دەتـوانێ لە چیـا هەموو پێداویستیەکانی خۆی دابین بکات ، بەو مەرجەی لە شوێنی خۆی بجوڵێتەوە . لەو قسانە بوون چایەکە کوڵا ، نان و گوێزیان دەرهێنا و دەستیان بە نان خواردن کرد .

دونیاش هێدی هێدی تاریک داهات ، ئەستێرەکان بەدیارکەوتن تیشـکی ئـاگرەکە چواردەوریـانی تەواو ڕوونـاک کردبـۆوە . دوای نـان خـواردن مـام تـاوێر گـووتی ئێسـتا قسـە لەگەڵ

شوانەکە دەکەم ، پێی ڕادەگەینم سەلامەتین . سیاوەشیش گووتی چۆن ؟ مام تاوێر گووتی تفەنگێکی حەریق بەو ئاراستەیەدا داوێم، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە ئەگەر ئاگای لێ بێ وەڵاممان دەداتەوە . لەو کاتە مام تاوێر دەستی کردە تفەنگەکەی و فیشەکێکی لێخوڕیە بەرێ ، بەو ئاراستەیەدا تەقاندی ، لەو قەد شاخە دەنگی دایەوە ، تا حەریقەکە کوژاوە هەر شریقەی دەهات . دوای کەمێک حەریقێکیان بەو ئاراستەدا هاوێشتەوە ، ئینجا مام تاوێر گووتی چیم گووت . سیاوەش گووتی وەڵا ڕاستە ، فیڵێکی چاکیشە بۆئەوەی هەموو شەوان پێی ڕابگەینین سەلامەتین . مام تاوێر گووتی بەڵێ . ئینجا هاتەوە سەر باسی ئەشکەوتەکان و درێژەی بە قسەکانی داو گووتی بەهەرحاڵ بە ڕاستی ئەمڕۆ ئەو ئەشکەوتە سەرنجی ڕاکێشام، بەڵام سیاوەش باشتێکت پێ بڵێم ، ئەو ئێسکە پەیکەرە و ئەو مۆریانە ، جیاوازن ، لەگەڵ ئەو سێ تابووتەی بۆی هاتووین . ئەو ئێسکە پەیکەر و ئەو مۆریانە پێدەچێ هی چاخی بەردین بێ ، بەڵام ئەو تابووتانە کە باسی دەکەن هی سەردەمی شارستانیەتە . واتا ئەشکەوتی کونە کۆتر لەگەڵ ئەو ئەشکەوتەی کەوتۆتە خوار ئەشکەوتی سێ دەری ، کە بە بەرد دەرگەیان گرتوە و دایانپۆشیوە ، هی دوو قۆناغی لێک دوورن . ئەوەش بۆمان دەردەخا بەدرێژایی مێژوو ئەو ناوچەیە ژیانی لێ بووە . سیاوەشیش گووتی بەڵێ چونکە ئەو مرۆڤانەی لەناو ئەشکەوتی کونە کۆتر ژیاون بەردیان بەکارهێناوە بۆ خەناوکە ، بەڵام ئەوانەی لەناو ئەم

ئەشکەوتە ژیاون کە تابووتەکانی لێیە ، زێڕیان بەکارهێناوە . مام تاوێر گووتی نا مەرج نیە لەو قۆناغەی زێڕیان بەکارهێناوە لە ناو ئەشکەوت ژیابن ، بەڵام خەڵکی ئێرە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام چونکە زەردەشتی بوون ، مردوویان بەشاخ دەسپارد، ئەو تابووتانەش ڕەنگە بۆ ئەم قۆناغە و بیر و باوەڕە بگەڕێتەوە ، سیاوەش گووتی بۆوایان دەکرد ؟ مام تاوێر گووتی چونکە زەردەشتیەکان خاکیان خۆشدەویست لەبەر کشتوکاڵ و سەوزایی ، نەیاندەویست پاشماوەی مردوو تێکەڵ بە خاک و ئاو بێت ، لەشوێنی بەرز دایان دەنان . سیاوەش کەمێک بێ دەنگ بوو پاشان بە مام تاوێری گووت باشە با واز لەو بابەتە بێنین ، تۆ هەستت چۆن بوو ئەو کاتەی لەناو کونە ئەشکەوتەکە هاتیتە دەرەوە و ڕووناکت بینیەوە ؟ مام تاوێر گووتی لەوکاتە چیرۆکێکی داپیرەم بە بیرهاتەوە کە هەموو جارێ دەیگێڕایەوە بەناوی سیمیاری ڕۆژهەڵات ، ئەگەر حەزبکەی بۆتی دەگێڕمەوە ، سیاوەش گووتی بە خۆشحاڵیەوە . مام تاوێر گووتی داپیرەم هەموو جارێ دەیگووت " سۆفیەک هەبوو بەناوی سیمیار ، ئەو سۆفیە لە هەورامانەوە دەچێتە بەغدا ، بۆئەوەی بەدوای حەقدا بگەڕێت، ئەوکاتە بەغدا لەژێر خەلافەتی ئیسلامی دادەبێت . دوای ئەوەی دەچێتە خانەقا و لەگەڵ موورییدەکان تێکەڵ دەبێ، سەرنجی شێخ بۆ خۆی ڕادەکێشێ ، بەو هەموو حەزەی هەیبووە بۆ فێربوون . تاڕۆژێک بە سوعبەت شێخ پێی دەڵێت تۆ ئەوەندە بە دوای واتادا بگەڕێی سەری خۆتی لە

پێناو دادەنێی و لە کۆتاییەکەی بەخۆت دەبیە واتا . ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ ئەگەر نەبمە واتاش پێی دڵگران نابم ، چونکە واتاش بێ ئەو کەسانەی قەدری واتا دەزانن شتێک نیە . ئەو قسەیە شێخ سەرسام دەکات ، ئەو گەلێ قسە هەبوو دەیکرد ، شێخ گوێی لێ نەببوو . هەندێک لە موورییدەکانیش ئەو قسانەیان پێ کفردەبێ . بۆیە خەبەردەدەنە خەلیفە و پێی دەڵێن پیاوێکی ڕێبوار هاتۆتە بەغدا و هەندێک شت هەیە دەیڵێ لەگەڵ بیر و بڕوای ئیسلام ناگونجێ . خەلیفەش پێیان دەڵێ بۆ نموونە چی گووتووە ؟ ئەوانیش ئەم ووەڵامەی ئەو دابوویەوە شێخ وا تەفسیری بۆ دەکەن و دەڵێن ئەو گووتوویەتی خودا بێ دروستکراوەکانی شتێک نیە . خەلیفەش کەسێک بەدوای شێخدا ڕەوان دەکات . کە شێخ دەچێتە لای خەلیفە ، خەلیفە پێی دەڵێت ئەوەی دەیڵێن ڕاستە؟ شێخیش دەڵێ نا ، ئەو موورییدێکی زیرەکە ، موورییدەکانی تر کەیفیان پێی نایێ بۆیێ وایان گووتووە ، بەهەزارحاڵ شێخ بڕوا بە خەلیفە دێنێ، کە سیمیار مەبەستی ئەوە نەبووە . ئینجا کە شێخ دەگەڕێتەوە خانەقا بە تەنیا بانگی سیمیار دەکات و پێی دەڵێت هەندێک قسە هەیە ڕەنگە لە وولاتەکەی ئێوە ئاسایی بێ ، بەڵام لێرە مەیانکە ، چونکە دەبێتە بەڵا بۆت. دوای ماوەیەک سیمیار بە شێخ دەڵێت من دەمەوێ خەڵوەت بکێشم ، لەناو بیرێکی تاریک بۆ ماوەی چل ڕۆژ ، بێ ئەوەی هیچ بخۆم و هیچیش بخۆمەوە ، بۆئەوەی بەو خودایەی ئێوە باسی دەکەن ئاشنابم .

شێخ لێی قبووڵ دەکات . سیمیاریش ڕۆژی هەینی دەچێتە ناو بیرێک لە دەرەوەی شار ، دەرگاش لەسەرخۆی دادەخات ، ڕۆژ دێت و دەچێت ، ئەو هەر لەناو ئەو بیرە قاڵدەبێتەوە بێ ئەوەی هیچ بخوات و هیچ بخواتەوە ، تاوای لێ دێت هەست بەفڕین و چۆنە ئاسمان دەکات ، هەست دەکات هەموو ئەستێرەکان بە دەووری ئەو بیرەدا دەسووڕێنەوە کە ئەو خەڵوەتی تێدا دەکێشێ پاشان بە هەموویان گەردەلوولێک دروست دەکەن و دێنە ناوەوە ، هەست دەکات بە خێراییەکی زۆرەوە بە خۆشی ڕوو دەچێتە ناو تاریکی ، شوێنی ئەستێرەکان . لە کاتێکدا ئەو لەناو ئەو هەستانە نقووم ببوو ، موورییەکانی خانەقا لە دەرەوە دوو دوو و سێ سێ خەریکی یاری و زۆرانبازی بوون ، پێکەنینیان دەگەیشتە لای شێخ ، شێخیش فکری هەر لەلای سیمیار بوو، لە بیرەخۆی دەیگووت دەبێ بەم شەوە لەناو ئەو بیرە تاریکە بیر لە چی بکاتەوە ؟ دەبێ بەچی گەیشتبێ ؟ لەکاتێکدا جەنابی خەلیفە خەریکی خواردن و خواردنەوەیە ، لەناو کۆشکێکی پڕ لە ژن و جێ و بانی ئاوریشم ، ئاخەر پلە و پایەی خواپەرستی ئەم دووانە ، مەبەستی سیمیار و خەلیفە بوو ، چۆن لەلای خوا دەبنە یەک؟ کە ئەمیان نان و خواردنی لە خۆی حەرام کردووە و ژیانی بەجێهێشتووە چۆتە ناو بیرێکی تاریک بۆئەوەی بە قوڵی بیر لەخوا بکاتەوە ، ئەویشیان گوایە بە خوا گەیشتووە و بۆتە خەلیفە ، هەرخەریکی خواردن و خواردنەوە و ڕابواردنە لەناو سێ سەد چوارسەد کەنیزە .

سیمیاریش بێ ئاگا لە دەرەوە، فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتبووە خوارێ و لەبەرەخۆی دەیگووت ئەی ئەو شتەی لە ئێمە وونی ، وەرە ڕازی خۆت لەلامان بدرکێنە ، هەموومان تامەزرۆی بینینی تۆمان هەیە ، وەرە هاوڕێبین ، عەبدایەتی بۆ ئێمە و سەرداری بۆ تۆ نەنگیە ، وەرە لەناو ئەو گەردوونە گەورە بۆ لەم شوێنە بچووکە داتناوین ؟ کە لەو بەرزیەوە هەر لە دنکە لمێک دەچێ ، لەناو بیابانێک . من ئەم ڕێگا دوورەم بڕیوە ، شاخەکانی هەورامانم بەجێهێشتووە هاتووم لەو ناوچەیە کە هەموو دەوروبەری بیابانە ، نیشتەجێ بووم ، بەس بۆئەوەی بە لوتفی تۆ بگەم . چل ڕۆژ بەم شێوەیە عیبادەت دەکات ، بیردەکاتەوە و دەدوێ، بێ ئەوەی دەم لە هیچ خواردن و خواردنەوەیەک بدات. شێخیش زۆر تامەزرۆی ئەوە دەبێت بزانێ بەچی گەیشتووە ، چونکە تا ئەو کاتە نە بە خۆی و نە هیچ کەسێکی تر بەمجۆرە خەڵوەتەیان نەکێشابوو. کاتێک دەچێ سەری بیرەکە لادەدا دەبینێ سیمیار لەبنەوە دانیشتووە ، ناتوانێ چاوی لەبەر ڕۆناکی بکاتەوە ، دەشلەرزێ لەسەرمان ، پاشان کە دەری دێنێ و سیمیار دەباتەوە خانەقاکە ، هەموو دەوری لێ دەدەن ، کە چاوی ڕوون دەبێتەوە ، شێخ دەیباتە ژوورەکەی خۆی و بە نهێنی لێی دەپرسێ ، بەچی گەیشتی ؟ سیمیاریش لەگەڵ ئەم پرسیارە دەست بە گریان دەکات و دەڵێ لەناو بیرەکە بە هیچ ، بەڵام کە هاتمە دەرەوە و ڕوونـاکی و گەرمیم بینیەوە بە شتێک ، نازانم چۆن بۆ خەڵکی باس بکەم ، لە کاتێکدا وەکو

مـن پەیـان بە تـاریکی نەبردبـێ و لەنـاو تاریکیشـدا بـژین . لەکاتێکدا لە شوێنێکی تر لە نور و ڕەحمان و ڕەحیم و ڕازقدا بگەڕێن ، کەچی هەموو ڕۆژێ بە ڕوویاندا هەڵبێ و نەیبینن . شـێخەکە پێـی دەڵـێ مەبەسـتت چـیە ؟ کە هەمـوو ڕۆژێ بە ڕوویاندا هەڵبێ و نەیبینن ؟ سیمیار دەڵێ مەبەستم ڕۆژە ، لە ڕۆژ پیرۆزتـر نـیە ، ئەوەش ئەو کـاتە هەسـتم پـێ کـرد کە لە بیرەکە هاتمە دەرەوە ، تا ئەو خەڵکەش خەڵوەت نەکێشن بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەناو بیرێکی تاریک ، نە لەو تاریکیە دەردێن کە تێی کەوتوون ، نە هەست بە پیرۆزی ڕۆژیش دەکەن ، کە پنجە گیـایەک چـیە بـێ تیشـکی ئەو شـین نـابێ . شـێخەکە کە گوێی لە سیمیار دەبێ ، توند دەمـی دەگـرێ و پێـی دەڵـێ لای کەس ئەمە مەدرکێـنە ، چـونکە بە پەیـداکردنی شـەریک تاوانبـارت دەکەن . سـیمیار و شـێخەکە نـازانن دوو موورید لەناو مووریدەکان لە پشت دەرگا گوێیان گرتووە ، کە گوێیان لەم نهێنیە دەبـێ ، بە پەلە خۆیـان دەگەینـنە دار و دەسـتەی خەلیفە و هەواڵەکە بە خەلیفە ڕادەگەیـنن، بـۆئەوەی خەلیفە یەکە و دیاریەکیان پێبـدات . خەلیفەش بە زووتـرین کـات بە دوای سیمیاردا ڕەوان دەکات و دەیخاتە بەندیخانە ، شەویش خەلیفە بەخۆی دەچێتە سەردانی و دەیەوێ ڕووبەڕوو ببینێ و لەگەڵی بدوێ . کاتێک خەلیفە دەچێتە بەر شیشی زیندانەکە و سیمیار دەبینێ دەڵێ ، ئەی پیاو چیە دەتەوێ بۆ ئاینی باب و باپیرانت بگەڕێیتەوە ؟ سیمیار بێ ئەوەی گـوێ بداتە ئەو قسەیە ، سـەیری پەنـجەرەی زیندانەکە دەکـات و ڕادەمێنـێ ،

دواتـر ڕوو لە خەلـیفە دەکـات و دەڵـێ کە بەیـانی داهـات دەرگاکانیش داخەن ، ڕۆژ لەپەنجەرەکانەوە دێتە ژوورەوە . خەلـیفەش ووەڵامـی دەداتەوە و دەڵـێ جـا پەنجەرەکـانیش دادەخەیـن . سـیمیاریش دەڵـێ دایـخەن ، ئێـوە چەنـد تـاریکی لەگەڵ خۆتـان بێـنن ڕۆژ دوو ئەوەنـدە بە واتـاتر دەبـێ . خەلیفەش دەڵێ مەبەستت چیە ؟

سیمیار دەڵێ مەبەستم شتێک نیە ئێوەی پێ ئازار بدەم ، بەڵام جیاوازی شەمشەمەکوێرە لەگەڵ باڵندەکانی تر ئەوەیە بە هیچ تیشکێک چاوی هەڵنایەت ، بۆیە هەمووکات وا دەزانێ دونیا هەر ئەوەنـدە باڵنـدەیەی لێـیە کە لە شـەودا دەفـڕن و هەر ئەوەندە فراوانە کە باڵەکانی ئەو هێزی فڕینی تێدا هەیە .

ئینجا خەلیفە بە تووڕەییەوە ئەم شەوە بەجێدێڵێ و بۆ چەند ڕۆژێک دواتر لە ناوەندی بەغدا لە پێش ئەو مـزگەوتەی بە خۆی نوێژی تێدا دەکرد بە ئامـادەبوونی پیـاوانی ئاینی و بە ئامادەبوونی خەڵک بڕیـار دەدات دادگـایی بکرێت ، بە تـاوانی ئەوەی شەریکی بۆ خوا پەیداکردووە و دەیەوێ بۆ ئاینی کۆن بگەڕێتەوە . ڕۆژی دادگـاییەکە دادوەر لە سـیمیار دەپرسـێت ئایـا تـۆ گووتـوتە ڕۆژ پیـرۆزە ؟ سـیمیاریش دەڵـێ بەڵـێ گووتـوومە و پەشـیمانیش نـیم ، ئەگەر ئیـزنم بـدەن لەبـارەی پیرۆزی ڕۆژیشەوە پرسـیارێک لە پیـاوانی ئاینی و دادوەر و جەنابی خەلیفە دەکەم ، لەبارەی ئەوەی ڕۆژ گرینگترە پیڕۆز بکرێ ، یـان خـوا ؟ لەگەڵ ئەم قسـەیە پیـاوانی ئـاینی خەریک بـوون تـاوی بـدەنێ و هەر لەوێ بـێ دادگـایی کـردن پەلپەلـی

بکەن ، بەڵام دادوەر لەبەر ئامادەبوونی خەڵک ڕێ بەمە نادا ، دەڵێ چۆن ؟ ئینجا سیمیار دەڵێ مرۆڤایەتی چەند سەدە بێ خـوا ژیـا ؟ دادوەر لەبەر چـاوی ئامـادەبوان دەڵـێ زۆر . سیمیاریش دەڵێ کەواتە دەتوانێ ئەوەندەی تریش بێ خوا بژی، بەڵام من لە ئێوەی دەپرسم چەند دەتوانێ بێ ڕۆژ بژی، یان چەند بێ ڕۆژ ژیاوە ؟ لەگەڵ ئەم قسەیە هەموو بێ دەنگ دەبن ، نازانن چی بڵێن . ئینجا دێتەوە جواب و دەڵێ ئەوە بزانن ڕۆژ بتێک نیە وەکو هوبەل و لات و عوزا ، بتوانین پشتی تێبکەین و وازی لێ بێنین . ڕۆژ نەبێ نە باران دەبارێ و نە هەوریش بـۆ ئاسـمان بەرز دەبێتەوە ، ڕۆژ نەبـێ نە ڕووبارەکان بەمشێوەیە ڕێ دەکەن و دارەکان چـرۆ دەکەن، نە دەشتاییەکان سەوزایی بە خۆیانەوە دەبینن و وەرزەکان دەگۆڕێن . ژیان بێ ڕۆژ دەبێتە یەک ڕەنگ ، وەکو کیشوەرە بەستووەکان . دونیا بێ ڕۆژ لەناو بیرێک زیاتر نیە ، تا نەچیە ئەم خەڵوەتەشەوە لەناو جێی ئاوریشم و بەسەردانان لەسەر ڕانی کەنیزەکان ، ناتوانی لەمە بگەی . سیمیار ئەم قسـەیەی دوایـی لەگەڵ خەلـیفە بـوو بـۆیە خەلـیفە لەبـنەوە سـەیری دەوروبەری خۆی دەکات بۆئەوەی بزانێ سەیری دەکەن یان نا . ئینجا درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ ئێمە بە ڕووناکی پەروەردەکـراوین، نـاتوانین لەنـاو تاریکیـدا بـژین . تـاریکی هەمیشـە پەنـای ڕیابـازان و خراپەکـاران بـووە ، پەنـای ئەو کەسـانە بـووە نایـانەوێ ڕووی ڕاستەقینەیان ببینـدرێ . مـن هەستەدەکەم ئەو کۆشک و تەلارانەی لێرە بەرزکـراوەتەوە ،

لەگەڵ ئەو جل و بەرگانەی گەورە پیاوان و خواپەرستان دەیپۆشن ، هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ تاقی کیسرا و جل و بەرگی دەسەڵاتدارانی ساسانی .

شێخەکەی سیمیار لە دوورەوە ڕاوەستا بوو لەگەڵ موریدەکان گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو ، بەسەرێک کەیفی پێ دەهات، بەسەرێکیش دەترسا ، دەیزانی کۆتاییەکەی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە باش نابێ . دەیزانی ئەم قسانە هەرچەند ڕاستیش بن پشتکردنە لەو خودا نادیارەی ئیسلام ، کە لە ئیبراهیمەوە پێیان گەیشتبوو ، دەمێک بوو ئەوان وواڵتانیان پێ فەتح دەکرد و باجیان پێ لە خەڵک دەستاند .

دوای تەواو بوونی قسەکانی سیمیار دادوەر ڕوو لە پیاوانی ئاینی دەکات و وەک ئەوەی بیەوێ خۆی بێ لایان دەربخات دەڵێ بەڕێزان ئەی ئەوانەی ئەهلی فتوان و لە خەلیفەوە ڕێتان پێدراوە ، ئەم قسانەی سیمیار دەیکات لادانە لە ئاینی ئیسلام و شەریک پەیدا کردنە ، یان نا ؟

هەموو وەڵام دەدەنەوە بەڵێ هەمووشیان پێداگر دەبن لەسەر ئەوەی دەبێ بەپێی ئایین سزا بدرێ . ئینجا دادوەر بە ساغی بڕیاری کەوڵ کردن و هەڵواسینی بە دیواری شارەوە بۆ دەردەکات . لەبەر چاوی ئامادەبوانیش بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن ، چەند جەللادێک دێن بە چەقۆی تیژ ڕووتی دەکەنەوە و پێستەکەی لەبەر دادەماڵن . ئەوەی سەرنجی ئامادەبوان و هەتا خەلیفەش بۆ خۆی ڕادەکێشێ ، لەوکاتە ئەوەبوو کە چەقۆیان بە بەینی ئێسکەکانی و پێستەکەیدا دێنا ، سەیری ناو

ڕۆژی دەکـرد و گـۆرانی دەگـووت لە گـۆرانیەکەدا باسـی دەرکەوتنی ڕۆژی دەکرد کە لە شاخە بەرزەکانەوە هەڵدێ ، باسی ئەو تیشکانەی دەکرد کە لە کەلەنی هەورە سپیەکانەوە بەدیاردەکەون ، باسـی ئەو کـاتەی دەکـرد کە ئـاوا دەبـێ و داوای لێدەکرد بەیانی زوو بگەڕێتەوە چاوەڕێی دەکات .

شـێخەکە خـۆی پـێ نـاگیرێ و لەگەڵ گـۆرانیەکە فرمێسـک بەسـەر ڕوومەتەکانیدا دێتە خوارێ ، زوو زووش دەیسڕیەوە لە ترسان نەوەک کەس ببینێ .

لەو کاتە خەلیفە لە شـوێنەکەی خـۆی هەڵدەسـتێتەوە و دەڵـێ لەبەر بوێریەکەی بەر لەوەی هەڵیواسن چ داوایەکی هەیە بۆی جێ بەجێ بکەن ، کە پێی دەڵێن چ داوایەکت هەیە ؟ سـیمیار دەڵـێ لە کـاتی هەڵواسـین بـا ڕووم لە ڕۆژهەڵات بـێ هەر ئەوەندە ، ئینجا لاشـەکەی بە بـێ پێسـت بە دیـواری شـارەوە هەڵدەواسـن ڕوو لە ڕۆژهەڵات ، بەبەرچـاوی خەڵکەوە ، بـۆ ئەوەی هەرکەس هاتە ناو شار ببینێ . لەوحەیەکیش بە دوو مـێخەک لەسـەر سـەری دەدن و بە هەڵـگەڕاوە لە ئـایین و شەریک پەیداکردن بۆ خوا تاوانباری دەکەن .

شێخەکەش دوای ئەم ڕووداوە لە ڕقان بەغدا بەجێدێڵێت و لە ئایین وەردەگەڕێ ، بە خۆی و بە چەند موورییدێکەوە لەبەر خۆشەویستی سیمیار دەبێتە ڕۆژپەرست . دێ لە یەکێک لە شاخەکانی کوردستان نشـتەجێ دەبـێ ، چیڕۆکی سـیمیاریش بۆ کوردەکان دەگێڕێتەوە . هەندێک دەڵێن ئەو شـێخە نـاوی شێخ هادی بووە .

چواردە

دوای ئەم چیرۆکەی مام تاوێر بۆ سیاوەشی گێڕاوە هەردووکیان لەسەر جێگاکانیان ڕاکشان ، ڕوویان لە ئەستێرەکان کرد ، جار جار لە ناو باوەشی شەو هەندێک لە ئەستێرەکان دەڕژان ، کە هەر لە تیرێکی ئاگراوی دەچوون ، وەک ئەوەی خوا لە دوورەوە بە کەوانەکەی دەستی بۆ ئامانجێک بیانهاوێژێ . تێیاندا هەبوو دوورتر دەڕۆیی و زیاتر ڕۆناکیەکەی دەمایەوە، تێشیاندا هەبوو عومری کورت بوو ، کورتتر لەو منداڵانەی بەرلەوەی چاویان بە دونیادا هەڵبێنن مااڵئاوایی دەکەن و لەبار دەچن . جارجار لە ناو تاشەبەرد و سەر لق و پۆپی ئەو دارانەی لەو قەد چیایە شین ببوون دەنگی کوندەبەبۆ دەهات ، جار جاریش خشپەی قومقمۆک و

مشک لەسەر پووش و پەراشی زەویەکە . مام تاوێر و سیاوەش دەمێک بوو خەو بردبوویانیەوە ، هێدی هێدی مانگیش هەڵات ، دوای مانگ ئەستێرەی کاروانکوژە و پاشان ئەستێرەی بەربەیانیان و ئینجا ڕۆژ ، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان لەوادەی خۆی تاخیرتر بێ ، دونیا هەر لە چەرخ و فەلەکێکی پێکراو دەچوو بێ ئەوەی بزانێ ڕاوەستان چیە . گیانلەبەرەکانیش پابەندی ئەو سووڕانەوەیە بوون ، جا لە مێروولەیەک بگرە تا گەورەترین بوونەوەر . مام تاوێر و سیاوەش لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن لە شوێنەکانی خۆیان هەڵستانەوە و دوای نان و چا خواردن ، دەستیان دا قازمە و خاکەناس بەرەو خوار ئەشکەوتی سێ دەری چوون، بەرلەوەی دەست بە هەڵکۆڵین بکەن زۆر بەو دەوروبەرەدا گەڕان هیچ دەرگایەکی نهێنیان نەدۆزیەوە کە مام تاوێر بیری لێ کرد بۆوە ، ناچار بەپێی گێڕانەوەکان دەستیان بە هەڵکۆڵینی شوێنێک کرد ، بێ ئەوەی بزانن دەگەنە کوێ ، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە کاریان کرد ، خۆڵێکی زۆریان هەڵدایەوە چاڵێکیان لێدا دوو بەژن قوڵ ، بە هیچ نەگەیشتن . بۆ بەیانی دووبارە دەستیان بە هەڵکۆڵینی شوێنێکی تر کرد ، لەکۆتاییەکەی لەوێش بە هیچ نەگەیشتن . چەند ڕۆژ لەسەر یەک بەمشێوەیە بەردەوام بوون ، تا دەهاتیش بێ ئەملەتر دەبوون . تا عەسرێکیان سیاوەش لە کاتی خۆڵ دەردانەوە ، توشی بەردێک بوو ، کە لەگەڵ مام تاوێر زیاتر شوێنەکە و دەوروبەریان هەڵکۆڵی بۆیان دەرکەوت شێوەکەی خڕە ،

بەڵام هی ئەوە نەبوو نەوەک بە سێسەد پیاو ، بەڵکو بە هەزار پیاوی ئێستاش لە جێی خۆی بجوڵێتەوە ، لە چەند شوێنێکیش قولابی ئاسنی لێ قایم کرابوو ، قولابەکان لەبەر کۆنی ڕزی ببوون . ئەم ڕۆژەش شەویان بەسەر داهات ، ناچار ئیشەکەیان بە نیوە پچڕی بەجێهێشت ، خواردنیشیان لێ بڕابوو ، بەم شەوە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە لای شوانەکە ، بۆ ئەوەی خواردن بێنن . کەل و پەلەکانیان خڕکردەوە و لەسەر شاخە تەختەکەی شەوان لێی دەخەوتن بەجێیانهێشت ، تفەنگ و لایتەکانیان لەگەڵ خۆیان برد و بەڕێ کەوتن .

تا گەیشتنە خوارەوە دوو ئەوەندەی بە سەرکەوتن ، هیلاکیان بینی بەدەست سەختی ڕێگاکە و تاریکی شەو ، دەست و پلیان هەموو دامارابوو ، سیاوەش بنی تاکێک لە پێڵاوەکانی لە ڕێگا لێ ببۆوە ، لەبەر قونجرکە و درک نەیتوانی چیتر بڕوا ، ناچار مام تاوێر گۆریەکەی لەپێ کردەوە و لەبنی پێڵاوەکەی و پێڵاوەکەی هەڵکێشا . شەو درەنگ گەیشتنە نزیک ماڵی شوانەکە لە دووڕا تفەنگێکیان بە ئاسمان وەنا بۆئەوەی ئاگاداری بکەنەوە خۆیانن ، شوانەکە کە گوێی لە تەقەکە بوو بەرەو پیلیان چوو ، دووبارە بەیەکتری شادبوونەوە و لاڕوومەتی یەکیان ماچ کرد ، پاشان شوانەکە پێشوازی لێ کردن بەرەو سەکۆکە ، کە دانیشتن لەو کوپەیەی لە حەوشە داینابوو لە ژێر دارەکە یەکە و جامێک ئاوی ساردی پێدان ، کە ئاوەکەیان خواردەوە و تۆزێک ئیسراحەتیان کرد ، لێی پرسین خۆ هیچ نەبووە بەم شەوە خۆتان لەم ڕێگا سەختە

داوە ؟ مام تاوێر گووتی نا ، تەنیا خواردنمان لێ بڕاوە ، هاتووین هەندێک خواردن ببەین و بەیانی زوو بگەڕێینەوە ، ئەوەی ڕاستیش بێ نەمانویست کات بە فیڕۆ بدەین . بەو بەردە گەیشتووین کە باسیان دەکرد بە دەرکی ئەشکەوتەکە وەندراوە ، بەڵام دوای چی تا بە چاوی خۆت نەبینی چۆن دەووروبەری ئەو شاخەمان هەڵگۆڵیوە کە ئەشکەوتەکەی لێیە بڕوا ناکەی بەوەی ئێمە بۆتی دەگێڕینەوە . مام تاوێر و شوانەکە خەریکی ئەم قسانە بوون ، سیاوەش لە بن پێی دڕکی دەردێنا ، کە بە هۆی هەرقەنانی بنی پێڵاوەکەیەوە لەپێی ڕاچووبوو ، مام تاوێر بە شوانەکەی گووت بەردەکە زۆر لەوە گەورەترە کە پێشبینیمان دەکرد . شوانەکەش گووتی ئەدی بەتەمای چین ؟ مام تاوێر گووتی نازانم تەنیا شکاندن بە مێشکم دادێ ، بەڵام خۆت دەزانی شکاندنی بەردیش کەرستەی خۆی دەوێ . شوانەکە گووتی من بیرۆکەیەکم هەیە ، ئەگەر پێتان باش بێ ، ڕەنگە بتوانن بچنە ناو ئەشکەوتەکەوە ، بێ شکاندنی بەردەکە، مام تاوێر لە خۆشیان زیاتر لێی هاتە پێش و گووتی چۆن ؟ شوانەکە گووتی بنی بەردەکە هەڵگۆڵن تا ئەم دیو بە دیار دەکەوێ ، دواتر بەو کونەی لەبن بەردەکە کردووتانەوە بڕۆنە ژووڕێ ، مام تاوێر لە خۆشیان لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە گووتی ئافەرین ، بیرۆکەیەکی نایابە . من بیرم لەوە نەکردبۆوە . شوانەکە گووتی ئەوە ئەفعالی گورگەکانە ، بڕوابکە هەزاران جار هاتوونە بنی ئەو سیمەیان هەڵگۆڵیوە کە بۆ ئەو

مەڕومـاڵاتە دامکوتـاوە چەنـد سـەر مەڕ و بزنێکیـان لـێم کووشـتووە و پاشـان ڕۆیشـتوون . تـا بەم دواییـانە ناچـار عەردەکەم بە بـازنەیی بەقەدەر گۆڕێـک قـوڵکرد ، دیـوارێکم لەناو بە بەرد دروست کرد ، پاشان لای بنەوەی سیمەکەم بە سنگ و تێل لە دیوارەکە بەستاوە ، ئینجـا بە خـۆڵەکە دام پۆشت . ئێستا هەرکەسێک دەیبینێ وا دەزانێ ئەو سیمە هەر لەسەر عەردەکە کوتراوە ، نازانێ دیوارێک لە بنەوە هەیە .

****

بۆ بەیانیەکەی مام تاوێر و سیاوەش خواردنیان لەگەڵ خۆیان برد و گەڕانەوە چیا ، وەک ئەوەی شوانەکە ڕێی بۆ دانابوون، بنی بەردەکەیان هەڵکۆڵی بەقەد دەرکی کۆریتێک، ئینجـا مـام تـاوێر پێیـدا چـووە ژوورەوە ، کە لەو دیـو لایـتەکەی پێکـرد بینـی ئەشـکەوتێکی گەورەیە ، لەکـن ئەو بەردەی بەدەرگـاکە وەندرابوو قادرمەیەک دەستی پێ دەکرد تا دەچووە خوارەوە، قادرمەیەکی پایە بچووک ، پاشان بـانگی سیاوەشـی کـرد ، تـا ئەویـش بچێـتە ژوورەوە ، کە سیاوەشـیش چـووە ژوورێ ، بەیەکەوە سـەبر سـەبر بە قـادرمەکەدا چـوونە خـوارەوە ، ترسـیان لەو بیـرە تەلیسـماویە هەبـوو کە لە گێڕانەوەکانـدا باسیان دەکرد ، لەسەر یەکێک لە پایەکـان کراسـێکی ماریـان بینی ، لە قەبارەکەیدا پێدەچوو هی مارێکی ئەستوور بێ ، کە کراسەکەیان تێپەڕاند و زیاتر بەرەو خوارەوە چوون گوێیـان

لە دەنگە دەنگێک بوو ، وەک ئەوەی چەند کەسێک بەیەکەوە قسەبکەن ، سیاوەش ڕەنگی لەبەر نەمابوو ، ئەگەر لەبەر مام تاوێر نەبا لەمێژ بوو دەگەڕایەوە و وازی لەو سەرکێشیە دەهێنا . هەرچەندیش ئەوان زیاتر لە ناوەوەی ئەشکەوتەکە نزیک دەبوونەوە دەنگەکان زیاتر دەهاتن ، لەو کاتە سیاوەش بە مام تاوێری گووت گوێت لێیە ؟ مام تاوێر وەڵامی دایەوە بەڵێ ، سیاوەش گووتی چی بکەین ؟ مام تاوێر گووتی هیچ بەردەوام دەبین، ئەوان لەگەڵ ئەم قسانە خافڵابوون و بیریان لە دەنگەکان دەکردەوە ، لەپڕ لە دواهەمین پایە لەناو جەرگەی تاریکی بیرەکە کەوتە پێشیان ، لەبەر سیاوەش نەبا کە هەر لە سەرەتاوە لە ترسی کراسە مارەکە هەر سەیری بەرپێی خۆی دەکرد ، نەوەک پێ لە مارێک بنێ مام تاوێر دەکەوتە ناوی ، بەڵام باش بوو لەوکاتە تونڈ لە تەنیشتڕا قۆڵی مام تاوێری گرت ، گووتی بیرە ئاگاداربە . مام تاوێر قەت بەمشێوەیە نەکەوتبووە مەترسی ، کە ڕاوەستا و لایتێکی لە ناو بیرەکەدا بینی تابڵێی قوڵە ، هیچ پایەکیش نیە لە قەد دیوارەکانی ، لەبنەوەش زۆر بەرین کرابۆوە ، بۆ ئەوەی هەر کەسێک بکەوێتە ناوی نەتوانێ دەربێ، لەلایەکی بیرەکە ڕێڕەوێکی باریک هەبوو دەبوا بە زەحمەت بەسەری دابڕۆن ، دەنا نەیاندەتوانی بگەنە تابووتەکان ، مام تاوێر بەناچاری بە پێش کەوت ، پێی لە سەر لێواری بیرەکە و ڕێڕەوەکە دانا ، هێدی هێدیش هەنگاوی نا ، تا بیرەکەی تێپەڕاند ، سیاوەشیش بەدوای داچوو ، لەو دیوی بیرەکەوە تابووتێکی بچووک لە

ناوەڕاستەوە بەدەرکەوت ، لەم لاو لەولاش دوو تابووتە گەورەکە . مام تاوێر خۆی پێ نەگیرا لەبەریان نوشتایەوە و سڵاوی لێ کردن ، چیرۆکی ژنەکەی بەبیرهاتەوە کە پێشتر خەڵکی ئەم ناوچەیەی فێری برنج چاندن کردووە ، ئەوەندەشی گووت خاتوون ئێستاش خەڵکی ئێرە هەر برنج دەچێنن . سیاوەش ئەو هەستانەی نەبوو ، هەر سەیری دەمی مام تاوێری دەکرد ، مام تاوێریش درێژەی بەقسەکانی داو بە پیاوە پاڵەوانەکەشی گووت حەیف زرێپۆشەکەت لەو شوێنە تاریکەیە و دووڕە لە مەیدانی جەنگ ، حەیف ئەو دەست و بازوانەت بێهێز لە ئاوی مۆمیا دانراوە و ناتوانی بیانجووڵێنیەوە . بەڵام چی بکەین دونیا وایە ئەی پاڵەوان ، مەیدانی جەنگ هەر ڕۆژەی لە بەرژەوەندی یەکێکە و هەر ڕۆژەی کەسێک تاجی ئازایەتی لەسەر دەنێ ، هەرچەندە جەنگیش لە ئێستادا ئەو بەهایەی لە دەست داوە کە هەیبوو ، نامەردی و ناجوامێری باڵی بەسەر داگرتووەو بەڕێوەی دەبا، بەناو پاڵەوانەکانی ئێستا هەموو لە پشترا خەنجەرڕادەوەشێنن و لە تاریکیدا هێرش دەکەن . شارستانیەتیش وەکو باڵندەیەکی بێ هێلانە هەر سەردەمەی لەکیشوەرێک دەنیشێتەوە ، ئەگەرچی هەر لێرە لە هێلکە دەرهات و توکی لێهات ، ئەگەرچی هەر لێرە پەڕەکانی درێژ بوون و بەباڵ کەوت . ئینجا ڕووی لە تابووتی منداڵەکە کرد و گووتی بچکۆڵ تۆ بەختەوەرترین منداڵی کە تا ئێستاکەش دوای ئەو هەموو ساڵە هەر لە بەینی دایک و باوکت دەخەوی، کە یەکێکیان بە

شمشێرەکەی و ئەوەی تریشیان بە زیرەکی و میهرەبانیەکەی ئاگایان لێتە .

ئینجا مام تاوێر و سیاوەش یەکەمجار سەری یەکێک لە تابووتە گەورەکەیان لادا ، کە بە پارچە بەردێکی چاکراوی تەخت داپۆشرا بوو ، بینیان ناو تابووتەکە پڕی ئاوە ، ئاوەکە ڕەنگی دەچۆوە سەر ڕەنگی شەڕاب ، یەکەمجار هیچ دیار نەبوو ، دواتر کە مام تاوێر دەستی خستە ناو ئاوەکە و لە بنەوە گێڕای ، دەستی بە شتێکی نەرم کەوت ، دوای ئەوەی کەمێک هەستی ڕاگرت ، بەهۆی دەست لێدانەوە زانی تەرمە ، ئینجا شوێنێکی گرت و بڵندی کرد ، لەگەڵ سیاوەش بینیان تەرمی ژنەکەیە ، دەتگووت خەوتووە ، چاوەکانی داخرابوون ، برژانگەکانی ڕاست ڕاوەستابوون لە ڕێزی یەک هەر وەکو خۆی ، لە لای سەرەوە قەوس ببوونەوە ، ڕەنگی تۆزێک گۆڕابوو ، پرچی دەتگووت تازە داهاتووە درێژ بوو ، کە زیاتر لە ئاوەکە هێنایانە دەرەوە بینیان ڕووتە ، مام تاوێر چەند وێنەیەکی گرت و پاشان دایاننایەوە شوێنی خۆی ، هەر لەناو تابووتەکە لەتەنیشتی گۆزەیەکی دەرک گەورە داندرا بوو ، کە مام تاوێر و سیاوەش سەیریان کرد ، بینیان پڕە لە خەناوکە و پلپلە و گوارە و زنجیر ، کە هەموویان لە زێر و زیو پێکهاتبوون .سیاوەش لەو کاتە خۆی پێ نەگیراو بە مام تاوێری گووت ئەمەیان با بۆ من بێ هیچی ترم ناوێ ، تۆش لە ناو تابووتەکانی تر هەرچیت دۆزیەوە بۆ خۆت . مام تاوێر نێو چاوانی گرژ بوو لەگەڵ ئەم قسەیە ، گووتی یەعنی چی ؟

سیاوەش گووتی مەبەستم ئەوەیە من بەوەندە ڕازیم . مام تاوێر گووتی بۆ چما گاڵتەیە ئێمە بە هەوەسی خۆمان ئەو زێر و زیوە دابەش بکەین و بچین بیانفرۆشینەوە بە زێڕینگرێکی گەلحۆی ناو شاری ؟ خۆ ئەوانە موڵکی کەس نیە، موڵکی مرۆڤایەتیە ، موڵکی ئەو خاکەیە ، موڵکی ئەو خەڵکەیە کە لەم ناوچەیە دەژین و کاتی خۆی بە شاژنەکەی خۆیان داوە . ئەوانە خۆ نابێ بفرۆشرێنەوە ، ئەوانە دەبێ یان لە شوێنێک دابندرێن ، یانیش هەر لێرە بپارێزرێن . سیاوەش گووتی یەعنی ئەمن ئەو ڕێیە دوورەم بڕیوە بەدەست بەتاڵی بگەڕێمەوە و هیچ قازانج نەکەم ؟ مام تاوێر گووتی کورە تۆ زۆر ئەحمەقی و زۆریش بچووک بیردەکەیتەوە ، چما لەوە قازانجتر هەیە ئەم تابووتانەمان دۆزیوەتەوە ؟ سبەینێ هەرچنا ڕەنگە ڕێڕەوی مێژوو لەسایەی ئەمە بگۆڕێ ، کە تا ئێستا هەموو خەڵکی دونیا وا دەزانن تەنیا فیرعەونەکان مردووەکانی خۆیان مۆمیا کردووە ، نازانن لەو شاخەنەی کوردستانیش مردوو مۆمیا کراوە ، جا ئەگەر مێژووی مۆمیاکردنەکە لە پێش فیرعەونەکانیشەوە نەبێ . دیار بوو سیاوەش هیچ ئەو قسانەی بەدڵ نەبوو ، بۆیە لەبەرەخۆی هەر وورتە وورتی لێوە دەهات . مام تاوێریش لە خۆشیان جێی پێ جێ نەبوو . ئینجا بەیەکەوە بەرەو تابووتەکەی تر چوون ، کە سەری ئەمیشیان هەڵدایەوە بینیان بە هەمانشێوە پڕە لە ئاو ، لە دەرەوەی ئاوەکەش لە کەلەنێکەوە کە بەقەدەر سندووقێک شوێنیان بەجێهێشتبوو ، تاج و شمشێرێک و

زریپۆشێکی زێڕی لێ بوو ، مام تاوێر دەستی دا شمشێرەکە و هەرچوار پەنجەی دەستە چەپی بە تیژاتیەکەی داهێنا ، هەر دەتگووت تازە تیژکراوەتەوە . سیاوەشیش بە بینینی ئەو هەموو زێڕە تا دەهات بێ ئۆقرەتر دەبوو ، خۆی دێنا و دەبرد نەیدەزانی چی بڵێ ، چونکە هەر قسەیەکی بکردبا ، لەگەڵ بیرکردنەوەی مام تاوێر لێک دووربوو ، ئەو هەر لە سەرەتاوە بەو مەبەستە هاتبوو دەوڵەمەند بێ ، نەشیدەزانی مام تاوێر لەبەر دەمی دەبێتە ڕێگر . ئینجا مام تاوێر شمشێرەکەی لە شوێنی خۆی داناوە و دەستی خستە ناو ئاوەکە ، بە نەرمی بن ملی تەرمەکەی گرت و ئەویشی دەرهێنا بۆ ئەوەی ببینن ، تا بزانن سەر و شەوکەتی ئەم پاڵەوانە کۆنە چۆن بووە ، پیاوەکە ڕیشێکی کلۆشی هەبوو ، ڕیشەکە لە هەندێک شوێن لە ناوەڕاستی چەنەگەی سپی ببوو، خاوەن پرچێکی گروازە بوو ، پرچەکە نیمچە درێژ بوو بە ئاسانی بە دەست دەگیرا ، چاوەکانی داخرابوون ، پێڵوەکانی تۆزێک بەلای ژوورەوەدا چووبوون ، ئێسکەکانی سەر ڕووەتی دەرپەڕیبوون ، لە سەر پێستەکەی نێوچاوانی لە دوو جێ شوێنی دووڕینەوە هەبوو بە ئاشکرا دەبیندرا لەشەڕ وای لێهاتووە . لە شوێنێکیش لەسەر قۆڵی چەپی بە درێژی دووڕابۆوە کە بڕینەکە هەر لە بەرکەوتنی دەمی شمشێرێک دەچوو ، بێ ئەوەی دیار بێ لە چ شەڕێک و لە چ مەیدانێک ئەم زەڕبەیەی پێ کەوتووە . ئینجا چەند وێنەیەکی ئەویشیان گرت و خستیانەوە ناو ئاوەکە ، بە هەمان شێوە سەری

تابووتی منداڵەکەشیان هەڵدایەوە ، سەرەتا مام تاوێر دڵی نەهات دەست بخاتە ناو ئاوەکە و دەری بێنێ ، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە سەرخۆیدا زاڵ بوو ، ئینجا ئەویشی لە ئاوەکە دەرهێنا ، کە چاوی پێکەوت کچێکی منداڵی تەمەن دەوروبەری شەش ساڵان بوو ، پرچی ڕەش دەچۆوە ، چەند بازنێکی بچووکی لە دەست بوو ، دەتگووت منداڵێکی لە ئاو خنکاوە دەریان هێناوە، مام تاوێر خۆی پێنەگیرا ، تۆند لە پاوەشی کرد و ڕوومەتەکانی ماچ کرد ، گووتی دادەی بچووک لەکەیەوە خەوتووی ؟ لەگەڵ ئەم قسەیە گریا ، پاشان هەربەدەم گریانەوە کە هێشتا فرمێسکەکانی بەسەر ڕوومەتیەوە ووشک نەببۆوە ، بە دەستەکەی تر ناو ئاوی تابووتەکە گەڕا ، تا دەستی بە شتێک کەوت ، کە شتەکەی دەرهێنا بینی بووکەڵەکەیەتی ، هەندەی تر بینینی ئەو بووکەڵەیە گریاندی ، ئینجا خستیە ناو باوەشی منداڵەکە و گووتی خەمت نەبێ کچم لێت نابەین ، نەکەی بگرییێ دایک و باوکتمان لێ بەخەبەربێنی . ئینجا بە سیاوەشی گووت چەند وێنەیەکمان بەیەکەوە بگرە لەگەڵ ئەو منداڵە ، سیاوەشیش چەند وێنەیەکی گرتن ، لە هەندێک لە وێنەکان مام تاوێر ڕوومەتی بە ڕوومەتی منداڵەکە وەنا بوو ، لە هەندێ شوێنیش وەکو کچی خۆی تۆند لە باوەشی گرتبوو . ئینجا بردیە لای تابووتەکەی دایکی و بە سیاوەشی گووت لە ئاوەکە دایکی دەربێنە ، سیاوەشیش سەری دایکی قیتکردەوە ، کە دایکی لە ئاوەکە بەدیار کەوت ، مام تاوێر بە کچەکەی گووت ئەوەتە

دایە ، دەیبینـــی ؟ ئینجـــا زیـــاتر بـــردیە پـــێش و بە ســـینگی وەنوساند . دوای ئەمە بە هەمان شێوە بردیە لای باوکیشی و هەمان شتی کرد ، مام تاوێر لە ناو ئەو ئەشکەوتە دەتگووت خەریکی پێشکەشـکردنی شـانۆیەکە ، ئەو منـداڵە کـچەی بە بـــووکەڵەکەیەوە ، بـــێ جـــل و بەرگ دەهێنـــا و دەبـــرد ، فرمێسکیش جۆگەیان بەستبوو بەسەر ڕووومەتەکانی .

سیاوەشـیش لەشـوێنەکەی خـۆی ڕەق ببـوو ، دەم نـا دەم لە لایان مام تاوێرەوە ئەرکێکی پێ دەسپێردرا و ئەنجامی دەدا ، نەیدەزانی ئەو پیاوە بۆ وا دەکات ، نەیـدەزانی بگرییـ بـۆ ئـەم خێـزانە کە کەســیان توانایــان نەبــوو لە شــوێنی خۆیــان بجــووڵێنەوە ، یــان بەردەوام بــێ لە بیرکــردنەوە و بردنــی زێڕەکان . لەو کاتە مام تاوێر بەرەو تابووتی منداڵەکە چۆوە و بە سەبری خستیەوە نـاو ئـاوەکە ، بە سیاوەشیشـی گـووت پێویستە سەریان داپۆشینەوە ، سیاوەشـیش بە گـوێی کـرد و سـەری هەرسـێ تابووتەکەیـان وەکـو خـۆی داپۆشـتەوە ، بـێ ئەوەی دەســتکاری دەرزیەک چــیە بــکەن . ئینجــا بەیەکەوە دانیشتن و کەوتنە گفتوگۆ ، سیاوەش گووتی بەتەمای چی ؟

مام تاوێر گـووتی پێویسـتە یەکێکمان بگەڕێینەوە نـاو شـاری ، ئەو وێنانەش لەگەڵ خۆی ببا ، بەرلەوەی هیچ لایانێک بە تەنیا پێ بزانێ ، دەبـێ ڕاگەیانـدنەکان ، جـا هـی هەمـوو گـرووپ و جولانەوەیەک ئاگادار بکـاتەوە ، بە ووردیـش باسـی هەرسـێ تابووتەکە و کەل و پەلەکانی نـاوی بکـات ، بۆئەوەی هەمـوو

خەڵک ببینێ و ڕوون و ئاشکرابێت دوای ئێمە چی لەو گۆڕانە دەکەن . سیاوەش گووتی جا بۆ هەموو ڕاگەیاندنەکان ؟
مام تاوێر گووتی ئاخەر ڕاگەیاندنێک بە تەنیا هی لایەنەکەی خۆیەتی ، دووبارە بەرپرسەکان دەتوانن هەواڵەکە بڵاو نەکەنەوە و چۆنیان بوێ ئەوها بەسەر ئەو تابووتانە بێنن .
بەڵام ئەگەر ڕاگەیاندنەکان هەموو ئاگادار بکەینەوە ، لە ململانێی یەکتری هەم هەواڵەکە گەرم و گوڕتر دەبێ ، هەمیش کار لە کار دەترازێ و کەس ناتوانێ لەبەرئەوەی تر شتێک بەسەر ئەو تابووتانە بێنێ بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە مەبەستمانە . مام تاوێر و سیاوەش لە شوێنەکانی خۆیان هەڵستانەوە و ویستیان لە ئەشکەوتەکە بێنە دەرەوە ، لە ناکاو سیاوەش لەسەر یەکێک لە تابووتەکان لەوحەیەکی نوسراوی بینی ، کە بە مام تاوێری گووت چوونە نزیکی ، بۆئەوەی شتێکی لێ تێبگەن ، بەڵام مام تاوێر چەند هەوڵیدا لە جۆری نوسینەکە نەگەیشت ، ئەگەرچی بە خەتێکی ڕێک و پێک و پوخت نووسرابوو ، کە سەیری تابووتەکانی تریشیان کرد بەهەمان شێوە ئەوانیش لەوحەیان پێوەبوو ، لە پڕ ئەو دەنگە دەنگەی لە کاتی هاتنە ناو ئەشکەوتەکە دەهات ، دووبارە هاتەوە بەرگوێیان ، کە لایتیان بۆ بەرزی ئەشکەوتەکە لێدا ، بینیان لە قەد تاق و دیوارەکان ئاسەواری دووکەڵ و شوێنی ئاگرکرنەوە هەیە ، لە بەرزیەوە چەند شەمشەمە کوێرەیەکیان بینی ، مام تاوێر گووتی ئەو دەنگە دەنگە ڕەنگە هەر هی ئەم شەمشەمەکوێرانە بێ ، مام تاوێر کە وای گووت سیاوەش

تۆزێک ترسەکەی لێ ڕەویەوە ، ئەگەرچی دەنگەکان لە هی شەمشەمەکوێرە نەدەچوون . هێدی هێدی لایتەکانی دەستیان بەرەو کزی دەچوو ، دیاربوو دەمێک بوو نەیان کوژاندبۆوە ، مام تاوێر گووتی با بڕۆینە دەرەوە ، لایتەکانمان بکوژێتەوە لێرە بێ لایت لەبەر بیرەکەی بەر دەمی قادرمەکان و تاریکی ناو ئەشکەوتەکە عاسێ دەبین ، یەک هەنگاومان پێ ناهاوێشترێ. وە پێویستیشە یەکێکمان لایتەکەمان بکوژێنینەوە بۆئەوەی بە یەکەوە پاتریەکانیان نەمرێ ، ئینجا سیاوەش لایتەکەی خۆی کوژاندەوە و مام تاوێر بە پێشکەوت ، وەک چۆن هاتبوونە ژوورەوە ئەوهاش بە لێواری بیرەکەدا ڕۆیشتن و بە قادرمەکاندا هەڵگەڕان ، لەناوەڕاستی پایەکانی قادرمەکە توشی کراسە مارەکە هاتنەوەو تێیان پەڕاند ، تا بەر ئەو بەردە گەورەی بە ئەشکەوتەکە وەندرابوو ڕانەوەستان ، پاشان بە کونەکەدا چوونە دەرەوە و چاویان بەو بڕە ڕۆناکیەی بە ئاسمانەوە مابوو هەڵێنایەوە .

ئینجا لە دەرەوەڕا ئەو کونەی پێیدا چووبوونە ژوورەوە بە بەرد و خۆڵ دایان پۆشت ، بۆئەوەی کەسی تر پێ نەزانێ و دەستکاری نەکات ، پاشان چوونەوە سەر شاخە تەختەکە و کیسەخەوەکانیان وەکو دۆشەک ڕایەخست ، مام تاوێر دەستی بە کۆکردنەوەی پەلە داری ووشک کرد و سیاوەشیش چوو لە ئەشکەوتەکەی خوارەوە ئەو دەبەبە و چایەپەستە بێنێتەوە کە دابوویانە بەر دڵۆپی ئاوەکان . ئینجا کە سیاوەش ئاوەکانی هێنا ، مام تاوێر گووتی وا چاکە بە خۆڵ دەستی

خۆمان بشۆین ، نەوەک ئەو ئاوەی لە ناو تابووتەکان بوو مادەدیەکی تیکرابێ زیان بە تەندروستیمان بگەینێ . لەگەڵ سیاوەش جوان دەست پل و دەموچاوی خۆیان شوشت ، ئاوەکە ئەوەندە سارد بوو هەردووکیان هەستیان بەحەسانەوە کرد ، وەک ئەوە وابوو بە بەفراو دەم و چاوی خۆیان شووشتبێ . ئینجا چایەیان لێنا و وەکو شەوەکانی تر لێی ڕاکشان، بەڵام هەردووکیان خەویان لێ نەدەکەوت ، سیاوەش لەبەر تەماحی ئەو هەموو زێڕ و زیوە ، مام تاوێریش لەبەر پڕ بەهایی ئەو شوێنەوارە و گرینگی مێژوویی مۆمیایی کردنی ئەو تەرمانە . دوو کەس بوون لەسەر پارچە شاخێک ڕاکشابوون، نێوانیان هەرچەند بستێک دەبوو ، کەچی هەندەی عەرد و ئاسمان جیاواز بیریان دەکردەوە .

****

بۆ بەیانیەکەی مام تاوێر نەیویست بەخۆی بگەڕێتەوە ناو شار و ڕاگەیاندنەکان ئاگادار بکاتەوە ، چونکە ترسی هەبوو ئەگەر بەخۆی ئەشکەوتەکە بەجێبێڵێت ، دوای ئەو سیاوەش بچێتەوە گژ تابووتەکان و دەستکاری کەل و پەلە گرانبەهاکان بکات ، بۆیە کامێراکەی دایە سیاوەش و بۆ ئەم کارەی ڕاسپارد کە پلانیان بۆ دانابوو . سیاوەشیش کامێراکە و سویچی جێبەکەی برد و لە چیاکە چووە خوارێ ، لە ڕێگا تووشی شوانەکە بوو ، دوای چاک و چۆنی پێی گووت من

دەبێ بگەڕێمەوە ناو شار ، جا ئەگەر ئێوارە گەڕایتەوە ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو، مەشڵەژێ من بردوومە، بەم زوانەش دەگەڕێمەوە ، پاشان شوانەکەی بەجێهێشت و خۆی گەیاندە جێبەکە، سلفێکی لێداو بەرەو هەولێر بەڕێکەوت. لەگەڵ نیوەڕۆ گەیشتە جێ ، بەپێچەوانەی ئەوەی مام تاوێر پلانی بۆ دانابوو هیچ ڕاگەیاندنێکی ئاگادار نەکردەوە ، بۆ ئەوەی هەواڵەکە هەر بەنهێنی بمێنێتەوە .هەموو بەڵگەکانیش لەناو کامێراکە دابوو ، ڕێک چووە لای بەرپرسێکی گەورەی یەکێتی و لەسەری تا بنی چیرۆکی ئەم ئەشکەوتەی بۆ گێڕایەوە ، هەموو وێنەکانیشی بە بەڵگە پیشان دا ، پێشی گووت مام تاوێر کەسێک نیە بتوانین ڕازیکەین بۆ خۆمان سوود لەو هەموو زێر و زیوە وەربگرین ، لە جیاتی ئەوەی بیبەینە مۆزەخانە . بەرپرسەکەش دەمی ئاوی کرد و کەوتە کلک لەقین ، پێکهاتن بە نهێنی مام تاوێر بە فەتارەت ببەن و بە خۆشیان بە شەریکی تابووتەکان بفرۆشنەوە . بەو مەرجەی پارەی دوو تابووت " هی پیاوەکە و منداڵەکە " بۆ بەرپرسەکە بێ ، " پارەی تابووتی ژنەکەش " بۆ سیاوەش .
ئەوەندەشی بە بەرپرسەکە گووت مام تاوێر لە تفەنگێک زیاتری پێ نیە ، ئەویش بە نهێنی ئەم شەوی چووی دەرزیلەکەم دەرهێناوە ، ئێستا تەقە ناکات .

پازدە

مـــام تـــاوێر لە چیـــا خەریکـــی چاڵێنـــان بـــوو ، بە دیـــار گەشکردنەوەی ئاگرەکە بیری لە هاتنی ڕاگەیاندنەکان و بڵاو بوونەوەی هەواڵەکە دەکردەوە ، بیری لەوە دەکردەوە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگ و باسی ئەم تەرمە مۆمیاکراوانە جیهان چ هەستێکی تازەی دەبێ لەبارەی مێژوو و شارستانیەت .
نەیـــدەزانی ســـیاوەش نەک هەر لەنـــاو شـــار وا پـــیلان بـــۆ فرۆشتنی تابووت و کەل و پەلەکان دادەنێ ، بەڵکو دەیەوێ ئەویش دووچاری کێشەیەک بکاتەوە هەرگیز لەبن دەرنێ .
هاتنی ئەو بەرپرسە بۆ ناو چیڕۆکی دۆزینەوەی ئەم تابووتانە بۆ مام تاوێر وەک هەڵستانی لافاوێک بوو بۆ ڕاپێچکردنی مێرووڵەیەکـــی خـــۆش بـــاوەڕ ، لەهەمـــان کـــاتیش ئـــازا و چاونەترس .

دەرهێنانی دەرزیلەی تفەنگەکەش لەلایان سیاوەشەوە نیشانەی جوامێری مام تاوێر بوو ، چونکە سیاوەش دەیزانی ئەو بەقەدەر دڵسافیەکەی بێ باکیشە لە هەموو شتێک ، هەمیشە یاخیبوون لە چاوەکانی بەدی دەکرا .
ئەگەر مەسەلەی ئەم دەرزیلەیەش نەبا ، ڕەنگە ئەم چیرۆکەش وەکو بەلەمێکی چارۆگەدار ئاراستەیەکی تری بگرتبا .

****

بۆ بەیانیەکەی بەرپرسەکە کۆمەڵێک پاسەوانی تایبەتی خۆی ئامادەکرد و بە جلی سەربازی و شەش حەوت ئۆتۆمبێلی ڕەشەوە لەگەڵ سیاوەش بەرەو هەریر و باتاس بەڕێ کەوتن، لە ڕێگاش پیلانیان وا دانا کە مام تاوێر تۆمەتبار بکەن بەوەی بێ پرسی حوکمەت دەستکاری ئاساری کردووە .
بۆئەوەی بیخەنە زیندان و پاشان بە کەیفی خۆیان ئەوەی بیانەوێ ئەنجامی بدەن . مام تاوێریش بەر لە ڕۆژهەڵاتن لەسەر لوتکە شاخێک دانیشتبوو لە بەرزیەوە هەر چاوی دەگێڕا و ڕووی لە ڕێگا سەرەکیەکە بوو ، بۆئەوەی سیاوەش بە خۆی و بەحەشاماتێک خەڵک و ڕاگەیاندنەوە بگەڕێتەوە .
لەپڕ لە دوورەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی تۆز و خۆڵەوە بینی چەند ئۆتۆمبێلێک ئەو ڕێگایەیان گرت کە بەرەو چیاکە دێ .
ئینجا لە خۆشیان لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و ئەو هەموو قسەیەی لە ناخی پەنگی خواردبۆوە لەبارەی

دۆزینەوەی تابووتەکان ، پاڵیان پێوەنا هاوار بکات و دەست هەڵبڕێت ، حەزی دەکرد زۆر زووتر بگەن لە کاتی خۆی .
چەند جارێکیش بە دەنگی بەرز گووتی ئافەرین سیاوەش ئافەرین ، لەناو شاخەکە ئەم ئافەرینە بە دوای یەکدا دەنگی دایەوە . ئۆتۆمبێلەکان تا دەهاتن لە چیاکە نزیک دەبوونەوە ، مام تاوێریش لەگەڵ نزیک بوونەوەی ئۆتۆمبێلەکان تا دەهات بێ ئۆقرەتر دەبوو ، دەتگووت منداڵێکە دەیەوێ بگاتە هاوڕێکانی و ئەو شتە سەیرانەی بینیوێتی یەک یەک بۆیان بگێڕێتەوە ، عەجمانی نەبوو .
کە لە بنارەکە ئۆتۆمبێلەکان ڕاوەستان سیاوەش و بەرپرسەکە دابەزین ، پاسەوانەکانیشیان هەندێک لەگەڵ خۆیان برد و هەندێکیشیان بەو بنارەدا پەرت بوون . بەو گەریەدا هەڵگەڕان کە بەرەو ئەشکەوتەکان دەچوو ، بەرپرسەکە بەهۆی شەڕی براکوژی لەگەڵ پارتی ، دیار بوو بەسەختی بریندارببوو ، چەند ساچمە و گوللەیەکی لە ناو سەر و جەستەی بەجێما بوو ، نەیدەتوانی یەک پشی بەسەر ئەو چیایەدا هەڵگەڕێ ، بۆیێ دەبوو ماوە ماوە پاسەوانەکان و سیاوەش لەسەری ڕاوەستن ، ئەو کەسێک بوو هی ئەوە نەبوو لە ڕووی ئازایەتیەوە ڕۆژگارێک وای بەسەر بێت و ناوبانگی خۆی لە دەست بدات ، چونکە گەورە پیاوان و هاوسەنگەرانی جا چ لەبەرەی دوژمن بێ یان لەبەرەی دۆست ، داستانی وایان لە بارەی دەگێڕاوە پیاوانی ئەسپارتای یۆنانیش بە خۆیانەوە نەبینیوە ، بەڵام ئازایەتی بەتەنێ بەس نیە ، ئینسان دەبێ

بتوانێ هاوسەنگیەک بۆ خۆی بهێڵێتەوە تا سەر خاوەندارێتی بکات ، هەزاران کەس لە لایانگرانی هیوایان دەخواست ئەویش هەر وەکو پۆڵە هاوڕێیەکانی شاخی کە بەگژ حوکمەتی بەعس دادەچوونەوە هەر بە ئەفسانەیی بمابایەوە بە خۆی و بە تفەنگە ژەنگاویەکەی ، نەوەک ببا بەرپرسێکی ناو شاری نەوت فرۆشی بازرگان ، وەکو ئەوانی تر چ بازرگانێک ؟ بازرگانی خەڵک و خاک ، بازرگانی ئاسار و مێژوو و مرۆڤایەتی . مام تاوێر کە لە دووڕەوە چاوی پێیان کەوت ، هەستێکی نامۆی لا دروست بوو ، چونکە کەسیان بە ڕاگەیاندکار و پیاوانی ئاسارناس نەدەچوون ، بەڵام کە سیاوەشی لەگەڵیان بینی تۆزێک پشی هاتەوەبەر ، نەیدەزانی ئاگری بن کا لە ئەسڵدا ئەوە . کە تەواو لە مام تاوێر نزیک کەوتنەوە ، مام تاوێر ڕەنگی تێک چوو ، هیچ کامێرایەکی لەلایان نەبینی ، لە دەمانچەی بەر پشتیان و کلاشینکۆفی سەر شانیان زیاتر ، ئەویش دڵسافانە کلاشینکۆفەکەی خۆی لەو گۆڕە فرێدابوو لەسەر شاخە تەختەکەی لێی دەخەوتن .

سڵاوێکیان بە مرۆمۆچی لێ کرد ، دەتگووت لە جەهەندەمەوە هاتوون ، ئەویش بێ ئەوەی سەری لەو مەسەلەیە دەربچێ ووەڵامی دانەوە ، ئینجا خۆی پێ نەگیراو بە سیاوەشی گووت ئەدی کوا ڕاگەیاندکارەکان ؟ سیاوەش وەکو کەسێک نەوێرێ لەبەر گەورەکەی خۆی ئازادانە قسەبکات ، دەمی تێکئاڵا و گووتی سەرۆک لە ئێمە باشتر دەزانێ دەبێ چی لەو تابووتانە

بکەین . مام تاوێر بە تورەییەوە گووتی بۆ چما لە بردنیان بۆ مۆزەخانە یان مانەوەیان لێرە بە پارێزراوی شتێکی تر هەیە ؟ بەرپرسەکە بە نێوچاوانێکی گرژەوە گووتی بەڵێ ، هەیە . مام تاوێر گووتی چی ؟ بەرپرسەکە گووتی ئەوە ئیشی تۆنیە، کاری حوکمەتە ، ئەسڵەن تۆ تاوانباری چونکە هاتووی بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکەیتەوە ، دەستکاری ئاسارت کردووە . مام تاوێر گووتی ڕاستە بێ ئاگادارکردنەوەی کەس هاتووم بەڵام ئەدی ئەوە نیە دەستکاری هیچ کەل و پەلێکم نەکردووە و ویستوشمە ڕاگەیاندنەکان ئاگادار بکەمەوە، لەوە زیاتر چی؟ دواتر تۆ باسی ئاگادار کردنەوە دەکەیت ئایا ئێوە کەهاتنە ئێرە حوکمەتتان ئاگادار کردەوە کە شتێکی وا لە گۆڕێ هەیە؟ بەرپرسەکە لەگەڵ ئەم قسەیە تووڕەبوو گووتی بێ دەنگ بە، زیادڕەوی نەکەی ، حوکمەت ئەمن نەبم کێیە ؟ مام تاوێر گووتی چۆن ؟ یەعنی لێرە هەر بەرپرسێک و بۆ خۆی حوکمەتێکە ؟ دواتر ئەو مەسەلەیە پەیوەندی هەر بە حوکمەتەوە نیە دەبێ خەڵکیش لێی ئاگادار بن بۆئەوەی دیار بێ چ لەو تابووتانە دەکرێ . بەرپرسەکە زۆر لەوە تورەبوو کە مام تاوێر گووتی " یەعنی لێرە هەر بەرپرسێک و بۆ خۆی حوکمەتێکە " ، بەڵام لەوەیان بەسەر خۆی نەهێنا و هەنجەتی بەوە گرت کە گووتی " دواتر ئەو مەسەلەیە هەر پەیوەندی بە حوکمەتەوە نیە " ، لەوکاتە سەری خۆی خوراند کە نهێنی بوو لە بەینی خۆی و پاسەوانەکانی ، واتا لێی بدەن .

مام تاوێر لە قسەکردن دابوو یەکێک لە پشتڕا بە قۆنداغ لە پشت سەری دا ، مام تاوێر دەما و دەم بەربۆوە ، یەکێکی تر نەیهێشت هەڵستێتەوە لولەی تفەنگەکەی خۆی گرت و چوار پێنج جار لەسەر یەک بەلای قۆنداغ و ئاسنی دەوروبەری پەلاپیتکەکەی لە شان و مل و پشتی دا ، پێکەوتنی ئاسنە ڕەقەکانی تفەنگەکە و ئێسک و گۆشتی مام تاوێر جەرگی دەهێنا ژان ، ترپەی دەهات وەک ئەوەی بە هەموو هێزیان لە فەردە خۆڵێک بدەن . خوێن بە سەر و چاو و پشت سەری دا هاتە خوارێ . کە بینیان نیوە مردوویان کردووە وازیان لێی هێنا ، ئینجا دوو کەسیان لای بەجێهێشت و بەرپرسەکە و سیاوەش و چەند پاسەوانێکیش بەرەو ئەشکەوتەکە چوون ، مام تاوێر کە هەستی کرد وا لە ئەشکەوتەکە نزیک دەبنەوە ڕووحی هاتەوە بەر ، چاوی چووە پشت سەری ، هەڵستانەوە و خۆگەیاندنە تفەنگەکەی یەک بوو ، هیچ لە پاسەوانەکان بەوە ڕانەگەیشتن بیگرن ، یان لەو پەلامارە شتێک بکەن .

لەسەر شاخە تەختەکەڕا لێی ڕاکێشانە تفەنگەکەی و گووتی لەو ئەشکەوتە نزیک بکەونەوە دەتانکوژم . کەس نابێ دەستکاری ئەم تابووتانە بکات ، بەرپرسەکە سەیرێکی کرد و بە گاڵتەوە گووتی تفەنگەکەت لە ڕووی ئێمە تەقە ناکات داینێ بۆ خۆت باشترە . مام تاوێر ویستی بە تەقاندنی فیشەکێک بیانترسێنێ ، پلی بە پەلاپیتکەکە وەنا مرچەی لێوە هات . بەرپرسەکە لەوکاتە پێکەنی و گووتی چیم گووت ؟ مام تاوێر دووبارە ڕایکێشایەوە و پلی پێوەناوە دیسان مرچەی

لێوەهـات. ئینجـا بەرپرسـەکە گـووتی سـیاوەش بـاش تـۆی خۆیندۆتەوە ، دەیزانی ئەو جۆرە پیاوەی بۆیە دەرزیلەکەی دەرهێناوە . مام تاوێر کە گوێی لەم قسـەیە بـوو شـێت بـوو ، دەسـتی بگەیشـتبا سـیاوەش لەو شـاخە بەرزەڕا فڕێـی دەدا خوارەوە . بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێ هیچی نەگووت ، ئەو هیچ نەگوونەی پێ لە هەموو شتێک باشتر بوو ، زانی کار لە کار ترازاوە . بۆ سیاوەشـیش ئەم هـیچ نەگـوونە وەک ئەوە وابـوو کەسـێک لە چـاوەڕوانی سـزایەک دابـێ و بـیەوێ زوو ئازارەکەی تێپەڕێنێ ، کەچی کاتی سزادانەکە نێ .

لە شـەرمی ئەو کـارەی کردبـووی نەبـا ڕەنـگە بکەوتبـا سـەر چۆک و بیگووت با تکادەکەم بە هەرچی سزام دەدەی سـزام بدە حەزدەکەی بمسووتێنە بەس بەمشێوە مەمهێڵەوە .

ئینجا بەرپرسەکە بە چەند پاسەوانێکی گووت قۆڵبەستی بکەن و بیبەنە شـوێنی مەبەسـت . پاسـەوانەکانیش مـام تاوێریـان قۆڵبەست کرد و بە پێشە خۆیاندا لە شاخەکە بیبەنە خوارێ . لەو کاتە مام تاوێر بە زمانی حاڵ چونکە تابڵێی شڕببوو لەبەر ئەم هەمـــوو خـــوێنەی لەبەری ڕۆیشـــتبوو ، ڕووی لە بەرپرسـەکە کـرد و گـووتی هەرچـی لە تابووتەکـان دەکەن بـیکەن بەس لەم وواڵتە مەیـانبەنە دەرەوە ، چـونکە دەزانـم نەیارانی ئەم میللەتە ئامادەن بە گرانترین پارە لێتان بکڕنەوە بەس بۆئەوەی تۆز و خۆڵ لەسەر میژووی ڕاستەقینە لانەچێ .

بەرپرسەکە گوێی پێنەدا ، بە پاسەوانەکانی گووت بیبەن چیتر نامەوێ گوێم لێی بێ . مام تاوێر بەدەم ڕاکێشانەوە تا دوورکەوتەوە ئەوەندەشی گووت کارێک مەکەن نەوەکانی داهاتوو لە بێ مێژوویان نەتوانن داهاتویەک بۆ خۆیان بنیاد بنێن و نەفرەت لە کوردبوونیش بکەن ، لەمە ئێوە بەر پرسن ئاگاراربن . بەرپرسەکە ڕووی خۆی وەرگێڕا و لەگەڵ سیاوەش و چەند پاسەوانێک پشتیان لە مام تاوێر کرد و بۆ ئەشکەوتەکە چوون . پاسەوانەکانیتریش مام تاوێریان لە چیایەکەدا بە قۆڵبەستکراوی بردە خوارەوە ، پاشان سواری ئۆتۆمبێلێکیان کرد و بە ڕێکەوتن ، مام تاوێر لە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە تا دوورکەوتنەوە هەر سەیری چیایەکە و کەرخی ئەشکەوتەکانی دەکرد ، دەتگووت هەڵوێەکە لە قەفەس کراوە ، وا هێدی هێدی لەو شاخانەی ڕۆژگارێک بە ئازادی تێیدا فڕیوە دووری دەخەنەوە، فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتبووە خوارێ ، خوێنیش بە سەر و گوێلاکیەوە ووشک ببۆوە . ئەو لەبەر ئازاری ڕووحی هیچ هەستی بە برینەکانی لەشی نەدەکرد . تەنیا بە لاشە لەناو ئۆتۆمبێلەکە بوو . پاسەوانەکان کە مام تاوێریان گەیاندە هەولێر، بردیانە زیندانێکی نهێنی ژێرزەمین ، بە تاقی تەنیا بەندیان کرد ، کەس لە ناو شار بەو زیندانەی نەدەزانی تەنیا دار و دەستەی تایبەتی ئەم بەرپرسە نەبێ ، زیندانەکە لەبن بینایەکی چەند نهۆمی دروست کرابوو، دەرگایەکی یەکدەری گچکە، دەرگای سەرەکی زیندانەکە بوو کە مرۆڤ بچووبایە ناوی دەبوو

خـۆی نەوی بکـات ، قـادرمەیەکی چەنـد پـایەی ڕکـیش بە ڕێڕەوێک بەرەو لێژی شۆڕ دەبۆوە ، پاشان ژوورێکی گەورە دەهاتە پێش ، ئەو ژوورە بە دیوار چەند زیندانێکی هێندەی ئاودەستی لێ جیاکرابۆوە ، کە هیچ بەندکراوێک نەیدەتوانی سەری بە تەواوی قیت بکاتەوە لەبەر نزمی بنمیچەکە .
چەندین کەس لەو زیندانە بەر لە مـام تـاوێر شـێت ببـوون ، تەنگـیەکەی ئەوەنـــدە ئـــازاری دەروونـــی دەدا ئینســـان بە ســەردانیش بچووبـایە نـاوی تەنـگە نەفەس دەبـوو، جـا بـۆ کەسێکی وەکو مام تاوێر لەو حالەتە دەبێ چۆن بووبێ ؟
بەرپرسەکەش دوای مام تاوێر لەگەڵ سیاوەش کە چووە ناو ئەشکەوتەکە و بە چاوی خۆی هەر سێ تـابووتەکەی بینی ، چەند کەسێکی نارده شار ، بۆئەوەی کەرستەی هەڵکۆڵین و شکان بێنن و بتوانن کونێک دروووست بکەن تابووتەکانی پێدا بێننە دەرەوە . شـەوەکەش سیاوەش وەکو شـەوەکانی تـر بـۆ ئەوەی شـــوانەکە هەســـت بە هـــیچ نەکـــات تفەنگێکـــی بەو ئاراستەیەدا هاوێشت ، شوانەکەش دوای کەمێک تفەنگێکی بەو ئاراستەیەدا هاوێشـتەوە . ئینجـا دواتـر سـیاوەش هـۆی ئەم تەقەیەشی لە بەرپرسەکە گەیاند گووتی ئەوە نیشـانیەک بـوو لە بەینـی شـوانەکە و مـام تـاوێر ، هەمـوو شـەوان بەر لە دۆزینەوەی تابووتەکان مام تاوێر تەقەیەکی دەکرد بۆئەوەی بە شوانەکە ڕابگەینێ سەلامەتین ، شوانەکەش بەهەمان شێوە وەڵامی دەدایەوە یەعنی تەواو ئاسودەبووم .

ئەگەر بێ و ئەم شەو ئەو تەقەیەم نەکردبا ، شوانەکە بە دڵنیاییەوە یان بەم شەوە دەهات یانیش بەیانی زوو ، ئەو کات کێشەی بۆ ئێمەش و بۆ خۆشی درووست دەکرد .

بەرپرسەکەش پێی گووت کوڕە تۆ لە ڕێوی زۆرزانتری ، ئەوها بڕوا دەبێ ئێمەش لێت بترسێین . شەوەکەی کە سیاوەش و بەرپرسەکە لەسەر پارچەشاخەکە ڕاکشان بۆ ئەوەی بخەون ، سیاوەش دڵی توند بوو کە چاوی بە کیسە خەوەکەی مام تاوێر و کەل و پەلەکانی و چایەپەستەکەی کەوت ، دەتگووت هەموو بەیەکەوە کەوتونەتە زمان و لۆمەی دەکەن . هەستاوە هەمووی کۆکردنەوە و فڕەیدانە کۆندڕێک بۆ ئەوەی نەیانبینێ . لە دڵی خۆشیدا سەیری بەوە دەهات باشە ئەو ئەو کارە دەکات بۆئەوەی دەوڵەمەند بێت ، ئەدی ئەم بەرپرسە بۆ وا دەکات ؟ لەکاتێکدا سەری کۆشکی ئەوەندە بەرزە لە هەور دەدات و هەزاران ئۆتۆمبێل و پاسەوانیشی بە دواوەیە ، جیا لەوەی بیری نەوتی تایبەت بە خۆشی هەیە . کە ئەمە هەرگیز بۆ کەس نەبووە و نابێ .

لە پڕ ئەوەشی بە میشکی داهات ، دەبێ ئێستا مام تاوێر چیبکات ؟ مام تاوێرش لەو کاتەی سیاوەش وا بیری دەکردەوە ، بێ ئەوەی لەو ژێرزەمینە تاریکە لەناو ئەو زیندانە تاکەکەسیە بزانێ دونیا شەوە یان ڕۆژە ، چونکە کاتژمێریشی لێ نەبوو ، بیری لەو ڕووداوانە دەکردەوە ، بیری لە چارەنوسی ئەو تابووتانە و نابەرپرسیاریەتی ئەو بەرپرسە و خیانەتی سیاوەش دەکردەوە ، دڵی خەریک بوو بتەقێ ،

حەزی لێ بوو پیاسە بکات نەیدەتوانی ، حەزی لێ بوو ڕاست بێتەوە و هەناسەیەک هەڵمژێ نزمی بنمیچەکە ڕێی پێ نەدەدا، حەزی لێ بوو ڕاکشێ و خۆی هەرگێڕ و وەرگێڕ بکات پێی بە دیوار دەکەوت . لەو هەموو پاڵەپەستۆیەی لەسەری بوو کە لە هەموو لایەک ئازار دەوریدابوو پێکەنی ، پێکەنینێک هەرگیز بەم شێوەیە پێنەکەنی بوو ، قاقای دەنگی دەدایەوە لەو تاریکیەدا ، لەو کاتەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی ئینسان دەتوانێ چێژ نەک هەر لە زیندانێکی وا ، بەڵکو دەتوانێ لە هەرچی لێی دەشترسێ وەربگرێ .

شازدە

بۆ بەیانیەکەی ئەو کەسانەی بەرپرسەکە ڕەوانی کردبوون کەل و پەلی هەڵگۆڵین و شکاندن بێنن ، بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بارهەڵگر گەڕانەوە ، هەرچی پێشیان ڕاسپێردرابوو لەگەڵ خۆیان هێنابوویان ، ئینجا دەستیان بە هەڵگۆڵین و شکاندن کرد و دەرگایەکی گەورەیان لە ئەشکەوتەکە کردەوە، ڕووناکی بە تەواوی دای لە پایەکانی قادرمەکە ، پاشان ئەو تابووتانەی چەندین ساڵ بوو دەستی کەسیان پێ نەکەوتبوو دەریانهێنانن وبە دوای یەکدا لە چیایەکە هێنایانە خوارەوە ، دواتر لە ئۆتۆمبێلەکە باریان کردن و چادرێکی سەربازیان بەسەردادان ، بۆئەوەی بە ئاسانی لە بازگەکان بیانپەڕێننەوە و کەس شکیان لێ نەکات ، چونکە پێیان وابوو چەند لایەن بەو مەسەلە بزانێ ئەوەندە هاوبەشەیان لە بۆ پەیدا دەبێت .

ئینجا بەرپرسەکە و سیاوەش سواری یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان بوون و بە پێش ئەو ئۆتۆمبێلە کەوتن کە تابووتەکانی تێدابوو ، ئەشکەوتەکەشیان بەم شێوە وێرانە بەجێهێشت ، قافلەی ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە ڕەشە و ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەی نێوانیان ، لە مەڕاسیمێکی گەورەی چەک کڕین دەچوو لە کاتی نمایشکردن و هێنانی بۆ ناو ووڵات . پاسەوانی هیچ بازگەیەک نەک هەر جورئەتی ئەوەی نەدەکرد ڕایانبگرێ و لێ پرسینەوەیان لەگەڵ بکات ، بەڵکو لە کاتی سەلام وەرگرتنەوەش چۆکی دەلەرزی و بە حاڵ خۆی لەسەر پێ ڕادەگرت ، چونکە دەیزانی لەم ووڵاتە چەند لە ئاستی خەڵکی سڤیل مل ئەستوورە ، سەد ئەوەندەش لە ئاستی گەورەکان لە پووشکەیەک لاواز و بێ هێزترە .

پیاو و ژن و منداڵەکەی ناو تابووتەکەش لەگەڵ تاسە و قۆرتەکانی ڕێگا ، لە ناو ئاوی مۆمیاکە دەهەژان ، بێ ئەوەی ئاگایان لە هیچ بێ . ئینجا کە ئۆتۆمبێلەکان گەیشتنە هەولێر ، هەرسێ تابووتەکەیان بردە شوێنێکی تایبەت ، هەر لەناو ئەو بینا بەرزەی مام تاوێریان لە ژێر زەمینەکەی بەند کردبوو ، دایان نان . پاشان بەرپرسەکە سیاوەشی ڕەوان کردەوە ماڵەوە و پێی گووت دواتر من حەقی تۆ دەنێرم ، ئەو بابەتەش لای کەس مەدرکێنە ، من کە ئەوەت پێدەڵێم ئاگاداربە لە بۆ سەلامەتی گیانی تۆمە . خۆی ئەم قسەیە لە هەڕەشەیەکی نەرم دەچوو . سیاوەش زوو تێگەیشت بۆیەش نەیوێرا هیچ قسەیەک بکات ، دەنا ئەم ڕێیەی پێ خۆش نەبوو،

لەبەرئەوەی ئەو حەزی دەکرد بە خۆی ئاگادارێ لە فرۆشتنی ئەو تابووتەی لەسەری ڕێککەوتبوون و بە بەشی خۆی دەزانی .

****

دوای چەند ڕۆژێک بەرپرسەکە بێ ئەوەی بیر لە هیچ لە قسەکانی مام تاوێر بکاتەوە ، بە نهێنی هەرسێ تابووتەکەی بە پارەیەکی خەیاڵی فرۆشتە وواڵاتی ئێران .
خۆی فرۆشتنی ئەو تابووتانە هەر فرۆشتنی ئەو زێر و زیوە نەبوو کە تێیاندابوو ، هەر فرۆشتنی جەستەی ئەو ژن و پیاو و منداڵە نەبوو کە خێزانێکیان پێکهێنابوو ، خۆی فرۆشتنی ئەو تابووتانە فرۆشتنی مێژوو بوو ، فرۆشتنی ئیرادەی نەتەوەیەک و تەواوی مرۆڤایەتی بوو . فرۆشتنی واتا و شێواندنی شارستانیەتێکی کۆنی مێژووی مۆمیا بوو .
ئێوارەیەک کۆمەڵێک کەسی بیانی جانتا بە دەست و سمێڵ فشۆڵ هاتن و ئەو پارەیەی لە سەری پێکهاتوون هێنابوویان ، پاشان بە دەم خواردنەوەی مەیەوە تابووتەکانیان لە ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بار کرد و بە پاسەوانی دار و دەستەی بەرپرسەکە بە تابووتەکانەوە گەڕانەوە .
ئێستاشی لەگەڵ دابێ کەس ئەم تابووتانەی لە هیچ مۆزەخانەیەک و شوێنێکی جیهان نەدۆزیەوە .
بۆ دواین جار کە لە سنوور ئاودیو کران ، لە سێ بەلەمی بێ کاپتن دەچوون لەو کاتەی ئاو دەیانبا و لە تاقگە بەرزەکانەوە

دەکەونە خـــوارەوە و بـــۆ یەکجـــاری وون دەبـــن ، تەنیـــا چیرۆکەکانیان بەســەر زاری خەڵکەوە دەمێنێتەوە ، ئەویش ئەگەر جار و بار لە پەنا و پەسێوان بە دزی بگێڕدرێنەوە .
بـۆ بەیـانیەکەش بەرپرســەکە هەنـدێک پـارەی بـۆ سـیاوەش ڕەوان کرد ، ئەگەرچی ئەو بڕە پارەیە لەلای سیاوەش زۆر لەوە زیـاتر بـوو کە چـاوەڕێی دەکـرد ، بەڵام بەرپرســەکەش دیسان نیوەی ئەو پارەیەی بـۆ نـاردبوو ، کە نرخـی تـابووتی ژنەکە بـوو . سـیاوەش لەگەڵ وەرگرتنـی پـارەکە بڕیـاری دا ناوی خۆی بۆ یەکجاری بگۆڕێ .
هەستا مەعامەلاتێکی لە دادگا کرد و بە پارە بە زووترین کات ناوی لە خۆی نا " مەنسوور " ، دوای ناو گۆڕینەکەش دەستی بە بازرگـانی کـرد لە بەینـی وڵاتـی چـین و کوردسـتان . لەو ڕۆژەوە نازناوی بە وولاتدا بڵاو بۆوە و بـووە " مەنسـووڕی بازرگان ". تەنیا دایکی ئانیا ئاگاداری ئەمە بوو، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ پیاو هەرچی بکات ژنێک دەبێ هەبێ پێ بزانێت .

****

چەنـد ڕۆژێـک دوای قۆڵبەسـتکردنی مـام تـاوێر و بردنـی تابووتەکان ، شوانەکە هەستی کرد ئەوان ئێستا لە شـاخەکە نەماون ، بەتایبەتی شـەوان کە هیچ تفەنگێک بەو ئاراستـەیەدا نە دەهاوێشـترا ، بـێجگە لەوەی ئەو دوو شـەو لەسـەریەک تفەنگـی بەو ئاراسـتەیەدا هاوێشـت کەس وەڵامـی نەدایەوە ،

نەشیدەزانی مەسەلە چیە ، ئەگەرچی دوور بە دوور جارێک قافلەی ئۆتۆمبێلەکانی بینی بوو ، بەڵام پێی خۆش نەبوو دەست لەو کار و بارانە وەربدات . بۆیە ڕۆژێک بڕیاریدا بە شاخەکەدا هەڵگەڕێ و بچێتە سەرەوە . بەیانیەکیان مەڕ و ماڵاتەکەی بردە بناری چیاکە و بەخۆی بەو گەریەدا هەڵگەڕا کە مام تاوێر و سیاوەش پێیدا هاتوو چۆیان دەکرد ، بۆ ئەوەی هەم چاوی لە ماڵاتەکە بێ ، هەمیش سۆراغی هاوڕێکانی بکات . کە گەیشتە ئەشکەوتەکە و ئەو هەموو چاڵەی بینی ، لە دەوروبەری لێدرابوو ، لەگەڵ شکانی لایەکی ئەو بەردە گەورەیەی بە دەرگای ئەشکەوتەکە وەندرابوو ، سەری سوڕما . پاشان کە بە قادرمەکەشدا چووە خوارەوە ، بۆی دەرکەوت ئەم ئەشکەوتە گەنجینەیەکی گرانبەهای تێدابووە و بردیتیان ، لەبەرەخۆی بێ ئەوەی ئاگای لە حاڵی مام تاوێر بێت گووتی مام تاوێر من لەسەرەتاوە سیاوەشم نەدەکەوتە بەردڵی ، بەڵام تۆ بۆ ؟ خۆ هیچم لێت نەدەویست لە دۆستایەتی زیاتری لێ بترازێ ، کە لەلای من بە نرختترین گەنجینەیە ، هەرنا کە ئێرەت بەجێهێشت ماڵئاواییت لێم بکردبا.

****

مام تاوێر بێ ئەوەی لەو کونە ڕەشەی زیندان بزانێ ڕۆژە یان شەوە کاتەکانی دەبردە سەر ، سااڵێک بوو بێ ئاگا لە

دونیای دەرەوە دەژیا . لەبن دەرگا خواردن و ئاویان پێدەدا و لە ناو دەببەی ئاوی مقەتەر میزی دەکرد ، ڕۆژی جارێکیش بۆ ماوەی چارێگێک دەیان بردە ئاودەست . ئەگەر بۆ جاری دووەم پیساییشی بە خۆیدا بکردبا کەس بە هانای وەنەدەهات. جار جار زیندانی تری دەبینی لە کاتی چوونە سەر ئاو ، بەڵام نەدەبوو قسەیان لەگەڵ بکات . دوای ئەم ساڵە بەرپرسەکە بە تاوانی فرۆشتنی تابووتەکان ڕادەستی دادگای کرد ، دادگاش بێ ئەوەی هیچی بینیبێ بە شاهێدی چەند کەسێکی بە پارەگیراو ، بۆ هەتا هەتایێ حوکمی دا . هەرچەند مام تاوێر لەلای دادوەر هاواری کرد و خۆی لە دار و دیواردا کەس لە یەکەم ڕۆژی دادگاییەکەی تا دواین ڕۆژ گوێی لێ نەگرت . ئەوان داوای شاهێدیان لێ دەکرد ، ئەویش لە شوانەکە زیاتر کەسی تری شک نەدەبرد ، نەشیدەزانی شوانەکەش شتێکی کەم نەبێ بە هیچ لەو سەربردانە نازانێ ، بەڵام نەشیدەوێرا شوانەکە بکاتە شاهێد ئەگەر شاهێدیەکە بە کەلکیشبا ، دەیزانی بەرلەوەی بگاتە دادگا لە ڕێگا شتێکی بەسەر دێنن ، مام تاوێریش لەو جۆرە کەسانە نەبوو لە پێناو ئازادکردنی گیانی خۆی گیانی کەسانی تر بخاتە مەترسی ، بۆیە ئەو حوکمەی بەسەریاندا چەسپاند قبوڵی کرد ، لە قوڵاییەوەش هەستی بەمەکردبوو ، ئەو مەسەلەیە لە سەرووی دادگاوەیە، دادگایی کردنی ئەو زیاتر بۆ داپۆشینی فرۆشتنی تابووتەکانە بە دەستی بەرپرسەکە . ئەوان دەیانویست فرۆشتنی ئەم تابووتانە بە مل کەسێک دابێنن بۆئەوەی لەسەر خۆیان

لابچێت بەر لەوەی ئاشکرابێت ، لەو حاڵەتەش لە مام تاوێر باشتر نەبوو ، کە بە دەستی خۆی شوێنی ئەم تابووتانەی دۆزیبۆوە . هەر بۆیەش لەسەرەتاوە نەیاندەویست لە ناوی ببەن . حەفتەیەک دوای حوکمدانی مام تاوێر و گواستنەوەی بۆ زیندانی مەحەتە کە زیندانی گەورەی شار بوو ، بەرپرسەکە بیری لە کوشتی سیاوەش کردەوە ، چونکە تاکە کەس بوو بە هەموو شتێکی دەزانی ، بەڵام سیاوەش لەوە زیرەکتر بوو بکەوێتە ئەم داوە ، چونکە ئەو بێجگە لەوەی ناوی خۆی گۆڕی بوو ، ماڵیشی گواستبۆوە لەو گەڕەکەی پێشترێ لێی نشتەجێ بوو ، هەروەها بەشێوەیەک گۆڕانکاری بەسەر شکل و جل و بەرگیشی هێنابوو بۆ ئەوەی نەیدەناسیەوە ، واش بەناو خەڵکیدا بڵاوی کردبۆوە گوایە ئەو لەو گەڕەکە باریکردووە چۆتە دەرەوەی وواڵات .

ڕۆژێک بەرپرسەکە چەند پیاوکوژێکی خۆی نارد لە ناوی ببەن . ئەو پیاوانەش دەستیان بە گەڕان کرد بە دوای سیاوەشدا ، بەر لە هەر شوێنێک چونە ئەو گەڕەکەی پێشترێ ماڵی لێ بوو ، کە کەوتنە سۆراغی و لەجیران و دەوروبەریان پرسی ، وا هەواڵەکە بڵاو ببۆوە ئەو پیاوە هەر بەڕاستی بە خۆی و بە خێزانەکەی چۆتە دەرەوەی وواڵات ، کەسیشیان لێرە نەماوە . کە پیاوکوژەکان ئەم هەواڵەیان بۆ بەرپرسەکە بردەوە ، بەرپرسەکە باوەڕی کرد ، چونکە گومانی نەبوو لە زیرەکی سیاوەش ، ئەو دەیزانی لە دەرهێنانی دەرزیلەی تفەنگەکەوە چەند دووربینە ، کەچی دووبارە ئەویش فریوی

خوارد . چونکە سیاوەش لە وڵات مابۆوە ، پێشی وا بوو چونە دەرەوە فیڵێکی شاراوە نیە ، ئەویش سفاتێکی هەبوو هیچ کات فیڵێکی ئاشکرا و باوی نەدەکرد کەسەکان زوو هەست پێ بکەن ، ئەگەرچی فیڵەکانیشی لە گیان لەسەر دانان نزیک بوون . بۆیەش بەرپرسەکە بۆ یەکجاری وازی لێی هێنا، پشت ڕاست بۆوە لەوەی ئەم پیاوە لەم وولاتە نەماوە و ناشیەوێ جارێکی تر بگەڕێتەوە . ئەو ڕێک وەکو ئەم ڕێویەی کردبوو هەم مریشکەکانی دەخوارد ، هەمیش لە ناو کۆڵێتی مریشکەکان کونی لێدابوو ، بۆئەوەی لەدەرەوە بە دوایدا بگەڕێن .

حەڤدە

شەو خەریک بوو باڵی بەسەر ئەو بەشەی زەویدا دەکێشا ، یەکەمین ئەستێرە دەیویست بەدەرکەوێ ، گڵۆپی بن هەیوان و بن تاق و بنمیچەکان چەند دانەیەکیان نەبێ ، دەنا هەموو پێ کرابوون . ئەردەشێر لە زیندان چاوەڕێ بوو نۆرەی تەلەفۆن کردنی دابێ ، لە مەمەڕی زیندانەکە دەهات و دەچوو ، کارتەکەی ئانیای لە ناو دەست بوو ، لە پڕ یەکێک لە چاودێرەکان بانگی کرد ، بۆئەوەی پەیوەندی بکات ، ئەردەشێر کە چووە شوێنی پەیوەندی کردن دوو دڵی پێوە دیار بوو ، بەڵام لەکۆتاییەکەی لەو شەڕە دەروونیەی تێیدابوو خۆی یەکلایی کردەوە و ژمارەی سەر کارتەکەی لێدا ، هەندەی پێ نەچوو ، ئانیا وەڵامی دایەوە ، گووتی بەڵێ

فەرموو . ئەردەشێر کە گوێی لە دەنگی بوو هەم هەستی بە ترس کرد هەمیش هەستی بە لەزەت ، هەم دەستی دەلەرزی و هەمیش هێزێکی پتەو پاڵی پێوە دەنا بێ باکانە قسە بکات ، بە هەرحاڵ گووتی سڵاو من ئەردەشێرم ، ئانیا دەمێک بێ دەنگ بوو ، باوەڕی نەدەکرد وا بە ئاسانی ئەردەشێر تەلەفۆنی بۆ بکات ، بەڵام وای کرد بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و تۆزێک بە سەرسامیەوە گووتی وای زۆر خۆشحاڵ بووم بە تەلەفۆنەکەت ، تۆ چۆنی ؟ ئەردەشێر وەڵامی دایەوە باشم . ئەی تۆ ؟ ئانیاش هەمان شتی گووت .

ئینجا ئەردەشێر پێی گووت حەزدەکەم قسە بکەین بەڵام ئێرە وەکو دەرەوە نیە لێرە تەلەفۆن بە چرکەیە ، بەرلەوەی کاتەکەشم خڵاس بێ ، دەبێ پێت بڵێم بۆئەوە تەلەفۆنم کرد ئەگەر ئێستاش هەمان حەزت هەیە بۆ چیرۆکی گیرانەکەم ، وەرە من ئامادەم بۆتی بگێڕمەوە . لەگەڵ ئەم هەواڵە ئانیا خەریک بوو باڵبگرێ لە خۆشیان ، لە تەلەفۆنەکەوە دیار بوو چەندین جار لەسەر یەک سوپاسی ئەردەشێری کرد .

گووتی بەم زوانە دێم بە دڵنیاییەوە . لەو کاتە بێ ئەوەی ئەردەشێر شتێکی تر بڵێ چاودێری پەیوەندیەکان ئاگاداری کردەوە، کاتت تەواو لە پڕ تەلەفۆنەکەی دایەخست . ئەردەشێر دوای تەلەفۆنەکە چۆوە ژووری لەسەر جێگاکەی دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە ، نەیدەزانی لەو ئاوە قوڵ و پڕ لە گێژەنە لە کوێوە دەست بەمەلە بکات، ئەگەرچی جوانی و ناسکیەکەی ئانیا پاڵی پێوە دەنا لە هەر کوێیەکەوە بێ چونکە ڕێگای

عەشـقە خۆشـە . ئانیـاش لە ژوورەکەی هەڵسـتابۆوە و بـێ ئـۆقرە دەهـاتوو دەچـوو ، بیـری لە چیـرۆکەکەی ئەردەشـێر دەکردەوە ، لە لای خۆشیەوە دەیگووت دەبێ بەسـەرهاتی ئەم بەندکراوە چۆن بێ ؟ ئایا دەبێ ئەو بەڕاستی بکوژی ئەو ژنە نەبێ ؟

کە تەرمەکەی لەسـەر شـانی بـووە و بـردوویەتیە مـزگەوت ، یان لەو تاوانە گلاوە ، ئێ ئەگەر بەڕاستی بکوژی ئەو ژنەبێت چۆن بۆ منی دەگێڕێتەوە ؟ ئێ ئەگەر تێوە گلاوە بۆ بەرگری لە خۆی ناکات لای دادوەر ؟ ئانیا وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە گوێیان لەم ڕووداوە دەبـوو سـەریان سـوڕدەما ، سـەری سووڕمابوو . کەچی تا دەهاتیش حەزی زیاتر دەبوو بۆ ئەم چیرۆکە لەبەر لایانە شاراوەکانی .

****

لەو زیندانە هەموو ڕۆژی پێنج شەممان مەهاجەی پیاوان بوو، لەو ڕۆژەدا سـەردانیکەرە پیاوەکـان تەنیـا لەو دیـوی قەفەسەکانەوە دەیانتوانی لەگەڵ بەندکراوەکان یەکتری ببینن، دەشبوا هەر لە کەلەنی قەفەسەکانیشەوە یەکتری ماچ بکەن و دۆقە لەگەڵ یەک بکەن نەوەک تێکەڵ بن .

بەڵام لە مەهاجەی ژنان وانە بوو ، مەهـاجەی ژنـان ڕۆژی دووشـەممان بـوو ، لە گۆڕەپـانی بەنـدیخانەکە هەر سـەردانیکەرێکی ژن دەهـات دەیتـوانی لەگەڵ کەسـە

بەندکراوەکەی دابنیشێ و بە ئازادی گفتوگۆبکات و یەکتری ببینن . بەهۆی ئەوەی گۆڕەپانەکە ڕۆژی لێدەدا ، مەهاجەش لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا یەکی نیوەڕۆ بوو ، هەندێک کەپریان دروست کردبوو بە کارتۆن و غەڕە ، ئەو کەپرانە هەندێکیان دەرگاشیان بۆ کرابوو ، دەیانتوانی لەسەر خۆشیان دایبخەن ، کە گەورەییەکەی مەتریک بە دوو مەتر دەبوو ، لەبەرئەوەی هەندێک لەو زیندانیانە خێزانداربوون و چەندین ساڵیش بوو جووت نەبووبوون ، لەناو ئەو کەپرانە کە دەوروبەریان پڕ بوو لەخەڵک ، تەنیا ئەو کارتۆنە تەنکانەش ڕێگربوو بۆئەوەی نەبیندرێن ، جاری واش هەبوو خەسو یان دایک لەبەر دەرگاکە بە تەنیا دەمایەوە ، لەگەڵ هاوسەرەکانیان جووت دەبوون ، جا بە هەزار ترس و لەرز ، چونکە ئەم کارە لە یاسای بەندیخانەکە ڕێگە پێنەدراو بوو . ژن هەبوو بوکی حەفتەیەک بوو کەچی هاوسەرەکەی بە ئەنجامدانی تاوانێک بیست ساڵ حوکم درابوو ، دەبوا ئەمیش لەگەڵ ئەو ئەو حوکمە بکێشێ ، نەدەبوا لێشی جیابێتەوە .

جا هەندێکیان ماڵەوەیان لێ نەدەگەڕان چونکە پێیان وابوو جیابوونەوە شورەییە ، هەندێکیشیان پیاوە بەندکراوەکانیان هەڕەشەیان لێدەکردن دوای بەربوون هەر دەیانکوژن ئەگەر ئێستا داوای جیابوونەوەیان لێبکەن ، هەندێکیشیان پێیان وابوو چارەنوسیان بەم شێوەیەیە و تاڵ یان شیرین دەبێ

قبوڵی بکەن ، تاک و تەراشیان تێدابوو پیاوەکانی خۆیان خۆشدەویست بە هەموو سوێریەکانەوە .
لەناو زیندان دەزاندرا لە ژێر ئەو کەپرانە کاری جووتبوون ئەنجام دەردێ، بەڵام پۆلیسەکان بە مەیاننەدەزانی ، هەندێک لەو زیندانیانەشی هاوسەریان نەبوو ، بە خیلیان بەو کارە دەهات و پێیان ناخۆش بوو کە دەیان بینی دەرگای کەپرێک داخراوە ، بۆیە زۆری نەخایاند بڕیارێک دەرچوو کەپرەکان هەموو تێک بشکێنن .

هەژدە

ڕۆژی دووشـــەممە بـــوو ، ئەردەشـــێر لە بەیـــانیەوە لەنـــاو جێگاکەی هاتبووە دەرەوە ، ئێوارەکەش پاک ڕیشی تاشی بوو چـونکە لەو بەنـدیخانەیە مەهاجەیـان نەدەدا کەسـێک ڕیشـی هاتبێت ، دەبـوا هەمـوو یەکشـەممان بەنـدکراوەکان ڕیشـیان بتاشـن ، بـۆئەوەی ماڵەوەیـان بە غەمبـاری و نـابووتی نەیـان بینن . لە کاتی سەردانیکردنیش چەند بڵندگۆیەکی گەورە لەبەر دەرگـــای هەریەک لە قاوشـــەکان دانـــدرابوو ، بـــۆئەوەی سـەردانیکەرەکان کە داوای یەکێکیـان کـرد بـۆ بینـین ، نـاوی بخوێندرێتەوە و بە ئاسانی بەندکراوەکە گوێی لـێ بـێ و بێتە دەرەوە . مـام تـاوێر لەبـن بەتـانیەکەی ڕاکشـابوو هێشـتا هەڵنەستابۆوە ، ئەردەشێری بینی سەیری پێ هات ، چونکە تا

ئەوکاتە بەم شێوەیە نەیبینی بوو بۆ مەهاجە خۆی ئامادە بکات . هەر بەپاڵدانەوە پێی گووت ها پیاو دەڵێی ژوانت هەیە؟ ئەردەشێر پێکەنی گووتی بڵێم چی وا چاوەڕێم ڕەنگە ئەمڕۆ بێت . مام تاوێر لەگەڵ ئەم قسەیە بەپەلە لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و گووتی وەرە پێش ، تا ئەردەشێر گەیشتە لای دەستی لە جانتاکەی پشت سەری ڕاکرد و بۆنێکی دەرهێنا ، پاشان چەند پەمپێکی لەم لاو لەولای یەخەی کراسەکە و بن گوێی دا و پێی گووت من پیرم و ڕەنگە زۆریشم نەمابێ لە ژیان ، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە تۆ گەورەترم هەندێک شت هەیە پێویستە پێتی بڵێم . هەرگیز مەچووە لای ژنێک بە بۆنی ناخۆش ، بۆنکردن چونکە یەکێکە لە پێنج هەستەکانی ئینسان و شوێنێکی تایبەتی هەیە وەکو بینین ، بەکەمی مەزانە . ئەگەر کەسێک شێوەشتی بە دڵ نەبێ ، دڵنیات دەکەمەوە هێشتا چوار هەستی تر ماوە وەکو چوار دەرفەتی جیاواز لە پێشت، کە خەڵکی کەمتر لەڕێکخستنی ڕووخساریان گرینگی پێدەدەن، چونکە زیاتر تەرکیزیان لەسەر بینینە . نازانن مرۆڤ ئەگەر قەڵایەک بێ جوانی تەنیا دەروازەکەیەتی ، کە پێیدا چوویە ژووری لێیت دیار نامێنێ ، تا جارێکی تر دێیتە دەرەوە .

مام تاوێر لەو قسانە بوو ناوی ئەردەشێر خوێندرایەوە ، بەر لە ئەردەشێر مام تاوێر هەڵستایەوە سەرپێ، پیلی ئەردەشێری گرت و لە شوێنەکەی خۆی هەڵیستاندەوە گووتی برۆ دڵنیابە خۆیەتی . ئەردەشێر سەری سووڕما لەو هەڵسوکەوتەی مام تاوێر بۆیە پێش ئەوەی بڕوا گووتی دەکرێ پرسیارێکت

لێبکەم ؟ مام تاوێر گووتی فەرموو ئەردەشێر گووتی بۆ وا دڵت خۆشە ؟ مام تاوێر فرمێسک لە چاوەکانی قەتیسمان لەگەڵ ئەو قسەیە گووتی کێ هەیە دڵی بە خۆشەویستی خۆش نەبێ ؟ بڕۆ کات درەنگە ، بۆ ڕاوەستاوی ، شانی ئەردەشێری گرت و لەگەڵی ڕۆیشت تا بەردەرگاکە ، چەند جارێکی تریش لەسەریەک دووبارەی کردەوە بڕۆ با دوانەکەوی کات درەنگە ، بڕۆ ئەو بەندیخانەیەش بە خۆشەویستیەوە دەبێتە گوڵزار ، پەنجەرەکان بەڕووتدا دەکرێنەوە قەفەسەکان لەمەودوا گەڵایان لێ دەڕوێ ، دڵدارەکان وەکو بولبول تێیدا دەخوێنن ، لە ڕێگای خۆشەویستی مەترسێ هیچ درندەیەکی لێنیە . ئەردەشێر گەیشتە مەمەڕەکە مام تاوێریش بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ ووشەی سەیر و سەمەرە و شاعیرانەی لە دەم دەهاتە دەرەوە ، بەم وورتە وورتە گەڕاوە نزیک جێگاکەی خۆی ، ویستی دابنیشێ نەیتوانی لەبەر بێ ئۆقرەییان ، ڕووحی خەریک بوو ئەو جەستە پیر و شەکەت و ماندوەی بەجێبێڵێ و لە پەنجەرە بڵندەکانەوە وەکو کۆترێک خۆی ئازادبکا و بفڕێ ، ئەو جەستەیەشی کە بە کەلکی هیچ شتێک نەمابوو بۆ بەڕێوەبەری بەندیخانە و پۆلیسەکان بەجێبێڵێ .

****

ئەردەشێر کە گەیشتە ناو گۆڕەپانی بەندیخانە بینی ئانیا هاتۆتە سەردانی ، ئانیا پرچی لە پشتەوە بەستابوو ، بانتۆڕێکی ڕەش و بەدیەکی سووری لەبەربوو ، شان و ملی نیوە ڕووت بوو ، کە چاوی بە ئەردەشێر کەوت لێی نزیک بۆوە و دەستی بۆ دۆقەکردن ڕەوان کرد ، ئەردەشێریش دەستی گرت و بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد ، ئینجا چوونە گۆشەیەک و بەیەکەوە دانیشتن ، ئانیا سەیری بەو دیمەنەی ناو گۆڕەپانەکە هات کە بینی ئەو هەموو ژن و پیاوە بەیەکەوە دوو دوو و سێ سێ لەسەر زەویەکە دانیشتوون ، لێکڕا قسە بۆ یەکتری دەکەن و غەربە غەربی تێکەڵ بوونی دەنگیان گۆڕەپانەکەی داگرتووە ، کە هەر لە ڕۆژی مەحشەڕ دەچوو لەکاتی بەیەک گەیشتنەوەی مردوو و زیندووەکان .

هەندێک بەندکراو لە ناو گۆڕەپانەکە ئینسانی قەرپ و بلع بوون ، کاتێک ئەردەشێریان بینی کچێک هاتۆتە لای بە خیلیان پێ بەرد ، بە ئەنقەست بە دەوروبەریاندا دەستیان بە هاتو چۆکرد بۆئەوەی ئارامی لێ تێک بدەن . ئەردەشێریش بەم هەڵسووکەوتەیان دڵگران بوو . ئانیاش هیچ لەم مەسەلانە ئاگادار نەبوو بە ئەردەشێری گووت بەڕاستی دڵت خۆشکردم کاتێک ڕازی بووی بەسەرهاتی گیرانەکەت بۆم بگێڕیەوە . ئەردەشێر وەڵامی دایەوە و گووتی ئانیاخان من تا ئێستا قسەم بۆ دادگاش نەکردووە ، کە بۆ تۆی دەکەم شتێکیترە ، نازانم چۆن چیرۆکەکە دادەڕێژیەوە لە ناو ڕۆمانەکەت ، بەڵام من پێت دەڵێم ئەو مەسەلە خەتەرناکە . ئانیا لەوکاتە قسەکەی

حاکم عبدلرەحمانی بەبیرهاتەوە کە گوتبووی ئەو پیاوە هیچ وەڵامی دادگاش ناداتەوە . بۆیە بۆئەوەی زیاتر لەو بارەیەوە نەدوێ و هەڵەیەک نەکات ئەردەشێر دوورخاتەوە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە ، پێی گووت پێت چۆنە دەست پێبکەین ؟ ئەردەشێر گووتی لەکوێوە ؟ ئانیا گووتی لەم شوێنەوە کە یەکەم جار هاتمە لات گووتت هەستدەکەم هەموو سیفاتی ئەو بەندکراوانە ویراسەیە بۆیان ماوەتەوە .

وە گووتیشت لەم ڕوویەوە هەموو کات بەسەرهاتی باپیرم کێشەم بۆ دروست دەکات بۆئەوەی نەتوانم بڵێم سەدا سەد ئەم بۆچوونە ڕاستە ، بەڵام کە داوام لێکردی بۆم بگێڕیەوە تۆ گووتت کاتی نیە ، ئەم بەسەرهاتە دوور و درێژە . ئەردەشێر کە گوێی لە ئانیا بوو بەم شێوەیە دەدوێ سەیری پێهات چونکە بە خۆی لە دەرفەتێک دەگەڕا چیڕۆکەکە درێژ بکاتەوە، کەچی ئەوەتە ئانیا بە خۆی ڕێی پێ نیشان دەدات .

لەوە باشتریشی قەت دەست نەدەکەوت ، بۆیە بەهەڵی زانی و ڕاستەوخۆ چووە ناو بابەتەکە و گووتی گوێ بگرە بەو هیوایەم گێڕانەوەکان بێزارت نەکەن . ئانیا گووتی نا بەپێچەوانەوە من حەزم لە گوێ گرتنە و بە ویستی خۆم ئەم ڕێیەم هەڵبژاردووە . ئەردەشێر گووتی بابی باپیرم پێنج ژنی هێنابوو ، باپیرم لە ژنە هەرە بچووکەکەی بوو ، ئەوانە هەموویان لە گوندێک دەژیان بەناوی خەزنە ، ئەو گوندە کەوتبووە بناری چیای قەرەچوغ . ناوی ئەو چیایەش وەکو هەموو ئەو گوندانەی ناوی تورکیان لێندرابوو وەکو ئێدی

قـزڵەر و، کە نـاوەکەی لەسـەر زاری خەڵـک گۆڕابـوو پێیـان دەگوت ئێدی قزدەر ، وەکو قۆیننناخ ، کە پێی دەگوترا قونیان ، دەگەڕاوە بۆ داگریکاری عوسمانیەکان . ئەو چیایە لە دووڕا کە سـەیرت دەکـرد بچـووک بـوو لە چـاو چیـای سـەفین و چیایەکانی تر ، بەڵام هەمیشە ڕەش دەچۆوە هەر بۆیەش ئەم نـاوەی لێنـدرا بـوو " قەرە چـۆغ ، واتە زۆر ڕەش " . کە دەچـوویە ناویشـی ئەوەنـدە عاسـێ نەبـوو کەس بزانـێ، بە هەزاران ئەشکەوتی لێ بوو ، پڕبوو لە داری قەزوان و تووی کیوی و ترشـۆکە ، هـیچ ئـاوێکی لـێ نەبـوو ، تـاک تـاکە کـانی نەبێ، یان ئەو قۆرتە بەردانەی بە زستان باران پڕی دەکردن. چەنـدین گیانـداری کێـوی تێیـدا دەژیـان ، وەکـو مـامز و کەرووێشـک و گـورگ و کەوتیـار و ڕێـوی و سـیخوڕ . زڕبرایەکانی باپیرم سەر و پەیوەندیان لەگەڵ ئاغاکان هەبوو ، باپیرم وەک دەگێڕنەوە ئەمەی پێ خۆش نەبووە ، زانیویەتی ئاغاکـان سـتەم لە خەڵکی خـوار خۆیـان دەکەن ، ڕۆژێـک لە گەڵیـان کـۆدەبێتەوە و پێیـان دەڵـێ ئێـوە دەوڵەمەنـدن ، بە هەزاران دۆنـم عەردتـان هەیە ، بـۆ واز لەو خەڵـکە هەژارە ناهێنن و سااڵنە زیاتر لە بەشێک لە داهاتەکانیان دەگێڕنەوە ؟ بـۆ بە سـوک لە سـەپان و ڕەنجبەرەکانتـان دەڕوانـن و سوکایەتیان پێ دەکەن و لێیان دەدەن ؟ بۆ کە سـەگێک یـان گوێدرێژ و ئەسپێکی لە ئێوەیان باشتر هەبێ لێیان دەستێنن ؟ جا گەلێک قسەی تری وا . ئەوانیش لێی تـووڕە دەبـن و بـێ بەشـی دەکەن لەو میـرات و عەردانەی لە باوکیـانەوە بۆیـان

مـــابۆوە . دووچـــاری هەژاریەکـــی وای دەکەن موحتـــاجی دەســتیان بــێ ، ئەویــش مەردانە ســەریان بــۆ نەوی ناکــا و دەستی پیرە دایکەکەی خۆی دەگرێ و ئەوەندە بوخچە و بزگـورِەی دەیبـێ لە پشـتی گـوێ دریژێـک بـاری دەکـات و هەموویان بەجێدێڵێت ، دەچێتە گوندی گردی گۆم ، کە دوو کیلێمەترێـک لەو گونـدەوە دوور دەبـێ . لە ڕۆژئـاوای ئەو گونـدە بـارگە و بـنەی دادەکـوتێ ، لەوێ خـانویەک لە قـورِ دروستە دەکات ، خەڵکی ئەو گوندە زۆربەیان هەژار نشین دەبن . کە دەزانن باپیرم لە براکانی و ئاغاکان یاخی بووە ، خۆشیان دەوێ . ئەویش ڕۆژانە قسەیان بۆ دەکات لە بارەی کـار و بـاری ئاغاکـان و هۆشـیاریان دەکـاتەوە ، پێیـان دەڵـێ ئەگەر ئێوە ئیش و کارەکانیان ڕانەپەڕێنن ، بە ئاسانی پەکیان دەکەوێ . چـونکە بە خۆیـان لەو جـۆرە مرۆڤـانە نـین بتـوانن داریک لەسەر بەردێک دابنێن . واچـاکە هەمـوو شـتێکیان لـێ قبوولْ نەکەن . باپیرم کە دەچێتە ئەو گوندە دەست بە ئیشـی ئاسـنگەری دەکـات ، واز لە چانـدن و درووێـنە دەهێنێـت ، چـونکە ئاغاکـان هەمـوو زەوی و زارەکانیـان خسـتبووە ژێـر ڕکێفـی خۆیــانەوە . بـۆیەش باپیرمیــان پەڕاوێــز خســتبوو بۆئەوەی ڕۆژێک ملکەچیان بێت ، باپیریشـم بەو ئیشـە نـوێیە کە لە هـیچ گونـدێک کەس نەیـدەزانی ، وای کـرد پیلانەکەیـان سەرنەگرێ . ئەو کەل و پەلانەی ئەو ڕۆژگارە پێویست بوون دروستی دەکرد ، وەک مەسینە و کەندو و سۆبەی داریی و گاسـن و داس و عارەبـانە ، کە ئەو کـاتە لە دوای ئەسـپ و

گوێدرێژەکان دەخسترا ، بۆ کاروباری ڕۆژانە و بەقاڵی . ئەمەش وادەکات براکانی و هەموو ئاغاکانیش ئیشیان پێی بکەوێت و بێنە بەردەرگای ، بەڵام باپیرم خۆیان لێ بە دوور دەگرێ ، چونکە دەزانێ ئەوان لە هەر دەرفەتێکدا ئەگەر نەتوانن بۆ لای خۆیان ڕایکێشنەوە ، ئامادەن لە ناوی ببەن . تا جارێکیان یەکێک لە ئاغاکان دەچێتە لای و پێی دەڵێ ئێمە لەمێژە خزمین و پێویست ناکا بەم شێوەیە خۆت لێمان بە دوور بگری و قسەش لەگەڵ براکانت نەکەی . وەرە با هەرچی لەبەینمانە نەیهێڵین و بگەڕێوە خەزنە . چەند دۆنم عەردیشت دەوێ پێت دەدەین . دیارە ئەوکاتەی ئاغاکە سەردانی کردووە نیوەڕۆ بووە ، باپیریشم لە ووەڵامدا پێی دەڵێ ئەوەی ئەمنی لە ئێوە و براکانم تووڕە کرد ، حەقی تاکە کەسی خۆم نەبوو ، ئەو زوڵمە بوو ئێوە بەردەوام لەو خەڵکە هەژارەی دەکەن . ئاغاکە هەرچەند هەوڵی لەگەڵ دەدا بە هیچ ئەنجامێک ناگات . تا لە باپیرم تووڕە دەبێ و نان ناخوات ، لەبەر دەرگاش دەڵێ ئەو ڕێگایەی تۆ هەڵتبژاردووە سەر تێیدا سەلامەت نابێت . باپیریشم ئەو قسەیە بە هەڕەشە دەزانێت و لە ووەڵامدا دەڵێت من تفەنگێکی "کچکچاپم" هەیە لەگەڵ چەندین پاکەت فیشەک هێرش ناکەمە سەر کەس ، بەڵام ئەوەی هێرشم بکاتە سەری ئامادەم بەو تفەنگە کەللەی سەری کونکەم . بەو هیوایەم ئەوەش بە هەموو ئاغا و گەورە پیاوەکانتان ڕابگەینی . بەم شێوەیە نێوانیان تا دێ ناخۆشتر دەبێ ، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێ باپیرم

دەرگـای بـۆ هەمـوو کەس کـراوەیە و هەر ڕێبوارێـک ڕێـی بکەوێتە ئەو گوندە بەر لەوەی بەوێدا تێپەڕێت لادەداتە لای و لە لای دەبێتە میـوان ، تـا دێتـیش نـاو و ناوبـانگی بە هەمـوو لایەک دا بڵاو دەبێتەوە ، ڕێبوار نامێنێ نان لەماڵی نەخوات و بەقاڵ نامێنێ دەسـت و چەکوشـی ئەو پیـاوە بە عارەبـانەکەی نەکەوێت . دەڵێن ئەوەندەش چاوی تێر بووە هەموو سبەینان و نیوەڕۆیان کە نان داندراوە ، هاتۆتە بەر دەرگا و لە هەموو ڕێیەکانی ڕوانیـوە بزانـێ ڕێبوارێـک یـان بەقاڵێـک دیـارنیە بـۆ ئەوەی بـانگی بکـات بـۆ نـان خـواردن . لەوکـاتەی ئەردەشـێر خەریکی گێڕانەوەبـوو ، ئانیـا لە قسـەکردن وەسـتاندی و لێی پرسی باشە باپیرت ژنی نەهێنابوو ؟ ئەردەشێر گـووتی بەڵـێ بەڵام ژنهێنانەکەشـی بە کێشـەبووە ، دەگێـڕنەوە کاتێـک ئەو منداڵ بووە کچە پلکێکیان لەسـەر پشتی لانک لێ مارە کردووە، خوشکێکی گەورەشی هەبووە دایتیانە برای ئەو کچەی سـەر لانـک ، واتـا گەورە بە گچکەیـان پـێ کـردوون ، پاشـان گەورەکان ڕۆژێک نیشان دەکەن خوشکە گەورەکەی باپیرم بۆ برای کچەکە بگوازنەوە ، دوای ئەوەی چەند ژن و پیاوێکی بە تەمەنی هەردوو لا دەچنە هەولێر بـۆ کڕینی کەل و پەلی بووکێنی ، چەند شەو و ڕۆژێکیان پێدەچێ ، کە دەگەڕێنەوە دەبیـنن شـتێکی نـاخۆش و چـاوەڕوان نەکـراو ڕوویـداوە ، خوشـکەکەی بـاپیرم کـت و پـڕ کـۆچی دوایـی کـردووە و بەخاکیشیان سپاردووە ، دەگێڕنەوە ئەوکاتە نەخۆشیەک بەو نـاوچەیەدا بڵاوبـۆتەوە ، خەڵـک لەپـڕ دەکەوتـنە نـاو جێگـا و

زۆری نەدەخایاند دەمردن ، پێیان دەگوت "تاعوون". باپیریشم لەبەر ئەوەی خوشکی تری نەبووە ، گەورەکان ویستوویەتیان ئەو مارەییە هەڵوەشێننەوە ، بەڵام چونکە باپیرم و کچە پلکەکەی کە گەورەبووینە دڵیان بەیەکتریەوە بووە ، باپیرم پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی هەر ئەو کچەی لێیان مارەکردووە بیدەنێ . مااڵی باوکی کچەکەش نەیانداوەتێ. باپیرم و کچە پلکەکەشی بەڵێنیان بە یەکتر داوە هەربۆیەک بن، چواردەساڵ ئەمە درێژەی کێشاوە، تا لە کۆتاییەکەی باپیرم بە تەمەنێکی گەورە ، دەزانێ هەر نایدەنێ، سواری ئەسپەکەی دەبێت و دەچێتە گوندی مەالقەرە کە مااڵی پلکی لێ دەبێ ، ئەو گوندەش نزیکەی پێنج شەش کیلۆمەترێک لەگوندی گردی گۆمەوە دوور دەبێ و گوندێکیش دەکەوێتە نێوانیان بەناوی حەسەن بەگ ، بە هەرشێوەیەک بێ لەسەر بیر کچەکە دەبینێ ، قسەی لەگەڵ دەکات و پێی دەڵێ خۆت دەزانی گەورەکان لەو کارە هەڵەن ، چونکە ئێمە هیچ خەتایەکمان نیە ، لەوەی ئەو خوشکەی لە برای تۆ مارەکراوە مردووە ، ئێ منیش هەر ئەو خوشکەم هەبوو ، کەسیتریشمان نیە تا بە براکەت بدەین ، خۆشت دەزانی ئەوان هەر پێداگرن لەوەی ئەو مارەییە هەڵوەشێننەوە ، ئێ ناشکرێ ئێمە هەر بە دیار ڕقەکانی ئەوانەوە دابنیشین ، ئەگەر منت خۆشدەوێ وەرە بەیەکەوە بڕۆین ، هیچ شەرمێکیشی تێدانیە ، چونکە ئێمە دەمێکە لێک مارەکراوین ، کچەکەش کەسێکی لەسەرخۆ و بە بڕیار دەبێ ، ئەو ڕۆژە پێی دەڵێ پەلە مەکە ئەمجارەش

بە گەورەکان دەڵێینەوە ، ئەگەر هەر ڕازی نەبوون شەرت بێ لەگەڵت بێم. ئینجا باپیرم بە ئەسپەکەی دەگەڕێتەوەو دووبارە گەورەکان دەنێرێ بۆئەوەی ئەو کچەی دەمێکە لێی مارەکراوە بۆی بێنن ، دووبارە گەورەکان دەچنەماڵی کچە پلکەکەی و دوای دانیشتن و چا خواردنەوە نیازی خۆیان دەدرکێنن ، کەچی ماڵی باوکی کچەکە هەمدیسان ڕازی نابن کچ بدەنە کەسێک کچی ئەوانیان لا نەبێ ، هەرچەندە ماڵی باپیریشم ڕێیەکی تریشیان دەخەنە بەردەم و پێیان دەڵێن دەست لەسەر کام کچ دادەنێن ئامادەین بە ماڵ بۆ کوڕەکەتان بێنین . ئینجا دووبارە بە دڵشکاوی دەگەڕێنەوە ، تا ڕۆژێکیان بەر لە ڕۆژ ئاوابوون ، باپیرم تفەنگ و تاخمی لە خۆی دەبەستێت و بە سواری ئەسپەکەی دەچێتە نزیک ئەو گوندەی ماڵی پلکەکەی لێ بووە ، هەرچەند چاو دەگێڕێ ، چاوی بە دەستگیرانەکەی ناکەوێ، ناچار دەچێتە ناو گوند ، خەڵکەکە بە ئاشکرا دەیبینن، دەستە خوشکەکانی دەستگیرانەکەشی کە باپیرم دەبینن ، بە پەلە خۆیان دەگەینەنە لای کچەکە پێی دەڵێن هەستە سوارچاکی خەونەکانت هاتووە ، کچەکەش یەکێک لە دەستە خوشکەکانی ڕادەسپێرێت و پێی دەڵێ برۆ پێی بڵێن ئەم شەو لەگەڵ مانگ هەڵاتن لەسەر بیر چاوەڕێم بکات دێم . ئینجا دەستەخوشکەکەشی کە ئەمە بە باپیرم ڕادەگەینێ ، باپیرم دەچێ لە یەکێک لە کەندەکانی ئەو ئاقارە ئەسپەکەی ڕادەگرێت و خۆی مات دەکات بۆئەوەی شەو دابێ .

ئینجا کە تاریکی باڵ بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشێت و ڕۆژیش لە سووچێکەوە ئاوادەبێت ، باپیرم ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و سەیری ئەو سووچەی ئاسمان دەکات کە مانگ لێیەوە هەڵدێ بۆئەوەی لە ڕێی هەڵاتنی ئەو مانگەوە بە مانگەکەی خۆی بگات ، لەوکاتەی ئەردەشێر ئەم قسەیەی کرد سەیری ناو چاوەکانی ئانیای دەکرد ، ئانیاش گوێی شل کردبوو ، هیچ هەستی بەوە نەدەکرد هاتۆتە زیندان و مەهاجەی بەندکراوێک ، ئەو لە ناو دیمەنەکانی چیرۆکەکە نقوم ببوو ، ئەردەشێر گووتی ئینجا باپیرم کە مانگ دەبینێ لە سوچێکی ئاسمانەوە بە گەورەیی لەو کاتەی تازە هەڵدێ ، خۆێ خڕدەکاتەوە و سواری ئەسپەکەی دەبێ ، بە حەزەرەوە خۆی دەخزێنێتە سەر بیرەکە . دوای کەمێک چاوەڕوانی کچەکە دێت و بە پەلە دەستی دەگرێت و لە پشتە خۆی سواری دەکات ، پاشان قونپانی کراشەکانی لە تەنگەی ئەسپەکە دەدات و ئەسپەکە دەحیلێنێ ، پاشان هەڵدەستەوە سەر هەردوو پێیەکانی پشتەوە و وەک بروسک دەردەپەڕێ، کەس و کاری کچەکەش لەو وەختە پێدەزان و بە ئەسپەکانیان دەکەونە دوای باپیرم ، ئەویش ڕاناوەستێ تا نزیک کەندەرانەکانی بەینی حەسەن بەگ و گردی گۆم ، لەوێ دەزانێ لە دوای نابنەوە ، لێیان دێتە خوارێ و سێ چوار تفەنگیان پێوە دەنێ ، لەو کاتەش هەست دەکات کچەکە پێی ناخۆشە تەقە لە کەس و کاری بکات ، پێی دەڵێ غەمت نەبێ ئەزیەتیان پێ ناگەینم ، ئەوانە خزمی خۆمن و کەسی تۆن ،

بەڵام دەمەوێ بیانگەڕێنمەوە هەر ئەوەندە . لەو کاتەش کەس و کاری کچەکە خۆیان دەدەنە پاڵ گردۆڵەیەک و بە دڵ تەقە دەکەن ، هەندێک لە گوللەکانیان گززەی دێ بەسەر سەری باپیرم و دەستگیرانەکەیدا . بەڵام دوای تەقوتۆقێکی زۆر دەبینن باپیرم مەبەستی ئەوەنیە لێیان بدات ، ئەوانیش پیاوی بە غیرەت و بە هەڵوێست دەبن ، لەناویان دا یەکێک قیت دەبێتەوەو بەوانی تر دەڵێ کورپینە تەقەکانتان ڕاگرن ، بڕوا بکەن لەو پیاوە مەردانەترمان بە دەست ناکەوێ خوشکەکەی خۆمانی پێ بدەین ، لەو خوشکەی خۆشمان ئاقڵتر نیە دەست بەرداری پیاوێکی وا نەبووە ، خوشکەکەمان لای ئەم پیاوەبێ شەرەفە بۆ ئێمە . ئەو پیاوە لە ئێستاوە هەموومانی خۆشدەوێ ، بەم کارە هاتووە لەگەڵمان خزمایەتی نوێبکاتەوە، کەچی ئەوە ئێمەین دەمانەوێ ناخۆشی بکەین ، ئەو یەک گوللە چیە بە ڕووی ئێمەدا ناتەقێنێ ، هەمووی بە بڵندیدا داوێ ، لەکاتێکدا خەریکە ئێمە دەیکوژین . بگەڕێنەوە قبوڵ ناکەم یەک کەسیتر تەقەی لێ بکات ، ئینجا بۆئەوەی باپیرم بەوە بزانێ دەیانەوێ بەڕێی بکەن، دوای ئەوەی تەقە ڕادەگرن حەریقێک بەسەر سەریدا داوێن ، باپیریشم لەوە دەگات و دەستی کچەکە دەگرێت و بەیەکەوە سواری ئەسپەکە دەبن و دەڕۆن. هەر ئەوشەوە باپیرم بەخۆی و بە دەستگیرانەکەیەوە لە ماڵێ نزیک دەبێتەوە ، کە دەیەوێ بچێتەوە حەوشە دەبینێ دایکی چاوەڕێی دەکات ، دایکیشی کە دەبینێ کچە پلکەکەی لەگەڵ خۆی هێناوە سەری سووڕدەمێنێ و پێی دەڵێ ، ئەو

تەقانە لەگەڵ تۆ بوو وایە ؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ بەڵام غەمت نەبێ کەس زیانی پێنەگەیشتووە . دایکیشی زۆر لۆمەی ناکات، بەهۆی پیری و بێ تاقەتیەوە . کچەکە لە ئەسپەکە دێنێتە خوارەوە و سەری ماچ دەکات و دەڵێ ئێستا تۆ بوکی منی بەخێربێی بۆ ماڵەکەمان ، قسەیەک ناکات لە کاتێکی وادا هەستی بریندار بێت ، ئینجا هەندێک کەل و پەلیان بۆ ئامادە دەکات و هەر بەو شەوە دەیانێرێتە چیای قەرەچۆغ ، پێشیان دەڵێت ئاگاداری خۆتان بن بەیانی من دەچمە مەلاقەرە بۆ ئەوەی لەگەڵیان دانیشم و زوو کۆتایی بەم کێشەیە بێنین ، بەرلەوەی کەسێک بەکۆیی بکات و خوێن بڕژێت .

باپیرم و کچەکەش بەو شەوە بێ ئەوەی هەست بە ماندوویەتی بکەن ، سواری ئەسپەکە دەبن و دەچنە بنارەکانی قەرەچوغ . لە شوێنێک لەو بنارە پارچە بەڕێک ڕادەخەن و ئەسپەکە لە بەردێکی گەورە دەبەستنەوە ، پاشان لە گۆمە ئاوێک دەموچاوی خۆیان دەشۆن و ڕوو لە ئاسمان لێی ڕادەکشێن وەکو دوو دڵدار ، تا بەیانی لە باوەشی یەک دەخەون . کە ڕۆژیش بە سەریاندا هەڵدێت و بە خەبەریان دێنێ ڕووەکەنە یەکێک لە گەریە عاسێکان و دەچنە ناو ئەشکەوتێک . حەفتەیەک لێی دەمێننەوە ، دەگێڕنەوە ئەوماوەیە کە لەو چیایە ماونەتەوە لەگەڵ مامزەکان بوونەتە هاوڕێ و هەموورۆژێ کە باپیرم و دەستگیرانەکەی بەیەکەوە بە پێدەشتەکەدا گەڕاون و غاریان داوە مامزەکان بە دەوریانەوە بوونە و لێیان دوور نەکەوتوونەتەوە، کاتێکیش

ئەوێیان بەجێهێشتوە و گەڕاونەتەوە گوند مامزەکان لەگەڵیان هاتوون تا نزیک ئاوەدانی .

****

بـۆ بەیـانیەکەی دایکـی بـاپیرم لەگەڵ یەکێـک لە هـاوڕێ پیرێژنەکـانی سـواری کەر و عارەبـانەیەک دەبێـت و دەچێـتە گوندی مەلاقەرە، لەگەڵ براکانی کچەکە دادەنیشـێ . براکـانی کچەکەش پێی دەڵێن خوشکەکەی ئێمە حەڵاڵی کوڕەکەتان بێ، ئەوەی هەڵە بوو ئێمە بووین چونکە لەگەڵ ئەوەی هەستمان دەکرد یەکتریان خۆشدەوێ بووبووینە ڕێگر لەبەردەمیان . یەکێک لە براکانیشی ئەوەی هەر ئەو شەوەی گووتی تەقەی لـێ مەکەن ، ئەو ڕۆژە دەڵـێ پیـاو ئەگەر هەر بە ڕاسـتی شاسـواری خەونەکـانی کچێـک بـێ دەبـێ وابـێ نەوەک ترسـنۆکانە لەکۆتـاییەکەی بگریـێ و بڵـێ بـۆیەک نەبـوین. ئینجا دایکی باپیرم وەک ئەو کاتە باو بـووە دەڵـێ کامەتـان دەتـانەوێ ژن بێـنن ؟ مـن خەرجیـەکەی لە ئەسـتۆ دەگـرم . هەر ئەو ڕۆژە سـوتفەیەکی سـەیریش ڕووەدا ، یەکێـک لە براکانی ئەو کچە ، کچی ئەو پیرێژنەی لە دڵ دەبێ کە لەگەڵ دایکی باپیرم چۆتە ئەوێ . ئەویش بە دەرفەتی دەزانێت و بە نهێنی بە دایکی باپیرم دەڵێ . دایکی باپیریشـم سـوێند دەخـوا بگەڕێتەوە پـرس بە کـچەکە بکـات ئەگەر ڕازی بێ ، سـەری لەسـەر دانـابێ دەبـێ بـۆ یەک بـن . ئینجـا ئەو ڕۆژە کە

دەگەڕێنەوە دایکی باپیرم بە پیرێژنەکەی هاوڕێی دەڵێت خۆشەویستی چەند جوانە لەیەککاتدا ئەگەر پشتی تێنەکەی و بوێربی لەگەڵی هەموو ماڵەکان ئاوەدان دەکاتەوە ، بەڵام ئەگەر لێی بترسێی و دوو دڵبی تێیدا ، خوێن دەڕژێ و ڕق و قینە جێی دەگرێتەوە . لە هەردوو حاڵەت وەک هەڵگرتنی داریکی سەر بە ئاگر وایە ، بەڕاستی بیگری بەر پێت ڕووناک دەکاتەوە بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە لەگەڵی بجوڵێیەوە دەتسووتێنێ . پیرێژنەکەش بە دایکی باپیرم دەڵێت مەبەستت چیە ؟ من چ لەو قسانەی تۆ تێناگەم ، دایکی باپیریشم دەڵێ کچێ خوازبێنی کچەکەیان کردووی بێ ئەوەی ئاگاشت لێ بێ، کەچی هەر گلەیی دەکەی کچەکەم گەورەبووە و کەس نایەتە خوازبێنی، کچەکەم سەری سپی دەهۆنێتەوە و کەس نایەوێ ، ئەوەتە یەکێک لەو کوڕە خزمانەی خۆم هەر ئەمڕۆ بەنهێنی پێی گووتم دڵم بە کچی ئەم ژنەوەیە کە دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە مەڕبڕینەوە بینیتم . پیرێژنەکە لەگەڵ ئەم قسەیە شاگەشکە دەبێ لێوی دەکەوێتە لەرزە لەرز ، دەڵێ تۆ چیت پێ گووت ؟ دایکی باپیریشم دەڵێ پێم گووت پرس بە کچەکە دەکەم ئەگەر ڕازی بێ کچ کچی خۆمانە . ئینجا پیرێژنەکە دەستی دایکی باپیرم دەگرێت و ماچی دەکات دەڵێ خۆت دەزانی ئەو تاقە کچەم هەیە ، چۆن حەزدەکەم بچمە بەهەشت ئەوهاش حەزم لێیە شووبکات . بڕوابکە لەگەڵ شووکردنی ئەو پشتم لە دونیا دەبێتەوە ئەو کات مردن بێتنیش پێم حەقە.

****

کە دایکی باپیرم و هاوڕێ پیرێژنەکەی دەگەنەوە گوند هاوڕێ پیرێـژنەکەی زوو خواحـافیزی لە دایکـی بـاپیرم دەکـات و دەچێتەوە مـاڵ ، هەرکە پـێ دەخـاتەوە حەوشـە بە دەمـی بە پێکەنیـنەوە قـۆڵی کـچەکەی دەگرێـت و لەســەر ســەکۆی ماڵەکەیان لەلای خۆی دایدەنیشێنێ پێی دەڵێ لە خـۆت خەنـی خوازبێنیان کردووی ، کچەکەش کەناوی گوڵهەنار بـووە ، بە تــامەزرۆییەوە دەڵــێ کــێ ؟ دایکیشــی لەســەری تــابنی چیـرۆکەکەی بـۆ دەگێـرێتەوە ، ئینجـا گوڵهەنـار خەنـدە دێتە سەرلێوی و ڕێک ئەو دیمەنەی دێتەوە بەرچاو کە ساڵی پێرار لەکاتی مەڕ بڕینەوە ئەو کوڕەی بینیـوە ، خەیاڵ دەیباتەوە و هەســت بە عاشــق بــوون دەکــات ، لەشــوێنەکەی خــۆی هەڵدەستێتەوە و دونیا ڕاستەوخۆ بۆ ڕەنگێکی تر دەگۆڕێ ، شتەکان جوان دەبن لەبەر چاوی ، ژیـان لەو چـرکەوە لەلای تام و چێژێکی تر دەدات .

هەر کە ئێـوارە دادێ زوو داوا لە دایکی دەکـات بیباتە مـاڵی یەکێک لە هاوڕێ کچەکانی ، بۆئەوەی هەواڵەکەی پێ بگەینێ و بشـزانێ خەنەی مـاوە تـا لە دەسـت و پێیەکـانی بنێـت؟ کە دەچن ئەو کچە هاوڕێیەی دوو کیس خەنەی دەبێ ، یەکێکیان دەداتە گوڵهەنــار ، گوڵهەنــاریش بە دڵێکــی خــۆش باســی خوازبێنیەکە و بەسەرهاتی باپیرم و هەموو ڕووداوەکانی بـۆ دەکات . ئەو کچەش پەیوەندی لەگەڵ کوڕی یەکێک لە ئاغاکان دەبێ . کە گوڵهەنار و دایکی ئەو شەوە دەگەڕێنەوە ، ئەو کچە هـاوڕێیەی شـەودرەنگ ژوانـی لەگەڵ کـوڕە ئاغـاکە دەبـێ ،

ئەویش بە دڵێکی بێگەرد هەموو ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕیتەوە . کوڕە ئاغاکەش بۆ بەیانیەکەی قسەکان دەگەینێتە دیوەخان و دەکەوێتە سەر زاران ، کە باپیرم کچی پلکی خۆی هەڵگرتووە. ئاغاکانیش بۆئەوەی بەینی ماڵی باپیرم و ئەو ماڵە پلکەی تێکبدەن ، پیلان دادەنێن گوڵهەنار بکوژن ، بۆئەوەی بەڵێنەکەی دایکی باپیرم کە بە کوڕەکەی دابوو ئەو کچەی بۆ بێنێ سەرنەگرێ و دووبارە برینە کۆنەکەیانیش بکولێتەوە کە کاتی خۆی خوشکی باپیرم مردووە و بۆ ئەوان نەبووە کە لەسەری پێداگریان دەکرد خوشکەکەی خۆیان نەدەنە باپیرم . گوڵهەنار بە دڵێکی خۆش ئەو ماوەیە جلی کوردی ڕەنگا و ڕەنگ دەپۆشێت و دەست و پەنجە و پرچی لە خەنە دەنێ ، خەناوکە و گۆبەرۆکە وکرمۆکەی بن مەمکان و ملولەی سەرڕانی بە خۆی وە دەکات . هەواڵەکەش بە ناو گوندا بڵاو دەبێتەوە ، دایکی باپیریشم شوانێک بە دوای باپیرم دا دەنێرێت ، بۆ ئەوەی لە چیا بگەڕێتەوە ، کە شوانەکە خەبەر دەداتە باپیرم و هەواڵەکانی پێ ڕادەگەینێت ، باپیرم بە خۆی و بە دەستگیرانەکەی بە دڵێکی خۆش دەگەڕێنەوە ناو گوند . کە دەگەنە جێ خەڵک لێکڕا ژن و پیاو بە هەلهەلە و گۆرانی بەرەو پیلیان دەچن و پێشوازیان لێ دەکەن ، بەڵام ئەم بەختەوەریە کەم درێژە دەسێنێت .

****

لەو گوندە پیاوێک دەبێ بەناوی فرسەتە کەڕ ، بۆیەش وایان پێ گووتووە دەڵێن ئاغا چی پێ بگووتبا جێ بە جێی دەکرد ، کەچی خەڵک پێیان بگووت با بەردێکمان بدێ سەری خۆمانی پێ بشکێنین نەیدەدانێ ، خۆی وا دەردەخست گوێی لێ نیە . ئاغا لەو گوندە کلکی کەری پێ بڕی بوو ، سەگی نەیارەکانی خۆی پێ ژەهر خوارد کردبوو ، کەڵەبابی پێ دزی بوو ، جاشکی پێ ئەتک کردبوو . ئانیا لەو کاتە بە جواب هات گووتی جاشکی پێ ئەتک کرد بوو یەعنی چی ؟ ئەردەشێر گووتی ئەوکاتە خەڵکی بەتایبەتی گەنجە شوانەکان ئەگەر ماکەرێکیان هەبا ، زۆرجار بەنهێنی لە گەڵیی جووت دەبوون ، گەورەکانیش ئەوەیان دەزانی بەڵام قسەیان نەدەکرد ، بەس ئەگەر کەسێک بچووبا گژ ماکەری کەسێکی تر پێیان وا بوو ئەو کەسە دەستدرێژی نامووسی کردۆتە سەر خاوەن ماکەرەکە ، بۆیە بە ئەتک کردن لە قەڵەمیان دەدا .

ئانیا چاوی زەق هەڵگەڕا لەگەڵ ئەم قسەیە ، ئەردەشێریش بەردەوام بوو لە قسە کردن و گووتی جاشکی ماکەریش وەکو کچێک لێیان دەڕوانی ، هەرکەسێک بچووبایە لای دەستدرێژیەکەیان بە گەورەتر لە قەڵەم دەدا ، لەبەر لە دەست دانی پەردەی کچێنی . تەنیا شوانەکەی خاوەنی بۆی هەبوو بچێتە لای . ئانیا گووتی باشە کەرەکان ئەمەیان پێ خۆش بوو ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ ، ئەگەرنا جووتکەیان دەهاوێشت و ڕانەدەوەستان . باشتێکت بۆ بگێڕمەوە لەسەر ئەوە ، بەو هیوایەم لە چیرۆکەکەی باپیرم دوورمان نەخاتەوە

و بە عەیبیش وەرینەگری ، من بە کراوەیی قسەت بۆ دەکەم . تەمەنم لە دەوروبەری بیست ساڵێک دەبوو ، حەزم دەکرد خەڵک پێم بڵێن ئازایە ، جا بەڕاستیش وابوو ، زۆر ئازابووم لە هیچ نەدەترسام ، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نەبوو دەبوا پەسەندیشم بکەن ، هەموو کاتێکیش لەوە دەگەڕام بزانم مەرجەکانی ئازایەتی چیە ، زۆربەیانم تاقی کردبۆوە ، تا جارێکیان چوومە لای کۆمەڵێک پیرەمێرد کە لە بن دیواری مزگەوت دانیشتبوون لە گوندەکەمان دامەیان دەکرد ، لەگەڵ دامەکردنەکەش باسی کەر و شوانایەتی هاتە گۆڕێ ، دوای گفتوگۆیەکی زۆر گوێم لە یەکێکیان بوو گووتی پیاو نەچێتە لای کەر هەر نابێتە پیاو ، یەکێکیتریشیان گووتی ئەوەی نەچووبێتە لای لە ترسان بووە ، دەنا یەکەم مەرجی ئازایەتی جووتبوونە لەگەڵ کەر ، منیش بە شەرمەوە گووتم چۆن ئەو کارە دەکرێ ؟ هەر هەمان کەس وەڵامی دامەوە و گووتی ئاسانە ، سەرەتا دەست بە بن زگی دابێنە ، پاشان بە سەبری دەستت نێزیک بکەوە لە سمتی ئەگەر کلکی بڵندکرد ئەوە نیشانەی ڕازی بوونیتی ، ئەگەر لاقیشی بڵند کرد لێی دوورکەوە دەیەوێ لوشکە باوێ . لەگەڵ ئەم قسەیە پیرە مێردەکانی تر هەموو پێکەنین. منیش ئەم قسەیەم چووە ئەقڵ، لەو ڕۆژەوە لە دەو کەندەکانی دەووروبەری ئەو گوندە دەستم بە گەڕان کرد بۆئەوەی ماکەرێک ببینمەوە لەگەڵی جووتبم ، ڕۆژێکیان بینیم ماکەرێکی قاوەیی بن زگ سپی لە نزیک کەندەرانێک بەستراوەتەوە ، منیش چوومە لای ، سەرەتا

نەموێرا لێی بچمە پێش بەڵام دواتر بە سەبری دەستم بۆ سەر پشتی برد ، پاشان دەستم لە بن زگی خشاند ، هێشتا دەستم نەبردبوو بۆ لای سمتی کلکی بڵند کرد ، ئەندامی مێیینەی بە دیار کەوت ، منیش ئەوەی پیرەمێردەکان پێیان ئازایەتی بوو کردم ، بەڵام یەک پرسیاری سەیرم لا دروست بوو ، هەموو کاتێکیش کە بە بیرم دێتەوە دووچاری هەمان پرسیار دەبمەوە ، ماکەرەکە بۆ ڕادەوەستا و بە کلک بڵند کردن ڕازیبوونی نیشان دەدا ئەگەر ئەویش پێی خۆش نەبووبێ ؟ ئانیا لەو کاتە سوور هەڵگەڕابوو کە ئەردەشێر ئەم قسەیەی گێڕایەوە ، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا گووتی ڕەنگە خۆشیویستبی . ئەردەشێر لەگەڵ ئەو قسەیە خۆی پێنەگیراو دایە قاقای پێکەنین . ئانیا گووتی چیە قسەیەکی هەڵەم کردووە ؟ ئەردەشێر گووتی نا ، بەڵام خۆم قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە لە خۆشەویستیان ئەو کەرە لەگەڵ من ئەو کارەی کردبێ . بە هەرحاڵ ئێستاش زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر ئەو پیاوە پیرانەی لەبن دیواری مزگەوت دانیشتبوون بەمنیان بگووتبا ئازایەتی ئەوەیە ببیە مۆزیکژەن یان سینەماکار یان ڕۆمانووسێک و شانۆکارێک ، یان کەسێکی زانا و فەیلەسووف و داهێنەر ، بەبڕوای تۆ هەمان شتم ئەنجام نەدەدا وەک ئەوەی بە گوێیان دا چرپاندم لە پێناو ئازایەتی ئەنجامم دا ؟ ئانیا گووتی بە دڵنیاییەوە بەڵێ . ئینجا ئەردەشێر گووتی کەواتە لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەو ژینگەیەی لێی دەژین گرینگە . ئاخەر ئەوانە منیان کردە چ ؟

هیچ ، لەسەر شێوەی خۆیان کۆپیان کردم . بە دڵنیاییەوە تۆی دڕکیش بە خاک بسپێری هەر دڕکی لێ شین دەبێتەوە ، ئێستا پەیم بەو شتانە بردووە ، ئەگەر لەمەودوا هەوڵ بدەم ڕێیەکی تر هەڵبژێرم جیا لەو ڕێیەی بۆ یان نیشان کردووم . تەرمی مەیسەری لەشفرۆشیش یەکێک لەو ڕێیە نوێیانە بوو گرتمە بەر لە ڕقی گەورەکان ، کە پێیان وابوو ژن نابێ لە ناو مزگەوت بشووڕێ و پیاو نابێ ژن بشوا . یان پێیان وابوو ژنی لەشفرۆش کە ئەوان ئەو ناوەیان لێنابوو گلاوە ، ئاخەر کەس هەیە لە ناچاریان نەبێ لەشی خۆی ڕووت بکاتەوە بۆ کەسانێک خۆی حەزیان لێ نەکات ؟ ئەردەشێر کە باسی مەیسەری لەشفرۆشی کرد ئانیا تامەزرۆیانەتر گوێی لە ئەردەشێر گرت و زیاتر لێی هاتە پێش بەڵام ئەردەشێر لەوەندە زیاتری نەگووت ، چۆوە سەر بەسەر هاتی باپیری و فرسەتە کەڕ، گووتی شەوێکی درەنگ ئاغا تفەنگێکی ئینگلیزی درێژ دەداتە دەست فرسەتە کەڕ و دەینێرێت بۆ کوشتنی گوڵەنار . فرسەتەکەڕیش دەمامکی خۆی دەدات و بە پاڕێز لە ماڵیان نزیک دەبێتەوە ، پاشان لە دیواری حەوشە ئاودیو دەبێت و دەچێتە لای ئەو سەکۆیەی گوڵەنار و دایکی لەسەری خەوتوون ، فرسەتە کەڕ کە گوڵەنار دەبینێ لە خەودا پرچی بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆتەوە و دەموچاوی وەکو مانگ تێیدا دیارە شێت دەبێ ، دڵی دەکەوێتە کوتە کوت و دەیەوێ بەرلەوەی بیکوژێ ماچێکی بکات ، کە دەزانێ لەم دەرفەتە نەبێ بە خەونیش دەستی ناگاتە داوێنی جوانێکی وا .

لە گوڵەنار نزیک دەبێتەوە ، دەمی بۆ ڕوومەتی دەبا ، بۆنی پرچە کراوەکەی گوڵەنار چۆکی بەلەرزین دێنێ ، هەرچەند دەکات جورئەتی ئەوە ناکات لێوی بە ڕوومەتی وەبنێ لێی دەکشێتەوە ، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێ ، ئەوجارەیان سەیری سینگی دەکات کە لە ناو جلی تەنکی کوردی تا کەلەنی مەمکەکانی دیار دەبێ بیرلەوە دەکاتەوە چۆن بۆنی بکات ، ئەو دەترسا لەوەی نەتوانێ لەگەڵ بۆنکردن لەسەری هەڵستێ و گوڵەنار هەست پێبکات و لە خەو ڕاپەڕێ .

دیسان سەری لە سنگی نزیک دەکاتەوە و زۆر کەمی دەمینێ دەم و لوتی بگاتە مەمکی گوڵەنار ، بۆنێکی گەرم و خۆش دڵی خێراتر دەکات و ترپە ترپەکەی لە حەوشەکە دەنگ دەداتەوە و فەرستەکەڕ لەو بێهۆشیە بە ئاگا دێنێتەوە . ئەویش لەو هەموو دڵەڕاوکێ و ترسە قەهری هەڵدەستێت و لولەی تفەنگەکە لە سینگی گوڵەنار دەکات و پل بە پەلاپێتکەکەوە دەنێ ، فیشەکێک لە بەینی هەردوو مەمکی دەدات ، گەرمەی تفەنگەکە پیرێژنەکە لە خەو ڕادەپەڕێنێ ، کە سەیری گوڵەناری کچی دەکات دەبینێ خەڵتانی خوێن بووە ، سەرەتا بە چاوەکانی باوەڕ ناکات وادەزانێ خەونی بینیوە ، پاشان کە دەبینێ ڕاستە ، بەو پیریە دەکاتە هاوار هاوار و هەموو خەڵکی گوندەکە لە ماڵی خڕدەبنەوە . فرسەتە کەڕیش لە پەنا تاریکیدا لەو لاوە تفەنگەکە دەباتەوە ماڵی ئاغا و پاشان دەسووڕێتەوە ، خۆی دەگەیێنێتە ماڵی پیرێژنەکە وەک ئەوەی ئاگای لە هیچ نەبووبێ ، هەم بۆئەوەی بزانێ ماوە

هەمیش بۆئەوەی کەس شکی لێ نەکات . دایکی باپیریشم لەگەڵ باپیرم و هاوسەرەکەی کە گوێیان لەو هەرا و زەنایە دەبێ خۆیان دەگەینەنە ئەوێ ، کە دەبینن گوڵەناریان کوشتووە بەم ڕووداوە زۆر تێک دەچن ، دەگێڕنەوە دایکی باپیرم ئەم شەوە چی وا کەمتر لە دایکی گوڵەنار نەگیریاوە و شیوەنی نەکردووە بۆ گوڵەنار . بە هەر شێوەیێ بێ بەیانیەکەی جلە کوردیەکەی لەبەر دادەکەن و تیلتیلە و بیلبیلەکانی لێ دەکەنەوە و دەیشۆن ، دەست و پەنجەی بە خەنەی دەخەنە سەر یەک و کفنی دەکەن ، پاشان دەیخەنە ناو دارە بازەیەک و بە شین و واوەیلا لە پەڕگەی گوندی دەینێژن . خەونەکەی پیرە دایکی کە حەزی دەکرد کچەکەی شووبکات و هی گوڵەنار خۆی کە چاوەڕێی ئەو پیاوەی دەکرد ببێتە میردی بە گوللەیەک لەبار دەچێ .

باپیریشم هەر ئەو ڕۆژە لەسەر گۆڕستان شکی دەکەوێتە سەر ئاغاکان ، بەڵام بەڵگەیەکی وای پێ نابێت تا بە ئاشکرا پەنجەی تۆمەتیان بۆ درێژ بکات . بەڵام ئاغاکان پیلانەکەی خۆیان درێژە پێ دەدەن و چەند چەلاوخۆر و کاسەلێسێکی ناو دیوەخان فێردەکەن بە گوێی خەڵکدا بچرپێنن ، باپیرم لە ڕقی براکانی هاوسەرەکەی ئەم کارەی کردووە بۆئەوەی نەڵێن پیاوێک بوو ترسا و سولحی ژن هەڵگرتنەکەی بە یەکێک لە کچەکانی گوندەکەی خۆیان کرد . وە تەنانەت بەم بوختانەش ڕاناوەستن ، هەڵدەستن ئەم هەواڵەش بڵاو دەکەنەوە گوایە باپیرم پێشترێ ئەم کچەی خۆشویستووە

بەڵام کچەکە دڵی بە باپیرم نەداوە ، باپیریشم ئاگاداری کردۆتەوە هەرکات بیەوێ شووبکات بیکوژێ . خزمەکانی باپیریشم کە ئەمە دەبیستن نایانەوێ ئاگری شەڕەکە لەگەڵ باپیرم خۆش بکەن ، ناچار یەکجاری حاشا لە ماڵی باپیرم و خوشکەکەی خۆیان دەکەن . دایکی باپیریشم لەو کارە دووجار شەرمەزار دەبێ ، یەک لە بەرامبەر براکانی دەستگیرانی کوڕەکەی کە بەڵێنی هێنانی گوڵهەناری بە یەکێکیان دابوو ، دوو لەبەرامبەر هاوڕێ پیرێژنەکەی خۆی ، کە کچەکەی بەهۆی بردنی ئەو بۆ گوندی مەلاقەرە توشی ئەم کارەساتە بوو . دایکی گوڵهەناریش چەند ڕۆژێک دوای تازیە خەڵکی گوندەکە هەموو کۆدەکاتەوە بە ئاغا و سەرکارەکانیشەوە ، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ لە پڕ و پاگەندەکان بدات پێیان دەڵێ نازانم کێ ئەم کارەی کردووە بەڵام لە هەموواتان عاجزم چونکە لە جیاتی ئەوەی بێن ئاگاتان لە پیرێژنێکی وەکو منی بێکەس بێ و تاقە کچەکەی بپارێزن ، چوون جەرگیتان سوتاند و کچەکەیتان لەناو جێگا لە تەنیشتی کوشت ، ئەو کچە بەستەزمانەی تازە لە تەمەنی نەوبەهاری بوو، هێشتا خەنەی بەختی لە دەستی نەچووبۆوە و هەنگوینی ژیانی نەچووبووە دەم . ئینجا بە گریانەوە دەڵێ گەردەنتان ئازاد دەکەم ، هەرکێ ئەم کارەی کردووە گەردەنی ئازادبێ . لەوێ لە دوای ئەم قسەیە بە بەرچاوی هەموانەوە بەردەبێتەوە و گیانی دەسپێرێ . خەڵکەکەش هەرکەس لە ڕاستی خۆی گچکە و گەورە لەگەڵ ئەم ڕووداوە دەتاسێن ،

کەس نامێنێ فرمێسک بە ڕوومەتی دا نێتە خوارەوە و خۆی بە شەرمەزار نەزانێ لە ئاستی ئەم دیمەنە . تەنیا ئاغاکان و فەرسەتە کەڕ نەبێ ، کە دوو هەندە خۆی کەڕ و نەزان و هێڕتر کردبوو ، بۆئەوەی کەس هەربیریشی لێ نەکاتەوە .

ئینجا دایکی باپیرم و هەندێ ژنی بە تەمەن لاشەکەی هەڵدەگرن و دەیبەنەماڵی باپیرم ، دایکی باپیریشم بە دەستی خۆی دەیشوات و کفن و دفنی دەکات و پاشان لە تەنیشت کچە تاقانەکەی دەنێژن . دەڵێن دوای ئەم ڕووداوە ساڵێک ئەو گوندە تازیە بەخۆیەوە دەبینێ و خەڵکی هەموو گوندەکانی تر لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە ناخۆشە بە پێ و بە سواری پشتی گوێدرێژ و بارگینەکانیان دێنە گردی گۆم و سەر لە گۆڕی ئەم دوانە دەدەن ، ئێستاش گۆڕی دایک و کچ بەناوبانگە لەو ناوچەیە و هەرماوە . زۆرجار دایک و کچانی گوندەکانی دەوروبەری ئەو گوندە کە نێوانیان تێک دەچێ ، دەچنە سەردانی ئەم دوو گۆڕە و دوعا دەکەن و خۆڵی سەر گۆڕەکان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە و شەوان لەناو کیسەیەکی بچووک لە پشت سەری خۆیان دایدەنێن بۆئەوەی لەگەڵ یەک ئاشت ببنەوە و وەکو ئەم دایک و کچە یەکتریان خۆشبوێ .

ئێستاش قسەیەک زۆر باوە لەناو خەڵکی ئەم ناوچەیە کاتێک دەبینن کچ و دایکێک لەگەڵ یەکتری ناتەبان پێیان دەڵێن " دە ناوی خوابێنن و بڕۆنە سەردانی گۆڕی دایک و کچ " .

نۆزدە

لەوکاتەی ئەردەشێر قسەی دەکرد و ئانیاش بە زەوقەوە گوێی لێ گرتبوو ، چاودێری گشتی زیندانەکە بە بڵندگۆیەکە هاواری کرد مەهاجە کۆتایی هات ، کەس و کارەکانتان بەڕێکەن . ئانیا لەگەڵ ئەو ئاگادارکردنەوەیە لە شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی ، وەک ئەوەی لە کاتی سەیرکردنی فلیمێکی سەرنجڕاکێش کارەبا بڕابێ . ئینجا بە ئاگاهاتەوە و خۆی بینیەوە لەناو زیندانە، لە مەهاجەی بەندکراوێک، دوورکەوتەوە لە ژیانی ئەو گوندەی ئەردەشێر لە چیڕۆکەکەیدا باسی باپیر و دایک و کچ و فرسەتەکەڕ و ئاغا و داپیرە گەورەی دەکرد. ئەگەرچی ئانیا حەزی نەدەکرد بڕوا چونکە بەوەندە گێڕانەوەیە ببووە بەشێک لەوان و لەگەڵیان تێکەڵی خۆشی و

ناخۆشیەکان ببوو، بەڵام سەردانیکردنی کەسی زیندانی شتێکی تر بوو ، دەبوا لەکاتی خۆی بچێتە لای و لەکاتی خۆشی هەڵستێ . ناچار بوو لەو چرکەیەوە کە هێشتا لە مەهاجە نەڕۆیشتبوو بیر لە مەهاجەی داهاتوو بکاتەوە ، بۆ ئەوەی ئەردەشێر درێژە بە چیرۆکەکانی بدات . ئەردەشێریش هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا ، لەو کاتەوەی مەهاجە دەستی پێکردبوو لە دەنگی ئەو بڵندگۆیە دەترسا نەوەک وەکو دەنگی مەلا بانگدانی بەیانیان بەر لەوەی دونیا ڕۆناک دابێ لە بەژنی جوانەکەی خۆی دایبڕێنێ . ئانیا لە شوێنەکەی هەڵستایەوە و بە ئەردەشێری گووت دیارە کاتی ڕۆیشتنە دەبێ بڕۆم ، مەهاجەی دابێ دێمەوە . ئەردەشێر دڵی بەم قسەیە خۆش بوو گووتی منیش لەئێستاوە چاوەڕێت دەکەم . دوای ئەم قسەیە خۆی پێنەگیرا ئەوەندەشی گووت ئەوەی ڕاستیبێ حەزدەکەم هەر نەڕۆی . ئانیا پێکەنی ، گووتی بۆ ؟ ئەردەشێر گووتی نازانم ، بڵێم چی . ئینجا ئانیا بە خەندەوە دۆقەیەکی لەگەڵ کردو لەگەڵ ئەو سەردانیکەرانەی بەلێشاو هەڵدەستان و دەڕۆیشتن ، کە هەندێکیان چاویان بە فرمێسک بوو هەندێکیشیان فرمێسکەکانیان دەشاردەوە بەڕێکەوت و ئەردەشێری بەجێهێشت . ئەردەشێریش لە شوێنەکەی خۆی بە پێوە ڕاوەستابوو ، تا ئانیا لە بەرچاوی وون بوو سەیری کرد ، پاشان ڕووی خۆی وەرگێڕاو بەرەو ئەو ژوورەی لێی بەندکرابوو ڕۆیشت ، لە هاتنە دەرەوە خاوتر ڕێی دەبڕی ، هەنگاوەکانی نیشانەی ڕازی نەبوونی بوو بۆ چوونەوە ناو

قەفەس بەڵام چارەیەکی تری نەبوو . دەنا لەوکاتەوەی ئانیای بینی بوو ، ئەو زیندانە دڵی دەکوشی . هێشتا نەگەیشتبۆوە بەردەرگای ئەو قاوشەی لێی بوو ، ئەو چەند زیندانیەی لەو کاتەی لەگەڵ ئانیا لە مەهاجە دانیشتبوو ، تەشقەرەیان پێدەکرد ، لەناو مەمەڕەکە بەگژیداهاتن . لەوکاتەش مام تاوێر لە دەرگاکە سەری هەڵکێشا بینی سێ چوار کەس دەوریان لە ئەردەشێر داوە ، خۆی پێنەگیرا بە پەلە چووە لایان ، گوێی لێ بوو سێ چوار کەسەکە قسەی ناشیرنیان بە ئەردەشێر دەگووت دەربارەی ئانیا ، دەیانویست هەستی بریندار بکەن ، یەکێکیان دەیگووت ئەو ناوقەد باریکە لەکەیەوە بۆتە هاوڕێت؟ یەکێکیتریان دەیگووت پێ دەچێ جسمی زۆر گەرم بێ هەر هی ئەوەیە شەوی زستانان بە ڕووتی بیخەیە ناو باوەشی خۆت و بۆنی ئەو پرچە خاوەی بکەی . ئەردەشێریش سەری لەبەرە خۆی نابۆوە گوێی لە قسەکان گرتبوو . مام تاوێر کە ئەردەشێری بەمشێوەیە بینی زانی دەیەوێ خراپ دەست بوەشێنێ چونکە چەند جارێکی تر وا بینی بووی ، ئەو هیچ قسەیەکی نەدەکرد کاتێک قسەیان پێدەگووت ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسانەی بە گژیدا هاتبان ژمارەیان زۆر با . ئەو لەوکاتە سەری لەبەرەخۆی دەنا و پلانی چۆنیەتی لێدانیانی دادەڕێشت. کەسی سێیەمیشیان درێژەی بە قسەی هاوڕێکانیدا و گووتی بای دەستپەڕێک سەیرم کردووە ، ئەگەر ئەمشەو خەونی پێوە نەبینم بەیانی بەخەیاڵ خۆمی پێ تەواو دەکەم . لەوکاتە مام تاوێر بە جواب هات گووتی بە گوێی من دەکەن

لەو قسانە پەشیمان ببنەوە و داوای لێبووردن لە ئەردەشێر بکەن دەنا حاڵتان باش نابێ . یەکێکیان پاڵێکی بە سینگی مام تاوێر وەنا و گووتی کێ گووی بە کڵاوی تۆ پێویە پیرەمێرد کا هێوەڕوو . مام تاوێر لەگەڵ پاڵپێوەنانەکە پشتاوپشت بەربۆوە . لە پڕ ئەردەشێر شاپێکی بە هەموو هێزی لە گونی ئەو کەسەدا کە گووتی دەستپەڕێکی لەسەر لێ دەدەم ، کەسەکە هەرلەوێ دڵی لە خۆی بۆوە و نقەی لێ بڕا ، مستێکیشی خێواندە بن چەنەگەی یەکێکیتریان . بە دەستی چەپیشی یەخەی یەکێکی تریانی گرت و سێ چوار بۆکسی بە خێرایی لە دەموو لووتی دا هەموو سەروچاوی بووە خوێن . کەسێک لە پشتڕا توند گرتی ، ئەردەشێر هەرچەند خۆی هێنا و برد بەری نەدا ، ئەوجارە کەلەیەکی پشتا و پشت هاوێشت بەناو دەمی ئەو کەسە کەوت کە لە پشتڕا گرتبووی . شەڕەکە گەرم بوو ، لەو کاتەش پۆلیس و چاودێرەکان گەیشتنێ بە قامچی و پەمپی بیبەررێژ لێکیان کردنەوە . بەڵام دوای چی یەکێکیان لچی تەقی بوو ، یەکێکیان ددانێکی شکابوو ، یەکێکیتریان گونی قۆڕببوو . کەسە بریندارەکانیان بردە نەخۆشخانەی ناو زیندانەکە بۆئەوەی تیماریان بکەن . هەر دوو دەستی ئەردەشێریشیان کەلەپچە کرد و بە شیشە بڵندەکانی ناو زیندانەکە هەڵیانواسی ، بەو مەرجەی هاوار بکات و بڵێ تۆبە، ئینجا لێی بکەنەوە . چاودێرەکان هێشتا لەلای ئەردەشێر نەڕۆیشتبوون ئەردەشێر پێی گووتن قۆڵیشم لەبن ڕا دەربێ هاوار ناکەم دڵنیاتان دەکەمەوە . چونکە

ئیشێکی هەڵەم نەکردووە ئەگەر ئەو شەڕە هەڵە بـا هەر لە سـەرەتاوە نەمـدەکرد ، بـۆئەوەی دووچـاری ئەوە نەبـمەوە بپـارێمەوە و بڵێم بمبـوورن ، لەسـەر ڕاستیش هیچ ئازارێک پەشیمانم ناکاتەوە . دواتر ئەوەی شایانی هەڵواسین بێ ئەو هیچ و پووچانەن کە لێم داون نەوەک مـن ، کە خۆتـان بـاش دەزانن چ جۆرە مەخلوقێکن . یەکێک لە پاسـەوانەکان لە پشتڕا توند پرچی گرت و گـووتی بـۆ تـۆ چـی ؟ نەڵێی فریشـتەم لە ئاسـمانەوە دابەزیـووم ، کـوڕە ئێـوە هەمووتـان یەک سـەر و بچمن، هەمووتان هەمان خۆڕی و شەللاتی سەر شەقامەکانن. هاواریش نەکەی و نەڵێی پەشیمانم قۆندەرەکەم دەخەمە نـاو دەمت . ئەردەشێر گووتی جا بـۆ مەرجەکە نـاگۆڕی ئەوکـات زۆر لە قۆندەرە خستنەدەم خراپتریشم لێ بکەی گلەییت لێ نـاکەم . پاسـەوانەکە بە تـوڕەییەوە گـووتی بە چ شـێوەیەک مەرجەکە بگۆڕم ؟ ئەردەشێر گووتی بیگۆڕە بۆئەوەی ئەگەر هاوارم کرد یان پەشیمان بوومەوە لەو شەڕە ، چی ناشیرنە پێم بکەی. پاسەوانەکە گووتی ئەوەندە لە ئازایی خۆت دڵنیای؟ باشە ، هەرچەندە دەزانم یەک دوو سەعاتی تر وەکو سـەگ دەنوسـکێیەوە و دەڵێـی وەرن لـێم بـکەنەوە قـۆڵم دەرهـات دەمەوێ بڕشێمەوە ، بەڵام ڕازیم ئەوەی گووتیشم دەیکەم بە دڵنیاییەوە چونکە خۆت بە مەرجەکە ڕازی . دوای تیمارکردنی ئەو چەند کەسەی تەشقەرەیان بە ئەردەشێر کردبوو ئەفسەر بانگی کردن تـا بە هۆکـاری شـەڕەکە بزانـێ . ئەوانـیش هەر دۆڕابوون دۆڕابوون نەیاندەویست تاوانباریش بن . یەکێکیان

کە هەر ئەویش پیلانی ئەو بەگژداهاتنەی دانابوو گووتی گەورەم ئێمە دوای ئەوەی ئەو کەسانەی هاتبوونە سەردانمان بەڕێمان کردن ، بینیم ئەردەشێر لە مەمەڕەکە لەلای مام تاوێری هاوڕێی باسی خوشکمی دەکرد ، منیش کە گوێم لێ بوو خۆم پێ نەگیرا یەخەم گرت ، ئەویش کەللەیەکی لێمدا هاوڕێکانیشم هاتن لێکمان بکەنەوە لەوانیشی دا ، ئەوە بوو مەسەلەکە . ئەفسەریش کەسێکی بە داوی مام تاوێردا نارد ، بۆئەوەی گوێی لە قسەی ئەویش بێ ، کە تەمەنی لە هەموویان گەورەتر بوو بزانێ ڕاستە ئەردەشێر باسی کەس و کاری ئەوانی کردووە یان نا ؟ کە مام تاوێر لە ژوورەکە هاتەدەرەوە بۆئەوەی بچێتە ژووری ئەو ئەفسەرەی داوای کردبوو ، لە مەمەڕەکە ئەردەشێری بینی هەڵواسراوە شێت بوو ئەو بە قەد کوڕێکی خۆی ئەردەشێری خۆشدەویست، دەشیزانی هیچ ئیشێکی نامەردانەی لێ ناوەشێتەوە تا بیکات . بەو پیریە نوشتایەوە و پێیەکانی ئەردەشێری خستە سەر پشتی خۆی بۆئەوەی بڵندی بکات و چیتر ئازاری ئەو هەڵواسینە نەکێشێ . کە پۆلیسەکان ئەو دیمەنەیان بینی تاسان چونکە ئەو بە قەد باوکیان بوو ، نەدەکرا وا بیبینن و سەیری بکەن ، هەرچەند ویستیان لایبەن نەیهێشت بە دەستێک لە بنڕا هەموویانی لە خۆی دوور خستەوە .
پۆلیسەکانیش بە ناچاری خۆیان گەیاندە ئەفسەرەکە و هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاند . کە ئەفسەرەکە لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە چاوی بە مام تاوێر کەوت بەغار خۆی گەیاندە لای

گـووتی مـامە ئەوە چـی دەکەی ؟ مـام تـاوێر لەبـنەوەڕا کە کەوتبـووە سـەر ئەژنۆکـانی و هەردوو دەستیشـی لەسـەر زەویەکە دانابوو گووتی یان دەبێ منیش لەگەڵ ئەو کوڕە سزا بدەن ، یانیش دەبێ لەو بەرزیە دایبەزێنن و کەلەپچەکانی لە دەسـتی بـکەنەوە . ئەفسـەرەکە گـووتی مـامە ئـاخەر ئەوە تاوانبارە لە زیندانی تری داوە . مام تاوێر گووتی نـا ، منیش وەکو گەنجیەتی توانـام هەبـا لێیـانم دەدا ، ئێوە نـازانن چیـان دەگووت بەو کچەی ئەردەشێر خۆشیدەوێت و ئەمڕۆ هاتبووە سەردانی . لەوکاتە ئەردەشێر هاتە جواب و بە مـام تـاوێری گووت هەڵستەوە ئەوە تۆ چی دەکەی ؟ لێیانگەڕێ چۆن بیـر لە شەڕەکە دەکەنەوە با بکەنەوە . مام تاوێر گووتی نا کوڕم منیش دەبـێ لەگەڵ تـۆ ئەم سـزایە بکێشـم ، چـۆن دەبـێ ئەو دەستانەی لە پێناو خۆشەویستی جەنگاوە ئـازار بـدرێ ؟ لەو کاتە ئەو پاسـەوانەی بە ئەردەشـێری گـووت دوای دوو سـێ سەعاتی تر وەکو سەگ دەنوسکێیەوە بە دەرفەتی زانـی و بە جواب هات گووتی دەپیاوبە بڵێ پەشیمانم لەبەر هیچ نا لەبەر ڕیشـی ئەم پیـرە پیـاوەی لاقەکـانتی خسـتۆتە سـەر پشـتی و لەبەر پێت چەمـایتەوە سـەرزەوی بـۆئەوەی ئـازار نەکێشـی . ئەردەشێر بێ یەک و دوو گووتی ئەگەر وابڵێم لێم دەکەنەوە بـۆئەوەی هەرچنـا مـام تـاوێر لە ژێـر پێیەکـانم نەبیـنم ؟ پاسـەوانەکە گـووتی بەڵـێ ، بەڵام ئەردەشـێر هێشـتا وای نەگووتبـوو ئەفسـەرەکە گـووتی لێیکەنەوە زوو هەر ئێستا . چەند پاسەوانێک پڕیاندا کەلەپچەکەی دەستی و ئەردەشێریان

هێنا خوارەوە ، خوێن لە دەستەکانی دەهات ، لەلایەک دایان نیشاند ، هەندێک ئاویشیان بەدەمی وەکرد . مام تاوێریش لەگەڵ لێکردنەوەی ئەردەشێر لەسەر زەویەکە هەڵستایەوە و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا ، پاشان ڕووی لە ئەفسەرەکە کرد و گووتی باشتێکتان پێ بڵێم جا نازانم بڕوا دەکەن یاخود نا، ئەردەشێر هیچ ئیشێکی کەم ناکات ئەوانی تر پێوەی ئازار بکێشن. ئەگەر بەگژیشی دانەچن ، بیست ساڵی تر لەو زیندانە بمێنێتەوە بە قەد میرووڵەیەک زەڕی بۆ کەس نابێ . کاتێک مام تاوێر وای گووت هێشتا نەیزانی بوو تەشقەڕەچیەکان لەلای ئەفسەرەکە ئەم بوختانەیان بۆی هەڵبەستبوو ، گوایە قسەی بە خوشکی یەکێکیان گووتووە . ئەفسەرەکە گووتی بە تۆ بڕوادەکەم دەزانم کەسێکی پێویستت بە وەنیە دوور لەڕووی تۆ ڕاست وەڵامم نەدەیتەوە ئەگەر هەر پرسیارێکت لێ بکەم . ئایا ئەردەشێر لای تۆ باسی خوشکی هیچ کام لەوانەی کرد ؟ مام تاوێر پێکەنی و سەرێکی بادا گووتی نازانم کام لەوانە ئەم قسەیەی کردووە بەڵام ئەردەشێر لای کەس قسەی وا ناکات ، ئەگەر لەو جۆرە کەسانەش با پێیەکانیم نەدەخستە سەر پشتی خۆم بۆئەوەی ئازاری پێنەگات. ئەفسەرەکە گووتی باشە ئەدی چۆن بوو ئەو شەڕە؟ مام تاوێر گووتی پێت دەڵێم بەو مەرجەی کەسیان ئازار نەدەی و بیاننێریەوە ژوورەکانی خۆیان وا دابنێ هیچ نەبووە. ئەفسەرەکە ڕازی بوو . مام تاوێریش هەمووی بۆ گێڕاوە ، بەڵام دوای ئەم ڕووداوە ئەوەی سەرنجی هەموو پۆلیس و

چاودێرەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا ئەو پەیوەندییەی مام تاوێر و ئەردەشێر بوو، کە ئەمیان ئامادەبوو بەو ڕیشە سپیەوە درێژ بێ پێیەکانی هاوڕێ گەنجەکەی بخاتە سەرپشتی بۆئەوەی لەئازاری ئەم هەڵواسینە ڕزگاری بکات ، ئەویشیان ئامادەبوو بە پاسەوانەکە بڵێ بەڵێ پەشیمانم و هاوار بکات کە لە سەرەتاوە مەرجی لەگەڵ کردبوو قۆڵەکانیشی دەربێت هاوار نەکات و ووشەیەکیش لەدەمی دەرنێ بە ناوی پەشیمانم ، کە جیا لەهەر شتێک مەرجی قۆندەرە خستنەدەمی لەسەر بوو، بەس بۆئەوەی هاوڕێ پیرەکەی لەژێر پێیەکانی نەبینێت. ئەفسەرەکە ئەو کەسانەی بە گژ ئەردەشێر داهاتبوون لەگەڵ ئەردەشێر پێکیهێنانەوە ، دواتر ڕەوانی قاوشەکانی خۆیانی کردنەوە ، ئەردەشێر و مام تاوێریشی ناردەوە قاوشەکەی خۆیان . ئەوەی قەهری لەو بە کۆتاهێنانی کێشەیە خوارد بەم شێوەیە ، ئەو پاسەوانە بوو کە بە ئەردەشێری گووت ناتهێنمە خوارەوە تا هاوار نەکەی و نەڵێی پەشیمانم بەڵام ئەفسەرەکە پلەی لەو بەرزتر بوو نەدەکرا لە قسەی دەربچێ ، بۆیە لە هەناسە ساردی بەولاوە هیچی تری بۆ نەمایەوە ، کە نەیتوانی ئەم بێ ڕێزیە بەرامبەر ئەردەشێر بکات قۆندەرەی بخاتە دەمی لە سایەی ئەو جل و بەرگەی لەبەری دابوو کە وای لە چەندین زیندانی تر کردبوو بەبەر چاوی زیندانیەکانی تڕەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە تێکشکانی دەروونی و وێران بوونی ناخی تاکە کەسیان . کە ئەردەشێر و مام تاوێر چونە ژوورەوە و لەسەر جێگاکەی خۆیان دانیشتن ، مام تاوێر بە

ئەردەشێری گووت تەواو ئەو شەڕە لە بیرکە ، وەرە بۆم بگێڕەوە ئەمڕۆ لەگەڵ ئانیا چیت کرد ؟ چۆن پلانەکەت بەڕێوەچوو ؟ ئەردەشێر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا گووتی زۆرباش ، خۆشم لەو بڕوایە دانەبووم ئەم چیڕۆکانەی لە مێشکی خۆم دامنابوو بۆی بگێڕمەوە ، بەم شێوەیە وەکو ڕووبارێکی تەقیو بە خۆیان ڕێڕەوی خۆیان دیاری بکەن و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە سەر ڕێ ڕایماڵن . ئەو کەسێکە بە بینینی گرێی زمانم دەبێتەوە ، ووشە لەسەر زارم بە خۆیان ڕێز دەبن و ڕێ بەخۆیان دەدەن بێنە دەرەوە.

هەرچی لەلای ئەو دەیڵێم تام و چێژێکی تری هەیە ، خۆزگە بمتوانیبا هەستی ئەو بۆ خۆم بخوێنمەوە بەڵکو بزانم خۆشی دەوێم یان نا ، دڵنیات دەکەمەوە بەس بزانم خۆشی دەوێم لەو زیندانە نەفرەتیە ڕادەکەم و دەچم هەڵی دەگرم ، لەگەڵ خۆم دەیبەمە ناو دارستانێک و ئەشکەوتێک دەکەمە ماڵی خۆمان هەموو تەمەنم لە دەم ڕووبارێک بە سەیرکردنی دەبەمە سەر ، ڕۆژانەش بۆئەوەی بێزار نەبێ دەیبەمە سەر بەرزترین لوتکە چیا ، لەوێ چاوەڕێی هەورێکی تەخت دەکەین بەڵکو لە لوتکەکە نزیک بێتەوە و ئێمەش بە هەنگاوێک بچینە سەر پشتی و پاشان لەوڵاوەش با یەک بێ و پاڵێک بە هەورەکەوە بنێ و بمانبا بۆ قارەیەک دەستی هیچ مرۆڤێکی تری پێ نەگەیشت بێ . لە قارەکە دوای گەڕانێکی زۆر باران هەڵکا و منیش بیخەمە باوەشم و بە پەلە بیبەمە بن داریکی چڕ و پڕ باران هەرگیز نەیگرێتەوە ، ئینجا لەبن ئەو دارە

ئاگرێک بکەمەوە و جلە تەرپبووەکانی داکەنم بە لق و پۆپی ئەو دارەی وەبکەم تا بە هەڵمی ئاگرەکە ووشک بێتەوە، پاشان پرچە خاوەکەی لەسەر شان و ملی کۆکەمەوە و بە نەرمی بیکوشم بۆئەوەی ئەو ئاوەی هەڵیگرتووە لێی بچۆڕێ ، دواتر لە سەرەوە بە لکی گیایەک بۆی ببەستم و بیهێنم لە نزیک ئاگرەکە دابنێم . مام تاوێر سەیری بە ئەردەشێر دەهات کە گوێی لێ بوو بەمشێوەیە دەدوا گووتی ئەوە چیتە تۆ؟ ئەردەشێر لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و گووتی بۆ خراپم گووتوە ؟ ئاخەر ئەم دونیایەی من دەمەوێ بیئافرێنم جوانترە یان ئەم دونیایەی پێغەمبەر و زانا و فەیلەسوف و سەرکردەکان ئافراندوویەتیان ؟ کە پڕە لە کوشتن و تاڵان و شەڕ ، شەڕ لە پێناو ئاڵا ، شەڕ لە پێناو سنوور ، شەڕ لە پێناو نیشتیمان ، شەڕ لە پێناو مێژوو ، شەڕ لە پێناو بیرکردنەوە ، شەڕ لە پێناو ئایین ، شەڕ لە پێناو ئابووری ، شەڕ لە پێناو فەلسەفە، شەڕ لە پێناو تاقیکردنەوەی چەکەکان، شەڕ لە پێناو نازانم بڵێم چی ؟ ئاخەر سەگەکان بۆ لە ئێمە زۆر ئاسودەترنین بەس پێم بڵێ ؟ لە کاتێکدا لە کوێ بیانەوێ وەردەکەون و لە کام گوفەک برسیان بێ زگیان تێر دەکەن ، لە کام شوێن سەرمایان بێ کونێک لێدەدەن و دەچنە ناوی و لە کام پێدەشت حەزیان لێ بێ جووت دەبن . گەورەترین شەڕیشیان هاوێشتنی دوو قەمپاڵ و ڕنۆکێکە ، نەوەک بە کۆمەڵ کوشتن و کمیابارانکردن و بە زیندوویی لە چاڵ نانی یەکتری .

بیست

ئانیا تازە گەڕابۆوە ماڵ ، لە بەلەکۆنەکە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو ، نم نم باران دەباری ، چەند ڕۆژێک بوو وەرز گۆڕابوو ، سەیری دونیای دەکرد لە هەمان کاتیشدا بیری لە چیڕۆکەکانی ئەردەشێر دەکردەوە . دەیویست چۆن ئەو دەستی بە گێڕانەوەکان کردبوو بەمشێوەیەش ڕۆمانەکەی بنووسێ بەڵام هەرچەندی دەکرد نەیدەزانی چۆن لە کۆتاییەکەی چیڕۆکەکان بگەینێتەوە یەکتری . بێ ئاگابوو لەوەی دوای ڕۆیشتنی ئەو ئەردەشێر بەشەڕ هاتووە و بە شیشەکانی زیندان هەڵواسراوە . لە پڕ گوێی لە دەنگی پێیەک بوو بە پلیکانەکاندا بەسەردەکەوت ، ئاوڕی دایەوە بینی دایکیەتی ، خەندەیەکی بۆ کرد ، دایکیشی کە گەیشتە لای پێی

گوت کچم بۆ نەهاتیە مدبەغەکە ؟ چێشتم بۆ هەڵگرتووی ، ئانیا گووتی نا دایکە برسیم نیە . دایکی کەسەیری دەموو چاوی کرد بینی ڕەنگی زەرد بووە ، لێی پرسی چیتە دەلێی نەخۆشی ؟ ئانیا گووتی نا دایکە هیچم نیە ، تەنیا پێویستە بە تەنیابم . ئانیا یەکەمجار بوو داوایەکی وا لە دایکی بکات ، واتا لە لام بڕۆ . دایکیشی ئەگەرچی دڵی بەم قسەیە ئێشا بەڵام هیچی نەگووت ، زانی کچەکەی گەورەبووە ڕەنگە هەندێ شتی تایبەتی هەبێ . بە بێ دەنگی بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە . بەڵام ئۆقرەی لەبەر بڕا لە مدبەغەکە دەستی بە هاتوو چۆکرد ، دەترسا کچەکەی کێشەیەکی هەبێ شەرم بکات لە لای ئەو باسی بکات ، پاشان هەر لەبەرەخۆی ئەم بۆچوونەی ڕەتکردەوە ، گووتی نا ئانیا هەرچی هەبێ لە منی ناشارێتەوە . ئانیاش دوای ئەوەی دایکی لەلای ڕۆییشت ، چۆوە ژوورەکەی و لەسەر جێگاکەی ڕاکشا ، ئەو قسەیەی ئەردەشێری بە بیرهاتەوە کە لە مەهاجە لە کاتی ڕۆیشتن پێی گووت " ئەگەر ڕاستیت دەوێ حەزدەکەم هەر نەڕۆیی" . بەم وورده خەیاڵانەوە خەوبردیەوە ، لە ناکاو گوێی لێ بوو یەکێک دەستی لە شانی دەدات و بانگی دەکات ئانیا کچم ئانیا، دەهەستە ئێوارەیە ، ئەو خەوە چ وەختیە ؟ دەهەستە . ئانیا کە بەخەرهات و سەری هەڵبڕی بینی باوکیەتی ، بە چاوی بەخەوەوە گووتی هـا باوکە چی بووە ؟ مەنسووڕی بازرگانیش گووتی هیچ کچم بەڵام کەی ئێستا وەختی خەوە؟ هەستە نانی ئێوارە بخۆ ، تازە لە خوارەوە دایکت گووتی

نیوەڕۆش نانی نەخواردووە، دەی لە پێخەفەکەت وەرە دەرێ، وا دەچمە خوارەوە دوا نەکەوی . ئانیا گووتی باش باوکە برۆ ئێستا منیش دێم . ئینجا لەناو جێگاکەی هاتە دەرەوە و جلی ماڵەوەی لەبەر کرد ، پاشان دەم و چاوی شووشت و چووە خوارەوە ، بینی دایکی سفرەی ڕازاندۆتەوە ، ئەو کێکەشی بۆ دروستکردوە کە حەزی لێ دەکرد . ئانیا کە چاوی بە کێکەکە کەوت بە دایکی گووت ئەوە چۆن زانیت من ڕەنگ زەردی ئەم کێکەم ؟ دایکی پێکەنی گووتی کامە کێک ؟ ئەگەرچی هیچ مەبەستێکی نەبوو . ئانیا بەم قسەیە تێکچوو ، لەوکاتەش مەنسووڕی بازرگان بە جواب هات گووتی بۆ ژنێ چەند کێک لەسەر سفرەیە ؟ ئانیا بۆئەوەی ڕەوشەکە هێور بکاتەوە گووتی باوکە لەگەڵ منیەتی ، ئەو دەیەوێ لە ڕێی ئەم قسەیەوە پێم بڵێ ئەگەر تۆ حەزت لەو کێکەیە ، منیش حەزم لە تۆیە کە ئەوەندە جوانی هەرلە کێک دەچی . مەنسووڕی بازرگان خەندەیەکی کرد و گووتی جا کێ سەری لە دایک و کچ دەردەچێ ؟ دایکی ئانیاش سەری لە ئانیا سووڕما ، گووتی نا بڵێ کێ سەری لە کچ دەردەچێ ؟ دایک نا . بەم قسەیە ڕەوشەکە تێکچۆوە ، ئانیا ناچار دەستی بە ناز کرد و خۆی خزاندە باوەشی باوکی گووتی بۆ تۆ هیچ نااڵێی کە دەبینی دایکم پێم دەڵێ کەس سەری لێ دەرناچێ ؟ مەنسووڕیش بە گاڵتەوە گووتی نا کچم ئەو مەبەستی لە کچێنی خۆیەتی ، داخوا چیکردووە ئێمە نازانین . دایکی ئانیاش بەمە تووڕە بوو گووتی من یان تۆ چیمان کردوە ؟

ئەمجارە مەنسوورِی بازرگان شێوا چونکە تا ئەو کاتە ئانیا نەیدەزانی باوکی پێشتر ناوی سیاوەش بووە و بەفرۆشتنی گۆڕە مۆمیاکراوەکانی وواڵاتەکەی دەوڵەمەند بووە و بۆتە بازرگان ، ترسا لەوەی لە تورِەییان دایکی ئانیا شتێکی نەخوازراو بڵێ ، ڕاستەوخۆ نەرمی نواند و گووتی ئەوەی ڕاستی بێ من ، ئەوە شتێک نیە حاشای لێ بکرێ ، دەچایەکم بۆ تێکە . پاشان هەر لەگەڵ ئەم قسانە ڕووی لە ئانیا کرد و گووتی کچێ واز لە گاڵتە بێنە باشتێکت پێ بڵێم ژن نەبووە و نابێ بڵێ ئەو دایکەتم . بە نەبوونی بە دەردەسەری و برسیەتی هەر لەگەڵم بووە ، قەت ڕۆژێک لە دەمی دەرنەهات بڵێ ئۆف . دوای ئەوەی لە نانخواردنی ئێوارە بوونەوە ، ئانیا سفرەکەی هەڵگرتەوە ، پاشان قاپەکانی شوشت و لەسەر میزەکە سەفتی کردن ، لە پڕ ئەو بەسەرهاتەی بە بیرهاتەوە باوکی بۆی گێڕابۆوە ، کە باسی لە شاعیرێک دەکرد شیعرەکانی خۆی لە ناو بازاڕ مەزاد کردووە بۆئەوەی بیانفرۆشێ و بە پارەکەی منداڵە نەخۆشەکەی چاک بکاتەوە .
ئەوەشی بە بیرهاتەوە کە بە باوکی گووتبوو ئەو چیرۆکە هەمووی نیە ئەمە بەشێکیتی ، دواتر من بەشەکەیترت بۆ تەواو دەکەم ، بەو مەرجەی کتێبەکانم بۆ بگەڕێنیتەوە . ئینجا بیری لە تەواوکردنی چیرۆکەکە کردەوە و ویستی پارچەیەک بە خەیاڵی خۆی دابڕێژێت و پاشان لەگەڵ ئەوەی باوکی تێکهەڵکێشی بۆ بکات بێ ئەوەی پێیەوە دیار بێت . لەناو مدبەغەکە دەستی بە پیاسەکردن کرد ، لە دەرەوەش باران

دەباری و ئاسمان چەخماخەی دەدا ، جار جار ژوورەکە ڕۆناکتر دەبۆوە لەگەڵ ئەو بروسکانەی تیشکیان لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورێ . لەگەڵ بیرکردنەوە ڕێک ئەو گۆڕە بچووکەی هاتە بەر چاو کە شاعیرەکە بۆ منداڵەکەی خۆی هەڵکەندبوو . لەبەرە خۆی گووتی بەو باران و بروسکە لەو چۆڵیە ئێستا دەبێ حاڵی ئەم گۆڕە چۆن بێ ؟ لەسەر یەکێک لە کورسیەکان دانیشت ، دەستی خستە بن چەنەگەی و خەیاڵ لە مدبەغەکە بردیە دەرەوە ، تەنیا بە جەستە لە ژوورەوە مابوو ، لەگەڵ ئەو جەستە بەجێهێشتنەش هەستی بە جۆرە چێژێک دەکرد هەرگیز نەیچێشتبوو ، کەلە هەموو خواردن و خواردنەوەیەک و خەوتن و بەریەککەوتنێک خۆش تر بوو لەلای . دوای دەمێک مانەوە بەمشێوەیە بیرۆکەیەکی دەربارەی تەواوکردنی چیرۆکەکە بە مێشک داهات ، هەر لەکنە خۆی ڕا پێداچوونەوەیەکی بۆ کرد نەوەک لەشوێنێک هەڵەیەک بکات باوکی پێی بزانێ ، کاتێک دڵنیا بۆوە بە پەلە لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و چووە ژووری مەنسووڕی بازرگان ، کە باوکی چاوی پێکەوت گووتی فەرموو کچم . ئانیاش چوو لەلای ڕاستی دانیشت و گووتی باوکە لەبیرتە بەسەرهاتی ئەو شاعیرەت بۆ گێڕامەوە کە شیعرەکانی خۆی مەزاد کرد بۆئەوەی پارەی نەشتەرگەری کورەکەی دابین بکات ؟ مەنسووڕی بازرگان گووتی بەڵێ . ئانیا گووتی لە بیریشتە گووتم ئەم چیرۆکە ناتەواوە ؟ گووتی بەڵێ ئەوەشم لە بیرە . گوتی کەواتە گوێ بگرە با چیرۆکەکەت بۆ تەواو

بکەم . مەنسووڕی بازرگان سەیری پێهات ، گووتی چۆن ؟ ئانیا گووتی تۆ گوێ بگرە ئەوسا دەزانی . مەنسووڕی بازرگان گوێی لێ گرت ، دەشترسا لە توانای کچەکەی ، چونکە ئەو تازە پێڕادەگەیی و لە هەڵکشان دابوو، ئەمیش دەمێک بوو لە لوتکە غلۆر دەبۆوە . ئانیا دەستی بە درێژکردنەوەی چیرۆکەکە کرد لە کوێ ڕاوەستابوو لەوێ ، گووتی دوای ئەوەی شاعیرەکە منداڵەکەی لەگەڵ شیعرەکانی لە گۆڕنا و لەگەل چوارکچەکەی و هاوسەرەکەی گەڕانەوە ماڵ ، ئەم هەواڵە بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبۆوە ، تا گەیشتە ووڵاتە دوورەکانیش ، ڕۆژانەش خەڵک بۆ یەکتری دەیانگێڕایەوە و کەسانی ئەدەب دۆست لە مەجلیسەکانیان باسیان دەکرد ، تاوای لێهات گۆڕی منداڵەکە و بەسەرهاتی باوکە شاعیرەکەی بەناوبانگ بوو بووە چیرۆکێکی جیهانی . خەڵک لە هەموو لایەکەوە بەتایبەتی ئەو کەسانەی حەزیان لە چیرۆکی سەرنجڕاکێش بوو سەفەریان دەکرد بۆ ئەم ووڵاتە ، تا بێن ئەم گۆڕە ببینن . حوکمەت بەمەی زانی ، بۆ قازاجی گشتی هەڵستا گۆڕەکەی لە بەردی گرانبەها هەڵنجی و کردیە مەزارێک ، ئەو چەند دێرەی باوکە شاعیرەکەشی لەسەر کێڵەکە هەڵیکەندبوو ، بە ئاوی زێر لەسەر بەردەکان سەر لەنوێ نووسیانەوە. هەرکەسێکیش دەهاتە سەردانی ئەم گۆڕە کە گوێی لە چیرۆکەکە ببوو کاتی خۆی باوکی ئەو منداڵە شاعیر بووە و شیعرەکانی خۆی مەزاد کردووە بۆئەوەی پارەی نەشتەرگەری کوڕەکەی دابین بکات و پێی دابین

نەکـراوە ، چـونکە کەس شـیعرەکانی لـێ نەکڕیـوە ، پـارەی بەجێدەهێشـت. وای لێهـات ئەو پـارانەی لەسـەر گـۆڕەکە کـۆدەکرانەوە ئەوەنـدە زۆر بـوو نەیانـدەزانی چـی لێـبکەن ، ناچار کاربەدەستانی ئەم شوێنە لێژنەیەکیان پێکهێنا بە دوای ماڵی شاعیرەکەدا بگەڕێن . کە دەستیان بە گەڕان کرد و دوای هەوڵدانێکی زۆر بۆیان دەرکەوت لە گەڕەکێکی هەژارنشـین دان ، کە چوونە سەردانیان بۆیان دەرکەوت شاعیرەکە خۆی لەژیان دا نەماوە ، دوای مردنی کوڕەکەی بە چەند ڕۆژێک ئەویـش مـردووە . کە لێـژنەکە لە هاوسـەری شـاعیرەکەیان پرسی ئەدی گۆڕەکەی ئەو لەکوێیە؟ هاوسەری شاعیرەکە کە زۆر پیرببوو بەحاڵ قسەی پێدەکرا ، چـونکە ئەم ڕووداوە و بڵاوبـوونەوەی ئەو هەواڵە چەنـدین سـاڵی پـێ چووبـوو پێـی گووتن گۆڕی باوکیشی هەر لە نزیک گۆڕی کوڕەکەی دایە . ئینجـا لێـژنەکە هەنـدەیتر تاسـان کە چەنـدین سـاڵ بـوو ئەو هەمـــوو ســـەردانیکەرە و ئەو هەمـــوو لێـــژنە و لایـــانی پەیوەندیدارە چونەتە ئەم شوێنە نەیانزانیوە گۆڕی شاعیرەکە خۆشـی هەر لەوێ بـووە . پاشـان لە هاوسـەری شـاعیرەکە دەپرسن چەند دەبێ نەچوویتە ئەم شوێنە ؟ پێیان دەڵێ بیست ساڵ زیـاترە . کە لێی دەپرسـن بـۆ؟ دەڵێ هەر کاتێک مـن و چوار کچەکەم دەچووین سەر لە نوێ بریـنەکەمان دەکولایەوە و تازیە لە ماڵمان نوێ دەبۆوە ، ناچار ڕۆژێک پێم لە جەرگی خۆم ناو بڕیارم دا چیتر نەچمە سەردانی گۆڕی کەسیان ، نە هـــی پیـــاوەکەم نەهـــی تـــاکە کوڕەکەشـــم ، ئەو بڕیـــارەم

کچەکانیشمی گرتەوە کە زانیان من چیتر ناچم ئەوانیش نەچوونەوە . ئێستا باشە زۆر لە بیریان نەماوە هەر کەس لەناو ماڵ و منداڵی خۆیەتی هەموویان شوویان کردووە . ئینجا لێژنەکە هەموو شتێکی پێدەڵێن لە بارەی ناوبانگی گۆڕەکە و بڵاوبوونەوەی چیڕۆکەکە بە جیهاندا . ئەویش پێیان دەڵێ من لەسەر لێواری مەرگم ، گەنجیشم بکەنەوە ناکا ئەوەی مەرگ ئەو کاتە لەناو باوەشم ئەو منداڵەی دەرهێنا، بڕۆن بریندەکانمان دووبارە مەکولێننەوە. لێژنەکەش پێی دەڵێن ئێمە بۆ شتێکیتر هاتووین ، ئەو گۆڕە داهاتی سااڵنە چەند هەزار دۆالرە نازانین چی لەو پارەیە بکەین ؟ تۆ وەکو دایکی ئەو منداڵە مافی ئەوەت هەیە ڕێگایەک بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی ئەم پارەیە دابنێی . ئەویش پێیان دەڵێ بڕۆن نەخۆشخانەیەک دروست بکەن بۆ ئەو منداڵانەی ئەم جۆرە نەخۆشیەیان لێیە بە خۆڕایی چاکیان بکەنەوە بەو داهاتەی باسی دەکەن . یەک دیناریش وەکو ژەهری مار لە هەر کەسێک حەرام بێت دەستی بۆ دەبات و دەیخوات ، جا با خۆشم و کچەکانیشم بن . ئینجا لێژنەکە دەگەڕێنەوە و لەو ڕۆژەوە نەخۆشخانەیەک دادەنێن بۆ ئەو منداڵانەی ئاو لەناو سەریان دایە ، بە خۆڕایی بە داهاتی ئەو گۆڕە چارەسەریان دەکەن . شاعیرەکەش بێ ئەوەی یەک شیعری بە جیهاندا بڵاو بێتەوە زۆر لەو شاعیرانە بەناوبانگتر بوو کە دیوانیان وەرگێڕانی بۆ کرابوو بۆ سەر زمانەکانی تر . ئێستاش ناوی خۆی و کوڕەکەی ، وە هەندێک جار چوار کچەکەی و

هاوسەرەکەشی وەکو سومبوڵێک لە ناو دەقە ئەدەبی و فەلسەفیەکان باس دەکرێ . کە ئانیا لە چیرۆکەکە بۆوە ، مەنسووڕی بازرگان نتقی گیرابوو ، موومکانی سەر پێستی یەک یەک قیت ببوونەوە ، چەندین جار هەستی کرد لە تەپڵی سەری تا بنی پێی تەزیەک وەکو تەزووی کارەبا بەناو لەشیدا هاتوچوو . ئانیا دەمێک بوو لە قسەکردن ڕاوەستابوو . بەڵام مەنسووڕی باوکی بە چاک و بە خراپ هیچ ووشەیەکی لە دەم نەهاتە دەرەوە ، هەرگیز بەمشێوەیە تێکشکانی بەخۆیەوە نەبینی بوو ، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لە بەرامبەر ئەم خیانەتەی لە مام تاوێری کردبوو دەربارەی تابووتەکان ، مام تاوێر هیچی پێ نەگووتبوو . ئەم هیچ نەگووتنە بۆ ئەو لە گووتنی هەموو شتێک کاریگەرتر بوو . ئەم چیرۆکەی ئانیاش دووچاری هەمان هەستی کردبۆوە . لە پڕ گووتی کچم من دەچمە ژووری خەوتن خەوم دێت ، ئینجا لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و بەرەو ژووری خەوتن چوو ، لەوێ جلەکانی گۆڕی و لێی ڕاکشا ، هەستی کرد ئەو هەموو دەوڵەمەندیەی بەدەستی هێناوە لە بارگرانی زیاتر شتێکیتر نیە ، چونکە ئەو هەروەکو جاران هەر ئەوەندە نانەی دەخوارد کە پێی دەخورا، هەر ئەوەندە مەیەشی دەخواردەوە کە پێ مەست دەبوو ، هەر یەک قات جلیشی دەپۆشی و هەر لەسەر یەک جێش ڕادەکشا و یەک بەتانیشی بەخۆی دادەدا ، هەر بە قەد خەڵکیش دونیای دەبینی ، ئەوەی گۆڕابوو لەو دەوڵەمەندبوونەیدا تەنیا لە

دەستدانی سیفاتە جوانەکان بوو کە بۆ مرۆڤ خۆراکی ڕووحە ، ئەو نزیکترین هاوڕێی لەم ڕێیەوە لە دەست دابوو لە پێناو ماڵی دونیا ، نزیکترین خۆشەویستیشی لە خۆی کرمۆڵە کرد بوو کە ژنەکەی بوو ، چونکە هەر ئەو دەیزانی پیاوەکەی چۆن دەوڵەمەند بووە . هەستیشی دەکرد پلە و پایەی باوکایەتیشی لەلایان کچەکەیەوە لە ڕووخان دایە و بەرەو لاوازی دەڕوا ، چونکە دەمێک بوو کچەکەی سەری بەڵێی بۆ نەدەجوڵاند وەکو منداڵێکی گوێڕایەڵ ، ئەو ئێوارەیە لە هەموو کاتەکان زیاتر هەستی بەمە کرد . دەشیزانی هیچ لەوانە بە پارە بەدەست نایەتەوە ، کەچی لە پێناو پارە هەموویانی دۆڕاندبوو . ژنەکەی لەم ڕووەوە نموونەیەکی بەرچاو بوو ، چونکە دەیبینی لە هیچی کەم نەبوو وەکو ژنی دەوڵەمەندترین کەس دەژیا لەم شارە ، لە ڕاقیترین گەڕەک، کە هەموو خەڵک لە سایەی خانووە بەرزەکانەوە پێیان دەگووت گەڕەکی فیرعەونەکان . بەڵام وەکو پێشتر هیچ خەندەیەکی بەسەر لێوەکانیەوە نەدەبیندرا ، چونکە دەیزانی هاوسەرەکەی پاک نیە . کچەکەشی لە ناو هەبوونی ئەو هەموو پارە و پوولە و ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرزەدا ، تێنووی کتێب و چیرۆکی سەرنجڕاکێش بوو .

ئەوە بێجگە لەوەی نەشیدەزانی دەچێتە لای زیندانیەکی بێ ماڵی هەژاری تۆمەتبار بە تاوانی کوشتن ، بەس بۆئەوەی گوێی لە بەسەرهاتی گیرانەکەی بگرێت .

نەشیدەزانی ئەو کەسە نزیکترین هاوڕێی مام تاوێرە ، چ مام تاوێرێک ؟ ئەو مام تاوێرەی لە سایەی پیلانەکەی ئەو و ئەو بەرپرسەی تابووتە مۆمیاکراوەکانی فرۆشتە وولاتی ئێران بۆ هەتا هەتایێ حوکم درابوو . بەم خەیاڵانەوە خەو بردیەوە ، دەوڵەمەندبوونێکی بەمجۆرە بۆی ببووە پاروویەک لە قوڕگی گیر ببوو ، نەدەیتوانی خۆی بڕشێنێتەوە نەدەشیتوانی قوتی بدات ، تەواو لە خنکان نزیکی کردبۆوە .

بیست و یەک

کاتژمێر یانزدەی شەو بوو ، مام تاوێر لە زیندان لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو ، ئەردەشێریش بەرامبەری پاڵی دابۆوە . پیاوێکی بە تەمەنیش لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی گفتوگۆی دەکرد دەربارەی" بەدەل حەج " ، چەند کەسێکیش گوێیان گرتبوو . لەسەر ئەوەی کە گوایە مرۆڤ دەتوانێ یەکێک لە ئەرکە ئایینیەکانی لە ئاینی ئیسلام کە حەج کردنە ، لە جیاتی کەسێکی تر ئەنجام بدات . لەوکاتە یەکێکیان لە مام تاوێری پرسی تۆ چی دەڵێی لەم بارەیەوە ؟ چونکە بڕوایان بە قسەکانی مام تاوێر هەبوو . مام تاوێریش گووتی گەشت و گوزار خۆشە ، ئەردەشێر لەگەڵ ئەم قسەیە خەندەیەکی کرد ، پاشان مام تاوێر دریژەی بە قسەکانی داو گووتی من ئێستا

دەرفەتم بۆ برەخسێ دەچمە چەند وولاتێکی مێژوویی لە جیهاندا ، بەتایبەتی ئەو وولاتانەی شوێنەواریان تێدایە ، وەک شاری ڕووهـا لە میزۆپۆتامیـا و هەڕەمـی فیرعەونەکـان لە میسـڕ و تـاوەری بابـل و دیـواری چـین و پەرسـتگاکانی هیندستان و ماڵی فەیلەسوفەکان لە یۆنان و کۆشکەکانی ڕۆما و مەیـدانە زۆرانبازیەکـان ، هەتـا کەعـبەش لە مەکـکە ، چ جیـاوازیەکی نـیە . بەڵام ئەگەر بـمەوێ حەج بـکەم بەنـاوی پیرۆزی، بیر و بڕوایەکی ترم هەیە ، هەر لێرە لەناو گۆڕەپانی ئەو زیندانە ، چونکە پێم وایە هەموو شوێنێکی دونیا پیرۆزە ، بەدەوری خۆمدا دەسوڕێمەوە بە نیەتی حەج . وە پێویستیشە لەمەوبەدوا وولاتەکان شتێک بکەن ، مادەم بە دەل حەج هەیە، لە هەر شوێنێک موسوڵمانی لێ بوو کەعبەیەک هاوشێوەی کەعبەکەی مەککە ، کە لە کەعبەکەی ئازربایجان و پەرستگا کۆنەکـانی زەردەشـتیەکان دەچـێ ، ڕەنـگە هەرلەویـش وەرگیرابێ ، دڕووست بکەن . بۆئەوەی هەم ئەم ئەرکە ئایینە لە بازرگانی دابماڵن ، هەمیش مسوڵمانان بتوانن بە ئاسانترین شێوە حەج بکەن ، بەتایبەتی هەژارەکان . بەڵکو بەهەشت بۆ ئەوانیش بەخت یاوەر بێ . پیاوە پیرەکە بە جواب هات گووتی مام تاوێر یەعنی چۆن ؟ مام تاوێر گووتی یەعنی لە جیاتی خەڵک لەم دوورەوە بچێتە سەردانی کەعبە لە مەککە ، کەعبە لە خەڵـک نزیـک بـکەنەوە . ئەمەش چـۆن دەکـرێ ؟ دەبـێ کەعبەیەک بە قەد ژمارەی مسوڵمانانی ئەو وڵاتە لە شوێنێکی شیاو دڕووسـت بـکەن ، بۆئەوەی حەج کـردن ئاسـان بـێ و

هەموو کەس بتوانێت ئەنجامی بدات. بەم شێوەیە هەر وولاتە و کەعبەی خۆی دەبێت بۆ حەج کردن. هاوشێوەی کەعبەکەی مەککە ، وە لەو کاتە داهاتەکەشی هەر بۆ خەڵکەکەی دەگەڕێتەوە نەوەک بۆ وڵاتێکی تر ، بەو نیەتە هەرکەس بیەوێت دەبێتە حاجی . پێویست ناکات بەم جۆرەی هەیە لە شوێنێکی جیهان هەموو خەڵک بە شەڕە شەق و پاڵە پەستۆ و کەوتنە بن پێی یەکتری ، ئەرکێک لە ئەرکەکانی ئایین جێ بەجێ بکەن ، چونکە ئایین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و کار ئاسان کردن داندراوە ، وەک دەڵێن ، نەوەک بۆ گرانکردنی ئەرکی مرۆڤ و ئازاردانی دەروونی کە لە ڕاستیدا دەکرێ هەر نەشکرێ . کێ دەڵێ ڕۆژێک کەعبە هەر نابێتە شوێنەوارێکی چۆڵ ؟ کوندەبەبۆ هێلانەی تێدا ناکات و شەمشەمەکوێرە خۆی بە شوێنە تاریکیەکانەوە هەڵناواسێ ؟ کە لە گەڵێ شوێن هاوشێوەی کەعبە هەبووە لە مێژوودا ، ئێستا کەس هەر باسیشیان ناکات . کام لە خەڵکە ئاساییەکەی سەردەمی نەمروود لەو بڕوایە دابووە شاری ڕووها بە بن خۆڵ دەکەوێت و دوای ئەو هەموو ساڵە ئینجا دەدۆزرێتەوە؟ بێ ئەوەی کەسی تێدا مابێت . کێ لە سەردەمی فیرعەونەکان بڕوای دەکرد ، ئەگەر بیانگووتبا ڕۆژێک خەڵک تەنیا بۆ سەردانی وەکو شوێنێکی کۆن دێنە ناو هەڕەمەکان و سەردانی گۆڕستانە مۆمیاکراوەکان دەکەن ؟ دواتر پیرۆزی چیە ؟ ئێمە دەبێ لەوە بگەین ، هیچ شوێنێک بۆ چینیەکان هەندەی دیوارە درێژەکەی بە شورای چین بەناوبانگە پیرۆز

نیە ، هیچ شوێنێکیش بە قەد هەڕەمەکان بۆ مسڕیەکان پیرۆز نیە ، جا شوێنەواری هەموو وواڵاتەکان بەمشێوەیە ، چونکە جێ دەستی باب و باپیرانیان پێوەیە . کەعبەش بۆ عەرەبەکان وایە ، بەاڵم لەبەرئەوەی ئاینی ئیسالم ئاینێکی سیاسی و ئابووریە ، بێجگە لە الیانە کۆمەاڵیەتیەکەی ، ئەم پیرۆزیەیان بە گشتی کردووە ، جا لە هەندێک شوێن بە میانڕەوی و بە سیاسەت ، لە هەندێک شوێنیش بەهێز و بە شمشێر ئەم کارە سەپێندراوە ، تا لە ئەقڵی خەڵک بە تەواوەتی جێیان کردۆتەوە. بۆیەش بەدەل حەجیان قبوڵە ، بۆئەوەی کەسی پەککەوتەش کەسێک لە شوێنی خۆی بنێرێ بۆ حەج ، نەڵێن بە خۆی پێی ناکرێ ، بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاستی ئابووری و بە پیرۆز هێشتنەوەی شاری مەککە . ئەگەر نا مادام بەدەل حەج هەیە لەم ئاینە با لە هەر شوێنێک کەعبەیەک دروست بکەن بۆ ئەو وواڵاتانەی لە سعودیاوە دوورن . مام تاوێر هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو هەموو بڵاوەیان کرد ، بەشەرێک لە دەوروبەری نەما، دیار بوو ئەم جارە قسەکانیان بە دڵ نەبوو، تێیاندابوو بە بنی لێوەوە استغفراللەی دەکرد ، تێیاندابوو دەمی دەجووڵا بێ ئەوەی کەس تێی بگات چی دەڵێت . ئەردەشێر لە شوێنەکەی خۆی خەنی بوو لەگەڵ پێکەنین ، بەاڵم بۆئەوەی شعووری کەسیان بریندار نەکات لایەکی بەتانیەکەی خستبووە ناو دەمی نەوەک دەنگی پێکەنینەکەی بێت . مام تاوێر لەوکاتە بەبنی چاوەوە سەیری کرد کە بینی گووتی بەچی پێدەکەنی ؟ ئەردەشێر لەگەڵ ئەم

قسەیە هەندەیتر شین بۆوە ، لەگەڵ پێکەنین دەمارەکانی ملی هەموو بە دیار کەوتبوون. مام تاوێر گووتی پێت وایە خراپم گووتوە؟ ئەردەشێر بەحاڵ گووتی نا بڕوا بکە بەوە پێناکەنم ، بە جـــوان بیرکـــردنەوەی تـــۆ و هەژاری ئەم خەڵـــکە لە بیرکردنەوە پێدەکەنم ، بینیت چۆن بڵاوەیان کرد دەتگووت مێـرووڵەنە ئـاو بە نـاو شـارەکەیان وەربـووە ؟ لەبەرچـی ؟ چونکە تەنیا بۆچونێکی جیاوازت هەبوو . مام تاوێر گووتی نا ، پـێم وانـیە ئەوەنـدە لەبەر بۆچـوونە جیـاوازەکە بـوو بـێ . ئەردەشێر گووتی ئەدی پێت وایە لەبەر چی بوو ؟ مام تاوێر گووتی لە ترسان و بێ تاقەتیان بـوو ، تەنیا لە ترسـان و بـێ تاقەتیان ، چونکە ناوێرن و هێزیـان تێدانیە هەنگاوێـک بـاوێن جیا لەو هەنگاوەی لە منداڵیەوە فێرکراون . ئەوانە ڕێک وەکو ئەو فەرخە مراویـانە دێنە بەرچـاو ، کە لە هـێلکە هـاتوونەتە دەرەوە پێیان گووتراوە ئێرە ڕێی چونە سەر ئـاوە و ئێرەش ڕێی گەڕانەوە ، لەم ڕێیانە لابدەن بـاز دەتـان بـات . لەبیریـان چـووە ئێستا گەورە بـوونە دەکرێ وەکو گەورەکان ڕێیەک بدۆزنەوە بۆ خۆیـان ، شـیاوتر بـێ لەو ڕێیە کۆنەی چەندین ساڵە هـاتووچۆی پێدا دەکەن . کە ئەویش هەر لە ڕێیەکی دۆزراوە زیاتر نیە . لەوکاتە چاودێری قاوشەکە قسـەکانیانی پـێ بـڕی گـووتی تەواو کـاتژمێر دوازدەیە هەر کەس بچێتـە سـەر جێگـای خـۆی و بـخەوێ . چـونکە لەو زینـدانە دوای کـاتژمێر دوازدە نەدەبـوو کەس قسـە بکـات و کەسـیش بە خەبەر بـێ ، هەرکەس خەوی بهاتبا یاخود نـا ، دەبـوا لەگەڵ

کاتژمێر دوازدە بچێتە سەر جێگاکەی خۆی و بخەوێ . هیچ گلۆپێکیش نەدەکوژێندرایەوە ، ژوورەوە شەو و ڕۆژ ڕوناک بوو وەکو نوێژی نیوەڕۆ . چەند پاسەوانێکیش کە هەر لە بەندکراوەکان بوون ، لەناو ژوورەکە تا بەیانی دەبوا بە خەبەربن ، بۆئەوەی ئاسایشی بەندیخانەکە لە هەموو ڕوویەکەوە بپارێزن . شەوانیش هەرکەسێک پێویستی بە چوونە سەرئاوبا ، دەبوا ئیزن لە پاسەوانانەکان بخوازێ ئینجا بچێتە سەرئاو . پاسەوانەکانیش بەرامبەر ئەوکارە مەهاجەیان لە ڕۆژێکی جیاواز لەو ڕۆژانەی تایبەت بوون بۆ مەهاجە پێ دەدرا ، بۆشیان هەبوو هەریەکە و دەدەقە تەلەفۆن زیاتر بکەن لە بەندکراوەکانی تر بۆ دەرەوە لە حەفتەی جارێکدا .

بیست و دوو

شەو دەرنگ بوو ئانیا خەوی نەدەهات ، لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و ڕۆبەکەی بەسەر شانی دادا ، پاشان لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە لەناو بەلەکۆنەکەڕا سەیری دونیای کرد ، هێشتا باران لێی نەکردبۆوە پڕووشکەکانی لەبەر ڕۆناکی ئەو بلاجگتۆرەی بە یەکێک لە عامووده بەرزەکانەوە بوو لە ڕێزی دارە قەڵەم تۆزەکان جوانتر دەبیندرا ، سەر شەقامەکە تا چاو حوکمی دەکرد دیار بوو ، چۆڵ دەچۆوە ، هەتا هیچ لەو گیانلەبەرانەی دۆستی مرۆڤیشن لە دەرەوە نەدەبیندران ، وەک سەگ و پشیلە . حەزی دەکرد هەر بەو شەوە بارانەویە هاوڕێیەکی کوڕی هەبا بەڵکو بەیەکەوە بەسەر ئەو شەقامە چۆڵەدا شۆڕببانایەوە و جارجار دەستیان

بخستبوایە ناو دەستی یەکتر و جارجاریش سەریان بە لاشانی یەک بکردبا . ئەو تەواو هەستی بە تەنیایی دەکرد لەو دونیا فراوان و قەرەبالغە ، لە پڕ ئەردەشێری بە بیرهاتەوە کە تاکە کەس بوو بێ باکانە هەستی خۆی بۆ دەربڕی بوو . لە هەمان کاتیش ئەردەشێر لە ناو زیندان سەری خستبووە بن بە تانیەکەی ، دەیویست پشوو بە چاوەکانی بدات لە ڕۆناکی ئەو گڵۆپانەی بەردەوام پێبوون ، بیری لە ئانیا دەکردەوە تا دەهات زیاتر خۆشیدەویست ، پەرچەمە خاوەکەی لەخەیاڵی دەرنەدەچوو ، لەگەڵ قۆرتەکانی سەر ڕوومەتی ، لە پڕ لە لای خۆی ڕا گووتی دەبێ ئێستا چیبکات ؟ بە دڵنیاییەوە دەبێ خەوتبێ ، سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد و ئەوەندەشی گووت بەڵێ شەو درەنگە . لەبەرە خۆشی خۆزگەی بەوە دەخواست ڕێیەکی نەێنی هەبا تا بیتوانیبا هەموو شەوان کە زیندانیەکان دەخەون پێیدا بچووبایە دەرەوە لای ئانیا ، بەڵکو بە کەیفی خۆیان دوور لە هەموو یاسا و ڕێسایەک تا تاریک و ڕوونی بەیانیان لەم شارە بسوڕابوایانەوە و دەردە دڵیان لای یەک بکردبا ، پاشان بەر لە ڕۆژهەڵاتن ئانیای ببردبایەوە ماڵەوە و بە خۆشی بە هەمان شوێن بهاتبوایەوە ناو زیندان بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات ، بەڵام ئەمە لە خەیاڵێکی جوان زیاتر نەبوو بۆی ، کە زۆر چێژی پێ دەبەخشی .

بیست و سێ

چەندین شەو و ڕۆژیان بەمشێوەیە تێپەڕاند، ڕۆژ هات و چوو ئاسمان تاریکی بەخۆیەوە بینیەوە لە نەبوونی ڕۆناکی وپاشان تیشکی گەرمی ئەو تۆپە ئاگرەی لەو بەرزیەوە بە دەردەکەوت و نەدەکوژایەوە ، دیسان تاریکی ڕاوناو ئەم بەشەی زەوی ڕوناک کردەوە . ئانیا ئێوارەی ڕۆژی دووشەم مەنجەڵێک دۆڵمەی بۆ ئەردەشێر لەگەڵ دایکی پێچایەوە ، بە فێڵی ئەوەی گوایە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بە تەمایە بچێتە سەیران . ڕۆژێک بەر لە مەهاجەش قاتێک جلی بۆ ئەردەشێر کڕی بوو تا بە دیاری پێی بدات . بەیانی زووش لە خەو هەڵستاو دۆڵمەکەی خستە سەر ئاگر ، پوخت و جوان کوڵاندی و پەڕۆکێکی لێ پێچا، پاشان خۆی ئامادەکرد و بەرەو زیندان

بەڕێکەوت . ئەردەشێریش دەمێک بوو خۆی گۆڕی بوو ، قسەکەی مام تاوێری هەر لە بیرمابوو کە پێی گووتبوو هەمیشە با بۆنت خۆش بێ چونکە بۆن یەکێکە لە هەستەکان بە قەد بینین کاریگەری خۆی هەیە بۆئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکەتی پێ ڕاکێشی . ئەو دوودڵ بوو لە هاتنی ئانیا ، هەرچەندە لە مەهاجەیەی پێشریش ئانیا گووتبووی دێمەوە ، بەڵام ئەردەشێر چونکە تەلەفۆنی بۆ نەکردبوو لەبەرئەوەی ئەو حەفتەیە تەلەفۆنکردن کێشەی تێکەوتبوو بەهۆی ئەوەی یەکێک لە زیندانیەکان بە تەلەفۆن هەڕەشەی لە کەسێکی دەرەوە کردبوو . دڵنیا نەبوو دێ یان نا . لە پڕ بە بڵندگۆیەکە ناوی خوێندرایەوە ، ئەردەشێر شێوا ، دەمێک سەیری خۆی کرد لەو ئاوێنەیەی لای چاودێری ژوورەکە لە دیوار درابوو ، مام تاوێریش سەری لە ژێر بەتانیەکەوە دەرهێنا گووتی دەبڕۆ کات بەفیڕۆ مەدە کوڕم بڕۆ ، دەمێکە ئاگام لێیە ، مەڵێ خەوت بوو هەر دەهاتی و دەچووی دەتگووت زەوی لە ژێر پێت سێرێکی گەرمە ناوێری لە ترسی سوتانی پێیەکانت چرکەیەک لە سەری ڕاوەستی . ئەردەشێر لە ژوورەکە چووە دەرەوە پاشان بەناو مەمەڕەکەدا تێپەڕی و گەیشتە لای ئانیا ، لە دەروازەی گۆڕەپانەکە خۆی پێنەگیرا تووند باوەشی لێدا گووتی سوپاس کە هاتیەوە . زیندانیەکان هەموو بەیەکەوە سەیریان کرد ، ئەو کەسانەی لە گەڵیشیان بەشەڕ هاتبوو ئەوانیش بینیان . ئانیاش دەستی لە پشی دا ، ئەم باوەش لێدانەی پێ ناخۆش نەبوو . ئەردەشێر بەوپەڕی هەر بەمشێوەیە

بە بەرد بێ ، هەرگیز لەو جسمە نەرم و بۆن خۆش و پڕ مهرەبانیە نەبێتەوە کە هەم بۆنی مەعشوقێکی لێدەهات هەمیش بۆنی دایکێک . کە ئەمە یەکەمجاری بوو لە ناو کێشمەکشمی دونیا و مەشاکیلەکانی هەست بە ژیان بکات لە باوەشی ژنێکەوە . وە لەم دونیا گەورەیەش بەو هەموو دادوەر و پارێزەر و مافخواز و سیاسەتمەدارەوە هەر ژنێک بوو دەرگای قسەی بە ڕوویدا والاکردبوو ، هەر ژنێکیش بوو بەکەم سەیری نەدەکرد وەکو بەندکراو و تۆمەتبارێک بە تاوانی کوشتن . لەبۆ ئەو لەو سەردەمە تاریکەی تێی کەوتبوو ئەو ژنە هەم پێغەمبەرێک بوو ، هەم موعجیزەکارێک ، هەم خوادایەک بوو ، هەمیش کتێبێکی پیرۆز . هەر بە ڕاستی لەو دۆزەخە بۆ ئەو ژنە خودی ژیان بوو ، خودی بەهەشت بوو ، خودی هەموو ئەو شتانە بوو مرۆڤ لە تەنگەژە ڕزگار دەکەن.ئینجا دوای ئەو بەیەکگەیشتنە گەرمە لەلایەک دانیشتن، لە پڕ ئانیا سەر دەستەکانی ئەردەشێری بینی بە بازنەیی هەردوولای بریندارببووە لێی پرسی ئەمە بەچی وای لێهاتووە؟ لەگەڵ ئەم قسەیە یەکێک لە دەستەکانیشی خستە ناو دەستی خۆی ، ئەردەشێر گریا فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا هاتە خوارەوە . ئانیا گووتی چی بووە پێم بڵێ ؟ ئەردەشێر حەزی دەکرد زیاتر بگریێ ، چ گریانێک ؟ بە قەد هەموو ئەو بەرەنگاریانەی لە تەمەنی خۆی ئەنجامی دابوون . ئەو چەندین جار سەراوژێر هەڵواسرابوو ، چەندین جار بەمشێوەیە کەلەپچە دەستی بریندار کردبوو ، قەت نەیگووتبوو ئۆف .

بەڵام ئەو پرسیارە لە لایان کچێکەوە جیاواز بوو ، کە هەم دەیحەساندەوە ، هەمیش وای لێدەکرد بەخۆشی بیر لەو هەموو ئازارە بکاتەوە و بڵێ بەڵێ هەر بەڕاستی بۆ دەستم وای لێهاتووە ؟ بۆ لێرەم ؟ بۆ زیندانی کراوم ؟ بە دەستێک فرمێسکەکانی سڕیەوە و گووتی ئانیا ژیان بۆ کەسانی هەستیار لە ئازار زیاتر نیە ، هەرچەندە هەموو کەس بێ هیوابێ نابێ من بێ هیوابم ، لە کاتێکدا ڕۆژگارێک لە ناو ئەو زیندانە نەفرەتیە بێ کەس و کار دەمنااڵند ، حاڵم لە یوسف خراپتر بوو لەو کاتەی لە ئاقارەکانی کەنعان بە دەستی براکانی خرابووە ناو بیر . بەڵام لەپڕ جوانترین فریشتەی ئەم دونیایە هاتە سەردانم و خواستی قسەی بۆ بکەم . ئانیا پێکەنی گووتی مەبەستت منە فریشتە ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ ، تۆ گرێکۆڵەی ئەو هەموو قسانەت بۆ کردمەوە کە چەندین ساڵە لەسەر دڵم ببوونە بارێکی ئەوەندە گران خۆزگەم بە بەردە گەورەکەی سەر شانی سیزیف دەخواست . چونکە نەدادوەرم بە شیاو دەبینی قسەی بۆ بکەم ، نە پارێزەرەکانی ناو دادگا و نە ئەو بەنی ئادەمانەی خۆیان لە خەڵک جیادەکەنەوە و دەهاتن بەناوی مافی مرۆڤ بۆ زیندان بە قات و ڕیباتێکەوە قسەی گەورە گەورەیان دەکرد . ئاخەر مرۆڤ لەم دونیایە کەسێک نەبێ وەکو پێویست گوێی لێ بگرێ یان شێت دەبێ ، یان بۆ هەتا هەتایێ بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ ، یانیش خۆی دەکوژێ . ئانیا گووتی باشە چۆن

دەتزانی ئەوانە خۆیان لە ئێوە جیادەکردەوە ، یان بە جۆرێکی تر لە ئێوەیان دەڕوانی ؟ ئەردەشێر گووتی لە مێژە منداڵێک لە ناخی منداید ، بێ هۆ نیە گووتراوە منداڵ زیرەکترین دەروونناسە . هەرچەند هەوڵم دا لەگەڵم گەورە بێ گەورە نەبوو ، هەر وەکو خۆی مایەوە ، ئەو هەموو شتێکم پێ دەڵێ لە بارەی مرۆڤەکان ، یەک بینین بەسە بۆئەوەی من لەوان حاڵی بکات . ئانیا بە سەرسامیەوە گووتی منیش زۆرجار هەست بە شتێکی وا دەکەم لە ناخەوە ، کە تۆ پێی دەڵێی منداڵ ، بەڵام وەکو تۆ نەمزانیوە وەسفی بکەم ، هەر ئەویش بوو هانیدام بێم بۆ ئێرە . ئینجا ئەردەشێر دوای ئەم گفتوگۆیە باسی هۆی بریندار بوونی سەر دەستەکانی و هەڵواسینی بە شیشەکان و ئەو شەڕەی کرد کە لەگەڵ ئەو زیندانیانەی قسەیان بە ئانیا گووتبوو ، کردبووی . پاشان باسی هەڵوێستەکەی مام تاوێری هاوڕێشی کرد ، کە خۆی خستۆتە بەر پێیەکانی بۆئەوەی ئازاری هەڵواسینەکەی کەم بکاتەوە . ئانیا کە گوێی لەو پەیوەندیەی ئەردەشێر و مام تاوێر بوو سەیری پێ هات ، گووتی باشە ئەم پیاوە لەسەر چی گیراوە؟ ئەردەشێر گووتی بەسەرهاتی ئەم پیاوە دوور و درێژە ، مرۆڤ کە گوێی لێدەبێ ناتوانێت غەمی لێ نەخوات . بەڵام بە کورتی با هۆی گیرانەکەیت پێ بڵێم ، کاتی خۆی ئەم پیاوە هاوڕێیەکی نزیکی هەبووە بەناوی سیاوەش ، لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی چەند گۆڕێکی مۆمیاکراو دەدۆزنەوە ، مام تاوێر ڕازی نابێ بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان ئەم گۆڕانە بفرۆشن ،

چونکە پێی وابووە ئەم گۆڕە مۆمیاکراوانە ملکی خاک و خەڵک و میژووە، وە پێشی وابووە ئەم تابووتانە نابێ بۆ هیچ شوێنێک بگوازرێنەوە بە نهێنی . ئەو سیاوەشەش بەم بۆچونە ڕازی نابێ و خیانەتی لێ دەکات ، دەچێ یەکێک لە بەرپرسەکان ئاگادار دەکاتەوە . پاشان لەگەڵ بەرپرسەکە لەسەر ئەوە پێک دێ بەیەکەوە گۆڕەکان بفرۆشن ، مام تاوێریش بدەنە دادگا بە تاوانی فرۆشتنی گۆڕەکان . کە مام تاوێر دەدەنە دادگا چونکە شاهێدی نابێ بۆ ئەو بەرگریانەی لە خۆی دەکات و شاهێدی بە پارە گیراویشی لەسەر دەبێ بۆ ئەو تاوانەی دەخرێنە پاڵی، دادگا سزای هەتا هەتایی بەسەردا دەسەپێنێ . ئانیا گووتی باشە ئەدی دواتر ئەو سیاوەشە چی بەسەر دێ ؟ ئەردەشێر گووتی نازانم ، منیش جارێک هەمان پرسیارم لە مام تاوێر کرد بەڵام وەڵامی نەدامەوە و پێی گووتم واز لەو مەسەلەیە بێنە بۆ خۆت واچاکە پەندی لێ وەربگری . منیش لێم پرسی چۆن ؟ گووتی هەرگیز لەگەڵ کەسێک بەڕێگادا مەڕۆ " ترس و نەوس و جنس" ی تێنەپەڕاندبێ ، چونکە هەمووکات ئامادەیە درۆت لەگەڵدا بکات، بتفرۆشێ ، تەنانەت لە ناویشت ببات و لە شاخێک فڕێتداتە خوارەوە . منیش پێم گووت چۆن ئینسان دەتوانێ ئەم سێیانە تێپەڕێنێ ؟ گووتی ئاسانە هەندە ئاڵۆزنیە وەک ئەوەی بەم شێوەیە دێتە بەرچاو ، گوێ بگرە مرۆڤ یان دەبێ بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی دوایی بێ بۆئەوەی لێیان دوور بکەوێتەوە . یان خۆی لە هەمووان تێربکات تا حەددی ڕشانەوە بۆئەوەی

پێویستی پێیان نەمێنێ . یانیش هاوسەنگیەک دروووست بکات لە بەینی ڕووح و جەستەدا ، کە ئەمەیان لە هەمووی ڕاستترە، چونکە هاوڕێیەتی و عەشق و هەڵوێست ، لەمەیان دێتە ئاراوە. ئینسانێک بتوانێ ڕووح و جەستە بکاتە هاوڕێ دەتوانێ عاشقیش بێ ، دەتوانێ بەسەر ترسیشدا زاڵ بێ ، دەتوانێ هیچیش نەخوات و بژی ، تەنانەت دەتوانێ جووتبوونیش ئەنجام بدات یان هەر ئەنجامی نەدات . چونکە شەڕێک لە ناخیدا بوونی نیە تا بیکاتە کەسێکی مەترسیداری بێ هەڵوێست ، کە هیچ کات جێی متمانە نەبێ . بەهۆی ئەو ئاشتیەی لە نێوان جەستە و ڕووحی دا دروووستی کردووە . ئانیا بە سەرسامیەوە گووتی ئێوە چەند جوان بیردەکەنەوە ، من بەرلەوەی بیمە زیندان ، بەتایبەتی ئەو کاتەی پاڕێزەریم دەکرد لە ناو دادگا ، وامدەزانی ئەوەی لە زیندان بێ درێندە و بکوژە کەچی دەبینم وانیە ، باشە هەموو زیندانیەکان وەک ئێوەن ؟ ئەردەشێر پێکەنی گووتی نا ، ئەوەندەش خۆش باوەڕ مەبە ، هەرچەندە نە ئەوانەی لە زیندانن هەموویان کەسی خراپن ، نە ئەوانەشی لە دەرەوەن هەموو کەسی باشن . مام تاوێری لێ دەرچێ وەک ئەوەندەی ئاگادارم لێرە کەسی تر وا بیرناکاتەوە ، چونکە دەیانبینم نەدەزانن خوا چیە نەبڕواشیان هەندە بە ڕۆژی دوایی هەیە ، هەروەها نە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی خۆیان لە هەموو حەزەکان تێرکەن تا حەددی ڕشانەوە بۆ ئەوەی پێویستیان پێ نەمێنێ، نە پەییان بە ڕووح و جەستەش بردووە تا ئەو ئاشتیەی باسمان کرد بە

دەروونیان ببەخشن . هەموویان جا چ لە دەرەوەبن یان لە زیندان بیر لە دوو شت دەکەنەوە " نەوس و جنس " زیاتر نا ، هەمووشیان دەترسێن . بۆ نموونە دەسەڵات هەموو سبەینان لە دەروازەی شار بەرلەوەی بڕۆنە سەرکار ، بەڕێز سەر و پێلەقەیان لێبدات ناوێرن بڵێن بۆ ؟ یان نا . لەبەرچی ؟ چونکە لەمندااڵیەوە ملکەچ کراون ، دەستیان بۆ هەرچی بردووە پێیان گووتراوە حەرامە ، یان قەدەغەیە ، یان " ئەوە ئیشی تۆنیە هی گەورەکانە " . بە ئاگر بە عەزابی گۆڕ بە هەڕەشەی کوشتن بە لێدان بە هەزارەها جۆر شتیتر وایان لێکراوە بترسێن ، نەوێرن هەنگاوێک باوێن جیا لەو هەنگاوە باوانەی لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر گۆڕانکاریان بەسەر دادێ .

با چیڕۆکێکی کورتت بۆ بگێڕمەوە لەسەر ئەوە ، ئەگەرچی دەزانم بە پەلەی بۆ ئەوەی بچینەوە سەر بەسەرهاتی باپیرم.

ئانیا گووتی حەزدەکەم بفەرموو . ئەردەشێر گووتی لە شارێک پاشایەکی چەقبەستو و تووڕە دەبێ ، ئەو پاشایە ئاینی ئیسلام پەیڕەو دەکات و دەڵێن لەو شوێنەی حوکمڕانی کردووە بڕوای تەنیا بە بیر و بڕوا و ئایینەکەی خۆی هەبووە بە هەموو هەڵەکانیشیەوە . هەرگیز لێنەگەڕاوە کەسێک بە جۆرێکیتر بیربکاتەوە ، یان لەسەر ئاینێکیتر بێ ، لە هەموو کۆبوونەوەکانیش ئەوەی دوپاتکردۆتەوە ، کە زۆر کەیفی بەوە هاتووە خەڵکەکەی لە سەر هەمان ئاین و بیر و بڕوای ئەون . بەڵام هاوسەرەکەی ئەوەی بە دڵ نابێ ، زۆرجاریش ئاگاداری دەکاتەوە خەڵکەکەی لەبەر دوو هۆکار لەسەر

ئایینەکەی ئەون ، یەک لەبەرئەوەی ئەو ئایینە بۆتە کەلتوور لەو شارە و لە دایک و باوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە . دووش لەبەرئەوەی لە سزاکانی پاشا دەترسێن و ناوێرن ڕێیەکیتر هەڵبژێرن . پاشاش بڕوا بەوە ناکات و هیچ کاتیش ئامادەنیە بیسەلمێنێ هاوسەرەکەی ڕاست دەکات . لە هەمان کاتدا سێ منداڵی کوڕی دەبێ ، بەهۆی ئەوەی بە خۆی دەرفەتی نابێت پەروەردەیان بکات ، لەبەر کار و بارەکانی ناو کۆشک ، ئەم کارە بە هاوسەرەکەی دەسپێرێت . هاوسەرەکەشی ئەمە بە دەرفەت دەزانێت تا لەم ڕێیەوە وانەیەک بە مێردەکەی بدات و پێی ڕابگەینێ منداڵ بە پێی کەلتووری ئەو شوێنە فێردەبێ و بیر و بڕوا دروست دەکات ، نەوەک بە پێی بیرکردنەوەی خۆی . چونکە کاتێک ئایینێک یان کەلتور و بیر و بڕوایەک کاریگەری لەسەر دادەنێ هێشتا ساوایە و نەبۆتە خاوەنی ئەقڵێکی هەڵسەنگێنەر . هەڵدەستێ هەرسێ منداڵ لێک جیادەکاتەوە و دەیانناسێتە سێ وڵاتی جیاواز ، بۆئەوەی لە دواڕۆژ کە گەڕانەوە هەریەکەو شتێک فێربووبێ نەوەک هەرسێکیان فێری یەک شت بووبن ، وەک ئەوەی لە وڵاتەکەی خۆیان هەبووە ، هەروەها بۆ ئەوەشی بێ یەکتر بتوانن ژیان بکەن و تێکەڵی خەڵکیتریش بن ، نەوەک هەر لەگەڵ یەک گفتوگۆی ئەوە بکەن کە لە کۆشک فێربوونە . گەورەکە دەنێرێتە بەریتانیا، ناوەنجیەکەش دەنێرێتە هندستان، بچووکەکەش دەنێرێتە چین . دوای چەند ساڵێک کە منداڵەکان گەورە دەبن و دەگەڕێنەوە ، پاشا بەم بۆنەیەوە خوانێکی

گەورەیان بۆ ساز دەکات ، لە وخوانەدا پاشا دەبینێ ئەوەی لە بەریتانیا گەڕاوەتەوە قاتی لەبەر کردووە و پاپێۆنی بەستووە، هەروەها بە مراک و چەنگاڵ نان دەخوات و دەستەسڕ لەسەر کۆشی و یەخەی دادەنێ ، هیچ بڕوایەکیشی بە خوا و ئایین نیە ، بە لەخۆڕازیبوونەوەش قسە دەکات . ئەوەشی لە هند گەڕاوەتەوە دەبینێ کراسێکی دڕێژی سپی لەبەرە و لەگەڵ بێجامەیەک ، هەموو یەخەی کراسەکەشی نەخش و نیگارە و گوارەیەکیشی لە گوێیە ، بەدەستیش نان دەخوات و ناهێڵێ هیچ لە بنی قاپەکە بمێنێتەوە ، بڕواشی بە ئایینی بوودایيە ، تا بڵێی میهرەبان و نەرمیشە لە قسەکردندا . هەروەها ئەوەشی لە چین گەڕاوەتەوە دەبینێ بە هەمانشێوە جل و بەرگی چینیەکانی پۆشیوە و بە دووداڕ نان دەخوات و بۆتە یەکێکیش لە پەیرەوانی فەلسەفەی کۆنفۆشیوس ، هەروەها بیردەکاتەوە ئینجا قسەدەکات و یاریزانێکی بەهێزی کۆنفۆشە ، وە پێشی وایە هونەرە جەنگیەکان بەرلەوەی بۆ زاڵبوون بێ بەسەر دەوروبەردا ، بۆ زاڵبوونە بەسەر خوود . کەچی هەر سێکیشیان لە یەک دایک و باوکن . پاشا بەوە زۆر دڵخۆش دەبێ کە چاوی پێیان دەکەوێ کوڕەکانی بوونەتە سێ کەسایەتی جیاواز و هیچیشیان لە هیچیان ناچێ . بۆ ئەو لەلایان پاشایەکانی تردە بوونی ئەم سێ کوڕە پلەی پاشا و باوکێکی ناوازەی پێ دەبەخشێ ، کە لەمێژوودا بنووسرێتەوە، کە بە بینینیان تا دەهات زیاتر چێژی دەبینی . لەو ڕۆژەوە وانەیەک وەردەگرێ کە هیچ کات لە بیری نەکات ، تەواو

گۆڕانکاریشی بەسەردادێ . دوای ئەم ڕووداوە هەڵدەستێ دەرگا بە ڕووی هەموو کەلتوور و ئایین و بیر و بڕواکان دەکاتەوە ، بە خۆشی واز لەو تەسک بیرکردنەوەیە دەهێنێ و حەفتەی جارێک لەو شارە ئاهەنگ سازدەکات و گۆرانیبێژان دەهێنێ گۆرانی بڵێن و سەماکەرانیش دێنێ سەما بکەن ، خەڵکیش ئەگەر حەزیان کرد مەیبخۆنەوە . ئیتر پشت لەو دەمار گرژیەش دەکات کە پێشتر هەیبووە . هەموو سااڵێکیش ڕێ بە خەڵکەکە دەدات چۆنیان بوێت بە پێی بیر و بڕواکانیان جەژن بگێڕن و نوێژ بکەن و ڕۆژو بگرن . ڕێ بەوانەش دەدات کە دەیانەوێ بێ ئایین بژین ، بێ ئەوەی کەس حەقی پێیان دابێت . لە دەروازەی گەورەی شاریش دەنوسێت " ئەوەی بڕوات پێی هەیە و ئامادەییت تێدایە خۆتی لە پێناودا بکەیە قوربانی ، مەرج نیە لە شوێنێکی تر ڕاست بێت " .

****

لەو کاتەی ئەردەشێر گەیشتە کۆتایی چیرۆکەکە و ئانیا ویستی سەرسامی خۆی دەربڕێ ، مام تاوێر لە مەمەڕەکەوە بە دیارکەوت ، دیارە دەیویست بچێ لە فرۆشگای ناو گۆڕەپانەکە شت بکڕێ . ئەردەشێر کە بینی بانگی کرد بۆئەوەی لەگەڵ ئانیا پێکیان بناسێنێت .

مام تاوێر کە هاتە لایان ، ئەردەشێر ناوی هەردووکیانی هێنا و گووتی ئەوە ئانیایە و ڕووی لە ئانیاش کرد ، گووتی

ئەمەش مام تاوێرە . ئانیا دەستی بۆ دۆقەکردن برد ، مام تاوێریش دەستی خستە ناو دەستی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی . ئانیا سەرسام بوو کە چاوی بە مام تاوێر کەوت ، هەستی کرد پیاوێکی کراوە و ڕوو خۆشە ، وە هەستیشی کرد پێشتر بینیویەتی . بۆیە لێی نەشاردەوە و گووتی هەست دەکەم تۆم لە شوێنێک بینیوە ، بەڵام لە کوێ ؟ ئەوە نازانم . مام تاوێر بە نەرمی خەندەیەکی کرد ، لەگەڵ ئەم خەندەیە زیاتر لۆچەکانی دەموچاوی بە دیار کەوتن بەڵام پێوە ناشیرین نەبوو ، گووتی لە کوردەواری قسەیەک هەیە لەبارەی ئەو کەسانەی یەکەمجار یەکتری دەبینن ، دەڵێ " لێک بکۆڵنەوە یان دۆست دەردەچین یان دوژمن " .

ئانیاش کە گوێبیستی ئەم قسەیە بوو خۆی وا دەرخست ئەویش گەورەبووە و شتێک دەزانێ ، وەڵامی دایەوە بەڵێ بەڵام مەرجیش نیە هەموو دوژمنیایەتیەک کوشتنی لێ بکەوێتەوە ، ڕەنگە بگۆڕێ بۆ دۆستایەتی . مام تاوێر گووتی بەدڵنیاییەوە خۆم چەند جار شتی وام بینیوە ، ئافەرین کچم ، ئەوە نیشانەی بیری چاکە . کە یەکێکە لە بنەماکانی ئاینی زەردەشتیەت. ئانیاش وەکو شانازیکردن بە خۆیەوە سەیرێکی ئەردەشێری کرد . ئەردەشێریش سەرێکی لەقاند بە مانای ئەوەی قسەکە پەسەندە . ئینجا مام تاوێر گووتی بەهەرحاڵ نامەوێ لەکاتتان بگرم دەزانم هاتووی بۆ گوێگرتن چونکە ئەردەشێر پێی گووتووم دەتەوێ ڕۆمانێک بنووسی ، لە بەسەرهاتی گیرانەکەی ئەم پیاوە نازدارە لەو کاتە دەستی

خستە سەر شانی ئەردەشێر . ئانیا گووتی بەڵێ ئەوە لە ئێستادا گەورەترین خەونی منە . مام تاوێر گووتی پێم خۆشە خەونێکی وا دەبینی بەڵام پێویستە بەر لەوەی دەست بە نوسین بکەی بزانی نوسین چیە ؟ ئاگادارببە مەبەستم ئەوە نیە کارەکەت لێ ئاڵۆزکەم ، بە پێچەوانەوە دەمەوێ پێت بڵێم زۆر لەوە ئاسانترە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە . ئانیا گووتی چۆن ؟ ئایا تۆ شتێکی لە بارەوە دەزانی ؟ مام تاوێر ووەڵامی دایە بێ گومان ئەگەر ئەردەشێر ئێزنم بدات هەر ئێستا بە ئاسانترین شێوە تێتدەگەینم . ئەردەشێر بە جواب هات گووتی بۆ نا ، بادانیشن . ئینجا هەر سێکیان بە سێ مەشقی دانیشتن .مام تاوێر تۆزێک ڕاوەستا ، پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی گوێ بگرە کچم نوسین گواستنەوەی ئەو وێنانەیە بە مێشکی مرۆڤ دادێ لە کاتی بیرکردنەوە ، بەڵگەش بۆ ئەمە مرۆڤ بەرلەوەی فێری نوسین بێ ، کاتێک بیری کردۆتەوە ویستوویەتی دەووروبەرەکەشی لەو بیرکردنەوەیە ئاگادار بکاتەوە وێنەی کێشاوە ، بەڵام کاتێک پەی بەمە بردووە وێنە ناتوانێ گوزارشتی تەواو لەو هەستانەی بکات کە بەرامبەر دەوروبەر هەیەتی ، چونکە وەک دەبینین ئێستاش وێنە ناتوانێ بۆن و دەنگ بگوازێتەوە ، ناچار نوسینی داهێناوە ، لەبەرئەوەی لە نوسین دا ئەو دووهەستەی ئاماژەم پێکرد " بۆن و دەنگ " دەردەبڕدرێ کە لە وێنەدا غایبە ...

بۆ نموونە گوێ لەو شیعرە بگرە :

" ئای چەند خۆشە باوەشی گیا
بۆنی فێنکی پاش ئێواران
دەنگی قیڕە قیڕی بۆق و
نەرمە شەپۆڵی کەناران " .

هەروەها جیا لە دەربڕینی ئەم دوو هەستە کە بینیمان ، دەبینین لە نوسیندا وێنەکانیش زیندوون . واتا کاتێک ئەم شیعرەت گوێ لێ دەبێ ، هەست دەکەیت سەیری کورتە ڤیدیۆیەک دەکەیت نەوەک وێنەیەکی ڕاگیراوی بێ جوڵە ، خاستەن ئەمە لە ڕۆماندا زیاتر هەست پێ دەکرێ ، ئەگەر خوێنەر بە ووردی لەگەڵ ڕستەکان تێکەڵ بێ وەک ئەوە وایە سەیری فلیمێکی سینەمایی یان زینجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی کردبێ. کاتێک سەیردەکەین بۆ نموونە لە ڕۆمانێکی مێژوویی‌دا کە هێرش دەکرێتە سەر شارێک و دەرگاکان دەشکێندرێن و هێرشبەرەکان بە مەنجەنیق شارەکە بۆردومان دەکەن و شمشێرەکان لە کاتی شەڕ دەبریسکێنەوە ، ئەگەرچی ناتوانین لە وێنەیەکدا بیانکێشین ، ناشتوانین بەمشێوەیە وێنەکان زیندوو ڕابگرین وەک ئەوەی لە نوسینەکەدا هەیە لەناو کتێبێکی داخراو، کە لەگەڵ کرانەوە و خوێندنەوە بێ هیچ ئامێرێکی کارەبایی دەبیندرێن و دەست بە جوولانەوە دەکەن . چونکە لە نوسینەکەدا وێنەکان لەکاتی خوێندنەوە بێ پچڕان

دەجووڵێنەوە ، ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێ ، مرۆڤ لە قۆناغی دواتر بیر لە شانۆ و پاشان فلیم و سینەما بکاتەوە . لێرە پرسیارێک بە مێشکی مرۆڤ دادێ ، ئایا ڕۆژگارێک دێ مرۆڤ بێ بەکارهێنانی کارەبا و هیچ تەکنەلۆژیایەک بتوانێ وەکو سینەما وێنە جوڵاوەکان ببینێ لە ئامرازێکی ئاسانتر ، وەک ئەوەی لە نوسیندا هەیە ، بێگومان بەڵێ ، بەڵام چۆن ؟ جارێ ئەوە نازانین. ئەوەی گرینگە بۆباسەکەمان گواستنەوەی ئەو وێنە جوڵاوانەن بە مێشکماندا دێن بۆ سەر پەڕ و هێشتنەوەیانە بە زیندوویەتی . ئانیا شاگەشکەبوو لەگەڵ ئەو قسانەی مام تاوێر کە لەبارەی نوسین کردی . ئینجا چەندین وێنەی بەبیرهاتەوە کە پێشتر سەرسام ببوو بە بینینیان و ویستبووی بە نوسین دەریان ببڕێ . هەر لەلای خۆشی ڕا وەکو سینەمایەک کۆمەڵێک شت هاتەوە بەرچاوی کە ئێوارەکەی حاکم عبدلرەحمان باسی ڕووداوەکەی ئەردەشێری لەلای باوکی کردبوو، کە مەیتی مەیسەری لەشفرۆشی لەسەر شان بووە و بوتڵێک مەیشی بە دەستەوە گرتووە ، ئەو وەکو فلیمێک ئەو ڕووداوەی بینیبوو ، بۆیەش بەدوای بینینی بەشەکانیتری هاتبووە زیندان تا بە واتاکەی بگات . ئینجا بۆی دەرکەوت گێڕانەوەش " ڕەوان " کردنە وەکو نوسین ، بەڵام لەبەرئەوەی نوسەر ناتوانێ بەو هەموو خوێنەرە بگات ، ناچارە ئەوانەی دەیەوێ بیانڵێ ، بە نوسین دەریان دەبڕێ و باشتر ئەرشیفیان دەکات . لەگەڵ ئەو خەیاڵانە تەواو لە

دانیشتنەکە دوور کەوتبۆوە ، لەپڕ ئەردەشێر دەستی لەسەر شانی دانا و گووتی ئانیا .

ئانیا لەگەڵ ئەو بانگکردنە لە شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی ، بینی مام تاوێر هەڵستاوەتەوە سەرپێیان و دەیەوێ بڕوا ، ئینجا بە پەلە ئەویش لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و بە مام تاوێری گووت وای ببووورە قسەکانت دەربارەی نوسین بەرەو دونیایەکی تریان بردم ، سوپاس بەڕاستی ئەو باسە گرینگ بوو . مام تاوێر گووتی ئاساییە ، خۆی ئەوەی دڵخۆشم دەکات ئەوەیە کە لەلایان خۆتەوە گرینگیت بە بابەتەکە داوە ، ئەوە نیشانەی چالاکی خانەکانی مێشکتە . کاتێک بە تەنیا بووی زیاتریش تێدەگەی ، بەتایبەتی ئەو کاتەی لێرە دەگەڕێیەوە بۆ ماڵەوە و پاشان سەیری وێنە زیندووەکانی ئەمڕۆ دەکەیتەوە چۆن هەرسێکمان گفتوگۆمان کردووە و بەیەکەوە دانیشتووین .

بیست و چوار

مام تاوێر لە لای ئەردەشێر و ئانیا ڕۆیی ، ئەوانیش دوای ڕۆیشتنی مام تاوێر لە شوێنەکەی خۆیان دانیشتنەوە ، ئانیا دیار بوو دەیوست بەر لەوەی مەهاجە تەواو بێ ، ئەردەشێر بچێتەوە سەر بەسەرهاتی باپیری و پیلانی ئاغاکان . گووتی هەستدەکەم کات درەنگە پێویستە دەست بە تەواوکردنی بەسەرهاتی باپیرت بکەی ، ئەردەشێریش وەڵامی دایەوە گووتی بۆ نا ، ئەگەر تۆ ئامادە بی ، ئەردەشێر ئەم قسەیەی لە دڵەوە پێ خۆش بوو ، چونکە زانی چیرۆکەکانی سەرنجی ئانیایان ڕاکێشاوە گووتی دوای تازیەی گوڵەنار و دایکی ، باپیرم وا خۆی دەردەخات وازی لەو کێشەیە هێناوە ، دەچێتەوە ناو دوکانی ئاسنگەریەکەی و ڕۆژانە خەریکی

کاروبارەکانی دەبێت . دەزانێ ئەگەر ئەو بێدەنگ بێ بکوژەکە ڕەنگە خۆی پێنەگیرێ و لەلای کەسێک شتێک بڵێت ، بەڵام ئەگەر بە دوایدا بگەڕێت ناچارە باشتر خۆی بشارێتەوە . ڕۆژانەش خەڵکی گوندەکان وەکو پێشتر دێنە لای . باپیریشم بە دەم ئیشکردنەوە گوێ لە قسەکانیان دەگرێت و جارجاریش دەیان دوێنێت ، بۆئەوەی شتێکی لە بارەی بکوژەکەوە بۆ دەربکەوێت ، تا ڕۆژێکیان فرسەتەکەڕ خۆی پێناگیرێ و دەچێتە دوکانەکەی ، چەند سنگێکیش لەو سنگانەی بۆ بەستنەوەی سەگ و گوێدرێژ و ئەسپەکان بەکاریان دەهێنا لەگەڵ خۆی دەبات ، بۆئەوەی سەرەکانیانی بۆ تیژبکاتەوە . باپیرم کە چاوی بە سنگەکان دەکەوێت دەبینێ هێشتا تیژن ، پێویستیان بە تیژکردنەوە نیە . لەوەوە گومان لە هاتنەکەی دەکات ، بەڵام هیچ قسەیەک ناکات . فرسەتەکەڕ دووبارە ئەو بێدەنگیەی باپیرم دەیترسێنێت ، چەند خۆی دەهێنێت و دەبات نازانێ چیبکا ، بە ناچاری دەکەوێتە قسە و دەڵێ هەست دەکەم لەمن تورەی ، ئەگەر پێت وایە من دەستم هەبووە لە کوشتنی گوڵەهنار هەڵەی . باپیرم لەگەڵ ئەم قسەیە لە تیژکردنەوەی سنگەکان دەوەستێت و بە تورەییەوە سەیری فرسەتەکەڕ دەکات ، دڵنیادەبێتەوە ئەو شتێک دەزانێ چونکە بەردەوام لەناو دیوەخان بووە و لە هاموشۆکان بەژداری کردووە . دەڵێن فرسەتەکەڕیش پیاوێک بووە زۆر لە باپیرم ترساوە ئەگەرچی بە بەژن و باڵا دوو هەندەی باپیرم بووە ، چونکە باپیرم بە خۆی پیاوێکی بچووک بووە بەڵام وەک

دەگێڕنەوە لە چاوی ماریش نەگەڕاوەتەوە . هەر لەناو دوکانەکە بەو هەموو ڕقە پەنگ خواردوەوەی ناخی لێی قیت دەبێتەوە و ئەو سنگەی لە دەستی دەبێ ، دەیخاتە سەر قڕقڕتۆکی دەڵێ ئەدی کێ ئەو بەستەزمانەی کوشت ؟ فرسەتەکەڕ لە ترسی گیانی خۆی دەڵێ وازم لێ بێنە پێت دەڵێم بەو مەرجەی ناوی من ئاشکرانەکەی . باپیریشم دەڵێ ڕازیم زوو پێم بڵێ . ئەویش دەڵێ ئاغا فلان . باپیرم کە گوێی لە ناوەکە دەبێت سنگەکە لەسەر قوڕگی فرسەتەکەڕ لادەبات و هەڵدەستێتەوە سەر پێیان دەڵێ دەمزانی پیلانی ئاغاکانە . بەڵام باپیرم لەوە ناکۆڵێتەوە بە دەستی کێ ئەم کارە ئەنجام دراوە ، دەنا خودی بکوژەکە لەبن دەستی بوو . ئینجا فرسەتەکەڕ ئیزن دەدات بەو مەرجەی ئەم باسە لە نێوان هەردووکیان بە نهێنی بمێنێتەوە . هەرچەندە باپیرم متمانەی بە فرسەتەکەڕ نابێت ، بەڵام لەوە دڵنیا دەبێتەوە ئەو بگەڕێتەوە ناو دیوەخانیش ناوێرێ ئەو نهێنیە ئاشکرا بکات ، چونکە لەسەر زاری خۆیەوە زاندراوە کوشتنی گوڵەنار پیلانی ئاغاکان بووە .

****

فرسەتەکەڕ لەو ڕۆژەوە بیرلە کوشتنی باپیرم دەکاتەوە ، بۆئەوەی هەم کەسێک نەمێنێ تۆڵەی خوێنی گوڵەنار لە ئەستۆ بگرێ ، هەمیش ئاغاکان نەزانن باپیرم بەمەی زانیوە . هەڵدەستێ وەکو هەموو ئیشە قەرپەکانی تری ، دووپشک لە

بـن عەردی دەردێنـێ و کلکەکانیـان لێـدەکاتەوە و ژەهریـان لێدەگرێ ، بۆئەوەی لە دەرفەتێکدا بیکاتە ناو گۆزە ئاوەکەی ناو حەوشەی ماڵی باپیرم لە نیوەی شەودا . بەڵام کارەکەی سـەر نـاگرێ و یەکێـک لە دووپشـکەکان پێیـوەدەدا و چەنـد ڕۆژێـک لەسـەر جـێ دەکەوێ ، لەو مـاوەیە دەسـت بە هـوڕێنەکردن دەکات و نهێنی کۆکردنەوەی ئەو ژەهـرە لای خزمەتکارەکان دەدرکێنێ ، یەکێک لە خزمەتکارەکانیش دوای ئەوەی فرسـەتەکەڕ هەر بە هـۆی پێوەدانی ئەم دووپشـکەوە دەمـرێ ، دێ حارومەسـەلەکە لەسـەر تـا بنـی بـۆ بـاپیرم دەگێڕێتەوە . بەڵام باپیرم ئەوەندە بەوە دڵخۆش نابێ ڕزگاری بووە لەو پیلانە ، ئەوەندە دڵخـۆش دەبـێ بەوەی فرسـەتەکەڕ بەرلەوەی بمرێ لەلای درکاندوویەتی کە کوشـتنی گوڵهەنـار دەستی کامە ئاغای لە پشت بـووە . ئەم نهێنیە لای بـاپیرم و ئەو خزمەتکارە دەمێنێتەوە کە قسەکانی فرسـەتەکەڕی لەسەرە مەرگدا گەیاندبووە باپیرم ، تا ساڵ دەسووڕێتەوە . ڕۆژێک لە وەختـی درونەدا خەڵکەکە بـانگی بـاپیرم دەکەن تـا لە گەڵیـان ئامادەبێت بـۆ تیژکـردنەوەی داسـەکان ، باپیریشـم لەگەڵیـان دەچێت . تـا نیـوەڕۆ خەڵکەکە درونە دەکەن بە دەم گـووتنی بەستە و جارجاریش لە کاتی ئیسراحەت حەیـران . باپیریشـم هێواش هێواش ئەو داسانەیان بۆ تیژدەکاتەوە کە کۆر دەبن ، دوای نیوەڕۆش هەموو کۆدەبنەوە لەسـەر ئەوەندە دەغڵەی دووڕاوەتەوە ، لەپـڕ ئەو ئاغـایە لەگەڵ هەنـدێ لە دار و دەسـتەکانی پەیـدادەبن ، باپیریشـم تـا دێ بەهـۆی ئەو

ڕووداوەی ڕوویدابوو قەهری لێیان دەخوات و وەکو ماریٚکی بریندار لە دەرفەتێک دەگەڕێ تۆڵەی گوڵەهناریان لێ بکاتەوە. کە ئاغا دەگاتە لایان و چاوی بە باپیرم دەکەوت بە ئەنقەست یەکێک لە جوتیارەکان دەداتە بەر گۆپاران ، پێی دەڵێ بۆ کار ناکەی ئەمڕۆ خەبەرم پێگەیشتووە بەس خۆت خافڵاندووە . خەڵکەکەش ناوێرن هیچ قسەیەک بکەن بە چاک و بە خراپ . باپیریشم دەزانێ لەبەرئەو وادەکات خۆی لە کێشەکە دەپارێزێ ، چونکە وەک دەگێڕنەوە ئەو ڕۆژە بێ تفەنگ چۆتە ئەوێ . ئاغاش کە دەبینێ باپیرم بێ دەنگە زیاتر هەنجەت بە خەڵکەکە دەگرێ ، پاشان هاوار دەکات و دەڵێت جێیەک ڕایەخن با دابنیشین ، یەکێک لە ژنی جوتیارەکانیش جێگایەک لە نزیک دەغڵە دووراوەکە ڕادەخا . دوای ئەوەی دادەنیشن ئاغا دەست دەکاتە داسێک و پەنجە بە دەمەکەی دادێنێ ، ئینجا وەکو هەنجەتێکیتر ڕاستەوخۆ بە باپیرم دەڵێت جەنابی ئاسنگەر داس تیژکردنەوە کەی ئەوهایە ؟ باپیریشم دەڵێ هەرداسێک من تیژم کردبێتەوە دڵنیابە مووی دەکات ، جا واوەیلا بۆ ئەو لقەگەنمەی خۆی پێ لەوانیتر مل ئەستوورترە، ئاغا کە گوێی لەم وەڵامە دەبێت نایەوێ بەسەر خۆی بێنێت و دەڵێ دەتاقیبکەوە بزانین چۆن مووی دەکات . باپیریشم لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە بۆئەوەی داسەکەی لێ وەرگرێ و لەبەر چاوی هەموویان بەسەر قۆڵی دابێنێت بۆئەوەی موەکانی پێبکات . ئاغاش کە دەبینێ باپیرم تەواو لێی نێزیک کەوتۆتەوە و بەڕاستیش داسەکە تیژە ڕەنگە مووی

بکات و لەبەر چاوی خەڵکەکە قسە کورت دەربێ ، لەپڕ لینگە کڵاشێکی لە دەم و کەپووی دەدات ، خوێن بە چەنەگەیدا دێتە خوارەوە ، دەڵێ بۆ تۆ پێتوایە من درۆ دەکەم ؟ باپیریشم هەرچەند دەیەوێ بیگاتێ خەڵکەکە دەیگرن ناهێڵن شەڕەکە گەورەبێ . بەمشێوەیەش کۆتاییەکەی لە بەرژەوەندی ئاغا بوو ، چونکە ئەوەندە بەس بوو بۆ بەیانیەکەی بە هەموو گوندەکاندا بڵاو ببێتەوە کە ئاغا لە باپیرمی داوە . لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە بەهۆی یاخیبوونەکەی و هاتنی بۆ ئەم گوندە دەورێکی تەواو جیاوازی هەبوو لای خەڵک . ئینجا باپیرم دەزانێ تازە هەرچەند خۆشی بپچڕێتەوە نایگاتێ و شەڕەکە بەمشێوەیە لە بەرژەوەندی ئەو دانیە ڕادەوەستێ ، پیاوە بە تەمەنەکانیشی لەوێ ئامادە دەبن دەڵێن وەرن پێک بێنەوە دونیا ئەوەند ناهێنێ ، دیارە ئاغاش بەو پێکهاتنەوەیە ڕازی دەبێ چونکە زەرەری نەبوو ، ئەو دەیزانی چی کردووە و چاوی چەندیتر بەم ڕووداوە دەشکێ . باپیرم هەر ئەو دەم، دیارە هەرزووش شتێک لە میشکی خۆی دادەنێ وەکو فیڵێک ، لەگەڵی پێک دێتەوە . دوای ئەوەی خەڵکەکە دەست بە درونە دەکەنەوە و خەریکی کارەکان دەبن ، باپیریشم دەست دەکاتە تیژکردنەوەی داسەکان ، لە لای خۆی ڕا لە دەرفەتێک دەگەڕێ ئاغا بکوژێ ، چەند جارێک گوڵەنار و دایکی دێتەوە بەرچاو ، ئەو بۆختانەی بۆیان هەڵبەستبوو کە دووبارە ببووە هۆی ئەوەی بەینی لەگەڵ برایەکانی خێزانەکەی تێک بچێت بە بیری دێتەوە . بە لینگە کڵاش لەدەمدان و بە گۆپار وەرگەڕانە

خەڵک و ئەو هەموو زوڵمانەی لەو خەڵکەشی دەیان کرد لەلایەک بوەستێ . ئەو داسەی لەبەر دەستی دەبێ لە هەموو داسەکان تیژتری دەکات ، پاشان لەگەڵ داسەکانی تر هەڵیان دەگرێت و بەرەو لای جوتیارەکان دەچێ دیارە ئاغاش لەوکاتە لە دیاریان ڕادەوەستێ، دوای ئەوەی باپیرم داسەکان دابەش دەکات و ئەو داسەی باش تیژی کردبۆوە بەمەبەستی کوشتنی ئاغا لەدەستی دەمێنێتەوە ، لەپڕ وەکو گورگێکی هار غاردەداتە ئاغا و داسێک دەخێوێنێتە وورگی لەوێ ڕیخەڵۆک و ناو زگی بەگۆڕێ وەردەکات ، پاشان بەیەک باز سواری ئەسپەکەی دەبێت و وەک بروسک دەگەڕێتەوە ماڵ بۆئەوەی دەستی بگاتە تفەنگەکەی . دار و دەستەی ئاغاش لەگەڵ ئەو دیمەنە دەشێوێن ، هەموو لە دەوری ئاغا کۆدەبنەوە نازانن چی لێبکەن . جوتیارەکانیش ئەم ڕووداوەیان لە دڵەوە پێ خۆش دەبێ بەڵام ناوێرن دەری ببڕن . بەهەرحاڵ ڕیخەڵۆکی بە گۆڕێ وەربووی ئاغا و ئاغا خۆی دەخەنە ناو بەتانیەک و بە سواری بارگین و عارەبانەیەک دەیگەیەنە دیبەگە ، لەوێشەوە دەینێرن بۆ هەولێر . باپیریشم لەو ڕۆژەوە دەست دەکاتە تفەنگەکەی و لە چیای قەرەچوغ عاسێ دەبێ ، هەواڵیش بە شوانێک دەنێرێ بۆ ئاغاکان هەرکەسێک دەست بۆ پیرە دایکەکەی و ژنەکەی ببات ناهێڵێ بگاتە شەو و ڕۆژێک گیانی دەکێشێ . هەرچی ئاغا و پۆلیسی ئەو کاتەش دەبێ بە دوایدا دەگەڕێن نایدۆزنەوە . هەموو شەوێکیش وەکو دێوەزمە لەو چیایە لێیان دێتە خوارەوە و هەر ئاغایەک بە

ڕۆژ تەنیا خۆی لە ڕەنجبەرێک تۆڕە کردبێ دەیداتە بەر تفەنگان و بە قوربانی مردنی دەکات . هەواڵی یاخیبوونی باپیرم و بە داس لە ئاغادانەکەی هەندەی پێ ناچێ دەگاتە دوورترین گوندی ئەو ناوچەیە و دەبێتە ئەفسانە ، خەڵک حەزدەکەن ببینن و بەنهێنی خواردن و فیشەکی بۆ بنێرن . ڕەنجبەر و بێری و مەشکەژەنان بە ڕۆژ لە دوورڕا سەیری چیایەکە دەکەن و دەزانن پیاوێک بەخۆی و بە ئەسپێک و تاقە تفەنگێکەوە تێیدا عاسێ بووە . بە شەویش وەک نوێترین دەنگ و باس لەناو خانووە لە قوڕ دروستکراوەکان هەرکەسێک بە سەلیقە و شێوەیەک لە شێوەکان چیڕۆکی بۆ دادەڕێژێ .

****

دوای چەند مانگ لەسەر جێ کەوتن ئاغاکە چاک دەبێتەوە و دەکەوێتەوە سەرپێ . باپیریشم لە چیا کە هەواڵی چاک بوونەوەی ئاغاکەی پێدەگات دڵتەنگ دەبێ بەوەی نەمردووە، چونکە ئەو بەمەبەستی کوشتن لێی دابوو ، بۆئەوەی تۆڵەی گوڵهەناری لێبکاتەوە . ڕۆژێک ئاغاکان لەبن دیواری دیوەخان خۆیان دەدەنە بەر ڕۆژ و دادەنیشن . لە دوورەوە دەبینن سوارێک بەرەو گوند دێ ، سمی ئەسپەکەشی تۆز لە زەوی بەرزدەکاتەوە ، لەچاوی هەموویان هاتنی سوارەکە نائاسایی دەبێ ، چونکە لە چاو تروکانێکدا لێیان نزیک دەبێتەوە و

لەناکاو بۆیان دەردەکەوێ باپیرمە . ئەوان لەو بڕوایە دانابن بە ڕۆژی ڕووناک هێرشیان بۆ بکات . کە باپیرم دەگاتە ناو گوند دەیانداتە بەر تفەنگان ، ئەوانیش بە پڕەپڕ هەرکەسە و بۆ لایەک هەڵدێ ، بەوە ڕاناگەن تەقەشی لێبکەنەوە ، دیارە تفەنگەکانیان لە ژووروە دەبێ لەوکاتە ، هەندێکیان هەرەتەی دەرەوەی گوند دەبن ، هەندێکیشیان بە سواری ئەسپ بەرەو گوندی خەزنە ڕادەکەن بۆ لای ماڵی براکانی باپیرم .
باپیریشم بە تەواوەتی دەگاتە ناوەندی گوند و خەڵکەکە کۆدەکاتەوە ، هەر بە سواری ئەسپەکەیەوە پێیان دەڵێ ئاخەر جیاوازی من لەگەڵ ئێوەدا چیە ؟ مەگەر منیش بە هەمانشێوە گوللە نامبڕێ و جەستەم لە گۆشت و خوێن پێکنەهاتووە ؟ کەچی ڕۆژانە ئەو ئاغایانەی کار بە ئێوە دەکەن و دەتاندەنە بەرگۆپار و قامچیان بینیتان چۆن لەبەرم ڕایان کرد ؟ من بۆ ئەوە پێتان ناڵێم ئازایەتی خۆمتان پێ نیشان بدەم . بۆ ئەوە پێتان دەڵێم لێوەی فێربن و ئەو پیاوە ئازا و یاخیەی ناختان بە ئاگا بێننەوە . ئاخەر شەرم نیە ئاغاکان کە لێتان دەخوڕن ، ترسنۆکانە دەست دەخەنە بەردەموچاوتان و دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی داریکتان کەمتر لێبدەن؟ کە داریکیشتان کەمتر لێدەدەن و پاڕانەوەکەتان قبوڵ دەکەن، بە پیاوێکی بەزەیی و باش ناویان دەبەن . ئەوە چ بەزەیی و باشیەکە پێی کەیف خۆشن بەس پێم بڵێن ؟ ئینجا ڕووەدکاتە ژنەکان و بەوانیش دەڵێ ئێوەش بەژدارن لەو ترسنۆکیە ، کە قبوڵ دەکەن ئەو جۆرە پیاوانە هاوسەرتان بن ئاخەر پیاوی وا هەبێ و نەبێ چیە ؟

کە ڕێ بدا ئاغا بە کەیفی خۆی خۆتان لێ تووڕە بکات و جێتان پێ ڕایەخێ و چاتان پێ لێبنێ . ئەوە چیە جەنابی ئاغا ماندووە و لە ڕاو گەڕاوەتەوە ، یان چۆتە سەر زەوی و زار و لایداوەتەماڵی یەکێکتان . دوای چا خواردنەوەش بە چاوی داوێن پیسی تەمەشاتان بکات و پاشان ئەگەر هەڵسوکەوتتانی بە دڵ نەبوو ، شەپێک لە پیاڵەکە هەڵ بدات و بڵێ چایەکە تفت و تاڵ بوو ئینجا بڕوا . ئاخەر مردنێک لەڕێی خۆدەربازکردن لەو زوڵم و ستەمە بۆ لە ژیان بەشەڕەفتر نیە ؟ لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێک بەو هەموو سوکایەتیەی پێتان دەکرێ دەمرن و زیندوو دەبنەوە . باپیرم دوای ئەو قسانە دەگەڕێتەوە لای پیرە دایک و هاوسەرەکەی تۆزێک لەلایان دەمێنێتەوە و پاشان دەچێتەوە چیا . خەڵکەکەش بڵاو دەبنەوە و هەرکەسەو ڕوو لە ئیش و کاری خۆی دەکات . ئاغاکانیش کە پەنا دەبەنە بەر گوندی خەزنە براکانی باپیرم چەکیان پێ دەدەن ، بۆ ئەوەی هەر ئەوکات بگەڕێنەوە گوند و لەگەڵ باپیرم بجەنگن ، نەیانزانی بوو باپیرم دوای کەمێک مانەوە هەر بە خۆی گەڕایتەوە چیا . گرژیەکانی نێوانیان بەمشێوەیە بەردەوام دەبێ ، ئاغاکان چونکە لەسەر ژیانی خۆش و ئارام ڕاهاتبوون ئەم ڕەوشەیان بە دڵ نابێ ، چونکە وەک دەگێڕنەوە بە شەو و ڕۆژ ئیسراحەتیان لێ هەڵگیرابوو . دەترسان لەپڕ باپیرم تەقەیان لێ بکات ، یان لەناو جێ و لە شیرینی خەو وەکو هەڵۆیەکی چەنگ بە خوێن ڕایان پێچێ . هەتا جارێکیان شوانێک لە باپیرم دەپرسێ تۆ تا چەند بەردەوام دەبی لەم

یاخیبوونە ، ئەو لە ووەڵام دا دەڵێ مـن یـاخیبوونم کـردۆتە پیشـە . تـۆ بڵـێ ئاغاکـان چەنـد بەرگە دەگـرن ؟ کە نـاتوانن شەوێک چیە لە دەشت بمێننەوە و سـەر بەبەردێک بکەن و بخەون . چونکە لەمندااڵیەوە بە نـاز و فیـز و خـزمەت گەورە کـراون و لە نـاو لێفی پەمـۆ و جـاجمی بە گورینـگ خەویـان کردووە . هەروەها بەیانیانیش ئاویان بۆ گەرم کراوە تـا دەم و چاویان پێ بشۆن و پاشان بانگێشتکراون بۆ سـەر سفرەی پڕ لە هەنگوینی کوێستان و گوێزی هەورامان .

****

لەو سەردەمە عەرەبەکانی سەر سـنوور و کلکەی قەرەچـوغ شەوان بۆ دزی و تاڵان بەسـەر گوندەکانی قەراج و کەندێناوە دادەدەن ، گونـدی گـردی گـۆمیش چەنـد جارێک بە بەر ئەم تاڵانیە دەکەوێت و خەڵکەکە ژیـانی ئاسـاییان لـێ تێک دەچـێ. بەناچـاری شـەوان بەر لەوی هێرشـیان بـۆ بکرێت لە نیـوەی شەودا ، پێش تاریک داهاتن خانوەکانیان چۆڵ دەکەن و بارگە و بزگوڕیـــان تێکـــدەنێن ، هەنـــدێکیان دەچـــنە دەوروبەری کەندەکانی بەینی حەسەن بەگ و گردی گـۆم ، هەندێکیشـیان دەچنە کەنـدەکانی خەزنە و گـرد خەجیلە ، بـۆئەوەی مـاڵ و منـدااڵەکانیان بپـارێزن ، سـبەینانیش دەگەڕێـنەوە نـاو گونـد. ئاغاکانیش هیچیان پێناکرێ لە بەرامبەر هێرشی ئەو عەرەبانە، هەرچەنـد ئەوکـات بۆچـونێکیش دەبـێ کە گـوایە هەنـدێک لە ئاغاکانی ئەم ناوچەیە بە خۆیان ڕێیـان بەم هێرشـە داوە بەو

مەرجەی لە تاڵانی و دەستکەوتەکان شەریک بن . لەگەڵ ئەم هێرشانە ئاغاکانی ئەم چەند گوندەی دەکەونە لای یەک تەنگاو دەبن ، بەتایبەتی هی گوندی مەلاکاغە و کۆزەپانکە و حەسەن بەگ و گردی گۆم و خەزنە ، ڕۆژێک بڕیار دەدەن بچن لەگەڵ شێخی عەرەبان دابنیشن ، بۆئەوەی ئەم هێرشانە سنووردار بکەن . ناچار بەو هەموو دوژمنایەتیەی لە نێوان ئاغاکان و باپیرم دەبێ بەهۆی ئازایەتیەکەی باپیرمەوە کەسێک دەنێرنە دوای بۆئەوەی لەگەڵیان بچێت ، باپیریشم لەبەر خەڵکەکە ناتوانێ ئەم داوایە ڕەتبکاتەوە ، چونکە بەڕاستی ئەو کاتە هێرشی لە ناکاوی عەرەبەکان جا لە هەرکات و ساتێک دا بکرابا دەکرا ، تەنگەی بەخەڵکەکە هەڵچنی بوو . ئەگەرچی تاک و تەرا خەڵک هەبوو بەرەنگاریان دەبۆوە لە دەوروبەری گوندەکان . بەڵام ئەم تاک و تەرایە بەری بەم هێرشانە نەدەگرت ، هیچ لە گوندەکانیش بۆ ئاسایشی هەموو ناوچەکە فکری ئەوەیان نەبوو لەبەر ململانێی ئەم ئاغا و ئەو ئاغا ، یان لایانگری چینێک و پشتکردن لە چینێکی تر ، یاخود ململانێی ئەم عەشیرەت لەگەڵ ئەو عەشیرەت یەک بگرن . تا نەهێڵن ماڵ و سەروەت و سامانەکانیان تاڵان بکرێ . باپیرم وەڵام بۆ ئاغاکان دەنێرێتەوە و بەو نێردراوەی ڕەوانیان کردبوو دەڵێ دوای نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە گوند ، پاشان قسە لەسەر چوون بۆ لای شێخی عەرەبان دەکەین . ئینجا دوای نیوەڕۆ خەڵکی گوند کە دەزانن باپیرم دەگەڕێتەوە ، هەموویان سەیری چیای

قەرەچوغ دەکەن و لە چاوەڕوانی دادەبن بۆئەوەی پێشوازی لێبکەن ، باپیریشم لەوادەی خۆی بەدیار دەکەوێ .
لەو ماوەیەی لە چیاش دەبێ ، بازێک دەبێتە هاودەمی .
لەوکاتە ئانیا بە جواب هات پرسی چۆن ؟
ئەردەشێر گووتی ڕۆژێک باپیرم بە بن ملەشاخێکدا تێدەپەڕێ ، دەبینێ فەرخە بازێک لە هێلانەکەی بەربۆتەوە ، ئەویش هەڵی دەگرێتەوە و وەکو دایکێک ڕاوی بۆ دەکات و گۆشتی پێدەدا ، لەناو ئەو ئەشکەوتەی شەوانیش تێیدا دەمێنێتەوە شوێنێکی لە بەرزی بۆ چادەکات ، تا عومری دەبێتە چەند مانگێک و تەواو فێری فڕین و ڕاوکردن دەبێ ، باپیریشم دوای ئەوەی دەزانێ فەرخە بازەکە دەتوانێ خۆی بەخێو بکات و گەورەبووە ئازادی دەکات و بە لوتکە شاخەکانی دەسپێرێتەوە . بەڵام زۆری پێناچێ ، باپیرم بە سواری ئەسپەکەیەوە دەبێ ، دەبینێ سێبەرێک جار جار بە دەوروبەریدا دەسووڕێتەوە ، کە سەری بڵند دەکات بۆی دەردەکەوێت بازەکەیە ، باپیریشم دەستی بۆ ڕادەگرێت ، بازەکە دێ لەسەر دەستی دەنیشێتەوە . لەو ڕۆژەوە ئەویش بەگەرەخۆی دەدات و هەردەم یان بەسەر سەریەوە بە ئاسماندا دەفڕێ ، یانیش لەسەر شان و قۆڵی هەڵدەنیشێ .
بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژەی باپیرم دەگاتە گوند خەڵکەکە هەموویان لە چاوەڕوانی دادەبن ، کاتێک لێیان بە دیار دەکەوێ بەناو هێنان و چەپڵە و ووتاف کێشان بەرەو پیلی دەچن و لێی کۆدەبنەوە ، ئەو ڕۆژە بازەکەشی بەسەر شانیەوە دەبێ ، کە

دوو ئەوەندە ئازایەتی و هەیبەتی پێ دەبەخشێ . ئاغاکانیش لەبەر بەرژەوەندی خۆیان دێنە پێشوازی ، بەڵام لەگەڵ خەڵکەکە تێکەڵ دەبن و دیار نامێنن ، باپیریشم ڕاستەوخۆ لە ئەسپەکەی دێتە خوارەوەو بەپێ بەگەر خەڵکەکە دەکەوێ تا ناو گوند ، لەوێ ئاغاکان دەگەنە لای و بەخێرهاتنی دەکەن بۆ ئەوەی بیبەنە دیوەخان ، لەگەڵ ئەو ئاغایەشی بەداس لێی دابوو یەکتری ماچ دەکەن و ئاغاکە دەڵێ هەموو شتێک لە بیرکە براکانیش پێکەوە بەشەڕ دێن ، باپیریشم مەسەلەی گوڵەناری لەبیرناچێ ، بەڵام نەشدەکرا پشت لەو هەموو گوڵەنارەی گوند بکات و عەرەبەکان ڕاویان بنێن یان بە غەنیمەت بیانبەن . ئەویش دەڵێ وایە لە ئێستادا وەختی ئەوەنیە ئێمە بەیەکەوە شەڕبکەین و دوژمنیش بێ ماڵەکانمان تاڵان بکات . ئینجا ئاغاکان بەدەست دیسان ڕێی دیوەخانی پێ نیشان دەدەن بۆئەوەی بچن دابنیشن ، باپیریشم دەڵێ پێویستە هەموو خەڵک ئاگاداربن چی دەڵێین و چی دەگوزەرێ ، بۆیە دەبێ ئەوانیش لەگەڵمان بێنە ژوورەوە ، هەمووشیان جێیان نەبێ ، پێویستە هەندێکیان هەر ئامادەبن بۆئەوەی پرسیان پێ بکرێ . ئاغاکان بە ناچاری داواکەی لێ قبوڵ دەکەن . ئینجا کە دەچنە دیوەخان و دادەنیشن باپیرم چەند کەسێکی تفەنگچی لە گوند نیشان دەکات لەگەڵ خۆیان بیانبەن . بۆئەوەی هەرچنا بە عەرەبەکان نیشان بدەن ئێمەش هێزمان هەیە و ئەگەر هێرشەکان بەردەوام بن بۆ داهاتوو پلانی خۆمان دەبێ . ئینجا بۆ بەیانیەکەی سی ئەسپ سوار بە

ئاغا و یاخی و نۆکەر و وەرزێرەوە بە ئەسپی زینکراو و تفەنگی شانیان بەڕێدەکەون بۆ لای شێخی عارەبان . خەڵکی گوندیش بە گەرم و گوڕی ژن و منداڵ و پیر تا لە چاو وون دەبن ، دەستیان بۆ هەردەشەقێنن و بە شکۆوە لێیان دەڕوانن و بەڕێیان دەکەن. باپیریشم دەکەوێتە ناوەندیان بە خۆی و بە ئەسپە ڕەشەکەیەوە ، بازەکەشی بەسەر سەریەوە دەبێ . کە ئەو دیمەنە بە تەواوەتی وادەکات وەکو لە شکرێک دەربکەون. بەر لە نیوەڕۆ لە کلکەی قەرەچوغ ئاودیو دەبن و نزیک عەسر قەراجیش تێدەپەڕێنن و دەگەنە نزیک عەرەبە خیوەت نشینەکان ، کە دیوەخانی شێخیش هەر لەوێ دەبێ . ئینجا یەکێک بە تەنیا دەنێرن بۆئەوەی عەرەبەکان بەهاتنیان بزانن و لە دوورەوە ئەو هەموو سوارە چەکدارە بە یەکەوە وانەکات بە هەڵە تێبگەن و بەر لە هیچ گفتوگۆیەک ببێتە شەڕیان ، چونکە لە مێژە گووتراوە پشیلەی کەتنکەر ببینێ تۆ لە سەگ تورەی ئەو لە شوێنی خۆی ڕادەکات . بەوەش باش بووە هەر سی سوارەکە یەک دوانێکیان نەبێ عەرەبی دەزانن بە هۆی چەسپاندنی ئاینی ئیسلام بەسەر ناوچەکەداو بە پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی . کە ئەمەش وادەکات دەرفەتی گفتوگۆیان زیاتر بۆ بڕەخسێ ، کە نێردراوەکە خەبەر بەعارەبەکان دەدات و دەگەڕێتەوە لای سوارەکان ، زۆری پێ ناچێ شێخ و دار و دەستەکەی بەرەو پیلیان دێن و پێشوازیان لێ دەکەن ، شێخ ئەمر بە خزمەتکارەکانی دەکات ئەسپەکانیان لێوەرگرن و زوو بیانبەنە سەر کۆلەئاو و ئالیکیان پێبدەن ، پاشان بە

خۆشی بە پێشیان دەکەوێ و دەیان باتە بن خیوەتە دوورودرێژەکەی ، دیارە هەر لە یەکەم پێشوازیش حیسابێکی تر بۆ باپیرم دەکات ، کە دەیبینێ بازێکی هەیە . ئاغاکان بەم پێشوازیە هەر زوو هەڵدەخەڵەتێن و شاگەشکە دەبن ، لەبیریان دەچێ ئەوان نێردراوی خەڵکی گوندەکەی خۆیان و دەوروبەرن . ئینجا دەم و دەست چەند مەڕێکیان بۆ سەردەبڕن و چێشتیان بۆ لێ دەنێن ، پاشان لە تاسی گەورە گەورە کەلاکەکان بە ساغی لە سەر ساوەر دادەنێن و دەیانهێننە پێشیان ، دواتر شێخ فەرموویان لێ دەکات و بە خۆشی بەر لە هەموویان قۆڵی هەڵدەکات و بە دەست وەردەگەڕێتە نان خواردن ، جارجاریش پڕەداتە قاپێک چەلاو و فڕی دەکات. ناچار باپیرم و سوارەکانیتریش کە دەبینن عارەبەکان کەوچکیان نیە ، بە هەمانشێوەی ئەوان دەست بە نان خواردن دەکەن ، بەڵام هەر پێیانەوە دیار دەبێ بە دەست ناتوانن باش نان بخۆن ، چونکە گۆڕینی جۆری نان خواردنیش فێربوونی کاتی دەوێ . زیاتر دەست بۆ گۆشت دەبەن لەبەرئەوەی خواردنی بەدەست ئاسانترە لە خواردنی ساوەر .

****

دوای ئەوەی لە نان خواردن دەبنەوە ، خزمەتکارەکان تەشتێک و مەسینەیەک ئاو دێننە ناو دیوەخان بۆئەوەی میوانەکان و شێخ دەستیان لەناو بشۆن . دوای دەست

شوشتنیش دوو سێ کەس بە دەللە و فینجان ، قاوە بەسەر دانیشتنەکەدا دەگێڕن ، کە دووبارە دەبوو هەموو بە یەک فینجان قاوەکە بخۆنەوە بە نۆرە . ئینجا کە لە قاوەخواردنەوەش دەبنەوە شێخ پێیان دەڵێ با پیاسەیەک بکەین بەناو خیوەتەکاندا بۆئەوەی جۆری ژیانکردنی خۆمانتان پێ نیشان بدەم . کە هەموویان دەچنە دەرەوە لەناو دیوەخان و بەناو خیوەتەکانی ئەو دەوروبەرەدا دەگەڕێن ، یەکێک لە ئاغاکان چاوی بە خیوەتێک دەکەوێ ئاڵای سپی لەسەر هەڵدراوە ، ئاغاکە لە شێخ دەپرسێ ئەمە واتای چیە ؟ شێخیش خەندەیەک دەکات و دەڵێ لەناو عارەبان هەر ماڵێک ئاڵای سپی هەڵدابوو ، واتا ژنی سۆزانیان هەیە ، ئەم ئاڵایەش بۆئەوەیە لەگەڵ ئەوانیتر لێک جیابکرێنەوە . وە هەرکەسێکیش بیەوێ ، جا چ ڕێبواربێ یان نا دەتوانێ ببێتە میوانیان و لەلایان ڕابوێرێ و مەی بخواتەوە . هەموو ئاغا و ڕەنجبەر و خزمەتکارەکان سەریان سووڕدەمێنێ کە بە ئاشکرا خیوەتێک هەیە بۆ ئەم کارە ، بەڵام بەسەر خۆیان ناهێنن ، واخۆیان دەردەخەن شتێکی ئاساییە . پاشان شێخ دەیان باتە شوێنی ئەسپەکان و بە پەنجە ئیشارەتیان بۆ دەکات و چەند ئەسپێکیان پێ نیشان دەدا ، دەڵێ ئەو ئەسپانە تایبەتن بە من ، هەریەکە و لەشوێنێکەوە بە دیاری بۆم هاتووە ، هەمووشیان سیفاتیان لێک جیاوازە. ئینجا دوای وەسفکردنی ئەسپەکانیش دەیان باتە دووری خیوەتەکان و دەڵێ بۆ نایەن نیشانشکێنی بکەین ؟ باپیریشم ئەم پێشنیارەی بە دڵ دەبێ ، بێ ئەوەی

لەسەر وەڵامی ئاغاکان ڕابوەستێ دەڵێ پێمان خۆشە ، بەڵام لەسەر ئەسپ ، ئەگەر من دۆڕاندم ئەسپەکەی خۆمتان پێدەدەم و بە پێ دەگەڕێمەوە ، ئەگەر بردمەوەش بە ئارەزووی خۆم ئەسپێک لە ناو ئەسپەکانتان هەڵدەبژێرم و دەیبەم . شێخیش لەبەر ئامادەبوان ڕازی دەبێ ، ئینجا یەکێک دەنێرن دوو خەنجەرەکانی بەر پشتیان لە دوورەوە لە نزیک یەک لە عەردی بچەقێنن ، شێخ و باپیریشم یەکەو سێ فیشەک دەهێڵنەوە لەناو تفەنگەکانیان ، بۆئەوەی هەر کەسەو تەقە لەو خەنجەرە بکات بۆی دیاری کراوە . یەکەم جار شێخ بە باپیرم دەڵێ تۆ تەقە بکە ، باپیریشم دەڵێ نا ، لەسەر ئەمەش گرەو دەکەین ، من و تۆ بەیەکەوە غاردەدەین ، کێ بردیەوە با ئەو یەکەم جار تەقە بکات ، شێخ لەخۆی ڕانابینێ و دەڵێ جا مەعلومە تۆ دەیبەیەوە ، خۆت دەبینی من کەسێکی وورگنم . باپیریشم پێی دەڵێ کەوایە لەمەودوا ئەوەندە مەخۆ پێویستە خواردن کەم بکەیتەوە . شێخ بەم ئامۆژگاریە تێک دەچێ ، بۆ باپیریشم ئەو ئامۆژگاریە لەجێیە بەس بوو بۆئەوەی جڵەوی خۆ بەگەورەبینی لە شێخ بستێنێ . چونکە کەس تا ئەو کاتە مەرجێکی وای لەگەڵ نەکردبوو قەڵەوی بۆی ببێتە کێشە ، ئەگەرچی بە خۆی هەموو کات هەستی بەم کەماسیە دەکرد . ئینجا باپیرم بە شێخ دەڵێ تۆ سەرەتا تەقە بکە لە نیشانەکە، شێخ بەمە ڕازی دەبێ بەڵام بە سەرودڵێکی ناخۆش ، چونکە دودڵ بوو لەوەی ئایا جوانی لەوەدایە بە خۆی تەقە بکات ، یان ڕێ بەو کەسە بدات کە لەلای میوانە .

بە هەر شێوەیەک بێ لەسەر زگ ڕادەکشێ و سێرە لە نیشانەکە دەگرێ ، دوای دەمێک بێ دەنگی تەقە لە تفەنگەکەیەوە بەرز دەبێتەوە ، نیشانەکە لە تۆزوخۆڵ وەردەدا، بەڵام نای پێکێ . ئینجا باپیرم بێ ئەوەی ڕاکشێ لەسەر چیچکان سێرە لە نیشانەکە دەگرێ و دوای کەمێک بێ دەنگی تەقە لە تفەنگەکەی ئەویشەوە بەرزدەبێتەوە ، لە چاو تروکانێکدا کەس نیشانەکە لە شوێنی خۆی نابینێ ، کە هەموویان دەچن بۆئەوەی بزانن لێی داوە یاخود هەر بەری داوەتەوە ، دەبینن خەنجەرەکە دەسکی پێوە نەماوە و ئاسنەکەشی کون بووە . ئینجا ئاغا و هەرەوەزەکان کە ئەمە دەبینن دەستخۆشی لە باپیرم دەکەن و دڵیان پێ خۆش دەبێ. شێخیش بەمە زۆر دڵگران دەبێ ، بەڵام لەبەر میوانداری خۆی وادەردەخات کەیف خۆش بووە بەم لێدانە . ئەو کاتیش وا باوبووە هەرکەسێک خەنجەری خۆی بپێکێ ، بۆی هەبوو خەنجەری ئەو کەسەی لێی بردۆتەوە بخاتە بەر پشتی لە جێی خەنجەرەکەی خۆی ، بۆئەوەی بێ خەنجەر نەمێنێتەوە . باپیریشم خەنجەرەکەی شێخ بەبەر چاویەوە هەڵدەگرێتەوە و دەیەوێ بۆ خۆی بیبا ، بەڵام کە سەیری شێخ دەکات دڵی نایێ خەنجەرەکەی لێ دوور بخاتەوە ، دەیداتەوە دەستی ، پێشی دەڵێ ئەسپەکەشم ناوێ کە لە گرەوەکە بردومەتەوە چونکە ئەسپەکان بە دیاری بۆت هاتوون . ئینجا عارەبەکان و شێخ بەم هەڵسوکەوتە دڵخۆش دەبن و پێدەکەنن ، پاشان شێخ دەڵێ با بگەڕێینەوە دیوەخان .

بیست و پێنج

ئەردەشێر لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی باپیریدا بوو ، لەپڕ دەنگی بڵندگۆیەکە لەناو گۆڕەپانی زیندان وەکو جاری پێشوو بەرزبۆوە ، کە ئاگاداریەک بوو بۆئەوەی زیندانیەکان ئەو کەسانەی هاتونەتە لایان بەڕێیان بکەن . ئانیا هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی ئۆف دیسان ئەم دەنگە ناخۆشە هاتەوە . ئەردەشێر لەبەرەخۆی خەندەیەکی کرد و گووتی منیش پێم خۆش نەبوو . ئانیا گووتی باشە هەموو کات ، کات لێرە بەم خێراییە دەڕوا ؟ ئەردەشێر گووتی نا ، دوای ڕۆیشتنی تۆ تا حەفتەی دادێ ، بە پەنجەش میلی کاتژمێرەکان پاڵ پێوە بنێی لە جێی خۆی ناجوڵێتەوە . ئانیا گووتی لە ماڵەوە لای منیش وایە بۆیە ئەم پرسیارەم کرد . ڕاوەستە بیرۆکەیەک بە مێشکم

داهات ، پێت چۆنە بچمە لای بەڕێوەبەری بەندیخانە بەناوی پارێزەری ، پێی بڵێم مەهاجەکەمان بۆ درێژ بکاتەوە ؟ لەو ژوورەی یەکەم جار یەکترمان تێدا بینی بۆئەوەی بەسەرهاتەکە تەواو بکەین ، بڕوا بکە حەفتەیەک ناتوانم چاوەڕێ بم خاستەن لەو شوێنەی چیڕۆکەکە ڕاوەستاوە . ئەردەشێر گووتی بیرۆکەیەکی باشە بڕۆ . منیش ئەو شتانەی هێناوتە دەیانبەمە ژوورەوە تا تۆ ئیزنیان لێ دەخوازی ، چونکە نابێ لێرە بمێنمەوە . ئانیا خەندەیەکی کرد گووتی چێشتەکە دۆڵمەیە پێت چۆنە ؟ ئەردەشێر گووتی زۆر خۆشە سوپاس . ئەردەشێر و ئانیا دەتگووت دوو منداڵن پیلان بۆ دەرچوون لە یاساکان دادەنێن بە کەیفی خۆیان بۆئەوەی یاریەکەیان تەواو بکەن . ئینجا ئانیا چووە لای بەڕێوەبەری بەندیخانەکە و ئیزنی لێ خواست کاتی سەردانیکردنەکەی بۆ درێژ بکاتەوە تا وەکو پارێزەرێک لەگەڵ بەندکراوەکە کارەکانی تەواو بکات . بەڕێوەبەری بەندیخانەش ڕازی بوو ، دوو کاتژمێر دەرفەتی پێبدا. ئینجا ئانیا پۆلیسەکانی ئاگادارکردەوە بانگی ئەردەشێری بۆ بکەن . ئەردەشێریش لە ژوورەوە هەر دەهات و دەچوو چاوەڕێ بوو بانگی بکەنەوە ، لەپڕ دووبارە ناوی خوێندرایەوە . کە مام تاوێر گوێی لێ بوو ، گووتی ها بیرۆکەی درێژکردنەوەی چیڕۆکەکانت پێ چۆن بوو؟ ئەردەشێر بە پەلە و بە دەم ڕۆیشتنەوە گووتی نایاب ، پیرتاوێر نایاب . ئینجا چووەوە لای ئانیا و لە هەمان ئەو ژوورەی یەکەم جار یەکتریان تێدا بینی بوو بەیەک

گەیشتنەوە . ئەردەشێر گووتی یەکەمجار کە لێرە تۆم بینی وامزانی بە هەڵە بانگی منیان کردووە ، بۆ لای کەسێکی تر هاتووی . ئانیا لەو کاتە زگی بە ئەردەشێر سووتا و گووتی ئەو ڕۆژانە لە بیرکە ، ئێستا ئێمە هاوڕێی هەتا هەتایین . تا تۆ لێرە مابی من هەر دێمە لات، مەگەر بتبەنە سەر ئەستێرەیەکی تر و دەستم پێت نەگا . ئەردەشێر کە گوێی لەو قسانەبوو ووتی ئانیا من هەر لە بچووکیەوە بەبێ کەسی گەورەبوومە ، هێشتا هیچم لە بارەی خۆم بۆ نەگێڕاویتەوە . ئانیا گووتی کاتی ئەوەش دێ، تۆ جارێ وەرەوە سەر بەسەرهاتی باپیرت، کە شێخ و میوانەکان گەڕانەوە دیوەخانەکە دواتر چی بوو؟ ئەردەشێر لەو شوێنەی ڕاوەستابوو درێژەی بە بەسەرهاتەکەدایەوە و گووتی بۆ ئێوارەکەی خزمەتکارەکانی شێخ جێی دانیشتن لە پێش خیوەتی دیوەخانەکە ڕادەخەن ، کە چەند کۆمبارێکی چندراوی لاکێشە دەبێ ، پاشان ئاگرێکیش لە ناوەڕاستەوە دەکەنەوە و دوو کەلاکی گەورەی ئاژەڵی لەسەر هەڵدەواسن. چەند کەسێکیش دادەنێن مەی بگێڕن ، ئینجا شێخ و ئاغاکان دەست بە خواردنەوە دەکەن ، شێخ نێرگەلەیەکی لە پێش دەبێ ، جار جار بە ئاغاکان دەڵێ بیکێشن ، ئاغاکانیش کە دووکەڵی نێرگەلەکە هەڵدەمژن ، دەست بە کۆخە کۆخ دەکەن. شێخ لێیان وەردەگرێتەوە و بە پێکەنینەوە دەڵێ بیدەنەوە خۆم ، هێدی هێدی دانیشتنەکەیان دەبێتە گاڵتە و گەپ .

شێخەکە ڕوو لە ئاغاکان دەکات و وەکو گاڵتە پێکردنێک دەڵێ باشە جەمەدانی و کەلاو چ واتایەکی هەیە ئێوە لە سەری دەکەن ؟ یەکێک لە ئاغاکانیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ ئەو ناوچەیەی باب و باپیرانمان لێی ژیاون ناوچەیەکی شاخاوی و ساردبووە ئەوانیش بۆئەوەی سەریان سەرمای نەبێ ، کلاو و جەمەدانیان لەسەری ناوە و پشتێنیان لەناو قەدی ئاڵاندووە بۆ پاراستنی کلیەکانیان و تووندوتۆڵی و جاروباریش ئەگەر ئیشیان پێ بێ بەکاری بێنن بۆ دار گواستنەوە و خۆشۆڕکردنەوە لە بەرزی و بە چیادا هەڵگەڕان . شێخەکە ئەم وەڵامەی بە دڵ نابێ و نایەوێ واتایەکیش بدرێ بەم شێوە جلوبەرگە ، دەڵێ وانیە ، وەک ئەوەی گوێم لێ بووە شتێکی ترە ، باپیریشم دەڵێ چیە ئەوەی تۆ گوێت لێ بووە؟ ئەویش بە گاڵتە پێکردنەوە دەڵێ کاتی خۆی ئێوە واتان زانیوە ئەگەر قەستەقولی ئەسپ هەڵگرن دوای چەند ساڵێک دەبێتە زێڕ ، لەو ڕۆژەوە کەلاو و جەمەدانیتان لەسەر ناوە ، بۆ ئەوەی لە هەر کوێ ئەسپەکانتان قەستەقولی کرد ، جەمەدانی و کلاوەکانتان لەسەر بکەنەوە و بیدەنە بەر سمتی بۆئەوەی یەک پشکی بە خەسار نەچێ و نەڕژێ . لەگەڵ ئەم قسەیە هەموو عارەبەکان دەدەنە قاقای پێکەنین . لەوکاتە ئاغاکانیش هیچ قسەیەک ناکەن . دوای کەمێک بێ دەنگی ، باپیریشم خۆی پێ ناگیرێ و دەڵێ باشە جەنابی شێخ ئەدی تۆ دەزانی چەفیە و عەگال لە چیەوە هاتووە ؟ شێخیش لەو کاتە وەڵامێکی حازری پێنابێ و دەڵێ کەلتووریێکی کۆنی باب

و باپیرانمانە وەک هەموو نەتەوەکانی تر ، چۆن هەرکەسەو بە شێوەیەک لەشێوەکان دەناسرێتەوە ئێمەی عارەبیش بە چەفیە و عەگال ناسراوین . باپیریشم دەڵێ نا ، بەم شێوەیە نیە من مەبەستم ئەوەیە لە چیەوە هاتووە ، ئەویش پێی دەڵێ نازانم بڵێم چی ؟ باپیریشم پێی دەڵێ گوێ بگرە با من پێت بڵێم دەگێڕنەوە کاتی خۆی هەموو عارەب هۆزێکی بچووک بووینە ، بە هەموویان شێخێکیان هەبووە ، ئەم شێخە هەرمندالێک بگەیشتبا تەمەنی مێردمندالّی ، بۆئەوەی چاوی بشکێنێ و ملکەچی فەرمانەکانی خۆی بکات جارێک بانگێشتی ناو دیوەخانی دەکات و شەو لەگەڵی دەخەوێت و دەچێتە لای. بەڵام لەبەرئەوەی مێردمندالّەکان زۆر دەبن و شێخ هەندێکیان دووجار بانگێشت دەکات و لەگەڵیان ڕادەبوێرێ ، چونکە ناتوانێ لێکیان جیابکاتەوە ، خەڵکەکە ناڕازی دەردەبڕن و شێخ لەم هەڵەیە ئاگادار دەکەنەوە ، ئەویش لەو ڕۆژەڕا وا لە هەرمێرد مندالێک دەکات بۆئەوەی لێی تێک نەچێ چەفیە و عەگالێکی لەسەر دەنێ . کە باپیرم ئەم قسەیە دەکات ، عارەبەکان بە شێخیشەوە زۆر تێکدەچن ، هەمووش چەفیە و عەگالیان لەسەر دەبێ لەو کاتە . ئاغاکانیش ڕەنگیان زەردەبێ و دەمێک بێ دەنگی باڵ بەسەر مەجلیسەکە دا دەکێشێ ، وەک ئەوەی شتێکی ناخۆش ڕوویدابێ و کەس حەز نەکات قسەی لەسەر بکات ، چونکە شێخ وەڵامێکی وەهای درابۆوە لەلایان باپیرمەوە هەرگیز بەم شێوەیە بەعەردی نەکەوتبوو . لەپڕ ئەو ئاغایەی لە هەموان بە تەمەنتر دەبێ ، بێ دەنگیەکە

دەشکێنێ و دەڵێ جەنابی شێخ ڕۆژانە ئیشی ئێوە چیە ؟ شێخیش لەڕقی توانجەکەی باپیرم کە باش تۆڵەی لێکرابۆوە ، وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ هێرشکردنە سەر دەووروبەرە بۆ بەدەست هێنانی ژنی جوان و بوون بە خاوەنی مەڕومااڵت و پارە ، بۆئەوەی لە شەوێکی وادا بتوانین خۆش بخۆین و بخۆینەوە و ڕابوێرین . یەکێک لەوەرزێرەکانیش بە جواب دێ و دەڵێ جا ئەمە ڕاستە ؟ دەست بۆ ماڵێک ببەن ئارەقەتان پێێوە نەکردبێ و ژنانێک بڕفێنن ئێوەیان بە دڵ نەبێ و هاوسەری کەسانی تر بن و لە منداڵ و دایک و باوکیان جیایان بکەنەوە ؟ شێخیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ بەڵێ زۆریش ڕاستە ئێرە جەنگەڵستانە بۆخۆت بەهێزبە تانەخورێی، بەرگری لەوە بکە کە هەتە ئەگەر ناتوانی بیپارێزی بۆ چیتە ، شایانی ئەوەیە ببێتە هی کەسێکی تر بتوانێ بیپارێزێ . ئەو ڕێیەی ئێمەش هەڵمانبژاردووە زۆربەی مرۆڤەکان حەزی پێ دەکەن ، دەیانەوێ بە هەمانشێوە لەگەڵ کام ژنی جوانە جووت بن و لە کوێ برسیان بوو وەکو گورگ گۆشت بخۆن و لە هەر پێدەشتێکیش شیاوبوو شەو خێمەکانیان لێ هەڵدەن و بمێننەوە . بەڵام ئەگەر واناکەن یان ناوێرن و بێهێزن ، یانیش بەرژەوەندیان لە هەڵنەبژاردنی ئەم ڕێیەدایە .

ئەو ئاغایەی باپیریشم بە داس لێی دابوو ، لە شێخ دەپرسێ لە ئێستادا چەند ژنت هەیە ؟ شێخیش دەڵێ چوار ژن و دوازدە کەنیزە ، ئەوە بێجگەلەوەی چەندین کەنیزەیترم هەبووە و دواتر فرۆشتومەتەوە . بەو حیسابەی من دەیزانم

تا ئێستا لەگەڵ زیاتر لە سەد و پەنجا ژنیش ڕامبواردووە تەمەنم بەبەر وەنەماوە دەنا لەگەڵ سەد و پەنجای تریش ڕامدەبوارد . ئاغاکەش لێی دەپرسێ ئێ جیاوازی ئەوان و ژنەکانی خۆت چی بوو لە چێژ ؟ شێخیش دەڵێ چۆن جیاوازیان چی بوو ، جیاوازیان زۆر بوو ، چێژی هیچیان لە هیچیان نەدەچوو لە کاتی جووتبووندا ، هیچ گانێکیش هەندەی گانی ئەو ژنە خۆش نیە بۆ یەکەمجار دەیبینی و دەچیتە لای . تێربوون لە ژن مەحاڵە ، ڕەنگە ئێوەش گوێتان لێ بووبێ لە تەوڕاتدا هاتووە دەڵێن سلێمان پێغەمبەر بە کەنیزە و ژنەکانی لە خۆی ماڕەکردوون نۆسەد ژنی هەبووە . ئێ ئەگەر چێژی هەموویان وەکو یەک با نۆسەد ژنی بۆ چ بوو ؟ دواتر ئەگەر ژنی خۆشنەویستبا ،نۆسەد ژنی چۆن لە خۆی کۆدەکردەوە ؟ لەگەڵ ئەم قسانە شێخ لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە و دەچێتە نزیک ئاگرەکە و ڕانێک لە یەکێک لە کەلاکەکان دەکاتەوە ، هەر بە پێوەش قەمپاڵێکی گەورەی لێدەدا . پاشان سەیری ئاسمان دەکات و بە نیمچە سەرخۆشیەوە دەڵێ لەو هەموو ژنەی ناسیم هیچیانم هەندەی لەیلا خۆشنەویستون ، لەیلا زۆر جیاواز بوو ، ئەو وەکو بەلقیس چۆن بوو بۆ سلێمان لە ناو ژن و کەنیزەکانی ، ئەوها بوو بۆ من ، قەت لە بیری ناکەم . دواتر دێتەوە سەر باسی سلێمان و دەڵێ ئاخ سلێمان ، من و تۆ چەند لێک دەچین تەنیا جیاوازیەکەمان ئەوەیە تۆ زیاتر لە من ڕاو و ڕووتت کردووە و ماڵ و ژنی زۆرت بەدەستهێناوە ، من کەمتر . بەڵام ئاگاداریش بە زۆر

لەخۆت بایی نەبی ، هونەری داودی باوکیشتی تێدابووە ، کە لە پاشەخۆی ئەم دەسەڵات و هێزەی بۆ بەجێهێشتووی . منیش باوکێکی وەک داودم هەبا دونیام تاڵان دەکرد ، کام ژنی جوان و جیاواز بوو دەمکردنە کەنیزە . بەڵام یەک شتم نەدەکرد ، تەنیا یەک شت کە ئەو کردی ، قەت قەسرم دروست نەدەکرد و خۆم بە شوێنێکەوە نەدەبەستایەوە . هەر ڕۆژەی خیوەتم لە دەم ئاوێک و لە بناری چیایەک و لە بیابانێک هەڵدەدا . بڵێم چی ڕەنگە ئەوەشم کردبا لە بۆ ناوی خۆم . ئینجا دیسان ڕووەکاتە ئاغاکان و دەڵێ کوڕە ئەو سلێمانە زۆر بلیمەت بووە ، وەرە پیاو جورئەت بکەی ببیە زاوای فیرعەونی ، دەڵێن کچێکی فیرعەونیشی هێناوە ، ئێ باشە چۆن شتی وادەبێ لە کاتێکدا خوا و فیرعەون خوێنی یەکتریان فڕدەکرد ، کەچی دەڵێن سلێمان پێغەمبەر بووە و خوا ناردوویەتی ، ئەویش چووە لەگەڵ فیرعەونی بۆتە خزم هههههه . وەرە سەرلەو بەزمەی دەربکە ، کاکی وەرزێریش باسی ڕاستی و ناڕاستی دەکات .

جا شتێکی سەیرتر ، ئێوە تەماشاکەن لە قورئاندا خواش زانیویەتی مرۆڤ حەزی لە بێ سنووریە ، هەڵستاوە بەهەشتێکی بۆ دروستکردوە ڕوباری شەڕابی پێدا دێ و کچ و کوڕی دەست لێنەدراو تێیدا دێن و دەچن . دەڵێن چەند لەگەڵ ئەو کچانەش جووتبی ئەندامی کچێنیان هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە و نابنە ژن .

باپیریشم لەو کاتە دەبینێ شێخ هەرباسی جووتبوون و ئەندامی مێیەتی و جنس دەکات ، دەڵێ یاشێخ ئاژەڵەکانیش پێکەوە جنس دەکەن ، بەڵام وەکو ئێمە لە خۆیان نەکردۆتە نەخۆشی . دواتر تۆ باسی سلێمان دەکەی ، کەچی لە مێژوودا عیساشمان هەیە ژنی هەر نەهێناوە . شێخەکەش بە باپیرم دەڵێ جا تۆ پێت باش بووە ئەو ژنی نەهێناوە؟ باپیریشم دەڵێ نا ، هەرچەندە دەکرێ عیسا کە ژنی نەهێناوە نەیویستووە منداڵ بنێتەوە ، لە خۆشەویستی منداڵ ، بۆئەوەی دووچاری ئەو هەموو هاوکێشە ناشیرینەی نەکات ، کە لەسەر زەوی بەهۆی مرۆڤەکانەوە هەبووە و هەیە و دەبێ .

شێخەکەش پێی دەڵێ ئەدی چیت پێ باشە " ئەبو نەسر " واتا باوکی باز ، باپیریشم خەندەیەک دەکات و دەڵێ هیچ ، ئەوەی ڕاستی بێ هیچ ، ئەقڵم هیچ شتێک ناگرێ ، هەر هیچ شتێکیشیانم بە دڵ نیە . بەڵام تازە هەم دەبێ بژیم . لەبەر ئەوەی ژیانیش شەو و ڕۆژێک نیە بە ئاسانی تێپەڕێنین ، دەبێ خۆم بە هەندێ شتەوە گرێ بدەم ، بۆئەوەی هەر لافاوێک هات پاڵم پێوەنەنێ و بمبا بۆ ئەو شوێنانەی حەزیان لێ ناکەم . شێخەکەش دەڵێ لێت تێدەگەم ، ئەوانەی دەیانڵێی جوانن ، منیش لە هەندێک شت جێی ئەوەم لۆمە بکرێم ، بەڵام چاوەڕێی چ مرۆڤێک دەکەی لە دایک بێ لەو وەحشیەتەی عەرەب ؟ تەنانەت خودی پێغەمبەر مەحەمەدیش درودی خوای لەسەربێ ، چونکە بە عارەبی لە دایک بووە و پەروەردەکراوە نەیتوانیوە لابدا لەو داب و نەریتەی تۆ پێت

ناشیرینە ، بەتایبەتی تاڵان و کوشتن و بەدەست هێنانی غەنیمەت و هەبوونی کەنیزە ، تۆ باسی چی دەکەی ؟ تاکە شت مەحەمەد کردی کە بۆ عارەب فەخرە یەکبوونی هۆزەکان بوو زیاتر نا ، چونکە بەر لە مەحەمەد هۆزەکان یەکتریان تاڵان دەکرد و ژنی یەکتریان دەبرد . کە مەحەمەد هات هۆزەکانی یەکخست و تاڵانیەکانی فراوانترکرد بە ناوی ئایین ، بۆئەوەی هۆزەکان لە جیاتی ئەو جارە یەکتری تاڵان بکەن کە هەموویان یەک قەوم بوون ، هانی دان بەناوی فەتحکاری هێرش بکەنە سەر قەومەکانی دەوروبەر بۆ بە پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەبی و خاکی عەرەبی و کۆکردنەوەی پەڕاوی ئاینەکان بەناوی ئایینی عەرەبی . دەنا با پێتبڵێم ئێمە نە خاکێکی دیاری کراومان هەبووە ، نە بیرو باوەڕێکی جێگیر و یەکگرتووش . نهێنیەکیش هەیە بابیزانی ئێمەی عارەب نەک ببینە پێغەمبەر بەڵکو ببینە خودی خواش چاومان هەر لە تاڵانکردن و هەبوونی کەنیزەیە .

باپیریشم پێی دەڵێ باشە بۆ وا لێکدەدەیەوە کە خوا زانیویەتی مرۆڤ حەزی لە بێ سنووریە بۆیە بەهەشتی بێ سنووری داناوە ، لە جیاتی بڵێی زانیوێتی مرۆڤ حەزی لە بێ سنووریە ویستیەتی بەمشێوەیە بێ سنووریەکانیان سنوور داربکات ؟ شێخەکەش لە باپیرم دەچێتە پێش و دەستی لە ملی دەکات ، دەڵێ من ئەو شتانە نازانم ، تەنیا دەڵێم مرۆڤ بوونەوەرێکی درندەیە ئێوەش بۆ خۆتان فێری بەرگری بن ، دەنا جێتان

نـابێتەوە لەم دونیـایە ، دڵنیـابن ئـێمەش هێـرش نەکەیـن ، قەومێکی تر هێرش دەکات .
ئینجا دوای ئەم گفتوگۆیە لە شوێنەکەی خۆی دادەنیشێتەوە و دوو سێ قوم لە نێرگەلەکە دەدات، پاشان دەڵێ کوا حۆریەکان بـابێن رەقس بـکەن ، لەگەڵ ئەم قسـەیە چەند ژنێک بە جلی تەسک و نیمەچە ڕووتەوە کە پرچی درێژیان کـراوە و پێیـان خـواس دەبـێ دێـنە ناوەنـدی دانیشـتنەکە ، لەو کـاتە چەنـد کەسـێکیش دەسـت بە ڕەبـابە لێـدان و دەف ژەنـین دەکەن ژنەکـانیش لەگەڵ ڕتمـی مۆسـیقا و دەنگـی دەفەکـان ڕەقـس دەکەن و لە داوە پرچەکانی سەریانەوە تـا سینگ و سمت و نوکی پەنجەیان دەجولێننەوە ، لە شێوەی دار شۆرەبی کاتێک با لێی دەدا ، تا درەنگی شەو .
ئامادەبوان ئەقڵیان لە سەردا نامێنێ لەگەڵ بینینی جولانەوەی لەش و لاری ڕێکی سـەماکەرەکان و ڕژانـی پرچی خاویـان بەسەر شان و ملی ناسک و ڕووتیاندا ، بەتایبەتی ئاغاکان .
تا نزیک بەیانی شێخ و میوانەکانی بەمشێوەیە ڕادەبوێرن .
پاشان شێخ ڕوویان تێ دەکات و دەڵێ جێتـان ڕایەخسـتراوە ئەگەر خەوتان دێ ؟ ئەگەر نا دەتوانن یەکەو قاوە بخۆنەوە و تـا ڕۆژ هەڵـدێ دابنیشـن ، هەر کەسێکیشـتان حەزی لە ڕابواردنە با بچێتە ژێر ئەو خێمەیەی ئـاڵا سـپیەکەی لەسـەر هەڵدراوە ، ئێوە ئازادن ، من دەچم دەخەوم . ئینجا شێخ لەوێ هەڵدەستێ و سەر لە بنگوێی باپیرم دەنێ و بە گـاڵتەوە دەڵـێ جـا چ شـەو مـاوە تـا بچـین بخەویـن ؟ باپیریشـم وەڵامـی

دەداتەوەو دەڵێ یاشێخ چاو گەرم کردنێک بەسە بۆ ئەو کەسانەی خەونیان هەیە. شێخیش سەیرێکی دەکات و دەڕوا .
باپیریشم دوای ئەوەی شێخ بەجێیدێڵێ ، جێگاکەی خۆی کۆدەکاتەوە و دەیباتە دووری خێمەکان . پاشان ڕایدەخا و لەسەری پاڵدەداتەوە ، تفەنگەکەشی دەخاتە ژێر سەرینەکەی سەیری ئاسمان دەکات . بیر لە داهاتووی گوندەکان دەکاتەوە هیچ متمانەشی بە ئاغاکان نابێ ، چونکە هەر ئەو شەوە هەموویان دەخۆنەوە و مەست دەبن ، پاشان دوو سێیەکیان دەچنە ژێر ئەو خێمەیەی ئاڵا سپیەکەی لەسەر هەڵدرابوو بۆ ڕابواردن . هەندێکیشیان لەگەڵ ئەو وەرزێر و خزمەتکارانەی هاتبوون لە دیار سەماکەرەکان دەمێننەوە تا بەیانی . شێخیش لە کەلەنی خێمەکەیەوە چاودێریان دەکات ، کە باپیرم دەبینێ تێکەڵی هیچ لەو ڕابواردنانە نەبووە ، پێی ناخۆش دەبێ و وا دەکات ترسی لێ بنیشێ ، وە لە هەمانکاتیشدا خۆشیبوێ لەبەر ئازایەتی و خۆڕاگریەکەی .
هێدی هێدی بەیانی دادێ و دەوروبەر ڕوناک دەبێتەوە ، ئەو ئاگرەی شەو بە دیاریەوە دانیشتبوون خامۆش دەبێ و خۆڵەمێشێکی گەرم بە دوای خۆیدا بەجێدێڵێ ، باپیرم لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە دەبینێ ، بازەکەی لە دوورەوە لەسەر گردۆڵەیەک هەڵنیشتووە خەریکی خواردنی نێچیرێکە . ئاغا و وەرزێر و خزمەتکارەکانیش هەر لە شوێنی خۆیان خەو بردونیەتیەوە هێشتا هەڵنەستاون ، دەوروبەری خێمەکانیش چۆڵ دەچنەوە ، تەنیا چەند ژنێک دیار دەبن نان

بە تەنـــدوور وەدەدەن و لە نزیـــک تەندووڕەکانیشـــیان چایەپەستی چایـان دانـاوە لەســەر ئـاگردان ، ئینجـا بـاپیرم دەچێتە لایان و سڵاویان لێ دەکات ، ئەوانیش سڵاوەکەی لێ وەردەگرنەوە و فەرمـووی لێدەکەن دابنیشـێ ، یەکێکیشـیان چایەکی بۆ تێدەکات و بە سەیرکردنێکی سەرنجڕاکێش دەیداتە دەســتی ، ئەو کابــانەی نــانیش بە تەنــدووڕەکە وەدەدا ، ئەستووکێکی گەرمی بۆ دەردێنێ و دەیداتێ . باپیریشـم لێی وەردەگرێ و هێدی هێدی بە چایەکە دەیخوا .

ئەو ژنەی چایەکەی پێ دا بوو ، لەو کاتە دێتە لای دادەنیشێ، کە ژنێکی ڕەشتاڵەی خوێن شیرینی دەموچاو کوتراو دەبێ ، پێی دەڵـێ تـۆ خەڵکـی کـوێی ؟ باپیریشـم دەڵـێ مـن خەڵکـی کەندێناوەم ، ئەویش دەڵێ تۆ سوار چاکی ؟ باپیریشم وەڵامی دەداتەوە بەڵـێ . ژنەکەش بەڕاشـکاوانە دەڵـێ کەوایە بمـبە ، هەڵمگرە ، من نەفرەت لە هەڵسوکەوتی پیاوانی عەرەب دەکەم، بەتـایبەتی شـێخ کە مـن یەکێکم لە ژنەکـانی . چەنـدین سـاڵە نەکەس دەسـتی بەســەرم داهێنـاوە ، نە کەسـیش مـاچێکی خۆشەویستانەی لێ کردووم و گرتوومەتیە باوەشـی خـۆی ، ئەوانە هەر دەزانن کارت پێ بکەن و منداڵت پێ بەخێو بکەن و شـــەو بە پەلە بێـــنە لات و بەخۆیـــان و بەم شـــەوەتە پیسانەیان بەسەرتدا بڕشێنەوە و بڕۆن . بەڕۆژیش دیوەخانت پێ خاوێن بکەنەوە و نانت پێ بە تەندوور وەبدەن و چێشـتی گەورە گەورەت پێ لێبنێن بێ بەرامبەر ، قسەش بێتە قسـەی دەڵێن ئێمە بەخێوتان دەکەین ، ئەگەر ئێمە نەبین ئێوە دەمرن

لە برسان . با شتێکیشت پێبڵێم کاری ئەو ژنانەی لێرە پێیان دەڵێن سۆزانی ، زۆر لە هی ئێمە بەشەڕەفترە ، خۆ هەرنا ئازادن چۆن دەژین و چۆن ناژین ، ئاخەر ژن و مێرد ئەگەر خۆشەویستی و ڕێزیان لە نێوان دا نەبوو ئەو جووتبوونەی ئەنجامی دەدەن هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ لەشفرۆشی ، چونکە لەو وەختە تۆ لەگەڵ کەسێک دەخەوی بە دڵت نیە ناشتوانی بڵێی نا ، چونکە پیاوان ڕێگە پێدراون لە ژنان بدەن هەروەها لەوکاتە ناشتوانی داوای جیابوونەوەیان لێ بکەی ئاخەر ئەو سزا هەتاهەتاییە ئەگەر نەفرەتی خوا نەبێ لە ژن چیە ؟ باپیرم کە دەبینێ ئەو ژنە ڕەشتاڵەیە دڵی پڕە دەست بەسەری دادێنێ و نێو چاوانی ماچ دەکات ، پێی دەڵێ ئەگەر بمتوانیبا بتبەمە دەرەوەی گۆی زەوی و سەر هەسارەیەکی تر بەدڵنیاییەوە سوارچاک دەبووم و لە پشتی ئەسپەکەم سوارم دەکردی و دەمبردیە ئەودیوی هەورەکان ، دەمبردیە شوێنێک پڕبێ لە خۆشەویستی و عەشق ، بەڵام لای ئێمەش پیاوەکان هەمان گەوادن ، بتبەمە کوێ ؟ ئەوە جیا لەوەی چارەنوسی منیش وەک زیندوبوونەوە و ڕۆژی دوایی نادیارە بەدەست هێرشەکانی ئێوە و ستەمی ئەو ئاغایانەی لە خاکەکەی ئێمە جڵەوی بەڕێوەبردنیان بە دەستە . هەربۆیەش گەلێ جار وام لێهاتووە بیر لە بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەمەوە بۆ چەسپاندنی ئەو بیروباوەڕ و یاسایەی خۆم هەیتم. ئاخەر هەر من ئاغابم باشترە ، مادەم خەڵک بە خۆیان

ئاغایاتیان قبوولّە ، لە کەللەپووچێکی وەکو ئەوانەی دەیانبینی بێ هۆش کەوتوون و تا ئێستا هەڵنەستاون .
ژنەکەش لێی دەپرسێ ئەدی بۆ نابیە ئاغا ؟
باپیریشم خەندەیەک دەکات و دەڵێ چونکە خۆم کەیفم بە چیاو بە ئەسپێک و بازێک و یاتاغێکی خاکی و تفەنگێکی درێژی نیشانەشکێن و چایەپەستێکی ڕەش و ئاگرکردنەوە دێ. چیم داوە لە دانیشتن لە سەرەوەی دیوەخان و هەبوونی غولام و سەپان و سەروەت و سامانی زۆر. ئەگەر ڕاستیشت دەوێ گرتنە دەستی جلّەوی بەڕێوەبردن و دانیشتن لەسەر تەخت ، لەلایان ئەو هەرچی و پەرچیانەوە ، لە غیابی کەسانی وەک منەوەیە . دوای ئەم قسانە باپیرم دەست لە باغەڵی ڕادەکات و دەستماڵێکی لە خوری چندراوی پێدەدا ، کە وێنەی دوو تاوسی لەسەر دەبێ ، وەک دەربڕینی خۆشەویستی و ڕێزگرتنێک . دەڵێن ئەم دەستماڵە لەلایان داپیرمەوە بۆی چندراوە ، کاتێک بەیەکەوە دەستگیران بووینە و نەیاندراونەتە یەکتری . ژنەکە زۆر کەیف خۆش دەبێ بەم دیاریە ، لەهەمان کاتیشدا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و بە باپیرم دەڵێ لەسەر دیاری با بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە بەرلەوەی برۆی ، ماڵمان لە دەوزێی کوشاف بوو ، هەموومان کەپری بچووک بچووکمان کردبوو لەسەر شینایییەکانمان ، کوڕێکی جیرانمان هەبوو زۆر خۆشیدەویستم ، منیش خۆشمدەویست، تازە پێڕا دەگەیشتین، تەمەنمان لە دەوروبەری دوازدە سێزدە ساڵێک دەبوو . هەموو کارێکمان بەیەکەوە دەکرد بێ ئەوەی

گەورەکان بزانن ، هیچ کاتێکیش هەستمان بە ماندووبوون نەدەکرد ، کاتی ئاودانی شینایییەکان دەهات بەیەکەوە ئاو دانەکەمان تەواو دەکرد ، کاتێکیش نۆرەی چوونە دیار مەڕومااڵت دەهات ، هەر بەیەکەوە دەبووینە شوان ، دوای تەواوبوونی هەر یەک لەو کارانەش دەچووینە دەوزێ و خۆمان لە ئاو وەردەدا . شەوان درەنگیش کە خەڵک دەخەوتن ئەو بەدزی لەسەر کەپرەکەی خۆیانەوە دەهاتە ناو جێگاکەی من و تا نزیک ڕۆژهەاڵتن بەیەکەوە دەخەوتین ، بڕوابکە هیچ پەیوەندیەکی جنسیشمان بەیەکەوە نەبوو ، تەنیا چێژمان لە باوەشی یەکتری دەبینی و بەمشێوەیە یەکمان خۆشدەویست.
ڕۆژێک دیارنەبا هەموو شینایییەکانی بە دوادا دەگەڕام ، منیش ڕۆژێک لەماڵەوە بمابامایەوە ئەو خۆی پێ نەدەگیراو بە دوامدا دەهات . کە دەشگەیشتینە یەکتری لە خۆشیان خۆمان لە خاک وەردەدا و لاڕوومەتی یەکتریمان ماچ دەکرد . تا ئەو کاتەی گەورەکان نەهاتنە نێوانمان نە ئەو دەیزانی من عارەبم نە منیش دەمزانی ئەو کوردە ، لەپڕ بەهۆی شەڕی کورد و عارەب لەو ناوچەیە ئەوان دەربەدەر بوون و نەمبینیەوە ، ئاخەر نەفرەت لە هەرچی قەومیەتی دونیا هەیە بێ ، پەیوەندیەکەی ئێمە هەمووکات بیری لێدەکەمەوە زۆر لەو شتانە جوانتر بوو کە گەورەکان شەڕی لەسەر دەکەن .
ئەو کوڕە کوردە یەکەم کەس بوو لە تەمەنم دیاری پێدام کە تا ئێستاش ماومە ، لەو ڕۆژەوە زانیم خۆشەویستی لە هەموو شتێک بەهێزترە ، چونکە هیچ

سنووریّک ناناسێ . باپیریشم پێی دەڵێ دەتوانی دیاریەکەم پێ نیشان بدەی ؟ ژنەکەش دەڵێ بەڵێ ، ئینجا دەست لەبۆ سینگی دەبات و خەناوکەیەک دەردێنێ کە بە پەت لە ملی کردبوو ، خەناوکەکە تەختەداریّکی بچووک دەبێ ، کە باپیرم سەیری دەکات دەبینێ لە هەردوو دیوی وێنەی دوو پەپولە بەناڕێکی هەڵکۆڵدراوە . سەیری پێ دێ ئەو ژنە ئەم دیاریە سادەیەی تا ئەو تەمەنە هەڵگرتووە ، کەچی ئەو هەموو خواردن و خواردنەوەیە و ئەو هەموو ڕایەخ و خێمە و دیوەخانە لە بیری نەبردۆتەوە و ئەوەندەش دڵخۆشی نەکردووە بەقەد ئەم دیاریەی ئەو کوڕە پێی داوە . لەژنەکە دەپرسێ کاتێک ئەو کوڕە ئەو دیاریەی پێدای نەیگووت ئەمە واتای چیە ؟

ژنەکە دەڵێ بەڵێ ئەوکات گووتی ئەم دیاریە با هیوایەک بێ لە نێوان من و تۆ بەڵکو ڕۆژێ ببینە پەپولە بۆئەوەی بۆ خۆمان هەموو بەهاران بەناو پێدەشتەکاندا بفڕین و لەسەر گوڵە ڕەنگا و ڕەنگەکان بنیشینەوە و بۆنیان بکەین، شەوانیش لەبەر تریفەی مانگ شنەبای فێنک هەڵمژین و دڵۆپە ووردەکانی خوناو بخۆین . هەموو جارێکیش ئەم ڕستەیەی پێ دەگووتم " ئاخەر تەنیا پەپولەبوون لە ئێمە دێ ، بەهەشتمان بۆ چیە کە پڕە لە پیاوی مەعقول " . ئینجا باپیرم زۆر بە بەسەرهاتەکەی سەرسام دەبێ و پێی دەڵێ بەڵێن بێ لە دەرفەتێکدا ئەو کەسەت بۆ بدۆزمەوە کە دوای ئەو هەموو ساڵە لەبیرت نەکردووە . ژنەکەش بە باپیرم دەڵێ نا ، لێی گەڕێ با هەر بەمشێوەیە بمێنێتەوە ، وەک ئەوەی لە خەیاڵمدا هەیە ،

دەترسێم بێ هەموو شتێ تێکبدات ئەوها جوانترە ، چاوەڕێمە ڕۆژێک هەر بەڕاستی ببمە پەپولە ، ئەو چیرۆکێکی وەهای بۆ من چاکردووە قەت لێی بێزار نابم . ئاخەر ئێستا بیدۆزیەوە بەدڵنیاییەوە هەموو شتەکان تێکدەچن، زۆر زۆر دوای هەوڵدانێکی بێ ئەندازە دەمکاتە هاوسەری خۆی ، یان وەکو شاسواری ناو داستانەکان دێ هەڵمدەگرێ ، ئیتر دەبمە هی ئەو ، ئەدی دواتر چی ؟ باپیرم بێدەنگ دەبێ ، دوای ئەوەی چایە و ئەستووکەکە تەواو دەکات لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە و دەپرسێ ناوەکەتم نەزانی ؟ ژنەکەش وەڵام دەداتەوە و دەڵێ من ناوم " هند " ە ، باپیریشم چەندجارێک ناوەکەی دووبارە دەکاتەوە " هند ، هند " پاشان بەجێیدێڵێ .

بیست و شەش

لەپـڕ پۆلیسـێک هـاتە ژوورەوە ، ئەردەشـێر لەگێـڕانەوەی بەسـەرهاتی بـاپیری وەسـتا ، پۆلیسـەکە گـووتی خـاتوو ئانیـا کاتەکەتان تەواو ، ئانیا ئەم قسەیەی پێ خۆش نەبـوو ، بەڵام نەشـدەکرا لەوەنـدە زیـاتر بمێنێتەوە . بە پۆلیسـەکەی گـووت باشە تێگەیشتم . بە ناچاری لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و ڕووی لە ئەردەشێر کرد گووتی دووشەممەی دابێ دێمەوە ، ئەردەشێریش گووتی ئانیا ڕەنگە بەر لە دووشەممە دادگایی بکرێم لەسەر سکاڵای مەلاکان ، حەزدەکەم ئەگەر دەرفەتت هەبوو ئامادەبی . ئانیـاش گـووتی بـێ گومـان ئامـادە دەبـم . ئینجا ئەردەشێری بەجێهێشت و ڕۆییشت ، گەیشتە دەرگای ژوورەکە ، بەڵام لەوێ گەڕایەوە و لا ڕوومەتێکی ئەردەشێری

ماچ کرد گووتی چەند نایاب دەبوو بمانتوانیبا لەو شوێنانەی ژیان بە دڵی ئێمەیە کاتژمێرەکانمان بوەستاندبوایە و لەو شوێنانەی بە دڵی ئێمەش نیە خێرامان بکردبان .

ئەردەشێر خەندەیەکی کردو و گووتی منیش بیرم لەهەمان شت دەکردەوە . بەڵام ڕەنگە ئەوکات ئەوەندە تامەزرۆی دیدارەکان نەباین . ئانیا گووتی نازانم ئەوکات چۆن دەبوو ، گرینگ ئێستا پێم خۆشە وابوا ، بۆئەوەی هەرگیز نەپچڕێم لەو بەسەرهاتانەی دەیانگێڕیەوە . من ژیان لە گێڕانەوەکان جوانتر دەبینم لەوەی بەخۆم تێیدام . لەوکاتە پۆلیسەکە لە ئەردەشێر نزیک بۆوە و بەرەو ژوورەکەی خۆی بردی . ئانیاش بە مەمەڕەکەدا ڕێی چوونە دەرەوەی گرت ، لە دواهەمین دەرگای زیندانەکە ئاوڕێکی دایەوە لە پشترا ئەردەشێری بینی دەچۆوە ژووری . دواتر ئەویش دەرگاکەی تێپەڕاند و گەیشتە دەروازە گەورەکەی زیندان . کە هیچ بنمیچێک نەما بەسەر سەریەوە بە نەرمی دڵۆپ دڵۆپ باران دای لە دەموچاوی ، سەری بڵند کرد بینی هەورێکی بۆر لایەکی ئاسمانی تاریک کردووە ، جارجار بروسکیشی لەگەڵە ، بۆنی پوش و پەراش و خۆڵی تەڕبووش دێ ، کە کزەبا لەگەڵ خۆی لە دوورەوە هێنابووی . ئەو ڕۆژە ئانیا بڕیاری دا بە پێیان بگەڕێتەوە ماڵ کە نیو کاتژمێرێک لە زیندانەکەوە دووربوو . هەر لەبەیانیەوەش کە لە ماڵەوە هاتبووە دەر ، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆ نەهاتبوو چونکە جارەکانی پێشوو شوێنی ئۆتۆمبێل ڕاگرتن لە دەوروبەری زیندان بە زەحمەت دەستدەکەوت .

حەزیشی دەکرد باران تەواو تەڕی بکات . دونیا لەلای بەشێوەیەکی تر دەهاتە بەرچاو ، کە هیچ پێویستی نەدەکرد وەکو خەڵکانی تر لەبەر باران ڕابکات و بە تەکسی ئەو ڕێگا کورتە ببڕێ . چووە سەر یەکێک لە شۆستەکان کە لە مێژ نەبوو بە بەردی چاکراو و مۆدێرن نەخشێندرابوو ڕێی ماڵی گرت ، بارانیش نەرم نەرم دەباری ، دڵۆپە ئاوەکان بەڕێز بە تاڵەپرچەکانیدا خۆیان هەڵواسی بوو ، لەناکاو تەکسیەک لە تەنیشتی ڕایگرت ، شۆفێرەکە جامەکەی کردەوە و پێی گووت خاتوون بابتگەینم . ئانیاش وەڵامی دایەوە نامەوێ ، ماڵەوە نێزیکە خۆم دەڕۆم. شۆفێرەکە گووتی بارانە ، ئانیاش وەڵامی دایەوە دەزانم . ئینجا ئەو تەکسی ڕۆیشت و هەندەی پێنەچوو یەکێکی تر ڕایگرت ، ئەمیش جامەکەی کردەوە و گووتی خانم پێویستت بە تەکسی نیە ؟ ئانیا هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی ئەگەر پێویستمبا دەستم ڕادەگرت . شۆفێرەکەش گووتی وەرە سوار بە بارانە . ئانیا گووتی دەزانم بارانە ، پارەشم پێیە ، تەکسیشم بویستبا ڕام دەگرت . تکایە ، ئەگەر کەسێک دەستی لێتان ڕانەگرت لە خۆڕا بۆی ڕامەگرن ، ڕەنگە ئەو حەزبکات بە پێ بڕوا جا با باران نا ، بەرد ببارێ . ئینجا ئەو تەکسیش ڕۆیشت و ئانیا نزیک بۆوە لە ماڵ . دارە بڵندەکانی پێش ماڵیان و بلاجکتۆرەکەی بە عامووەکە وەبوو لەسەری کۆڵانەکەوە بە دیارکەوتن ئەو شەقامەی بەبەر دەرگاشیاندا تێدەپەڕی کەم ئۆتۆمبێلی پێدادەهات ، بەدەم ڕۆیشتنەوە سەیری بنمیچی خانوەکانی دەکرد ، بینی لە بن

هەیوانی هەندێکیان جووت جووت کوختی هەڵنیشتوون ، پێ دەچوو لە سەرمان خۆیان گفکردبێتەوە کە لەکاتی ئاسایی گەورەتر دەردەکەوتن . لەلای یەکێک لە تەنەکەی زبڵەکانیش پشیلەیەکی زەرد و سپی دیاربوو شتی دەخوارد ، لە ئێسک و پروسکەکانی بەردەمی پشیلەکەوە دەزاندرا ئەو ماڵە نێوەڕۆکەی گۆشتیان هەبووە . ئانیا گەیشتەوە بەردەرگای ماڵی خۆیان ، کلیلەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و دەرگای حەوشەکەی کردەوە ، ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی ئەمجارە بچێتە مدبەغەکە ، ویستی بە قادرمەکەدا سەرکەوێ و بچێتەوە ژوورەکەی ، لەپڕ دایکی بانگی کرد ئانیا . ئانیاش وەڵامی دایەوە بەڵێ دایە ، کە ئانیا لەسەر یەکەم پایەی قادرمەکە ڕاوەستا دایکی هاتە لای گووتی کچم بۆ وا تەڕبووی ، ئانیاش وەڵامی دایەوە خۆم حەزم لەبەر باران بوو .

دایکی گووتی بۆ ؟

ئانیا گووتی نازانم ، بڵێم چی ؟

دایکی گوتی ئەدی لە کوێ بووی تا ئێستا ؟

ئانیاش گووتی دایە لای هاوڕێکانم ، لە سەیران .

دایکی لێی پرسی بەو بارانە چ سەیرانێک ؟

ئانیا بۆئەوەی لە پرسیارەکانی قوتاری بێ گووتی ئاخر چووینە کێڵگەی ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانم . ئینجا بە قادرمەکەدا سەرکەوت و چووە بەلەکۆنەکە سەیرێکی دەرەوەی کرد باران خێراتر دەباری . پاشان دەرگای ژوورەکەی کردەوە و گلۆپەکانی پێکرد ، لەگەڵ سۆبە

کارەباییەکەی، کە چەند ڕۆژێک بوو لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان دایکی بۆی هێنابۆوە گۆڕێ . جلەکانی سەرەوە و ژێرەوەی هەموو داکەند، جسمی هەرلە پەیکەرێکی یۆنانی دەچوو لە عاج دروستکرابێ ، ڕۆبێکی ئەستووری پۆشی ، پشتێنی ڕۆبەکەی لەناو قەدی گرێدا ، بە خاولیەکیش ئەو ئاوەی بەسەر پرچی و نێوچاوانی وەبوو سڕیەوە پاشان دەستی کردە ووشککەرەوەیەک و لای سۆبەکە دانیشت ، دوگمەی ووشککەرەوەکەی پێ کرد و ڕووی بایەکەی لە پرچی کرد ، کە بای ووشککەرەوەکە دای لە پرچە درێژەکەی هەموو تاڵەکانی کەوتنە سەما . دوای ئەوەی پرچی ووشک بۆوە ، شانەیەکی دنک درشتی هێنا و لە ناوەندی سەری ڕا کردیە دووبەش ، بە شانەکە لای ڕاستی داهێنا ، پاشان سەری خوارکردەوە و لای چەپیشی بە هەمانشێوە داهێنا . ئینجا هەموو بەشەکانی تێکەڵ کردنەوە و بۆ دواوەی برد ، پرچی دوای داهێنان دەتگووت پارچەیەک قوماشی ئاوریشمە بە بەرزیەوە هەڵواسراوە ، لەگەڵ هەر جولەیەک هەموو تاڵەکان بەیەکەوە لەسەر تا خوارەوە شەپۆلیان دەدا .

بیست و حەفت

کاتێک ئەردەشێر چۆوە ژووریێ ، مام تاوێر لەگەڵ یەکێک لە زیندانیەکان دامەی دەکرد ، ئەردەشێر بێ ئەوەی پرسیار بکات کێ بردوویەتیەوە ، سەیری قۆپچەی کراسەکەی بەرامبەری کرد ، بینی پێنج دانەی لێکراوەتەوە ، تەنیا یەکێکی کۆتایی پێوە ماوە . بەڵام مام تاوێر لەو یاریەی خەریکی بوو وا دەردەکەوت حاڵی شڕبێ ، بەبنی چاوەوە سەیری ئەردەشێری کرد پێ دەچوو قسەی زۆر بێ بەڵام وەختی نەبوو ، تەنیا بەردێک و ئاغای مابوو ، ئەوەی بەرامبەریشی تەنیا چوار بەردی لێ خورابوو ، لە ناکاو مام تاوێر ئەو بەردەی مابووشی ئەویشی پێدا ، ئەردەشێر خۆی پێنەگیرا بە جواب هات گووتی تۆ چیت کرد ، بە خۆت بەردت نەماوە ؟

مام تاوێر گووتی بڕۆ شێتە تەماشا ، ئینجا دەستی کردە ئاغاکەی و بەناو بەردەکاندا سووڕایەوە هیچی لە ناو خانەکان نەهێشت هەمووی خوارد . بە کەسەکەی بەرامبەریشی گووت دە ئەو قۆپچەیەش لێبکەوە . کەسەکەش بە ناچاری ئەو قۆپچەیەشی لە کراسەکەی کردەوە و کراسەکەی تا خوارەوە بۆوە . ئینجا مام تاوێر ڕووی لە ئەردەشێر کرد و گووتی پیاو واز لە یاری بێنە تۆ لە کوێ بووی ؟

ئەردەشێریش وەڵامی دایەوە لای ئانیا.

مام تاوێر گووتی تا ئێستا ؟

ئەردەشێر گووتی بەڵێ، کاتمان بەدەستەوە نەما دەنا ئێستاش نەدەهاتمەوە ژووری . مام تاوێر پێی گووت کوڕە بڕوا بکە تۆ پێغەمبەری ، هاتنی ئەم کچەش بۆ لات موعجیزەکەتە ، دەنا کەس لە زیندان دووچاری پەیوەندیەکی وەها بۆتەوە لەگەڵ کچێکی ئەوەندە جوان ؟ ئەوە بزانە نیشانەی نییەت پاکیتە ، هەمووش لە سایەی ئەو مەیسەرەیە کە خەڵک پێیان ئاوەگر و لەشفرۆش بوو . کەچی تۆ چووی بەرامبەر هەموو خەڵکی وەستایەوە و بە دەستی خۆت بردتە مزگەوت و شوشتت ، پاشان وەکو ئینسانێک ڕێزت گرت و بەڕێورسمێکی هەژارانە لە گۆڕت نا . مرۆڤەکانی ئێستا قەدری ئەم پەیامە نوێیە ناگرن کە خوا بە تۆدا بۆیانی ناردووە . دڵتەنگ مەبە هەموو پێغەمبەرەکان ئازاریان چێشتووە و باجی ئەم پەیامەیان داوە کە گەیاندوویەتیان . جا هەبووە بە بەندکردن ، هەبووە بە لە خاچدان هەشبووە بە سووتان و دەربەدەرکردن . نازانم

ئەوەی عیسات بیستووە یان نا ، ڕووداوەکەی تۆ هەمان شتم بیر دەخاتەوە ژنێک دەهێنە لای عیسا ، خەڵک لە دەوری کۆدەبنەوە و دەڵێن ئەم ژنە داوێن پیسی کردووە دەبێ ڕجم بکرێ ، عیساش لە وەڵامدا دەڵێ هەموو تان یەکەو بەردێک هەڵگرنەوە ، خەڵکەکەش یەکەو بەردێک هەڵدەگرنەوە ، ئینجا پێیان دەڵێ کێ ئەو کارەی ئەو ژنە کردوویەتی نەیکردووە لە ژیانی خۆیدا ، با بەردەکەی دەستی بەسەریدا بکێشێت ، کە خەڵکەکە ئەمە دەبیستن هەمویان بەردەکانی دەستیان فڕێدەدەن و ئەوێ چۆڵ دەکەن . ئاخەر ڕووداوەکەی تۆ هەڵگری هەمان پەیامە ، کەس پێی نازانێ ، دەکرێ بڵێم تۆزێک ئەولاتریشە . خۆ تا ئێستا هیچ پێغەمبەرێک لە مێژوودا نەیتوانیوە تەرمی ژنێکی بەناو لەشفرۆش کە بووبێتە جێی نەفرەتی هەموو خەڵک لەسەر ملی خۆی دابنێ و بەجورئەتەوە بیباتە ناو پەرستگا بیشوا ، پاشان بە پێشەوای ئایینی دەقێکی ئاسمانی بخوێنێتەوە و بە خۆشی گۆرانی بۆ بڵێ هەر لەناو پەرستگا. ئاخەر ئەو پەیامە تێپەڕاندنی هەزاران "نابێ" یە ، نەکەی هەرگیز بیرلەوە بکەیتەوە ئەگەر پەیامێکی ئاسمانیە بۆ مزگەوت و مەلاکان پێ تێکچوونە ؟

ئاخەر لە کۆنیشدا کە پەیامێکی نوێ و پێغەمبەرێکی تازە دەردەکەوت ، کاهینەکان و پەرستگا کێچ دەکەوتە کەوڵیان و بەهەموو هێزیان ڕەتیان دەکردەوە .

لە مێژوودا پەیام و پێغەمبەرێکم بۆ بدۆزەوە نەکەوتبێتە بەر نەفرەتی پێشەوا ئایینی و کاهینەکانی پێش خۆی .

ئەگەر بەگوێی منیش دەکەی لەمەودوا پەیامەکەت ڕابگەینە و بڵێ من پێغەمبەرم، پرسەکە خۆی گەورەیە تۆش حەقی پێبدە. ئەگەر وانەکەی وەکو کێشەیەکی بچووک تێدەپەڕێ و کەس دوای ماوەیەک هەر باسیشی ناکات . چیت دەوێ ؟ بۆ هەموو شتێک زەمینە لەبارە ، فریشتەیەکت هەیە بەناوی ئانیا ، گەنجی ، چیرۆکەکەت سەرنجڕاکێشە ، پەیامی جەوهەری لەخۆی گرتووە ، پیرە پیاوێکیش وا هانت دەدا ، لە جێی بوحەیرە ، کە ئەمەشت لە پێغەمبەر مەحەمەد دەچێ . نازانم دەزانی یان نا دەڵێن پیاوێک وانەی بە مەحەمەد گووتووە لەئەشکەوتی حەڕا ، تا فێری هەموو شتێکی کردووە ، پاشان هانی داوە بڵێ من پێغەمبەرم . ئینجا مەحەمەدیش ئەوەی ئەو پیاوە پێی گووتوە کردوویەتی و لەو شوێنەی لێی بووە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە . بەڵام نازانم تا چەند ڕاستە ، پاشان بۆئەوەی ئاشکرا نەبێ ئەم پیاوە جولەکەیە مەحەمەدی کردۆتە پێغەمبەر ، مەحەمەد هانی خەڵکەکە دەدا ئەو پیرەمێردە ڕجم بکەن تادەمرێ ، دەڵێ شەیتانە . خەڵکەکەش بڕوای پێ دەکەن ، چونکە ئەو پیاوە خۆی هەربەڕاستی خاوەنی نینۆکی درێژ و ڕیش و سمێڵی زۆر بووە ، لەبەرئەوەی دەمێک بوو لە ناو مرۆڤەکان دوورکەوتبۆوە و سۆفیانە تەرکی دونیای کردبوو ، تەنیا بیری دەکردەوە . خەڵکەکە هەڵدەستن بوحەیرەی زانا و پیر ڕجم دەکەن و دەیکوژن . بەو هیوایەم لە کۆتاییەکەی تۆش وا لەمن نەکەی هههههه .

ئەردەشێر گوتی یەعنی من بڵێم پێغەمبەرم ؟
مام تاوێر گووتی بەڵێ ئەگەر بڕوات بە خۆت هەیە . ئەردەشێر گووتی ئەدی ئاڵێن مەحەمەد دواین پێغەمبەر بووە ؟ مام تاوێر گووتی کوڕم پێغەمبەرایەتی شتێک نیە کۆتایی بێ ، پێغەمبەر یەعنی چی ؟ یەعنی خاوەنی پەیام ، ئایا دوای مەحەمەد مرۆڤی پەیامدار کۆتایی هات ؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر . هەزاران زانا و فەیلەسوف و شاعیر و حەکیمی تر لە دایک بوون و لە دایکیش دەبن . ئەردەشێر لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و چووە لای یەکێک لە پەنجەرە بڵندەکانی زیندان ، گوێی لە بروسک و گەوارە بوو لە دەرەوە، هەستی کرد باران دەباڕێ ، لەبەرەخۆی گووتی ئەی خودایە ئەگەر هەی یارمەتیم بدە ، من خەریکە دەبم بە شتێک هەرگیز بیرم لێی نەکردۆتەوە .

بیست و هەشت

ئانیا دوای وشک کردنەوەی پرچی چووە سەر جێگاکەی و ڕاکشا ، چەند خۆی هێنا و برد خەوی لێ نەکەوت ، هەموو ئەو دیمەنانەی هاتەوە بەرچاو بەدەنگەوە کە ئەو ڕۆژە بینیبووی . قسەکەی مام تاوێری بەبیرهاتەوە کە دەربارەی نوسین بۆی کردبوو . ئینجا هەڵستا لەسەر کۆمێنتەکەی تەنیشتی قەڵەمێک و دەفتەرێکی ئەستووری هێنا کە دەمێک بوو کڕی بووی بۆ نوسینی ئەو ڕۆمانەی خەونی پێوە دەبینی، دەفتەرەکەی کردەوە و قەڵەمەکەی خستە کەلەنی پەنجە ناسکەکانی . لەپەڕی پێشەوە نوسی "دەروازە " . پاشان لە ڕووداوەکەی ئەردەشێر ڕا دەستی پێکرد ، کە لەحاکم عبدلرەحمانەوە گوێی لێ ببوو . بۆئەوەی چیڕۆکەکە وەک

خۆی دابڕێژێت و زووش کارئەکتەرەکان بە خوێنەر بناسێنێ. لە ناکاو کەسێک لە دەرگەی دا ، کە سەری بڵند کرد بینی مەنسووڕی باوکیەتی ، ئانیا لەشوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و فەرمووی لێ کرد ، کە مەنسووڕی بازرگان بە تەواوەتی هاتە ژوورەوە بە ئانیای گووت چاوەکانت بگرە سوپڕایزێکم بۆت هەیە ، کە ئانیا چاوەکانی گرت، مەنسووڕ گەڕایەوە لای دەرگاکە و دوو عەلاگەی لەپشت دیوارەکەوە هەڵگرت و هێنای لە ناوەندی ژوورەکە داینا ، پاشان دەرکی عەلاگەکانی کردەوە و بە ئانیای گووت چاوەکانت بەردە ، کە ئانیا چاوەکانی بەردا بینی باوکی کتێبەکانی بۆ هێناوەتەوە ، لە خۆشیان دەستی لەسەر دەمی دانا و دەمێک بێ دەنگ بوو ، پاشان هەڵستایەوە و یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد و غاریدا خۆی خستە باوەشی باوکی . لە خوارەوەش کە دایکی گوێی لەو هاواڕە بوو بەپەلە بەسەر قادرمەکان کەوت و خۆی بە ژوورەکەدا کرد ، گووتی چی بووە ؟ مەنسووڕ زانی دایکی ئانیا وایزانیوە شتێکی ناخۆش ڕوویداوە ، پێکەنی گووتی هیچ نیە ، ئانیا بوو لە خۆشی هێنانەوەی کتێبەکان هاواری کرد . ئینجا دایکی بە تووڕەییەوە سەیرێکی ئانیای کرد و گووتی جا ئەوە هاوارکردنی دەوێ ؟ خۆ گچکە نی ، خەریک بوو دڵم بوەستێ . دوای ئەم قسەیە لەسەر جێگاکەی ئانیا دانیشت و دوو سێ هەناسەی قوڵی هەڵکێشا، لەبەرەخۆشی لەبن لێویەوە هەندێ شتی گووت و پاشان فویەکی بەم لاو بەولادا کرد .

ئانیا زانی دایکی بەڕاستی تێکچووە لە باوەشی باوکی هاتە دەرەوە و چووە لای گووتی دایکە بمبوورە .
دایکی گووتی کچم چۆن دەبێ لەپڕ وا هاوار بکەی ؟ئاخەر کە دەڵێم خەریک بوو دڵم بوەستێ ، هەر بەڕاستی خەریک بوو دڵم بوەستێ . ئێمە کەوتووینەتە ناو تەمەن خۆ وەکو ئێوە نین دەبێ ئەو حیسابانە بکەی ، تۆ گوایە کتێب و زۆرجاریش ڕۆژنامە و مۆژنامە دەخوێنیتەوە ، چۆن تا ئێستا ئەوە فێرنەبووی هاوار و قیژەی لە ناکاو بۆ کەسی بەتەمەن خراپە؟ ئانیا نقەی لێوە نەهات ، مەنسووڕیش زانی دایکی ئانیا ڕاست دەکات ، بەڵام خەریکە زۆر لەسەر شتەکە دەڕوا ، دەستی لەسەر شانی دانا و گووتی ژنێ شتەکەش بەمشێوەیە نەبوو وا گەورەی مەکە ؟ دایکی ئانیا کە گوێی لە مەنسووڕ بوو وا دەڵێ گووتی تۆ چوزانی بەمشێوەیە نەبوو ، لەناو دڵم بووی؟ وەڵا نەک هەر دڵ ، ناو زگیشم لەگەڵ هێشا . مەنسووڕیش سەیرێکی ئانیای کردو چاوێکی لێ قوچاند ، ئینجا ڕووی لە دایکی ئانیای کردەوە و گووتی مادام بەمشێوەیە بووە ، بابتبەینە لای دکتۆر ڕەنگە لەگەڵ ئەم هاوارە دەماریێک یان ڕیخەڵۆکێکت بچڕابێ . دایکی ئانیاش پێکەنینی هات لەگەڵ ئەم قسەیە و بە زۆر خۆی گرت ، گوتی گاڵتەم پێ مەکە ئەوهاش نەبوو . بەڵام بەڕاستی باش نیە لەناو ماڵەوە لەپڕ هاوار بکەی یان لەناکاو هەوااڵێکی ناخۆش بە کەسێک بگەینی ، دوورمەبینە کەسەکە لەوکاتە بەرگە نەگرێ و بمرێ . وا لە بیرمە کاتێک منداڵ بووم ڕووداوێکی بەمشێوەیە ڕوویدا لە یەکێک لە

ماڵەکانی جیرانمان ، ئەو کات تازە ماڵمان لە کەرکوک باری کردبوو هاتبووینە هەولێر .

پووورە مریەم ژنێکی بە تەمەن بوو لەبەر نەوسنی و پارێزینەکردن هەرچی نەخۆشی دونیا هەبوو لێی کۆببۆوە ، نەخۆشی شەکرەی هەبوو ، نەخۆشی چەوری هەبوو ، نەخۆشی کۆڵۆن و گەدەی هەبوو ، نەخۆشی دڵ و هەناسەتەنگی هەبوو چوزانم ... قەڵەویەکەشی لەلایەک بوەستێ . پیاوێکیش هەر لەو گەڕەکە پێیان دەگووت مام یوسفی حەکایەتخوان ، کەسێکی ئاقڵ و لەسەرخۆ بوو ، هەموجارێ بە پووورە مریەمی دەگووت ئەوەندە مەچووە لای دکتۆران هەموویان بازرگانی بە جەستەی خەڵک دەکەن و حەب و دەرمانەکانی خۆیان بەسەرتدا ساغ دەکەنەوە ، لە کۆتاییەکەشی ئەوەی پارە بێ پێت ناهێڵن و بەو هەموو بەناو عیلاجەشی دەرخواردت دەدەن جەستەت دەڕزێنن . وەرە من بەخۆڕایی ڕێنمایت دەکەم ، ئەگەر چاک نەبوویەوە بە یوسف بانگم مەکە . جا ئەم پیاوە دروشمێکی تایبەت بە خۆی هەبوو دەیگووت سبەینان بە تەنێ نان بخۆ ، بۆ ئەوەی هەرچی لەسەر خوانەکە داندرا بەبەر تۆ بکەوێ ، ئەوەندە بەسوودە لەو جەمە زۆر خۆراردن . نیوەڕۆیانیش لەگەڵ خەڵک نان

بخۆ ، بۆ ئەوەی کەم بێتە پێشت و نەتوانی زۆر بخۆی ، ئێوارانیش لە هەر شوێنێک نان و خەڵکی لێ بوو دووربکەوە .

پووورە مریەمیش بە تۆرەییەوە دەیگووت بەچی چاکم دەکەیتەوە ؟ مام یوسفیش دەیگووت سبەینان زوو لە خەو هەڵستە ، گڵازێک ئاوی شڵتێن لە خرێنی بخۆوە ، پاشان سێوێکی کەسکیش بخۆ ، ئینجا دەست بە نان خواردنی بەیانیان بکە ، خواردنی شەکر و خوێش کەم بکەوە، لە جێگای شیرینی هەنگوینی درکە زەردە بەکاربێنە . هەموو جارێ پووورە مریەم لێی دەپرسی ئێ لەو سەردەمە ساختەیە چۆن بزانین ئەو هەنگوینەی دەیکڕین بێ غەشە ؟ مام یوسف پێی دەگووت بەرلەوەی بیخۆی پشکێک لەسەر زەوی ڕووبکە ، ئەگەر مێش و مەگەز و مێروولە دەورەیان لێدا ، ئەوە بزانە ساختەیە ، ئەگەر نەشیان خوارد و لێی دوورکەوتنەوە بزانە ساختە نیە ، چونکە هەنگ کە هەنگوین دەکات ڕژێنەیەک بە هەنگوینەکە دادەکات ، بۆئەوەی مێش و مێروولە لە شانەکە نەئاڵێن و هەنگوینەکەی لێ نەخۆن ، بێ هۆ نیە پێشینان گووتوویانە هەنگوینێک ساختە نەبێ هەرگیز مێش و مەگەزی زۆر لە خۆی کۆناکاتەوە .

هەروەها دەشیگووت نیوەڕۆیانیش ئەو شیوەی دێتە پێشت ، ئەگەر هەرخواردنێک بوو ، نیوەی ڕەتبکەوە، ئەگەر تۆ وابکەی منداڵەکانیشت هەمان شت دەکەن، تۆش شیوە ڕەتکراوەکەی هەموویان بنێرە بۆ دوو ماڵی هەژاری گەڕەک ، بەمشێوەیە

هەم ئەوانیش بێ بەش نابن لەو خواردنەی ئێوە لێتان ناوە و جەمێک لە برسیەتی ڕزگاریان دەبێ ، هەمیش بە خۆتان پێ نەخۆش ناکەون . لەگەڵ هەر شیوێکیش سەوزە بخۆ ، ئێوارانیش شیو لێ مەنێ ، دووبارە میوە دابنێ لەسەر سفرە ، بەتایبەتی هەنار و پرتەقاڵ ، وەرزشیش بکە ، بزانە هەرگیز نەخۆش دەکەوی ، یان کیلۆیەکیش چیە کێشت زیاد دەکات ؟ بەهەرحاڵ پووڕە مریەم هیچ لە قسەکانی مام یوسفی لە گوێ نەگرت ، تا ڕۆژێک یەکێک لە دەمارەکانی دڵی گیراو پێویستی بە نەشتەرگەری بوو ، منداڵەکانی زۆر پێ تێکچوون ، چونکە بابیان نەمابوو ، ئەو دایکە بۆ ئەوان لە جێی هەموو کەسیان بوو. بە ناچاری هەڵستان دوو مانگایان هەبوو فرۆشتیان ، تا پارەی نەشتەرگەریەکە کۆبکەنەوە ، چەند ڕۆژێک پاشان پووڕە مریەم بە سەلامەتی نەشتەرگەریەکەی بۆکرا ، کەهێنایانەوە ماڵەوە یەکێک لە کچەکانی لە خۆشیان کە چاوی پێکەوت وا بە پێی خۆی دەڕوا ، قیژاندی و بە غار بەرەو لای چوو لە باوەشی بکات ، پووڕە مریەم کە بینی یەکێک لەکچەکانی بە قیژاندن بۆی دەچێ وایزانی شتێک ڕوویداوە لەشوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی و دڵی ڕاوەستا و مرد .

بیست و نۆ

ئەردەشێر لایەکی شانی بەو دیوارە بیست سانتیمیەی زیندان کردبوو، کە دەمێک بوو ئەوی لە جیهانی دەرەوە جیاکردبۆوە، بیـری لە بـوون بە پێغەمـبەر دەکـردەوە . پرسـیارێکی لە لا دروستبووو هەر لە کنە خۆیڕا دەیهێنا و دەیبرد ، ئایا دەکرێ کەسێک ببێتە پێغەمبەر و ئیمانیشی ئەوەندە بە بوونی خوا نەبێ ؟ مام تاوێر کە بینی بانگی کردە لای خۆی ، گووتی دیسان بۆ وا دامای ؟ ئەردەشێر گووتی بڵێم چی ؟
پرسیارێک وەختە سەرم کون بکا ، کەچی وەڵامێکی حازرم بۆی نیە ، مام تاوێر گوتی چیە ئەو پرسیارە ؟
ئەردەشـێر گـووتی ئەوەی ڕاستی بـێ ئەوەیە دەڵـێم دەکـرێ کەسێک ببێتە پێغەمبەر و ئیمانیشی بە خوا نەبێ ؟

مام تاوێر سەری بردە بنگوێی و گووتی جارێ تۆ دەنگت نزم کە ، ئێمە هێشتا لە قۆناغی نهێنیداین ، با کەس گوێی لێ نەبێ، ئینجا چیت هەیە بیڵێ . ئەردەشێر ئەمجارە بە دەنگێکی تۆزێک نزمترەوە گووتی دەڵێم دەکرێ کەسێک ئیمانی تەواوی بە خوا نەبێ و ببێتە پێغەمبەر ؟ مام تاوێر گووتی بۆنا ، بەڵێ پێغەمبەر هەبووە ئیمانی بە خوا هەر نەبووە ، ئەردەشێر گووتی چۆن ؟ مام تاوێر گووتی گوێ بگرە لەسەر ئەوە باحەدیسێکی بوخاریت بۆ بگێڕمەوە دەڵێن پیاوێک دەچێتە سەردانی پێغەمبەر مەحەمەد ، پێغەمبەر مەحەمەدیش کە دوای ئەوەی بەخێرهاتنی دەکات ، پێی دەڵێ بە چی هاتی ؟ کابراش دەڵێ بە سواری حوشتر . پێغەمبەریش لێی دەپرسێ ئەدی کە هاتیە ژوورەوە حوشترەکەت بەستاوە ؟ کابراش بە دڵێکی پاک دەڵێ ناوەڵا بە تەمای خوا لێم گەڕا . پێغەمبەریش پێی دەڵێ برۆ بیبەستەوە ئینجا بە تەمای خوا لێی گەڕێ .
سەیرکە ئێستا بە بڕوای تۆ پێغەمبەر ئیماندارتربووە یان ئەو پیاوە ؟ کە بڕوای وابووە خوا حوشترەکەی بۆ دەپارێزێ ئەگەر نەشی بەستێتەوە .
ئەردەشێر گووتی ئەوەی ڕاستی بێ پیاوەکە ، بەڵام خۆی ڕێنماییەکەی پێغەمبەر ڕاستە . مام تاوێر گووتی بەڵێ ، بەڵام ئێمە مەبەستمان لە ئیمان بوونە بەخوا . ئەگەر پیاوەکە حوشترەکەی خۆی بەستاوە دەوری خوا چی دەبێ لەو کاتە پێم بڵێ ؟
ئەردەشێر تۆزێک بیری کردەوە ، پاشان گووتی هیچ .

ئینجا هەردووکیان دەمێک بێ دەنگ بوون ، دواتر مام تاوێر قسەیەکی کرد ، ئەردەشێر پێشبینی نەدەکرد لەپڕ ئەو قسەیە بکات . گووتی کوڕم هەر عاشق بە ، عاشق بوون لە هەموو شتێک جوانترە .

پەشیمانم لەو پێشنیارەی بۆم کردی ، نەفرەت لە هەرچی موقەدەساتی دونیا هەیە بێ ، ئاگادارببە مەبەستم هەر ئایین نیە ، هەموو چەمکەکانی تریشە جا لە پێغەمبەرانی مۆدێرنیتە و پێغەمبەرانی پۆزەتفیزم و پێغەمبەرانی سەرمایەداریەوە بگرە ، تا پێغەمبەرانی دەوڵەت نەتەوە و ماركسیزم و ئەوانی تر . کە چ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ یەک ، ئاخەر بەو تەمەنەش هەست دەکەم هێشتا ئاقڵ نەبوومە ، دەنا چ پێغەمبەر پێغەمبەرمە ؟ دونیا بە سەد و چل و چوار هەزار پێغەمبەر چانەبوو ، بە چل و پێنجەمین چادەبێ ؟

بە هەموویان سەریان لە مرۆڤایەتی شێواند و لە سرووشتی خۆی دووریان خستەوە ، ئێستا وەکو ئەو قەلەمان لێ هاتووە کە لاسایی ڕۆیشتنی کەوی دەکردەوە ، تاڕۆیشتنی خۆی لەبیرچۆوە ، ئێستا نە ڕۆیشتنەکەی خۆی لە بیرماوە ، نە دەشتوانێ وەکو کەو بڕوا ، بە ناچاری لەو بەینەدا ڕۆیشتنێکی هەڵبژاردووە ، لە ڕۆیشتنێکی عاجباتیانە نەبێ لە هیچ ناچێ . تۆ تەماشاکە هەموو پێغەمبەرەکانیش لە ئێمە سەر لێ شێواوتر بوونە .

عیسا لەسەر خاچ دەڵێ خوایە بۆ پشتت تێ کردم ؟

مەحەمەد دەڵێ وەک پێویست خوامان بۆ نەناسرا .

ئیبراهیم دەڵێ خوا لە ئاسمانە .
هێگڵ دەڵێ خوا دابەزیوەتە سەر زەوی .
نیچە دەڵێ خوا مردووە .
فەرهادپیربااڵ دەڵێ خوا زیندووە .
ماركس دەڵێ خوا نیە .
ئۆجەلان دەڵێ ئەوەی بڵێ خوا نیە گەمژەیە ، ئەوەی بڵێ هەشە گەمژەیە .
جا لەبارەی هەموو هەست پێكراوەكانی تر وا ، هەر كەس بە بڕوای خۆی شتێكی گووتووە و قسەیەكی خستۆتە بازاڕ .
ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە دەبینین فەیلەسوفێك شێت بووە ، شاعیرێك خۆی كوشتووە ، وێنەكێشێك گوێی خۆی بڕیوە ، چوزانم ...
ئەردەشێر گووتی ئێستا من چیبكەم بە بڕوای تۆ باشە ؟
مام تاوێر گووتی چیت پێ خۆشە ئەوە بكە . ئەو هەموو بیر و باوەڕە ئاوێتە و هاوتەریب و دژیەكە ، نیشانەی نەگەیشتنی مرۆڤە بە واتای تەواو . نیشانەی بیركردنەوەی شڕوشەپڕێو و پچڕ پچڕە .

سی

چەند ڕۆژێک دوای هێنانەوەی کتێبەکان ، ئانیا لە مدبەغەکە خەریکی شوشتنی پیاڵە و قاپ و قاچاغەکانی نانی بەیانی بوو، لە ناکاو زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا ، کە سەیری ژمارەکەی کرد نەناسراو بوو هەڵینەگرت ، زۆری پێنەچوو دیسان زەنگەکە لێیداوە ، ئەمجارە هەڵیگرت و موبایلەکەی بە بن گوێی خۆی وەنا ، گوێی لە دەنگی ئەردەشێر بوو ، لە شوێنەکەی خۆی مچۆڕکی خۆشی بە لەشی داهات ، دوای چاک و چۆنی ، بەپەلە ئەردەشێر گووتی ئانیا وا خەریکە دەمبەن بۆ دادگا ببووڕە نەمتوانی زووتر تەلەفۆنت بۆ بکەم حەزدەکەم ئامادەبی ، دادگاییەکە کاتژمێر دە بۆ یازدە بەڕێوە دەچێ . تکایە تەلەفۆنیش بۆ ئەو ژمارەیە مەکەوە ، چونکە بە نهێنی

پۆلیسێک مۆبایلەکەی خۆی پێداوم ، تا تەلەفۆنێکی پێ بکەم کاتێکی شاد .
ئانیا ویستی زیاتر قسە بکات تەلەفۆنەکە داخرا .
بە ناچاری ئەو بەروانکەی لەبەری کردبوو بۆئەوەی لە کاتی شووشتنی قاپ و قاچاغەکان لەشی تەڕ نەبێ ، لەبەری داکەند و ئەو پەنجەوانەیەی لە دەستی هەڵگێشابوو لە دەستی کردەوە . لەوکاتە دایکی هاتە ژووری ، ئانیا پەنجەوانەکانی پێدا و گووتی ببووە من دەبێ بڕۆم .
دایکی گووتی بۆ کوێ خۆهێشتا قاپەکانت تەواو نەشوشتووە؟
ئانیا گوتی دایە گیان کارێکی گرینگم هاتە پێش خۆت بیانشۆ . ئینجا مدبەغەکەی بەجێهێشت و بە پەلە بە قادرمەکەدا بەسەر کەوت ، هەندەی پێنەچوو خۆی گۆڕی و بەهەمان قادرمەدا هاتەوە خوارێ ، لە ئاوێنەی یەکێک لەسەر مەغسەلەکان دووبارە سەیرێکی خۆی کردەوە و دەستێکی بە پرچە خاوەکەی داهێنا . پاشان لە پێڵاوە نیمچە بەرزەکانی نزیک کەوتەوە و لە پێی کرد ، لە دەرگای حەوشەکە چووە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو . دواتر ڕاستەوخۆ بەرەو دادگا بەڕێکەوت . ئەردەشێریش لەگەڵ چەند زیندانیەکی تر ، کە ئەوانیش ئەو ڕۆژە دیار بوو کاتی دادگایی کردنیان بوو ، لەناو یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانەی بەشی پشتەوەیان قەفەس بوو دانیشتبوو ، کەلەپچەیەک لە دەستی کرابوو ، زنجیرێکیش لە هەردوو لاقی ، کونەکانی قەفەسەکە ئەوەندە بچووک بوون نەیدەتوانی دەرەوە بە تەواوی ببینێ و ئەو دیمەنانەی دەهاتنە

بەرچاو لێکیان جیابکاتەوە ، لەبەر خێرایی ئۆتۆمبێلەکە .
بەینی شۆفێر و زیندانیەکانیش هەر قەفەس بوو ، بە ئاسانی زیندانیەکان و ئەو دوو پۆلیسەی لە پێشەوە بوون دەیانتوانی قسە بکەن . لەناکاو پۆلیسێک لە یەکێک لە زیندانیەکانی پرسی کە پیاوێکی تۆزێک بە تەمەن بوو ، لەسەر چی گیراوی ؟ پیاوە بە تەمەنەکەش بێ باکانە وەاڵمی دایەوە دزی .
پۆلیسەکەش پێی گووت بۆ ؟ پیاوەکەش گووتی چونکە منداڵەکانم برسی بوون . پۆلیسەکەش گووتی پەشیمانیی؟ پیاوەکە گووتی نا ، ئەگەر بەریشم بدەن دیسان ببینمەوە منداڵەکانم برسین هەمان شت دەکەم . ئەوەش نیشانەی باوکایەتیە . پۆلیسەکەش گووتی باشە دزیکردن شەرم نیە ؟ پیاوە پیرەکە گووتی با ، بەاڵم چ دزیەک ؟ ئەو دزیەی لەسەر تێری دەکرێ نەک لەسەر برسیەتی . بۆ نموونە وەک ئەو دزیەی بەرپرس و بازرگان و پیاوە گەورەکان دەیکەن ، چونکە ئەوان بۆئەوە دزی ناکەن منداڵەکانیان برسیە ، بەڵکو بۆئەوە دزی دەکەن منداڵەکانمان برسی بکەن . منیش ناچارم ئەو پارەیەی لێم دزراوە بە دزی بیگەڕێنمەوە ، چونکە بێ گومان ڕسقی منیشی تێدایە . بەاڵم کەسێکی تر لێی بردووم .
پۆلیسەکەش گووتی ئەدی بۆ کار ناکەی ؟ پیاوەکەش گووتی چۆن دەزانی من کارم نەکردووە ؟ دواتر چ کارێک ؟ ئاخەر ببمە پۆلیس دەبێ چاوپۆشی لە گەندەاڵیەکانیان بکەم دەنا دوورم دەخەنەوە لە پیشەکە ، ببمە ئاسایش خەڵکم پێ بە لێدان و بە کوشت دەدەن . ببمە کارمەندێک لەو کۆمپانیایانەی

ئەهلین ، دەبێ بێ دەنگ بم لەو فڕوفێڵانەی لە پڕۆژەکە دەکرێ . ببمە پێشمەرگە لەبەرەی سەنگەر بە کوشتنم دەدەن و سبەی لەگەڵ ئەو لایانەی شەڕیان هەڵگیرساندووە بە دۆقەیەک پێکدێنەوە و منداڵەکانی من هێتیم دەکەون و بەرپرسەکانیش بە ناوی سەردانی ماڵە شەهیدان دێن چاو لە ژنەکەم دەبڕن . هەیە و نیە یان دەبێ بە عارەبانەیەک شت لە شەقامەکان بفرۆشم ، یانیش دەبێ کرێکاری بکەم و یانیش پیشەیەک هەڵبژێرم ، ئەویش ئەگەر بە پاکی بیکەی بە دڵنیاییەوە پارەکەی بەشی هیچ ناکات لەو سەردەمە ، ناچار دەبێ ژیانێکی مەمرومەژی بەڕێکەین ، ئێ بەمشێوە ژیانەش " شەڕ و ئاژاوە و دڵتەنگی لە دەرگاکانەوە دێنە ناو ماڵەکانمان و تەبایی و خۆشەویستیش لە پەنجەرەکانەوە ڕادەکەن " . ئاخەر من لە پیشەکانیش ناتوانم هەندێکیان ئەنجام بدەم ، چونکە ویژانم قبووڵ ناکات ، تۆ سەیرکە ببمە قەساب دەبێ دەستکەمە چەقۆیەک و ئاژەڵاکان سەر ببڕم و کەرت و پارچەیان بکەم . ببمە چەک فرۆش داخوا ئەو چەکەی بە دەستی من دەفرۆشرێ ، خوێنی کێی پێ دەڕێژرێ. ببمە مەی فرۆش ئێ خەڵک بە شێت و شووری دەخۆنەوە و خۆیان و دەوروبەریشیان بە فەتارەت دەبەن . کێشەی منیش لە سەرەتاوە تەنیا ئەوە بوو ویژدانم هەبوو ، شعوورم بەسەر شتەکاندا دەشکا ، دەنا بێ شعوور و بێ ویژدان بام چ گوێم لێ بوو ؟ منیش وەکو ئەم خەڵکە بە ئاشکرا کارێکم دەکرد ، بە نهێنیش خۆم لە پەنا بەرپرسێک دەناو مەعاشێکی بن

دیـوارانەم وەردەگـرت ، یـان لە نەخۆشـخانەیەک دەبـوومە کارمەند و چ دەرمانی خراپ و ئێکسپایەر هەیە بەسەر خەڵکی هەژار سـاغم دەکـردنەوە ، یـاخود بازرگـانیم بەو حەبـانەوە دەکرد کە هۆشبەرن ماڵی هەزاران گەنج وێران دەکەن . جا لە هەر ئیشێکی تـر ئەوهـا . کێش هەژار و برسـیبا دەمگـووت چاوی دەرێ ، چ کاری منە ئەوە . بەڵام موچەیان بە نهێنی بـۆ بـڕیمەوە نەمویسـت ، گـووتم ئەوە قـووتی خەڵکە خـۆ لە گیرفـانی ئەوان دەرنـایێ ، دواتـر کەس پـارە بەلاش بە کەس نـادا ، دەبـێ شـتێک هەبـێ جـا خـواش دەزانـێ چـی دەبـوو ، زەویان پێ دام ڕەتم کردەوە گووتم خۆم دەبم . دەوامیان بۆ دۆزیمەوە نەمکرد چونکە بە هیچ دەوامێکی حـوکمی حـزبیش ڕازی نەبووم ، تا وام بەسەر هات . پۆلیسەکەش گووتی باشە دزی چ جیـاوازیەکی لەگەڵ ئەو کـارانە هەیە کە تـۆ باسـیان دەکەی بە خراپ ؟ پیاوە پیرەکە وەڵامی دایەوە هـیچ ، منیش هەر بۆیە لەم جیهانە کە پـڕە لە مرۆڤی گەندەڵ و دز و بێ ڕەوشـت و بێ وێـژدان ، خـودی دزیـم هەڵبـژارد چـونکە پـێم وابوو ئەگەر بە تەنیا دزی بکەم ، مادام هەر دەبێ دزی بکرێ باشـترە لەوەی لەگەڵ کۆمەڵێـک دز تـێکەڵ بـم ، کە لە دزی کردنیش ئەوەی وێژدان بێ نیتیان . ئێستاش تەنیـا لەبەرئەوە گیـراوم بە تەنیـا دزیـم کـردووە ، نەوەک دزبـووبم . چـونکە ئەوەی نـامۆیە لەکـن هەر حوکمەتێک بە تەنیـا دزی کـردنە . دەنا ئەوان ئاشنایەتیان لەمێژە هەیە لەگەڵ دزی بە کۆمەڵ ، کە هیچ ئامانجێکی دیاریکراویان نیە ، هەرکارێکیش ئامانجێکی

دیاریکراوی نەبوو ئەوە بزانە کۆتایی نابێ ، واتا دزی حوکمەتەکان بەم لێکدانەوەیە بێ دریژە دەکێشێ تا قیامەت .
باشتێکیشت پێ بڵێم قەت دەستم بۆ پارە لە کەس پان نەکردۆتەوە ، هەمیشە دزیم پێ باشتر بووە لە دەرۆزەکردن ، چونکە ئینسان بە پارانەوە لەبەر کەسێک پێم وایە هیچ شەرم و حەیایەکی نامێنێ ، بەڵام بە دزی ئەم شتانە لە دەست نادا . کە ئاشکراش بوو قیر و سیا ، بێمنەتانە با باجەکەی بدا ، جا هەر شتێک بوو نەک هەر بەندکردن .
وە پێشم وایە دز بۆیە بە دزی دزی دەکا ، هێشتا شەرم و حەیایەکی ماوە نایەوێ بیدۆڕێنێ ، بەڵام دەرۆزەکەر نا .
لەسەر پارانەوە و دەست پان نەکردنەوەش با بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە ، ئامۆزایەکم هەبوو زۆر دەوڵەمەند بوو ، ئەو پیاوە ئاغایانە هەڵسووکەوتی دەکرد ، بەو دواییانەش چونکە باب و باپیری هەر لەگەڵ ئاغایان گەورە ببوون ، ئەویش خۆی لە ناو عەشیرەتەکەمان بە ئاغا دادەنا ، ئەگەرچی سەردەمی ئاغایەتیش بەسەر چووبوو . سااڵنە دەغڵ ودانێکی زۆری دەکرد ، جارێکیان نەخۆشکەوت و چوومە سەردانی چونکە هەر ئەو پیاوە بە تەمەنەمان مابوو ، چەند جارێکیش داوای بینینی منی کردبوو . دیوەخانەکەی گەورە بوو نزیکەی سی چل پیاو دانیشتبوون ، زۆربەیان لەسەر و جەمەدانیانەوە دیار بوو خۆیان بە پیاوی مەعقول مەعقول دادەنا . دوای کەمێک دانیشتن و مانەوە لە ناو هەموویان بە دەنگێکی بەرز پێی گووتم دەزانم نەبوون و

دەست کورتی ، بڕۆ دوو فەردە گەنمم بۆت داناوە بیبە ، لەمێژ نیە دەغڵمان دووریتەوە . منیش زۆر بەسەر خۆم داشکامەوە کە لە ناو ئەو قەرەباڵغیە وای پێ گووتم ، لە بێ چارەییان وەڵامم دایەوە نامەوێ ، ئەگەر پێویستم بوو دەچم دزی دەکەم . کە وام گووت ئەو پیاوانەی لەوێ دانیشتبوون هەموو پێکەوە سەیریان کردم ، سەریان سووڕما لەو قسەیە. ئامۆزایەکەشم گووتی بۆ ؟ دزیت پێ باشترە ؟

گووتم بەڵێ دزی زۆر لەوە باشترە تۆ بە ئاشکرا لەناو ئەو هەموو خەڵکە بەمن بڵێی دەزانم نەبوون و دەست کورتی بڕۆ دوو فەردە گەنم ببە . تۆ ئەگەر ڕاستت دەکرد و دەتویست هاوکاریم بکەی لەوەی نەبوونم و ناتەوێ بمشکێنیەوە ، دەتتوانی بە ئۆتۆمبێلێک بێ ئەوەی کەس پێ بزانێ دوو فەردە گەنمەکەت لە نیوەی شەودا بۆ بناردبام . ئەردەشێر کاتێک گوێی لە قسەکانی ئەم دزە پیرە بوو، یەکەوسەر خۆشیویست باوکی خۆی بەبیرهاتەوە ، کە چەند جارێک لە بەر برسیەتی خۆی و خوشک و براکانی دزی کردبوو ، بۆیە لەبەر چاوی پۆلیسەکان ڕووی تێکرد و گووتی تۆ چەند لە باوکم دەچی . پیاوە پیرەکەش گووتی بۆ باوکی تۆش دزی دەکرد ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ ئەویش وەکو تۆ بیری دەکردەوە و وەکو تۆش دز بوو . وا لە بیرمە جارێکیان شەو بوو باران دەباری ، ئێمە پارچەیەک نان چیە لە ماڵەوە نەمانبوو بیخۆین. باوکیشم بە چاوی پڕ فرمێسکەوە دەستی کردە تەفەنگەکەی و تەلەفۆنێکی بە وایەریشی لە گیرفانی نا ، جانازانم لە کوێ

پەیدای کردبوو، قەمسەڵەیەکی گەورەی بە کاڵاویشی لەبەرکرد و ڕۆیی . دوای کاتژمێر سێی شەو گەڕایەوە ، گیانی هەموو تەڕببوو ، بەڵام عەلاگەیەکی پاکەتی گرێڤنی لەگەڵ خۆی هێنابۆوە ، کاتێک قەمسەڵەکەی لەبەر کردەوە و لەبن هەیوان هەڵیواسی هاتەوە ژووری دانیشت ، دیاربوو دڵی خۆش بوو . بانگی دایکمی کرد ، عەلاگەکەی لەپێش دانا و دەرکی کردەوە پڕی پارەبوو ، وا لە بیرمە کە ژماردیان چل هەزار دیناری سویسڕی تێدابوو ، ئەوە لە ساڵی نۆهەتەکان ، پاشان بوتڵێک مەی کە ئەویشی هەر لەگەڵ خۆی هێنابۆوە ، دەری هێنا و تۆزێک خواردیەوە ، پاشان هەڵستایەوە و دەستی دایکمی گرت ، گووتی وەرە با شایی بکەین ، بەیەکەوە دەستیان بە شایی کرد ، لە بیرمە باوکم باش نەیدەزانی شایی بکات ، بەڵام لە دڵخۆشیان چۆنی بۆ بکرابوا وا لاقەکانی دەجووڵاند . دوای شاییەکە باوکم چۆنیەتی پەیداکردنی ئەم پارەیەی بۆ دایکم گێڕایەوە گووتی چوومە نێزیک کارگەیەک ، چەند ڕۆژێک پێشتر ڕەقەم تەلەفۆنی خاوەنەکەییم وەرگرتبوو ، کە پیاوێکی تورکمان بوو، ئەو پیاوە دەنگۆی ئەوەی لە دوابوو منداڵ دەباتە ناو کارگەکە و دەستدرێژیان دەکاتە سەری . منیش لەم ڕێیەوە ڕەوایەتم بە کارەکەم دا تا هەم تۆڵەی بەم شێوەیە لێبکەمەوە ، کە بۆ تورکمانەکان پارە لێستاندن لە کوشتن بە ئازارتر بوو ، هەمیش ئێوە لەو برسیەتیە ڕزگار بکەم . لەوێ دەسکە تەلەفۆنەکەی لەگەڵ خۆم بردبووم ، وایەڕەکەییم لە وایەری تەلەفۆنی کارگەکە قاییم کرد ، لەو

شوێنەی دەمتوانی بەسەر دیوار بکەوم و دەستم دەگەیشتێ .ئینجا ژمارەکەییم لێداو خاوەن کارگەکە هەڵیگرت ، منیش پێم گووت منداڵەکانم برسین ، تۆش هەستدەکەم پیاوێکی خاوەن کارگە و دەوڵەمەندی ، دەستدرێژیش دەکەیتە سەر منداڵان لەناو کارگەکەت . چل هەزار دینارم بۆ نەهێنی هەر ئەم شەو بۆ فلانە شوێن و لەمەودوا دەست لەوکارەش هەڵنەگری لەوە خراپترت بەسەر دێنم . خاوەن کارگەکەش دوای هەوڵدانێکی زۆر زانی پارەکەم لێی هەردەوێ ، هەر بەم شەوە بۆی هێنام و لە نزیک ئەو شوێنەی بۆم نیشان کردبوو لەناو تەنەکە زبڵێک داینا ئینجا ڕۆیی ، پاشان بۆم دەرکەوت لە ترسان وازی لەم کارەش هێناوە . دایکیشم گووتی باشە نەدەترسای بە پۆلیس بڵێ ، یان پۆلیس بۆ ئەو شوێنە بێنێ کە بۆییت نیشان کردوە ؟ باوکم گووتی نا ، چونکە من چەکم پێ بوو شەوەکەش تاریک و باراناوی بوو ، دەمتوانی بە تەقەکردن خۆم قوتاربکەم . وەدڵنیاش بووم پۆلیس ناوێرێ لە شەوێکی وا دەرچێ . ئەو پیاوەش خۆی لە مەسەلەی ئاشکرابوونی دەستدرێژیەکانی بۆ سەر منداڵان دەترسا . جارێاستیشی دەکرد سااڵی نۆهەتەکان کوردستان چ جیاوازیەکی نەبوو لەگەڵ تکساس ، هەرکەس لەڕاستی خۆیڕا بە ئاشکرا ڕێگری دەکرد و زەلامی دەکوشت و چی خراپە ئەنجامی دەدا . وا لە بیرمە لەو پارەیە دوای ماوەیەک هەندێکی دا کادیرانی پەکەکە بەناوی هاوکاری ، چونکە خۆشیانیدەویست .

ئەو ڕۆژەی ئـۆجەلانیش گیـرا ، کە لە تەلەفیزیـۆن هەواڵەکە بڵاوبـۆوە نـانی ئێوارەمـان دەخـوارد ، بـاوکم گریـا قـاپەکەی پێشی کە هێشتا نیوە برنجی تێدا مابوو ، چیتر لێی نەخوارد ، ئەو پاروەی کردبووی داینا . دایکیشم لەگەڵ هەواڵەکە هەمان کاردانەوەی هەبوو . ئێمەش هەرچەندە زۆر لەو مەسەلانەمان نەدەزانی منداڵ بووین ، کە بینیمان دایک و باوکمان دەگرییێن، وەکـو ئەوان دەسـتمان بە گریـان کـرد و سـفرەکەمان بەجێهێشت . هەرگیـزیش کەیفی بە دزەکـانی هاوسـەردەمی خـۆی نەدەهـات ، ئەو هەر بەتەنیـا کـاری دەکـرد ، دەیگـووت ئەوانە هـیچ ویژدانێکیـان نـیە لە کـاتی دزیکـردن ، هەرکـات ڕێککەوێ مرۆڤیش دەکوژن لە بۆ پارە .

هەمـوو جـارێ دزی دوو کەسـی ئەو کـاتەی دەگێـڕایەوە نەفرەتـی لـێ دەکـردن ، کە یەکێکیـان نـاوی نەرۆکە و ئەوەیتریش ناوی شـاکرۆک بـوو . ئەوانە پەیوەندی جنسیان لەگەڵ دوو خوشێک دەبێ ، یەکێک لەو خوشکانە داوایان لێ دەکـات جەرگ و هەنـاوی ئـاژەڵی لەبـۆ بـبەن ، ئەو مـاوەیە منداڵی بووە پێویستە جەرگ و هەناوی ئاژەڵ بخوات ، لەبەر کەمی خوێن لە لەشیدا. نەرۆکە و شاکرۆکیش هیچ پارەیەکیان پێ نـابێ ، هەڵدەسـتن لە شـەوێکی باراناوی ، لە دەوروبەری گـردی کلـک مشـکی ڕۆژئـاوای هەولێـر ، کە ئەوکـاتە پێیـان دەگووت " بارگیناوەو گێمەدێ " کە دوو گەڕەکی لێکتر نزیک بـوون ، لەکۆمەڵێک خـانوی لە قـوڕ دروستکراو و دەرگـای یەکدەری پێکهاتبوون . هەموو خەڵکەکەش هەژار بـوون ، لە

یەکێک لە ماڵەکان بە نیوەی شەو بارگینێک دەدزن . کە خەڵکەکە بۆ کاری ڕۆژانە بەکاریان دەهێنان . دەیبەنە سەر ئەو گردە ، لەوێ لەبەر گەورەیی و بەهێزی هەر چەند دەکەن بارگینەکەیان پێ لە عەردی نادرێ بۆئەوەی سەری ببڕن ، هەڵدەستن بە کلاشینکۆف دوو سێ گوللەی لەسەری دەدەن و دەیکوژن . ئینجا کە بارگینەکە دەکەوێتە سەر زەوی ، بە چەقۆیەک زگی دەدڕێنن و جەرگ و هەناوەکەی بۆ ئەو دوو خوشکە دەبەن ، لاشەی بارگینەکەش لەوێ بەجێدێڵن . پاشان جەرگ و هەناوەکە دەرخواردی خوشکەکان دەدەن بە ناوی جەرگ و هەناوی مانگای . پۆلیسەکان سەریان سووڕمابوو لەو قسانە ، لە جێگاکانی خۆیان کڕ کەوتبوون ، لەپڕ ڕێگاکە کۆتایی هات و گەیشتنە نزیک دادگا ، لە دووڕەوە بینیان لە پێش دادگا حەشامات هەڵستاوە ، سەیری هەر لایەکیان دەکرد مەلاکان بە خۆیان و بە مەندیلی سەریانەوە دەبیندران ، لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی سمێڵ تاشراو و ڕیش درێژ و شەرواڵ کورت . لە ڕێزی پێشەوە چەند کەسێک لافیتەیەکی گەورەی ڕەشیان بە دەستەوە بوو ، بە ڕەنگی سپی لە سەری نوسرابوو " لا اله الا الله ، محمد رسول الله " . هەندێکیشیان وتافیان دەکێشا لە وتافەکاندا باسی ڕجم کردن و سەر پەڕاندن و ئاگری جەهەننەم دەکرا . ئەوەی تروسکایی ژیان بوو بە نێو چاوانیانەوە نەدەبیندرا ، لە ڕق و مردن و گۆڕ و عەزابدان زیاتر . ئەردەشێر کە گوێی لەو هەراوهۆریایە بوو ، لە یەکێک لە کونەکان بەحاڵ سەیری دەرەوەی کرد ، کە گرد

بوونەوەکەی بینی لەبەرەخۆی گووتی ئاخەر هەر ئەو جۆرە مەخلوقانەش بوون بە بڕوای یەقینەوە بەرگریان لە بتەکانی مەککە دەکرد و بە بەرد ڕاوی پێغەمبەریان دەنا . پاشان بە ئاشکرا بە پۆلیسەکانیشی گووت جا وەرە حوکمی وڵات بکەوێتە بن دەستی ئەوانە و ژیان نەبێتە دۆزەخ . ئینجا ئەو ئۆتۆمبێلەی ئەردەشێر و زینەدانیەکانی تێدا بوو بەناو قەرەباڵغیەکەدا تێپەڕی ، دیاربوو خۆپیشاندەرەکان نەیانەدەزانی ئەردەشێر لەناو ئەو ئۆتۆمبێلەیە ، بە ئاسانی ڕێیان کرد . دەنا دەرچوونیان زەحمەت بوو . کە گەیشتنە ناو حەوشەی دادگاش ئەردەشێر و زیندانیەکانی تریان هێنانە خوارەوە و بە دەرگای نهێنی بۆ ژوورەوە بردیانیان . هەندەی پێ نەچوو ئانیاش گەیشتە دادگا ، کە گردبوونەوەی مەلاکان و خەڵکەکەی لەبەر دەرگا بینی سەری سووڕما . دەشترسا بەوە بزانن بۆ لای ئەردەشێر هاتووە ، چونکە ئەو هەواڵە بەس بوو بۆئەوەی بە هەموویان لەوێ بەرد بارانی بکەن . کە بە لایاندا تێپەڕی هەندێکیان بە نێوچاوانی گرژەوە سەیریان دەکرد ، لەبەرئەوەی حیجاب نەبوو . هەندێکیشیان ڕووی خۆیان لێی وەرگێڕا بەو واتایەی سەیرکردنی جائیز نیە .

ئانیا خۆی گەیاندە لای ئەردەشێر ، پۆلیسێک ڕێی لێگرت ، ویستی دووری بخاتەوە بەو مەبەستەی نابێ قسە لەگەڵ کەسی زیندانیکراو بکات ، بەڵام ئانیا ڕاستەوخۆ ناسنامەکەی دەرهێناو گووتی من پارێزەرم . کە پۆلیسەکە ناسنامەکەی بینی پەشیمان بووەوە لەوەی ڕێی لێ گرتووە ، گووتی خانم

بمبووره . ئینجا ئانیا لەلایەک ناو مەمەڕەکە لەگەڵ ئەردەشێر لەسەر یەکێک لە کورسیە درێژەکان دانیشت ، کاتێک لە کەلەپچەکەی دەستی و زینجیرەکەی پێی ڕوانی گووتی پێم ناخۆشە بەمشێوەیە دەتبینم . ئەردەشێر گووتی نا ئاساییە هەرکەسێک بە شتێک لەوانی تر جیادەکرێتەوە ، ئاسنگەر بە کوتکەکەی ، قەساب بە چەقۆکەی ، نانەوا بە مادەکەی ، منی بەند کراویش بە کەلەپچە و زنجیرەکەی پێم .

ئانیا گووتی چیبکەین ئێستا پێت باشە ؟

ئەردەشێر گووتی چاوەڕێ دەکەین تا دادوەر بانگمان دەکات.

ئانیا گووتی ئایا تۆ ئامادەکاری ناکەی بۆ بەردەم دادوەر ؟

ئەردەشێر گووتی نا پێویست ناکات ، خۆی ئەمەش یاریەکە لە یاریەکان ، ئێمەش تێیدا بەژدارین . دواتر لەوە جوانتر نیە پابەندی هیچ لەو یاسا و ڕێسا و ڕسمیاتیانە نەبین کە بۆمان دیاری کراون ، ئەوان با بەندمان بکەن ئێمە چیرۆک دەگێڕینەوە ، ئەوان با دژمان گرد ببنەوە ئێمە دیسان چیرۆک دەگێڕینەوە ، ئەوان با جل و بەرگی دادوەری بپۆشن و بڕیار بدەن ئێمە هەم دیسان چیرۆک دەگێڕینەوە .

دەزانی ئەگەر بەمشێوە بڕوا واتا چی ؟ واتا گاڵتەمان بە هەموو شتێک دێ ، واتا هەموو ئەوانەی بەڕێوەدەچێ ناکا ئەوەی ئێمە وەکو دوومندالْ بەردەوامین لە یاریەکانی خۆمان و فیرارمان کردووە لە هەرچی سنوور و یاسا و ڕێسا هەیە . ئەوان وا دەزانن تۆ پارێزەری منی و منیش بەندکراو .

خۆشترین شتیش لێرەدا ئەوەیە هەمووان بێ خەبەرن لەوەی ئێمەش بۆ خۆمان دونیایەکی جوانترمان دروست کردووە لەو دونیا بۆگەن و پارچە پارچە و وێران بووەی دڵیان پێی خۆشە . ئانیا گوتی دەزانی دەستم بە نوسینی ڕۆمانەکە کردووە ؟ ئەردەشێر گووتی بەڕاست !! هەربژی ، لەکەیەوە؟ ئانیا گووتی لە ڕۆژی دووشەممەوە کاتێک لەلای تۆ گەڕامەوە جا ئێوارەکەی ، بەڕاستی قسەکانی مام تاوێری هاورێت دەربارەی نوسین ڕێنیشاندەرم بوون . ئەردەشێر گوتی مام تاوێر حەیاتە ، چەند وەسفی ئەم پیاوە بکەی تەواو نابێ ، تۆ پێم بڵێ چیت نوسیوە و لە کوێوە دەستت پێ کردووە ؟ ئانیا گووتی پێت نالێم جارێ با تەواو بێ ئەوکات نوسخەیەکت لە ڕۆمانەکە بۆ دەهێنم . ئەردەشێر گووتی منت خستە مەراق ، پێت وایە کەی تەواو دەبێ ؟ ئانیا گووتی نازانم بەڵام کاتێک دەستم پێکرد بۆم دەرکەوت ژیان بۆخۆی هەمووی ئەدەبیاتە، ڕۆمانیش ئاوێنەیەکە بەرامبەر خۆمان هەڵیدەواسین بۆئەوەی خۆمان جوانتر ببینین و بە عەیبەکانمان دابچینەوە . تۆ جارێ واز لەوە بێنە هێشتا زۆر زووە تا پێت بڵێم کەی تەواو دەبێ . دواتر تەواو بوونی ڕۆمانەکە پەیوەندی بە چیرۆکەکەی تۆوە هەیە جا نازانم چەند درێژە دەکێشێ ، بڕوا دەکەی شەوانیش خەوم نیە ، بەس بۆئەوەی کاتی مەهاجە دابێت و بێم گوێ بگرم ، چوزانم . ئەردەشێر و ئانیا لە هەر شوێنێک دەگەیشتنە یەکتری ئاگایان لە دەوروبەری خۆیان نەدەما ، جا یان ئەردەشێر چیرۆکی دەگێڕایەوە و ئانیاش بە تامەزرۆییەوە

گـوێی دەگـرت ، یـانیش ئانیـا قسـەی بـۆ دەکـرد لەبـارەی ڕۆمـــانەکەی و ئەو شـــتانەی بە بیـــری دادێ و دەیەوێ لە دواڕۆژ ئەنجامیان بدات. ئەوان تەواو لەو دونیایەی خەڵکی پێیان ڕاستەقینە بوو جیابووندوە، چونکە هیچ شتێک لەو شتانەی زۆربەی مرۆڤەکان ئەنجامیان دەدا بە دڵیان نەبوو. کەسیش نەیدەزانی چارەنووس بەرەو کوێیان دەبات . یان دەشکرێ بڵێین ئەوان لە چارەنووس دەرچووبوون و کەس نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن ، وەکو دوو کەسی عاشق بەیەک دەهاتنە بەرچاو .

لەپڕ زەنگی ناو دادگاکە لێیدا . لەگەڵ زەنگەکە هەندێک مەلا و ئەو خەڵکانەی لە دەرەوە لەگەڵیان بوون ، هاتنە ناو مەمەڕەکە ، پۆلیسێک کە تایبەت بوو بۆ بانگکردنی کەسی داواکراو لەناو دادگـاکە بە دەنگـی بەرز گـووتی ئەردەشـێر کێـیە بـابێتە ژوورەوە ، پۆلیســـەکانی لەگەڵ ئەردەشـــێر بـــوون بە پەلە هەڵستانەوە و دەست وپێی ئەردەشێریان کردەوە و قۆڵیان گرت و بردیانە ژووری دادوەر ، پاشـان هەر ئەو پۆلیسـەی تایبەت بوو بە بانگکردنی کەسی داواکراو دووبارە سەری لە دەرگـاکە هەڵکێشـا و گـووتی مەلاکانیش بـا بێنە ژوورەوە ، لەگەڵ ئەو قســـەیە کۆمەڵێـک مەلا و ئەو خەڵـکە شـــەروالّ کورتانەی لەگەڵیان بوون بە قەرەپەستانێ خۆیان لە ژووری دادوەر پەسـتا ، ئانیـاش ویسـتی بچێـتە ژوور پۆلیســەکەی بەردەرگا ڕێی لێ گرت ، گووتی تۆ کێی ؟ ئانیاش گووتی من پارێزەری بەڕێز ئەردەشێرم ، پۆلیسەکەش گووتی کوا جلی

پارێزەریت ؟ چونکە نەدەبوا بێ جلی پارێزەری هیچ پارێزەرێک بچێتە پێش دادوەر ، بۆئەوەی لەگەڵ ئەوانی تر لێک جیا بکرێتەوە .

ئانیا نەیزانی چیبکا ، ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دایەوە لە دوورڕا پارێزەرێکی پیاوی بینی ، بە پەلە چووە لای گووتی بەڕێز دەکرێ کەمێک بەرگەکەی خۆتم پێ بدەی ؟ لەگەڵ ئەو قسەیە ناسنامەی پارێزەریەکەشی دەرهێنا ، پێی نیشاندا .

پیاوەکەش بەرگەکەی خۆی پێدا و گووتی بەو مەرجەی هەندێکم لەو پارەیە بدەیەی کە لە کەیسەکە وەرتگرتووە ئینجا پێکەنی . ئانیا لێی تورەبوو بەڵام نەشدەکرا تووڕەبوونەکەی دەربېڕێ ، چونکە ئەو ئیشی بەو کەوتبوو ، دەنا لەبۆی بەدیار کەوت تەواوی ئەو سوعبەتەی کردی بەڕاستی بوو ، بەڵام لەم ڕێیەوە گەیاندی . ئینجا جلە پارێزەریەکەی لەبەر کرد و چووە ژووروێ ، بینی حاکم عبدلرەحمانی دادوەر ، هاوڕێی باوکی لە بڵندی دانیشتووە ، چاویلکەیەکی گەورەشی لە چاوە. حاکم عبدلرەحمان کە ئانیای بینی سەری سوڕما ، چونکە دەمێک بوو ئەو هەواڵی ئەوەی بیستبوو ئانیا وازی لە پارێزەری هێناوە . بەناچاری بە دەست ئیشارەتێکی بۆ کرد تا بچێتە لای ، ئانیاش کە بینی لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوەو چووە لای ، حاکم عبدلرەحمانیش دوای ئەوەی چاک و چۆنی لەگەڵ کرد ، پێی گووت چی دەکەی لێرە ؟ ئانیاش گووتی من بوومەتە پارێزەری بەڕێز ئەردەشێر . حاکم عبدلرەحمان کە گوێی لەو قسەیە بوو ڕەنگی تێکچوو ، گووتی تۆ قەزیە بڕانە

ئەو قەزیەیەت وەرگرتووە ؟ ئانیا گووتی بۆ ؟ حاکم عبدلرەحمان گوتی بۆی چی ؟ ئاخەر تۆ نازانی ئەو کوڕە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان دەرباز بوونی نیە ، ئەو ئازادیش بکرێ و لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتیش قوتاری بێ ، ئەو ئیسلامیانە لێی خۆش نابن ، ئێستا بۆیان ڕێککەوێ هەر لێرە کەرت و پارچەی دەکەن . ئانیا گووتی دەسەڵات بۆ ؟ ئێ خۆ ئەوکێشەی لەگەڵ دەسەڵات نیە، یان شتێک دەزانی پێم نالێی؟ حاکم عبدلرەحمان گووتی چی دەزانم پێت نالێم ؟ من لە بۆ تۆمە ، ئەو کوڕە ژیانی بە کۆتا هاتووە بەڵام بە خۆشی ئەوە نازانێ ، یان گوێی پێنادا ، یانیش لە هیوایەک دەگەڕێ . ئەگەر بە گوێی من دەکەی خۆت ئاشکرامەکە لەبەر چاوی ئەو مەلا و ئیسلامیانە دەنا ژیانت دەکەوێتە مەترسی ، ئەو کوڕە سێ ڕێی لە پێشە ، یەک یان بۆ هەتا هەتایێ بەند دەکرێ ، یانیش لەناو زیندان دەکوژرێ ، یانیش ئازاد دەبێ لە دەرەوە ئیسلامیەکان دەیکوژن .

ئەگەر بە گوێشم ناکەی بڕۆوە جێگاکەی خۆت دانیشە و چۆنیشت دەوێ وا بکە ، چونکە ئێستا کاتی ئەو جۆرە گفتۆگۆیانە نیە ، بەتایبەتی لە نێوان حاکم و پارێزەری لایەک لە لایەکان . ئانیا بێ ئەوەی بە گوێی حاکم عبدلرەحمان بکات چۆوە شوێنەکەی خۆی دانیشت ، ئەوەش نیشانەی لە گوێ نەگرتنی ئامۆژگاریەکانی حاکم بوو . چونکە حاکم مەبەستی لە بانگکردنەکەی ئانیا بەجێهێشتنی ژووری دادگا بوو . ئینجا حاکم عبدلرەحمان چاویلکەکەی چاوی بەدەستێک چاکرد و

گووتی جەنابی ئەردەشێر مەیتی مەیسەری لە شفرۆشت بۆ بردە ناو مزگەوت لەو هەموو شوێنی وەها زۆر ؟ ئەردەشێر زۆر بە سادەیی وەڵامی دایەوە ، بۆئەوەی بیشۆم ، حاکمیش گووتی بۆ لە ناو مزگەوت ؟ نازانی مەیتی ژنان لە ناو مزگەوت ناشورێ ؟

ئەردەشێر گووتی چونکە هەمووماڵەکانی گەڕەکم پێکرد کەسێک دەرگای بەڕوومدا نەکردەوە ، ئێ لە مزگەوتیش زیاتر شوێنێکی ترم شک نەدەبرد . دواتر جەنابی دادوەر دەکرێ ئەوە بزانم بۆ مەیتی ژنان لەناو مزگەوت نابێ بشورێ ؟

حاکمیش لەوکاتە ڕووی لە مەلاکان کرد گووتی وەڵامی بدەنەوە گوێتان لێ بوو چی گووت ، ئێوە چی دەڵێن ؟ یەکێک لە مەلاکان لەگەڵ ئەو قسەیە لە شوێنەکەی خۆی ڕاست بۆوە و گووتی بسم الله الحمن الرحیم ، جەنابی دادوەر چونکە جوان نیە ژن لەناو مزگەوت بشووڕێ . چۆن دەکرێ ژن لە شوێنێک بشووڕێ و ڕووت بکرێتەوە پیاوی لێ بێ ، جا با لە ژوورێکیش بێ دیار نەبێ ، ئاخەر پاشان پیاو هەست بکات ژنێک لەوێ شووراوە وێنای دەکات ، دێتە بەرچاوی ، ئەوەش دەچێتە خانەی نەزەر و بینینی جەستە بە ڕووتی . ئەردەشێر لەگەڵ ئەو قسەیە خۆی پێنەگیرا و گووتی توخوا ئێوە قەت شەرم ناکەن ئەو قسانە دەکەن لە ئاستی کەسێکی مردوو ؟ یان ئێوە بەس بیر لە لایانی زایەندی دەکەنەوە ، دواتر ئێوە باسی وێناکردنی جەستەی مردوویەک دەکەن ، کەچی من بەسەرخۆشیش بیرم بۆئەوە نەچوو کاتێک بەو دەستانەم

خودی ئەو جەستە ڕووتەم شووشت ، بەو شێوەیەی ئێوە بیرتان بۆی دەچێ . دیار بوو ئانیا ئەو قسەیەی ئەردەشێری زۆر بە دڵ بوو ، لە شوێنەکەی خۆی سەرێکی بادا ، وەک ئەوەی بڵێ ئەردەشێر بیرکردنەوەی تۆ لە کوێ و هی ئەوانە لە کوێ . حاکم گووتی باشە بۆ بە دەستی خۆت شوشتت ؟ ئەردەشێر گووتی چونکە مەلاژنی ئەو مزگەوتە گووتی ئەو مەیتە گاڵاوە من نایشۆم ، کەسێکی لەشفرۆش بووە . منیش لە ڕووم نەهات تەرمی ژنێک بەتەنیا بەجێبێڵم . حاکم ڕووی لە مەلاکان کرد گووتی ئێوە چی دەڵێن ، خۆتان گوێتان لە قسەکانی بوو ؟ یەکێک لە مەلاکان لە شوێنەکەی خۆی ڕاست بۆوە و گووتی باشە جەنابی دادوەر ئەو تەرمە بە ڕووتی چی دەکرد لەسەر شانی ئەو پیاوە ؟ ئەگەر خۆی بەسەرخۆشی نەچووبێتە لای و دواتر نەیکوشت بێت ؟ ئاخەر هەست دەکەم ئەو پیاوە بەو قسانەی دەیکات دەیەوێ تاوانەکە بشارێتەوە . حاکم گووتی ئەوە کاری ئێمەیە بەڕێز ، ئەو دادگاییە تەنیا پەیوەستە بە سکاڵای ئێوە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە خودی مزگەوتەوە هەیە . نەک ئەنجام دانی تاوانەکە ، کە هێشتا ئاشکرا نەبۆتەوە چۆن کراوە . دوای بێدەنگ بوونی ئەو مەلایە ، مەلایەکی تر لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و گووتی بەڕێز دادوەر ئەردەشێر لە کاتی شووشتنی مەیتەکە مەییشی خواردۆتەوە و گۆرانیشی گووتووە ، پێویستە ئەوەش لەبیرنەکەین . لەو کاتە ئانیا دەستی بڵندکرد ، دادوەر ئیزنی دا بۆ قسەکردن . ئانیاش گووتی جانابی دادوەر

مەیخواردنەوە بەپێی قانوون ڕێگا پێدراوە ، وەک دەشبینین چەندەها دوکانی مەیفرۆشی بە ئاشکرا لە سەرشەقامەکاندا هەیە ، ئێمەش لە دادگاینە و پابەندی قانونین نەوەک لە مزگەوت و شوێنی فتوادان . گۆرانیش بە هەمانشێوە ، ئێ کەسێکیش مەی بخواتەوە بە دڵنیاییەوە گۆرانی دەڵێ ، جا لە هەر شوێنێک بێ . ئێمە دەتوانین لەسەر مەیخواردنەوەکە بەو مەرجەی سەرخۆش بووبێ و بووبێتە مایەی سەرئێشە بۆ دەوروبەر غرامەی بکەین ، یان بۆ چەند ڕۆژێک بیخەینە بەندیخانە هەر ئەوەندە. یەکێک لە پیاوە شەرواڵ کورت و سمێڵ سفر و ڕیش درێژەکانی لەگەڵ مەلاکاندا هاتبووە ژووری بە تورەییەوە هەڵستاوە و گووتی دەبێ بەپێی شەرع ئەو کەسە دادگایی بکرێ ، نەک قانوون . بە پێی شەرعیش هەرکەسێک مەیبخواتەوە دەبێ جەڵدەی لێ بدرێ . ئانیاش گووتی باشە ئەگەر ئێوە ئەوەندە پابەندی شەرعن ؟ چۆن دەتوانن بەو ژنە بڵێن لەشفرۆش ؟ چونکە شەرع دەڵێ دەبێ چوارکەس شاهێد بێ و بە چاوی خۆیان بینیبێتان . کەچی ئێوە دەمێکە بێ شەرمانە بە لەشفرۆش بانگی دەکەن . ئایا دەتوانن چوار شاهێد بێنن ئەو ژنە لەشی خۆی فرۆشتووە ، بەو مەرجەی هەرچوار شاهێدەکە ئەو ژنەیان بە چاوی خۆیان بینیبێ لەکاتی ئەنجام دانی کارەکە ؟ پیاوەکە گووتی هەموو گەڕەک دەزانن ئەو ژنە لەشفرۆش بووە . ئانیاش ڕووی لە دادوەر کرد گووتی بەڕێز ئەو کابرایە دەڵێ هەموو گەڕەک دەزانن ئەو ژنە لەشفرۆش بووە ، مادام وایە با چوار

شاهێد لەناو خەڵکی گەڕەک بێنن کە بەچاوی خۆیان لەیەک کاتدا مەیسەریان بینیبێ لە کاتی لەشفرۆشی . دواتر ئەوان گردبووینەوە و سکاڵایان لەسەر شوشتنی ژنێک بە دەستی پیاوێک لەناو مزگەوت بەرزکردۆتەوە ، ئێ خۆ مزگەوت وەک خۆیان دەڵێن ماڵی خوایە ، کەسیش لەخوا دەست ڕۆیشتووتر نیە ، نازانم چیدەکەن لێرە و پشتیان لە قودرەتی ئەو زاتە کردووە ، بۆ سکاڵا لە لای ئەو ناکەن و لەسەر ماڵەکەی خۆی بێتە جواب . دواتر هەر خۆیان دەڵێن خوا ئاگری جەهەننەمی هەیە بۆ خراپەکاران لە دواڕۆژ ، باشە ئەگەر بڕوایان بە ڕۆژی دوایی و لێ پێچینەوەی خوا و ئاگری جەهەندەم هەیە بۆ هاتوونە دادگایەک کە بە خۆیان بڕوای تەواویان پێی نیە سکاڵا بەرزدەکەنەوە تا تاوانبارەکە لێرە سزابدرێ . دواتر ئەگەر تاوانبار لێرە بە سزا گەیی ، ڕۆژی دوایی و ئاگری جەهەندەم بۆ چیە ؟ خۆ ناشکرێ کەسێک لەسەر تاوانێک دووجار سزا بدرێ . ئەوەی ڕاستی بێ من هیچ لەوانە سەر دەرناکەم . یەکێک لە مەلاکان کە گوێی لەو قسانە بوو ، بە تووڕەییەوە هەڵستایەوە و بە دەست ڕاوەشاندن گووتی من سەر لە تۆ دەرناکەم ، قونت لەناو پانتۆڕەکەت ئەوەندە دەرپەڕیوە وەک ئەوەی بەزۆر کردبێتە بەرت ، پرچت بە هەموولایەکدا پەرش و بڵاوکردۆتەوە دەڵێی تازە لە حەمام هاتوویتە دەرەوە ، دەتەوێ بچیە سەر جێی خەوتن ، باسی شەرع دەکەی تۆ چی لە شەرع دەزانی ؟ حاکم کەبینی ئەو مەلایە خەریکە بێ ڕێزی دەکات ، بە توندی چەکوشەکەی

دەستی بە مێزەکەی پێشە خۆیدا کێشا ، گووتی ئاگاداری زمانت بە دەنا دەتخەمە دەرەوە . ئێرە سەر مینبەری نیە ، ڕۆژ تا ئێوارە بە کەیفی خۆتان قسە بەم و بەو بڵێن . مەلایەکە بێ دەنگ نەبوو ، گووتی ئێمە بەبێ هۆ قسەمان بە کەس نەگووتووە . حاکمیش گووتی تا ئێستا چ هۆکارێکتان هەبووە بۆ ئەم قسانەی کردووتانە ، ئێوە دەتانەوێ هەموو خەڵک وەکو هەزار و چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا جل و بەرگ بپۆشێ ، وەکو هەزار و چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستا بیربکاتەوە ، وەکو هەزار و چوارسەد ساڵ بە رلە ئێستا تەماشای ژیان بکات ، وەکو هەزارو چوارسەدساڵ بەر لە ئێستا منداڵ پەروەردە بکات و لە ژن بڕوانێ . کەچی یەک دونیا ڕێ و شانسیتر هەیە بۆ ژیان کردن . ئێوە کەیفی خۆتانە چۆن بیردەکەنەوە بەڵام لە خەڵک گەڕێن ، دواتر نەمزگەوت بە تەنیا هی ئێوەیە ، نە خواو ئایین و کتێب و پێغەمبەرەکان . هەرچی هەیە ئەزموونی هەموو مرۆڤایەتیە ، جا نەک هەر لەبارەی ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ئاییەنەوە هەیە ، بەڵکو لەبارەی یاسا و ڕێسا و فەلسەفە و تەکنەلۆژیاش هەمان شتە ، کەچی هەر گرووپێک و چینێک دەبینی هەڵستاوە لە قونیچکێکی گۆی زەوی یەکێک لەوانەی بۆ خۆی قۆرخکردووە و ڕۆژ تا ئێوارە لاف و گەزافی لەسەر ئەوانی تر پێ لێ دەدا و نانی لە پەنا پەیدا دەکات . دوای ئەم قسانە حاکم تۆزێک بێ دەنگ بوو سەیری فایلەکەی پێشی کرد . یەکێک لە مەلاکان دووبارە دەستی بڵند کرد ویستی

قسەبکات ، حاکم پێی گووت بەڕێز تەواو قسەی تـرم نـاوێ ، لە هەردوو لا گەیشتم . ئێستاش بڕۆنە دەرەوە دادگا بڕیاری خۆی دەدات . لەگەڵ ئەو قسەیە دەستی دانا لەسەر دوگمەی جەڕەسەکەی پێش دەرگا ، بـۆئەوەی پۆلیسـەکان ئەردەشـێر بپارێزن ، بیبەنە دەرەوە تا کاتی بڕیارەکە . کە مەلاکان و ئەو خەڵکـانەی لەگەڵیـان بـوون چـوونە دەرەوە ، پۆلیسـەکانیش ئەردەشێریان بردەوە لای خۆیان . ئانیاش ویستی بچێتە دەر، حاکم عبدلرەحمان بـانگی کـرد ، گـووتی ئانیـا تـۆ مەڕۆ دەبـێ قسـە بکەیـن . ئینجـا کە ئانیـا بە تەنیـا مـایەوە لەگەڵ حـاکم عبدلرەحمان ، پێی گووت کچم تۆ هەر بـۆ ئەم قەزیەیە بـویتە پـارێزەری ئەردەشـێر یـان بـۆ قەزیەی کوشـتنەکەش ؟ ئانیـا گووتی بۆ هەموو ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵی . حاکم گووتی تۆ چوزانی ئەمانە تۆمەتن دراونەتە پاڵی ؟ ئانیا گووتی ئەوەی ڕاستی بێ بەڵگەیەکی زیندووم نیە ، بەڵام هەسـتم دەڵێ ئەو پیاوە پاکە هیچ پێ ناچێ خراپ بێ . حـاکم گـووتی لە کەیەوە سەردانی دەکەی ؟ ئانیا دەیزانی ئەگەر درۆی لەگەڵ بکات ، ڕەنگە زیاتر گومان بخاتە سەرخۆی ، چونکە حاکم دەیتـوانی لێکۆڵینەوەیەک بکات و لە ڕێی پۆلیسـەکانی زیندانەوە بزانێ لەکەیەوە دەچێتە لای . گـووتی مـاوەیەکە . حـاکم گـووتی بـۆ ئەو قەزیەیەت هەڵبژارد ؟ ئانیا گووتی چونکە سـەرنجڕاکێش بوو . ئەمجارە ئانیا گومانی لە حاکم کرد لە بارەی ئەو هەموو پرسیارە ، گووتی بەڕێز حاکم عبدلرەحمان دەکرێ بـزانم بـۆ ئەوەنـدە بە پەرۆشـی ، شـتێک هەیە ئـێمە نەیـزانین ؟ حـاکم

شڵەژا لەگەڵ ئەم قسەیە گووتی نا ، من هەر لەبەر تۆمە ، چونکە هەرنا کچی یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانمی ، تۆ نازانی مەنسوڕی بازرگانم چەند خۆشدەوێ . ئانیاش گووتی ڕەنگە زۆر خۆشتبوێ بەڵام بە دڵنیاییەوە بە قەد کچەکەی نا .
ئێمە دەبێ خۆشەویستی پیشەکانمان لەگەڵ ئەو جۆرە خۆشەویستیانە لێک جیابکەینەوە . حاکم لەمەیان هەستی بەدۆڕان کرد ، گووتی کچم مەبەستم ئەوە نەبوو. ئانیا گووتی بەهەرحاڵ بەو هیوایەم بە ووردەکاریەوە بڕیار بدەی لەسەر ئەردەشێر . ئینجا ئیزنی لە دادوەر خواست و چووە دەرەوە .
تەواو گومانی کەوتە سەر حاکم عبدلرەحمان ، ئەگەرچی هاوڕێی نزیکی باوکیشی بوو . دەشیویست تا زووە لەسەر زاری ئەردەشێرەوە بزانێ ڕووداوەکەی مەیسەری لەشفرۆش چۆن بووە . هەرچەندە ئەردەشێر تا ئەو کاتە هیچ قسەیەکی لەبارەی ئەو ڕووداوە بۆ دادگا و دادوەر نەکردبوو . تەنیا ئەوەندە نەبێ هەر لە سەرەتاوە کاتێک دادوەر لێی پرسی بوو ئەو ڕووداوە چۆن بوو ، ئەو لە وەڵامدا گووتبووی ئەگەر لە شوێنی من کوڕی سەرۆکی وڵات کارێکی وای بکردبا دەتوانی ڕایکێشیە دادگا و دادگایی بکەی ؟ کە حاکم وەڵامی نەدابۆوە ، ئەویش بەهەمانشێوە بێ دەنگ ببوو. ئانیا کە چووە مەمەڕەکە ئەردەشێری بینی دەست و پێی کەلەپچە و زنجیر کراوەتەوە و چەند پۆلیسێکیش لەم لاو لەولای ڕاوەستاون . لەلایەکەی تری مەمەڕەکەش بینی مەلاکان و ئەو خەڵکەی لەگەڵیان هاتبوون ، لێک کۆببوونەوە و بە پستە پست قسەیان بۆ یەک

دەکرد . ئانیا سەیری هەرلایەکی دەکرد ناشیرینیەکی دەبینی. بەڵام نەشدەکرا بڕوا ، دواتر بچێتە کوێ ؟ لێرە ڕێک ئەو قسەیەی باپیری ئەردەشێری بەبیرهاتەوە کە لەلای تەندووڕەکان بە ژنە ڕەشتاڵە عەرەبەکەی ناوی هند بوو گووت ئەگەر بمتوانیبا بتبەمە سەر هەسارەیەکی تر دەمبردی. ئینجا زانی ئەو پیاوەش ڕۆژێک لە ڕۆژان تەواو بێزاربووە لە کردەوەکانی مرۆڤ ، بۆیە بیری لە ڕۆیشتن بۆ سەر هەسارەیەکی تر کردۆتەوە . ئەردەشێر لە دووڕا سەیرێکی ئانیای کرد ، ئانیاش بە نەرمی چاوەکانی چوقاند ، بەو مانایەی غەمت نەبێ هەمووشتێک باش دەبێ . ئینجا دوای نیو کاتژمێرێک جەڕەسی بەردەرگاکەی دادەر لێیداوە و پۆلیسەکەی بەردەرگا بانگی ئەردەشێر و مەلاکان و خەڵکەکەی کرد ، هەموو چوونەوە شوێنی خۆیان ، ئانیاش لە پێشەوە بە جلی پاریزەریەکەی لەلایەک ڕاوەستا . دادەر گووتی دوای ئەوەی گوێمان لە هەردوولا گرت ، تاوانبار و دەستەی مەلاکان ، گەیشتینە بڕیاردان . ئینجا لەگەڵ ئەم قسەیە چەکوشەکەی سێجار بە مێزەکەدا کێشا ، کە ناوی بڕیاری هێنا هەموو ئەو کەسانەی لە ژوورەوە بوون هەڵستانەوە سەر پێ ، دادەر دریژەی بە قسەکانی داو گووتی دادگا هەر سەرەر بووە و هەر بەسەرەریش دەمێنێتەوە ، هەموو وڵاتێک پێویستە یاسای هەبێ ، بۆئەوەی هەرکەس هەڵنەستێ بە کەیفی خۆی دەستدرێژی بکاتە سەر دەوروبەر و خەڵک ئازاربدا و ئاسایش بشێوێنێ. دادگا هەڵستا

بە سزادانی بەڕێز ئەردەشێر بەهۆی خواردنەوەی زۆری کحول بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ . چونکە هەر ئەو خواردنەوە زۆرە وای لێ کردووە بچێتە ناو مزگەوت و گۆرانی بڵێت و پیرۆزی ئەم شوێنە ببەزێنێ . ئینجا فایلەکەی پێشی داخست و چاویلکەکەی لە چاو کردەوە و چاوەکانی بە کلێنکسێک سڕیەوە . لەپڕ یەکێک لەو پیاوانەی لەگەڵ مەلاکان هاتبووە ژووری ، گووتی بەڕێز دادوەر چۆن دەکرێ پیاوێک تەنیا چواردە ڕۆژ حوکم بکرێ لەسەر ئەو هەموو شتە . دادوەر گووتی مەبەستت چیە ئەو هەموو شتە ؟ ئەویش گووتی ئاخەر ئەو پیاوە مەیتی ژنێکی لەسەر شان بووە . حاکم پێکەنی گووتی کوڕم ئەو قەزیەیە جیاوازە ، ئەو دادگاییەی ئەمڕۆ تەنیا لەسەر داوای ئێوە بوو ، کاتێک ئەردەشێر چۆتە ناو مزگەوت و مەی خواردۆتەوە . قەزیەی تاوانەکە خۆی هێشتا یەک لایی نەبۆتەوە و ماوە . دواتر ئێوە چ ئیشتان بەمەیە خۆ لە سەرەتاوە بۆ ئەوە نەهاتبوون ، کەچی لەئەسڵدا دەبوا بۆ ئەمە و کوشتنی ئەو ژنە ئەو هەرا و هۆریایەتان بنابایەوە . مەلایەک لە ناومەلاکان لە شوێنەکەی خۆی ، خۆی پێ نەگیرا ، وەک ناڕازی بوونێک بەبنی لێوەوە گووتی ئەدی لەسەر داوێن پیسێک بهاتبایە سەر شەقام و ناڕازیمان دەربببڕیبا ، تا یاسا و مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی ژنان هەڵستن بزانن بۆ کوژراوە ، ئاخەر ئەگەر حوکمی ووڵات حوکمێکی ئیسلامی با ، دەبوا زووتر ڕجم بکرێ تا مردن نەک

لەسەری بێینە جواب ، کە تەنانەت بە مردوویش مافّی خوای پیس کرد ، هەی بەر نەفرەتی خوا کەوێ .

****

دوای بڕیارەکە پۆلیسەکان ئەردەشێریان کەلەپچە و زنجیرکردەوە و بەگەرخۆیاندا بیبەنەوە ناو ئەو ئۆتۆمبێلەی خۆی و چەند زیندانیەکی تریان پێ هێنابووە دادگا . ئانیا لەبەر دەرگای ژووری دادوەرڕا سەیری دەکرد ،ئەردەشێریش پشتی کەوتبووە ئانیا ، نەیدەزانی سەیری دەکات . لەپڕ ئانیا خۆی پێنەگیراو غاریدا ، دەنگی پێڵاوەکانی ناو دادگای پڕ لە تەقە تەق کرد ، هەموو پۆلیسەکان ئاوڕیان دایەوە . ئانیا کە گەیشتە لایان گووتی ببوورن ، شتێکم لە بیرچووە دەربارەی دادگایی کردنی داهاتوو دەبێ بە بەڕێز ئەردەشێری بڵێم ئەگەر دەرفەتمان پێبدەن . پۆلیسەکانیش تۆزێک لە ئەردەشێر دوورکەوتنەوە و گووتیان فەرموو.ئانیاش تەواو لە ئەردەشێر نزیک بۆوە ، گووتی چ شتێک هەیە تۆ دەیشاریتەوە دەربارەی کوشتنی مەیسەر پێم بڵێ ؟ ئەردەشێر گووتی هیچ شتێک ، دادگا وەڵامی منی نەداوەتەوە ، منیش وەڵامی ئەوان نادەمەوە هەر ئەوەندە ، دەنا ڕۆژێک خۆم هەموویت بۆ دەگێڕمەوە ، وەک چۆن بەڵێنم پێ دابووی . چونکە ئەگەر من دڵنیا نەبم ، دادگا سەربەخۆیە و یاساش سەروەرە قسەی بۆ ناکەم ، بەتایبەتی دەربارەی ئەو قەزیەیە . خۆشت دەزانی دادگای

سەربەخۆ و یاسای سەروەریش ئەو یاسا و دادگایەیە دەبێ نەک هەر بتوانێ گوێی کوڕی سەرۆکی وڵات بگرێ و ڕایبکێشەتە دادگا،بەڵکو دەبێ بتوانێ گوێی سەرۆکی ووڵاتیش بگرێ و دادگایی بکات . ئاخەر ناکرێ ئێمە دان بە یاسایەک دابنێین بۆ بێ هێزەکان ئاسن و پۆڵا بێ و بۆ بەرپرس و سەرۆک و کاربەدەستەکانیش قوڕی دەستکرد ، چۆنیان بوێ وا بیشێلن و بە دڵی خۆیان یاری پێبکەن، ئانیا گووتی قسەکانت ڕاستە ، من گومان لە هیچیان ناکەم ، بەڵام ئەو شەڕە گەورە بۆ دەکەی ؟ لە کاتێکدا تۆ خۆت لە ژێر چەپۆکی ئەو یاسا و دادگایە دای؟ ئاخەر دەترسم شتێکت بەسەر بێنن. ئەردەشێر گووتی ئانیا واز لە ترس بێنە ، ژیان تاسەر بە لەرزە لەرز و نابێ نابێ ناچێتە سەر ، هەر لە سەرەتاوە ترس کێشەکانی بەم دۆخە گەیاندووە . ئانیا گووتی ئەوەش دەزانم بڕوا بکە . بەڵام من هیچ حەزم لەو جۆرە ژیانە نیە ، ئەوەی ڕاستی بێ حەزم لە ژیانێکە پڕبێ لە چیڕۆک و شیعر و مۆسیقا ، پڕبێ لە هەور و گەڵاو و بۆنی شنە . دەزانی کاتێک کە ئەو بەسەرهاتانەی باپیرت و ئاغاکان و داپیرت و گوڵەنارت بۆ گێڕامەوە چەندم چێژ بینی . ئەردەشێر گووتی منیش نەفرەت لەو جۆرە ژیانە دەکەم ، منیش حەزم لەو شتانەیە تۆ دەیانڵێی ، بەڵام ئەگەر دوای بەندکردنیش وازت لێ نەهێنن چیدەکەی ؟ دەنا من لەمێژە وازم لەو هەموو پیسی و پۆخڵیە هێناوە ، کە مرۆڤەکان دروستیان کردووە . ئانیا بێ دەنگ بوو ، ئینجا ئەردەشێر دریژەی بە قسەکانی دایەوە

و گووتی هەموویان تووڕدە ، نەفرەت لە یاسا و لە ئایین و لە مەلا و لە دادگا و لە دادوەر و لە هەرچی بەرپرس و کەسانی سیاسی دونیاش هەیە بێ . ڕۆژی دووشەممە وەرە مەهاجە چاوەڕێتم ، دەچینەوە ناو دونیا جوانەکەی خۆمان. ئانیا لەگەڵ ئەم قسەیە خەندەیەکی کرد گووتی ئەدی بەندکردنەکەت چی؟ ئەردەشێر گووتی واز لە بەندکردن بێنە ، ئەوان ئەگەر بۆ هەتاهەتاییش لەو زیندانە بمهێڵنەوە ، هەر توانیوێتیان جەستەم بەند بکەن ، نەوەک ڕووحم . بڕۆ ئەو بەرگی پاریزەریەش دابنێ با بەمشێوەیە نەتبینم تۆ وەکو خۆت جوانی ، ئانیا بە گاڵتەوە گووتی بەڕاست ، بەڵام چۆن وا قسەدەکەی ؟ من پاریزەری تۆم دیارە ئەوە نازانی ؟ ئەردەشێر پێکەنی گووتی ببووڕە لە بیرم چوو بوو . ئانیا گووتی جا شتێکی سەیرتر ، دەزانی ئەو بەرگەش هی خۆم نیە ، ئەردەشێر گووتی ئەدی هی کێیە؟ ئانیا گووتی لە پیاوێکم وەرگرت بەر لە دادگاییەکە؟ ئەردەشێر گووتی ئەها ئەوە بۆیێ گەورەتر دیاربوو لە قەبارەی خۆت ، دەنا دەمزانی تۆ جلی ناڕێک ناپۆشی . ئانیا گووتی واز لە قەبارەکەی بێنە بۆنەکەی وەختە بمکوژێ . جا دەشی گووت بمکە شەریک ، وای دەزانی من بە پارە پاریزەری تۆم . ئەردەشێر گووتی دەزانی ئانیا من پاریزەرەکانم وەکو کەمتیار دێنە بەرچاو ، لە کەلاکێک دەگەڕێن پارچەیەک گۆشتی بۆگەنی لێ لێبکەنەوە . کە کەس و کاری زیندانیەک دەبینن نالێن هەبوونە ، نەبوونە یان لێقەوماوە ، هەموو چرقە چرقی ددانیان دێ و بەدەروریدا

دەخولێنەوە . ئانیا و ئەردەشێر دووبارە خۆیان لە بیر کرد لەناو دادگا ڕاوەستانە و قسە بۆ یەک دەکەن . لە ناکاو یەکێک لە پۆلیسەکان لێیان نزیک بۆوە و بە ئانیای گووت بەڕێز کات دڕەنگە ، ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە زیندان . ئانیا گووتی ئۆو ببوورن . ئینجا ڕووی کردە ئەردەشێر و گووتی دووشەممە یەک دەبینینەوە . هێشتا ئانیا دەیویست زیاتر قسە بکات لەبارەی دووشەممەی دابێ ، پۆلیسەکان ئەردەشێریان بەپێشە خۆیان داو بردیانە دەرەوەی مەمەڕەکە ، دواتر سواری هەمان ئۆتۆمبێلیان کردەوە و بەڕێکەوتن بەرەو زیندان .
ئانیاش لەناو مەمەڕە درێژەکەی دادگا دەستی بە گەڕان کرد بۆئەوەی جلی پارێزەریەکەی وەریگرتبوو ، بیداتەوە خاوەنەکەی. لەپڕ یەکێک لە دواوە بانگی کرد بە بەڕێز بەڕێز، ئانیا کە ئاوڕی دایەوە بینی ڕێک ئەو کەسەیە بەدوایدا دەگەڕا. ئینجا کە لێک نزیک کەوتنەوە ئانیا بە سوپاسەوە جلی پارێزەریەکەی بە پیاوەکە داوە . پیاوەکەش کارتێکی پارێزەری خۆی پێدا ، ئەوەندەشی گووت من لێرەم هەر چیت ویست . ئانیا دووبارە گووتی سوپاس . ئینجا دادگای بەجێهێشت و گەڕاوە ماڵ .

سی و یەک

بۆ ئێوارەکەی دوای ئەوەی دونیا تەواو تاریک داهات ، ئانیا لەگەڵ دایک و باوکی لە دیار تەلەفیزیۆن دانیشتبوو ، لە ناکاو جەڕەسی ماڵەوە لێیدا ، مەنسوورِی بازرگان گووتی ڕەنگە حاکم عبدلرەحمان بێ ، چونکە ئەمڕۆ تەلەفۆنی بۆ کردم گووتی ئێوارە دێمە لات، کارێکم پێتە . ئانیا بەم قسەیە شلەژا، وەکو ئەوەی بیەوێ بە خۆی شتێک بڵێ ، بەرلەوەی باوکی لە زاری حاکمەوە بزانێ ، گووتی ئەمڕۆ لە دادگا ببینیم .مەنسوورِ بەسەرسامیەوە گووتی دادگا ؟ ئانیا گووتی بەڵێ لە دادگا ، چونکە بوویمە پارێزەری کەسێک قەزیەکەی لەلای حاکم عبدلرەحمانە . مەنسوورِ گووتی بۆ تۆ وازت لە پارێزەری نەهێنابوو ؟ ئانیا گووتی بەڵێ ، بەڵام هاورِێیەکم داوای لێکردم

ئەو قەزیەیە بگرمە ئەستۆ ، نەمتوانی ڕەتی بکەمەوە . ئانیا و باوکی لەو قسانە بوون دووبارە جەڕەسەکە لێیداوە . دایکی ئانیا بە پەلە لە شوێنەکەی هەڵستایەوە و گووتی جارێ کەی وەختی گفتوگۆیە ئاخەر ئەو پیاوە وا لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە. بەناچاری بە خۆی چوو دەرگای حەوشەی کردەوە . حاکم عبدلرەحمان بە فەرموو فەرموو بە ژووری کەوت . دیاربوو عەلاگەیەکی ڕەشیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو . مەنسوور لێی چووە پێش و بە دۆقەیەک ئەملاو ئەولای یەکتریان ماچ کرد ، مەنسوور گووتی ئەو عەلاگەیە هەبێ و نەبێ شەڕابە لەگەڵ خۆت هێناوتە ، حاکم پێکەنی گووتی ئەدی پێشتر گووتراوە یان فێرکەران فێرمەکە ، یان کە فێرت کردن بێ بەشیان مەکە. ئەوە شەڕابی هەنارە ، ئەوەی چەند جارە لەگەڵ خۆم دەهێنا . پاشان حاکم ڕووی کردە ئانیا و چاک و چۆنی لەگەڵ ئەویش کرد ، ئینجا بە دایکیشی گووت کچێ ئەو مەنسووڕە زۆر بێ وەفا و سپڵەیە ، تۆ قەت بینیوتە جارێک بڵێ با سەردانی ئەو هاوڕێیەم بکەم . باشە ئەوە ئەو وانااڵێ ئەدی تۆ بۆ ڕۆژێک نایهێنی ؟ دایکی ئانیا گووتی بیهێنمە کوێ ؟ ئەو ئەگەر خۆی حەزی لە شوێنێک بێ دەچێ و حەزیشی لێ نەبێ دار و بەرد بەسەریەکدا بکەوێ نایەتە دەرێ لە ماڵێ . وەاڵ بیست ساڵیش دەبێ بەیەکەوە نەچووینە شوێنێک . مەنسوور کە هەستی کرد خەریکە هاوژینەکەی دەست بە گلەییان دەکات ، گووتی حاکم بابچینە ژووڕە تایبەتەکەم لەوێ کورەی دارەکە دادەگیرسێنین و بۆ خۆمان بە ئیسراحەت دادەنیشین ، تاقەتی ئەو وردە

گلەییانەم نیە . مەنسووڕی بازرگان و حاکم عبدلرەحمان بەیەکەوە چوونە ئەو ژوورەی کورەی ئاگرکردنەوەکەی لێ بوو . مەنسووڕ زوو چەند پارچە داریکی خەستە ناو کورەکەو ئاگری تێبەردا ، هەندەی نەبرد قرچ و هۆڕی دارەکان دەستی پێکرد ، دایکی ئانیاش هەرزوو وەک هەمیشە فێربببوو سێنیەکی پڕ لە چەرەزات و پەنیری قاشکراو و سێوی لە ماینوز هەڵندراو و دووگڵازی ملباریکی بۆیان بردە ژوورەوە . مەنسووڕ و حاکم لە نزیک کورەکە لەسەر دوو کورسی و مێزێک دانیشتن ، حاکم بە دەم تێکردنی شەڕابەکەوە گووتی هاوڕێ مەنسووڕ لەبیرتە باسی کوڕێکم بۆ کردی ماوەیەک بەر لە ئێستا گووتم مەلاکان لە دژی گرد بووینەوە ؟مەنسووڕ گووتی بەڵێ ئەو کوڕەی مەیتی ژنەکەی بردبووە ناو مزگەوت . حاکم گووتی ئافەرین ڕێک ئەو کەسە. مەنسووڕ ئەوەندەشی زیاد کرد لە قسەکانی گووتی وابزانم ناویشی ئەردەشێر بوو . حاکم گووتی بەڵێ . مەنسووڕ گووتی باشە بۆ باسی ئەو پیاوەت کرد لەو وەختە ؟ حاکم عبدلرەحمان گووتی ئەمڕۆ دادگاییەکەی بەڕێوە چوو ، لەبەر ئانیا باسم کرد . مەنسووڕ گووتی باشە ئانیا چ پەیوەندی بەم قەزیەوە هەیە ؟ حاکم گووتی با پەیوەندی هەیە ، زانیم بێ ئاگای ، خۆشم هەر بۆ ئەوە هاتووم ، ئانیا بۆتە پاریزەری ئەم کورە . مەنسووڕ چاوەکانی زەق هەڵگەڕا ، گووتی چۆن ؟ حاکم گووتی لەو بپرسە ، چەند جارێکیش چۆتە لای لە زیندان . مەنسووڕ گووتی کەمێک پێش ئێستا ئانیا گووتی

هاوڕێیەکم داوای لێکردم ببمە پارێزەر ، دەنا ئەو وازی لە پارێزەری هێنابوو ، بەڵام نەمزانی قەزیەی ئەم کوڕەی لە ئەستۆ گرتووە . حاکم لەوکاتە پێکەکەی بڵند کرد، مەنسووڕیش دەستی دا پێکەکەی خۆی و لە بڵندی پێکەکانیان لێک دا ، ئینجا فڕیان کرد ، حاکم گڵازەکەی لە پێشەخۆی داناوەو گووتی ئەوەی ڕاستی بێ کێشەنیە بۆتە پارێزەر ، کێشە ئەوەیە چوونی ئانیا بۆ زیندان باش نیە ، چونکە مام تاوێر لەوێیە ، هەرچەندە ئەو قەزیەیە کەس پێ نازانێ و کۆن بووە ، بەڵام ئەوەی ڕاستیش بێ ماوە . دەترسێم زیندانیەکان قسەیان بۆ یەک کردبێ و گەیشتبێتە ئەردەشێر ، ئەویش بۆ ئانیای بگێڕێتەوە. مەنسووڕ گووتی ئێ باشە کێ دەزانێ سیاوەش کێیە ؟ خۆ مام تاوێر نازانێ من ناوەکەی خۆمم گۆڕیوە . حاکم گووتی نا ، بە دڵنیاییەوە کەس نازانێ ، بەڵام هەر ویستم ئاگادارت بکەمەوە . دواتر شتێکی تریش لە گۆڕێ هەیە دەمەوێ بیزانی ، قەزیەی ئەردەشێر تۆزێک خەتەرە ، لە سەروی دادگاوە ئاگادار کراومەتەوە بە هیچ جۆرێک دادگای ئەم کەسە نەکەم ، لەسەر مەیتی مەیسەری لەشفرۆش ، تا ئاگادار دەکرێمەوە ، هەرچەندە ئەو کوڕە بە خۆشی هیچ قسەیەک بۆ دادگا ناکات. خۆم ناتوانم ئەوە بە ئانیا بڵێم چونکە بڵێ و نەڵێی ئەو پارێزەرە نابێ ئەوە بزانێ، بەڵام ئەگەر دەکرێ بەڕێیەک لە ڕێیەکان خۆتی لێ نزیک بکەوە و تێی بگەینە ، با واز لە پارێزەری بێنێ . مەنسووڕ لەگەڵ حاکم عبدلرەحمان باش یەکیان دەناسی ، هەر ئەو حاکمەش بوو

ناوەکەی بۆ گۆڕی بوو ، هەر ئەو حاکمەش بوو ، مام تاوێری سزا دابوو بە واستە ، بە پیلانی ئەو بەرپرسەی گۆڕە مۆمیاکراوەکانی فرۆشتبووە ئێران . گووتی مام ڕێوی چ پیلانێکی تر لە گۆڕێ هەیە وا دەیهێنی و دەیبەی . حاکم گووتی هیچ تەنیا دەمەوێ پیلانە کۆنەکان ئاشکرا نەبێ هەر ئەوەندە. ئەو قسەیەی کۆتایی جەرگی مەنسووڕی خستە ژان. حاکمیش دەیزانی بۆ لەوکاتە ئەم قسەیە دەکات . مەنسوور هەمیشە هەستی دەکرد بە دەست نهێنیەکەوە کۆیلەیە ، نهێنیەک جیا لە خۆی چەند کەسێکی تر هەن لەژیاندا دەیزانن، بۆیە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بەسەر گەرمیەوە گووتی حاکمی هاوڕێم بەڕاستی ئەوی خراپەیەک بکات بە هەموو تەمەنی خۆی دەبێ پێیوە بنااڵێ و لە دۆزەخ بژی ، ئەوەی چاکەیەکیش بکات ، بە هەموو تەمەنی خۆی لەبەری دەحەسێتەوە و دەچێتە بەهەشت . ئەوەیە حیکمەتی چاکە و ناپەسەندی خراپە . دەنا شتێکی تر نیە ، پڕۆسەی چوونە بەهەشت و دۆزەخیش هەر لێرەوە بەڕێوە دەچێ لەم دونیایە، نەوەک لە شوێنێکی تر . حاکم پێکەنی گووتی تۆ سەری خۆت ئەگەر واز لەو قسە بێ واتایانە نەهێنی . من حاکمم ڕۆژانە هەزار قەزیەم دێتە بەردەستی ، شتێکت پێ دەڵێم لەبیری مەکە ، خۆی ئەوەی مرۆڤ دەنێرێتە دۆزەخ بێ پارەییە ، ئەوەی باوک لە باوکایەتی دەخات بێ پارەییە ، ئەوەی عاشق لە بەرچاوی مەعشوقەکەی ڕەزا قوڕس دەکات بێ پارەییە ، ئەوەی ژن و مێرد لێک جیادەکاتەوە دیسان بێ پارەییە .

هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەوەی مرۆڤ دەکاتە باشترین باوک پارەیە ، ئەوەی مرۆڤ دەکاتە سەرکەوتوترین عاشق پارەیە ، ئەوەی مرۆڤ دەکاتە خۆشەویستترین مێرد دیسان پارەیە . کوڕە تەنانەت ئەوەی مرۆڤ دەکاتە گەورەترین چاکە کاریش لە گەڕەک هەر پارەیە ئەوە چی دەڵێی تۆ ؟ چما لە پیاوی گیرفان بەتاڵ ناپەسەند و ناشیرینتر هەیە ؟ مەنسوور گووتی نیە دەزانم خۆم بەمشێوەیە ژیاوم کە باسی دەکەی ، ئاخەر هەر ئەو دۆزەخەش بوو پاڵی پێوەنام پشت لە مام تاوێر بکەم ، لە پێناو گەیشتن بە چونە بەهەشت ، دەنا بە تەمای کرێکاری و ئیشی ڕۆژانە با ، تا دونیا ماوە بەوەی ئێستا پێی گەیشتووم نەدەگەیشتم .

****

لەوکاتەی مەنسوور و حاکم عبدلرەحمان بە یەکەوە چوونە ژوورەوە و دەرگایان لەسەرخۆیان داخست ، ئانیاش چۆوە ژوورەکەی و دەفتەرەکەی دەرهێنا ، لە کۆێ دوادێری ڕۆمانەکەی بەجێهێشتبوو ، لەوێ دەستی بە نوسین کردەوە . دەم نا دەمیش فکری بۆ لای دانیشتنەکەی مەنسووڕی باوکی و حاکم عبدلرەحمان دەچوو . بەڵام ئەو لەیەک شت بێ باک بوو ، ئەویش ئەوەبوو بە ڕسمی پارێزەر بوو ، بە کەیفی خۆشی بوو چ قەزیەیەک هەڵدەبژێرێ و چ قەزیەیەکیش هەڵنابژێرێ. هەروەها تەواو گیرۆدەی ئەو دونیایەش ببوو کە لەگەڵ ئەردەشێر بۆ خۆیان دروستیان کردبوو ، هەموو ئەو

پارەو پول و ئۆتۆمبێل و تەنانەت جوانترین خانوو لە شاریش هەندەی ناسینی ئەردەشێر و دەستکردن بە نوسینی ئەم ڕۆمانە بەختەوەری نەکردبوو . بەڵام دەشیزانی جیا لە هەموو ئەو شتانە شەڕێکی تری لە پێشە لەگەڵ باوکی دوای ڕۆیشتنی حاکم عبدلرەحمان ، چونکە لە کۆتاییەکەی ئەو هەر چ بێ منداڵی ئەو باوکەیە ، یان دەبێ پەیوەندیەکەیان بە یەکجاری تێک بدات و بڵێ تەواو من گەورەبوومە و بە کەیفی خۆمە چۆن هەڵسوکەوت دەکەم و دەژیم ، یانیش دەبێ پابەندی هەندێک لە قسەکانی باوکی بێ . لەوکاتەی ئانیا خەریکی نوسین بوو ، مەنسوورِی بازرگان و حاکم عبدلرەحمان شەڕابیان دەخواردنەوە لە دیار کورەیەکی پڕ لە ئاگر و پۆلی، لە زیندانیش ئەردەشێر و مام تاوێر دانیشتبوون، ئەردەشێر باسی دادگاییەکەی بۆ مام تاوێر دەگێڕایەوە . لەم لاو لەولاشیان چەند زیندانیەک دەبیندران دەست لە ژێر چەنەگە ، چەند پۆلیسێکیش لە نوقتەی جیاجیا لە ناو تاریکی شەو نۆبەتیان گرتبوو چاوەڕێبوون کاتی چاودێریکردنیان کۆتایی پێ بێ ، دڵۆپ دڵۆپیش باران دەباری ، زیاتر لەبەر گڵۆپە بڵندەکان هەست پێ دەکرا. شوانەکەش لە بناری ئەو چیایەی گۆڕە مۆمیاکراوەکانی لێ بوو ، تفەنگەکەی بە شانی دادابوو بە لایتێکەوە بەدەوری سیمی کوتراوی مەڕ و ماڵاتەکەدا دەگەڕا ، نەوەک گورگ و گیانلەبەری درندە پەلاماری ئاژەڵەکانی بدەن . لە ماڵەوەش دایکی ئانیا لە مدبەغەکە خەریکی شووشتنی هەندێک قاپ و قاچاغ بوو .

هەرکەس بە جۆرێک بیری دەکردەوە و هەرکەس خەریکی خەون و خەیاڵێک بوو . کە ئەردەشێر لە زیندان لە گێڕانەوەی دادگاییەکە بۆوە ، مام تاوێر بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ مەنسوور و حاکم عبدلرەحمان بەیەکەوە دانیشتوون و باسی هەبوونی پارە دەکەن ، گووتی کوڕم لەلای هەموو خەڵک پارە بۆتە ئایین ، ئەوەش خەتەرترین قۆناغە لە قۆناغەکان . چونکە هەڵوێست ، شەڕەف ، مەعریفەت ، تەنانەت ئیمان و ویژدان و ئەخڵاقیش چ واتایەکی نامێنێ لەو حالەتە . نازانم بەسەرهاتی ئاترای شێتت گوێ لێبووە یان نا ؟ دەگێڕنەوە لە شارێک پیاوێک هەبووە بەناوی ئاترای شێت ، لەم شارە ئەو پیاوە زۆر زیرەک و هۆشیار بووە ، سەیری کردووە خەڵک تەنیا بیر لە پارە دەکەنەوە و ئاگاشیان لێ نیە ، دەچێتە ناو شار و قۆدیەک ڕەنگ لەگەڵ خۆی دەبا ، لەناو چەقی بازار هاوار دەکات و دەڵێ ، کاتی خۆی شێخ محێدین لە ناوەندی بازار لە ووڵاتی شام لەسەر گردێک ، بە خەڵکەکەی گووت" دینکم دینارکم وهو تحتی قدمینی "واتا ئاین لەلای ئێوە بۆتە پارە ، پارەش وا لە ژێر پێی من دایە . بەڵام خەڵک ناڕازیان دەربڕی و شێخ محێدینیان دادگایی کرد لەبەر ئەم قسەیە ، دادگاش شێخ محێدینی لە داردا ، بە تاوانی کفر . (کورد دەڵێ شێخ محێدین لە سەرە مەرگدا گووتوویەتی تا سین نێتە سەر شینی ، نایەتەجێ قسەی شێخ محێدینی . چونکە دەڵین ئەو حاکمەی دواتر دێتە سەر حوکم و لێکۆڵینەوە لەسەر بەسەرهاتەکەی شێخ دەکات ناوی سەعد بووە ، خۆی

پەندەکەش ئەو واتایە دەدات ، تا سین نێتە سەر شینی ، واتا تا سەعد ، سین مەبەستی لە سەعدە ، نێتە سەر شینی ، مەبەست لە شینیش وواڵتی شامە ، واتە سەر کورسی شام . نایەتەجێ قسەی شێخ محێدینی) ئینجا دوای چەندین ساڵ دادوەرێک بەناوی سەعد دێتە سەر حوکم و لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر شێخ محێدین و قسەکانی ، خەڵکی کۆدەکاتەوە و دەڵێ ئەو پیاوە لە کوێ ئەو قسەیەی کردوە ؟ خەڵکەکەش دادوەرەکە دەبەنە ئەو شوێنەی شێخ هاواری کردبوو ئایینی ئێوە بۆتە پارە ، پارەش وا لە ژێر پێی من دایە . ئینجا دادوەر بڕیاردەدا ئەو شوێنە هەڵدەنەوە . کە خەڵکەکە شوێنەکە هەڵدەدەنەوە ، دەبینن ژێر خاکەکە پڕە لە کوپە زێڕ . منیش ئێستا هەمان شت بە ئێوە دەڵێم ، جا بەو هیوایەم وەکو شێخ محێدین دادگاییم نەکەن و نەمکوژن ، ئینجا ئەویش هاوار دەکات و دەڵێ ئایین لەلای ئێوە بۆتە پارە ، پارەش وا لە ژێر پێی من دایە ، بەو ڕەنگەی لەگەڵ خۆی بردبوویە ناو شاریش بەدەوری خۆی دا بازنەیەک دەکێشێ ، چەند شەقاوێک دەچێتە ئەولاتریش دیسان بازنەیەکی تر دەکێشێ ، دواتر دەچێتە شوێنێکیتریش لە ناو بازاڕ و لەوێش بازنەیەک دەکێشێ ، پاشان شار بەجێدێڵێ و دەچێتە دەرەوە.بۆ بەیانیەکەی دەگەڕێتەوە ناو شار دەبینێ بەرپرسانی شارەکە چەندین کرێکاریان گرتووە و خەڵکیش هەموو کۆبووینەوە ، وا ئەو شوێنانەی ئەو بازنەی بەسەردا کێشاوە هەڵدەدەنەوە ، هەموو ناو بازاڕیان کردۆتە چاڵ و چۆڵ . پاشان کە هەموو

شوێنەکان دەپشکنن و هیچ کوپە زێڕێک نادۆزنەوە ، ئاترای شێت دەگرن ، پێی دەڵێن کوا زێڕ ؟ ئەویش دەڵێ من تەنیا گووتوومە ئێوە ئاییەنتان لەلا بۆتە پارە هەر ئەوەندە ، باسی زێڕم نەکردووە . خودی ئەو هەڵگۆڵینانەش بەڵگەن بۆ قسەکەم . سەیری خۆتان بکەن ئەگەر بەڕاستی ئاییەنتان لەلا نەبۆتە پارە ، ئەو هەموو بازاڕەتان بۆ هەڵگۆڵیوە بە قسەی شێتێک ؟ ئینجا پێدەکەنێ و دەڕوا .

سی و دوو

شـــەو تەواو درەنـــگ داهـــاتبوو ، حـــاکم عبـــدلرەحمان و مەنســـووڕی بازرگـــان ترپاتیـــان لە بنـــی بـــتڵە شـــەڕابەکە نەهێشتبۆوە ، حاکم لەو کاتە ســەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد و لە شوێنەکەی خۆی هەڵستا ، بە مەنسووڕی بازرگانی گووت هاوڕێ دەبێ برۆم بەو هیوایەم هەموو شتێ باش بێ ، مەنســووڕیش بە زمــانی گــران و تۆزێـک ڵاڵەوە کە لە هــی کەسێکی نیمچە سەرخۆش دەچوو گووتی کورە دەبا خراپ بێ چیە ؟ ئەوەندە دەهێنێ دونیا بە تڕەکەرەک ببەینە ســەر ؟ ئـاخەر نـاکرێ هەمـوو ڕۆژێ بمـرین لە بەرئەوەی جارێـک دەمـرین . حـاکم پێکەنـی گـووتی چـیە دەڵێی سەرخۆشـی ؟ مەنسووڕ گـووتی بڵێم چی ؟ زۆرنا ، بـەڵام ئەوەندەیە هـەست

بە بێ باکی دەکەم . حاکم گووتی کەوایە دوای من ڕاست بڕۆ بخەوە ، نەکەی بچی قسە لەگەڵ ئانیا بکەی بەم وەزعەوە ، ئەو لەوە زیرەکترە ئێمە دەیبینین . مەنسوورپیش کورسیەکەی بۆ دواوە کشاندەوە و لە شوێنەکەی خۆی هەڵستا ، گووتی کچی خۆمە مەگەر بە باوکی نەچوو بێ . حاکم کە گوێی لەو قسەیە بوو گووتی چ پێناچێ باش بی . مەنسوور گووتی نا برا هیچ کات لە ئێستا باشتر نەبوومە . حاکمیش گووتی ئێ منیش چیم دەوێ مەگەر هەر باشی تۆ نیە ؟ دەڵێن لە کوێریان پرسی چیت دەوێ ؟ گووتی دووچاوی ساغ . ئینجا حاکم عبدلرەحمان دەستی خستە ناو دەستی مەنسوور و تا بەر دەرگای حەوشە بەیەکەوە چوون ، کە گەیشتنە دەرەوە نەرم نەرم باران دەباری ، هەوای پاک بە هەموو لایەکدا بڵاو ببۆوە، دونیا تۆزێک ساردبوو. لەبەر دەرگا حاکم و مەنسوور دۆقەیەکی گەرمیان بەیەکەوە کردو ئەملا و ئەو لای یەکتریان ماچ کرد ، پاشان حاکم چووە ناو ئۆتۆمبێلەکەی و سلفێکی لێدا ، دواتر لایتەکانی پێکرد و هێدی هێدی کشاوە دواوە ، تا گەیشتە سەر شەقامەکە ، ئینجا هۆڕینێکی لێداو مەنسووڕی لەبەر دەرگا بەجێهێشت ، تا لە سەری کۆڵانەکەش سووڕاوە مەنسوور چاوی لەسەر ئۆتۆمبێلەکەی هەڵنەگرت ، بەگلایتەکانی بەم شەوە باراناویە سوور و گەورەتر دەهاتە بەرچاو . ئانیا لە ژوورەکەی کە هێشتا خەریکی نووسین بوو ، کە گوێی لە هۆڕینەکە و ڕۆیشتنی حاکم عبدلرەحمان بوو ، بە پەلە خۆی گەیاندە بەلەکۆنەکە ، لە بڵندیەوە سەیری

بەردەرگای کرد ، بینی باوکی وا دێتەوە حەوشە . باوکیشی کە دەرگاکەی پێوەدا، سەری بڵند کرد ڕاستەوخۆ ئانیای بینی، هەر لە حەوشەڕا گووتی چیە کچم دیارە هێشتا نەخەوتووی؟ ئانیا گووتی نا ، لە ژوورەکەم بووم ، بەڵام کە گوێم لە هۆڕینی ئۆتۆمبێلەکەی حاکم بوو هاتمە دەرەوە . مەنسوور بێ ئەوەی گوێ بداتە ئامۆژگاریەکەی حاکم کە پێی گووتبوو کاتێک ڕۆیشتم ڕاستەوخۆ بڕۆ بخەوە ، گووتی ئانیا ئەگەر تاقەتت هەیە وەرە خوارەوە با تۆزێک بەیەکەوە دانیشین . ئانیاش گووتی باشە هەر ئێستا ، ئینجا ئانیا چۆوە ژوورەکەی و دەفتەرەکەی داخست ، هەرخۆشی ماندووببوو لە نوسین ، خواخوای بوو بەهانەیەکی بێتە پێشێ و دەست هەڵبگرێ . ڕاستەوخۆ چووە ئەو ژوورەی حاکم و باوکی لێی دانیشتبوون ، بینی باوکی وا خەریکی گەشکردنەوەی ئاگری ناو کورەکەیە . سڵاوێکی لێکرد و لەسەر یەکێک لە کورسیەکان دانیشت ، بە چەنگاڵێک دوو سێ کوز لە سێوە قاشکراو و لە ماینوز هەڵێندراوەکەی خستە دەمی ، کە دەمێک بوو ماینوزەکە تامی تەواوی دابووە کوزە سێوەکان . باوکی هەر بەسەر چیچکانەوە ڕووی خۆی وەرگێڕاو چیلکێک داری بە دەستەوە بوو ، گووتی ئانیا کچم نازانم خەریکی چی ، بەڵام دەزانم گەورەبووی و بە تەواوەتی دەتوانی چاکە و خراپە لێک جیابکەیتەوە. ئانیاش بەدەم شت خواردنەوە گووتی بە دڵنیاییەوە. باوکی گووتی دەشزانم لە هەر شوێنێک ئەم دوانەت پێ لە یەک جیانەکرێتەوە دێی پرسم پێ دەکەی . ئانیا

گووتی بێ گومان. ئینجا مەنسوورِ سەری لەبەرە خۆی نایەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا ، تۆزێک بێ دەنگ بوو ، وەک ئەوەی باریکی گرانی لەسەر شان بێ . گووتی شەو درەنگە منیش خەوم دێ ، تۆش ئەگەر دەڕۆی برۆ بخەوە ، هەر حەزم کرد ئەوەندەت پێبڵێم. ئانیا گووتی دەڕۆم بەڵام پرسیارێک ، مەنسوورِ ڕاستەوخۆ سەری ڕاست کردەوە کە ئانیا وای گووت . مەنسوورِ گووتی چیە کچم ؟ ئانیا گووتی شتێک هەیە من نەیزانم ؟ مەنسوورِ گووتی نا ، بەڵام یەک داوام لێت هەیە، ئەگەر دەتەوێ نەمرم قەت لێم مەپرسە چۆن دەوڵەمەند بووی هەر ئەوەندە . مەنسوورِ کە ئەم قسەیەی کرد چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسک. ئانیا زانی شتێک هەیە بەڵام لەبەر دڵی باوکی هیچی نەگووت ، تەنیا بە سەرلەقاندن وەڵامی دایەوە باشە ئینجا هەردووکیان هەڵستان و چوونەوە ژوورەکانیان.

مەنسوورِ بینی دایکی ئانیا هێشتا تەلەفیزیۆنەکەی نەکوژاندۆتەوە و لە دیار خەوی لێ کەوتووە ، دیاربوو فلیمێکی ئەجنەبی لەسەر بوو . ئەو لەگەڵ ئەو سیفاتەی هاوسەرەکەی ڕاهاتبوو ، چونکە دەیزانی لە ژیاندا ماندوە و تا خەو لە شوێنێک پەلەواژی نەکاتەوە هەرگیز بە خۆی ڕاناکشێ بۆئەوەی بخەوێ . دەشیزانی تا ئەو کاتەی تەمەنیشی هیچ فلیمێکی تاسەر نەبینیبوو لەبەر خەوە کوتکە . ناچار کۆنترۆڵی تەلەفیزیۆنەکەی دەست کردێ و دوگمە سوورەکەی پێشەوەی داگرت ، تەلەفیزیۆنەکە کوژایەوە . دایکی ئانیاشی بەخەبەر هێنا بچێتە سەر جێگاکەی ، وەکو

زەمانی گەنجی تاقەتی ئەوەی نەمابوو بە باوەش بیبات . کە دایکی ئانیا بەخەبەر هات ، لەبەرەخۆی دەستی لەسەر ملی داناو گووتی " ئەی ملم ، ئەی ملم " هەست دەکەم ڕەق بووە. مەنسوور گووتی ئێ تۆ وابخەوی چۆن ملت ڕەق نابێ . دایکی ئانیا کە تۆزێک هاتەوە سەرخۆی و بینی تەلەفیزیۆنەکە کوژاوەتەوە گووتی فلیمەکە چی لێ هات ؟ مەنسوور بەگاڵتەوە گووتی هیچ ئەمجارە بەتەڵ فلیمەکە و مجریمەکە پێکهاتنەوە . دایکی ئانیا گووتی چۆن ، وایزانی بەڕاستیتی . مەنسوور گووتی بۆ نابێ ؟ ئاخەر پێم بڵێ هەتاکەی ئەمیان ئەویان بکوژێت و ئەویشیان ئەمیان بریندار بکات ، لەوەتەی دونیا هەیە سیناریۆیەکان هەروان ، بەس نیە ؟ بابیگۆڕین ، شێوەیەکی تر تاقی بکەینەوە . دایکی ئانیا هەر بەچاوی بەخەوەوە گووتی ئێ فلیمەکان چ تامێکیان دەمێنێ ئەوکات ؟ مەنسوور سەری سوڕما لەگەڵ ئەم قسەیە ، سەیری کرد چاوی داخرابوو ، گووتی ژنێ دڵنیانیم خەوتووی یان بە خەبەری بەڵام هەست دەکەم قسەکەت نزیکە لە ڕاستی . دواتر پاڵی دایەوەو هەربەخۆی گووتی لە ڕاستی نزیکی چیە؟ کێ دەڵێ کاتێک مجریمەکە و بەتەڵ فلیمەکە پێکنایەنەوە زۆر لە ئێستا بە چێشتر نابێ ؟

سی و سێ

دووشەممە ئانیا وەکو هەموو جارەکانی تر چۆوە سەردانی ئەردەشێر ، دووبارە لە هەمان شوێن و لەناو هەمان قەرەباڵغی و گۆڕەپان دانیشتنەوە ، دوای هەواڵ پرسین و چاک و چۆنی ئانیا بە ئەردەشێری گووت بێ ئەوەی کات بە فیڕۆدەین پێم خۆشە ڕاستەوخۆ بچیەوە سەر بەسەرهاتەکەی باپیرت ، بڕوابکە لە دووشەممەی ئەولاوە تا ئێستا هەر بیرم لای چیڕۆکەکەیە ، تا بزانم لە کۆتاییەکەی چ ڕوودەدا .
دەترسێم منیش بگەمە ئێرەی ڕۆمانەکەم و وەکو تۆ ڕابوەستم، هەموو کارئەکتەرەکانیش لەگەڵ خۆم لە کار بخەم. دەزانی نوسینی ڕۆمان و گێڕانەوەکانی کەسێک یەک شتە ؟ دەزانی هەموو جولەکان پەیوەندیان بە نوکی قەڵەمی نوسەر

و دەمـی کەسـەکەوە هەیە ، ئەو ڕابوەسـتێ چیـڕۆکەکەش ڕادەوەستێ ، کارئەکتەرەکانیش لە هەرکوێ بن ئەوانیش لەوێ ڕادەوەسـتن ، تـا ڕۆمانئوسـەکە قەڵەمەکەی دەجـوڵێنێتەوە ، ئینجا ئەوانیش دەکەونەوە جوڵە . ئەردەشـێر لەناکاو گووتی ئەرێ بەڕاست لەگەڵ ڕۆمانەکەت چۆنی ؟ ئانیا وەڵامی دایەوە زۆر باشم ، کارەکانم پوخت بەڕێوە دەچێ . سوودی زۆریشم لە چیڕۆکەکانی تۆ و ئامۆژگاریەکانی مام تاوێر و هەندێک بەسەرهاتی دایک و باوکم و قسـەکانی حاکم عبدلرەحمان و نـاو دادگـا وەرگرتـووە، ئەوانە هەمووێـان لە بـۆ کـارەکەم بوونەتە ژێرخانێکی باش . تۆ ئەگەر دەتەوێ زیـاتر کۆمەکم بکەی وەرەوە سەر چیڕۆکەکەی باپیرت . ئەردەشـێر گـووتی باشە من ئامادەم ، خۆ لەبیرتە لەکوێ بـووین . ئانیـا گـووتی بەڵێ ، لە پێش خیوەتی شێخەکەی عارەبان ، ئەوکاتەی باپیرت ژنە ڕەشـتاڵەکەی نـاوی "هنـد "بـوو ، لە لای تەنـدووڕەکان بەجێـدێڵێ و دەگەڕێـتەوە لای ئاغـا و وەرزێرەکـانی لەگەڵـی هاتبوون و هێشتا لە خەو هەڵنەستابوون . ئەردەشێر گـووتی ڕاستە ، کەواتە لەوێڕا گـوێ بگرە دوای ئەوەی بـاپیرم هنـد لەلای تەندووڕەکە بەجێدێڵێ ، دەچێ بانگی ئاغاکان دەکات و لە خەو هەڵیاندەسـتێنێ . لەو کـاتە شـێخەکەی عارەبـانیش لە دیوەخـانە بە خیـوەت دڕووسـتکراوەکەی دێـتە دەرەوە ، کە دەبینێ باپیرم بەر لەو بەخەبەر هاتووە ، لە قەلبی خۆش نابێ، دەڵێ چـۆنە وازوو هەڵسـتاوی ئەبـو نەسـڕ ؟ باپیریشـم پێـی دەڵێ هیچ ماریک بە ئاگای نەهێنام دەنا دەبوا زووتـر بە ئاگا

بهاتبام . شێخەکەش سەیری بەو قسەیەدێ ، دەڵێ مەبەستت چیە کە دەڵێی هیچ ماریێک بە ئاگای نەهێنام ؟ باپیریشم دەڵێ ئەوەی شارەزای فەلسەفەی زەردەشتیەت بێ لەوە دەگات ، شێخەکەش دەڵێ ئێ بۆ ئێمەش لەو مەبەستە ناگەینی .
باپیریشم دەڵێ بۆنا ، ئەگەر حەزبکەی . شێخەکەش ئامادەی گوێ گرتن دەبێ ، باپیریشم دەڵێ دەگێڕنەوە کاتێک زەردەشت بەدوای حەقیقەتەوە بووە ، لەناو دارستانێک بەهۆی کەم خەوی و هیچ نەخواردنەوە هیلاک دەبێ ، لە شوێنێک پشت بەداریک دەکات و خەو دەیباتەوە ، لەپڕ ماریێک لەناو ئەو پوش و پەراشەی لەسەر زەویەکە دەبێ ، پێیوە دەدا ، زەردەشت لە خەو لەگەڵ پێوەدانی مارەکە ڕادەپەڕێ ، کە سەری بڵند دەکات و دەبینێ ڕۆژ زۆری نەماوە ئاوابێ ، ڕوو لەمارەکە دەکات و دەڵێ سوپاس بە ئاگات هێنام کات درەنگە . جا لێرە ئەم چیڕۆکە زۆر واتا دەبەخشێ ، شێخەکەش دەڵێ چ واتایەک ؟ باپیریشم دەڵێ یەک ئەگەر دوژمن دەستی وەشاند سوپاسی بکە کە خۆی ئاشکرا کرد دۆست نیە . دوو لە هەمان کات ئاگاداربە کات درەنگە دەبێ بە خۆت بکەوی لە ئێستادا بێ دوژمن نی . سێ نابێ بخەوی لەوکاتانەی دەتەوێ بگەی بە خەونەکانت ، دەنا ڕۆژ بەسەرتدا ئاوادەبێ و کاتت بەدەستەوە نامێنێ ، تا ئیدی ... کە باپیرم لە قسەکانی دەبێتەوە شێخەکە دەڵێ ئەبونەسڕ بڕوا بکە لێت ناترسێم ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە ناو هەموو ئەو پیاوانەی لەگەڵت هاتوون ، تەنیا تۆ هی ئەوەی چاوت بخەمە سەر و

حیسابێکی تەرت بۆ بکەم . چونکە هەموو سیفاتێکی سوارچاکیت تێدایە . قسەزان قسەزانی ، نیشان شکێن نیشان شکێنی ، ئەسپ سوار ئەسپ سواری ، ئەوەی لەبارەی تۆش لە دوێنێوە بەرگوێم کەوتووە دەڵێن ماوەیەک لەم چیایانەش یاخی بووی ، هەروەها ئاسنگەریشی ، ئەوە بێجگەلەوەی ئەو بازەی هەتە شکۆدارتری کردووی ، جا خوا دەزانێ چیترت تێدایە ئێمە نازانین . باپیرم بێ دەنگ دەبێ ، دواتر دەڵێ یاشێخ ئەوی ڕاستی بێ ئێوەش باش خزمەتتان کردین ، وە لەگەڵیشمان ڕاستگۆ بوون . کە گووتیشی لەگەڵیشمان ڕاستگۆبوون شێخ تێگەیشت بۆ وادەڵێ ، چونکە ئەو لە دانیشتنەکەی ئێوارە پێی گووتن " ئێمە نەک ببینە پێغەمبەر ، بەڵکو ببینە خودی خواش هەر چاومان لە تاڵان و هەبوونی کەنیزەیە " وە پێشی گووتن ئەگەر ئێمەش هێرش نەکەین ، هەر هێرش دەکەن ، بۆ خۆتان فێری بەرگری بن ، ئەوەش واتای ئەوە بوو ئەوان وازناهێنن و دووبارە هێرش دەکەنەوە، بەڵام ئاغاکان ئەوەندە ئەحمەق بوون لەو جۆرە گفتوگۆیانە نەدەگەیشتن ، هەر بۆیەش شێخ بە قەد تۆزی بنی پێی ئەسپەکەی باپیرم چیە ، حیسابی بۆ نەدەکردن . هەروەها لەوکاتەی لە خۆئامادەکردن دادەبن بگەڕێنەوە ، یەکێک لە ئاغاکان بە باپیرم دەڵێ بۆ کوێ ؟ خۆهێشتا ئێمە قسەمان نەکردووە ، باپیریشم دەڵێ با ئێمە قسەمان کرد ، بەڵام ئێوە سەرخۆش بوون ئاگاتان لێ نەبوو . چونکە ناشیەوێ لە پێش شێخ و دار و دەستەکەی دەمە دەم بکەوێتە نێوانیان ، بە

کوردی پێی دەڵێ لە ڕێگا هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم ، با تێمان نەگەن . ئینجا ئەسپەکانیان زین دەکەنەوە و خۆیان ئامادە دەکەن بگەڕێنەوە ، باپیرم پێش ئەوەی بەڕێ بکەوێ دەڵێ یاشێخ دوێنێ کە ئێمەت بردە لای ئەسپەکانت یەکێکیان عاجز بوو ، ئەگەر تا ئێوارە چارەسەری نەکەی دەمرێ . شێخەکەش دەڵێ چۆن ؟ ئینجا دەشلەژێ و بە پەلە دەچێتە شوێنی ئەسپەکان ، دەبینێ بەڕاستی یەکێکیان عاجزە . چەند لەگەڵ پیاوەکانی بە دەوری دا دێن و دەچن هیچی لێ تێناگەن. ناچار دەگەڕێتەوە لای باپیرم و دەڵێ چارەسەری چیە؟ باپیریشم بەرلەوەی ئەوێ بەجێبێڵێ ، دەڵێ ئاسانە بەڵام پێویستە لەمەوبەدوا بەخۆت هەست بە ئێش و ئازاری ئەسپەکانت بکەی ، من ئەسپم خۆشدەوێ بۆیە دڵم نەهات وا بەجێبێڵم لە کاتێکدا دەزانم چیەتی و توانای چارە سەرکردنیشم هەیە ، دووبارە هەر لەبەر ئەو خۆشەویستیەی بۆ ئەسپیش هەمە ، دەمەوێ ئێوەش فێری ئەوە بکەم کە لەبارەی ئەسپ دەیزانم ، چونکە ئەسپ زۆر جار توشی ئەو حالەتە دێ . ئەو هەڵسووکەوتەی باپیرم بەر لەڕۆیشتن دیسان بۆ شێخ بە عەردی کەوتنێکی تر بوو ، هاوشێوەی وەڵام دانەوەی مانای چەفیە و عەگال ، لەوکاتەی ئەو دەیویست یاری بە کڵاو و جەمەدانی بکات ، هاوشێوەی پێکانی نیشانەکە و زوو لەخەوهەڵستان ، کە لە هەموویان باپیرم بەسەری دا زاڵ ببوو . ئینجا قۆڵی هەڵدەکات و بە یەکێک لە خزمەتکارەکان دەڵێ تەشتێک سابوورناوم بۆ

بگـــرنەوە . خزمەتکـــارەکەش بە پەلە تەشـــتێک ســـابووناو دەگـــرێتەوە . باپیریشـــم بە پـــارچە ســـۆندەیەک هەمـــوو ســابووناوەکە لە قـوونی ئەسـپەکە دەکـات ، ئینجـا بەرامـبەر کونی قوونی لادەکەوێت ، لەپڕ ئەسپەکە دەڕیخێنێ ، یەک بە کـونی قـوونی پیسـایی فـڕێ دەدات . پاشـان هەڵدەسـتێتەوە سـەرپێیان و هەر ئەودەم چـاک دەبێتەوە . شـێخەکەش بە سەرسامیەوە دەڵێتە باپیرم ئەمە چی بوو ، چۆن وات کـرد ؟ باپیریشم دەڵێ ئەسپ کاتێک جۆ زۆر دەخوات توشی قەبزی دێ ، ئەگەر زوو چارەســـەری نەکەی بە ســـابووناو ، ئەم قەبزیە لە جێوە دەیکوژێ . شـێخەکەش دەڵـێ باشـە لە کـوێ ئەمە فێربـووی ؟ دەزانـی تـا ئێسـتا چەنـدین ئەسـپمان هەر لەخۆڕا مردووە ؟ باپیریشم دەڵێ من کاتی خۆی ئەو زانیاریە و چەنـدین زانیـاریتر لە مەیتەرەکـانی مـاڵی بـابم فێربـووم لەبارەی ئەسپ . وا لە بیرمە جارێکیان تازە مووم لێدەهات ، بە دوای یەکێک لە مەیتەرەکانی ماڵی باوکمیان دا نارد گوایە ئەسـپێک لە ئەسـپەکانی نـاو گونـد شـێت بـووە هـیچ کەسـێک ناوێرێ بچێتە لای . منیش لەگەڵ مەیتەرەکە چووم ، لە ڕێگا بەرلەوەی بگەین مەیتەرەکە گووتی ئەسپ هەرگیز شێت نابێ ئەگەر لێی نەدرابێ ، یان خاوەنەکەی لێی بـێ ئاگا نەبـووبێ . کە گەیشـتینە ئەو شـوێنەی ئەسـپەکەی لـێ بـوو بینیمـان بەستراوەتەوە ، یەک بەدەنگی خۆی دەیحیلاند ، چاوی سوور هەڵگەڕابوو . مەیتەرەکە بەس تەماشای کرد ، گـووتی هیچی نـیە ، ئەوە ڕەنـگە بزمـاری نـارەکەی لەپـێ ڕاچـووبێتەوە

گەیشتبێتە زیندەی ئازاری بدا هەر ئەوەندە . خەڵکەکە کە گوێیان لەو قسەیە بوو خەریک بوو لێی تووڕەبن ، بەڵام ئەو گووتی دانبەخۆتان دابگرن ئێستا چاکی دەکەمەوە ، ئینجا بە بەرچاوی هەمووانەوە گوریسێکی کردە قرفانگە و بە بەینی هەردوو لاقی دا هاوێشتی ، لە لایەکەی تر گرتیەوە و سەری گوریسەکەی لە قرفانگەکە هەڵکێشا ، پاشان هێدی هێدی توندی کرد تا هەردوو لاقی ئەسپەکە گەیشتەوە یەکتری ، بەیەک ڕاکێشان ئەو ئەسپە گەورەی خستە سەر زەوی ، ئینجا دوو کەسی بانگ کرد سەری گوریسەکەی بەسینگێک لە زەوی بۆ ببەستنەوە ، پاشان هەردوو پێی پێشەوەشی بە هەمانشێوە بەستاوە ، ئینجا بە ئیسراحەت یەک یەک سەیری نارەکانی کرد تا گومانی کەوتە سەر یەکێکیان ، کە لێی کردەوە بینی لە ژێرەوە بزمارەک چۆتە ناو پێی ئەسپەکە، ئینجا هەڵستا بە گازێک لای پشتەوەی بزمارەکەی گرتوو ڕایکێشا دەرەوە ، هەر ئەوکاتیش سەر لە نوێ تۆزێک بە چەقۆ سمەکەی بۆ ڕنی و ناری کردەوە . پاشان بە هێمنی گوریسەکانی لەپێی داکەلاند و ئەسپەکە لە شوێنەکەی خۆی بەیەک تەکان هەڵستایەوە ، لەو دەوروبەرە بێ ئەوەی جارێکیش چیە بحیلێنێ بە زەوقەوە دەستی بە لەوەڕ کرد .

****

دوای چارەسەرکردنی ئەسپەکە، باپیرم و ئاغا و وەرزێرەکان، شێخ و دار و دەستەکەی بەجێدێڵن و دەگەڕێنەوە ، تا

لەچاویش ون دەبن ، " هند " ئەو ژنە ڕەشتاڵەی بە باپیرمی گـووت لەگەڵ خـۆت بمـبە ، بە نهێنـی لە پەنـا یەکێـک لە خیوەتەکان سەیریان دەکات . هەندە دوور ناکەونەوە لە پەنا کۆمەڵێک گردۆڵەی بچووک ، مێردمندالێک دێتە سەر ڕێیان ، بـاپیرم و ئەوانـیش کە چاویـان پێـدەکەوێت ڕادەوەسـتن ، مێردمندالەکە بە شڵەژاوی لەڕێی ئەو بازەی لەسـەر دەستی باپیرم دەبێ ، باپیرم دەناسێتەوە ، ڕاستەوخۆ ڕووی تێدەکات و دەڵێ "هند " منی ناردووە گووتی بەو سوارەی بازەکەی پێیە بڵێ لە ڕێگا ئاگاداری خۆیان بن شـێخ پیلانی داناوە هەرکە گەیشتنە کلکەی چیا ، کۆمەڵێک سواری پێش وەختە ناردووە لەناکاو لێتان بدەن و نەهـێڵن کەستان بە سـەلامەتی دەربچن . باپیرم کە گوێی لەو هەواڵە دەبێ ، لە ئەسپەکەی دێـتە خـوارێ سـەری مێردمنـدالەکە مـاچ دەکـات دەڵـێ بە " هیند " ڕابگەینە بە گیان قەرزداری ئەوم ، هەمیشەش دەرگام بـۆی والایە هەتـا لە ژیانـدا مـابم ، ئینجـا مێردمنـدالەکە دەنێرێتەوە . ئاغاکانیش ڕوو لە باپیرم دەکەن دەڵێن چیبکەین ئێستا ؟ باپیریشـم دەڵـێ ئێمەش کەمینیـان بـۆ دادەنێینـەوە ، ئاغاکانیش بە باپیرم دەڵێن چۆن، ئێ ئەوان وا لە کەمین دان ، باپیریشـم دەڵـێ خـۆی باشـیەکە لەوەدایە ، ئێمە دەزانـین بـێ گومـان بێـرەدا دەگەڕێـنەوە ، تـۆزێکی تـر دەچینـە پـێش ، تـا درەنگ خۆمان لەو کەندانە مات دەکەین ، ئەوان کە هەستیان کرد ئێمە لە کاتی خۆی نەگەیشتین ، واتێدەگەن ڕێمان گۆڕیوە و بە لایەکـی تـردا گەڕایـنەوە ، ئەوکـات ناچـارن کەمینـەکە

تێکبدەن و بگەڕێنەوە لای شێخ ، هەرکە گەڕانەوەش دەکەونە ناو ئەو کەمینەی ئیمە بۆمان داناون، ئەو کات لە هەموولایەک هەرچوار دەوریان دەگرین و چەکیان دەکەین ، بەمشێوەیەش سەردەکەوین بەسەر شێخ و پیلانەکەشی ، هەروەها دەبێتە ترسێکیش بۆئەوەی چیتر ئەوەندە بێ باکانە هێرشمان نەکەنە سەر. ئینجا باپیرم چۆن پیلانی دانابوو ، بەمشێوەیە هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون ، خۆیان لە پەنا بەرد و کۆندڕان مات دەکەن ، ئەسپەکانیشیان بۆئەوەی دیار نەبێ ، لەناو کەندێک لە کەندەکانی ئەو ئاقارە دەبەستنەوە . باپیریشم هەموویان ئاگادار دەکاتەوە دەڵێ تا من تەقە نەکەم کەس تەقە نەکا ، چونکە ئیمە نامانەوێ ئەگەر خۆیان ڕادەست بکەن بیانکوژین . تا بەرە بەری مەغریب هیچ هەست و خوستێک نابێ ، لەو کاتەی دونیا دەیەوێ تەواو تاریک دابێ ، باپیرم کە لەلای پێشەوە دەبێ ، لە دوورەوە دەبینێ کۆمەڵێک سوار وا خەریکە دەگەڕێنەوە ، ڕاستەوخۆ بە دەنگێکی کوندەبەبۆیانە کە وەکو نیشانەیەک لە نێوانیان دابوو ، هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە . سوارە عارەبەکانیش بێ ئەوەی ئاگایان لەو کەمینەبێ هێدی هێدی دێنە پێش ، تا تەواو نێزیک دەکەونەوە، لە پڕ باپیرم و دار و دەستەکەی لێیان دەردێن و ڕادەکێشنە چەکەکانیان ، پێیان دەڵێن دەست بۆ تفەنگەکانتان ببەن دەتانکوژین ، سوارە عارەبەکانییش دووسێیەکیان بێ ئەوەی هێشتا هیچ تەقەیەک کرابێ ، لەسەر ئەسپەکانیان بەردەبنەوە ، لەگەڵ ڕەوینەوەی ئەسپەکان لەو ڕاکێش ڕاکێش و هاتنە

دەرەوە لەناکاوە . ئینجا عارەبەکان هەموویان دەستیان بڵند دەکەن و دەپارێنەوە لەبەر باپیرم . باپیریشم بە یەکێک لە وەرزێرەکان دەڵێ برۆ چەکەکانیان لە مل بکەوە و هەمووی بێنە ، وەرزێرەکەش لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە و دەچێتە پێش ، کە دەگاتە لایان یەک یەک چەکەکانیان لە مل دەکاتەوە بە خەریتە و فیشەکەوە ، پاشان دەگەڕێتەوە لای باپیرم ، کە نزیکەی دوازدە سێزدە تفەنگی درێژی ئینگلیزی دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێک خەریتە و فیشەک.

ئینجا باپیرم بە یەکێک لە سوارەکان دەڵێ ، ئێمە قەومێکین هەرگیز ئەخلاقی ئەوەمان نیە کەسی دیل بکوژین ، بەڵام شەڕکەرین تا بڵێی شەڕکەر ، ئێستا ئازادن دەتوانن بڕۆن ، بەڵام بە شێخەکەتان بڵێن لەمەوبەدوا یەک عارەب چیە پێی ئاودیو بکات لەم چیایە بە ناوی تاڵان و دەستدرێژی و دزی ، بێ سەر دەنێرمەوە . وە پێشی بڵێن ئەبو نەسڕ گووتی کاتێک ڕوو بە ڕوو پێی گووتم لێت ناترسێم ، زانیم بە ڕاستی لێم دەترسێ ، ئەو خەنجەر ڕاوەشاندنەش لە پشترا ، مەبەستم ئەو کەمین دانانەوەیە نیشانەی ترسی ئەوە ، چونکە پیاوی ئازا قەت لە دواوە دەست ناوەشێنی .

ئینجا کە سوارە عارەبەکان بێ چەک دەگەڕێنەوە ، شێخ بەمشێوەیە چاوی پێیان دەکەوێ و بە هەواڵەکە دەزانێ عەجمانی نامێنێ ، هەر لەناو خیوەتەکە دێت و دەچێت ، دوای بێ ئۆقرەییەکی زۆر ڕوو لە سوارەکان دەکات ، دەڵێ عەمرتان نەمێنێ بێ قیمەتینە ، سەری من و هەرچی شێخ و

عارەبی دونیاش هەیە شۆڕ کرد ، ئاخەر بۆ چەکەکانتان پێدان، دەزانی ئەوە واتا چی ؟ نەهاتبانایەوە و بکوژرابان زۆر مەردانەتر بوو ، چونکە هەرنا ئەوکات دەمگووت لەشەڕ کوژراون ، بەڵام ئێستا چی بڵێم بەس پێم بڵێن . دواتر ئەو پیاوە " ئەبونەسڕ " دەزانم بەو چەکانەی بە دەستی کەوتوون هێزێک دروست دەکات دژی ئێمە ، بۆ بەرگری کردن لە خۆیان . ئینجا بە قامچیەک دەکەوێتە سەریان ، دەڵێ ئێوە بەس دەزانن بخۆن و بخەون ، بینیتان ئەو چونکە خەونی هەبوو پێش ڕۆژهەڵاتنیش لە خەو هەڵستابوو ؟

****

باپیرم دوای چەککردنی سواره عارەبەکان بە ئاغا و وەرزێرەکان دەڵێ ئێوە بڕۆنەوە سەلامەتی منیش بە دایکم و هاوسەرەکەم ڕابگەینن ، ئەو چەکانەش لە شوێنێک بپارێزن ، من دەبێ ئەم شەو لەو چیایە بمێنمەوە ، ئێوەش کە گەیشتنەوە گوند پاسەوانێک دابنێن بەردەوام سەیری ئەو ئاراستەیە بکات کە منی لێیە ، هەرکات ئاگری بینی ئەوە بزانن نیشانەیەکە من هەڵمکردووە بۆئەوەی بزانن عارەبەکان بەڕێوەن . ئاغا و وەرزێرەکانیش بە گوێی دەکەن و چەکەکان لە پشتی ئەسپەکانیان دەبەستنەوە و بەڕێ دەکەون دەگەڕێنەوە گوند . باپیریشم ڕاستەوخۆ هەربەو شەوە سواری ئەسپەکەی دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ لای خێوەتی شێخی عارەبان ، کە بە ئاغا و وەرزێرەکانیشی گووت من لێرەم بۆئەوەی بە هەڵکردنی ئاگر لە هاتنی عارەبەکان ئاگادارتان کەمەوە ، نەیویست ئەوان بەوە بزانن دەیەوێ چیبکا ، دەنا دەیزانی بەم شەوە هێرش ناکەن . کە دەگاتە دەوروبەری خیوەتەکان لە ئەسپەکەی دێتە خوارێ ، لغاوەکەی لە بەردێکی گەورە دەبەستێتەوە ، بازەکەشی بە پەتێک کە دەمێک بوو سەرەکەی کردبووە قرفانگە بۆ لە پێ هەڵکێشانی ، لەسەر زینەکە گرێدەدا و بەجێیدێڵێ. لە دوورڕا ئاوڕێکیان لێدەداتەوە زۆر سەرنجڕاکێش دێنە بەرچاو ، کاتێک دەبینێ بازەکەی لەسەر پشتی ئەسپەکەی هەڵنیشتووە. ئینجا بە پێ دەچێتە ناو خیوەتەکان ، لە پەنایەک خۆی مات دەکات ، تفەنگەکەشی بە سوارکراوی لە دەست دەبێ ، بە ڕوونی

هەموو شتێک دەبینێ لەبەر ڕووناکی ئەو ئاگرەی شێخ لەگەڵ دار و دەستەکەی لە دیاری دانیشتوون هەرلەو شوێنەی دوێنێ ئەوان لێی مێوان دەبن . بێ باکانەش هەڵسووکەوت دەکات چونکە دەزانێ ئەوانەی شەوان لە دیار ئاگر دادەنیشن، دەوروبەری خۆیان باش نابین لەبەر شەوقی ئاگرەکە . کە دەبینێ شێخ خەریکی خواردنەوەیە دڵ خۆش دەبێ ، لەوە دڵنیادەبێتەوە بەو قەهرەی ئەم شەو هەیەتی زۆر دەخواتەوە ، کە زۆریشی خواردەوە خەوی لێ دەکەوێ و ئاگای لە هیچ نامێنێ . ئینجا ئەو شوێنە بەجێدێڵێ و دەچێتە نزیک ئەو خیوەتەی " هند "ی تێدا دەبێ ، تا دەمێکی باش لە پەنا خیوەتەکە چاوەڕێ دەکات، "هند "بۆ کارێک بێتە دەرەوە ، چونکە دەزانێ بە تەنیا لە ژوورەوە نیە ، ژن و منداڵەکانی تری شێخی لەگەڵە ، چەندین جار ژنەکانی تری شێخ لە خیوەتەکە دێنە دەرەوە و دەچنە ژوورەوە ، "هند" نابینێ ، ناچار زیاتر چاوەڕێ دەکات ، لە ناکاو ژنێکی بەژن باریک ئەمجارە لە دەرگای خیوەتەکە دێتە دەرەوە ، باپیرم کە دەیبینێ ، دڵنیا دەبێتەوە ئەوە" هند"ە ، لێی نزیک دەبێتەوە توند دەمی دەگرێ نەوەک بترسێ و هاوار بکات ، دەمیش دەخاتە بن گوێی پێی دەڵێ منم " ئەبو نەسر " "هند" کە گوێی لێ دەبێ دەڵێ ئەبوو نەسر ، بە سەرسامیەوە ئاوەڕ دەداتەوە ، پێش هەموو شتێک دەڵێ تۆ چ پیاوێکی ؟ پێم بڵێ بۆ هاتوویەوە ، ئاخەر شێخ و دار و دەستەکەی وا خوێنیان دەکوڵێ ، دڵنیابە بتگرن کەوڵت دەکەن . باپیریشم دەڵێ نا پێ نازانن ، کەس لە

کاتی وا بڕواناکات من بەم شێوەیە هەر ئەو ئێوارەیەی چەکم کردوون ، بوێرم بێمەوە . لە کاتێکدا ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە لە کوێ بمدۆزنەوە . هند دەڵێ بۆ هاتیەوە بەڕاستی پێم بڵێ ، باپیریشم دەڵێ لەبەر تۆ ، چونکە ترسام شێخ بەوەی زانی بێ ، تۆ خەبەرت پێ داوین . هند لەپەنا خیوەتەکە لە ناو تاریکی تونـد باوەشـی لێـدەدا و دوو سـێ جـار دەسـت بە پشـتیدا دەکێشـێ ، دەڵـێ ئەوە چ وەفـایەکە تـۆ هەتە ؟ باپیریشـم لە باوەشـی دەگـرێ ، دەڵـێ چـۆن دەکـرا وا بـڕۆم ئـاخەر ، لە کاتێکـدا تـۆ گیـانی منـت ڕزگـارکرد. بەو هیـوایەم ئەو مێردمندااڵەش سەلامەت بێ ، هند دەڵێ غەمت نەبێ ئەویش سـەلامەتە ، لە ئێـوارەوە خەوتـووە ، ئەو شـوانە چـونکە لە بەیانیانەوە تا دونیا تاریک دادێ لەو ئاقارە هەر غارەغاریەتی لە دوای مەڕومـاڵات ، کە ئێـواران دەگەڕێـتەوە ڕاسـتەوخۆ دوای نان خواردن خەوی لێ دەکەوێ .

بـاپیرم و هنـد بـێ ئەوەی ئاگایـان لەوە مـابێ لە باوەشـی یەکترین هەر قسەیان دەکرد . لە پڕ هند بە باپیرم دەڵێ بـڕۆ پشتەوەی خیوەتەکان ئەوێ چۆڵترە ئێستا منیش دێم . ئینجا بـاپیرم دەچێـتە پشـتەوەی خیوەتەکـان و چـاوەڕێی دەکـات ، هەندەی پێ نـاچێ هندیش دەچـێ ، لەوێ تادرەنگ بەیەکەوە دەبن . لە هەمان کاتیشدا شێخ بێ ئەوەی هەربیریشی بۆ ئەوە بچێ باپیرم گەڕاوەتەوە و لەو نزیکانەیە ، بە سەرخۆشی لە پێش دیوەخـانەکە قسـە بـۆ دار و دەسـتەکەی دەکـات ، دەڵـێ کاتێک ئەو ئەبونەسڕە ، کەنازانم ناوی خۆی هەرچشـە ، لەبەر

دەستم بوو بەلاش بە قوربانی یەک گوللەم نەکرد ، ئەوە چیە باب و باپیرانمان وا فێریان کردووین ئەگەر یەک هاتە ناو دیوەخان ، دوژمنیشت بوو نابێ دەستی بۆ ببەی . دەبڕۆ ئێستا چما بە خواش دەدۆزرێتەوە ئەو سواڕە خورتە . دواتر ئەو بەو هەموو چەکەی بەدەستی کەوتووە بگەڕێتەوە ، لە هەمان کاتدا لە نیەتی ئێمەش گەیشتووە ، هەموو کوردەکانی ئەو دیوی چیامان لێ هار دەکات بەو زیندیەتیەی خۆی . ئەوکات لەجیاتی ئەوەی خەریکی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان بین ، دەکەوینە ناو شەڕ و ئەوەی هەشمانە دەبێ خەرجی بکەین، ئەوانیش سەردەکەون ، چونکە کەمێک لەوەی ئێمە لێمان تاڵان دەکردن دەکەنە خەرجی ئەو شەڕە و بەشەکانی تریش دەخەنەوە سەر ماڵ و ملکی خۆیان . ئەوەیە حیکمەتی هەبوونی کەسی مێرخاس ، ئەگەر ئێمە ئەو پیاوەمان زوو بکوشتبا هیچ لەوانە ڕووی نەدەدا ، ئەوکات بە ئاسانی دەمان توانی لەگەڵ ئاغاکان پێکبێین ، جا بە وەرگرتنی باج با بۆ ئەوەی هێرشیان نەکەینە سەر ، یان هێرشمان بۆ خەڵکە وەرزێرەکە دەکرد و لە بەرامبەردا دەستمان دەپاراست لە سەروەت و سامان و ملکی ئاغاکان ، وەک هەندێ لەو ناوچانەی بەمشێوەیە لەسەری پێکهاتووین . تا درەنگ شێخ هەر پرتە و بۆڵە دەکات ، پاشان هەندێک لە دەنگ خۆشەکانی دیوەخان بۆئەوەی دڵی شێخ بدەنەوە دەست بە عەتابە و شیعر گوتن دەکەن ، بە پێدا هەڵگووتن بە بەژن و باڵا و ئەو سەرکەوتنانەی لە تاڵانەکانی ڕابردوو بەدەستی هێناون ،

دیارە شێخ بەمە کەیف خۆش دەبێ و هێمن دەبێتەوە ، دەنگە دەنگەکەی نامێنێ. پاشان بە لاکە لاک لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێ و دەچێتەوە ناو خیوەتەکەی ، لە لایەک لێی ڕادەکشێ ، هەندەی پێ ناچێ دەکەوێتە خەو و دەست بە پڕخ و هۆڕ دەکات. هێدی هێدی ئاگری پێش دیوەخانەکەش دەکوژێتەوە ، پیاوەکانیتریش هەندێکیان هەر لە دەرەوە خەویان لێدەکەوێ و هەندێکیتریشیان پەرت دەبن و هەریەکەو دەچێتە شوێنێ ، باپیریشم لەگەڵ هند کە هەست دەکەن بێ دەنگی تەواو بااڵی بەسەر ناو خیوەتەکان و دەوروبەردا کێشاوە ، هند دەڵێ پێویستە بچمەوە ناو خیوەتەکان کات زۆر درەنگی کردووە ، با کەس هەست بە شتێک نەکات بە تایبەتی ژنەکانی تری شێخ کە بەردەوام ئەم چاوی لەسەر ئەوە و ئەویش چاوی لەسەر ئەویتر ، بۆئەوەی بە عەیب و حاری یەک بزانن تاقەتی کەسیانم نیە. بەو هیوایەم هیچ شتێکت بەسەر نێ ، بڕوابکە هەندەی کەسێکی خۆم خۆشمدەوێی ، باپیریشم دەڵێ منیش هەروا ، هەمیشە وادابنێ هاوڕێیەکت هەیە لەودیوی ئەم چیایە لە هەموو کەس لە پێشترە ، لە هەر تەنگانەیەک بەس خەبەرم پێ بدە ئامادەم بە هاناتەوە بێم . ئینجا لەوێ دووبارە باوەش لەیەک دەدەن و جیادەبنەوە . هند دەگەڕێتەوە ناو خیوەتەکان و باپیریشم بە پەنا ئەم خیوەت و ئەو خیوەت خۆی دەگەینێتەوە لای دیوەخانی شێخ ، لەو دیو گوێ دەگرێ ، کاتێک پڕخە پڕخەکانی شێخ دەبیستێ لێی دەچێتە ژوورەوە ، بە دەستێک

تفەنگەکەی خۆی دەگرێت و ڕووی لولەکەی لە شێخ دەکات ، بەدەستێکیش تفەنگەکەی شێخ لە پشت سەری دەردێنێ و بە ملی وەدەکات ، کە لە تەنیشت شێخ چاوی بەو خەنجەرەش دەکەوێ لە نیشانەکە لێی بردبۆوە و دڵی نەهات بۆ خۆی بیبا، کە وەک یاسای نیشانە شکێنی لەوێ عادەت وابوو ، ئەویش بە دەستێک دەخاتە بەرپشتی و لە خیوەتەکە پشتا و پشت دێتە دەرەوە ، پاشان دەچێتەوە باوەشی شەو و وەک خێو خۆی لە تاریکی وون دەکات . کە دەچێتەوە لای ئەسپەکەی ڕاستەوخۆ لغاوەکەی لە بەردەکە دەکاتەوە ، پاشان سواری پشتی دەبێت و ڕوو لە کلکەی چیا دەکات ، لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیانیان دەگاتەوە گردی گۆم ، بێ ئەوەی لە شوێنێک بە قەد چاوگەرمکردنێکیش چیە پشووبدات .

****

بەیانیەکەی شێخ لە خەو هەڵدەستێ ، کە دەبینێ تفەنگ و خەنجەرەکەی نەماوە ڕاستەوخۆ دەزانێ باپیرم شەو هاتۆتە سەری ، ئینجا بە تووڕەییەوە وەک ئەوەی لە قەهران کلکی خۆی بگەزێتەوە و بکەوێتە لۆمەکردنی خۆی دەڵێ پیرە سەگی بێ کەلک، تۆ هەر بخۆ و بخۆوە و بخەوە ، ئەو سوارەکوردە تازە پێگەیشتووەش چ نەما پێت نەکا . بە اللە قەسەم توشی پیاوی خۆت هاتووی ، تاقەتی جارانیشت نەماوە بەهۆی کەوتنە ناو تەمەنەوە بەو چیا و چۆڵانەدا

بکەویە دوای چ دەکەی ؟ ئێستا چ جوابی ئەو خەڵکە دەدەیەوە لە کاتێکدا تۆ دوێنێ شەو چ قسە نەما پێیان نەڵێی لەبەرئەوەی چەک کراون، توخوا شەرم نیە ؟ تۆ لە خەودابی و ئەویش بەو شەوە وەکو گورگ بەخەبەربێ و بێتە سەرت تفەنگ و خەنجەرت لێ ببا ؟ وەڵا لە پیاوەتی خۆی هەر بەو خەنجەرەی خۆت سەری لە لەشت جیا نەکردۆتەوە . ڕۆژی تۆ تەواو ، ئەسپیش کە پیربوو بێ گومان باری ئەسپی تازە پێگەیشتوو نابا ، با ئاهووش بێ . ئینجا هەر لەبەرە خۆی دربێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ باشە ئەوە دامنا من پیر و کەنەفت بوومە ، ئەدی پاسەوانەکان بۆ ؟ خۆ هەموویان وەکو ئەو گەنجن . نا ، سوچی پیری نیە ، ئەو پاڵەوان و چاو نەترسترە، کاتێک بینیم دەتوانێ نەخەوێ ، یان گەر پێویست نەبێ نەخوات و نەخواتەوە و جووت نەبێ ، بۆم دەرکەوت بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە . ئینجا شێخ بۆئەوەی هۆزەکەی نەزانن تفەنگ و خەنجەرەکەی لێ بردبراوە . لە خیوەتەکەی دێتە دەرەوە و دەچێتە لای بەهلول ، کە یەکێک لە پیاوە ئازاکانی خۆی دەبێ دەڵێ دەبێ من و تۆ بەیەکەوە بڕۆین ، خۆت حازرکە و تفەنگ و خەریتەکەت بێنە . کاتێک بەهلول بە گوێی دەکات ، ئەویش تفەنگێک لەناو خێمەکەی دەردێنێ ، کە دەمێک بوو بە دیاری لەلای یەکێک لە شێخەکانی هاوڕێی بۆی هاتبوو ، عەبایەکی گەورە بە خۆیدا دەدات و سواری یەک لە باشترین ئەسپەکانی دەبێت ، لەگەڵ بەهلول بە بەرچاوی هۆزەکەیەوە ڕوو لە چیا دەکات ، بەو مەبەستەی گوایە دەچێ

تۆڵەی چەككردنی پیاوەكانی لە باپیرم دەكاتەوە . هۆزەكەی كە دەبینن شێخ بە خۆی و تاقە سواریێك دەڕوا بۆ تۆڵە كردنەوە، بە ڕەقس و دەف و شیعر خوێندنەوە بەڕێی دەكەن، كە ئەمە تایبەتمەندیەكی عارەبەكان بوو بۆ چوونە شەڕ و سەركەوتن و پێشوازیكردن لە كەسانی پاڵەوان. لەناو هۆزەكەش دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە شێخ هەر پاڵەوانەكەی جارانە . نزیك نیوەڕۆ شێخ و بەهلول دەگەنە چیای قەرەچوغ، شێخ كە سەیری دەوروبەری خۆی دەكات كەس دیار نیە ، بە بەهلول دەڵێ دەبێ تا دونیا تاریك دادێ چاوەرێ بین بۆ ئەوەی لەو چاوەڕوانیەش بێزار نەبین با بۆ خۆمان نیشان دابنێین . بەهلولیش ئەم پێشنیارەی پێ خۆش دەبێ ، دەچێ سێ چوار بەرد لە دووری پێنج سەد شەش سەد مەترێك لەسەریەك دادەنێ ، ئینجا لەكاتی گەڕانەوە كە تەواو نزیك دەبێتەوە شێخ فیشەكێك لێدەخورێتە بەر تفەنگەكەی و سێرە لە بەهلول دەگرێت ، كە تەواو دڵنیادەبێتەوە دەیپێكێ ، گوللەیەك لە نێوچاوانی دەدات و دەیكوژێت . پاشان تفەنگەكەی خۆی دەخاتە ناو یەكێك لە بیرەكانی ئەوێ و تفەنگەكەی بەهلول هەڵدەگرێتەوە ، تەرمی بەهلولیش لە دەم ڕێگا بەجێدێڵێ بۆئەوەی بە ئاسانی ببیندرێ . بە خۆشی تا نیوەی شەو ناگەڕێتەوە ، پاشان نزیك كاتژمێر یەك و دووی شەو لەكەندێك خۆی لە خرت و خۆڵ وەردەدات و سەر و پرچی تێك دەئاڵێنێ ، ئەو چەفیەیەی لەسەریشی دەبێ لە ملی دەكات ، ئینجا خۆی وا دەردەخا هیلاك و ماندووە،

دەگەڕێتەوە کە هەندێک لە پاسەوانەکانی دەوروبەری خیوەتەکان لەدوورڕا دەیبینن ، بە رەو پیلی دەچن ، کە بۆیان دەردەکەوێ شێخە ، پێشوازی لێ دەکەن و دەیبەنەوە ناو دیوەخان . شێخیش دوای ئەوەی وا خۆی دەردەخات پشوی داوە ، بە خەڵکەکەی دەڵێت من لەبەر ئێوە هاتووم‌ەوە ، بەڵام خەمتان نەبێ بەهلولم ڕاسپاردووە هەر ئەم شەو ئەو ئەبونەسرە بکوژێ ، خۆشم لەگەڵی چووم تا نزیک گوندەکەی ئەو پیاوە تێیدا نیشتەجێیە. زۆریش لە ئاقارەکانی ئەو ناوچەیە لەگەڵی چاوەڕێ بووم بەدەستی خۆم ئەو کارە ئەنجام بدەم ڕێک نەکەوت ، بەڵام بە شتێک دڵم خۆشە، بەهلول ئەو کارە بە تفەنگ و خەنجەرەکەی من دەکات . هەر بۆیەش تفەنگ و خەنجەرەکەی خۆم پێداوە ، تفەنگەکەی ئەویشم ئەوەتە هێناوەتەوە . ئەو پیاوە بە تفەنگی من نەکوژرێ دڵم ئاو ناخواتەوە . خەڵکەکە کە گوێیان لە شێخ دەبێ زیاتر خۆشیان دەوێ و ستایشی دەکەن . نازانن شێخ بەهلولی کوشتووە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو تفەنگ و خەنجەرەی لە پشت سەری بردراوە . چونکە دەیزانی تفەنگ و خەنجەرەکەی لا نەبێ ، کە چەندین ساڵ بوو هەیبوو ، دەوروبەرەکەی پرسیاری لەبارەوە دەکەن . ئەو بەو فێڵە بە تیرێک چەندین نیشانە دەپێکێ، وەکو هەموو ڕێبەر و سەرکردەکانی دونیا بۆ پاراستی ناوبانگ و پلەو پایەیەی خۆی ، جا گرینگ نیە بەهلول ئازایە ، یان کەسی نزیکی خۆیەتی ، یاخود هەر شتێکی تر ، گرینگ بتی ئەو نەکەوێ .

چەند ڕۆژێک دواتر هەندێ شوان تەرمی بەهلول بە نیوە خوراوی دەدۆزنەوە ، دیارە شەو کەمتیار و گورگ و ڕێوی دەچنە گژ لاشەکەی . شوانەکان تەرمەکە دەخەنە ناو عەبایەک و سەری دادەپۆشن ، بەسواری پشتی گوێدرێژێک دەیبەنەوە بۆ لای شێخ و هۆزەکەی . شێخ کە دێتە سەری سەرەتا هیچ نالێ ، بەڵام خەڵکەکە هەر کەسەو بۆ خۆی قسەیەک دەخاتە سەر بۆچوونەکان ، یەک دەڵێ ڕەنگە لە کاتی گەڕانەوە توشی ڕەوە گورگ بووبێت و خواردبێتیان ، بێ ئەوەی بیربکاتەوە وا شوێنی گوللە بە نێوچاوانیەوە دیارە . یەکێکی تر دەڵێ نا ، لەکاتی گەڕانەوە ڕەنگە توشی چەتە و ڕێگر بووبێتن ، ڕووتیان کردبێت و پاشان کوشتبێتیان ، شەویش دەعبا گۆشتخۆرەکان لە لاشەکەیان خواردبێ ،تەماشاکەن خەنجەر و تفنگەکەی شێخیشی پێنەماوە ئەو کاتەی دۆزراوەتەوە ، وەک شوانەکان دەگێڕنەوە . شێخ ئەو بۆچوونەی دواتری پێ خۆشتر دەبێ،لەوەی بەخۆی پیلانی بۆ دانابوو. ئەو دەیویست بڵێ ئەبونەسڕ بەوەی زانیوە بەهلول چۆتە دەشتی کەندێناوە ، بۆئەوەی بیکوژێت ، ئەویش هەستاوە بەهلولی کوشتووەو تفەنگ وخەنجەرەکەشی لێ گێڕاوەتەوە ، پاشان تەرمەکەی هێناوەتەوە ئەودیوەی چیا و فڕێی داوە بۆئەوەی ئێمە پێ بزانین . بەڵام ئەو پیلانەی شێخ بۆ عارەبەکان لایانێکی نەڕێنی تێدابوو ، ئەویش ئەوە بوو وای دەکرد ناو و ناوبانگی ئەبو نەسڕ گەورەتر بێ لەلایان و زیاتر حیسابی بۆ بکەن بە کوشتنی بەهلولی ئازا . شێخ لەدوای ئەو بۆچوونەش بیرێکی

تر دەکاتەوە و لەبەرەخۆی دادەنێ ئەگەر ئاشکرابوو خەنجەر و تفەنگەکەی لای ئەبونەسرە ، ئەو کات ئەویش بە خەڵکەکەی دەڵێ ئەو ئەبونەسرە چەتە و دزی تاییەت بەخۆی هەیە و هەر ئەوانیش بووونە بەهلولیان کوشتوە و تفەنگ و خەنجەرەکەیان لێ بردووە ، دواتر وەکو دیاریەک گەیشتۆتە دەستی ئەو. بەهەر شێوەیەک بێ پیلانەکەی شێخ و بۆچوونی خەڵکەکەی دەوورووبەری چیرۆکی بردنی تفەنگ و خەنجەرەکە وەها تەمومژاوی دەکەن ، مەگەر باپیرم و شێخ لەو سەردەمە هەر بە خۆیان بزانن چۆن بووە، دەنا زەحمەت بوو بۆ کەسێکی ئاسایی بەو سەربردەیە بزانێ . دەڵێن ئەو بەهلولەش کە بۆتە قوربانی ئەم پیلانە چی وا لە ڕووی ئازایەتی و چاونەترسیەوە لە باپیرم کەمتر نەبووە . ڕەنگە بگەیشتبانا یەکتری هەر ببانا هاوڕێ ، نەک وەکو دوو پیاوی ئازا و جوامێر دەستیان بچێتە خوێنی یەکتری . چونکە ئەو بەر لەو ڕووداوە کە لە مێواندارییەکە باپیرم دەبینێ سەرسامی خۆی لەناو دیوەخان بۆ دەردەبڕێ . دەبێ ئەوەش بزانین وەک چۆن بەهلول دەکوژرێ بە دەستی شێخ ، ئەوەش باپیرم هەمیشە ژیانی لە مەترسی دادەبێ لە لایان ئاغاکانەوە .

****

ئینجا باپیرم دوای گەڕانەوە چەند پیاوێک لە گوندی حەسەن بەگ و مەلاکاغە و کۆزەپانکە و گردی گۆم کۆدەکاتەوە لە چینی جوتیار و ئاژەڵدارەکان کە نزیکەی بیست کەسێک دەبن. ئەوانەی تفەنگی خۆیان نابێ ئەو تفەنگ و فیشەکانەیان پێ دەدا کە لە چەککردنی سوارە عارەبەکان بەدەستیان کەوتبوو. بە هەموویان گروپێکی بچووک پێکدێنن . ئاغاکانیش بە ناچاری دوو سێیەکیان دێنە ڕێزی ئەو گروپە لە ترسی خۆیان ، نەوەکو دوای بەرەنگاربوونەوی هێرشی عارەبەکان بە گژ ئەوانیش دابچنەوە ، لە تۆڵەی ئەو زڵم و زۆریەی لێیان کردوون . لەو ڕۆژەوە ئەو گروپە بە ڕەسمی دەچنە چیای قەرەچوغ ، شوێن و جێگای حەوانەوەیان لە ناو هەندێک لە گەری و ئەشکەوتەکان دادەمەزرێنن ، خواردن و شت و مەکیشیان لە گوندەکانەوە بۆ دەچێ. بەڵام ژمارەیان لە چاو ژمارەی هێرشی عارەبەکان زۆر کەم دەبێ . چونکە ئەوان هێرشی عارەبەکانیان بە چاوی خۆیان بینیبوو چۆن بە لێشاو دێن و دەست لە هیچ ناپارێزن . ئینجا یەکێک لە سوارەکانیش لەسەر لوتکەیەکی بڵند دادەنێن وەکو پاسەوان ئەو دیوی چیای لێ دیار بێ. بەڵکو زووتر لە کاتی خۆی لە هاتنی هێرشەکان ئاگاداریان بکاتەوە. هەندەی پێناچێ ناو و ناوبانگی باپیرم و سوارەکانی دەگاتە بەرگوێی هەموو خەڵکی قەراج و کەندێناوە و هەتا ئەو بەری زێش لە کلکەی چیا بەدیوی کوشاف و ئەو شوێنانەی عارەبەکان لێی نشتەجێبوون .
شەوێکیان باپیرم دووبارە وەکو جاری پێشوو لە چیا ئاو دیو

دەبێت و دەچێتەوە نزیک خیوەتی عارەبەکان بۆئەوەی هند ببینێت و لەوەوە بزانێ دەنگ و باس چیە . دیسان لە نزیک خیوەتەکان لە کەندێک ئەسپەکەی دەبەستێتەوە ، بەڵام ئەمجارە بازەکەی لەگەڵ خۆی نابا ، لەلای هاوڕێکانی لە ئەشکەوت لەسەر بەردێک بەجێیدێڵێ . ئینجا بە ماتە مات خۆی دەگەینێتە ناو خیوەتەکان ، لەوێ دەبینێ عارەبەکان هەموویان کۆبووینەوە بە دیار ئاگرێکی گەورەتر لە جاران ، سێ چوار ژنی گەنجیش بە جلی نیمچە ڕووت و پرچی کراوەوە ڕەقس دەکەن بەهەوای ئەو تەپڵ و ڕەبابانەی دەنگیان دێت ، دوو سێ کەلاکیش بەسەر ئاگرەکەوە هەڵواسراوە . ڕاستەوخۆ دەزانێ شێخ مێوانی تایبەتی هەیە . لەوێوە ئەو هەرا و هۆریایە بە دەرفەت دەزانێ و خۆی دەخزێنێتە لای خیوەتەکەی هند . ئەمجارە زۆری پێ ناچێ دەبینێ هند گۆزەیەکی بەدەستەوەیە دەیەوێ بچێ ئاو بێنێ لەو کوپە گەورەیەی لەبەر دەرکی خێمەکە داندراوە ، لە تاریکی دووبارە باپیرم بە دەنگێکی نزم بانگی دەکات و دەگەنەوە لای یەک . ئینجا دەچنەوە پشت خێمەکان و شوێنی جاران. هند هەر زوو هەوالّی کوشتنی بەهلولی پێ ڕادەگەینێ بەڵام کە دەبینێ باپیرم ئاگای لەوە نیە سەیری پێ دێ ، دواتر کە باسی تفەنگ و خەنجەرەکە دێتەوە گۆڕێ ، باپیرم بە هند دەڵێ جاری پێشوو کە هاتم دوای ڕۆیشتن لەلای تۆ ، من لە پشت سەری شێخ دەرم هێنا و بردم ، ئێستاش وا لەلای منە . ئینجا هند دوای ئەوەی زیاتر بە باپیرم سەرسام دەبێ کە

دەزانێ تفەنگ و خەنجەری لە پشت سەری شێخ بردووە . زیرەکانە دەڵێ هەستم دەکرد فێڵێک هەیە شێخ لێمانی دەکات ، بەڵام تا ئەوکاتە نەمدەزانی چیە ئێستا زانیم ، ئەو کە سبەینەکەی هەڵستاوە تفەنگ و خەنجەرەکەی نەماوە ، ڕێک زانیتی تۆ بردووتە ، ئێ ئەوەش بۆ ئەو ئەگەر خەڵکەکەی پێیان بزانیبا عەیبێکی گەورە دەبوو . دەشیزانی ناتوانێ بیشارێتەوە بە پیلانێکی وا نەبێ ، ناچار هەڵستاوە بەهلولی لەگەڵ خۆی بردووە و گوایە دێن بۆ کوشتنی تۆ ، خەڵکەکەش بەمەیان بڕوا کرد چونکە بەهلول ئازابوو. ئینجا هەرلەو نزیکانە کوشتوویەتی و تفەنگەکەی ئەوی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە ، بۆئەوەی بڵێ تفەنگ و خەنجەری خۆم بە بەهلول داوە تا بچێ ئەو ئەبونەسرەی پێ بکوژێ ، جا ڕێک کە هاتەوە واشی گووت . بەڵام ئاگاداری شتێک بە ، کە تەرمەکەی بەهلول دۆزراوە ، یەکێک لە پیاوەکانی گوتی ڕەنگە ڕێگر و دز ڕووتیان کردبێ و کوشتبێتیان ، کەواتە ئەگەر دەنگۆی ئەوە بڵاو ببێتەوە تفەنگ و خەنجەرەکەی لای تۆیە ، شێخیش لەوکاتە لە جیاتی بڵێ لە پشت سەرم بردراوە ، دەڵێ ئەو چەتە و ڕێگرانە هی ئەبونەسڕ بوونە ، دوای کوشتنی بەهلول بەدڵنیاییەوە تفەنگ و خەنجەرەکەیان بردووە و بە ویان داوە . ئەبو نەسڕیش کە زانیویەتی ئەو تفەنگ و خەنجەرە هی منە ، هەڵستاوە بۆ زیاتر بە ناوبانگکردنی خۆی بەبن گوێی خەڵکی ئەو ناوچەیەی دا چرپاندووە تفەنگ و خەنجەرم لە بن سەری شێخ بردووە لە خەودا . جا هەر

بەڕاستیش خەڵک ئەو کات زیاتر بەو بڕوا دەکەن نەک بە تۆ. باپیریشم بە هند دەڵێ وایە ، بەڵام گرینگ نیە خەڵک بەوە بزانن یان نا ، گرینگ شێخ خۆی بەوە دەزانێ . ئەوەش بۆ من هەموو شتێکە ، چونکە هەرکاتێک و لە هەرکوێ ناوی من بێ ئەو خۆی بە لاوازی دێتە بەرچاو . هەروەها منیش هەزاران چیرۆکی واو هیچیشم بە دوادا نەڵێن دەزانم چەند چاو نەترس و بوێرم بۆ هەرشتێکی دەمەوێ بیکەم ، ئەوەیە خۆ ناسین . ئینسان هەمیشە بە قەد خۆناسنی خۆی هەنگاو داوێ، نەک بە قەد ئەو ناسینەی دەوروبەرەکەی بۆیان هەیە .

هەمیشە ئەو ناسینانەی دەوروبەر بۆتیان هەیە وەک ئەوە وایە تۆ لە سێبەرەوە بە خۆت نیشان بدەن چەند گەورەی ، نەک لە بااڵتەوە . ئەوەش وادەکات جەنابی شێخ لە کاتی پێویست ئەو سێبەرە گەورەی پێیان نیشان داوە بەکەلکی نێت و خۆی پیر و کەنەفت بێتە بەرچاو . جا ڕاستیەکەش وایە گەیشتن بە گەورەیی پیری و کەنەفتیە . ڕەنگە منیش بەو هەموو بڕوایەی بەخۆمم هەیە ، کە بەم شەوە توانیومە بێمە ناو سەرسەختترین دوژمنەکانم و بێمە لای نزیکترین هاوڕێم گوێبدەمە دەوروبەر بە ماوەیەکی کورت بمکەنە خوایەک ، لە کاتی پێویست بە کەلکی هیچ نێم . چونکە دڵنیات دەکەمەوە بەخشینی پلەی خوایەتی بە مرۆڤ ، بە کەلکی مرۆڤ نایەت . پێویستە مرۆڤ بۆئەوەی بە کەلکی خۆی بێت هەر مرۆڤ بێت . جا بۆ مرۆڤایەتیش هەمان شتە ، سەیری ئەو شوێنانە بکە کە بڕوایان بە خوایەک و چارەنوسێک نیە چ کاری

بلیمەتانە و سەرسوڕهێنەریان کردووە، لە چاو ئەو شوێنانەی بڕوایان بە خوایەک و چارەنوسێکی دیاری کراو هەیە . ئەگەر ڕاستیت دەوێ مرۆڤ بۆئەوەی هەر لە جولە دابێت و زیندوبمێنێتەوە نابێ بە لوتکە بگات . چونکە لەوێدا ئیتر هەنگاونان بەرەو لێژیە . چونکە "مرۆڤی خوداش " خودایە و نابێ لەو لێژیە غلۆر ببێتەوە ، وەکو شێخ ناچارە هاوڕێ و دەوروبەر و هەتا کەسە نزیکەکانیشی ئەگەر پێویستی کرد بکاتە قوربانی و لەو لێژیە پاڵیان پێوەنێ بۆ مانەوەی خۆی وەک خوادا لە لوتکە ، ئەوەیە کێشەی مرۆڤ . ئاژەڵەکان چونکە لەو ئارەزوانە بەدەرن ئاسوودەن . ئەوەی بۆ هەموو گیانلەبەر و دار و بەردی ئەم دونیایە و خودی خۆشی جێی مەترسیە بوونەوەری جۆری مرۆڤە . سەیر مەکە من لە هیچ ناگەڕێمەوە ، ئەوە لە ناچاریانە ئەم ڕێیەم هەڵبژاردووە بەڵام لە هەرچی گورگ و کەمتیار و درندەی ئەو چیایە هەیە کە چەندین شەو و ڕۆژ بێ غەم سەرم بە بەردێک کردووە و لەناویاندا خەوتوم ناترسێم ، نیو ئەوەندەی ترسم لە مرۆڤ هەیە . ئاخەر درندەکان هەمووکات هێرش ناکەن ، بەڵام مرۆڤ هەربزانێ پشتت لێیەتی و دەسەڵاتی بەسەرتدا دەشکێ هێرش دەکات ، چ هێرشێک ؟ تێرش بێ لە گۆشتەکەت ڕاناوەستێ دەست بۆ ئێسقانەکانت دەبات ، کە ئەوە لە هیچ ئاژەڵێک دا نیە . سەیری مار بکە بە ماراتی خۆی ئەگەر پێی لێنەنێی پێتوەنادا ، کەواتە بڕوای بە پێکەوە ژیان هەیە . بەڵام ئەوە لە مرۆڤ دا نابینی ، بڕوا بکە ژەهری مار لە مرۆڤ دا

هەبا بە کەیف بە بوونەوەرەکانی تری وەدەدا تا بزانێ چۆن چۆنی دەمرن . هەر ئەوەشە وام لێدەکات هەندێک جار هیچ بەزەییم بە مرۆڤ دانێتەوە لەو شتانەی بەسەری دێن ، بەڵکو بەزەییم بەو ئاژەڵ و ڕووەکانەدا بێتەوە کە توشی درندەیەکی وەک مرۆڤ هاتوون .

هند ئەوەندە ئازاری بینیبوو بە دەست دەوروبەر و داوا نەبڕاوەکانی شێخ و بەکەم سەیرکردنی مێیینە ، بە قوڵی گوێ لە قسەکانی باپیرم دەگرێت ، هەست بە ووشە بە ووشەیان دەکات . ڕاستە قسەکانی باپیرم لەسەر پەیوەندی ژن و مێردایەتی و ئەو ئەقڵیەتە ئایینی و کەلتوریە نەبوو کە لە هەموویاندا پیاو سالاری باڵا دەست بوو ، بەڵام ستەم هەر ستەمە ، دەسەڵات و دەستدرێژی و زوڵمیش هەر زووڵم . ئەو باسی درندایەتی مرۆڤی دەکرد ، ئێ ئەوانەش جۆرێکن لە درندایەتی. ئەو متمانەی تەواوی بە باپیرم هەبوو ، دەشیزانی کەسێکە نەهاتووە بۆ تەحدا ، بەڵکو دژی تەحدا وەستاوەتەوە چونکە چەند جار لای هند باپیرم درکاندبووی ئاغا کوردەکان و شێخە عارەبەکان بە قەد مووێەک چیە جیاوازیان نیە . هەردوو لا ستەمکارن هەر یەک بە جۆرێ . وە هند زانیبووی ئەو لە ڕابردوو بە داس لە یەکێک لە ئاغاکانی داوە و لە براکانی هەڵگەڕاوەتەوە و حاشای لێ کردوون ، لەبەرئەوەی کلکیان لەگەڵ ئاغاکان کردبووە یەک و خەڵکی ڕەش و ڕووتیان دەچەوساندەوە . وە زانیبووشی بۆ ماوەیەک لەو چیایە یاخی بووە و نەگەڕاوەتەوە ناو ئاوەدانی . ئینجا بێ

ئەوەی باپیرم ئاگای لە بیرکردنەوەکانی هند بێ ، لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ تۆ سەیرکە ئەدی دڕندایەتی چۆنە ؟
ئێستا پیاوێک جا چ عەرەب بێ یان کورد ، یان هەر قەومێکی تر ، توشی کچێک بێ لەو ئاقارانە مەگەر چۆن ، ئەگەرنا دەستدرێژی دەکاتە سەری ئەگەر لەسەریشی بدرێ . ئێ ئەوە لە گورگ و هیچ ئاژەڵێکیتردا نیە ، هەر یەک لەو ئاژەڵانە نێرەکان کە توشی مێیەک دێن جا لە هەرکوێ بێ ، پڕی نادەنێ ئەگەر مێیەکە بە خۆی ئامادەی ئەو کارە نەبێ . ئاخەر وا بیر لەوە دەکەمەوە بێ هۆ نەبوو هەموو جارێ بابم کە تورە دەبوو لە قەهران ڕووی لە ئاسمان دەکرد و دەیگووت "خوایە چیت دڕووست کردووە بەس پێم بڵێ ، بیللا ئێستا تەقینەوەیەکی گەورەباما خۆم دەتەقاندەوە دژی مرۆڤ قیڕسی لە خۆم ". هند و باپیرم تا درەنگ لە پشت خیوەتەکان بەیەکەوە دەمێننەوە ، پێش ئەوەی باپیرم بیەوێ بڕوا ، هند دەڵێ کەمێک چاوەڕێ کە ئێستا دێمەوە ، ئینجا دەچێ پارچە ڕایەخێکی بچووکی یەک کەسی لە خوری چنراوی بۆ دێنێ بە دیاری ، باپیرم کە ڕایەخەکە دەکاتەوە لەڕێی نەخش و نیگارەکانیەوە دەبینێ دەستکردی گۆڵهەنار و دایکیەتی. کە نەخش و نیگاری ئەوان لە ناوچەکەدا لە هی هەموو خەڵکی جیاواز تر بوو ، ئەوان هەمیشە وێنەی گوڵ و بەرخ و چۆلەکە و ئەسپیان دەکێشا لەسەر ئەو مافور و کۆمبار و شتە چندراوانەی دڕووستیان دەکرد و دەیانفرۆشتە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر . ئینجا فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا

دێتە خوارێ و دەگرێ . هند سەیری پێ دێ بەڵام دەمێک هیچ نااڵێ . کە باپیرم فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە ، هند پێی دەڵێ چ شتێک هەیە دڵتەنگی کردبن ؟ باپیرم دەڵێ زۆر شت بەڵێ . ئەو ڕایەخە چۆن گەیشتۆتە ئێرە ؟ هند دەڵێ لە تاڵانی پێرار، دەزانم ئەوە هی ئێوەیە و بە دەستی ژنە کوردەکان چندراوە . باپیرم دەڵێ بەڵێ شێوەکان دەناسمەوە مەگەر شتێک لەوە بە ئازارتر هەیە ؟ ئینجا بە ووردی سەربردەی گوڵهەنار و دایکی بۆ دەگێڕێتەوە و باسی ناو و ناوبانگی گۆڕەکانیانی بۆ دەکات . وە پێشی دەڵێ زۆر زوڵم هۆکار بوو من بە داس لە ئاغا بدەم ، بەڵام هۆکاری سەرەکی کوشتنی ئەو گوڵهەنارە بوو بەدەستی فرسەتە کەڕ .

بەهەرحاڵ دیاریەکەت لە هیچ لەو دیاریانەی دونیا ناچێ کە تا ئێستا بینیبێتم ، چەند سەیرە .

ئینجا لەگەڵ ئەم قسانە لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە و دەڵێ دەبێ بڕۆم هاوڕێکانم چاوەڕێم دەکەن . بەو هیوایەم عارەباکان چیتر هێرش نەکەن ، چونکە دەزانم زۆر کەس دەکوژرێ ئەمجارە. هندیش لەگەڵی هەڵدەستێتەوە و دەڵێ منیش ئەوە دەزانم ، بەڵام شێخ ئەمشەو ئەو دانیشتنەی ڕێک بۆ هێرشکردنە سەر ئێوە ڕێکخستووە . باپیریشم پێی دەڵێ چۆن دەتوانین بەوە بزانین کەی هێرش دەکەن ؟ هند دەڵێ ئەوە تۆزێک بۆ ژنان زەحمەتە ، تەنیا ئەگەر لە ڕەسوڵی قاوەچی بپرسم . باپیریشم دەڵێ کەی دەتوانی لێی بپرسی ؟ هندیش دەڵێ ئەگەر پێویست بێ هەر ئەمشەو .

ئینجا باپیرم پێی دەڵێ چۆن پێویست نیە ئەی هند ، لە کاتێکدا وا پیلان دژی ئێمە دەگێڕن ؟ دەزانی لە هەر هێرشێک لەو هێرشیانەی کراوە چەند ژن و منداڵ لێک جیاکراونەتەوە و بوونەتە قوربانی ؟ دەزانی چەند کچی تازە پێگەیشتوو و پاک بردراون ؟ دەزانی چ زەرەرێکی ماددی بەدوای خۆیداهێناوە و ڕەنجی چەند جۆتیار و ئاژەڵدار کە بە ئارەقەی خۆیان هەوڵیان داوە بەخەسار چووە ؟ ئاخەر چۆن دەبێ هەندێک لە مرۆڤەکان کاربکەن و بە دەستی خۆیان نان پەیدا بکەن ، هەندێک بێنە سەر ئەو حازریە و لێیان بخۆن ؟ هندیش دەڵێ بەڵێ بێگومان دەزانم ، بیرم لە هەموو ئەو شتانە کردۆتەوە . باشە تۆ چۆن لێکی دەدەیەوە ، ئەگەر هاوکاریت بکەم ؟ باپیریشم دەڵێ جوان ، لەبەرئەوەی ئەوان دەستدرێژیکارن نەک ئێمە . ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە و هاوکاریشت بکردباین ، پێم دەگووتی خیانەتکاری بەرامبەر هۆزەکەت ، ڕەنگە خۆم ئەوکات قبوولّی ئەوەم نەکردبا ، یان ئێستا لەگەڵ تۆ لێرە نەبام . مرۆڤ پێویستە بەرەنگاری هەموو زوڵمێک ببێتەوە جا با دژی هۆزەکەی خۆشی بێ ، زوڵم هەر زوڵمە . هند دەست لە سەر شانی باپیرم دادەنێت و دەڵێ بە هەرچی پیرۆزیە قەسەم ئەو وەڵامەت نەدابوایەوە من هاوکاریم نەدەکردی ، ئەگەرچی هیچ گومانم لەوەدا نەبوو هەر وا وەڵامم دەدەیەوە ، چونکە هەموکات پێم وابووە هاوکاری هەرکەسێکت کرد ، ئەگەر بە ناپەسەندی لێکی دایەوە ئەوە بزانە خودی کەسەکە ناپەسەندە و هاوکاریەکەش هیچ

خێرێکی بە نێوچاوانیەوە نیە شەڕ نەبێ . لێرەبە کەمێکی تر دێمەوە . ئینجا هند دەچتەوە ناو خیوەتەکان و بە یەکێک لە خزمەتکارەکان بانگی ڕەسولی قاوەچی دەکات ، ڕاستەوخۆ لێی دەپرسێت ئەو دانیشتنە بە چ بۆنەیەکەوە ڕێکخستراوە ؟ ڕەسولیش پێی دەڵێ دایان ناوە دووسبەی هێرش بکەنە سەر کوردەکان . هندیش دەڵێ چۆن ئەوەتزانی ؟ ڕەسولیش وەڵامی دەداتەوە کاتێک قاوەم دەگێڕا گوێم لێ بوو شێخ وای بەمیوانەکان گووت. هندیش دەڵێ زۆرچاکە بەو هیوایەم دەستکەوتی باش بەدەست بێنن بڕۆوە کارەکەت . هند کە ئەو قسەیەی کرد لەبەر ڕەسول بوو بۆئەوەی هەست بە هیچ نەکات . ئینجا ڕەسول دەگەڕێتەوە ناو دانیشتنەکە و هندیش دەچێتەوە لای باپیرم ، وەکو خۆی کاتی هێرشکردنەکەی پێ دەڵێ . باپیریشم وەکو نزیکترین هاوڕێ نێوچاوانی ماچ دەکات و دووبارە لەوێ لێک جیادەبنەوە . لەکاتی ڕۆیشتن هند ئەوەندە دەڵێ بەو هیوایەم لەو شەڕە هیچت بەسەرنێ و بتبینمەوە . باپیریشم ئاوڕدەداتەوە و دەڵێ منیش بەو هیوایەم خاتوو هند . خۆزگە بەهەوالّی بەهلولیشم نەزانیبا ، ئەو پیاوێکی ئازا بوو . هندیش دەڵێ بەداخەوە ، پیاوە ئازاکان ئەوە چارەنوسیتیان . ئینجا لە تاریکی لێک وون دەبن و هەریەکەو ڕێی خۆی دەگرێ . هند دەچێتەوە ناو خیوەتەکەی و لە سەرجێگاکەی ڕادەکشێ ، بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە لەو ماوەیە بە دوای یەکدا ڕوویانداو خەریکە ڕوودەدەن . باپیریشم کەند و کەند خۆی دەگەینێتەوە ئەسپەکەی و

سواری پشتی دەبێ، هەر بەمشەوە دەچێتەوە لای هاوڕێکانی. ئەسپەکەی لەلای ئەسپەکانیان دەبەستێتەوە و دەچێتە ناو ئەشکەوتەکە ، دەبینێ هەموویان خەوتوون یەکێکیان نەبێ ، لە لایەک ئاگرێکی کردۆتەوە ، چایەپەستێکی ڕەشی چای لەسەر دانەوە ، باپیریشم چایەک دەخواتەوە و دوای گفتوگۆیەکی کەم ، جێیەکەی خۆی ڕادێخێ و پاڵدەداتەوە ، ئەو ڕایەخەی لە هندیش بە دیاری وەریگرتبوو ، ئەگەرچی هی لەژێرەوە ڕاخستنبوو ، ئەو بە خۆیدا دەدات و هەندەی پێناچێ لە ماندویەتیان کە چەندین ڕۆژ بوو لەو هاتووچووە ئیسراحەتی نەکردبوو ، دەخەوێ. چونکە ئەو دڵنیا ببۆوە کەی هێرش دەکەن ، ئەمەش بۆ ماوەیەکی کورت ئارامی پێ دەبەخشی .

****

بۆ بەیانیەکەی کە لە خەوهەڵدەستن باپیرم بە سواره جوتیار و ئاژەڵدارەکان دەڵێ عارەبەکان سبەی هێرش دەکەن ، ژمارەشیان ڕەنگە زۆر بێ ، ئەمشەو شێخ خەڵکێکی زۆری لە خۆی کۆکردبۆوە ، پێویستە ئێمە ئەمڕۆ شوێنێک نیشان بکەین بۆ لێدانیان . ئاغاکان کە گوێیان لەو هەواڵە دەبێ ڕاستەوخۆ دەیانەوێ پاشەکشێ بکەن و دەست هەڵگرن لەو بڕیارەی دابوویان . کە باپیرم هەست بەمە دەکات دەڵێ کەس نەڵێ ئەو شەڕە بە ئێمە ناکرێ ، یان ئەو هێرشە هی ئەوەنیە بە بیست کەسێک بەرەنگاریان ببینەوە . ئەوان لە هێرش دان ،

ئێمە لە بەرگری ، ئەوان شوێنیان بەرچاوە و دەشتاییە ، ئێمە شـوێنمان شـاراوە و عاسـێیە . یەکێـک لە ئاغاکـان خـۆی پێناگیرێ و ڕێک ئەوەی باپیرم پێی گووتبـوون مەیڵێن ، ئەوە دەڵێ . باپیریشم لێی تـوڕە دەبـێ ، پێی دەڵـێ ئەدی ئێوە چی دەکەن ، هەر ئـازان بەسـەر خەڵکی ڕەش و ڕووتـی خۆتـان بنەڕێنن و ئیشیان پێ بکەن ؟ کە قسەشیان کرد بە گۆپاران وەریان گەڕێنێ و سـەر و گوێلاکیـان بشکێنن ؟ پیـاو بـن لەم شـوێنە چـاو سـوربکەنەوە و دەسـت بوەشـێنن ، نەک لە شوێنێک چ پێویستی بە چـاو سـورکردنەوە و نەڕاندن نیە . هەرنـا وەکـو شـێخ بـن ، چـانیە ئەو هەرنـا خەڵـکەکەی لەو هێرشانە سودمەند دەبن ، کەچـی ئێوە بە قەد ئەویشـتان پـێ ناکرێ ، تەنانەت لێشیان دەخـۆن . لەو بینەو بەردەیە دەبێتە شـەڕیان ، باپیریشـم دەزانـێ ئەو هـی ئەوە نـیە پشـتی پـێ ببەستێ ، دەکشـێتەوە دواوە و لێی ڕادەکێشـێتە تفەنگەکەی ، پێی دەڵێ دەزانـم تۆ بە کەلکی ئەوە نـایەی بمێنیتەوە ، بەڵام دڵنیام چەکەکەت بە کەلک دێ ، هەر ئێستا چەکەکەت بەجێبێڵە و بـڕۆ ، ئەگەر یەک ووشـەش چـیە لە دەمـت بێـتە دەرەوە ئەلێـرە کەللەی سـەرت کـون دەکەم. ئینجـا تفەنـگەکەی لـێ دەسـتێنێ و بە پـێ دەینێـرێتەوە بـۆئەوەی بەوە ڕانەگـا بچـێ هەواڵەکە بە عارەبەکانی ئەم دیو ڕابگەیێ . ئاغاکانیتریش لە ترسان بێ دەنگ دەبن . پاشان هەڵدەستێ چەند شوێنێک لەو دەربەنـدەی عارەبەکـان پێیـدا تێـدەپەڕن نیشـان دەکـات . بە سـوارەکانیش دەڵـێ هەر کەسـێک لەو شـەڕە دوو دڵە

بابڕواتەوە ناو ماڵ و منداڵەکانی ، پێویست ناکا ووردەی ئێمەش تێکبشکێنێ و لە شەڕدا شوێنەکەی خۆی بەربدا ، هەرکەسێکیش دەیەوێ شەڕبکات با پابەندی پلانەکان بێت ، ئینجا کە هەموویان دووبارە ئامادەبوونی خۆیان نیشان دەدەن ، دەڵێ کەواتە سبەی هەرکەسەو شوێنی خۆی بناسێتەوە دەبینە دوو بەش ، بەشێک لەوبەری چیا بە دیوی ئەم دیو لە کەمیندا دەبین ، بەشێکیش لەم بەرەی چیا بەم دیوە . تا عارەبەکان نێنە ئەم دیوە کەس نابێ تەقەیان لێبکات ، کە ئاودیو بوون ئینجا تفەنگچیەکانی ئێرە لێیان بدەن ، کەسیش فیشەک بە لاش نەتەقێنێ تا دڵنیا نەبن دەیانپێکن ، پاشان کە پاشەکشەیان کرد با سوارەکانی ئەوبەر لێیان بدەن بە هەمانشێوە ، بەم جۆرە توانای بەرگریکردنیشیان نابێ لە یەکتری بکەن و بکشێنەوە ، زەڕبەیەکی کوشندەیان بەردەکەوێ ، زەڕبەیەک تا دونیا ماوە لەبیری نەکەن .

****

ئەو ئاغایەی باپیرم تفەنگەکەی لێدەستێنێ و بە پێ دەینێرێتەوە ، لەنزیک گوندی کورتاندرو لە ڕێگا توشی شوانێک دەبێ ، کە پێشتر لای ئەو سەپان بووە ، دەگێڕنەوە کاتێک ئەو شوانە لای ئەو ئاغایە بووە، چەندینجار بە چللەی زستان ڕووتی کردۆتەوە و بە زۆر ناردوویەتیە ناو گۆمی پڕ لە شەختە . چەندینجار ئەو شوانە لەپڕ گەڕاوەتەوە ماڵەوە

بینیـوێتی ئەو ئاغـایە لەســەر ژنەکەیەتـی . هەرکـاتێکیش لە ژنەکەی دەپرسێ بۆ وادەکەی لەگەڵی ؟ ئەو لە وەڵامدا گریاوە و گووتویەتی ئاغا دەڵێ ئەگەر ئەوەم لەگەڵ نەکەی مێردەکەت دەکوژم و منداڵەکانیشت بێ نان دەکەم . ئینجا شـوانەکە کە ئاغا دەبینێ بێ چەکە و لەو دەشت و دەرە هیچ لەو زیاتر نیە پێی دەڵێ هـا ئاغـا دەبینم پیـادەی ، خێرە ؟ ئاغـاش وەڵامـی دەداتەوە بەڵێ تا بزانم ئەوەی چاندیتم بـاش دەیـدوورمەوە ، وەک دەزانـی مـاوەیەک لە لای مـن بـووی ، ئێستاش مـن لـێم قەوماوە بزانم چیم بۆ دەکەی ؟ شـوانەکەش دەڵێ هیچ ، تۆ تۆیەکت نەچاندووە بەری باش بدا . ئەمڕۆ ڕۆژی مێرانە وەرە بـزانین ئەو پیـاوەی وەک ئەوەی خـۆت دەردەخسـت ؟ ئاغـا دەزانـێ دەرەقەتـی نـایێ ، بە چەک و پیـاوی زۆر نەبـێ ، پێی دەڵێ ئێمە لە مێژە دۆستی یەکترین ئەوە چ قسـەیەکە دەیکەی؟ شوانەکەش دەڵێ خێرە ئاغـا ؟ ئەدی بـۆ کە دەسـتت دەڕۆیـی سەپان و ئاغا بووین ؟ دڵنیابە قوتارت نـابێ ، لەمـڕۆ باشـترم بۆ نارەخسـێ تۆڵەی ئەو هەمـوو غەدرەت لێبکەمـەوە کە لێت کردووم . لێت دام ، لە ئـاوی سـاردت هەڵێنـام ، چـوویە لای ژنەکەم واتدەزانی نازانم . پاش ئەو هەموو شتەش نانی خۆم و مـاڵ و منداڵت بڕیم . ئێستاش دەڵێی دۆستین ؟ ئەوە بـزانە ئەگەر تا ئێستا لە داخان نەمردووم لە دەرفەتێکی وا دەگەڕام. ئینجـا گۆپـارەکەی فـڕێ دەدات و دەڵـێ ئێسـتا وەکـو یەکـین کەسـمان هـیچ چەکێکمـان پـێ نـیە لە شـەڕ بەکـاری بێنـین ، بەردیش لەو بنارە زۆرە بۆ کێ ڕەخسا با دەستکاتە کام بەرد

شیاوە بیکێشێ بەسەری ئەوەی تردا ، ئینجا دەستەویەخە دەبن و دەمێکی باش یەکتری لە خرت و خۆڵ وەردەدەن ، شوانەکە لە ئەنجامدا دەست لە قرقرتۆکی ئاغا دەنێت و دەیخنکێنێ ، پاشان بەبەردێک سەری پان دەکاتەوە و دەیکاتە ماری ژنان کوشتی . لای ئاغا وابوو بەرلەوەی وای بەسەر بێت ئەگەر بەرەنگاری عارەبەکان نەبێتەوە لە مردن دەربازی دەبێت نەیزانی بە پێچەوانەوە بەرەو مردن دەچێت و شتێک نیە بە ناوی ڕاکردن لە مردن .

****

ڕۆژی دواتر باپیرم و سوارەکان لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژ دەبنە دووبەش ، هەندێکیان لەودیوی چیا کەمین دادەنێنەوە و دەچنە ناو ئەو غەرەبەرد و نارچانەی بۆ خۆ حەشاردان دروستیان کردبوو ، هەندێکیشیان لە قەد تەلانەکان خۆیان لە بن کونە شاخە تاریکەکان حەشار دەدەن . تا نزیک نیوەڕۆ هیچ هەست و خوستێک نابێ ، دونیا کش و مات خۆی دەنوێنێ ، لەناو چیا دەنگی کەو و سوێسکە و باڵندە کێویەکانی تر دێتە بەر گوێیان . دوای مانەوەیەکی زۆر بەم شێوەیە یەکێک لە سوارەکان کە بۆ چاودێریکردنی ئەم دیو داندرابوو لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە و لە کلکەی چیا سەیری دیوی قەراج دەکات ، دەبینێ لە دوورەوە تۆزێکی زۆر لە زەوی بەرزدەبێتەوە هیچ سواربکیش دیارنیە ، پاشان

هێدی هێدی تۆزەکە زیاد دەکات و سوارەکانیش باشتر دەبیندرێن ، چەند نزیکتر دەبنەوە ئەوەندە ژمارەیان زۆرتر دێتە بەرچاو ، تا وای لێدێت دەردەکەوێ بەلێشاو عارەب بەڕێوەن بە سواری ئەسپ و حوشتر و پیادە . ئینجا بە غلۆر کردنەوەی بەردێکی گەورە باپیرم و هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە ، کە غلۆرکردنەوەی بەرد نیشانەیەک بوو لە نێوانیان . باپیرم بە دەستەکەی خۆی دەڵێ لێگەڕێن با تەواو لە ئێمە تێپەڕن تا دەرفەتی گەڕانەوەیان زەحمەت بێ ئینجا تەقەیان لێدەکەین . وەکو گووتیشم هیچ فیشەکێک بەلاش مەتەقێنن ، سێرە بگرن ئینجا تەقە بکەن . کە عارەبەکان دەگەنە نزیک چیا ژمارەیان ئەوەندە زۆر دەبێ ، بنارەکە یەک پارچە سپی دەچێتەوە لەگەڵ ئەو هەموو جشداشە و چەفیەی لە سەریان دەبێ . ئینجا هێدی هێدی دەگەنە ناو دەربەندەکە کەمینی یەکەم تێدەپەڕێنن ، پاشان دەکەونە پێش کەمینی دووەم . کە تەواو دەربەندەکە بەجێدێڵن ، باپیرم بە دەستەکەی دەڵێ ئامادەبن ، ئینجا سێرە دەگرن و ڕاستەوخۆ لێیان دەدەن ، لێکڕا لە هەموو لایەکەوە دەبێتە تەقە هەر لەگەڵ لێدانی یەکەم لەشکری عارەبەکان لێک دادەبڕێن ، دووبارە باپیرم و هاوڕێکانی بە پەلە فیشەک لێدەخورنەوەبەرێ و دیسان لێیان دەدەنەوە ، شەڕەکە گەرم دەبێ ، شریقەی تفەنگەکان و کزوهۆڕی گوللە کاتێک بە بەرد و شاخ دەکەوێت و هەردەقۆزێتەوە دەنگ دەداتەوە لەوچیایە ، عارەبەکانیش دەست دەکەنەوە بەڵام ئەوەی بۆیان دەبێتە کێشە ئەوەیە

ئەوان لێیان دیار نابێ تەقەکان لە کوێوە دەکرێن . شەو با هێشتا باشتر بوو لەبەر ئاگری لولەی تفەنگەکان . بەڵام بە ڕۆژ کێشەکە لەوەدایە ئەوەندە ئاگرەش نابیندرێ لە کاتی تەقەکردن. ناچار پاشەکشە دەکەن بەرەو دەربەندەکە ، چونکە ئەوان زوو بۆیان دەردەکەوێ ئەگەر لەو شوێنە بمێننەوە کەسیان بە ساغی دەرناچێ . لەو بەینە ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکوژرێ و ژمارەیەکی زۆریشیان بەبرینداری بەجێ دەمێنێ. کە دەشگەڕێنەوە لە پشتڕا دەستەی دووەمی کەمینەکە دیسان لێیان دەدەنەوە ، هەندەی تر سەریان لێ دەشێوێ ، ناچار هەرکەسەو بەو ئاقار و کەندانەی لەو ناوچەیەدا هەیە پەرت و بڵاو دەبن و ڕادەکەن .

ئینجا باپیرم و سوارەکانی لە شوێنی خۆیان دێنە دەرەوە و دەچنە سەر برینداران و کوژراوەکان . جەستەی پێکراوی برینـدارەکان بەو چەفیـانەی لە مەیـدانەکە کەوتبـوون دەبەستنەوە و دوو دوو و سێ سێ دەیانخەنە سەر پشتی ئەو ئەسپانەی خاوەنەکانیان بەجێنەهێشتبوو لەناو ئەو هەموو تەق و تۆقە ، دەیان نێرنەوە بێ ئەوەی ئەزیەتیان پێ بگەینن .

وە بە چەند کەسێکیش لەناو برینـدارەکان ڕادەسپێرن بە عارەبەکان بڵێن سبەی بابێن تەرمەکان ببەنەوە ، ئێمە حەقمان پێیاندا نیە، وە پێشیان دەڵێن ئێمە بەو ڕووداوە دڵتەنگین ، بەڵام هیچ چارەیەکیترتان بۆ نەهێشتبووینەوە لەو بەرەنگاریە زیاتر ، بەو هیوایەن چیتر هێرش نەکەن بۆئەوەی هەرچنا کەس نەکوژرێ و منداڵی کەس هێتیم نەبێ و هیچ ژنێک بێ

هاوسەر نەمێنێتەوە . پاشان هەموو ئەو چەک و فیشەکانەشی لە مەیدانی جەنگەکە بەجێمابوو کۆدەکەنەوە و دەیانبەنە ناو ئەشکەوتەکە ، لە شوێنێکی بەرز دایاندەنێن .

کاتێک باپیرم سەیری ژمارەی هاوڕێکانی دەکات ، دەبینێ چواریان دیار نین ، یەکێک لە ئاغاکان و سێ لە جوتیارەکان ، کە بە پەلە دەچێتە ناو غەرەبەردەکانی ئەو بەری دەربەندەکە کە شوێنی کەمینی دووەم بوو دەبینێ یەکێک لە جوتیارەکان سەری بە لایەکدا خواربۆتەوە و پێکراوە ، کە دەچێتە ئەولاتر دەبینێ بە هەمانشێوە یەکێکی تریشیان پێکراوە تا تەرمی هەر چواریان بەمشێوەیە دەدۆزێتەوە . پاشان لەناو غەرەبەردەکان دەریان دەهێنن و لەلای یەکیان دادەنێن . لەگەڵ دۆزینەوەی تەرمەکان یەکێک لە ئاژەڵدارەکان لەوکاتە لاوکێکی دوورو درێژیان بەسەردا هەر دەڵێ بە " ماڵئاوا ماڵئاوا لە دونیایێ " دەست پێ دەکات ، باس لە ماندوبوونی جوتیارەکان دەکات و ناوی یەک یەک ئاقار و گرد و مەرقەدەکان دێنێ . باس لە ژیانی گوند و خانووە قوڕەکان دەکات ، باس لەو کێشکانە دەکات کە لە کاتی باران بارین خۆیان لە ژێر سواندەی خانووەکان مات دەکەن و دوای باران بارین لەسەر زەوی قوڕ لە دان دەگەڕێن و جار جار بە جریوە جریو بەشەڕ دێن. باس لە کەرووێشکەی گەنم و جۆ دەکات و درێژەی پێدەدات تا گوڵەکانیان زەرد دەبن و مامز نزیک دەبێتەوە لەزان . باس لەوە دەکات کاتێک ئەوەندە سواڕە گوند بەجێدێڵن و دێن لەو چیایە لەپێناو پاراستنی شوێنی ژیانیان و خەڵکەکەیان گیانی

خۆیان بەخت دەکەن.پاشان دێتە سەر ئاغاکە و دەڵێ " لێ گەورەی گەوران ، لێ گەورەی گەوران " تۆ وەکو هیچ لە ئاغاکانی تر گیانت نەسپارت ، لێ گەورەی گەوران . لەگەڵ مردن دەستت بە ژیان کردەوە ، لێ گەورەی گەوران ، کەچی کاتێک کە لە ژیان دابووی و خەڵکەکەت جێهێشت و هاتیە ئیرە لە دڵیان مردبووی ، لێ گەورەی گەوران ، بەڵام ئێستا کە مردووی و دەگەڕێیەوە ناویان لە دڵیان زیندووی لێ گەورەی گەوران ، لێرە بە دواوە هەموومان خۆشماندەوێی لێ گەورەی گەوران ، ئێستا لە ڕێزی جوتیار و وەرزێرەکانتی دەوای لۆ لۆ دەوای لۆ لۆ دەوای لۆ .

ئینجا ڕوو لە دەربەندەکە و تەرمی لەسەر زەوی کەوتوی ئەو هەموو عارەبە دەکات و بەمشێوەیە کۆتایی پێ دێنێ و دەڵێ ئێمە بە مردنی دوژمنەکانیشمان دڵتەنگ دەبین ، دەوای لۆ ... فرمێسکەکانمان بەشێک بۆ ئەوانیشە دەوای لۆ ، دەوای لۆ کورد و عارەب دەوای لۆ ، دەوای لۆ دۆست و دوژمن دەوای لۆ .... باپیرم و سوارەکان بە دیار ئەو لاوکەوە زۆر دەگرییێن دواتر تەرمەکان لە پشتی ئەسپەکانیان قایم دەکەن و بە یەکێک لە سوارەکان دەیانێرنەوە گوند . هەواڵی ئەم شەڕە بە هەموو قەراج و کەندێناوەدا بڵاودەبێتەوە . بۆ ئێوارەکەی لەناو عارەبەکان دەبێتە تازیە و شینگێڕان و هاوار هاوار .

هەر ڕەشمالێک پیاوی نەگەڕابۆوە دەنگی گریان تێدا بەرزدەبۆوە . هەندێک کە زانیبوویان بەر لەشەڕەکە باپیرم و سوارەکان چۆنەتە لایان بۆئەوەی هێرشەکان ڕابگرن ، بە بنی

لێوەوە نەفرەت لە شێخ و ئەو کەسانە دەکەن دووبارە هێرش کردنیان هەڵبژاردبوو.

****

ئەوەی لەو شــەڕە ســافی وەردەگرێــت و بە ســاغی تێیــدا دەربازی دەبێ شێخ و چەند کەسێک لە دارودەستەکەی دەبن، چونکە خۆی و ئەو چەند کەسە لە شەڕەکە نزیک ناکەونەوە ، هەر زوو بەهۆی شارەزایی بوونیانەوە لەشەڕ پێشبینی ئەوە دەکەن ، کوردەکــان ئەگەر بەرگــری بــکەن و بەرەنگــاری عارەبەکان ببنەوە ئەو دەربەندە هەڵدەبژێرن ، لە سەر یەکێک لە لوتکەکــانی ئەو چیــایە لە دوورەوە بــێ ئەوەی بێنە پــێش چاودێری دەکەن بــزانن چ ڕووەدا ، کە دەبینن عارەبەکــان تێکشکێندراون لە گەریەک خۆیان مات دەکەن تا شەو دادێ ، پاشان دەگەڕێنەوە و بە خەڵکەکە دەڵێن ئێمە شکستمان هێنا ، چونکە کوردەکان هەموویان چەکیان هەڵگرتوو و بۆ بەرگری چوونەتە چیا ، هەواڵەکە وا بڵاو دەبێتەوە ، جا دیار نیە شێخ کە وای گووتووە بۆئەوە بووە عارەبەکان هەموو لەم شــەڕە بگڵێنێ ، یــان بەڕاستی وایزانیــوە ژمــارەی ئەو بیست و ســێ سواڕە کوردە زۆر لەوە زیاتر بووە ، کە بینیوێتی ئەو هێرشە گەورەیەی عارەبەکانیان لەو دەربەندە تێک و پێک شکاندووە. ئەوە جیا لەوەی هەندێک لەوانەی لە ناو شــەڕەکە دابــوون و دەربازیان ببوو ، کە گەڕابوونەوە گووتبوویان ئێمە بەچــاوی خۆمــان هــیچ بەنــی ئادەمێکمــان نەبینــی ، کەچــی لە هەمــوو

لایەکەوە گوللەمان بۆ دەهات ، پێمان وابوو خودی شاخەکان بوون تەقەیان دەکرد ، بێ هۆنیە دەڵێن کورد نەوەی جنۆکەن. هەندێکیتریش گووتبوویان ئێمە بە چاوی خۆمان بینیمان شتی سپی سپی لە شێوەی گەردەلول ، تفەنگیان بە دەستەوە بوو ، لەو سەر شاخ بازیاندەدا بۆ ئەو سەر شاخ ، کە سێرەی تفەنگمان لێدەگرتن و تەقەمان لێ دەکردن ، پێیان نەدەکەوت. بەمشێوەیە هەزاران چیرۆک و ئەفسانەیان خستە پاڵ ئەو چەند سواره .

خەڵکە کوردەکەش کە ئەو ڕۆژە گوێیان لەو هەموو تەقەیە ببوو لە چیا ، گووتبوویان ئەوانە هەموویان کوژراون و عارەبەکانیش دەگەنە ئێرە ، بیست و سێ کەس چۆن دەتوانن بەرەنگاری ئەو شاڵاوە گەورەیەی عارەبەکان ببنەوە.

هەر گوند و چەندین پیاوی لەخۆ گرتبوو ، کەس جورئەتی ئەوەی نەکردبوو هەرنا بچن بە هانایانەوە ، کە تەرمی چوار سواره کوردەکانیش بەرە بەری ئێوارە دەگاتەوە گوند ، لەوێش تادرەنگ دەبێتە شین و لەخۆدان و سەردولکە گووتن. پاشان چەند گۆڕ هەڵکەنێک لە گۆڕستانی گردی کۆزە پانکە گۆڕیان لە تەنیشت یەک بۆ هەڵدەکەنن ، هەر بەو شەوەش چەند کەسێکی بەهێز دوای شوشتن و ئایەت خوێندن لە سەریان و ئەنجامدانی نوێژی مردوو ، لە ناو چوار دارەبازەی جیا لەیەک کە هەر یەکەو لە گوندێکی دەوروبەر پەیدایان کردبوو ، هەڵیان دەگرن و بەڕێدەکەون بۆئەوەی لە گۆڕیان بنێن ، خەڵکەکەش هەرکەسەو دوو دوو و سێ سێ لە

تەنیشت یەک دەست بە فانۆس و چرا و داری بە ئاگر ، بە دوای دارەبازەکانـــدا دەڕۆن. کە دەگەنە جـــێ ، بەر لەوەی بیـــاننێژن بـــاپیرم و دوو لە ســـوارەکان بە سەرپشـــتی ئەسپەکانیانەوە لە ناو تاریکی بە دیار دەکەون ، وەک ئەوەی لە ئەزەلەوە کـوڕی شـــەو بـووبن . کە خەڵـکەکە دوای ئەو بەرەنگـاریە گەورەیە چاویـان پێیـان دەکەوێ ، بەگریـانەوە بەرەو پیلیان دەچن و لە باوەشیان دەگرن ، هەندێک ئاغا کە نەبەژداری شـەڕەکە ببـوون و نە دڵیشـیان بەو سـەرکەوتنە خۆش بوو ، بەو پێشوازیە گەرمەی خەڵک ڕوو گـرژ دەبـن ، چونکە تا دەهات ناو و ناوبانگی سوارەکان و باپیرم دوورتر دەڕۆییشـت و زیـاتر دەکەوتـنە سـەرزاران . نـاو و ناوبـانگی ئاغاکانیش کاڵتر دەبۆوە و گلۆرەیان ڕوو لە لێژی بوو ، زۆر بەکەمی باس دەکران .

ئینجا کە تەرمەکان دەنێژن ، هەر لەسەر گۆڕەکانیان باپیرم بە خەڵکەکە دەڵێ ئێمە بە ئـازایەتی چەنـدین پیاوخاسـی وەکـو ئەوانە ، دەست بۆ گۆڕەکان دەبات ، دواییـن هێرشی گەورەی عارەبەکانمـان تێکشـکاند و سـەرکەوتین بەڵام ئەوە کۆتـایی شەڕەکە نیە بەڵکو دەستپێکە ، ئەگەر نێن بەژداربن لەگەڵمان ، غەمی چەک و فیشەکیشتان نەبێ بای ئەوە دەستمان کەوتووە لەشـکرێک دروسـت بکەیـن . ڕەنـگە لەهەر شـەڕو چەنـد کەسێک لە دەست بدەین و کۆتاییمان پێ بێ ، لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی ئێمەش هـیچ بەربەسـتێک نـامێنێ لەبەر دەمـی هێرشـی عارەبەکـان ، کە بەربەسـتیش نەمـا وەکو لافـاو دێـن هەمـوو

شتێک وێران دەکەن و چشیان بوێ لەگەڵ گەڕانەوەی خۆیان دەیبەن . نازانم هەتاکەی دەتانەوێ ڕابکەن ، ئینجا یەک یەک لە پیاوەکان نزیک دەبێتەوە و دەچێتە ناو چاویان دووبارە دەڵێ برای ئاژەڵدار تۆ بۆ قسە ناکەی ؟ پاشان دەچێتە لای یەکێکی تر دەڵێ ئەدی کاکی جوتیار تۆ بۆ بێ دەنگی ؟ دواتر ڕوو لە ئاغاکان دەکات و دەڵێ جەنابی ئاغاکان ئێوە چی دەڵێن ؟ دەمێک بێ دەنگی ناو گۆڕستانەکە دادەگرێ کەس وەڵامی ناداتەوە ، ئەویش تورە دەبێت و بە دەنگی بەرز دەڵێ لەچی دەترسن ، لە مردن ؟ بۆ پێتان وایە ئەگەر نێنە ئەو شەڕە نامرن ؟ ئەگەر پێتان وایە ؟ دە سەیری ئەو هەموو گۆڕەکەن و لە خۆتان بپرسن ئایا ئەوانە چەندیان لە شەڕ کوژراون و چەندیشیان بە مردنی خۆیان و مردنی سەیر و سەمەرە و بێ واتا مردوون ، باشە ئەوە ڕاستە ئێوە ئامادەن لەسەر بەشەڕهاتنی سەگەکانتان یەکتر بکوژن و لەسەر مەڕچوونە ناو دەغڵێک خوێنی یەکتری فڕکەن ، کەچی نێن بۆ شەڕێک کە بەرگریە لە خودی خۆتان و هاوسەر و منداڵ و دەغڵ و دان و مەڕومااڵت و سەگ و کەر و ئەو شوێنەی لەسەری دەژین ؟ بۆ ئێستا ئەو هاوڕێیانەی وا بەم شەوە لەو چیایەن ، وەک ئێوە لە گۆشت و خوێن نین ؟ وەک ئێوە سەرماو برسیان نابێ ؟ وەک ئێوە ئارەزووی ژیان ناکەن ؟ وەک ئێوە حەزیان لە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان و جێوبانی گەرم و نەرم نیە ؟ باشە قەت لە خۆتان پرسیوە ئەگەر وایە بۆ لەوێن ؟ بۆ ئەم ڕێیەیان هەڵبژاردووە ؟ بێ گومان نا ، وە

ناشتانەوێ بیزانن چونکە لەم ڕووەشەوە ترسنۆکن ، بەرگەی بینینی بچووکی خۆتان ناگرن . کەچی ئامادەن کون بە کون بە دوای نهێنیە شەخسیەکانی یەکدا بگەڕێن بچنە بنج و بناوانیەوە تا بزانن کێ حەز لە ژنی کێ دەکات و کێ جێی ئەوەیە بخرێتە سەر زاران و حەیا و ئابڕووی ببەن ، بە دوای ئەوەوەن بزانن کێ هەبوونە بە شان و باڵی دا هەڵبڵێن و کێ نەبوونە ڕووی خۆتانی لێ وەربگێڕن . با من پێتان بڵێم ئەوان بۆ لەوێن بۆئەوەی هەرنا تۆزێک شەرم لە خۆتان بکەن . ئەوان لەوێن هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن ، ئەوان دەزانن ژیانی تاک وکۆمەڵ بەیەکەوە بەندە وەکو زنجیر و هەڵقەکانی، ناتوانن بێن خودپەرستانە بژین. ئەوان دەزانن باڵندەش ئەگەر شوێنێکی ئارامی نەبێ ناتوانێ هێلانە چابکات و هێلکەی ببێ و فەرخە بنێتەوە ، ئێستا تێگەیشتن ؟

بۆ قسە ناکەن گووتم ئێستا تێگەیشتن ؟ هەموویان سەریان لەبەرە خۆیان دەنێنەوە هیچ نااڵێن. ئینجا دووبارە باپیرم ڕوویان تێدەکاتەوە و دەڵێ بێ گومان تێنەگەیشتن ، لەبەر ئەوەی نا باسەکە قورسە ، بەڵکو لەبەرئەوەی ناتانەوێ تێبگەن خوتان بەم جۆرە ژیانە گرتووە .

ئینجا بە خۆی و بە دوو سوارەکەوە ، سواری پشتی ئەسپەکانیان دەبن و بۆ چیا دەگەڕێنەوە ، لە ڕێگا دوای بێدەنگیەکی زۆر کە تەنیا دەنگی سمی ئەسپەکان دەهات لە تاریکی، بە هاوڕێکانی دەڵێت با لەسەر بێ هەڵوێستی ئەم خەڵکە شتێکتان بۆ بگێڕمەوە دەڵێن یەکێک لە فیرعەونەکانی

میسرِ کۆیلەیەکی دەبێ ،هەموو ڕۆژێ لەگەڵ تاریک و ڕووتی بەیانیان پەنجا قامچی لێدەدات بەر لەوەی بچێتە سەرکار . دوای ماوەیەک ئەو کۆیلەیە ڕادێ لەگەڵ ئازاری ئەم قامچیانە و دواتر وای لێ دێ چێژیشی لێ دەبینێ ، فیرعەون ڕۆژێک بانگی دەکات پێی دەڵێ هەست دەکەم تۆ کۆیلەیەکی دڵسۆز بووی بۆم ، دەمەوێ لەمەوبەدوا بەیانیان لێدانی قامچیەکانت لەسەر هەڵبگرم . ئەویش کەگوێبیستی ئەوە دەبێ بەکۆڵ دەگری . فیرعەونیش وادەزانێ لە خۆشیانە ئەم گریانە ، پێی دەڵێ غەم مەخۆ تەواو ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا لە بیریکە ، دوای چەند ساڵێکی تر ئەگەر ئەوها بڕوا ئازادیشت دەکەم. کۆیلەکەش لەوکاتە بە جواب دێ دەڵێ گەورەم ئەوەم لەگەڵ مەکە تکایە ، دەترسێم دواتر کەسێکی وەکو تۆ باشم دەست نەکەوێت بەیانیان بە قامچی لێمبدات و بەردم پێ بکێشێتەوە ، ئێوارانیش نانم پێبدات و شوێنێکی بچووکم پێ ببەخشێ لێی بحەسێمەوە. فیرعەون سەیری بەو قسەیە دێت ، چونکە تەماشا دەکات ئەگەر ئەو کۆیلەیە ئازادانە ئەوەندە ئیشە بکات کە بۆ ئەو دەیکات ، ژیانی زۆر خۆشتردەبێ لەوەی بە کۆیلایەتی ژیانێکی کۆڵەمەرگی دەباتەسەر ، بەڵام هیچ نالێ . بۆ بەیانیەکەی کۆیلەکە وەکو ڕۆژەکانی تر دەچێتە لای فیرعەون بۆئەوەی بە قامچیەکەی لێی بدات ، فیرعەونیش لێی تورە دەبێت دەڵێ دەتەوێ بڕیارەکەم ڕەت بکەیتەوە ؟ بڕۆ تۆ ئێستا لێدانت لەسەر نیە . کۆیلەکەش خۆی دەخاتە بەر پێی و بە پاڕانەوە دەڵێ تکایە بەر نەفرەتی خۆتم مەخە پێویستە بە

قامچیەکەت لێم بدەی ، فیرعەون کە دەبینێ ئەو هەر پێداگرە لەسەر ئەوەی لێی بدرێ ، سزای بەندکردنی بۆ دەردەکات و دەیخاتە ناو یەکێک لە کونە ڕەشەکانی زیندان .تا ماوەیەکیش هەر بیـر لەو ڕووداوە دەکـاتەوە ، دەیەوێ تێبگـات بـۆ ئەو کۆیلەیە دڵخۆش نەبوو بەلابردنی لێدان لەسەری . ڕۆژێک بۆ خۆی دەچێتە دەم ڕووبـاری نیل ، دوای مەلەکردن لە پڕ لە خۆی دەپرسێ باشە مـن چیدەکەم لێرە ؟ بـۆ ئەگەر ڕۆژێک نێمە دەم ئەم ڕووبارە هەستێکی ناخۆشم لا دروست دەبێت وەک ئەوەی شـتێکیان لێسـتاندبمەوە ، یـان ئەرکـێکم ئەنجـام نەدابـێ . ڕاسـتەوخۆ کـۆیلەکەی بەبیـردێتەوە ، کاتێـک پێـی گووتبوو" دەترسێم کەسێکی وەکو تۆ باشم دەسـت نەکەوێت بەیانیان بە قامچی لێم بدات "، لەگەڵ ئەو بەبیرهاتنەوەیە بۆی دەردەکەوێ ئەویش کـۆیلەی شـتێکە . ئینجـا دەزانـێ مـرۆڤ چەند دەست ڕۆیشتووش بێ ، شتێک هەر هەیە خـووی پێوە بگرێ . جا ئەو شتە خوا و دەسەڵات و کورسی بێ ، یان ژن و منداڵ و ناومانڵ ، یان شوێن و خواردن و خواردنەوەیەک ، یـان وەکو ئەو کـۆیلەیە لێدانی قـامچی بە دەستی کەسـێک و کارکردن بۆ سەرداریک و چوونە بن داریک ، هەمووی یەکە . بـۆیەش بە زەحمەت دەتـوانێ دەسـتبەرداریان بـێ . هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە و کۆیلەکە لە زیندان دەردێنێ ، بە کەسێک دەڵێ قامچیەکەم بۆ بێنن ، کە قـامچیەکەی بـۆ دێنن ، ڕوو لە ئاسـمان دەکـات و دەڵـێ ئەی ئەوەی توانـای هەمـوو شـتێکت هەیە ، مـن کـۆیلەکەم دڵتەنـگ نـاکەم بەوەی حەزدەکـات لێی

بدەم ، تۆش دوورم مەخەوە بەرامبەر ئەو چاکەیەی دەیکەم لەگەڵ ئەم کـۆیلەیە ، لە ڕووبـاری نیـل و تەخـت و تـاج و هەڕەمەکەم . ئینجا وەکو پێشتر بەڵام ئەمجارە بە قەناعەتەوە پەنجا قامچی لەسەر یەک لە کۆیلەکە دەدا . دوای تەواو بوون دەبینێ کۆیلەکە دڵخۆشە و پێدەکەنێ ، وە سوپاسیشی دەکات کە دووبـارە لێـی داوە . لەو ڕۆژەوە ئەو فیـرعەونە تەواو بـڕوای دەگۆڕێت لەسـەر ئەو شـتانەی پێشـتر بـڕوای پێیـان هەبووە ناویش لەو قۆناغە دەنێ " خوو پێ گرتن " لە بیر و بڕوا نوێیەکەشی دا دێتە ئەو قەناعەتەی هیچ خۆشەویستی و عەشق و پەرستنێک تاسەر نیە ، کە بووە تاسـەر گەڕانەوەیە بۆ هەمان قۆناغی پێشوو ، " قۆناغی خوو پێگـرتن " . جـا ئەو خەڵکەی خۆشمانم وەکو ئەو کۆیلەیە دێتە بەرچـاو ، ئەوان نەدەتوانن پەسەندمان نەکەن و فرمێسکمان بۆ نەڕێژن ، نە دەشتوانن لەگەڵمان بەژداربن ، بەهۆی خووگرتن بەو جۆرە ژیانەی لەسەری ڕاهاتوون .

****

باپیرم و دوو سوارەکە کە دەگەنەوە چیا دەبینن لەبەردەرگای ئەشکەوتەکە هیچ ئەسپێکی لێ نیە . سەریان سوڕدەمێنێ . بە پەلە دێنە خوارێ و ئەسپەکانی خۆیان دەبەستنەوە ، پاشان دەچنە ژوورێ بۆیان دەردەکەوێ چۆڵە . ڕاستەوخۆ یەکێک

لە سوارەکان دەچێتە شوێنی ئاگرکردنەوەکە و دەست لەسەر مشکیەکە دادەنێت ، بزانێ گەرمە یان نا . کە بۆی دەردەکەوێ هێشتا گەرمە بە باپیرم دەڵێت لە مێژنیە ڕۆیشتوون .
سوارەکەی تریش دەڵێ سەیرە هیچ لەو تفەنگانەشیان نەبردووە کە لە شەڕەکە بە دەستمان کەوتوون . ئینجا باپیرم لە شوێنێک دادەنیشێت و دەڵێ دەزانن نەبردنی ئەو تفەنگانە واتا چی ؟ واتا ئێمە چیتر لەو شەڕە بەژدار نابین ، وە دڵنیاشم ئەو ئاغایەی لەگەڵیان بووە قسەی بۆ سوارەکانی تر کردووە و پەشیمانی کردوونەتەوە ، جا ناشزانم پیلانی چیە .
ئێوە هیوا بخوازن ئەوەیان نەچووبێتەسەر بچنەوە لای شێخ بۆ ڕاگرتنی شەڕ ، چونکە کارێکی نەفامانەیە لە کاتێکی وادا .
شێخ کۆمەڵێک کەسی لە هۆزەکەی و خەڵکی ڕەشماڵ نشینانی دەوروبەری لە دەست داوە ، قبوڵی ئەو پێشنیارە ناکات ، لە کاتێکدا ئەو بێ ئەوەی هیچ کەسێک خوێنی بڕژێ قبوڵی نەکرد هەروەها ئەگەر قبوڵیش بکات ئەمجارە ، فێڵە لەوانی دەکات دژی ئێمە، وە ئەگەر شتی واش لە گۆڕێ نەبێ ، ڕەنگە گەڕانەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان و دەستیان لە بەرگری هەڵگرتبێت . یەکێک لە سوارەکان دەڵێت چۆن دەکرێ وابکەن؟ یان ئاغا چۆن ئەوانی هێناوەتە قەناعەت ؟ باپیرم دەڵێ ئاسانە، ئەوان شەڕەکەیان بە چاوی خۆیان بینی ، وە بۆشیان

دەرکەوت ئەم شــەڕە هاوســەنگ نــیە لەکاتێکــدا ژمــارەی عارەبەکان لەهــەر هێرشێک بیست تا سی کەس بەرامبەر یەک کەسی ئێمەیە ، دەزانن ئەوە ئەگەر کەسێکی ژیر لێکی بداتەوە واتا چی ؟ واتا لە یەک کاتدا سی کەسی ئەوان بەیەکەوە تەقە لە یەک کەسی ئێمە دەکەن ، یەک کەسی ئێمەش لە هەمان کاتدا تەقە لە یەکێک لەو سی کەسە دەکات . بۆیە پێیان وابووە لە شەڕی داهاتوو ڕەنگە ئەو ژمارەیە زیاتر بێت و پلانەکەشیان بگۆڕن ، چونکە لەو شەڕەی تێک شکان بۆیان دەرکەوت ئێمە چۆن و لە کوێ بەرگری دەکەین . ئاغاش ڕەنگە ئەو حیساب و کتابەی بۆ کردبن ، پێی نەگووتوون ئەوسا ئێمەش پلانی ترمان دەبێ و ئاراستەی شەڕەکە دەگۆڕین . دەنا دەزانم ئەو وەرزێر و جوتیارانەی لەو شەڕە بەژداربوون کەسی ئازا و بوێرن ، هی ئەوە نین پشتمان تێبکەن و لێرە بەجێمانبێڵن ، وەلێ یەک کێشەیان هەیە ئەویش نەفام و خۆش باوەڕن ، هەرکەسێک تۆزێ تەڵەکەباز بێ دەتوانێ فێڵیان لێبکات ئەوەشیان لە دڵ پاکیە بۆیەش ئەوە چارەنوسیتیان ، ڕۆژێک بە دەستی ئاغاکانەوە دەناڵێنن ، ڕۆژێکیش بە دەستی میللەتانی دراوسێ و زاڵمانی دونیا .

ئەو دوو سوارەی لەگەڵ باپیرم دەمێننەوە یەکێکیان هەر ئەو سوارە دەبێ کە لاوکەکەی گووت لەکاتی کوژرانی ئەو چوار

سوارەی لە شەڕەکەدا کوژران ، بەناوی گاوانی دەنگ خۆش ، سوارەکەیتریش جوتیارێک دەبێ بەناوی هاوار . بۆبەیانیەکەی خەبەریان پێ دەگات لەڕێی شوانێکەوە سوارەکان هەموویان بە ئاغاوە گەڕاونەتەوە گوند ، هەر ئەو ڕۆژە ئەو ئاغایە بە دزی خەڵکەکەوە گوایە لەگەڵ چەند ئاغایەکی هاوڕێی دەچێتە هەولێر لەگەڵ دوو کەس لە ئاغاکانی تر ، کە یەکێکیان هەر ئەو ئاغایە دەبێ باپیرم کاتی خۆی بە داس لێی دابوو ، بە بازاڕگەی چیای قەرەچوغدا دەسووڕێنەوە و بەدیوی قەراج دا خۆیان دەگەیننە لای شێخ . دوای ئەوەی لە لایان شێخەوە پێشوازیان لێ دەکرێ ، لەبەر بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان بە شێخ دەڵێن ئێمە لەسەرەتاوە هاوڕا نەبووین لەگەڵ ئەبونەسڕ بەرەنگاری ئێوە ببینەوە ، خۆتان دەزانن کورد و عارەب هەر برا بوونە و هەر براش دەبن . شێخ لەبەرەخۆی خەندەیەک دەکات و گاڵتەی بەو قسەیە دێ ، ئینجا ئەوان درێژەی پێدەدەن و دەڵێن بەڵام هیچ چارێکمان نەبوو لەگەڵ ئەو پیاوە یاخیانە لەم ماوەیە لە خەمخواردن زیاتر نەبێ ، تا هەواڵی ئەو شەڕە گەورەیەمان پێ گەیشت ، ڕاستە ئێمەش تا ڕادەیەک تێوە گلاین ، بەڵام خۆشبەختانە پەشیمان بووینەوە، ئێستا چۆنتان دەوێ هاوکاریتان دەکەین بەو مەرجەی ماڵ و منداڵ و دەسەڵاتی ئێمە لە بەرامبەردا پارێزراو بێ .

شێخ پێیان دەڵێ چ وای کرد پەشیمان ببنەوە ؟ ئەوانیش دەڵێن دووشت ، یەک کاتێک بۆمان دەرکەوت ئەبونەسڕ و سوارەکانی لە ڕێ لایان داوە و کەسانی چەتە و یاخین ،

دووش کاتێـــک زانیمـــان بـــۆ ئـــێمەش مەترســـیدارن و پەیوەندیەکانمان لەگەڵ دەوروبەر تێکدەدەن . شێخ بێ دەنگ دەبێ ، لەلایـان خۆشـیەوە دەزانـێ باپیرم و سـوارەکانی بـۆ دەســـەڵاتی ئەوانـــیش کێشـــەن ، بـــۆیە وا بەپەلە هـــاتوونە و ئامادەن لەگەڵی پێکبێن . ئینجا یەک لەئاغاکان ئەو هەواڵەشی پێ دەگەینێ و دەڵێ خۆشبەختانە کە بۆ هەردوولامان شتێک هەیە دڵخۆشـــکەرە ، ئەویـــش ئەوەیە دوێنـــێ شـــەو هەمـــوو سوارەکانی لێ بۆتەوە و هەرکەسەو گەڕاوەتەوە سەر ئیش و کاری خۆی ، ئێستا ئەوان لە سێ سوار زیاتر نین . شێخ بەمە دڵخۆش دەبێ بەڵام وا خۆی دەرناخا . پێیان دەڵێ چی بکەن باشـــە بـــۆئەوەی کۆتاییـــان پـــێ بێنـــین ؟ بەڕاســـتی بـــۆ ئـــارامی نـــاوچەکە گـــرینگە ، دەزانـــن ئەوان چەنـــد کەســـیان لە ئـــێمە کوشتووە لەو شەڕە ؟ تا ئێستا ئەوەندەی زانیێتمان ژمارەی کوژراوەکـان گەیشـتۆتە دووسـەد و حەفتـا کەس ، بـێجگە لە بریندارەکان . دەزانن ئەوە واتا چی ؟ واتا ئەگەر کوژراوەکان یەکەو دوو ژنیان هەبێ هارکردنی ئەوەندە ژنە . ئەدی ئەگەر کوژراوەکـان یەکـی چـوار منـدااڵیان هەبـێ ؟ واتـا هـارکردنی ئەوەندە منداڵە . وە ئەگەر هەریەکەی هـی عەشـیرەتێک بـن ، واتـا هـارکردنی ئەوەنـدە عەشـیرەتە . ئـێ دەبێننـە بەرچـاوی خۆتان چ ڕووەدا لەو ناوچەیە ئەو هەموو کەسەتان دوژمن بێ . ئەوان چەندیان لێ کوژراوە ؟ ئاغاکانیش وەڵام دەدەنەوە چوار کەس ، شێخ زۆر تـوڕە دەبـێ دەڵـێ چـوارکەس چیـە ؟ لەناو ئێمە چوارکەس لە شەڕە دار دەکوژرێ . واتا هی ئەوان

ئەگەر چوارکەس کوژراوە ، چوار ژن هار دەبێ ، هەندێک منداڵ و زۆر زۆر عەشیرەتێک یان دوو عەشیرەت دێنە دەنگ. ئەوەش وەکو ئەوە وایە بە جامە ئاوێک بڵێی ئاو لەناو دەریا. لەبۆ ئەبونەسڕ و سوارەکانی ئەگەر ڕاستیتان دەوێ بە سەدان کەس بکوژرابوا قازانج بوو نەوەکو چوار کەس ، چونکە لەهاربوونی کەسووکارەکانیان ژمارەی لەشکرەکەیان زیادی دەکرد ئەوەش ویستی هەموو دەسەڵاتدارێکە . بەڵام هەست دەکەم ئەو ئەبونەسرە سۆز و عاتفیەت بەسەریدا زاڵە، لەو جۆرە کەسانە نیە خوێن ڕێشتنی پێ خۆش بێ . ئەوەش وادەکات ئەو بۆ بەدەسەڵات نەشێ و هێدی هێدی ئەو کەسانەی لە دەوروبەرینە لێی ببنەوە ، چونکە هەموو ڕێبەرێکی بێ سامان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پێویستە زۆرترین کەس بە کوشت بدات ، بۆئەوەی کەس و کاری کوژراوەکان بۆ خۆی ڕاکێشێ . ئەگەرنا هەر ئەو کەسانەی ئەو نایەوێ بکوژرێن دوای ماوەیەک ئەگەر مەبدەئی نەبن لێی دەبنەوە چونکە پێویستیان بە لایانی ماددی دەبێ .

****

ئەو ڕۆژە دوای گفتوگۆیەکی زۆر شێخ لەگەڵ ئاغاکان پێک دێ ، کە هەرگیز چاوەڕێی هاتنیانی نەدەکرد ، تەنانەت تۆقیشی چوو بوو لەوەی بە هەموویان پشتی بگرن و بەرگریەکە لەوە گەورەتر بێ کە پێشبینی دەکرا ، وە لەو

حاڵەتە ئەو لەوەش دەترسا خەڵکەکەی لێی هەڵستن ، چونکە ئەو فێری تاڵان و دەستکەوت و وەرگرتنی باجی کردبوون ، هیچ کاتێکیش بەرەنگاریەکی وا ڕووی نەدابوو ئەوان لەپڕ ئەوەندە کەسەیان لێ بکوژرێ . لە کاتێک دا بەر لەو بەرەنگاریە باپیرم داوای ئاشتی لێ کردبوون . ئەوەش وای لە کەس و کاری کوژراوەکان کردبوو ناڕاستەوخۆ بە چاوی شێخ دابدەنەوە . دوای گەڕانەوەی ئاغاکان شێخ دارو دەستەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە دوای هێنانەوەی تەرمی کوژراوەکان ، کە ئەو ڕۆژەی ئاغاکان چووبوونە ئەوێ ، ئەوان خەریکی هێنانەوەی تەرمەکان بوون ، بەیانی دووبارە هێرش بکەن ، بەڵام ئەو جارە بە دەشتایی دابڕۆن بۆئەوەی شەڕەکە دووربخەنەوە لە چیا ، کە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی ئەوان دانیە، بڕیار دەدەن بە کۆتایی قەرەچوغدا بسووڕێنەوە، پاشان دەشت و دەشت بێن ، تا دەگەنە گردی گۆم و حەسەن بەگ و کۆزەپاکە و کۆی ئەو گوندانەشی دەکەونە سەر ڕێگا.

باپیرم و هاوڕێکانی ئەو ڕۆژە لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکە دادەنیشن ، لە دوورەوە سەیری ئەو عارەبانە دەکەن کە بۆ بردنەوەی مەیتەکان هاتبوون ، هەندێکیان ژن و منداڵیان لەگەڵ هاتبوو ، کە گوێیان لێ دەبێ لە ناو کوژراوەکان لە خۆیان دەدەن و دەگرییێن ، ئەوانیش فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیان دا دێتە خوارێ . کەسیان کەسیان نادوێنێ ، هەرکەس ڕوو دەچێتە ناو خەیاڵێک لەگەڵ گریانی ئەو ژن و

بابە بابەی ئەو منداڵانە ، لەپڕ هاواری جوتیار قیت دەبێتەوە و ئەو تفەنگەی لەدەستی دەبێ بە دیواری ئەشکەوتەکەی دادەدات ، تفەنگەکە دارەکانی دەبێتە دوو پارچە و قۆنداغەکەی گردەبڕ دەشکێ ، ئینجا بە دەنگێکی گریاناوی دەڵێ نەفرەت لە شەڕ ، نەفرەت لەوەی چەکیشی درووست کرد ، نەفرەت لە مرۆڤ و کردەوەکانی ، نەفرەت لە شێخ و ئاغاو ئێمەش ، ئاخەر ئەو منداڵانە چوزانن ئەو شتانە چین؟ لەکاتێکدا لەجیاتی ئەوەی جۆلانێیان بۆ چابکەین و خانوچکەیان بۆ بنیاد بنێین ، دێین لە ئێستاوە لەمەیدانی جەنگ توشی بینینی ئەو دیمەنانەیان دەکەین . باپیرم لەگەڵ قسەکانی زیاتر دەگریێ ، ئەویش چاوی پێدەکەوێ ، دێ یەخەی دەگرێت و دەڵێ نەفرەت لە تۆش تێدەگەی ؟ نەفرەت لە تۆش . ئینجا سەری دەخاتە باوەشی و دەڵێ نەفرەت لە هەموو ئەو شتانەی ئێمەش تێیدا بەشێکین نەفرەت تەنانەت لە خودی ئاشتیش مادام دیوەکەی تری شەڕە .

ئینجا هەر سێکیان لەسەر زەوی بەردەرگای ئەشکەوتەکە دڕێژ دەبن و بە چاوی بە فرمێسکەوە سەیری ئاسمان دەکەن، دەبینن یەک پارچە شین و ئارامە لە هەندێک شوێن پەلە هەوری سپی وەکو بەفری لە خۆی گرتووە ، وەک ئەوەی لەوێ هیچ لەگۆڕێ نەبێ ، کۆتر و چۆلەکە جار جار بە هەواکەیدا دەفڕن. لەوکاتەی ژن و منداڵەکان لەناو کوژراوەکان دەسوڕانەوە بۆئەوەی مێرد یان باوکی خۆیان ببینەوە ، لە گوند تازیە بوو بۆ ئەو چوار سوارەی

کوژرابوون ، ئاغاکان و شێخ لەبنەوە هیچیان لە نێواندا نەبوو، دەمێک بوو پێکهاتبوون . ئیجا باپیرم بە سوارەکان دەڵێ چیبکەین باشە ؟ هاواری جوتیار دەڵێ شەڕ ، دیسان شەڕ وەک هەمیشە، باپیرم و گاوانی دەنگ خۆش سەیریان پێ دێ، لەو بڕوایە دانابن دوای ئەو هەموو گریانە وا وەڵام بداتەوە ، پێی دەڵێن بەڕاست ؟ هاواری جوتیاریش دەڵێ بەڵێ شەڕ ، شەڕ لە پێناوی نەمانی شەڕ ، شەڕ شەڕ ، شەڕی پیرۆز .
دەمێک قسەکانی وەک شێت دەردەکەوێ ، دواتر بێ دەنگ دەبێ . باپیریشم بە گاوانی دەنگ خۆش دەڵێ تۆ چی دەڵێی ؟ گاوانیش دەڵێ منیش شەڕ هەڵدەبژێرم بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ناتوانم شیبکەمەوە بۆ ؟ بەڵام دەزانم ناکرێ بەوە ڕازی بین دوژمن یان باجمان لێبستێنێ ، یان تاڵانمان بکات و ژنەکانمان ببات و بەخۆشمان هەر بکوژرێین ، خواش دەزانێ چی بەسەر منداڵەکانمان دێ . هاوار لەو کاتە دێتەوە جواب و ئەوجارە ئەو بە باپیرم دەڵێ ئەدی تۆ بە تەمای چی ؟
باپیریشم دەڵێ هەندێک جار ئێمە بڕیار نادەین ڕەوش بڕیار دەدا ، لە ئێستاشدا ڕەوش بە منیش دەڵێ شەڕ ، ئەگەرچی ژمارەمان زۆرکەمە ئێمە تەنیا سێ کەسین . ئینجا هەرسێکیان دەست لەملی یەک دەکەن و دەڵێن دەجەنگین تامردن ، مێژوو دەگۆڕین ، یان داستانێک تۆماردەکەین نەوە دوای نەوە بیگێڕنەوە ، یانیش شتێک دەکەین نەوە دوای نەوە لە سایەی ئیسراحەت بکەن . بە هەردوو دیویش دەوڵەمەندیە بۆمان .

****

کات دەبێتە نزیک نیوەڕۆ ، باپیرم و هاوڕێکانی لەبناری چیاکە ئەسپ سواریێک دەبینن بۆ لایان دێ ، هێدی هێدی لێیان نزیک دەبێتەوە ، کە دەگاتە لایان لە ئەسپەکەی دێتە خوارێ و دەردەکەوێ عارەبێکە ، دوای خۆ پێناساندن پێیان دەڵێ شێخ منی ناردووە ، گووتی بە ئەبونەسڕ بڵێ ئەگەر دەست لەو شەڕە هەڵگرێ تا دونیا ماوە لەبەرامبەر ئەوەدا ناهێڵم یەک عارەب چیە ڕوو لە هەر گوندێک بکات ئەوێ تێدابێ ، وە گووتی پێشی بڵێ دەزانم لە ئێستادا سێ کەس ماون ، باپیرم سەیری پێ دێ دەڵێ چۆن دەزانێ ؟ سوارە عارەبەکەش دەڵێ ئەمڕۆ سێ ئاغا هاتبوونە سەردانی ، باپیریشم دەڵێ نەتزانی ناویان چی بوو ؟ سوارەکەش دەڵێ نا ، باپیرم دەڵێ ئەدی شێوەیان چۆن بوو ؟ ئەگەر بکرێ تۆزێک وەسفیانم بۆ بکە ، عارەبەکەش دەڵێ یەکێکیان تۆزێک قەڵەو بوو جەمەدانی بە گورینگی لەسەر بوو ، لەگەڵ کڵاوێکی زەرد و سووری بە سیم ، سمێڵ و ڕیشیشی پاک تاشی بوو . ئینجا گاوانی دەنگ خۆش دەڵێ ئەوە هەبێ و نەبێ عجیل ئاغایە ، باپیرم دەڵێ ڕاستە. ئینجا عارەبەکە بەمشێوەیە وەسفی هەر سێکیان دەکات ، باپیرم و ئەوانیش بە پێی وەسفەکە دەیاننناسنەوە ، وە لەڕێی ئەو سوارە عارەبەشەوە بۆیان دەردەکەوێ ئەو ئاغایەی لەگەڵیان بووە ، بۆ بەیانیەکەی خۆی گەیاندۆتە لای شێخ ، وە بۆشیان دەردەکەوێ سوارەکانی تری لەگەڵ خۆی نەبردووە ، بەو پێیەش دەبێ فێڵی لێ کردبن . ئینجا دوای

پرسینی هەموو ئەو شتانە لێی ، پێی دەڵێن بڵێتە شێخ ئێستاش لەسەر هەمان بیروبڕواین یان نابێ هێرش بکەنە سەر هیچ گوندێک ، یانیش دەجەنگن تا دواییین فیشەک .

ئینجا کە عارەبەکە دەگەڕێتەوە باپیرم بە گاوان و هاوار دەڵێ بینیتان بەرگری واتا چی ؟ ئەوان ئامادەن لەگەڵ سێ کەس بەو هەموو چەک و پیاوەی هەیانە لە سەر ئەوە پێکبێن تادونیا ماوە ژیانمان بپارێزن. کەچی ئامادەنین لەگەڵ خەڵکی هیچ لەو گوندانە هەر دانوستانیش بکەن ، چونکە لە سایەی بەرگری نەکردن دەزانن تاڵان و دەستدرێژیان قبوولە . ئێ لە کاتێکدا بە خۆت قبوڵت بێ دەستدرێژیت بکرێتە سەر و تاڵان بکرێی و ژنەکانت ببردرێ ، لەسەر ئەو بارەش لەناو ماڵی خۆت ڕابکەی ، چۆن لەوە خراپترت بەسەر ناهێنن دڕندەکانی ناو ئەو دارستانە ؟ دڵنیاشتان دەکەمەوە ئەوان دیسان هێرش دەکەنەوە بەڵام ئەمجارە لە ئێمە لادەدەن ، چونکە داڕێکین پەلمان تیژە ڕەنگە بە دەشتاییەکاندا بڕۆن ، ئەوەش بۆ ئێمە زۆرباش نابێ ، وە ئەوکاتە ناچاریش دەبین لە شوێنەکەی خۆمان هەرقەنێین و بچین ڕێیان لێبگرین ، ئێ لە دەشتایش ئەو شەڕە دەستەویەخەیە لەگەڵ شاڵاوێکی وا فراوان تۆزێک زەحمەت دەبێ . دوای ئەم قسانە هەرسێکیان بێ دەنگ دەبن و دەکەونە بیرکردنەوە ، لە پڕ هاواری جوتیار دەڵێ دەزانن هاوڕێیان بیر لەچی دەکەمەوە ؟ من پێم وایە ئەو هەموو خەڵکەی لە ناو ماڵەکانیان سەری خۆیان شۆڕکردۆتەوە و کڵاویان گرتووە با نەیبا ، ئەگەر بێن لەگەڵ ئێمە بجەنگن دژی

هەر هێرشێک هەرگیز ئەوشتانەی بەسەرمان هاتوون دووبارە نابنەوە . ئەوە جیا لەوەی ئەمجارە ئەوان ناچار دەبن بێن لەگەڵمان دابنیشن و لەسەر هەندێک شت پێکبێن بە دڵی ئێمەش بێ ، نەک ئێمە بچین ئەو داوایەیان لێبکەین ، لەکاتێکدا ماف خوراوەکە خۆمانین . بە کورتی و بە کوردی لە جیاتی ئەوەی ئێمە بچین داوای ئاشتیان لێبکەین لە کاتێکدا ئەوان هێرش دەکەنە سەر ئێمە و لەو کاتە ڕەنگە بڵێن لە بێ هێزیشیانە داوای ئاشتی دەکەن ، ئەو کات ئەوان دێن بۆ داواکردنی ئاشتی و ڕاگرتنی شەڕ و کۆتاییهێنان بەو دەست درێژییانەی لە ڕابردوو ئەنجامیان داوە . چونکە وەک لە ڕابردووش هەمان شتمان گووتووە ئەوان لە پێناو دەستکەوت هێرش دەکەن ، ناچار نین شەڕێکی درێژخایەن بەڕێوە ببەن هیچ دەستکەوتیان نەبێ و تەنانەت ئەوەی هەشیانە بیکەنە خەرجی ئەو شەڕە . ئەوان زۆر بە زوویی دەڕوخێن ئەگەر ئێمە درێژە بەو شەڕە بدەین و سەبری لەسەر بگرین ، چونکە ئەوان لایانی ئابووریان وێرانە وەکو ئێمەنین پشت بەستوو بن بە جۆتیاری و کشتوکاڵ و چاندنی گەنم و جۆ . هەیانە و نیانە تا ڕادەیەکی کەم ئاژەڵداریە ، دەتوانین لەوەش پەکیان بخەین ، بەو مەرجەی لەوەرزی بێ گژوگیاییدا گەنم و جۆ و کا و قەسەریان پێ نەدەین ، هیچ پێویستیش ناکات ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ بکەین ، چونکە بە خۆمان زۆر لەوان باشتر کەسی ئاژەڵدارمان هەیە . وە ئەو باجەی ئەوانیش داوامان لێ دەکەن ، دەتوانین بۆ درێژکردنەوەی ئەو شەڕە چەک و

فیشەکی پێ بکڕین . هاواری ئاژەڵدار لەوکاتە دێتە جواب و دەڵێ ئێ نایکەن خۆ بە زۆرنیە ، بینیت بەقسەی ئەو ئاغایەی ڕۆژ تا ئێوارە لە شێخ خراپتر دەیانچەوسێنێتەوە چۆن شازدە کەس پێکەوە هەڵخەڵەتان و پشتیان لە ئێمە کرد . ڕەنگە پێی گووتبن وەرن ژیانتان دەپارێزم ، بە پێچەوانەی ئەو قسەیەی دەمێدی کردتان کە گوایە فێڵی لێکردوون ، گووتوویەتی من لەگەڵ شێخ پێک دێم و پێویست ناکات خەڵک بکوژرێ ، بۆ بەیانیەکەش بە بەرچاویانەوە لەگەڵ ئاغا ناپەسەندەکانی هاوڕێی سووڕاوەتەوە و چۆتە لای شێخ . ڕەنگە ئەو خەڵکە قوڕبەسەرەش ئەوەندە نەفامن لەسەر ئەو سەردانیکردنە و ئەوەندە قسەیەی بۆی کردوون نەک هەرخۆشیان بوێ ، بشیپەرستن .

****

کە شەو دادێ باپیرم وەکو هەموو جارەکانیتر خۆی دەگەینێتە ناو ڕەشماڵی عارەبەکان و دەچێتەوە لای هند . تادرەنگ بەیەکەوە دەبن و هەر لەم ڕێیەشەوە بۆی دەردەکەوێ شێخ وەک ئەوەی خۆی پێشبینی کردبوو ، بەتەمایە بە دەشتەکاندا هێرش بکات . ئینجا لەلای هەڵدەستێ و دەڵێ ڕەنگە ئەوە دواهەمین یەکتر بینینمان بێ ئەی هند ، ئەی ئەو ژنەی فێرت کردم جیاوازی نەکەم لەنێوان کوردێک و عەرەبێکی باش ، ئەی ئەو ژنەی فێرت کردم دەست بەسەری شوانەکانتاندا بێنم و بە بـرای خۆمیـان بـزانم ، ئەی ئەو ژنەی تەنـانەت وات لێکردم لەسـایەی مهرەبانیت ڕەشماڵەکانتانیشم خۆشبوێ ،

ماڵئاوا ئەی خانمی عەرەب ماڵئاوا ، ئینجا تۆند باوەش لە یەکتری دەدەن و هند بە قوڕگی پڕ گریانەوە دەڵێ بەخێرچی ئەبونەسڕ ، خوا پشتیوانت بێ . من لە مێژە لەوە گەیشتووم دیداری کەسانی خۆشەویست کورتە و درێژ ناخایەنێ ، وەلێ لە یاد دەمێنێتەوە تا ئەبەد . ئینجا باپیرم هەرلەوێ کە ئەمە دواهەمین ژوان دەبێ بازەکەی خۆی بەدیاری پێدەدا ، هەر بەو مەبەستەش ئەو شەوە لەگەڵ خۆی بردبووی ، نەوەکو بەخۆی بکوژرێ ، بازەکە چەند دەکەن ناچێتە لای هند هەر شەپە شەپ دەکات و باڵەکانی وەکو ناڕازیەک ڕادەوەشێنێ ، باپیرم سەری دەباتە بن گوێی و پێی دەڵێ هاوڕێ دەبێ لێرەبی دەزانم لەگەڵ من چیتر سەلامەت نابی ، دەترسێم گوللەیەکت پێبکەوێ و ببیە قوربانی وەکو ئەو ئەسپانەی بە درێژایی مێژوو قوربانی شەڕەکانی مرۆڤن ، بێ ئەوەی بەخۆیان بیانەوێ ، ئینجا چەند جارێک ماچی دەکات و پاشان دەیداتە هند . بە گاڵتەوەش بە هند دەڵێ ئێستا تۆش بوویە ئوم نەسڕ . هند بە چاوی بە فرمێسکەوە پێدەکەنێ ، دەڵێ سوپاس هەموو ئەو شتانەی لەبارەی تۆوە زانیم جوان بوون، هەتا دیارەکەشت . چۆن تۆ بەمنت گووت کاتێک ڕایەخەکەم پێدای ،" دیاریەکەت لە هیچ لەو دیاریانەی دونیا ناچێ "، هی تۆش هەر وایە ، بەڕاستی ئەم بازە تۆ و چیای قەرەچوغ و ئەسپی کوردی چوار ملان و پیاوی خورت و خاسم بە بیردێنێتەوە . ئینجا هەرلەوێ لێک جیادەبنەوە ، هند بازەکە دەباتەوە ناو ڕەشماڵەکەی و بە شوانەکە دەڵێ سبەینێ زوو

لەگەڵ خۆت بیبە دیار مەڕومااڵت ، کە گەڕایتەوەش لەبەر چاوی ژنەکانی تری شێخ بەمنی بدە و بڵێ ئەمڕۆ ئەو تەیرەم گرتووە ، بەڵکو بتوانم وەاڵمێکم هەبێ ئەگەر لە بارەی چۆنیەتی دەستکەوتنیم پرسیاریان کرد . باپیریشم دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی لە ئەشکەوتەکە ، دەبینێ خەوتوون . دەمێک لە الیەک دادەنیشێ و سەیریان دەکات ، زۆر زگی پێیان دەسووتێ، چونکە هەردووکیان بێجگە لە هاوژین ، منداڵیشیان هەبوو . پاشان لەسەر جێگاکەی ڕادەکشێ و هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکات کە دەبینێ ئەو بەردەی بازەکەی لەسەر هەڵدەنیشت چۆڵە و تەنیا هەندێک جیقنە بە الیەکانی دا هاتۆتە خوارێ . غەریبی هاوسەرەکەی دەکات و دایکی بە بیردێتەوە کە ماوەیەکە ئاگای لێیان نەمابوو ، چونکە وا هەستی دەکرد ئەو کوڕ و کەسی هەموو خەڵک بێ جوانتر و پڕ واتاترە لەوەی کوڕ و کەسی ژنێک و دایکێک و ناو ماڵێک بێ . بەو خەیاڵانە خەو دەیباتەوە ، هەر ئەو شەوە لە خەونیدا دایکی و هاوسەرەکەی دەمرن ، بە دەستی خۆی کفنیان دەکات و لە گۆڕیان دەنێ . دوای ماوەیەک زۆر غەریبیان دەکات و خۆی پێناگیرێ ، ناچار ڕۆژێک دەچێتە سەر گۆڕەکانیان بۆ ئەوەی هەرچنا جارێکی تر بیانبینێتەوە ، یەکەم جار سەری گۆڕی هاوسەرەکەی الدەبات ، دەبینێ کفنەکەی ڕزی بووە هیچ جوانیەک بە دەموچاویەوە نەماوە ، چاوەکانی پوکاونەتەوە ، دەست لە پرچی دەدات ، کە وەکو خۆی ڕەش و خاو دێتە بەرچاو ، لەگەڵ دەست لێدانەکە

هاوسەرەکەی سەری بڵند دەکات و پێی دەڵێ توخوا ئەو کرمانە لەسەر دەست و قۆڵم لابە لێناگەڕێن بخەوم . باپیریشم دەگرێ دەڵێ هەستە بابچینەوە ، ئەویش لە وەڵام دا دەڵێ تازە درەنگە ناتوانم بێمەوە ماڵی خۆمان من مردووم .
باپیریشم دەڵێ نا هەستە دایکیشم دەهێنمەوە دەتانخەمە ناو تابووتێک و لە حەوشەی ماڵەوە دەتانێژم ، بۆ ئەوەی ئەگەر باران باری و دونیا سارد بوو ، بێم بە تانیەک بە گۆڕەکانتان دابدەم و کەپرێکتان بۆ دروست بکەم لێنەگەڕێم تەڕبن . لەو کاتە دایکی بە جواب دێ و دەڵێ لێی گەڕێ کوڕم بابخەوێ تازە بووکە ، مەبینە جلە سپیەکانی دڕاوە ، بێزاری مەکە .
ئەویش ڕوو لە دایکی دەکات و دەڵێ دایە ئێوە بۆ دەتانەوێ پشت لە من بکەن ؟ دایکیشی وەڵامی دەداتەوە دەڵێ نا کوڕم هیچ ژنێک جا چ دایک بێ یان هاوسەر مەگەر هیچ تروسکایی چاکەیەکی لێ بەدی نەکرێ ، دەنا پشت لە پیاوەکەی یان کوڕەکەی ناکات. وەرە باوەشم ، لەوکاتە خۆڵەکە دەجوڵێتەوە و دایکی بە دەردەکەوێ . باپیرم دەبینێ هیچ شوێنێکی وەکو خۆی نەماوە ، دەموچاوی هەمووی بۆتە ئێسک و پروسک تەنیا چەرمێکی پچڕ پچڕ و چرچ و لۆچ هەندێک شوێنی سەر دەموچاوی داپۆشتووە ، بەڵام بەوحاڵەوەش خاوەنی هەمان سۆز و خۆشەویستی و هەڵوێستی دایکایەتیە . باپیرم پێی ناخۆش دەبێ وا دەموو چاوی شێواوە ، دەڵێ دایە بۆ وات لێهاتووە ، هەستە بابچینەوە خۆت بشۆ ، پاشان جلە کوردیە ڕەشەکانت لەبەرکە و پرچە نیوە سپی و خەناویەکەت دابێنە ،

دواتـر لای سـەماوەرەکە دابنیشـە و چایەکمـان بەو دەسـتە پیرۆزانە بۆ تێکە . هەستە بڕۆوە لای کوپە ئاوەکەی حەوشە و بە هەمان جام تۆزێک ئاوی سارد بخۆ و پاشـان بەمنیش بڵـێ تاقـانەکەم قومێـک ئـاو نـاخۆی ؟ هەسـتن دەی هەسـتن بـابڕۆینەوە ، دایەگیـان ، هاوسـەری ئـازیزم هەسـتن ، ئێـوە چیدەکەن لێرە خۆهێشتا تێر بەیەکەوە نەژیاوین هەستن ... لەو کاتە هـاواری جوتیـار و گـاوانی دەنگ خـۆش لەگەڵ هەسـتن هەستنی بـاپیرم بە خەبەردێن ، دەبینن لە بـن ئـاو و ئـارەقە هەڵاتووە ، ئەوانیش بـانگی دەکەن . لەگەڵ بـانگکردنی ئەوان ڕادەپەڕێ ، ئەوانیش تۆزێک ئاوی بە دەموچاوی دادەکەن و دەڵێن چی بووە ، چ هاتوهاوارتە ؟

ئینجـا ئەویـش کە دێـتەوە سـەرخۆی دەڵـێ خەونـم بینـی خەونێکـی نـاخۆش ، هـیچ نـیە بـخەونەوە ، بەیـانی شـەڕێکی گەورەمان لە پێشە ، شەڕێک ڕەنگە هەرچوار پەلی ئەسپەکان تـا بـن زگیـان لە خـوێن سـوور بـێ . چـونکە شـێخ بڕیـاری هێرشکردنی داوە .

کە پاڵـدەدەنەوە کەسـیان خەویـان لـێ نـاکەوێتەوە ، ناچـار هەڵدەسـتن ئـاگرەکە گەشـدەکەنەوە و چایەپەسـتە ڕەشـەکە دەخەنەوە سـەری ، پاشـان هەرسـێکیان دەڕۆنە بەردەرگـای ئەشکەوتەکە و سەیری ئەستێرەکان و مانگ دەکەن کە چەند شـەوێکی مـابوو پڕبـێ ، وەک ئەوەی بیـانەوێ بـۆ یەکجـاری مالئـاوایی لە دیـمەنە جوانەکـانی دونیـا بـکەن ، وەک ئەوەی هەسـتیان پـێ کردبـێ چیتـر شـەوێکی دیـکە و ئەسـتێرەیەکی

دیکەو هەڵاتنی مانگێکی دیکە نابیننەوە . ئەوان هەرسێکیان دەیانزانی بۆ بەم شەوە درەنگە هاتوونەتە بەردەرگای ئەشکەوتەکە و سەیری ئاسمان دەکەن بەڵام نەیاندەویست هیچ بڵێن ، ئەوان هەرسێک زگیان بە یەک دەسووتا ، بەڵام دەریان نەدەبڕی. لە دوورەوە لورە لوری چەند گورگێک دەهات ، لە هەندێک جێی قەد شاخ و داخەکە کوندەبەبۆ دەیخوێند ، تەواو لە ناو بێ دەنگی شەو دەبیسترا ، لەپڕ هاواری جوتیار دەڵێ هاوڕێیان پلانی بەیانیمان چی دەبێ ؟ باپیرم دەڵێ منیش بیرم لەوە دەکردەوە ، پێویستە ئەو چەکانەی زیادن لەگەڵ هەندێک فیشەک بەر لە ڕۆژهەڵاتن بگەینە گوند و بەسەر هەندێک لە ژنەکان دابەشی بکەین بۆ ئەوەی بەتەمای ئەو پیاوە ترسنۆکانەی لەپشت دەرگاکان خۆیان شاردۆتەوە نەبن ، یان تامردن بەرگری بکەن ، ئەگەر لەشکرەکە ئێمەیان تێپەڕاند ، یانیش نەهێڵن بیانبەن و خۆیان و منداڵەکانیان پێ بکوژن . گاوانی دەنگ خۆش دەڵێ تۆ پێت باشە کامە بکەن ؟ باپیریشم دەڵێ هەردووکی ، یەک تا دواین فیشەک بەرگری بکەن ، دوو بەرلەوەی بکرێنە کۆیلە و بە ڕاکێش ڕاکێش ببردرێن ، خۆیان بکوژن . بۆئەوەی توشی شۆک بن کە بینیان کورد ژنەکانیشیان دەجەنگن ، هی ئەوەنین لەبازاڕەکانی خۆیان بیانکڕن و بیانفرۆشنەوە.

هاواری جوتیار دەڵێ جا بۆ شتێک نەکەین ؟ ئێستا با هەرسێکمان هەم بچین چەکەکانیان پێ بدەین ، هەمیش بۆ دواهین جار هاوسەر و منداڵەکانمان ببینین ، باپیرم دەڵێ

بیرۆکەیەکی باشە هەستن پێویستە زوو بچین و بگەڕێینەوە . ئینجا هەرسێکیان دوای ئەوەی بە پێوە یەکەو چایەک دەخۆن زۆربەی چەکەکان و هەندێک فیشەک لەو چەک و فیشەکانەی لەشەڕەکە دەستیان کەوتبوو ، لەپشتەوەی ئەسپەکانیان قایم دەکەن و دەچنەوە گوند ، هەرکەسەو سەرەتا دەڕواتەوە ماڵی خۆی ، هاوار و گاوان کە دەچنەوە دەبینن منداڵەکانیان خەوتوون ، کە هاوژینەکانیان بە خەبەردێن یەکتر لە باوەش دەکەن و منداڵەکانیش بانگ دەکەن، دوای گفتوگۆ و باسکردنی ڕەوشەکە چەند چەکێک و هەندێک فیشەک دەدەنە هاوسەرەکانیان ، پێشیان دەڵێن لەناو ژنەکان متمانەتان بە کێیە ، ئەو چەکە زیادانەیان پێبدەن .

باپیریشم کە دەچێتەوە بانگی دایک و هاوسەرەکەی دەکات ، ئەوانیش کە بەخەبەردێن تونـد یەکتری لە باوەش دەکەن و دەمێک گریان ڕێنادا هیچ بڵێن ، پاشان بەحاڵ باپیرم بەوانیش دەڵێ دەبێ بجەنگن ، چەکم بۆ هێناون ، بەتەمای ئەو ئاغا و پیاوە کۆیلانە مەبن بتانپارێزن. ئێمە بەر لەهێرشی عارەبەکان دەگرین ، تا گیانمان لەبەرمابێ لێ ناگەڕێین بگەنە ئێرە ، بەڵام ئەگەر هاتن خۆتان بەدەستەوە مەدەن ، شەڕبکەن تا دواین فیشەک ، پاشان ئەگەر شکان خۆتان بکوژن. دایکیشی مەردانە دەڵێ کوڕم نەهاتبای سبەینێ زوو خۆم دەهاتم ، پیرو لەرزۆک مەمبینە مەگەر دایکی تۆ نەبم ، هاوسەرەکەشی دەڵێ منیش هەروا ، تۆ بجەنگی منیش دەجەنگم ، تۆ بەناو ئاگردا تێپەڕی منیش بە دواتادێم . ئینجا چەند چەکێکیان پێدەدات و

دووبارە لەباوەشیان دەگرێ ، دواتر سەیری ناو حەوشە و تاق و دیواری ناومااڵوە و دوکانە ئاسنگەریەکەی دەکات و دەڕوا . هاواری جوتیار و گاوانی دەنگ خۆشیش لەناو گوند بەدەر دەکەونەوە و وەکو سێ سواری ئەفسانەیی دەگەڕێنەوە ئەشکەوتەکە .

****

هێدی هێدی ڕۆژهەاڵتێ و تەیروتوارەکان دەست بە خوێندن دەکەن ، باپیرم و هاوڕێکانی لە کلکەی چیا لە باڵندترین لوتکە دادەنیشن ، بەرامبەر ئەو دیو ، بۆئەوەی ئەگەر عارەبەکان بکەونە جمووجۆاڵ بیانبینن . هەندەی پێناچێ دووبارە تۆز لە ئاقارەکان بەرزدەبێتەوە، چ تۆزێک؟ وەک ئەوەی گەردەلولێکی گەورە بیەوێ لوتکەکان ڕاپێچێ . باپیرم دەاڵێ ئەوە ئەوانن ، تەواو هەر ئێستا هێرش دەکەن . واچاکە لە ئاقارەکانی ئەم دیوە لەناو کەند و پەنا بەردان چەند مەترێک لە دووری یەکتری کەمینیان بۆ دابنێینەوە ، وە ناشبێ کە شەڕ دەستی پێکرد لەجێی خۆمان بجواڵێین تا شەو دادێ ، چونکە قوتارمان نابێ . هەریەکەو دوو چەکیش لەگەاڵ خۆمان ببەین باشە نەوەک یەکێک لە تفەنگەکانمان پەکی بکەوێ . ئینجا لەچیا دێنە خوارێ و ڕوو لە دەشتاییەکە دەکەن ، لە ڕێگا شوێنێک دەدۆزنەوە کە ڕێک عارەبەکان ناچارن بۆئەوەی بگەنە گوندەکانی ئەوان بەوێدا تێپەڕن . هەرلەوێ چەند بەردێک لە دەوروبەری ئەو قۆرتانە دادەنێن کە مەبەستی سەنگەر گرتن

هەڵی دەبژێرن . ئینجا فیشەک و چەکەکانیان لێ دادەنێن و ئەسپەکانیش دەبەنە کەندێک دەبەستنەوە . پاشان بە پێ دەگەڕێنەوە شوێنی سەنگەرەکان ، چاوەڕێی هاتنی لەشکرەکە دەکەن ، بەرە بەری چێشتانێ تۆزەکە دەگاتە ئەم دیوە و هێدی هێدی لێیان نزیک دەبێتەوە ، ئەوانیش باقەنەجمەی تفەنگەکانیان ڕادەکێشن و یەکەو فیشەکێک لێدەخوڕنەبەر ، هیچ جوڵەیەک ناکەن ، تا سواڕە عارەبەکان و ئەو خەڵکەی بە پێ بەگەریان کەوتوون تەواو بەدەردەکەون ، کە نزیک دەبنەوە سێرە لە سێ سواری پێشەوە دەگرن و لە پڕ لێیان دەدەن ، شریقەی تفەنگەکان و کەوتنی سێ سوارەکە یەک دەبێ ، لەوێ شەڕ دەست پێ دەکات ، تا ئەوان تفەنگێک داوێن ، کوێرانە پەنجا فیشەک لە دەوروبەریان بە عەردی دەکەوێ ، هەندێکجار ئەو فیشەکانەی لەنزیکەوە بە عەردی دەکەون تۆز بەسەر و گوێلاکیاندا دەکات. باپیرم و گاوان و هاواریش هیچ فیشەکێک بەبێ نیشان گرتن ناتەقێنن ، هەر عارەب دێن و بەسەریەکدا بەردەبنەوە، هەرچی سەری بڵند دەکات دەپێکرێ، دەنگی ئەو شەڕە تفەنگە دەگاتە هەموو گوندەکانی دەوروبەر. لەپڕ گاوانی دەنگ خۆش بۆئەوەی هاوڕێکانی بە جۆش و خڕۆشتر بکات و وا خۆی دەربخات ووڕەی بەرزە لاوێکێک دەڵێ ، چ لاوک؟ ناوی هەرچی جوامێر و عەگیدان هەیە دێنێ بە " براینە براینە ، شەڕی مێرخاسانە براینە " دەست پێدەکات. عارەبەکان چەند دێنە پێش ئەوەندە زیاتر دەکوژرێن چونکە هەندێکیان بە پێ هێرش دەکەن و

ناگەڕێنەوە ، شەڕەکە تا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ بەردەوام دەبێ ، تەپووتۆز و بۆن باروت ئەو مەیدانە تەواو دادەپۆشێ ، بێ ئەوەی باپیرم و سوارەکان هیچ شوێنێکیان بریندارییش بووبێ، کەچی لای لەشکری عارەبەکانیش تا چاو بڕدەکات مەیت دەکەوێ ، شێخ لەوبەر سەیری پێ دێ ، کە ئەوانە تەنیا سێ کەسن، کەچی ئەوان ژمارەیان نزیکەی پێنج سەد کەس دەبێ ، بۆ تا ئێستا یەک کەسیشیان لەوان لە تەقە نەخستووە . ناچار سواریێک ڕادەسپێرێ ، بە دووری شەڕەکەدا بسووڕێتەوە بچێتە لای ئاغاکان تا بەرلەوەی تاریک دابێ لە پشتەوەڕا بە هانایانەوە بێن ، ئینجا بۆئەوەی باپیرم و هاوڕێکانی بخافڵێنێ بڕیاردەدات دووبارە هێرش بکەنەوە ، باپیرم و هاوڕێکانیشی دیسان لێیان دەدەنەوە و لێناگەڕێن بستێک چیە بێنە پێش. کە سوارە عارەبەکە دەگاتە گوند زووخۆی دەخیلی ماڵی ئاغاکان دەکات، ڕاسپاردەکەی شێخیان پێ ڕادەگەینێ . ئاغاکانیش دەزانن ئەگەر عارەبەکان ئەوجارەش تێکبشکێن و باپیرم و هاوڕێکانیشی سەربکەون ، دووهەندەی تر ناو و ناوبانگی ئەو سێ سوارە بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە و ئەوانیش ئەمجارە نە لای کوردەکان ئەوەندە قەدریان دەمێنێ کە ماویەتیان ، کە بەهانایانەوە نەچوونە ، نە لای عەرەبەکانیش ، کە داوای هاوکاریان لێیان کردون و بە کەلکیان نەهاتوون . هەڵدەستن سی چل سوار لەو پیاوانەی چەلاوخۆر و کاسەلێسن ئامادە دەکەن و لەپشتڕا بەگژ باپیرم و گاوانی دەنگ خۆش و هاواری

جوتیاریان وەدەنێن، ئەو ئاغایەی باپیریشم کاتی خۆی بە داس لێی دابوو ، بە دەرفەتی دەزانێ تۆڵەی داسەکەی لێبکاتەوە و کۆتایی بەو ناو و ناوبانگەی بێنێ ، بە ماتە مات لێیان دەچێتە پێش تا تەواو دەکەونە ناو سێرەی تفەنگ ، نامەردانە نیشانە لە باپیرم دەگرێ و لە پشترا گوللەیەکی لە پشتی دەدات و لە سنگی دەردێ ، کە باپیرم لە گەرمەی شەڕ هەست دەکاتن لە پشترا پێکراوە ، ئاوەڕ دەداتەوە گوللەیەکی تریشی پێدەکەوێ لەو گوللەنەی لە لای عارەبەکانەوە بۆی دێ ، بە دەستی لەرزۆرک و لەشی بە خوێن ئاغاکە دەبینێ دەڵێ ئەی نامەرد ، سێرەی لێدەگرێ تا تەواو دڵنیا دەبێتەوە لێیدەدا ، ئینجا پل بە پەلاپێتکەکەوە دەنێت و لەشوێنی خۆی سەری دیاری ئاغاکە دەپێکێ و مێشکی دەپڕژێنێ تۆڵەی ئەژداد و ئابادی گوڵەهناری لێدەکاتەوە. ئینجا بە خۆشی بەلایەک دا بەردەبێتەوە و دەمێک بێدەنگ دەبێ ، پاشان بە زمانی حاڵ دەڵێ هاوڕێیان وەسیەت بێ ئەگەر مردم لەسەر چیای قەرەچوغ لە بڵندی بمنێژن ، بۆئەوەی بە مردوویش عارەبە تاڵانچیەکانی ئەودیو و و کوردە خائینەکانی ئەم دیوە بمبینن و لە گۆڕەکەم بترسێن ، نەوێرن بە ئاسانی پەنجە بۆ بەردێکی ئەم خاکەش دڕێژ بکەن . گاوانی دەنگ خۆش کە گوێی لێ دەبێ دەڵێ چیە برا خۆ نەپێکراوی ؟ باپیریشم بۆئەوەی وڕەیان دانەبەزێ دەڵێ نا ئەوە وەسیەتە ، هێدی هێدی خوێنیش لەبەری دەڕوا ، پێشیان دەڵێ ئاگاتان لەپشتەوە بێ ، ئاغاکانیش هاتونەتە هاوکاری عارەبەکان ، ئینجا لە هەردوولا

گەمارۆ دەدرێن و لە هەموو ڕاستێکەوە تەقەیان لێدەکرێ ، ئەوانیش بەردەوام دەبن لە بەرگری و ئەوەی سەردەربێنێ سێرەی لێ دەگرن . دایکی باپیرم و هاوسەرەکەی لە گوند کە بەوە دەزانن ئاغاکانیش چونەتە هاوکاری عارەبەکان ، هەڵدەستن بە پەلە هەموو ژنەکان کۆدەکەنەوە و دەڵێن دەبێ ئێمەش بچینە هاوکاری ئەو سێ پیاوەی بەرگری لە شەرەف و کەرامەتی ئێمە دەکەن ، ناکرێ تەنیا دانیشین و کە عارەبەکان هاتن خۆمان بکوژین ، ئەوە چ واتایەکی هەیە ؟ چیمان لەوان کەمترە ؟ لەگەڵ ئەو قسەیە هەرچی ژن و کچی گوند هەیە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو باب و برا و پیاوانەی ترسنۆکانە لەماڵەوە دانیشتوون و شیرە شیر بەسەریانەوە دەکەن ، دەست دەدەنە ئەوەندە چەکەی دەیان بێ و ئەوانی بێ چەکیشن دەست دەکەنە داس و تەور و چەقۆ لێکڕا وەکو لە شکرێکی یاخی تەقیو لەناو ئەو هەموو چەوسانەوەی ماڵ و مێرد و براو کەلتور و ئایینە دەردەکەون و بە قیژوهۆڕ وەک ئەوەی شێت بووبن ، بەرەو شەڕەکە دەڕۆن ، دایکی باپیرم بە لەرزە لەرز دەگێڕنەوە لە پێش هەموویان غاری دەدا ، لەبیری چووبۆوە پیرە . کە دەگەنە ئەوێ ، چەند تەقەیان لێ دەکرێ ناگەڕێنەوە ، چەند دەپێکرێن سڵیش ناکەن ، ئەوان لەهیچ نەدەچوون لەشکرێکی قەهر لە دڵی لەمێژینە بوون. لە ڕاست و چەپ تەقە لە ئاغاکان و عارەباکان دەکەن ، کە ئاغاکان دەبینن ئەو حەشاماتە بەپێوە شەڕ دەکەن و ناگەڕێنەوە ، ڕادەکەن ، وادەزانن تەواو هەموو خەڵک لێیان

هەڵستاوە ، بابایە سواری ئەسپەکانیان دەبن و سەنگەر بەردەدەن و بەرەو چیا دەردەپەڕن. لەوکاتە کە باپیرم بە بریندارى و گیانى نیوە زیندوو ژنەکان دەبیێ بە هانایانەوە هاتوون فرمێسکى خۆشى بە چاویدا دێتە خوارێ. دەزانێ بەو تەمەنەش دایکیەتى بەهانایەوە هاتووە . گاوان و هاوارى جوتیاریش دەڵێن کوڕە هاوڕێیان سەیرکەن هاوسەرەکانمان چ لەشکرێکیان پێکهێناوە . عارەبەکانیش کە دەبینن ئەو هێزە جلو بەرگ ڕەشە بەبێ خۆنەوى کردن بەرەو ڕوویان دێن و ئاغاکانیش ڕایان کرد ، ڕاستەوخۆ دەشکێن و لەگەڵ کشانەوە بە دەیان کەسى تریشیان لێ دەکوژرێ و بە پڕەپڕ خۆیان دەگەینە چیا بۆ ئەوەى ئەمجارە بەپێچەوانەوە بۆئەوان ببێتە دااڵدە لەو تێکشکانە قوتاریان بێ . ئینجا ژنەکان بە پەلە خۆیان دەگەیننە لاى باپیرم و هاوڕێکانى دەبینن کونى چاویشیان لە تۆزو خۆڵ و بارووت هەڵاتووە ، ئەوان لە چێشتانێوە تا عەسرێکى درەنگ لەو شەڕەدا بوون . کە دایکى باپیرم و هاوسەرەکەى دەچنە سەر باپیرم دەبینن بریندارە هەموو جلەکانى بە خوێنە و خوێنەکەش تۆز و خۆڵێکى ئەوەندەى گرتووە بۆتە قوڕ بە هەموو لەشیەوە وەنوساوە . ئینجا کە دایکى باپیرم و هاوسەرەکەى دەگرین و هاوار دەکەن ، گاوانى دەنگ خۆش و هاوارى جوتیار دەزانن باپیرم پێکراوە ، بە پەلە خۆیان دەگەیننە لاى دەبینن بە حاڵ قسەى پێدەکرێ ، ژنەکان هەموو لێى کۆدەبنەوە ، هاوسەرەکەى بە پەلە دەڵێ توخوا ڕێگام بدەن یەک شت هەیە دەبێ پێى بڵێم ئەوانیش کە

ڕێگای دەدەن ، دەچێتە سەری و دەست بە پرچی دادێنێ ، دەڵێ خۆت دەزانی زۆر لەگەڵ تۆ نەژیام ، بەڵام ئەوەندە ژیانە بەسە لەگەڵ پیاوێکی وەک تۆ هەتا هەتایێ چێژی لێ ببینم ، وە شتێکیش هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم ، من دوو گیانم . بەڵام کە تائێستا پێمان نەگووتی لەبەرئەوە بوو نەماندەویست سۆزت بە لای ژن و منداڵدا بشکێتەوە و لەو ڕێیەی هەڵتبژاردووە باشگەزبیەوە و شکست بێنی . باپیرشم خەندەیەک دەکات و دەستی هاوسەرەکەی دەکوشێ، بەومانایەی خۆشحاڵم زۆر زۆر خۆشحاڵ ، دووبارە دەستی توندتر دەکوشێتەوە و چاوی دەخاتە سەر زگی بۆئەوەی پێی بڵێ باش ئاگات لێی بێ ، ئینجا دایکی باپیرم دەستی باپیرم دەگرێت و لەسەر زگی هاوسەرەکەی دادەنێ ، لەوکاتە باپیرم سەیری هەموو خەڵکەکە دەکات و پاشان چاو دەخاتە ناوچاوی دایکی وەکو سەردەمی منداڵی و قۆناغی شیرپێدان بێ ئەوەی لایبا گیانی دەسپێرێ . شەوێکی تر و ئاگرکردنەوە یەکیتر و ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوونێکی تر و دیدارێکی تری هند و فڕینێکی تری بازەکەی و تەڕادانێیەکی تری ئەسپەکەی نابینێتەوە . لەوکاتە دایکی و هاوسەرەکەی و ژنەکانی گوند و گاوانی دەنگ خۆش و هاواری جوتیار لێکڕا دەست بە گریان و شین و سەردولکە گوتن دەکەن ، کەس خۆی پێناگیرێ نەگری لە دیار تەرمی ئەو سوارچاکەی بەخۆی و بە ئەسپ و بازەکەی سەرسەریەوە هەردەم بە قەد مەلە چیا و قەد تەڵانەکانەوە بوو ، ئینجا گاوان و هاواری هاوڕێی تەرمەکەی

هەڵدەگرن و ژنەکانیش بە دەوریدا ڕێز دەبەستن ، دایکی باپیریشم لەگەڵ هاوسەرەکەی لەپێشەوە بە چاوی بە فرمێسکەوە سەردولکە دەڵێن و ژنەکانیتریش لە دوایان دەڵێنەوە ، لەوکاتە بەجەنازەوە بەو شوێنەدا تێدەپەڕن ، کە بەر لە شەڕەکە باپیرم و ئەوان ئەسپەکانیان لێ بەستابۆوە ، کە ئەسپەکەی گوێی لەو گریان و لەخۆدانە دەبێ ، یەک بە دەنگی خۆی دەحیلێنێ و هەڵبەز و دابەز دەکات ، لەگەڵ تەکانی زۆر لغاوەکەی لەو سنگەی لە زەوی قایم کرابوو دەپچڕێنێ و بە خێراییەکی زۆر بەرەو لای جەنازەکە دەچێ . کە دەگاتە لای، دەم و لوتی دەخاتە بن مل و سینگ و ناو پرچی باپیرم و تیژ بۆنی دەکات ، فرمێسکیش بە چاویدا دێتە خوارێ ، پاشان خۆی نەوی دەکات وەک ئەوەی پێیان بڵێ هەرنا با بۆ دواین جار بێتەوە سەرپشتی منیش کە دەمێکە بەیەکەوەین و چیا و چۆڵ و کەند نەما سەری پێدانەگرین ، کە خەڵکەکە تێیناگەن و بەڕێدەکەونەوە بەرەو گوند ، ئەسپەکەش بەگەریان دەکەوێت و لەگەڵ شین و گریانی ژنەکان ئەویش بە حەزینی دەحیلێنێ و فرمێسک دەڕێژێ. هەر لەگەڵ ئەوانیش دەچێتە حەوشە و لەکۆێ جەنازەکەی دادەنێن لەوێ وەکو خەڵکەکە لە لایەک خۆی دەخاتە سەر زەوی ، چاویشی لەسەر هەڵناگرێ . ئینجا دایکی کە ئەسپەکە دەبینێ دەچێتە لای و دەست لە ملی دەکات بۆئەوەی بەرامبەر ئەو وەفایەی ئەو هەیەتی بۆ کوڕەکەی ، هەست بەوە نەکات کەس ئاگای لەو نیە لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکە . لە ناوەندی حەوشە بە

دیار تەرمەکەوە هەردوکیان سەر پێک دەکەن و دەگرین، دایکی باپیرم لەوکاتە قسەیەکی باپیرمی بەبیردێتەوە کە پێشترێ پێی گووتبوو " ئێمەی مرۆڤ وەفای ئاژەڵەکانمان پێ هەڵناگیرێ ئەوەندە قورسە " . ئینجا ژنەکان مەنجەڵێکی گەورە دەخەنە سەر سێ بەرد و بنی پڕ قشپل دەکەن ، دواتر بەو ستڵانەی بە دەستی باپیرم درووست کرابوون ، مەنجەڵەکە پڕ ئاو دەکەن و ئاگری دەخەنە بن بۆئەوەی ئاوەکە گەرم بێ و بیشۆن . هێدی هێدی تاریکیش باڵ بەسەر گوندەکەدا دەکێشێ . دەگێڕنەوە ئەو شەوە تا ڕۆژهەڵاتن ئەگەر ئەو هەموو سەردولکە و باڵۆرە و لاوک و حەیرانەی بەسەریدا هەڵدەگوترێ بنوسرابوایەوە خۆی لە چەندین بەرگە کتێب دەدا . ئینجا کە ئاوەکە گەرم دەبێ ، کۆساری مردووشۆر کە پیاوێکی بچووکی لاواز بووە، زۆربەی مردووەکانی ئەو دەوروبەرەش بە دەستی ئەو شوراوە ، بەهاوکاری چەند پیاوێک جلەکانی لەبەر دەکاتەوەو لە حەوشە لەپەنای چەند جاجمێکی ڕەنگا و ڕەنگی هەڵواسراو دەیشوا ، پاشان دەیخاتە ناو بەتانیەک و لەسەر ڕایەخێک دریژی دەکات. تا ڕۆژ هەڵدێ کەس ناخەوێ ، هێدی هێدی خەڵکی گوندەکانی تریش دێن و کۆدەبنەوە تا لە مەڕاسیمی بەخاک سپاردنەکەی بەژداربن . ئینجا کە بەیانی دادێ دەیخەنە سەر دارەبازەیەک و بە پێشنیاری دایکی باپیرم لە پشتی ئەسپەکەی خۆی قایم دەکەن و بەئامادەبوونی هەموو خەڵک بەڕێدەکەون بۆ چیای قەرەچووغ ، ئەوەی ئەسپی دەبێ بە ئەسپ ڕێگاکە

دەبڕێ ، ئەوانی تریش سواری هێستر و عاربانەوە و گوێدرێژەکانیان دەبن ، وە زۆربەی ئەوانی تریش بە پێیان بەدوای کاروانەکە دەکەون. ئەسپەکەی باپیرم بە تەرمەکەی سەر پشتیەوە لە پێشەوەی هەموویان دەڕوا ، فرمێسکیش بە بەردەوامی بە چاوەکانیدا دێتە خوارێ . باپیرم جیا لە هەموو جارەکان ئەمجارە وەکو سواریکی بێ ڕووح بەو دەشت و دەر و بنارەدا تێدەپەڕێ ، بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە. کە دەگەنە چیا لە ترۆپکی بەرزترین لوتکە کە هەم لە دیوی قەراج دیار بێ و هەمیش لە دیوی کەندێناوە ، ڕادەوەستن و شوێنێک نیشان دەکەن بۆ گۆڕ هەڵکەنەکان ، بۆئەوەی لەوێ بینێژن لەسەر وەسیەتی خۆی . گۆڕهەڵکەنەکانیش دەست بە هەڵکەندنی گۆڕەکە دەکەن و خەڵکەکەش بە دەوری دارە بازەکەدا کۆدەبنەوە ، دواتر یەکێک لە پیاوە بەتەمەنەکانی گوند دەڵێ بەر لە نێشتن تۆزێک دەوروبەری چۆڵ بکەن ، بەڵکو بۆ دواجار هەموو ئەو دەشت و چیاو دۆڵ و گەریانە ببینێ کە ڕۆژگارێک پێیدا تێپەڕیوە و لە کاتی یاخی بوون لێی ماوەتەوە و بۆی بوونەتە داڵدە . هاوسەرەکەشی کە دەکاتە داپیرم هەموو ئەو ڕۆژانەی بە بیردێتەوە کە لە گوندی مەلاقەرەڕا لەسەر بیری ئاوەکە بەگەڵی کەوت و بەیەکەوە بەسواری ئەسپێک هاتنە ئەو چیایە و بۆ ماوەیەک وەکو دوودڵدار تێیدا مانەوە . هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و لەو بەرزیەوە سەیری یەک یەک شوێنەکان دەکات. ئینجا کە گۆڕەکە تەواو دەبێ ، بە چوارکەس لە دارەبازەکە دەری

دەهێـــنن و بەرەو گـــۆڕەکەی دەبەن. لەوکـــاتە دایکـــی و هاوسەرەکەی وەک ئەوەی دەستیان لێی بەرنەبێ ، بە چاوی بە فرمێسکەوە دەڵێن ڕاوەستن با بۆ دواجار بیبینین مەیخەنە ژێر خـاک ، ئینجـا دایکـی بە دەسـتی خـۆی گرێـی کفـنەکەی دەکـاتەوە و سـەری لادەبـا ، لەگەڵ کـردنەوەی ئەم گـرێیە و بینینی ڕوخساری لەناو ئەو پەڕۆکە سپیە ، ڕاستەوخۆ کاتی منـدااڵی و سـەردەمی مەلـۆتکەیی بەبیـردێتەوە ، کە شـەوان دەســت و پێــی دەبەســتاوە و گرێیەکــی لە ســەری دەدا و دەیخستە لانک ، تـاکە جیـاوازی ئەوەبـوو لەو دیمـەنە بـاپیرم ڕووخســـاری ســـمێڵ و ڕیـــش دایپۆشـــی بـــوو . ئینجـــا هاوسەرەکەشـی لەو کـاتە خـۆی پـێ نـاگیرێ و دەسـت لە ڕوومەتەکانی دەدات و ماچی دەکات ، لەناو خەڵکەکە بەدزی دەبێتە دەنـگە دەنـگ و مەلایەک لەو مەلایـانەی لەو گونـدانە خوتبە دەدات و دەرس بە فەقێکان دەڵێتەوە ، کە ئامادە دەبێ بـۆ تەڵقینـدانی ، بە دەنگـی نـزم بە یەکێـک لەو پیـاوانەی لە تەنیشتی ڕادەوەستێ دەڵێ دەسـت نـوێژەکەی شـکاند ، خـۆی نابێ دەستی لێبدا . ژنێکیش لەناو ژنەکان کە لێیـانەوە نزیـک دەبێ ئاوڕێکی لێدەداتەوە و هـیچ نـاڵێ بەاڵم سـەیرکردنەکەی وەک ئەوە دێتە بەرچاو لە قسەکەی مەلا ناڕازی بێ . مەلا کە سەیری دەکات بـێ دەنـگ دەبێت و چیتـر نـقە ناکـات . دواتـر دوو سـێ ژنـی بە تەمەن دەچـنە پـێش و دایکـی بـاپیرم و هاوسـەرەکەی هەڵدەسـتێننەوە و پێیـان دەڵـێن مـردوو چەنـد

زووتر بنێژرێ باشترە ، ئەو لە ئێوارەوە ئامانەتی ئێمەیە دەبێ بەخاکی بسپێرین تەواو ، نابێ لەوە زیاتر بمێنێتەوە .
ئینجا دایکی باپیرم و هاوسەرەکەی هەڵدەستنەوە و بەگریانەوە تۆزێک لە لاشەکەی دوورەکەونەوە ، ئەو دوورکەوتنەوەیە دابڕانێکی یەکجاری دەبێ ، پاشان چەند پیاوێک دێنە پێش و تەرمەکە بە بەتانیەک هەڵدەگرن ، هێدی هێدی بەرەو لای گۆڕەکەی دەبەن و شۆڕی دەکەنەوە خوارێ ، ئینجا بە کۆمەڵێک بەردەشاخی تەنک سەری دادەپۆشن و لە دواین بەرد دایکی و هاوسەرەکەی دووبارە سەیری دەکەنەوە و لەگەڵ دانانی بەردەکە بە یەکجاری لەچاویان وون دەبێ ، پاشان بە خاکەناس خۆڵی پێدادەکەن و لەو لوتکە بڵندە دەنێژن ، دوو تاشە بەردی درێژیش وەکو کێل لەم لاو لەولای دەچەقێنن .
تا نزیک ئێوارەش بێجگە لە دایکی و هاوسەر و ئەسپەکەی ئەوانەی خۆشیاندەوێ بە دەوری گۆڕەکەیدا دەمێننەوە ، دواتر هەموویان بەیەکەوە بەر لە ڕۆژئاوابوون هەڵدەستن و لە چیایەکە دێنە خوارێ ، تەنیا ئەسپەکەی نەبێ ، چونکە هەرچەند هەوڵی لەگەڵ دەدەن گۆڕەکە بەجێناهێڵێ .
بە ناچاری دایکی باپیرم دەڵێ لێی گەڕێن ئەوە بڕیاری خۆیەتی ئەو ئەوەندەی هی کوڕەکەم بووە هی ئێمە نەبووە ، ئەگەر بیەوێ دواتر بە خۆی دێتەوە ، ئەگەر نەشیەوەێ ئەوە ئەوڕێیە هەڵدەبژێرێ کە خۆی پێی ڕاستە .

ئـێمە نـاتوانین بە زۆر بیگەڕێنیـنەوە لە کاتێکـدا ئەو بـۆ خاوەنەکەی لەوپەڕی غەمباریدایە .

ئەوان کە دەگەنە بنـارەکە ڕۆژئـاوا دەبێـت و لە دوورەوە دایکـی بـاپیرم و هاوسـەرەکەی ئـاوڕ لە لـوتکەکە دەدەنەوە دەبیـنن گـۆڕەکە لە دوورەوە دیـارە و ئەسـپەکەش لە لای پاڵکەوتووە لە تابلۆیەکی غەریب دەچێ وێنەکێشێک بە دەستی ئەنقەست بەر لە مەغریب کێشابیەتی .

سی و چوار

کە ئەردەشێر گەیشتە ئێرەی بەسەرهاتەکە ئانیا چیتر خۆی پێنەگیرا فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکاندا هاتە خوارێ . بەدەم هەنیسکەوە گووتی یەعنی بەڕاستی ئەبونەسڕ باپیری تۆ بووە ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ . ئانیا گووتی یەعنی تۆ کوڕی ئەو کۆرپەیەی کە لە ناوەندی شەڕەکە هاوسەری باپیرت لە زگی بووە و بە باپیرتی گووت من دووگیانم ؟ ئەدەشێر ویستی وەڵامی بداتەوە ، قوڕگی پڕ گریان بوو ، قسەی پێ نەکرا. ئانیا سەرێکی بادا و فرمێسکەکانی زیاتر جۆگەیان بەست . گووتی دونیا چەند سەیرە . ئینجا ئەردەشێر دوای کەمێک بێ دەنگی بەحاڵ گووتی نا من کوڕی یەکێک لەو منداڵانەم کە لە ناو زگەکە بوون . چونکە ماوەیەک دوای

کۆچەکەی باپیرم ، داپیرم زگەکەی دادەنێ ، دایکی باپیرم بە خۆی مامانی بۆ دەکات ، دەبینێ منداڵەکەی زگی جمکە ، کچێک و کوڕێکن ، ئەوە زۆر دڵخۆشیان دەکات . ئانیا لەوکاتە گووتی کەواتە دەبێ لەم دوو منداڵە جمکە یەکێکیان باوک ، یان دایکی تۆ بێ ؟ ئەردەشێر پێکەنی گوتی بەڵێ، کوڕەکە باوکی منە . ئانیا هەندەیتر دەستی بە گریان کرد ، گووتی یەعنی کچەکەش پلکی تۆیە ؟ ئەردەشێر وەڵامی دایەوە بەڵێ کچەکەش پلکمە . ئانیا گووتی ئەی دواتر ؟ ئەردەشێر گووتی دواتر پاش مردنەکەی باپیرم ، بە چەند ساڵێک دایکی باپیریشم دەمرێ ، لە تەنیشت دایکی گوڵهەنار دەنێژن ، داپیرم بە تەنیا دەمێنێتەوە ، لەگەڵ دوو منداڵە جەمکەکەی . ئەوانیش هێدی هێدی گەورە دەبن و دەکەونە سەر پێ ، هەموو چەند ڕۆژ جارێکیش دەچنە سەر گۆڕی باپیرم و هەموو ئێوارانیش لەبەر ئاگردان داپیرم چیرۆکی ئازایەتیەکانی باپیرم و ئەسپ و بازەکەی بۆیان دەگێڕێتەوە . ئانیا گووتی ئەدی کەس نەیزانی ئەو ئەسپەی لەسەر گۆڕەکەی نەگەڕایەوە دواتر چی لێهات ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ ، دەڵێن ئەسپەکە گۆڕەکە بەجێناهێڵێ تا ماوەیەکی دوورودرێژ ، پاشان هەر لەو شوێنە لە دەوروبەری گۆڕەکەی باپیرم هەندێک لە سەردانیکەران دەیبینن مردووە و ئێسک و پروسکەکانی بەو دەوروبەرەدا بڵاو بونەتەوە . لەبارەی بازەکەشی کەس هیچ نازانێ ، چونکە دوای باپیرم تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ کەس هندی نەبینیەوە ، ئەو بوو بە ژنێکی ئەفسانەیی شان بە شانی

چیرۆکەکانی باییرم . بەڵام ئێستاش شتێکی سەیر هەیە هەر کەسێک چوو بێتە سەر ئەو چیایە و چاوی بە گۆڕی باییرم کەوتبێ ، بینیوێتی بازێک لەسەر یەکێک لەو تاشەبەردانەی لە سەر گۆڕەکەی چەقێندراوە هەڵنیشتووە . ئانیا گووتی باشە تۆ نەچوویە سەردانی ؟ ئەردەشێر گووتی چوومە بەڵام درەنگ ، بەم دواییانە ئەویش جارێک. ئانیا گووتی بۆ ؟ ئەردەشێر وەڵامی دایەوە گووتی خۆت بیستووتە دوای هاتنە سەر حوکمی عبدلکەریم قاسم باوی ئاغایەتی نامێنێ ، دواتر سەرکردەکانی ئێراق یەک لە دوای یەک کودەتا بەسەریەکتری دا دەکەن ، تا هاتنە سەر حوکمی سەدام حوسێن ، لەسەردەمی سەدام ئەو ناوچەیەی گۆڕی باییرمی لێ دەبێ ، داگیر دەکرێت و کورد ناتوانێ لەبەر دەستی ڕۆیشتووی عارەبەکان بچێتەوە سەر گوند و خاک و زێدی خۆی . منیش کوڕی لە دایکبووی ئەو قۆناغە بووم . سنوری کورد ئەوەندە تەسک کرابۆوە لەم ناوچەیە کەس بۆی نەبوو لە گوندی پیرداود و دووسەرە بەولاوە ئاودیوبێ . وا لە بیرمە جارێکیان لەگەڵ بابم چووینە سەر گۆڕی داپیرم کە لە گۆڕستانی گردی پیرداود نێژرابوو ، ڕۆژگار ئەوەندە لێکی دوورخستبوونەوە لەگەڵ باییرم ، چ باییرێ ؟ ئەو پیاوەی چواردە ساڵ ڕاوەستا بەس بۆئەوەی ئەو کچەی بدەنێ و ئەویش چواردە ساڵ شووی نەکرد بەس بۆئەوەی بۆ باییرم بێ ، کەچی لەبەر ئەو هەموو کێشەیە و زوو مردنی باییرم ئەوەندە پێکەوە نەژیان بڵێن ئۆخەی . تەنانەت لە مردنیش لێک دوور کەوتنەوە .

من ئەویشم نەبینی بوو کە لە ژیان دابوو ، ئەگەرچی ئەو لە مـن تـامەزرۆتر بـووە یەکەم منـدالّی بـابم ببینـێ . دوای سەردانیکردنەکە و گەڵێ گفتوگۆ لەسـەر چۆنیەتی ژیـانی پڕ زەحمەتی داپیرم ، چونکە ئەو دوای ئەوەی کەسی نامێنێ دێتە هەولێر نیشتەجێ دەبێ لەگەڵ هەر دوو منداڵەکەی ، بە بـابم گووت گۆڕی باپیرم لە کوێیە ؟ لەسـەر گـردی پیـرداودڕا بە پەنجە ئاماژەی بۆ چیای قەرەچوغ کـرد گـووتی ئەهـا لەسـەر ئەم چیـایە دوورەیە ، منـیش کە سـەیرم کـرد چیـایەکە هەر ئەوەتە دیار بوو زوورگە زراویش کەوتبووە پێشی ، وامزانی زۆر نێزیکە و هـیچ سـنووڕێکیش نیە ڕامـان بگـرێ گـوتم بـۆ نەچینە سەردانی ؟ ئەوەندە تامەزرۆی بینینی گۆڕەکەی بووم لە سـایەی ئەو هەمـوو شـتەی لە بـارەیەوە گـوێم لـێ ببـوو ، گـووتی کـوڕم ئێسـتا ئەوێ داگیرکـراوە لە لایـان حـوکمەتی بەعس ناتوانین بچین . تەنانەت گردی گۆمیشم نەبینیبوو ، ئەو گوندەی ئەوان تێیدا ژیابوون ، بەڵام دوای سالّی دووهەزارو سـێ و ڕوخـانی ڕژێمـی بەعس ، دەرفەت ڕەخسـا سـەردانی هەموو ئەو شوێنانە بکەم . یەکەم شت کە لەگەڵ بابم چوومە گـردی گـۆم بینـیم گونـدێکە گردێکـی لە ناوەنـدە ، گـردەکە قۆرتێکی گەورەی تێدایە ، دەگێڕنەوە ئەو قۆرتە ئاوی زستانی تێدا دەمایەوە تا وەرزی هاوین ، هەر بۆیەش پێیان گووتووە گردی گۆم . ئینجا چوومە شوێنی خانوەکەی مـاڵی باپیرم و بابم یەک یەک وەسفی تاق و دیوار و ژوورەکانی بۆ کـردم ، دەنا لەکاولێکی بەسەریەکدا ڕووخاوی تـواوە بە ئـاوی بـاران

هیچی تر نەبوو ، بەڵام لەدیدی بابم شتێکی تر دەبیندرا ، لەهەندێک شوێن هەستم دەکرد فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس دەما. ئینجا منی بردە شوێنێک لە جێی خانووەکە و بە پیشەقانێک خاکەکەی هەڵکۆڵی ، گووتی ڕەنگە ئێستا ئاسن و پاسن و پارچە تەنەکەی بابم لەو ژێرخاکە هەرمابێ ، جا ڕاستیشی دەکرد، دوای کەمێک هەڵکۆڵین چەندین لێوە بەرمیل و بزماری دڕێژ بەدەرکەوتن ، گووتی ئەوە پاشماوەی ئیشەکانیەتی ، ئیشی ئاسنگەری . وام لێ هاتبوو هەر شتێکی ئەو باپیرەم دەدۆزیەوە لەلام پیرۆز بوو . پاشان بابم منی بردە ناوەندی کاولە ڕوخاو و تواوەکە ، ئەگەر بابم لەگەڵم نەبا هەر نەمدەزانی شوێنی خانووش بووە ، کە لەچەند گردۆکەیەکی بچووک بچووک دەچوو لەنزیک یەکتری ، گووتی ئای های دونیا ، وا لە بیرمە کوپەی ئاوەکەمان لێرەبوو، دایکم هەموو جارێ لە نزیکی لبادێکی ڕادێخست و دادەنیشت بەتایبەتی هاوینان ، کەچی ئێستا نە دایکم ماوە و نە کوپەکە ، خانوەکەش بۆتەوە خاک و خۆڵ. ئینجا هەر بەو ناوەدا دەستی بە گەڕان کرد و منیش بە دوایەوە بووم ، ئەو لەمن تامەزرۆتر دەهاتە بەرچاو و بەسەری سپیەوە منداڵ ببۆوە ، هەڵسوکەوت و قسەکانی پێ بەربەست نەدەکرا ، لەپڕ غاری دەدا لایەک و دەیگووت لەگەڵ " گۆسکە "ی خوشکم چەندین جار لێرە قۆڕ قۆڕانێمان کردووە ، ئەوجارە غاری دەدا لایەکی ترو دەیگووت دایکم ئەلێرە یەکێک لەبزنەکانی دەدۆشی ، وە ئەلێرەش کەرە سپیەکەمان دەبەستاوە. لەو

هـــاتوچۆیە لەناکـــاو تاشـــەبەردێکی خـــڕی دۆزیەوە ، کە ناوەندەکەی کون بوو ، گووتی ئەوەتە جۆینی دەرگاکەمـان ، لەوێ دەستی بەگریـان کـردو منیش بـێ ئەوەی لە هـیچ لەو شتانە بزانم لەگەڵی گریـام . هەر بەدەم گریـانەوە گـووتی دەرگاکەمان ئەلێرە بوو ، سـەگێکی بـۆری بـن زگ سپیشـمان هەبوو ، هـەر ئەلێرە دەمانبەستاوە ، پاشان چووە لای چەپ و گـووتی ئێـرەش شـوێنی کـۆریتی مریشـک و عەلەشـیش و قازەکـانی دایکـم بـوون. هەمـوو سـبەینان دەینـاردمە نـاو کۆریتەکان بۆئەوەی هێلکەکان کۆبکەمەوە. دواتر هەر بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە چووە لای سەرەوەی کاولەکە و گووتی ئێرەش پشتەوەی ماڵمان بوو ، بە ڕۆژ خۆمان دەدا بەر هەتاو و بەشـــەویش لەســـەربانیڕا لەبەر تیشـکی مانگەشـــەو پـــڕی کەرۆێشک دەبوو کە شەوان لە کونەکانیان داهاتنە دەرەوە . وام لێهات لە ڕێی گێڕانەوەکانی ئەوەوە هەموو دیمەنەکانم لا دروست بوو ، منیش بوومە بەشێک لەو ژیانە و وێنەکان لە یـادم ڕەگی داکوتـا. وام لێهـات زۆرجـار پەلە ئاسـنێک ، یـان بزماڕێک و پەرچێک ببینمەوە لە حەوشـە ڕاستەوخۆ هەڵـی گـرم و دواتـر بە بـابمی نیشـان بـدەم ، بابیشـم چـونکە پێشـتر هەمـــوو کەل و پەلەکـــانی بینـــی بـــوو ، هەرچـــی دەبینـــی دەیناسیەوە . دواتر بەیەکەوە چووینە ئەو دەشتاییەی باپیرم و گـاوانی دەنـگ خـۆش و هـاواری جوتیـار بـەری هێرشـی عارەباکانیـان گـرت و تێیـدا جەنگـان ، پاشـانیش ژنەکـان بەهانایانەوە چـوون . ئینجـا بـابم لەم نـاوە غەرەبەردێکی پێ

نیشاندام و گووتی ئەگەر هەڵە نەبم ئەڵێرە بابم دەپێکرێ ، دەستی بۆلای کلکەی چیاش ڕەوان کرد و گووتی ئەلەولایەش ڕا عارەبەکان تەقەیان لێدەکەن ، پاشان دەستی بۆ لای گوندی گردی گۆمیش ڕەوانەکرد و گووتی کە ئاغاکانیش دێنە هانای عارەبەکان ئەها لەو کۆندرەیێ تەقەدەکەن و هەرلەوێش بابم ئەو ئاغایەی بە داس لێی دابوو دەکوژێ . پاشانیش ژنەکان بەسەرپەرشتی داپیرم و دایکم ، کە ڕێک ئەوکاتە من و گۆسکەی خوشکمی لە زگ بووە، بەهانای باپیرم و هاوڕێکانی دێن. کاتێک بابم ئەو قسانەی دەکرد ، لە پێش چاوم دیمەنەکان دروست دەبوون ، بەڵام لە ڕاستیدا سەیری هەرلایەکت دەکرد لە پارچە زەویەکی تەختی تازە گژوگیا لێ شین بوو هیچیتر نەدەبیندرا ، دەتگووت ئەوەی دەیڵێ تەنیا خەیاڵێکە. پاشان گووتی هەرلێرەش بابم بە بریندارى دەزانێ دایکم دووگیانە و منداڵی ئەوی لە زگە ، بەڵام بەداخەوە نە ئەو ئێمەی بینی ، نە ئێمەش ئەومان بینی . ئەگەرچی ئەو ڕۆژە زۆریش لێک نزیک بووین ، ئەو تەنیا ئەوەندەی پێ دەکرێ دەستێک بخاتە سەرسەرمان ، کاتێک دایکی دەستی دەگرێت و لەسەر زگی دایکم دایدەنێ . دوای ئەو قسانە بە دار هەر لەو شوێنە چایەکمان لێناو هەندێ هێلکەی کوڵاومان لەگەڵ خۆمان برد بوو خواردمان . بابم دەم نادەم دادەما ، وەک ئەوەی خەیاڵ بیباتەوە . دواتر بەرەو چیا بەڕێکەوتین بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکەی باپیرم . کە گەیشتینە بناری چیای قەرەچوغ ئینجا زانیم بە منداڵی ئەو چیایە عاسێ و پڕ لە

کەرتەشاخە چەند بچووک هاتۆتە بەرچاوم کاتێک لەسەر گردی پیرداودڕا بابم پێی نیشان دام . دوای نیوەڕۆ بە چیاکەدا هەڵگەڕاین ، گەیشتینە ئەو ئەشکەوتەی باپیرم و سوارەکانی شەوان لێی دەمانەوە و ئەو ماوەیەی لەگەڵ عارەبەکان لەشەڕدا دەبن دەیکەنە حەشارگەی خۆیان ، دوای ئەوەی سەرمان بە هەموو کەلەن و قوژبنەکانی داگرت ، چووینە ئەو دەربەندەی عارەبەکان لە هێرشی یەکەمدا دەیانەوێ پێیدا تێپەڕن و باپیرم و ئەوان کەمینیان بۆ دادەنێنەوە و تێکیان دەشکێنن ، دواتر چووینە ناو ئەو غەرەبەردانەی چوار سوارە کوردەکەی لێ دەکوژرێ ، کە یەکێکیان لە ئاغاکان دەبێ و گاوانی دەنگ خۆش لاوکیان بەسەردا هەردەڵێ . دواتر هێدی هێدی بەرەو گۆڕەکەی باپیرم چووین ، لە دوورەوە دوو بەردی چەقێندراو بە دیارکەوتن ، هەندێک بەردیش بە چەند جۆر شێوە خرابوونە سەریەک و خۆڵی سەر گۆڕەکەیان بزرکردبوو ، کە هەر لە گۆڕی سەحابەیەک دەچوو بە تاقی تەنیا لەو بەرزیە، کەگەیشتینە لای لە دوای ئەو هەموو سەر و سەربردەیەی بەسەریدا هەڵگوترابوو غەریب دەهاتە بەرچاو . من خۆم پێنەگیرا نوشتامەوە و باوەشم لە یەکێک لەبەردە چەقێندراوەکان داو گریام . بابیشم چووە لای بەردەکەی تر و دانیشت گووتی کوڕم ئەوە گۆڕی باپیرتە کە تەمەنێکە بەحەسرەتی بیبینی . من هیچم نەگووت حەزم دەکرد بێ دەنگ بم ، تەنانەت کەسیش هیچ نەڵێ ، لەپڕ بابم گووتی

سەیری ئاسمان بکە ، منیش کە سەیری ئاسمانم کرد بینیم چەند بازێک بەسەر سەرمانەوە باڵیان ڕێک ڕاگرتووە و گەمە دەکەن لە خۆشی و هێمنی هەواکە . گووتی ئەوانە نەوەی هاوجنسی ئەو بازەن تەمەنێک لەگەڵ باوکمدا ژیا. کەوای گووت من ووردتر سەیرم کردن ، دیاربوو هەردەهاتن و دەچوون ، جیقنەی زۆریش بەسەر بەردەچەقێندراوەکانی سەرگۆڕەکە وەبوو ، بەڵام وەنەبێ ئەو جیقنانە تەنیا هی ئەو باز و باڵندانە بێ کە گۆشتخۆرن ، لەقەبارەکانیانەوە دیاربوو هی هەموو ئەو باڵدارانە بوو کە بەڕێبواری ڕۆژێک لە ڕۆژان بەوێ دا تێپەڕینە و پشوویێکیان داوە و ڕۆیشتوون. ئەو ڕۆژە چەندجارێکیش دەستم بە سەر زەوی دەوروبەری گۆڕەکە داهێناو چەنگێک خۆڵم هەڵگرتەوە تێر ماچم کرد ، بە خەیاڵی ئەوەی ڕۆژگارێک ئەسپەکە لەسەری پاڵکەوتووە ، بەڵام چەند چاوم گێڕا هیچ ئێسک و پروسکێکیم نەدۆزیەوە سااڵنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو .

ئانیا گووتی باشە بۆ داپیرت تۆی نەبینی ؟ دیارە زوو مردووە ؟ ئەدەشێر وەاڵمی دایەوە و گووتی بەڵێ ، دوای ئەوەی بابم ژیانی هاوسەری پێکدێنێ لەگەڵ دایکم ، ناگاتە حەفتەیەک دائیرەی ئەمن بەسەر ماڵیان دادەدات و دوای پشکنینی هەموو شوێنێک وێنەیەکی مەالمستەفا و دەمانچەیەک و نامەیەکی شاخی لەال دەگیرێ ، کە ئەوانە بۆخۆی هەریەک سزاکەی لە سێدارەدان بوو لەالیان حوکمەتی بەعسەوە . تاماوەیەک شوێن بزری دەکەن ، دوای

تەعزیبێکی زۆر و دەرهێنانی نێوکەکانی ئەگەرچی هەموو ئەو شتانەشی لەناو ماڵەکەی دۆزرابوونەوە دانپێدانانێت و دەڵێ من ناحەزم زۆر بووە ڕەنگە کەسێک بە ئەنقەست ئەو کارەی کردبێ ، مەحکەمە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات ، لەو ڕۆژەوە دەکەوێتە ژووری لە سێدارەدان. خزمەکانی بابم هەر خۆیان ، نەوەی ئەو برایانەی کاتی خۆی باپیرم لەخەزنە بەجێیانیهێشت چونکە پەیوەندیان لەگەڵ ئاغاکان هەبوو ، پێی دەڵێن برۆ داوای جیابوونەوەی لێبکە تازە ئەو ژیانی بەکۆتا هات ، پێویست ناکات بە دیار کەسێکەوە دابنیشی سزای لەسێدارەدانی لەسەر بێ . جا شتێکی سەیر چۆن باب و باپیرانیان پێشترێ پەیوەندیان لەگەڵ ئاغاکان پتەو بوو ، بەهەمانشێوە لەو قۆناغەش پەیوەندیەکی گەرمیان لەگەڵ بەرپرسەکان دەبێ . بەڵام دایکم بە گوێی کەسیان ناکات و ئەو برە زێڕ و پارەیەی لە بووکێنی دەیبێ ، دایدەنێ بۆئەوەی واستەیەک بدۆزێتەوە لەسێدارەدانەکەی بۆ بکاتە زیندانی هەتاهەتایی . شەوێک لە شەوەکان چەند دزێک دەزانن دایکم و داپیرم بە تەنیان و دایکم تازە بووکە و هەندێک زێڕ و پارەی هەیە، دێنەسەریان ، دیارە ئەوان لەسەربانی دەخەون ئەم شەوە ، لە نیوەی شەو دایکم بە خەبەردێ ، دەبینێ کەسێک لەپشت سەریەتی و دەست لەبن باڵیف و دۆشەکەکەی دەگێڕێ . ئەویش لەپڕ قیت دەبێتەوە و دزەکەش کە دەیبینێ دەیەوێ ڕابکات بەسەربانی جیرانەکانیاندا ، بەڵام دایکم دەرفەتی پێنادات و دەستدەکاتە چەقۆیەک ، کە لەسەر

پارچەیەک شفتی چەقێندرابوو لە تەنیشتیان ، لە بەینی خانووی جیرانەکەیان و خۆیان دەیگرێ و دەیداتە بەر چەقۆیان ، لەوکاتە دەبێتە هەراو هۆریا و دەور و جیران لە ماڵەکەیان خڕدەبنەوە ، لەوکاتەش داپیرم لەخەوهەڵدەستێ و دەشڵەژێ ، دیارە خانووەکەشیان ستارەی نابێ ، لەجیاتی بەقادرمەدا بچێتە خوارێ ، ڕێک هەنگاوداوێ بەرەو پێشەوەی خانووەکە و لەسەربانی ڕا بەردەبێتەوە . ئیتر دوای ئەو بەربوونەوەیە تاماوەیەکی زۆر هەڵناستێتەوە و دواتر هەر لەسەر جێگا بێ ئەوەی جارێکی تر بابم ببینێتەوە گیانی دەسپێرێ . دایکیشم ئەو شەوە چەند سەعاتێک دەگیرێ ، دەڵێن کە چۆتە بنکەی پۆلیس و دزەکەشیان لەگەڵی بردووە ، ئەفسەرەکە لەبەری نوشتاوەتەوە و گووتوویەتی ئافارین بۆ تۆ ، لەو کاتەش ژنێک دەهێننە بنکە و بەتاوانی ئەوەی لەگەڵ پیاوێک گیراوە بە ڕووتی ، ئەفسەرەکە دەڵێ توخوا تۆش ژنی ؟ شەرم لەخۆت ناکەی خیانەتت لە میردەکەت کردووە و لەسەر تاوانێکی وا تۆیان هێناوەتە ئێرە ، لەکاتێکدا ئەو ژنە دەست بۆ دایکم درێژ دەکات ، بە تەنیا لەگەڵ پیرێژنێک لەماڵ بووە و پیاوەکەشی لەزیندانە ، ئەو دزە چۆتە سەرماڵیان بە دەستی خۆی گرتوویەتی و بە چەقۆ لێی داوە ؟

ئینجا دایکم ڕۆژێک دەچێتە سەردانی باوکم و بەحاڵ مردنی داپیرمی پێ ڕادەگەینێ ، دەڵێن کە باوکم ئەو هەواڵەی پێگەیشتووە ، چەند جارێک سەری خۆی لە مەحەجەڕەی زیندان داوە تا خوێن بە هەموو لەشیدا هاتۆتە خوارێ . لەو

ڕۆژەوە بابم لەگەڵ گۆسکەی خوشکی بەبێ دایک و باوک دەمێننەوە . بەڵام گۆسکە زوو مێرد بە پیاوێکی پەپولە ئاسا دەکات چ پیاو ؟ چەندین جار بەو دواییانە بە چاوی خۆم بینی بووم کە باسی خوا دەکرا ئەو هۆڕ هۆڕ دەگریا . دەبێتە خاوەن ماڵ و منداڵ . لەو ڕۆژەوە دایکم ئیتر بەتەنیا دەمێنێتەوە ، ڕۆژێک لەماڵی دایکی دەبێت وڕۆژێک لە ماڵی ئەو خوشکەی بابم . بەڵام لە هەوڵی ئەوە ناکەوێت سزای لەسێدارەدانەکە لەسەر بابم لابات . وا لەبیرمە هەموو جارێ بابم دەیگێڕاوە و دەیگووت هەموو شەوێ لە زیندان ئەو پێشمەرگانەی گیرابوون ، کە دوو دوو و سێ سێ دەیان بردن بۆ سەر پەتی سێدارە ، بەیەک دەنگ ڕێگایان دەگرت و سروودی " ئەی ڕەقیب " یان دەگووت . کەس نەبوو کاتێک گوێی لێیان نەبێ لەناو ئەو زیندانە بە دزیەوە نەگریێ و گڕی کوردایەتی وەکو ئاگری نەورۆز لە هەناوی بەرز نەبێتەوە . ئینجا دایکم لەڕێی ژنە مامۆستایەکی کۆنی خۆی پەیوەندی بە بەرپرسێکی دەست ڕۆیشتووی ئەو کاتە دەکات و هەموو زێڕ و پارەکانی خۆی پێدەدات ، تەنیا سزای سێدارەکەی بۆ دابەزێنێت بیکاتە هەتاهەتایی ، دیارە ڕێشی تێدەچوو ئەو کاتە ئەو بەرپرسە وابکات ، چونکە بابم بە زاری خۆی هیچ دانپێدانانێکی نەبوو. بەهەرشێوەیێ بێ دوای ماوەیەک هەواڵ بۆ دایکم دەگەڕێتەوە کە بابم سزای لەسێدارەدانەکەی لەسەر لاچووە . ئەوەش زۆر دڵخۆشی دەکات . ئینجا لەو ڕۆژەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵ هەموو مەهاجەیەک بە ئامانە دەچێتە

سەردانی لە هەولێرەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا ، هەموو جارێ دەیگووت کە لە پەنجەرەی ئامانەکانەوە سەیری ئەو خانوانەم دەکرد بەلایان دا تێدەپەڕین و ڕۆناکی لە پەنجەرەکانیانەوە دیار بوو ، لەبەرەخۆم هەناسەم هەڵدەکێشا و دەمگووت دەبێ ڕۆژێک بێ پیاوەکەم بەربێ و بەمشێوەیەش لە ناو ماڵێک چرا یان گڵۆپێک داگیرسێنین و بۆ خۆمان وەکو خێزانێک بژین .

بەهەرحاڵ لەکۆتایی خەونەکەی دێتە دی و پاش ئەو حەوت ساڵە لێبووردنێکی گشتی دەردەچێ بابم بەبەر دەکەوێت و لەگەڵ دایکم بەیەک شاد دەبنەوە . ئینجا دوای ماوەیەک منیان دەبێ ، بەڵام کە من ئەو کاتەی پێ دەخەمە دونیا داپیرم لە دونیا دا نەمابوو . لێرەش پێویستە شتێک بڵێم ئەگەرچی بابم بەهەرشێوەیەک بێ نەیهێشت تا ئێستای تێدام هیچ لەو برا و خوشکانەی دواتر بەدوای منداا بوویان برسی و نەبوو بین ، جا بە کارکردن بێ یان بە قاچاغی و هەندێک جاریش دزی .

بەڵام قەت بەرامبەر دایکم بەوەفا نەبوو وەک ئەوەی دایکم بۆ ئەوی کرد . تەنانەت چەندین جار بەبەرچاومانەوە لێی دەداو زۆرجاریش بە ئاشکرا و بەنهێنی لەگەڵ ژنی تر دەخەوت و پەیوەندی هەبوو . بەڵام بێجگەلە ئەو شتانە بەسۆزیش بوو ، دەشگریا ، پێشدەکەنی . نازانم بڵێم چی ؟ هەموو شتێک لەودا وەکو یەک ئامادەبوو.

سی و پێنج

ئانیا و ئەردەشێر لەوکاتەی ڕووچووبونە ناو بەسەرهاتەکان، بڵندگۆی زیندانەکە دەنگەکەی چەند جارەی لێ بەرز بۆوە ، دیاربوو کاتی سەردانیکردن تەواو بوو . هەردووکیان وەکو هەموو کەس و کاری زیندانیەکانی تر ، کە لەکاتی وا دەبووە غەربەغەرب و تێک سووڕان، لەشوێنەکەی خۆیان هەڵستانەوە بۆئەوەی ماڵئاوایی لێک بکەن تا مەهاجەی دادێ . ئانیا گووتی چەند ناخۆش دەبوو ئەگەر دەرچوون لە دونیاش بە ئاگادار کردنەوەبا و کاتێکی بۆ دیاری بکرابا . ئەردەشێر گووتی نا پێم وایە خۆشتر دەبوو ، چونکە ئەوکات هەرکەس پەلەی دەکرد لەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدات و لەوەی دەیەوێ بیڵێت و لەوەی لە دڵیەتی نایدرکێنێ . ئانیا هەستی بەشتێک کرد ، بە

تۆزێک شەرمەوە گووتی باشە وا دابنێ ئێرە کۆتایی ژیانە زۆرمان نەماوە بۆ یەکجاری لێی دەرچین بابزانم تۆ چیت لە دڵە دەتەوێ بیڵێی بەر لە ماڵئاوایی کردن ؟ئەردەشێر سوورهەڵگەڕا ، حەزی دەکرد یەک بەدەنگی خۆی لەناو ئەوگۆڕەپانە پڕ لە خەڵکە هاواربکات و بڵێ خۆشمدەوێی ، حەزی دەکرد پێی بڵێ چ لەخۆشەویستی پیرۆزترە تا پێت ببەخشم ، ئەی ئەو فریشتەیەی لەو گۆڕستانەی ناوی زیندانە هاتیە ناو ژیانم و منت کردەوە خاوەن خەون . حەزی دەکرد پێی بڵێ من ئەگەر لە دەرەوە کەسێکی وەکو تۆ میهرەبانم بناسیبا تا ئەبەد بەسەر هەورە بڵندەکاندا دەفڕیم ، هەموویەیانیان بەر لەبولبول هەڵدەستامەوە و لەگەڵ گەڵا بەرزەکانی سەرەوەی دارقەڵەم تۆزەکان سەمام دەکرد . هەموو ئێوارانیش زیاتر لە سەد جار لەبەر دایکم دەنوشتامەوە و پێیەکانم ماچ دەکرد و دەبوومە گۆچانەکەی دەستی باوکم تا نەکەوێت بەهۆی پیریەوە کە منیان هێناوەتە دونیایەک تۆی تێدایە . ئانیا لێی دووبارە کردەوە و گووتی چیتە بۆ وا بێ دەنگی ؟ زووبە دونیا تەواو ، وادابنێ ئێستا هەمووشتێک کۆتایی دێ . وادابنێ ئێستا پیردەبی و دەموو چاوت لە پڕ چورچ و و لۆچیان تێدەکەوێت و پشتت کوڕدەبێتەوە ، ئەوکاتە بۆ بەفێڕۆ دەدەی؟ لەپڕ دووبارە دەنگی بڵندگۆیەکە هاتەوە و دیاربوو دەیگووت زووبن کەس و کارەکانتان بەڕێکەن ، درەنگە کات تەواوبوو . ئانیا گووتی گوێت لێ بوو ؟ گوێت لێبوو ئەو دەنگەی لە بڵندگۆیەکە

بەرزدەبێتەوە پەیامەکەی چیە ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ گوێم لێ بوو ، بەڵام ئێستا وەختی نیە ، ماویەتی . ئاخەر منداڵیش ئەگەر لە کات و ساتی خۆیدا لە دایک نەبێ ڕەنگە ناتەندروست دەرچێ . ئانیا سەیری بەو قسەیە هات بەڵام هیچی نەگووت ، باوەشێکی لە ئەردەشێردا و ڕووی خۆی وەرگێڕا بڕوا ، ئەردەشێر گووتی ئانیا ڕاوەستە ، ئانیا ئاوڕی دایەوە و سەیری ئەردەشێری کرد ، ئەردەشێر گووتی حەزدەکەم ناوێکی نهێنیت بۆ دابنێم ناوێک هەر لەخۆت بێ ، ئەگەر قبوڵی بکەی . ئانیا گووتی چ ناوێک ؟ ئەردەشێر گووتی " نیلوفەر" ئانیا یەکەمجار بوو گوێی لە ناوێکی وەهابێ ، بە سەرسامیەوە گووتی نیلوفەر واتا چی ؟ ئەردەشێر گووتی واتا خانمی کەنارەکان ، ئانیا گووتی وای چەند خانمانەیە ، باشە لەچیەوە هاتووە ئەگەر بزانی ؟ ئەردەشێر گووتی نیلوفەر ناوی گوڵێکە هەڵگری هەر چوار تووخمەکەیە "ئاو ، ئاگر ، هەوا ، خاک "خۆی لەناو ئاو شین دەبێ ، لە بنەوەی ئاوەکە ڕەگی لە ناو خاکە ، ناوقەدیشی لە ناو ئاوە ، گوڵەکەش خۆی لە دەرەوەی ئاوەکە سەر دەردێنێ و تیشکی ڕۆژ لێی دەدا و هەوای پێدەکەوێ . لەبەر ئەو خاسیەتانەش دەڵێن چارەسەرە بۆ چەندین نەخۆشی . ئانیا گووتی یەعنی ئەوەندە گەورەم لەلای تۆ ؟ ئەردەشێر گووتی ئەی چۆن . ئانیا گووتی یەعنی من بە شایانی ئەوە دەزانی هەڵگری ئەو ناوەبم؟ ئەردەشێر خەندەیەکی کرد گووتی بەڵێ بە دڵنیاییەوە، بە دڵنیاییەوە تۆ خانمی کەنارەکانی ، منیش کەشتیوانی ڕێ لێ

وون بووی دەریا قوڵ و بێ بنەکان ، پێم وایە ناسینی تۆ بۆمن نزیک بوونەوەیە لە کەناریێک ، هەربۆیەش ئەو ناوەم بۆت بەشیاو زانی . ئینجا ئانیا سوپاسی کرد و بەناچاری کە دەبوا بڕوا ، ڕۆیشت وەکو جاران بە بن ساباتی دوور و درێژی زیندانەکەدا تێپەڕی و لە دەروازە گەورەکەی زیندان کە بە بۆیاغێکی سووری تاریک ڕەنگ کرابوو چووە دەرەوە . بەسەر ئەو شەقامەی بە پێش زیندانەکەدا تێدەپەڕی ، لای دەستە ڕاستی گرت و ویستی بەرلەوەی بچێتەوەماڵەوە دەستەیەک پێنوس لەو پێنوسانەی ئەو خەتەکەی پێخۆش بوو بکڕێت لە بازاڕ ، کە هەر دە دەقەیەک بە پێ دووربوو لە زیندانەکەوە . بیریشی هەرلای قسەکانی ئەردەشێر و ئەوناوەبوو بۆی دانا ، دەیویست بزانێ ئەو حەزی لێبوو چی بڵێت بەڵام پێی وابوو هێشتا وەختی نیە و ماویەتی . لەپڕ خۆی لەبن دیواری قەڵا بینیەوە ، ئەو دیوارەی ڕۆژگارێک قەڵغانی ئەو شارە بازنەییە بووە لەو شوێنە بەرزە ، کەچی ئێستا یەک مرۆڤیشی تێدا ناژی . سەری بڵندکرد بینی دارتوویەکی گەورەی بێ گەڵا لە قەد ئەو خۆڵەی قەڵاکەی لەسەرە دیارە ، چەند کۆترێکی شینی سەرباڵ خەت خەت لەسەری هەڵنیشتوون ، هەندێ کۆتری تریش دەفڕن لەو تاق بۆ ئەو تاق و لەو پەنجەرە بۆ ئەو پەنجەرە . دەوروبەریشی قەرەباڵغ بوو ، تابڵێی قەرەباڵغ . چونکە چۆن لەسەرەتاوە قەڵاکە بازنەیی بوو ، ئەو شەقامەی شاریش کە بە دەوری دا سووڕابۆوە هەر بازنەیی هەڵکەوتبوو . خەڵک لەم بەر و لەو

بەری شەقامەکە شتیان دەفرۆشت ، هاواریان دەکرد بۆ ئەوەی سەرەنجی مشتەریەکان بۆ خۆیان ڕاکێشن ، ئانیا لە یەکێک لە کتێب فرۆشەکان کە کەوتبووە بن قەڵا تەنیشت چایخانەی مەچکۆ ، بەرامبەر دووکانەکانی قەیسەری ، ڕۆژنامەیەکی کڕی و هەر لەو شوێنە سەیری لاپەڕەکانی کۆتایی کرد ، کە پڕبوو لە بابەتی هونەری و ئەدەبی ، بەگەورەیی لەگۆشەیەک بینی نوسراوە " نوسەر لەنێوان دوو بەردەئاشدا " ئەم ناونیشانە زۆر سەرەنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ، چونکە پەیوەندی بەخۆیەوە هەبوو ، دەستی بە خوێندنەوەی کرد ، تا گەیشتە ئەم شوێنەی نوسرابوو نوسەر هەموو کات پێیەکی لەناو ئەم دونیایەیە دایە و پێیەکیشی لەناو دونیایەکەی خۆی ، ئەم دونیایە ڕایدەکێشێت بەو شتانەی چێژبەخشن بۆئەوەی لەو دونیا جیای بکاتەوە . ئەو دونیاش ڕایدەکێشێت بەو شتانەی لەم دونیایەدا نیە دەیەوێ بەسەلیقەی خۆی تێیدا بنیادیان بنێت . لێرەیە نوسەری چاک و خراپ دەردەکەوێ . چۆن؟ نوسەری چاک ئامادەیە واز لەم دونیایە بێنێت ، یان کەل و پەلەکانی ئەم دونیایە بخاتە خزمەتی بنیادنانی دونیایەکەی تر، بەڵام نوسەری خراپ بە پێچەوانەوە دەیەوێ بەهەر دوو پێ بکشێتەوە دواوە و شتەکانی ناو دونیایەکەی خۆی کە هەیە بۆ بەدەستهێنانی تەواوی ئەوشتانەی ئەم دونیایە بەکاربێنێ . کەچی ئەم دونیایە دژی سەلیقەی هەردووکیان دەجوڵێتەوە . بۆ نوسەرە چاکەکە چەند شتێکی چێژبەخش و هەڵخەڵەتێنەر دەخاتە بەر

دەست. بۆ نوسەرە خراپەکەش ئەم شتانەی چێژبەخشن دووردەخاتەوە . لێرە نوسینی بەهێز و بێهێز لە دایک دەبێ ، ئەو نوسینانەی بەهێزن بەرهەمی ئەو نوسەرانەن کە هەڵنەخەڵەتاون بەو شتانەی لەم دونیایە دا هەیە ، مەیلیان زیاتر بەلای دونیایەکەی خۆیاندا چووە . ئەو نوسینانەی بێ هێزیشن هی ئەو نوسەرانەن مەیلیان زیاتر بەلای ئەم دونیایەدا گەڕاوەتەوە و بەدوای بەدەستهێنانی شتە چێژ بەخشەکانەوەن. ئانیا کە گەیشتە خاڵی کۆتایی ئەو بەشە زۆر سەرسام بوو ، نەیزانی لەوە گەوهەری تر لەبەشی داهاتوو دایە . ئینجا سەیری بەشەکەی تری کرد و کە باسی شێت بوونی دەکرد لە کاتی نوسەریدا . نوسەری ئەم بابەتەش لە ڕۆژنامەکەدا بەم پرسیارە دەستی پێکردبوو شێت بوون چیە لە نوسەریدا ؟ ئینجا بەشەکەی تری بەدوادا دەهات و نوسرابوو کاتێک نوسەر بەیەکجاری دەچێتە ناو دونیایەکەی خۆی لە دیدی ئێمە شێت دەبێ ، چونکە ئەوکات هەڵسوکەوتەکانی وەک مرۆڤی ئاسایی دەرناکەوێ ، ئەو بە پێی دونیا دڕووستکراوەکەی خۆی دەجوڵێتەوە کە هیچی لە هی ئێرە ناچێ دەبێتە کەسێکی دژەباو . ڕەنگە هەڵسوکەوتەکانی ئێمەش لە دیدی ئەو شتێک بێ هاوشێوەی شێتیەتی . لە کاتێکی تریشدا ئەگەر نوسەر تەواو گەڕاوە بۆ ئەم دونیایە و عەشقی دڕووستکردنی ئەو دونیایەی خۆی دەیویست دڕووستی بکات لە دەست بدا ، دیسان ڕەنگە شێت بوون ڕووبدا ، چونکە شکستی هێناوە . بەڵام لە سەرەوەی

هەردووکیان " بان نوسەر" ی هەیە ، ئەویش دەگمەنە چونکە پەیوەندی بە هاوسەنگی هەیە لە نێوان ڕووح و جەستەدا . لەو حالەتە بان نوسەر کەسێکە بە هەردوو پێ دەچێتە ناو ئەو دونیاو دێتەوە ناو ئەم دونیایەش ، سەمادەکا . چێژ لە شتەکانی ئەم دونیایەش دەبینێ و لە دروستکردنی دونیاکەی خۆشی ناکەوێ . هەمووی بەیەکەوە گرێ دەدات و دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی ، چی بوێ ئەوە دەکات . بەم پێیەش هەندێک جار شێت دەردەکەوێت و هەندێک جاریش ئاقڵ ، هەندێک جار ناشیرین دەردەکەوێت و هەندێک جاریش جوان .

ئانیا کە گەیشتە کۆتایی بابەتەکە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ گووتی ئەوەی سێیەمیان منم ، بان نوسەر ، من بان نوسەرم، ئەگەر هەویش نەبم دەمەوێ ببمە بان نوسەر ، نەک بە تەنیا نوسەر. هەرلەبەرە خۆشی گووتی باشە ئەگەر وایە ، بۆ لەناوەندی بابەتەکە بەوەندە ڕازی بووم و سەرسامیم دەربڕی ؟ نا ، کێ دەڵێ سەروتریش نیە ، یان کێ دەڵێ ئەوەی سێیەم هەر هەیە ، نازانم . ئینجا هەرلەبەرەخۆی گووتی بۆ نیە ، ئەدی ئەوەنیە من هەم دەچمە ناو دونیاکەی خۆم و هەمیش دێمەوە ناو ئەو دونیایە ، ئەدی ئەوەنیە هەموو چیرۆکەکانی ئێرە بەکاردێنم بۆ بنیادنانی ئەو دونیایەی خۆم دەمەوێ و چێژ لە شتەکانی ئێرەش دەبینم ؟ هەر بەدەم ئەم قسانەوەش ڕۆژنامەکەی لولداو لەبەرەخۆی گووتی دەی جارێ بابچم پێنوسەکان بکرم ، ئەو کات کە گەڕامەوە ماڵ زیاتر بیرلەوەیان دەکەمەوە ، بزانم دەتوانم کامەیان بم ، بەڵام

خۆ نوسەرەکە گووتی بۆ هی سێیەم دەبێ هاوسەنگی ڕابگرین لە نێوان ڕووح و جەستەدا . کەواتە دەبێ ئاگامان لەخۆمان بێ چیدەکەین و چی دەخۆین و چۆن و کەی دەخەوین . ئەوانە هەموو وا دەکات مرۆڤ باش بیربکاتەوە و چالاک بێ . هێدی هێدی لەسەر شەقامەکە پرپەوە ئەوبەر و چووە لای ئەو ڕێزە دوکانەی کەوتبوونە بەرامبەر قەڵا ، لەوێ لە دوکانێکی پێنوس و دەفتەرفرۆش ڕاوەستا و سەیری ئەو کەل و پەلانەی کرد داندرابوون لەسەر مێزێک ، کە زۆربەیان دەفتەری منداڵان و پێنوسی دار و دەستە پێنوسی ڕەنگ بوون ، بۆ وێنەکێشان .

لەلایەک چاوی بە کۆمەڵێک پێنوسی جافیش کەوت ، لێیان نێزیک بۆوە و دەستی لە چەند دانەیەک دا ، خەتی هیچیانی بەدڵ نەبوو ، کە نوکەکانیانی بەناو لەپی داهێنا ، دواتر ڕووی خۆی وەڕگێڕا بۆ لای جامخانەی دوکانەکە بینی کۆمەڵێک قوتی پڕ لە پێنویسش لەوێ داندراوە ، کە چووە لای ئەوانیش بینی ئەو پێنوسەی خۆی دەیەوێ هەیە. ئینجا بۆئەوەی جارێکی تر ناچار نەبێ بەو زەحمەتیە بەدەستی بێنێ ، دەستەیەکی پێکەوە کڕی ، کە هەرزانتریش ڕادەوەستا لەوەی دانە دانە بیکڕێ . دواتر بە دەستێک پەرچەمە خاوەکەی خستەوە بن گوێی و ڕێی ماڵی گرت . ئەو یەک سیفیاتی هەبوو، کە لەکەسی تردا نەبوو لەم شارە ، هەتاپێی بکرابوا بە پێ ڕێی دەبڕی ، هەر ئەوەش وای لێ کردبوو هەرگیز کێشی زیاد نەکات . کە گەیشتەوە ماڵەوە ، چووە مدبەغەکە بینی

دایکی لەسەر یەکێک لەو کورسیانەی بە دەوری مێزی نان خواردنەوە ڕێز کراون خەوتووە . ئەویش بێ ئەوەی بانگی بکات و لەو خەوە کورتە هەڵیبستێنێ کە تەمەنێک بوو فێری ببوو ، سەری ئەو مەنجەڵەی هەڵداوە کە لەسەر تەباغەکە دانـدرابوو ، کە بە وردی لەناو مەنجەڵەکەی ڕوانـی ئەقڵـی خواردنەکەی نەگرت ، ڕاستەوخۆ قەپاغەکەی داناوە و لەناو سەلاجە سێوێکی دەرهێنا ، لە بەلوعەی قاپشوشتنەکە تۆزێک ئـاوی پێـداکرد و قەپێکـی گەورەی لێـدا ، هەر بەدەم سـێو خواردنەوە بە قادرمەکەدا سەرکەوت و چۆوە ژوورەکەی ، ئەو پێنوسانەی کڕیبووی ، لە ناو کارتۆنەکە دەریانی هێنا و خسـتیە نـاو ئەو شوشـەیەی دەمێـک بـوو بـۆ پێنوسـدانان لەسـەرمێزەکە دایناـبوو ، ئینجـا بـێ ئەوەی گوێبـداتە خەو و ماندوویەتی ، کە لە بەیانیەوە لەناو گۆڕەپانی زیندان سەدان دەنـگ بەیەکەوە بە تێکەڵـی دەهـاتە بەرگـوێ و سـەدانیش وەڵامیان دەداوە ، دەفتەرەکەی هێنا گۆڕێ . لەکوێ دەستی هەڵگرتبوو لە نوسینی ڕۆمانەکەی ، ئەلەوێڕا دەستی پێکردەوە ، دەیویست وردودرشت ئەو بەسەرهاتانەی ئەردەشێر بۆی گێڕابۆوە هەمووی بنوسێ .

سی و شەش

دونیا تەواو تاریک داهات بوو ، مەنسوورِی بازرگان بە ئۆتۆمبێلەکەی لە کۆمپانیاوە دەگەڕایەوە ماڵ ، لەڕێگا چاوی بە دوکانێکی مەیفرۆشتن کەوت ، لەشەقامەکە لایدا و لەئۆتۆمبێلەکەی هاتە خوارێ ، ڕاستەوخۆ چووە ناو دوکانەکە و بتڵێک وێسکی کڕی . لە ڕێگاش دوو ماسی ئامادەکراوی داواکرد بۆ کاتژمێر نۆ بۆی ببەنە ماڵەوە . ئینجا کە گەیشتەوە بەر دەرگای حەوشە چووە ژوورێ لە نزیک مەمەڕەکە دایکی ئانیا پێشوازی لێکرد ، ئەویش ڕاستەو خۆ دەربارەی ئانیا لێی پرسی ، دایکی ئانیاش گووتی عەسرێ گەڕاوەتەوە ئێستا وا لە ژوورەکەیەتی کەمێک پێش ئێستا سەرم لێدا ، بینیم خەریکی نوسینە ناچار هاتمەخوارێ و هیچ پرسیارێکیشم لێی

نەکرد لە بەیانیەوە لە کۆی بووە . مەنسوور گووتی خۆم دەچمە لای . ئینجا بە قادرمەکەدا سەرکەوت و چووە ژوورەکەی ، بینی ئانیا بەسەر دەفتەرەکەیەوە خەوی لێ کەوتوە. وێستی چەند دێرێک لەو نوسینانەی بە دەستی کچەکەی نوسرابوو بیخوێنێتەوە ، بەڵام بۆی نەکرا لەبەر پەرش و بڵاوی پرچی کە هەموو لایەکی داپۆشی بوو ، تەنیا ئەو ڕستەیە نەبێ کە لە کەلەنێکەوە دەبیندرا " ئێمەی مرۆڤ وەفای ئاژەڵاکانمان پێ هەڵناگیرێ ئەوەندە قورسە " . ئەوەش مەنسوورِی وا لێکرد تەزیەک لەسەری تا پەنجەی گەورەی پێی بە لەشی دابێت. لەوکاتە ئانیا کە هەستیکرد کەسێک لەپشت سەریەتی ، سەری بڵند کرد و لەخەوەکە هەڵستا ، باوکی گووتی کچم ماندو دیاری . ئانیاش دەستێکی بەسەر و پرچی داهێناو گووتی هیچ نیە خەوتبووم ، خەوێکی کورت و خۆش . دایکم ناحەق نیە هەموو جارێ ئەوها دەخەوێ . ئینجا مەنسووڕ گووتی وادەچمە خوارەوە تۆش وەرە بە چێشتخانەم ووتووە ماسیمان بۆ بێنن . ئانیا دیاربوو زۆری پێخۆش بوو ، چونکە عەسریش گەڕابۆوە نانی نەخوارد بوو . مەنسووڕ ڕاستەوخۆ کە چووە خوارەوە لە مدبەغەکە لەسەر کورسیەک دانیشت و سەری بتڵە وێسکیەکەی کردەوە ، هەندێکی خستە ناو گڵاێک و بە یەک قوم هێنایە خوارێ . دووبارە پێکەکەی پڕکردەوە ، دایکی ئانیا کەبینی ماوەیەکە هەموو شەوان دەخواتەوە گووتی چیە پیاوەکە خۆ هیچ نەبووە ؟ مەنسووڕ وەڵامی دایەوە گووتی بووە ژنەکە بووە

لەمێـژە ، بەڵام ئێســتا هەســتم پــێ کــردووە. خــۆزگەم بەو ڕۆژانەی هەژار بــوین بەڵام ئاســوودە دەخەوتــین . دەزانــی خەڵک بە فەتــارەت دان واتــا چی ؟ واتــا خۆخستنە دۆزەخ . دەزانی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ پیاوانی بەرپرس و دادوەرانی حەرامزادە واتاچی ؟ واتا تەرککردنی هەزاران جۆر خواردن و هەڵبژاردنی بەری ژەقنەبووت بۆ هەتاهەتایێ. ئاخەر تۆ ڕاستە ئەو کاتیش پێت ناخۆش بوو من بەم جۆرە دەوڵەمەند بووم و خیانەتم لە مێژوو و خاک و نزیکترین هــاوڕێم کرد ، کاتێک گۆڕە مۆمیاکراوەکانمان فرۆشت . بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر حوکمدانی کەسێکە بۆ هەتاهەتایێ ، دەزانی حوکمدانی کەسێک واتــا چــی ؟ واتــا لێستاندنەوەی ژیــان لە مرۆڤێک بە هەمــوو چێژو بەهاکانیەوە ، ئەوە زیاتر ئازارم دەدات نەوەک گۆڕ و مۆمیا و مێژوو و نازانم بڵێم چی ؟ ئاخەر مــام تــاوێر بەر لە هەر یاسا و ڕێسایەک مەحکومی دەستی منە ، لەوە بە ئازارتر هەیە ؟ ئــاخ هەژاری چیت پــێ کــردم ، بریــا هەر لە خــانووە کرێیەکە و دار و دیــوارە کون کــونەکە بژیابــاین نەوەک ئەو ڕێگــا قوڕســەم هەڵبژاردبــا . ئینجــا مەنســووڕ بە دەم ئەم قسانەوە دووبارە پێکەکەی هەڵداو بە یەک پشی خواردیەوە ، تــا دەهــاتیش ســەری گەرمتــر دەبــوو ، لەناکــاو ئانیــاش هــاتە ژوورەوە ، مەنسووڕ کە بینــی گــووتی وەرە کــچە تاقــانەکەم وەرە . ئانیا وەکو منداڵێک خۆی خستە باوەشی ، مەنســووڕ تێربــۆنی کــرد و گــووتی کچــم دەســتەکانت خــۆش بــێ کە دەنووسی ، بەڵام بەو هیوایەم شتێک بڵێی ئەگەر واش نەبێ

تۆ وای دابنێ وایە بەڵکو سوودی هەبێت و بەپێی کات بە بەژنی ئێمەی مرۆڤ دابڕێ . ڕاستە ئێمە وەفای ئاژەڵاکانمان پێ هەڵناگیرێ قوڕسە ، بەڵام ئەگەر ئێوە کە دەنوسن بڵێن پێمان هەڵدەگیرێ ، ئەوکات پێمان هەڵدەگیرێ . ئانیا سەری لەو قسەیە سووڕما ، ڕاستەوخۆ ئەو دێرەی بەبیرهاتەوە کە لە ڕۆژنامەکە دا خوێندبوویەوە " نوسەر ئەوشتانەی لەو دونیایەدا نیە ، دەیەوێ بە سەلیقەی خۆی بنیادیان بنێت ".
ئەلێرەڕا تۆزێک بیرکردنەوەی گۆڕا لەبارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەیەوە ، لەوەی پێشتر بیری لێ دەکردەوە .
مەنسووڕ لەوکاتە گووتی وەرە سەر ئەو کورسیە دانیشە، دەستی گرت و لەتەنیشتە خۆی داینا . ئینجا ڕووی لە دایکی ئانیا کرد و گووتی بەدرێژایی ئەوماوەیە ناخم ئازاری هەبووە و شتێک وەک گرێی شێرپەنچە لە ناوەوە بەردەوام گەزتیتمی. مەبینە زۆرجار نکولێم لەو مەسەلەیە کردووە ، ئەوە هەر بۆ ئەوەبووە خۆم هەڵخەڵەتێنم. ئانیا لەوکاتە بەجواب هات و گووتی ئێوە باسی چی دەکەن من تێناگەم ؟ مەنسووڕ بێ ئەوەی بیرلەوە بکاتەوە ئانیا چۆتە زیندان و شتێک لەم بارەیەوە دەزانێ ، بەنیمچە سەرخۆشیەوە گووتی مام تاوێری بەستەزمان . ئانیا چاوەکانی زەق هەڵگەڕا ، گووتی مام تاوێر؟ مەنسووڕ وەڵامی دایەوە بەڵێ کچم ، تۆ لەو مەسەلەیە ناگەی دوور و درێژە. دووبارە پێکەکەی پڕ کردەوە و بێ ئەوەی سەیری کەسیان بکات دەستی بۆ برد و بە یەک پشی وەکو پێکەکانی پێشوو خواردیەوە .ئانیا گووتی ئاخەر بۆیە دەپرسم

من پیاوێک دەناسم بەم ناوە . مەنسوورِ لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوە گووتی لە کوێ ؟ ئانیا گووتی لە زیندان ، ئەوپیاوە هاورِێیەکی هەبووە بەناوی سیاوەش خیانەتی لێ کردووە . مەنسووِر سووِرهەڵگەڕا لەشەرمان ، ئارەقە لە هەموو کونەکانی لەشی هاتە دەرەوە. دایکی گووتی کچم ، وێستی قسەیەک بکات ئەو باسە بگۆڕێ . مەنسووِر گووتی لێی گەڕێ ژنەکە لێی گەڕێ ، با هەرنا لەخۆمانەوە بیزانێ . ئانیا گووتی چی بزانم ؟ مەنسووِر وەڵامی دایەوە زۆر شت . تۆ لەوکاتەوە بڕینەکەی منت کولاندەوە کە پرسیت باوکە ئێمە چۆن دەوڵەمەند بووینە ؟ ئەوە گرانترین پرسیار بووە لە تەمەنم لێم کرابێ. لەوبڕوایەم هەر باوکێک بزانێ لە دواڕۆژ مندااڵەکەی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات لەبارەی ئەو ماڵ و سامانەی هەیەتی هەرگیز ڕێی هەڵە هەڵنابژێرێ . بەردەوام بە بزانم چیترت گوێ لێ بووە لەبارەی سیاوەش ؟ لە عەسرێوە دەمزانی ئەمرۆ دووچاری شتێکی چاوەڕوان نەکراو دەبم . ئانیا گووتی زۆرشت ، کاتێک مام تاوێر باسی ئەو هاورِێیەی خۆی بۆ کردم بێزم بۆوە ، لەبەرەخۆم گووتم چۆن دەکرێ ئینسان هەندە نامەرد بێ ئاخەر ؟ مەنسووِر گریا ، قەت ئانیای نەبینی بوو تا ئەو ڕۆژە بە دزیش قسەیەکی ناشرینی پێ بڵێ. گووتی کچم وەرە با من باسی ئەو دوو پیاوەت بۆ بکەم ، ئینجا ئەو پێکەی حازری کردبوو هەڵیدا و لەسەری تابنی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە . بێ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکات . ئانیا لە چەند شوێن بۆ مام تاوێرگریا و نەفرەتی لە سیاوەش

کرد . پاشان بەچاوی بە فرمێسکەوە گووتی باوکە ئەگەر دەیبینی چ پیاوێکە لەڕووی تۆ نەبێ. مەنسووڕی بازرگان گووتی ڕێک پێچەوانەی سیاوەشە وایە؟ ئانیا گووتی بەڵێ ، نازانم ئەم دووانە چۆن گەیشتوونەتە یەکتری و بوونەتە هاوڕێ ؟ مەنسووڕ لەوکاتە خۆی پێنەگیراو گووتی دەبا شتێکت پێ بڵێم ڕەنگە باوەڕیش نەکەی ، من سیاوەشم . دایکی ئانیا لەگەڵ ئەم قسەیە لە قورپەی گریانی دا. ئانیا گووتی چی ؟ مەنسووڕ دووبارەی کردەوە گووتی من سیاوەشم ، سیاوەشی نەفرەت لێکراو لەلایان هاوڕێ و ژن و کچەکەی. ئانیا لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایە و ڕەنگی تێکچوو. گووتی باوکە ئەوە چ گاڵتەیەکە لەگەڵ من دەیکەی ؟ سەرخۆشیش بەم ڕاددەیە ؟ مەنسووڕیش لەگەڵی هەڵستایەوە و گووتی خۆزگە هەر تەنیا سەرخۆشیبا کچم ، سەرخۆشی چی ؟ ئانیا گووتی ئەوە تۆ بەڕاستیتە ؟ مەنسووڕ بەلاداهات و خۆی بە لایەکی دیوارەکە گرتەوە و بە دەنگی بەرز گووتی بەڵێ بەڵێ بەڕاستیمە ، من مەنسووڕ نیم من سیاوەشم ، سیاوەشی هەژار و مەنسووڕی دەوڵەمەند ،سیاوەشی نەفرەت لێکراو و مەنسووڕی پیاوچاک ، سیاوەشی نەخوازراو و مەنسووڕی شیرین بەڵێ . ئینجا دەستی بەگریان کرد و گووتی چی لەو هەموو پارەکەم ؟ کە ژیانێکی تاڵ و تفتم هەبێ وەکو قوڵزەڵقورت ، ئەوە چ واتایەکی هەیە لە ئازارێکی کاتی هەژاری ڕابکەی و خۆت توشی ئازارێکی بێ کۆتایی بکەی ، چ واتایەکی هەیە پێم بڵێن ؟ ژنەکە بۆ بێ دەنگی ؟

بینیت لە پێناو ماڵی دونیا چیم لەو هاوڕێیە کرد ؟ چیم لەو گۆڕە مۆمیایانە کرد ، چیم لە مێژوو و خەڵکێکی قوربەسەر کرد ؟ بینیت چیم لەو هاوسەرە بێ دەنگە ناخ پڕ لە ئازارە و ئەوکچە کرد کە دونیایەک خەونی هەیە ؟

دەستی بۆ ئانیا برد لە باوەشی بکات ، ئانیا کشاوە دواوە بە چاوی بەگریانەوە وەک ئەوەی سکی بەخۆی بسووتێ گووتی ئێستا پێم بڵێ تۆ مەنسووڕی یان سیاوەش ؟ من خەریکە تێکدەچم . دایکی کە گوێی لەوقسەیە بوو لە شوێنەکەی خۆی هەڵستاوە و گووتی کچم هەوڵبدە تێبگەی تۆ گەورەی . ئانیا لەپڕ لەویش دوورکەوتەوە و گووتی ئەدی تۆ کێی ؟ ناتەوێ تۆش لەپڕ شتێکی وابڵێی ؟ دایکی ئانیا گووتی کچم ئاگات لێیە چی دەڵێی ؟ ئانیا گووتی بەڵێ زۆریش ئاگام لێیە ، ئەوە ئێوەن نازانن چی دەڵێن ، دەمێک بێ دەنگ بوو ، دەیویست بزانێ ئەوە ڕاستە یان نا ، لەناکاو ڕووی لە دایکی کرد و گووتی تۆش دەتزانی وایە ؟ دایکی وەڵامی دایەوە ویستی قسەیەک بکات ، ئانیا پێی بڕی گووتی تکایە پاسا و مەهێنەوە تۆش بەژداربووی لەوەی باوکم کردوویەتی ، دەنا بێ پاڵپشتی تۆ یان لێی ڕانەبینیبی چۆن جورئەت دەکات دەست بۆ کارێکی وابا ؟ مەنسووڕی بازرگان لەوکاتە دەستی بۆ بتڵە وێسکیەکە برد و ئەمجارە بێ ئەوەی لە گڵازی بکات بەسەردەمی وەکرد . سووڕ هەڵگەڕا لەگەڵی ، گووتی دایکت قوربانیە نەک شەریک . ئانیا گووتی خێرە لە هەموو شتێک هاوسەری ژیانتە لێرە قوربانیە ؟ مەنسووڕ تادەهات

سەرخۆشتر بە دەردەکەوت ، چیتر نەیتوانی خۆی لەسەر پێیان ڕابگرێ لە شوێنەکەی دانیشت و پشتی بە قونیچکێکی دیوارەکەدا . هێدی هێدی قسەکانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون . بە بەردەوامیش فرمێسک لە چاوەکانی دەڕژان . دایکی ئانیاش لەو شوێنەی کچەکەی نەیهێشت دەستی لێبدات ڕەق ببوو نەیدەزانی چیبکات و چی بڵێت ، ئەو حاڵی لە هەموویان خراپتر دیار بوو. ئینجا ئانیا کە بینی مەنسوورِ سەری بەلایەکدا خواربۆتەوە و هیچیشی لێ تێناگا ، ژوورەکەی بەجێهێشت و بەقادرمەکەدا چووە سەرەوە. لەوکاتە کەسێک لەدەرگاکەیانی دا، دایکی بەپەلە فرمێسکەکانی سڕیەوە و چوو بینی مەندوبی چێشتخانەکەیە خواردنی بۆ هێناون. ئەویش بە چاوی بە فرمێسکەوە وەریگرت و هێنای لەسەر مێزەکەی دانا . بانگی مەنسووڕی کرد گووتی هەڵستە خواردنەکە گەیشت ، مەنسووڕ بە زمانی تێک ئاڵاوەوە گووتی ئانیا نەخوات منیش ناخۆم . دایکی ئانیا دووبارە لەگەڵ ئەم قسەیە دەستی بەگریان کردەوە . پاشان بە چەفیەکەی سەری فرمێسکەکانی سڕیەوە و چوو لە دەرگای ژوورەکەی ئانیای دا ، ئانیا بە دەم هەنسکەوە گووتی چیە ؟ دایکی گووتی مەنسووڕ دەڵێ ئەو نان نەخوات منیش نایخۆم . ئانیا گووتی یەعنی هێشتا بڕواتان وایە دوای بیستنی ئەم هەواڵە نان بە قورگمدا دەچێتە خوارێ ؟ بڕۆن تکایە جارێ لێم گەڕێن .

دایکی ئانیا بە دڵی شکاوەوە گەڕاوە مەدبەغەکە نەیدەزانی چیبکات . ئانیاش هەموو ئەو شتانەی پلانی بۆ دانابوو وەکو گلۆرەبەنێک لە دەستی ئاڵۆزببوو . لەپڕ ئەو ناوەی بەبیرهاتەوە کە ئەردەشێر لێی نابوو نیلوفەر ، خانمی کەنارەکان . لەبەرەخۆی بە چاوی بە فرمێسکەوە گووتی چۆن دەبێ خانمی کەنارەکان کچی سیاوەش بێ ؟ ئێستا ئەگەر بزانن چیم پێ دەڵێن ؟

****

ئانیا دوای ئاشکرابوونی ئەم نهێنیە یەک مانگ لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە ، لەو ماوەیە تەلەفۆنەکەشی داخستبوو بۆ ئەوەی کەس پەیوەندی پێوەنەکات . تەنانەت لەگەڵ دایکی و مەنسووڕی بازرگانیش قسەی نەدەکرد . لەوکاتانەی ئەوان لە ماڵەوە نەدەبوون دەچوو شتێکی دەخوارد ، یان دەچووە سەرئاو و دواتر دەگەڕایەوە ژوورەکەی . وای لێهات زۆرترین چێژی لە تەنیایی دەبینی . ڕۆژانەش خەریکی نوسین بوو . هەموو دووشەممانیش ئەردەشێر وەکو جاران بە نیازی دیدار خۆی دەگۆڕی و بۆنی لەخۆی دەدا ، چاوەڕێی دەکرد تا بچێتە لای ، کەچی لە هیچ لایەک نەدەبیندرا . عەشقی ئانیا تەواو ئەردەشێری ڕەنگ زەرد و خەفەتبار کرد ، بەڵام شیشەکانی زیندان ڕێگربوون لەوەی وەکو سوارچاکێک بچێتە سۆراغی . چەندین جار تەلەفۆنیشی بۆ کردبوو نەیتوانیبوو قسەی لەگەڵ بکات ، بەهۆی داخستنی

تەلەفۆنەکەی . مام تاوێریش لەو ماوەیە چەند جارێک لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ ئەردەشێر کردبوو ، پێی گووتبوو دەکرێ ئینسان چێژ لەو عەشقەش ببینێ ، نەک بەدیاریەوە بتلێتەوە . خۆی ئەمە پلەیەکی بااڵترە لە خۆشەویستی و بەدەستهێنان و بەیەکەوە بوون . بەاڵم ئەردەشێر هەردادەما ئەو لەبوونەوەرێکی مت بوو دەچوو لەم زیندانە . نەیدەویست قسە لەگەڵ کەس بکات ، تەنانەت نەیدەویست مام تاوێریش زۆرجار بێتە الی کە خۆشەویستترین هاوڕێی تەمەنی بوو . جاری واهەبوو لەبەرەخۆی خەندەی دەکرد ، جاری واش هەبوو فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتە خوارەوە . زۆرجاریش هەبوو لۆمەی خۆی دەکرد لەوەی پەلەی کردووە لە دواهەمین سەردانی ئەو ناوەی بە ئانیا بەخشیوە و وای کرد بترسێ و چیتر نێتەوە ، نەوەک لەگەڵ زیندانیەکی بکوژ دووچاری پەیوەندی خۆشەویستی بێ . لەپشت سەری خۆی لەسەر دیوار بە کلکە مراکێک وێنەی ئانیای کێشابوو ، لە تەنیشت وێنەکەش نووسیبووی نیلوفەر ئەی خانمی کەنارەکان ئەی خوداوەند ، هاتن بە دەستی خۆت بوو چونکە بە تەنیا هاتی دەتتوانی بڕیاربدەی نێی ، بەاڵم ڕۆیشتن بۆ ؟ خۆ ئەوکاتە منیش لە ژیانتدا هەبووم دەبوا پرسێک بکەی مادام بەتەمای ڕۆیشتن بووی . هەر لەو ماوەیەش دادگا بانگی ئەردەشێر دەکات و بە بڕیاری حاکم عبدلرەحمان کە لە سەرووی خۆیەوە ئەمری پێکرابوو ، ئەردەشێر بیست و پێنج ساڵ سزا دەدا بە تاوانی کوشتنی مەیسەری لەشفرۆش . لەو

ڕۆژەوە ئەردەشێر بۆ یەکجاری دەست لە خۆشەویستی ئانیا هەڵدەگرێ و ناشیەوێ جارێکیتر بێتەوە ، چونکە پێی وابوو نابێ لەگەڵ خۆی مەحکومی ئەو سزایەی بکاتەوە کە بەسەر ئەودا سەپێندراوە. مام تاوێر زۆر تێکدەچێ کە دەبیستێ ئەردەشێر حوکم بووە . کە دەیبینێ باوەشی لێدەدات و دەگرێ ، هەموو ئەو سەبەینێیانەی بە بیردێتەوە کە بە تامەزرۆییەوە خۆی دەگۆڕی و بۆنی لە خۆی دەدا بەرلەوەی بچێتە لای ئانیا . بەبیری دێتەوە چۆن گوێی بۆ گرتبوو کە ئامۆژگاری دەکرد چیرۆکەکان درێژبکاتەوە بۆئەوەی سەرەنجی ئانیا ڕابکێشێت و بەجێینەهێڵێ . لەوکاتە بەچاوی بە فرمێسک و دەمی بە خەندەوە گووتی هاوڕێ شکستمان هێنا . نەمانتوانی خانمەکە ڕازی بکەین . ئەردەشێر ڕاستەوخۆ تێگەیی گووتی نا من پەلەم کرد ، خۆم پێنەگیرا پێی نەڵێم نیلوفەر. بەڵام واباشترە چونکە ئەوکات خراپتر دەبوو ئەو لەگەڵم بمابوایەوە و منیش حوکمبام ، ئێمە بەختمان هەیە .

سی و حەفت

ئێوارەیەک مەنسوورِ لە ڕێی دایکی ئانیاوە بە هەزارحاڵ دەرفەتێکی ڕێکخست لەگەڵ ئانیا بۆ چەند دەقەیەک دابنیشێ و قسە بکات . مەنسوورِ خۆی ڕێکخست و چووە ژوورەکەی ئانیا ، کە چاوی بەسەر و سیمای ئانیاکەوت شڵەژا ، بەر لە هەرشتێک گووتی کچم خۆت بینیوە چەند لاواز بووی ؟
ئانیا گووتی نا چونکە وازم لە ئاوێنەش هێناوە ، ئێستا هەستدەکەم وەکو جاران حەزم لێی نیە . مەنسوورِ بەدەم پیاسەکردنەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی دان بەوە دادەنێم تاوانێکم کردووە لەکوشتن گەورەتر ، لە دزی و ڕێگری گەورەتر ، تەنانەت لە درۆ و خیانەتیش گەورەتر . بەڵام دادگایەک شک نابەم لەم وڵاتە دادپەروەربێ و بچم

خۆم ڕادەست بکەم ، ئەگەرنا خۆم ڕادەست دەکرد . چونکە خودی حاکم و خودی گەورەترین بەرپرسیش لە تاوانەکە بەژدارن . تۆ ڕێیەکم بۆ دابنێ چیبکەم تا لێم خۆش بی ؟ ئانیا گووتی مام تاوێر ئازادبکە با چیتر لەو زیندانە عەزاب نەکێشێ و ژیانی پێ ببەخشەوە . مەنسوورِ گووتی ئاخەر ئەو پیاوە ڕاستە لەسایەی ئەوەی من لە گەڵیم کرد بەندە ، بەڵام ئەو لەلایان ئەو بەرپرسەی گۆڕەکانی فرۆشت بە پاڵپشتی حاکم عبدلرەحمان سزادراوە . هەرکات بزانن من بەدوای بەردانی مام تاوێرەوەم ڕەنگە بمکوژن ، بۆئەوەی قەزیەکە لەسەر خۆیان ئاشکرا نەبێ . ئانیا گووتی باشە پێت ڕاستە تۆ هەڵەت کردووە ئێستا لە ترسی گیانی خۆت نەوێری چاکی بکەینەوە کەسێکی تر باجەکەی بدا ؟ مەنسوورِ گووتی نا . ئەگەر پەشیمان نەبام لەو هەڵەیەی کردوومە ، بەدڵنیاییەوە تا دونیاماوە هیچم نەدەگووت . ئانیا گووتی ئاخەر هەر ئەو پەشیمان بوونەوەیەشە وای لێ کردوم تروسکایەک ببینم و هیوایەکم بە باوکایەتیت بمێنێ ، دەنا ئەوەی کردوتە ئێستاش کە دەیبیستم باوەڕناکەم ، بڕۆ چیت پێ دەکرێ بیکە بۆ ئازادکردنی مام تاوێر .

سی و هەشت

ئەردەشێر دوای ئەوەی حوکم بوو کەل و پەلەکانی تێک ناو یاتاغەکەی کۆکردەوە ، بەرە بەری مەغریب دوا باوەشی لە مام تاوێر و زیندانیەکانیتردا و دوو پۆلیس هاتن بردیانە ناو مەحکومەکان. کە شوێنەکەیان لەبەری ئەو بەری زیندانەکە بوو بەرامبەر تەوقیفەکان . کە هەر دوولا ئەو گۆڕەپانەیان کەوتبووە نێوانی لەگەڵ ئانیا لێی دادەنیشتن . مام تاوێر لە دوا قسە پێی گووت غەمت نەبێت بەم زوانە خۆم دەگوازمەوە ناو حوکمەکان ، بۆئەوەی هەرنا بەیەکەوە بین . ئەردەشێر بە قورگی پڕگریانەوە سەری لەقاند وەک ئەوەی بڵێ باشە چاوەڕێتم . دوای ماوەیەک ڕۆژێک بەڕێوەبەری بەندیخانە بەناو زیندانیەکاندا دەستی بەگەڕان کرد ، بۆئەوەی گوێ لە

سـکاڵا و داواکاریەکانیـان بگـرێ ، گەیشـتە ئەو ژوورەی ئەردەشـێری لـێ بـوو ، زینـدانیەکان بەڕێـز ڕاوەسـتان و بەڕێوەبەر لەگەڵ چەند پۆلیسێک بەناویاندا سووڕایەوە ، یەک یەک سەیری کردن و دواتر هەندێک قسـەی لەبارەی چەند بڕیارێکی نوێ کرد ، کە تازە لەناو بەندیخانەکە دەرچوو بوو ، یەک لەوانە کـردنەوەی خـولێکی وێـنە کێشـان بـوو . بەڵام کێشـەکە ئەوەبـوو لەنـاو هەر ژووریـک یەک کەس تـا دوو کەسیان هەڵدەبژارد ، ئەوەش وای کردبوو هەموو زیندانیەکان لەو مافە سوود بەخش نەبن کەمێکیان نەبێ . کە بەڕێوەبەر لە قسەکانی بۆوە و گووتی کێ داواکاریەکی هەیە ؟ ئەردەشێر دەستی بڵند کرد و گووتی من . بەڕێوەبەر گووتی داواکاریت چیە ؟ ئەردەشێر وەڵامی دایەوە و گـووتی فەردەیەک خـۆڵم دەوێ . بەڕێوەبەر سەری لەم داوایە سـووڕما ، تـا ئەو کـاتە کەس داوایەکی وەهای لێ نەکردبوو . گووتی خۆڵت بۆ چیە ؟ ئەردەشـێر گـووتی دەمەوێ گـوڵ و ڕیحـان و لاولاوە بچێنم ئەگەر ئیزنم بدەن. بەڕێوەبەر زۆر سەرسـام بـوو ، گـووتی بەڕاستتە تۆ ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ. بەڕێوەبەر گووتی بۆ؟ ئەردەشـێر گـووتی دەمەوێ مەحەجەڕەی زینـدانەکە بـکەمە شوێنی گوڵدان هەڵواسین ، بۆئەوەی هەم بە خۆمـان لەڕێی بینینـی ئەو سـەوزاییەوە بتـوانین هەسـت بە ژیـان بکەیـن و پەیوەندیمان بە یەکجاری لەگەڵی نەپچڕێ ، هەمیش ئەوانەی دێنە سەردانمان ببزانن ئێمەش دڕندەنین . بەڕێوەبەر بڕیاری دا فەردەیەک خـۆڵی تـایبەتی بـۆ بێـنن لەگەڵ شـتڵی لاولاوە و

گوڵ و ڕیحان . ئەردەشێر لەو ڕۆژەوە چەند ستڵێکی باغەی قەبارە لێکچوی پڕ خۆڵ کرد و بە قەیتانی شۆڕت و ئەو تراکسودانەی بە کەلکی لەبەرکردن نەمابوون لە شیشەکانی زیندانی قایم کرد . ئینجا نەمام و گوڵ و ڕیحانەکانی لەناو چاند ، هەموو ڕۆژێکیش کە ئیزن دەدران بۆ ناو مەمەڕەکە ، دەستی دەکردە دەببەیەک ئاو و بەڕێز ئاوی دەدان . شوێنی گوڵەکانیش وا هەڵکەوتبوو هەموو سبەینیان ڕۆژی بەسەر داهەڵدەهات . دوای ماوەیەک وای لێهات ئەو بەشەی شیشەکان سەوزایی دایپۆشی . وای لێهات زیندانیەکان هەموو ڕۆژێ لەوێ کۆدەبوونەوە و سەیری گوڵ و ڕیحان و لاولاوەیان دەکرد کە خۆی لەشیشەکان لولدابوو ، کە تا ئەو کاتە زۆربەیان چەندین ساڵ بوو سەوزاییان نەبینی بوو ، چەندین ساڵ بوو بۆنی ڕیحانیان نەکردبوو . چەندین ساڵ بوو نەیانبینی بوو گوڵ چۆن شکۆفە دەکات . هەر سەردانیکەرێکیش دەهات دەیپرسی ئەوە کێ دروستی کردوە، جا چ ژن با یان پیاو . تا وای لێهات چیرۆکی ئەو گوڵ و لاولاوە و ڕیحان چاندنە بەناو هەموو خەڵکی ئەو شارەدا بڵاو بۆوە . هەرچی دەهاتە مەهاجەی کەس و کاری حەزی دەکرد ئەردەشێر ببینێ . ڕۆژانە بۆنی گوڵ و ڕیحان ئەو زیندانەی دادەگرت ، پاسەوانەکانی دڵخۆش دەکرد، سەردانیکەرانی دڵخۆش دەکرد، تەنانەت بەڕێوەبەر و میوانەکانیشی دڵخۆش دەکرد ، هەموو لەسایەی ئەو بیرۆکەوە ئەردەشێریان خۆشدەویست ، هەرچی بگوتبا ڕەت

کردنەوەی بۆ نەبوو ، ئەگەرچی ئەو خۆی کەسایەتیەکی وەهای هەبوو ، هەرگیز داوای شتێکی لە کەس نەدەکرد جارپسکەر بێ . ئەو بە ڕۆژ خەریکی خزمەتکردنی گوڵ و لاولاوە و ڕیحانەکان بوو ، بەشەویش لەسەر جێگاکەی کتێبی دەخوێندەوە ، ئەگەرچی هەندێک کتێب هەبوو ئەو دەمێک بوو حەزی لە خوێندنەوەیان بوو قەدەغە بوو بێتە ژووری بەتایبەتی ئاڤێستا و تەورات و ئینجیل . هەبوو و نەبوو لە کتێبە ئاسمانیەکان تەنیا و تەنیا قورئان بوو ئەویش چەندین جاری بە واتاوە خوێندبوویەوە . زۆرجار هەستی بەبێزاری دەکرد ئەوەندە تێیدا ناوی ئیبراهیم و موسا و لوت و فیرعەون هاتبوو ، بەڵام بە چیرۆکی یارانی ئەشکەوت و یوسف و یەعقوب سەرسام بوو ، هەمیشە چێژی لێدەبینی و زۆرجاریش لەگەڵی دەگریا. هەندێک کتێبی ئەدەبیشی بەدەست گەیشتبوو بەڵام چوار پێنجێکیان نەبێ کە دەیخوێندنەوە تەزیان بە لەشی دادێنا ، ئەویش دیوانێکی نالی و مەحوی و وەفایی و فایەق بێکەسی شاعیر و هێدی و گوڵبژێرێکی مەولەوی و سەیدی هەورامی و قانع و هێمن و هەژار بوو لەگەڵ چەند شاعیرێکی تر ، دەنا لە هەموو ئەوانی تر بێزار بوو کە شیعری تازەیان تێدا بڵاوکرابۆوە . دواتر لەڕێی زیندانیەکی ترەوە کتێبێکی دەستکەوت دووبەرگ بوو بەناوی " سینۆهە ، پزیشکی فیرعەون " ئەو کتێبە تەواو کاریگەری لەسەر دانا و جۆری بیرکردنەوەی گۆڕی . ڕۆژانەش بە نامەی بچووک بچووک قسەی لەگەڵ مام تاوێر دەکرد .

مام تاوێر کەیفی پێدەهات کە زانیبووی ئەو ماوەیە خەریکی خوێندنەوەیە . زۆرجاریش کە لەگەڵ زینداندانیەکان دەدوا دەیگووت قەت وا بیرمەکەنەوە لەزیندانن ، وا بیربکەنەوە لە دونیایەکن پڕە لە گۆڵ ، پڕە لەڕیحان ، پڕە لە لاولاوە و سەوزایی . هەرکاتێک چوونە لای شیشەکان و ئەوانەتان بینی سەیری دیوارە بەرزەکە و تێڵە درکەکانی سەری مەکەن چەند وێران و ناشیرن و دڵتوندکەرە ، سەیری پەڕی گوڵێک بکەن یان سەیری هەڵقە هەڵقەی لاولاوەیەک یان سەیری نەخشی سەر گەڵای ڕیحانێک چەند هیوابەخشە .

سی و نۆ

مام تاوێر لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتبوو ، بیری لەوە دەکردەوە بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە داواکەیان پشتگوێ خستووە بیبەنەوە ناو حوکمەکان لای ئەردەشێر ، کە ئەو دەمێک بوو داوای کردبوو . لەپڕ چاودێری ناو مەمەڕەکە هاتە ژوورەوە و گووتی مام تاوێر کەل و پەلەکانت ئامادە بکە ئازاد بووی. مام تاوێر لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و چاوی زەق هەڵگەڕا گووتی ئازادبوونی چی ؟ من حوکمم . چاودێرەکەش گووتی نازانم کە چوویە بنکە خۆت قسەیان لەگەڵ بکە ، گرینگ ئێستا ئێمە خەبەرمان بۆ هاتووە تۆیان بۆ بنێرینەوە . مام تاوێر ماوەیەک بوو دەرەوەی هەر نەبینیبوو ، واشی دانابوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ بۆی نیە ببینێ ، کەچی ئێستا

لەپڕ پێی دەڵێن ئازادبووی لەوە سەرسووڕهێنەرترنیە . چۆن دەکرێ کەسێکی مەحکوم لە پڕ ئازاد بکرێ بێ ئەوەی لێبوردنێک لە گۆڕێ هەبێ یان حوکمەکەی تەواو کردبێ . ناچار هەڵستاوە و خۆی گۆڕی گووتی باوەڕناکەم . ئینجا بەگەر چاودێرەکە کەوت تا بەردەرگای گەورەی مەمەڕەکە ، لەوێ بەرلەوەی دەرگاکە تێپەڕێنێ ئاوڕێکی لە بەشی مەحکومەکان داوە و سەیری ئەو گوڵ و ڕیحان و لاولاوانەی کرد ئەردەشێر چاندبووی ، دڵی هەرلە لای ئەو بوو .

ئینجا دوو پۆلیس لەبەر دەرگا لە چاودێرەکەیان وەرگرت و سواری ئۆتۆمبێلێکیان کرد ، ڕاستەوخۆ بردیانە دەرەوەی شار . کە گەیشتنە ئاقارێکی چۆڵ ، لە ئۆتۆمبێلەکە هێنایانە خوارەوە و دەست و پێیان کردەوە و بەجیانهێشت .

مام تاوێر خەریک بوو شێت بێ لەوەی لەپڕ ڕوویدا . سەیری هەرلایەکی دەکرد چۆڵ بوو ، تازەش گژوگیا سەری لە خاک دەرهێنابوو ، تیشکی ڕۆژ لە بەینی عەسر و مەغریب دابوو بە کزی لە هەموو لایەکی دەدا ، هەستی بەغەریبی کرد . ئەو دەمێک بوو تامەزرۆی بینینی ئەو دیمەنە بوو . بەڵام لەپڕ لەودیوی شیشەکانی زیندانەوە هێناویانەتە ئەم دیوەی ژیان ، نەیدەزانی چۆن هەزمی بکات . لەبەرەخۆی دەیگووت ئەمە چی بوو ڕوویدا. ئەو پرسیارەش لێنەدەگەڕا هەست بە ئازادی بکات چونکە ئەو لەحالەتێک دابوو خۆی وون کردبوو ، ئەو خۆ وون کردنەش بۆ ئەو لە زیندان ناخۆشتر بوو ، جا با ناو گژوگیا و لە ژێر ئاسمانی ساف و شینیش دابێت . ئەوەندە

بیری کردەوە و لە خۆی گەڕا ، سەری گێژ بوو ، هەستی کرد گەردوون هەموو بەدەوری ئەو دا دەسووڕێتەوە ، ئاسمان ، مانگ ، ڕۆژ ، زەوی . لەپڕ لە خەو ڕاپەڕی ، خۆی بینیەوە هەر لەناو زیندانە . لەوکاتە یەکێک لە چاودێرەکان گووتی چی بوو ئاوت بۆ بێنم ؟ مام تاوێر بە سەرلەقاندن تێگەیاند بەڵێ ، ئینجا چاودێرەکە کەمێک ئاوی بۆ هێناو خواردیەوە ، پاشان سەیری کاتژمێرەکەی قەد دیواری کرد کە دەوروبەری لەگەڵ دووکەڵی جگەرە زەرد هەڵگەڕابوو، بینی کاتژمێر سێی شەوە. سەرێکی بۆ لای جێگاکەی ئەردەشێر وەرگێڕا کەسێکی تری لێ خەوتبوو . چاودێرەکە لێی پرسیەوە چی بوو ؟ مام تاوێر گووتی هیچ خەونم بینی ؟ چاودێرەکە لێپرسی بە چی ؟ مام تاوێر گووتی بە دەرەوە ، چاودێرەکە گووتی منیش زۆرجار ئەو خەونانە دەبینم دەبێ هۆکاری چی بێ ؟ مام تاوێر هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی دونیا وایە برسی خەون بە نانەوە دەبینێ و کوێریش بە تروسکایەک ڕۆناکیەوە ، کەسی بەندکراویش بە دەرەوە . ئینجا بالیفەکەی ڕێکخستەوە و لە شوێنەکەی خۆی پاڵی داوە ، بەرلەوەی چاوەکانی لێک بنێتەوە ئەوەندەشی گووت سوپاس بۆئەوەی ئاوت بۆ هێنام .

چل

ئانیا بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەگەڵ دایکی نەبێ لەگەڵ کەس قسەی نەکردبوو ، نەچووبووە هیچ شوێنێک تەنانەت بازاڕیش کە حەفتەی جارێک حەزی لێ بوو بچێ . هەموو ئەو بەسەرهاتانەی ئەردەشێر بۆی گێڕابۆوە نوسیەوە ، تەنانەت ئەو ڕۆمانەی خەریکی بوو ئەو ڕووداوە وای لێ کرد لەجیاتی ئەو نهێنیەی باوکی کە پێیزانی بە کاردانەوەیەکی بێ واتا کۆتایی بێ پەشیمان بێتەوە ، بە کاردانەوەیەک کۆتایی هات ڕۆمانەکەی زۆر لەوکاتەی ئەو بۆی دانابوو نزیک کردەوە لە تەواو بوون. تەنیا چیرۆکی مەیسەری لەشفرۆش مابوو ، بەڵام لێرە کێشەیەک هاتبووە پێش ئەویش ئەوە بوو ئەو نەیدەزانی چۆن بچێتەوە سەردانی ئەردەشێر لە شەرمەزاریان

بە هـۆی ئەو کـارەی بـاوکی لەگەڵ مـام تـاوێری هـاوڕێی کردبـووی. دەنـا خۆشەویسـتی ئەردەشـێر لە دڵـی ئەویـش چرۆی کردبوو ، هەرگیزیش بیری لەوە نەکردبۆوە ئەردەشێر زیندانیەکە ناکرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیوەندی لەگەڵ دابنێ. هەرکـاتێکیش ووشـەی نیلـوفەری بەبیردەهـاتەوە وەک ئەوە وابوو هەموو گیانی شووژن ڕێژکەن ئەوەندە ئازاری دەدا .

****

دونیـا تاریک داهـاتبوو ئانیـا لە ژوورەکەی هـاتە دەرەوە ، لە بەلەکۆنەکەڕا سـەیری ئاسـمانی کـرد ، تـازە بلاجگتـۆری قەد عامودەکەی لای قەڵەم تۆزەکان پێ ببوو ، کە دیمەنێکی وای بە گەڵاکان بەخشی بوو ڕەنگی هەموویان زەرد دیار بێ ، بە هۆی زەردی گڵۆپەکەی ناویەوە . لەپڕ مەنسووڕی باوکی لە دەرگای حەوشە هاتەوە ژووڕێ ، وەکو هەموو جارەکان بەر لە هەر شوێنێک سەیری بەلەکۆنەکەی کرد بزانێ ئانیای لێیە یـان نـا ، کە چاویـان بەیەکتـری کەوت ئانیـا زگـی پـێ سـوتا هەسـتی کـرد لە عەزابێکـی نـاخۆش دایە ، چـونکە ئەو چەنـد جارێـک لە کتێبەکـان بیسـتبووی باوکـان شـێت دەبـن بـزانن کچەکانیـان لێیـان تـووڕەن . تـا بـاوکی چـۆوە نـاو مـاڵ ، ئانیـا بەغار بە قادرمەکەدا هاتە خوارێ و بەرەو پیلی چوو ، لەناو هـۆڵی خـانووەکە تونـد باوەشـی لێدا ، مەنسـووڕ لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەی ئانیا دەستی بە گریان کرد و کەوتە سەرچۆک،

گـووتی کچـم منـیش پێویسـتم بە یـارمەتیە ، پێویسـتم بە دەسـتێکە ڕزگـارم بکـات. ئەمـڕۆ لەگەڵ حـاکم عبـدلرەحمان یەکترمـان بینـی ، ئەو دەڵـێ هەمـوو مـاڵ و سـەروەت و کۆمپانیاکەتم بدێ مام تاوێر ئازاد دەکەم ، چونکە پارەیەکی خەیـاڵی تێـدەچێ ئـازادکردنی ، وە پێشـم وایە دەیەوێ بە ناڕاسـتەوخۆ ئەوەم پـێ بڵـێ تـۆیەک لە سـایەکی ئەو پیـاوە ئەوەندە دەوڵەمەند بووی ، ئەگەر خەمتە شتەکان وەکو خۆی لێبکەوە مـام تـاوێر ئـازاد دەکەیـن ، لە بەرامـبەردا تـۆ بـبەوە هەژارەکەی جاران . ئانیا پرسی تۆ چی دەڵێی ؟

مەنسـووڕی بازرگـان وەڵامی دایەوە و گـووتی ئەگەر ئێـوە ڕازی بن منیش ڕازیم ، سندان لە دەوڵەمەندیەک بدات هەموو ڕۆژەکانی پڕ بن لە عەزاب . ئاخەر بڕوا دەکەی لەو ڕۆژەوەی هاتمە ناو ئەو ژیانە خۆشەویستی خودی خۆم کە مرۆڤ بـۆ خۆی هەیەتی ، خۆشەویستی دایکت و هی نزیکترین هـاوڕێم لەدەست دا ، ئێستاش واخەریکە هـی تـۆ لە دەسـت دەدەم . نـامەوێ حاشـا . دەگەڕێینەوە نـاو خـانووە هەژارنشـینەکەی جاران . ڕۆژانە ئیشێکی مامناوەند دەکەم و ئێوارانیش دێمەوە لەبەردەرگای حەوشەڕا باوەشتان لێدەدەم و دواتر بەیەکەوە لەسـەر دوو ڕایەخی لەسـەر سـەببە ڕاخـراو دادەنیشـین و بە دیار سۆپایەکی شڕوشەپڕێوی سوورهەڵگەڕاو نان و ماستێک دەبێ بیخـۆین . ئانیـا گـووتی ئەوە تـۆ بەڕاسـتە ؟ هەنـدەیتر باوکی نوساند بە خۆیەوە . دواتر بەیەکەوە چوونە لای دایکی ئانیاو پێیان گووت تۆ چی دەڵێی ؟ دایکی ئانیـا گـووتی ئەگەر

کارێکی وا بکات مەنسوور یان با ڕاستتر بڵێین سیاوەش ، کە ناوەکەشی بە درێژایی ئەوماوەیە کێشە بووە بۆم لە هەموو ئەو شتانەی کردوویەتی دەیبوورم و لە جارانیش زیاتر خۆشمدەوێ . من لەو ڕۆژەوە بەو کارە دڵخۆش نەبووم بەڵام ژنی ئەو بووم چیم لە دەست دەهات ؟ ئەگەرچی ئەو قسەیەشم پێ هەڵەیە ، ئینجا ڕووی لە ئانیا کرد و درێژەی پێدا ، چونکە ئەوە تۆش وەکو من ژنی و توانیت بەو خۆشەویستیەی لە نێوانتاندا بوو باوکت پەشیمان بکەیتەوە . ئانیا گووتی نا دایکە وانیە ، من پەشیمانم نەکردۆتەوە بەڵکو ئەوە خۆی بوو لەناخەوە هەستی بە ئازار دەکرد . ڕاستیەکەش خۆی ئەوەیە ئەوکاتەی باوکم ئەو کارەی کرد لە ناوەندی هەژاری دابوو ، هەستی بەو خۆشەویستیە نەدەکرد هەیەتی ، ڕەوشەکە جیابوو لە ئێستا ، وە ئەزموونیشی نەکردبوو دەوڵەمەندیەک خۆشەویستیت لێ بستێنێتەوە لە عەزاب زیاتر نیە ، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتووە لە نێوان ژیانی " هەژاری پڕ لە خۆشەویستی" ، لەگەڵ ژیانی " دەوڵەمەندی بێ خۆشەویستی" هەژاری هەڵبژێرێ باشترە. مەنسوور دوای ئەو باسە لەناو ماڵەوە هەڵستایەوە و بە ئانیای گووت بەڵام شتێکی ناخۆشم گوێ لێ بوو ئەمڕۆ لە حاکم عبدلرەحمان دوای ئەوەی هەواڵی تۆی پرسی . ئانیا گووتی چیە باوکە ؟ مەنسوور وەڵامی دایەوە و گووتی ئەردەشێر حوکم بووە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ . ئانیا نتقی گیرا لەگەڵ ئەم قسەیە . فرمێسک بە خوڕ بە چاوەکانیدا

هاتە خوارێ ، گووتی چۆن ؟ مەنسوور گووتی نازانم ئەمڕۆ حاکم وای گووت. ئانیا گووتی ئاخ دەزانن تەلەفۆنیشم داخراوە ، ڕەنگە بەر لە دادگاییەکە تەلەفۆنی کردبێ . ئانیا بە قادرمەکەدا چۆوە ژوورەکەی و تەلەفۆنەکەی دەرهێنا ، ڕاستەوخۆ کردیەوە ، ژمارەی زیندانی لێدا . بەڵام کەس هەڵی نەگرت ، چونکە ئەو تەلەفۆنانە تەنیا تایبەت بوو بەوەی لە زیندانەوە تەلەفۆن بۆ دەرەوە بکرێ نەک لە دەرەوە بۆزیندان. ئەوشەوە تا بەیانی ئانیا نەخەوت ، یەک یەک ئەو چیڕۆکانەی بە بیردەهاتەوە کە ئەردەشێر بۆی گێڕابۆوە ، زۆرجاریش چیڕۆکەکەی باپیری وای لێکردبوو ئەردەشێریش وەکو سێبەری ئەو پیاوە ببینێ . سوتفەیەکیش لێرە ڕوویدا ، بەیانی ڕۆژی دووشەم بوو ، ڕۆژی سەردانی کردنی ژنان . پێویستی نەدەکرد لەڕێی کەسێکەوە مەهاجەی تایبەت وەربگرێ . کە ڕۆژهەڵات ئانیا بێ دوودڵی ڕێی زیندانی گرت، کە گەیشتەجێ لە نۆرەی ژنەکان ڕاوەستا تا کاتژمێرێک ، ئینجا چووە ژوورەوەو ناو هەمان گۆڕەپان کە دەمێک بوو نەیبینیبوو. لەوکاتە ئەردەشێر لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشتبوو، لەپڕ گوێی لێ بوو بە بڵندگوێیەکە ناوی خوێندرایەوە ، تەزیەک بەهەموو گیانی داهات ، هەستی کرد لەم ناوە ئاشنایەک هەیە. بەپەلە سەیرێکی ئاوێنەی کرد و تۆزێک بۆنی لە خۆیدا ، ئینجا لە شیشەکان هاتە دەرەوە و لە دووڕەوە ئانیای بینی ، هەموو خڕۆکەکانی لەشی کەوتنە جوڵە ، هەستی دەکرد دەستەکانی دەلەرزن . ئانیاش لە ژێر ئەو کۆمەڵە شیشە ڕاوەستابوو کە

ئەردەشێر کردبوویە شوێنی گوڵ و ڕیحان و لاولاوە چاندن ، سەیری یەکێک لە گوڵدانەکانی دەکرد . ئەردەشێر نزیک کەوتەوە لە پڕ گووتی نیلوفەر . ئانیا کە گوێی لەو دەنگە بوو ڕاستەوخۆ ئاوڕی دایەوە و هەردووکیان توند باوەشیان لە یەکتردا . فرمێسک بێ ڕاوەستان لە چاویان دەهات ، هەموو ئەو کەسانەی لەناو گۆڕەپانەکە بوون ژن و پیاو لێکڕا سەیریان کردن . لە هیچ نەدەچوون لە کەرت بوونی مانگ نەبێ ، کە لە چواردەیەمین شەو بەیەک دەگەنەوە و مانگێکی پڕ پێک دێنن . ئانیا بەگریانەوە گووتی ڕاستە حوکم بووی ؟ ئەردەشێر بەسەر لەقاندن وەڵامی دایەوە بەڵێ . ئانیا گووتی بیست و پێنج ساڵ ؟ ئەردەشێر دووبارە بەسەرلەقاندن گووتی بەڵێ . ئینجا ئانیا هەندەی تر دەستی بە گریان کرد . ئەردەشێر لەوکاتە بە پەنجەی گەورەی دەستی فرمێسکەکانی سڕیەوەو گووتی وەرە با لێرە دابنیشین . بردیە بن ئەو گوڵ و ڕیحان و لاولاوانەی چاندبووی . ئانیا بە چاوی بەفرمێسکەوە گووتی کێ ئەو شتانەی چاندووە ؟ پێشتر لێی نەبوو ، ئەردەشێر گووتی من . ئانیا گووتی بەڕاست ، بۆ ؟ ئەردەشێر گووتی چونکە حەزم لە ژیانە . ئانیا گووتی بەو ئاستە ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ ، دەزانی کاتێک بەیانیان دەبینم ڕۆژ هەڵدێ و تیشکەکەی دەدا لەو شتانەی چاندیتم و سەوز دەچنەوە و زۆرجاریش هەڵم لە قوڕەکەی بنیان بەرزدەبێتەوە پێم خۆشە تەمەنم لە هەزار ساڵ کەم تر نەبێ . ئانیا گووتی بۆ حەزت لەو تەمەنە زۆرەیە ؟ ئەردەشێر گووتی

بۆئەوەی هەرچنا تۆزێک لە سەیر کردنیان تێربم ، حەیفم پێ دێ ئەوەندە لە دەرەوە ژیاوم ئاگام لە فڕینی پەپولە نەبووە ، ئاگام لە هاتنی بەهار و کزەبای سەر لە ئێوارانی هاوین و بە خووڕ بارینی بارانی شەوی سەختی زستان و هەڵوەرینی گەڵای زەردی پایز و پەڵە هەورە سپیەکانی ئاسمان نەبووە ، حەیف. ئەردەشێر دوای ئەو قسانە تۆزێک بێ دەنگ بوو سەری بڵند کرد و لە یەکێک لەو گوڵدانانەی ڕوانی پڕ بوون لە گوڵ ، ئانیاش لەوکاتە سەیری چاوەکانی دەکرد بینی فرمێسک تێیاندا قەتیس ماوە . لەپڕ ئەردەشێر ڕووی وەرگێڕا و سەیری ئانیای کرد بینی ئەویش سەیری دەکات . ئەردەشێر گووتی تۆ بۆ وا ڕەنگ زەرد و لاواز دیاری ؟ خۆ هیچ نەبووە ئەو ماوەیە ؟ ئەردەشێر هەرگیز ئانیای بەمشێوەیە نەبینیبوو بێتە سەردانی بە جلێکی لۆچاوی و سەر و پرچێکی نارێک و ڕەنێگێکی زەرد کە هەر لە کچە هەژارێکی کەم دەرامەت دەچوو ، جیا لە کچە شیک و پۆشتە و پرچ خاوەکەی جاران ، ئەگەرچی جوانی خۆی هەر لەدەست نەدابوو . بەڵام سەرەتا نەیویست ڕاستەوخۆ پێی بڵێ چونکە پێشترێ مام تاوێر پێی گووتبوو خانمان بەوە تێکدەچن لەپڕ لە بارەی جل و بەرگ و ڕوخساریان بە شێوەیەک بدوێی بە دڵیان نەبێ . ئانیا گووتی بڵێم چی ؟ شتێک ڕوویداوە خۆشم باوەڕناکەم . ئەردەشێر گووتی چیە ئەو شتە خۆ کەسێکتان لێ نەمردووە ؟ ئانیا گووتی نا ، تەنانەت خەریکە بڵێم خۆزگە مردنبا ، مردنی سروشتی نەک ئەو مردنە . ئەردەشێر گووتی ئەدی چیە ؟

ئانیا گووتی دەرکەوتووە من کچی سیاوەشم . ئەردەشێر لە شوێنەکەی خۆی مت داما گووتی تۆ دەڵێی چی ؟ ئانیا قوڕگی پڕگریان بوو گووتی دەڵێم من کچی سیاوەشم ، هەرلەبەر ئەوەشە نایەمە سەردانت ، چاوەڕووم نیە. ئەردەشێر بە شڵەژاویەوە گووتی ئەو سیاوەشەی خیانەتی لە مام تاوێر کرد ؟ ئانیا گووتی بەڵێ .

بڕیاریشم دابوو چیتر نێمەوە لاتان بەڵام کە زانیم حوکم بووی خۆم پێنەگیرا گووتم هەرنا با بەرلەوەی بەیەکجاری مااڵئاوایی لەیەکتر بکەین بۆ دواجار بچمە سەردانی هاوغەمی خۆمی بۆ دەربڕم . ئینجا ئانیا هەموو ڕووداوەکانی ئەو چەند ڕۆژەی بۆ گێڕایەوە. ئەردەشێر گووتی مام تاوێر ئەگەر ئێستا بزانێ دەبێ چیبکا ، بەستەزمان . ئانیا گووتی حەقی خۆیەتی . ئەردەشێر گووتی بڵێم چی ڕەنگە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بزانێ سیاوەش بە شێوەیەکی وا پەشیمان بۆتەوە دوورنیە بیبووڕێ ، ئەو زیاتر قەهر لە گۆڕە مۆمیاکراوەکان دەخوا . ئانیا گووتی ڕاستە منیش هەروا ، بەڵام بای ئەوەندە لە ڕۆمانەکەم ئەرشیفم کردووە لە دواڕۆژ بە دوا داچوونی بۆ بکەن . ئەردەشێر گووتی چۆن ؟ ئانیا گووتی چیڕۆکەکەی باوکم و مام تاوێر و تەنانەت هی خۆشمانم هەندێک لەگەڵ بەسەرهاتەکانی تۆ بۆت گێڕاومەتەوە لەناو ڕۆمانەکەم تێکهەڵکێشم کردووە . ئەردەشێر بە خەندەوە گووتی چیت گووتووە لە بارەی خۆمان ؟ ئانیا بۆئەوەی نیازی دڵی خۆی بشارێتەوە گووتی شتێکی وەها نیە هەرباسی ئەو دیدارانەم

کردووە کە پێکەوە ئەنجامماڵن داوە . ئەدەشێر هەناسەیەکی هەڵکێشا دوای کەمێک بێ دەنگی گووتی حەزدەکەی بانگی مام تاوێر بکەین دەربارەی سیاوەش هەموو شتێکی پێ بڵێن؟ ئانیا گووتی نا شەرم دەکەم ، بڕوابکە چاوەڕووم نیە سەیری بکەم . کە ڕۆیشتم خۆت پێی بڵێ ، چونکە ئەوە دواجارە من دێمەوە. ئانیا لەشەرمەزاریان وای گووت چونکە لەکنە خۆی ڕا هەستی دەکرد تەواو دوای ئەوەی ئەردەشێر زانیویەتی ئەو کچی سیاوەشە ڕەنگە خۆشینەوێ. ئەردەشێریش نەیدەویست هیچ لە بارەی ئەو خۆشەویستیەی بۆ ئەوی هەبوو بدرکێنێ ، چونکە دڵی نەدەهات بیست و پێنج ساڵ بەخۆیەوە پابەندی بکات . ئەردەشێر گووتی چیت دەوێ پێت بدەم لە دواجار ؟ ئانیا گووتی بەسەرهاتی گیرانەکەت هەر ئەوەندە ، چونکە ئەوەی ڕاستیبێ هەر ئەو چیرۆکە بوو لەسەرەتاوە منی بۆ ئەو زیندانە پەلکێش کرد ، ناکرێ وازی لێبێنم و هیچی لە بارەوە نەزانم کە دەمێکە بۆتە مەراقم و وە بەشێکی تەواو نەکراویشە لە ڕۆمانەکەم . ئەردەشێر گووتی حەزدەکەی چ ناوێک لە ڕۆمانەکەت بنێی ؟ ئانیا گووتی جارێ ئەوەش نازانم ، ئێستا زیاتر بیرم هەرلای بەسەرهاتەکەی خۆت و مەیسەرە . ئەردەشێر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و گووتی دەردی گێڕانەوەی بەسەرهاتی مەیسەر گرانە ئەویش قوربانیە . ئانیا گووتی چۆن ؟ ئەردەشێر گووتی ئێستا بەسەرهاتەکەیت بۆ دەگێڕمەوە . بەڵام دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە حەزدەکەم چیتر نێیەوە سەردانم . ئانیا گووتی

دڵنیابە نایەمەوە . ئەردەشێر گووتی مەیسەر کەسێکی نازدار بوو بەڵام لێ نەگەڕان بۆخۆی بژی ، هەموو جارێ گووتوومە و دەیڵێمەوە قوڕبەسەر ئەو کەسەی بێ کەس دەمێنێتەوە و دەکەوتە بەر نەفرەتی بێ بەزەییانەی کۆمەڵگا و ژێر دەسەڵاتی چەوسێنەر و دکتاتۆر . بەهەرحاڵ ئەو هاوسەری کوڕێک بوو بەناوی هەردی ، لە منداڵیەوە من و هەردی یەکترمان دەناسی ، کوڕێکی کارکەر و بێ زەڕبوو . هەر ئەوەش وای کردبوو من وەکو مااڵی خۆم لە ماڵەکەی ئەوانیش بڕوانم و سەردانیان بکەم . منداڵێکی کوڕیشیان هەبوو بەناوی گەشاو ، ڕۆژێک نەمدیبا لە دایک و باوکی زیاتر غەریبیم دەکرد . ئەوان خێزانێکی بچووکی بەختەوەر بوون ، قەناعەتیان هەبوو بەوەندەی هەیانە و ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانیان بگۆڕێ. گەشاویان لە هەموو سەروەت و سامانی ئەو دونیایە خۆشتردەویست . لەخانوویەکی بچووکی کرێدا دەژیان، هەردی پێشمەرگە بوو لە ڕێی خزمێکیانەوە ببووە پاسەوانی کوڕی سەرۆک . بەڵام هیچ کات ئەگەر لەبەربێ ئیشی نەبا ، بەو کارە ڕازی نەبوو . زۆرجار گلەیی لە خۆی دەکرد لەلای من ، دەیگووت من و ئەوانە لێک دوورین بەڵام ڕووی ڕۆژگار ڕەش بێ ، ئاخەر من زگم بە چۆلەکەیێ دەسووتێ کە منداڵێک بە دارلاستیکەکەی دەستی دەپێکێ ، کەچی ئەوانە زەلام دەکوژن لەسەر یەک قسە بە دڵیان نەبێ ، سەگی پژدەری تایبەتیان هەیە بۆ عەزابدانی ئەو بەندکراوە تایبەتیانەی لەلایان بەندن . ڕۆژێکیان کوڕی سەرۆک هەموو

پاســـەوانەکانی داوەت دەکـــات بە هاوسەرەکانیشـــیانەوە ، نەشدەبوا نەچن . هەردی و مەیسەریش بەناچاری بەژدار دەبـن . ئەگەرنـا ئەوان دەیـانزانی لەو جـۆرە ئاهەنگـانە لە هەژاری جل و بەرگەکانیانەوە وەکو مـووی سپی وان لەناو سەری ڕەشدا . لەو ئاهەنگە کوڕی سەرۆک دوای خواردن و خواردنەوە ، کە چاوی بە مەیسەر دەکەوێت عاشقی دەبێت ، جا بەڕاستیش مەیسەر جوان بوو ، لە داوە پرچەکانی سەری بگرە تا بە ژن و باڵا و پەنجەی پێیەکانی . ڕۆژێک بە نهێنی بـۆئەوەی دەرفەتێک بڕەخسـێنێ بە تێر و پـڕی قسـە لەگەڵ مەیسەر بکات ، هەردی بۆ کارێک دەنێرێتە سلێمانی . خۆشی دەگەینێتە لای مەیسەر ، دوای دانیشتن و کەمێک گفتوگۆ پێی دەڵێ مـن شـەیدای تـۆم وەرە خـۆت بە تەڵاقدان بـدە مـن لە ڕاقیتـرین هوتێـل شـوێنێکت بـۆ دابـین دەکەم و مەسرەفیشـت دەکێشم . کام وڵاتیش دەڵێی سااڵی جارێک لەگەڵ خۆم دەتبەم ، چیت داوە لەو پیاوە هەژارە کە ڕۆژێک نانی هەیە بیخوا دە ڕۆژ نیەتی ، برۆ منداڵەکەی بدەوە و بەجێیانبێڵە ، مەیسەر کە ئەوە دەبیستێ دەشـلەژێ ، دەڵـێ گەورەم تـۆ ئاگـاداری چـی دەڵێی ؟ هەرکەس ژیانی خۆی هەیە و ماڵ و منداڵ و مێردی خـۆی خۆشـدەوێ جـا بـا هەژاریش بـن چ قەیـدێ . کـوڕی سـەرۆکیش لەبەر ئەو ژیـانە هەژاریەی هەردی و مەیسـەر تێیـدابوون بە ئاسـانی پێـی وابـوو داواکەی ڕەت ناکـاتەوە ، هەربۆیەش بێ باکەنە ڕاستەوخۆ ئەو پێشنیارەی بۆ دەکات ، تەنـانەت نەک پێـی وابـوو ڕەتیشـی ناکـاتەوە ، وایـدانابوو

مەیسەر شاگەشکەش دەبێ لەخۆشیان. بەڵام کە مەیسەر پێی دەڵێ ئەوەتۆ چی دەڵێی ، ئەو بۆی دەردەکەوێت واشنیە کە خۆی تێی گەیشتووە . بۆیە ئەو ڕۆژە دەڕوات و بە مەیسەر دەڵێ وا چاکە بیرێکیش لە ژیانی خۆت بکەیتەوە ، ئەگەر ئێستا بەو شتانەی حەزت لێیە نەگەی بە پیری بۆ چیتە ؟ مەیسەر دوای ڕۆیشتنی کوڕی سەرۆک ئەوەندە ژیانەی دەشیبێ لێی دەشێوێ . لەو ڕۆژەوە بیست و چوار کاتژمێر گەشاوی کوڕی بە خۆیەوە دەنوسێنێ و لێ ناگەڕێ لێی دوورکەوێتەوە ، جا گەشاو چ گەشاو؟ دەم و چاوی ناو ئەو پرچە ڕەشەی وەکو ئاوریشم بە هەموو لایەکدا هاتبووە خواری لە مانگ نەبێ لە هیچیتر نەدەچوو. چەند ڕۆژێک دوای داواکەی کوڕی سەرۆک ، عەسرێکیان مەیسەر وا لە بیرمە گەشاویشی لەگەڵ بوو هاتە لای من هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە ، گووتیشی نازانم چۆن بە هەردی هاوسەرم بڵێم ، دەترسێم توشی بەڵایەکی بکەن . منیش پێشنیارم بۆ کرد پێی بڵێ بەڵکو ماڵیان باربکەن و بچنە زۆنی سەوز ، ئەویش گووتی نا پێم وانیە ڕێگای پێبدەن ، ئەو بە هەندێک نهێنی وان دەزانێ بچێتە هەر جێگایەک بەتایبەتی ژێر دەسەڵاتی زۆنی سەوز ، ئەوان پەیوەندیان باشە و کوڕی سەرۆک لێیان دەکڕێتەوە بە کەسێکی تر لەوێوە ڕای کردبێ بۆ زۆنی زەرد. وە شتێکیش هەیە هەردی دەیزانێ نابێ بەهیچ شێوەیەک لە لایان بڕوا ، ئەویش کوشتنی ڕۆژنامەنوس سورداشە . منیش لێیم پرسی چۆن ئەوە دەزانێ ، مەیسەر گووتی دوای ئەوەی

ئەو کوڕە ئەو بابەتە بڵاو دەکاتەوە کە دەڵێ " چ خۆش دەبوو مـن زاوای سـەرۆک بـام " کـوڕی سـەرۆک دەسـتەیەک ڕادەسـپێرێ بـۆی بـڕفێنن . ئەو ڕۆژە هەردی بەخـۆی لەوێ دەبێ و قسـەکەی کوڕی سـەرۆک دەبیستێ . بەهەرحاڵ کە مەیسـەر وای گـووت نەمـانزانی چ ڕێگـایەک هەڵبژێـرین ، ڕوومان لە هەر دەرگایەک دەکرد یان ئەوان پاسەوانی بوون یـانیش ئەوانـی تـر کە دەمێـک بـوو کلکیـان کردبـووە یەک . دەستەو ئەژنۆ بە دیار ڕووداوەکەوە داماین ، چاوەڕێ بووین کوڕی سـەرۆک بەخـۆی واز لە مەیسـەر بێنێ ، بـڕوابکە ئەو ژنە لەو ماوەیە لە عەزابێک دابـوو هـیچ مرۆڤێکی تر لەسـەر ڕووی ئەو زەویە نەیبینیـوە . دوای مانگێک دووبـارە کـوڕی سـەرۆک دەچێـتەوە لای ، پـاش ئەوەی مەیسـەر لە ترسـان بەخێرهاتنی دەکات و گڵازێک ئاوی پێدەدا، کوڕی سەرۆک لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە و بەبەر چاوی منداڵەکەیەوە دەست لەبۆ لەشی مەیسەر دەبات ، مەیسـەریش لە تورەییـان و لە شـەرمی منداڵەکەی ئاگای لە خـۆی نامێنێت و تفێک لە ناوچاوی کوڕی سەرۆک دەکات . کوڕی سەرۆکیش لەوکاتە پێدەکەنێت و دەڵێـت تـۆ ئەگەر ڕازی نەبـی بەوەی ئەنجـامی بـدەی ، شـتێکت بەسـەردێنم لەو دونیـایە جێـت نەبێـتەوە ، بۆکـوێ دەڕۆی ؟ مەیسـەریش دەڵـێ قۆنـدەرەکەی پیـاوەکەم بەتـۆ و ئەژداد و ئابادیشـت نـاگۆڕمەوە ، بـۆ ئێـوە وادەزانـن هەرچی دەتانەوێ دەتوانن بەکەیفی خۆتـان ئەنجـامی بـدەن ؟ تـف لەو کۆمەڵگـایەی دەنگـی بە ئێـوە داوە و بە پیرۆزتـان

دەزانێ . بڕۆ دەرەوە تا هەموو کۆڵانم لێت کۆنەکردۆتەوە . کوڕی سەرۆکیش کە دەچێتە دەرەوە لەبەر دەرگای حەوشە پێی دەڵێ ئەو مەسەلە بە نهێنی نەهێڵیەوە و بیدرکێنی ، لەوکاتە دەست لە سەر سەری گەشاو دادەنێت و گەشاویش بێ ئەوەی لە هیچ لەو قسانە بگات سەیری دەکات، ئەو بەرخە سەلامەت نابێ . مەیسەریش پڕدەداتە منداڵەکەی و تۆند بە خۆیەوە دەینوسێنێ دەڵێ ئەو لەو پیسیە وەرمەدە. کوڕی سەرۆک لەو ڕۆژەوە کە دەزانێ مەیسەر لەو ژنانە نیە بە پارەو چونە ناو ژیانێکی شاهانە و چوونە دەرەوەی وڵات هەڵخەڵەتێ ، پیلان دادەنێ هەردی هاوسەری بە کوشت بدات بە شێوەیەک کەس هەست پێ نەکات . دوای ماوەیەک دووبارە بۆئەوەی فریوی بدات نامەیەک بۆ مەیسەر دەنێرێت و دەڵێ من داوای لێبووردن دەکەم لەو شتانەی بەم دوایانە کردم ، بەڕاستی لە ئاستی جوانیەکەت خۆم نەگرت .
پاسکلێکیش بە دیاری بۆ منداڵەکەی دەنێرێ . ئینجا بە فێڵ پلەی هەردی بەرزتر دەکاتەوە لە پاسەوانێکی ئاساییەوە بۆ پلەی ڕائد گوایە کەسێکی بڕواپێکراوە ، ڕاستەوخۆش دەینێرێ بۆ بەرەی جەنگ ، بە فەرماندە و ئەفسەرەکانی تریش دەڵێ کە کەوتنە ناو گەرمەی شەڕ پشتی بەربدەن با بکوژرێ ئەفسەر و فەرماندەکانیش ئەوەی کوڕی سەرۆک پێی ڕاسپاردبوون جێبەجێی دەکەن و هەردی دوای بەرگریەکی زۆر دەورەی دەگیرێ و دەست نادات تا مردن. ئینجا لاشەکەی بە کوژراوی دەهێننەوە بەرچاوی ئەو ژن و منداڵە

بچووکە ، ئەو ڕۆژە کەگەیشتمە ئەوێ و بینیم گەشاو بەو بچووکیە باوکی لە باوەش گرتووە و بانگی دەکات هەڵستێتەوە . ناخم سوتا ، ئێستاش نەهاتوومەتەوە سەرخۆم ، هەرگیزیش لەبیری ناکەم، ئەو دیمەنە تا بڵێی جەرگبڕبوو ، مەیسەر لەلایەک توند پێیەکانی بە ڕوومەتی خۆی وەنابوو دەیگووت ئەو ژن و منداڵە غەریبە بەجێمەهێڵە تکایە . گەشاو دەستە بچووکەکانی بە ڕوومەتی دادێنا دەیگووت ئێ هەستەوە ، ئەدی کێ شەوان لەگەڵم لە ناوجێ ئاتاری بکات . کەس نەبوو لەو خەڵکەی لەوێ کۆببوونەوە نەگرین و خۆیان پێ بگیرێ . گەشاو تک تک فرمێسک بەسەر ڕوومەتە سپیەکانی جۆگەیان بەستبوو ، لەگەڵ هەرهەنسکێک خەریک بوو بخنکێ ، ئەو تاقەتی ئەو قەهرەی نەبوو ، باوکی بەبەرچاویەوە بەمردوویی ڕابکشێ و چەند بانگی بکات بە خەبەرنێ ، چونکە تا ئەو کاتەش پێی وابوو وەکو هەرمندااڵێکی تر بەهێزترین پیاو لەو دونیایە کە دەرەقەتی هەموو شتێک بێ باوکیەتی کەچی ئێستا مردووە .مەیسەر نەیدەزانی نە گەشاو ژیربکاتەوە نە بۆ مێردەکەی بگری . وەکو هەر ژنێکی تر دووبارە کەوتبووە نێوان دوو ئەرک ، هەم دایکایەتی و هەمیش پەیوەندی هاوسەری و هاوسۆزی بۆ مێردە کوژراوەکەی . بەهەرشێوەیەک بێ من و خەڵکەکە لاشەی هەردیمان بڵند کرد ، چ بڵند کردنێک؟ لەلایەک گەشاو خۆی پێوەکردبوو لە ماڵەوە باوکی نەبەنە دەرێ ، لەلایەکی ترەوە مەیسەر نەیدەویست مێردەکەی لێ جودا بکەنەوە . ئەو ڕۆژە

لەم بـڕوایەدام مەلائیکەتـی ڕووحکێشـانیش ئەگەر هەبـێ نەیتوانیوە نەگری. بەڕێکەوتین بۆ مزگەوت، لە ڕێگا مەیسـەر دەستی گەشـاوی گرتبـوو دڵـی نەدەهـات بەجێبێڵـێ چـونکە هەنگاوەکـــــانی بچـــــووک بـــــوون بەو خەڵـــــکە ڕانەدەگەیشت مەیتەکەیان هەڵگرتبوو ، کەچی بەخۆشی پەلەی بـوو بگـاتە مێـردەکەی ، نەوەک بـۆ دواجـار کفنـی بـکەن و نەیبینێتەوە. ئێستاش کە منداڵێک دەبینم دایکی دەستی گرتووە و خێراتـر دەڕوا و منداڵەکە بە هەنگاوی بچـووک پێ ڕاناگا بگاتە ئەو ناچـارە غاربـدا ، ئەو ڕۆژەم بەبیر دێتەوە . گـوێم لێبـوو گەشـاو بە قـوڕگی پڕگریـانەوە لەنـاو ئـاپۆڕای خەڵـک هاواری دەکرد بابە مەڕۆ ، بابە مـن و دایکـم بەجێمـێڵە . بەو بچـووکیەش دەیزانـی دایکیشـی لەهەمـان ئـازاردایە لەبیـری نەکردبـوو ، چـونکە دەیگـووت مـن و دایکـم. گـوێم لـێ بـوو مەیسـەریش هەمان شتی دەگووت بەڵام بە پێچەوانەوە من و گەشـەی بچـووک بەجێمـێڵە هەڵسـتەوە ، سـەرت قیتـبکەوە و بمانبینە لەچ حاڵێکداین . ئینجـا کە گەیشتینە مـزگەوت تەرمـی هەردیان بردە ژووری مردوو شۆرین ، گەشاو و دایکیشی لە بن دیوار لەلایەک ڕاوەستان ، منیش چـوومە لایان تـا دڵیان بـدەمەوە ، ئەگەرچـی لەوکـاتە هـیچ ڕسـتەیەک بەمێشـکم دانەدەهات قەناعەتیان پێ بێنم و ببێتە هـۆی سـەبووریان. کە چـاوم پـێکەوت گەشـاو و دایکـی بە پێخواسـین ، گریـام ، ئەوانیش لەگەڵ من دەستیان بە گریان کردەوە ، گەشـاو لێم هاتە پێش بەدەم هەنیسکەوە گـووتی مـامە ئەردەشـێر بـاوکم

چیتر نایەتەوە ماڵێ ؟ من لەبەرئەوەی قوڕگم پر گریان بوو هیچم پێ نەدەگووترا ، ڕاستەوخۆ ڕووم بۆ لایەک وەرگێڕا بۆ ئەوەی نەبینێ منیش دەگرییێم . دووبارە لێی پرسیمەوە و گووتی بۆ قسەناکەی ؟ ئاخەر ئەگەر هەموو منداڵەکان باوکیان هاتەوە و من باوکم چیتر نەهاتەوە چیبکەم ؟ من سەیرم کرد و خستمە باوەشم گووتم سەبر بگرە گەشەگیان ، کە دەستم بە بنی پێی کەوت بینیم لە ڕێگا شتی تێڕاچووە و خوێنی لێ دەتکێ ، کەچی ئاگای لێنیە . بڕوابکە ئەو ڕۆژە هەردی زیندوو ببایەوە و مەیسەر و گەشاوی بەمشێوەیە ببینیبا لە قەهران شێت دەبوو ، ئەوەندە ئەو ژن و منداڵەی خۆشدەویست . چما گەشاو درکێکی لەپێ ڕاچووبا دوو ڕۆژ لەبیری دەکرد ؟ مەیسەری هاوسەری یەک تکە فرمێسکی لەچاو بهاتبا وازی لێ دەهێنا تا بۆی نەسڕیبایەوە و نەیزانیبا ئازاری چیە ؟

****

کە شوشتیان و کفنیان کرد ، لە بن هەیوانی مزگەوتیان دانا ، مەیسەر و گەشاو لە دیاری دانیشتن هۆڕ هۆڕ دەگریان ، خەڵکەکەش بە دەوریانەوە بوون . لەپڕ پیکابێکیان هێنا و چوارکەس لە تەرمەکە نزیک کەوتنەوە بیخەنە ناو دارەبازە و بیبەن بینێژن ، گەشاو و مەیسەر دووبارە خۆیان بە تەرمەکە دادا و هەریەک بە جۆرێ هاواریان دەکرد بەجێمانمێڵە ، گەشاو هەربابە بابەی بوو، ئێستاش دەنگەکەی لە گوێم

دەزرینگێتەوە کە دەیگووت بابە مەڕۆ ، بابە هێشتا بچووکم بەجێمێڵە ، بابە بەتەنیا ناتوانم شەوان بخەوم لە تەنیشت تۆ نەبێ دەترسێم. بابە ئەدی نەتگووت بێمەوە دەچینە خشخشۆکانێ ، ئێستا بۆ دەڕۆی و نامبەی ، ئەدی نەتگووت گەشاو خۆت بشۆ با بۆنت خۆش بێ ئینجا دەتبەم ، دەی هەڵستەوە بە دایە دەڵێم بمشوا بۆئەوەی بۆنم خۆش بێ ، دەی. مەیسەریش هەر سەیری تەرمەکەی دەکرد ، فرمێسکیش بەسەر ڕوومەتەکانیدا ڕێزیان بەستبوو . دەتگووت چاوەڕێیە هەردی لەگەڵ قسەکانی گەشاو هەڵستێتەوە .

پیاوەکان بەناچاری مەیتەکەیان بارکرد و گەشاو و مەیسەر و منیش لە تەنیشتیەوە سوار بووین ، گەشاو کەوتبووە بەینی هەردووکمان ، ئینجا بەڕێکەوتین بۆ گۆڕستانی پیرداود چونکە دایک و باوکشی کە مردبوون پێشترێ لەوێ نێژرابوون . کە گەیشتینە گۆڕستان مەیسەر لەناو پێکابەکەڕا کە چاوی بە گۆڕەکان کەوت و زانی تەواو ئێرە شوێنی بەیەکجاری لێک جیابوونەوەیانە دونیای خراکرد لەگەڵ شین و لەخۆدان و گریان ، یەک بەدەنگی خۆی هاواری دەکرد ، هەردی هەڵستەوە گوێت لە گەشاو نیە بانگت دەکات ، تۆ کەی ئەوەندە بێ دەنگبووی وەڵاممان نەدەیتەوە ، هەڵستە بۆ دەتەوێ بڕۆیتەوە لای دایک و باوکی خۆت ، لە کاتێکدا تۆ بە خۆت باوکی. ئینجا پیکابەکە ڕاوەستا و کە گەیشتین تازە گۆڕەکە تەواو ببوو . چەند کەسێک دارەبازەکەیان بڵند کرد و دوای کەمێک تەرمی هەردیان شۆڕکردەوە . بە دووسێ ژن

کە لەبەر بێکەسی ئەو ماڵە بە ئۆتۆمبێلی خۆیان هاتبوونە دوای تەرمەکە ، تونـد مەیسـەریان گرتبـوو ڕانەدەوەسـتا دەیگووت لە گۆڕی مەنێن . منیش گەشاوم لەباوەش بوو ، بەبەرچاویەوە هێدی هێدی خۆڵیان بە هەردی باوکی داکرد و دایانپۆشت ... ئینجا تا درەنگ لەگەڵ مەیسەرو گەشاو لەسەر گـۆڕەکەی مـاینەوە ، ئەگەر لێبگەڕابـام بەوانبـا لە دیـاری هەڵنەسـتن . ئینجـا بە هەزارحـاڵ کە دونیـا تاریـک داهـات هەڵیانمستاند و گەڕاینەوە مـاڵ ، لە ڕێگـا گەشـاو دەمنـادەم دەستی بە گریان دەکرد و دەیگووت بۆ بابمتـان بەجێهێشت یەعنی تەواو جارێکی تر نایەتەوە ؟

منیش ناچار دەمگووت نا ، لە شوێنێک چاوەڕێتان دەکات بۆ ئەوەی کە گەورەبوون ئێوە بچنە لای ، ئەو لەو شـوێنە ئیش دەکات و خانویەکی خۆشترتان بۆ دەگرێ و ژووریێکی پڕ لە یاریت بۆ دادەنێ ، لە بیرت نیە هەمـوو جارێ پێی دەگـووتی گەشە گیان با ئیشکەم ژووریێکت بۆ دروسـت دەکەم پڕ پڕ لە یاری ؟ لەگەڵ قسەکانم هەستم دەکرد مەیسەر زیاتر دەگریێ.

بەهەرحـاڵ نـزیکەی مانگێک بەسـەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی، لەوماوەیەدا هەموو ڕۆژێ دەچوومە سەردانیان و ئاگام لێیان بوو ، لەوکاتەش جەژنی قوربانی بەسەرداهات. یەکەم ڕۆژی جەژن عەسرەکەی تەلەفۆنێکم بۆ هات ، سەیرم کرد مەیسەرە بەگریانەوە گـووتی وەرە گۆڕسـتان بـزانە گەشـە بەو جەژنە چی دەکات بۆ باوکی، منیش بە پەلە سواری ئۆتۆمبێلێک بووم و چووم ، کە گەیشتمە ئەوێ چیم بینی ؟ ئەو منداڵە لەسـەر

گـۆڕەکەی بـاوکی دەگریـا و خـۆڵەکەی بە قەدەر دەسـتی هەڵکەندبوو تـا بـن پیلـی ڕەوان کردبـووە ژووریێ ، دەیگـوت ئێستا بـابم دەوێ ، بـۆ بـەو جەژنە لێرەیە نەهـاتۆتەوە مـاڵێ . مەیسـەریش لە دیاری نتقی گیرابـوو، گریـانی هەمـوو خـەڵکی سـەر زەوی ئەو ماوەیە لەوان کۆببۆوە . کە چاوم بـەو دیمـەنە کەوت ، لـەو ڕۆژەوە بڕیـارم دا ئەگـەر هاوسـەرگیریش بـکـەم نەهـێڵم هـەرگیـز منداڵمان ببـێ ، چـونکە هـەسـتم کـرد لیـاقـەی هەڵگرتنی عەشقێکی بـەم شێوەیـەم نیە . هـەموو کاتێکیش لـەلام جێی پرسیار بووە ئەوانـەی منداڵی زۆر دەنێنـەوە چۆن توانای هەڵگرتنـی زیـاتر لە عەشـقێکی وایـان هـەیە ، کە لـەدەسـتدانی هـەریـەکێکیان بۆ خۆی ئاگرێکە ، بـەجێهێشتنیشیان خراپتر .

****

دوای ماوەیـەک کوڕی سـەرۆک کە دەزانێ مـەیسـەر لـەئێستا دا حاڵی شـڕە و نان نیە بـەخـۆی و منداڵەکـەی بیخـوا ، دووبـارە لێـی پـەیـدا دەبێـتـەوە ، بـۆئـەوەی ملـکـەچ بـێ لە ئاسـتی ئەو داوایـەی لێی کردبوو . بـەڵام مـەیسـەر دوای ئـەوەی قسـەکانی جیاوازیان دەبێت لەگـەڵ ناوەڕۆکی ئەو نامـەیـەی بۆی ناردبوو بیبووڕێ ، هـەست دەکات ئەو بـە پیلان مێردەکـەی بـە کوشـتن داوە . بـــۆیە لـەجـــاران کـەلـــلـە ڕەقتـــر دەبێـــت لـە ئاســـتی و هـەرجارێـک دەچێـتـە ســـەردانیان دەری دەکـــات و هـەمـــوو کۆمـەکـەکانیشـــی ڕەت دەکـــاتـەوە ، لـە دواجـــاریش پێـــی دەڵـــێ

ئەگەر تۆ بۆ ئەوە مێردەکەمت نارده پێشەوەی شەڕ بکوژرێ تا بە من بگەی لەو کاتەی خۆم و منداڵەکەم برسی و بێ کەس دەمێنینەوە ، ئەوە بزانە لەشفرۆشیم کردبێ ناهێڵم لێم نزیک ببیتەوە .

لەو ڕۆژەوە مەیسەر ، هەرچەندە هیچم بەچاوی خۆم لێی نەبینی بوو بە لەشفرۆش ناوی بڵاو بۆوە ، خەڵکیش بێ بەزەییانە لەم لاو لەولا قسەیان بەدوادا دەکرد.

بەڵام کە دەچوومە سەردانیان و دەمبینی تا دەهات کز و ڕەنگ زەردتر دەهاتە بەرچاو ، بەو دواییانە هیچ یارمەتیەکی لەمنیش وەرنەدەگرت ، وە ئەو شتانەشی ڕەت نەدەکردەوە بۆ گەشاو دەمبرد بە دیاری . ڕۆژێک خۆم پێ نەگیرا بە زمانی سووتام پێم گووت ئەو شتانەی خەڵک دەیڵێن ڕاستن ؟

ئەویش یەکەوسەر بە چاوی بە فرمێسکەوە گووتی من دایکم دایک ، دایکیش ئامادەیە هەموو شتێک ئەنجام بدات و قبوڵ بکات لە پێناو یەک مەمە شیر بۆئەوەی نەبینێ منداڵەکەی برسیە .

****

هەموو جارێ وا لە بیرمە بەرلەوەی هەردی لەدەست بدات ، مەیسەر جارجار دەستی دەبرد بۆ شیعر نوسین ، ئەویش لەبەر ئەوەنا عەشقی بۆ شیعر هەبووبێ ، بەڵکو لەبەرئەوەی ناخی دەکوڵا بۆ ئەو شتانەی بە گەنجی بەرنامەی بۆ داڕێشتبوون ئەنجامیان بدات ، ئەنجامی نەدابوون بەهۆی

مێردکردن و منداڵ نانەوە . هەستی دەکرد هێدی هێدی مۆمی ئاواتەکانی لە کوژانەوەدان و ئەو هەر خەریکی خزمەتکردنی مـاڵ و مێـرد و منـداڵە . هەرچەنـد تەکـانی دەدا مەجالێـک بـدۆزێتەوە لە کەلەنـی تەواوی ئەو شـتانەی ژیانیـان داگیـر کـردووە نەیـدەتوانی . وا لە بیـرمە لە یەکێـک لە شـیعرەکانی ئەمە بە تەواوەتی ڕەنگی دابۆوە ، کە دەمێکە لەبەرم کردووە ، ئەگەرچـی دەزانـم لە ئاسـتی هـونەریەوە بـاش نـیە ، بەڵام هەسـتێکی ڕاسـتەقینەی دایکـانەی وەهـای لەخـۆ گرتـووە هەرکەسێک گوێی لێ بێ ناچارە چـاو لە عەیبەکانی بپۆشـێ ، کە دەڵێ :

مۆسیقاکان لێدران
گۆرانیەکان گوتران
گۆزەکان دروستکران

مسافیرەکان بۆ خاکە جوانەکان سەفەریان کرد
هاوڕێکان چوونە پیاسە
وەرزشەکان سود و شادیان گەیاند
ترێی کێڵگەکان لێکرانەوە .

تا من گەیشتم
کەس لەوێ نەمابوو
دواکەوتم ،
خەریکی تاکە منداڵەکەم بووم ،
ئەو ڕوومەت خڕە
هەر گووتی
دایە مەمەی دەخۆم
دایە میزم دێ
دایە میوەی دەخۆم
دایە میزم دێ
تەنگاویشم .

دایە بمگۆڕە
دایە گەمانەکان بینە
دایە پاپام دەوێ
دایە مەمەی دەخۆم
دایە میزم دێ .

دایە ئاو
دایە ئاتاری

دایە ئەندۆمیشم دەوێ
دایە دەچمە دەرێ ئەتوش وەرە .
دایە گیان زۆرم خۆشدەوێی
دایکی من لە هەموو کەسی جوانترە ،
" ئەوجە مەمەش دەخۆم " .

دایە گەمانەکانیش بینە
دایە ئاتاری
دایە دایە دایە
هەزاران جار دایە

من هەر خەریکی شتەکانی ئەوبم
چۆن بە خۆشی ژیان ڕابگەم ؟
چۆن وابکەم بەهرەکانم بە دەرکەون ؟
بەڵێ ژنەکان گەلێ بەهرەمەندن
گەلێک ڕەنگا و ڕەنگ
وەلێ تا منداڵەکان گەورە دەکەن
ڕەنگەکان کاڵ دەبنەوە
بەهرەکان ناژیێنەوە .

ئەردەشێر کە شیعرەکەی مەیسەری بۆ ئانیا خوێندەوە ، ئانیا گووتی چ هەستێکی دایکانەیە ، من تا ئێستا شیعری وام گوێ لێ نەبووە ، بە تایبەتی بەم ناوەڕۆکە. ئەردەشێر گووتی ڕاستە هەر بۆیەش لەبەرم کردوە و تا ئێستاش لە بیرم ماوە، هەست دەکەم ئەو بەو شیعرە وەڵامی تەواوی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە بە درێژایی مێژوو پێیان وابووە ژنان هیچیان پێ ناکرێ و بێ دەسەڵاتن و چ سوودێکیان نەگەیاندووە بە مرۆڤایەتی. ئەو لەو شیعرە پێمان دەڵێ ژنان لە جیاتی فەلسەفەیەک بنیاد بنێن ، مۆسیقایەک بژەنن ، شیعرێک بنوسن سەدان فەیلەسووف و مۆسیقاڕ و شاعیر گەورە دەکەن .
سەدان دارتاش و ئاسنگەر و تەنانەت فڕۆکەوان و بیرمەند و زانا و دکتۆر لە زگی خۆیان هەڵدەگرن و بە دونیای دەبەخشن ئەوان وەکو جاڵجاڵۆکە وان خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ فەرخەکانیان .
زۆرجاریش ئەفسانەی " درۆ و ڕاستی " دەگێڕایەوە ، بەڕاستی کە بۆ یەکەمینجار لەسەر زاری ئەوەوە گوێم لێ بوو سەرسام بووم . ئانیا گووتی چۆنە ئەو ئەفسانەیە ؟
ئەردەشێر گووتی دەگێڕنەوە لە سەرەتا (درۆ و ڕاستی هاوڕێ دەبن ، درۆ چەندینجار درۆ لەگەڵ ڕاستی دەکات و فریوی دەدات ، ڕاستیش لێی تورە دەبێت و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ قسەی لەگەڵ ناکات ، بۆ خۆی بە تەنیا دەژی و دەخوات و دەخەوێ ، خەڵکیش هەموو خۆشیاندەوێت و بە هەر کوێیەکدا دەڕوا پێشوازی لێدەکەن و ڕێزی لێ دەگرن ،

ڕۆژێک درۆ دەچێتەوە لای دەڵێ من پەشیمانم لە ڕابردوو درۆم لەگەڵت کردووە ، پەشیمانم هاوڕێیەکی وەکو تۆ ڕاستم لەدەست داوە ، هاتووم بمبووری و وەکو جارانمان لێ بێتەوە. ڕاستیش پێی دەڵێ خۆ دیسان درۆم لەگەڵ ناکەی ؟ درۆش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ نا ، لەبەرئەوەی بۆم دەرکەوت درۆ هیچ سوودێکی نیە و واش دەکات هاوڕێ جوانەکانت لە دەست بدەیت و متمانەیان پێت نەمێنێ . ڕاستی کە گوێی لەو قسانە دەبێت دەیبووڕێ ، ئینجا درۆ دەڵێ وەرە با بە یادی جاران پیاسەیەک بکەین . ڕاستی و درۆ بەیەکەوە دەست بە پیاسە دەکەن تا دەگەنە لای گۆمە ئاوێک ، درۆ دەڵێ بۆ نایەی مەلەوانی بکەین ؟ ڕاستیش دەڵێ بۆ نا ، منیش پێم خۆشە و بۆ تەندروستی لەش و ئاڵۆزیە دەروونیەکانیش باشە . ئینجا ڕاستی جلەکانی دادەکەنێت و دەچێتە ناو ئاوەکە ، درۆش ڕێک جلەکانی دەڕفێنێ و لەبەری خۆی دەکات . ڕاستیش دەکەوێتە دوای لێی بستێنێتەوە ، لەوکاتە خەڵک بە ڕووتی دەیبینن و متمانەیان پێ نامێنێ و باوەڕ ناکەن ئەوە ڕاستی بێ . هەموو بڕوا بە درۆ دەکەن کە بە جل و بەرگی ڕاستیەوە دەیبینن . لەو ڕۆژوە بۆ یەکجاری ڕاستی ڕەش و ڕووت دەمێنێتەوە و دەکەوتە کوچە و کۆڵانان کەس بە لاشی داناچێ. درۆش دەچێتە ناو خەڵک و بە گەرم و گوڕیەوە پێشوازی لێ دەکرێ) .

ئانیا گووتی ئەفسانەیەکی چەند جوانە ، ئەردەشێر گووتی بەڵێ نکۆڵێ لێ ناکرێ ، بەڵام من کە ئەو شیعرەی مەیسەر و

ئەو ئەفسانەیەم بۆ گێڕایەوە کە لەوەوە گوێم لێ ببوو زیاتر مەبەستم ئەوە بوو لەو ژنەی خەڵک پێیان دەگوت مەیسەری لەشفرۆش بگەی کە چەند عارف بووە . جا لە هەمووشی ناخۆشتر بە هۆی ئەو ناوەی لێیان نابوو " مەیسەری لەشفرۆش " گەشاوی کوڕیشی ئازاری دەبینی ، چونکە کە دەچووە ناو منداڵان و یاری دووگۆڵی دەکرد ، ئەگەر تیپەکەی ئەو ببردبایەوە و ئەو گۆڵی بکردبا ، کە لە هەموو یاریەکیش گۆڵی خۆی هەر دەکرد ، منداڵەکانی تر لە قەهران ڕووبەڕوو پێیان دەگووت بڕۆ کوڕی مەیسەری لەشفرۆش ، ئەویش ناچار هەموو جارێ بە گریان یاریگای بەجێدەهێشت ، کە لە پشت ماڵیانەوە بوو ، پێکهاتبوو لە پارچە زەویەکی ڕووتی تۆزاوی ، بە چوار بەرد لەو سەر و لەم سەر گۆلیان بۆ دروستکردبوو . ئەگەر منی بدیتبا خۆی دەخستە باوەشم و شکایەتی دەکرد . ئەگەرنا دەچۆوە ماڵێ و دەرگای حەوشەی چەند ڕۆژێک لەسەر خۆی دادەخست و نەدەچۆوە ناو منداڵەکان ، بەڵام دواتر لەبەرئەوەی خولیای زۆری هەبوو بۆ تۆپی پێ ، دووبارە دەچۆوە ناو منداڵەکان بۆ یاری و هەمان شتی بەسەرخۆی دەهێنایەوە . من پێم وابوو ئەو لە هیچ بردنەوەیەک چێژی نەدەبینی ، چونکە دەیزانی دواتر چی پێ دەڵێن ، ئەوەش زۆر ئازاری دەدا .

****

بەهەرحاڵ ئەو شەوەی بەسەر تەرمی مەیسەر داچووم ، نزیکەی سێ چوار کاتژمێر پێشتر من بەچاوی خۆم کوڕی سەرۆکم بینی بە پێش ئەو گازینۆیەدا تێپەڕی کە من زۆرجار لەگەڵ دونیا تاریک داهاتن دەچووم ، تا درەنگ لێی دەمامەوە، ئۆتۆمبێلێکی بڵندی جام ڕەشی پێ بوو ، سێ کەسیتریش لەگەڵی سوار ببوون و پاسەوانیان دەکرد . دیاربوو لەبەر ئەوەی شەوبوو ، بێباکانە جامەکەی لای خۆی هێنابووە خوارێ ، شەوقی بلاجگتۆری پێش گازینۆکە لە دەموو چاویانی دا ، دوای ئەوەی درەنگ داهات و گازینۆیەکە داخرا ، من بەو کۆڵانەدا شۆڕبوومەوە کە ماڵی مەیسەری لێ بوو ، لەڕێگا بینیم دەرگای حەوشەیان کراوەتەوە ، سەیرم پێ هات، ترسام گەنجەکانی ئەو گەڕەکە چووبنە گژیان . ئەگەرچی لەو ڕۆژەوەی زانیبوویان من لەسەریان بە جواب دێم و هاتووچۆیان دەکەم ، کەسیان نەیان دەوێرا کارێک بکەن ببێتە جێی نیگەرانی ئەو دایک و کوڕە ، چونکە لێیانم دەدا کەسیشیان دەرەقەتم نەدەهاتن ، تەنانەت ئەوانەی زۆر خۆیان بە سەرسەریش دادەنا خۆیان لێ لادەدام . من شەڕکەرێکی باش بووم زۆر خێرا دەستم دەوەشاند . ناو وناوبانگیشم بە هەموو گەڕەک دا بڵاو ببۆوە .

کە چوومە حەوشە بێ دەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو ، دەتگووت هیچ ڕووحلەبەرێک لەوماڵەدا نیە ، ناچار لەبن هەیوانەکە نزیک بوومەوە و چەند جارێک بانگم کردن کەس وەڵامی نەدامەوە . هەر لە خۆڕا هەستم بە شتێکی

ناخۆش کرد ، بەناچاری چوومە ژوورەوە چیم بینی ؟ لاشەی مەیسەر بە ڕووتی لەسەر دۆشەکێک کەوتبوو ، پرچیشی لە پشتەوە بەتۆقەیەک بەستابوو ، شوێنی سێ گوللەش بەسەر ناوقەدە باریکەکەیەوە دیاربوو، لەبنەوە دۆشەکەکە چونکە ئیسفەنج بوو لێنەگەڕابوو خوێنەکەی بە ژوورەکەدا بڵاو ببێتەوە مشتبووی ، ئەو دۆشەکەی سەدان جار بە دەستی خۆی شوشتبووی و نەیدەویست ببینێ یەک پەڵەش چیە پێیەوە. دەتگووت پەیکەرێکی هونەری لە مەڕمەڕ دروستکراوە بە ئەنقەست شوێنی سێ گوللەیان لەسەر ناوقەدی ڕەنگ کردووە ، بە تۆزێ بۆیەی ڕەش و تۆزێ بۆیەی سۆر بەدەوریەوە. بە مردویش جوان و سەرنجڕاکێش دەردەکەوت. لێی نزیک کەوتمەوە و چەند جارێک دەستم بەپرچی داهێنا و بانگیم کرد هیچ دەنگی نەبوو، کە دەستم کردە ڕوومەتی سارد هەڵگەڕابوو ، زانیم مردووە . لەپڕ گەشاوم بەبیرهاتەوە، چەند جارێک بانگی ئەویشم کرد جوابی نەبوو ، لەناکاو گوێم لێ بوو دەگریا ، کە چاوم گێڕا بینیم خۆی لەبن ئەو قەرەوێلەیە ناوە کە دەمێک بوو دایکی بۆی دانابوو لە جیاتی سیسەم و لایەک بلۆکی بۆ دانابوو بەهۆی شکانی پایەکیەوە، پەڕۆکێکی شینی پێدا دابوو ، چونکە زۆر حەزی لێ بوو ژووریێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و سیسەمێکیشی لێ دابندرێ . منیش دەستم بۆی دریژکرد و گووتم وەرە گەشاو، دوودڵ بوو لەوەی بێ یان نا . زانیم زۆر ترساوە . گووتم وەرە ئەمنم ئەردەشێر ، نەهاتە دەرەوە

. دەستیم بۆ ڕەوان کرد زیاتر چووە بنەبانی قەرەوێلەکە دەشلەرزی ، بە ناچاری قەرەوێلەکەم لابرد و دەستم لێدا ، کە دەستم بە جەستەی کەوت ڕاپەڕی ، ئینجا بە هۆش خۆی هاتەوە و توند خۆی بەمنەوە نوساند ، بە گریانەوە گووتی مامە ئەردەشێر دایکی منیان کوشت ، بەچاوی خۆم بینیم . دەمێکیش پێشوەی بیکوژن ئەو پیاوەی پاسکلی بۆ من ناردبوو خۆی ڕووت کردەوە و دایکمی خستە بنەخۆی ، دایکم سەیری منی دەکرد کاتێک خۆم لەبن قەرەوێلەکە نابوو لە ترسان ، بینیم چەند جارێک خەندەی کرد . هەردوو چاویشی پێکەوە داخست و کردیەوە ، پێی گووتم بێ دەنگ بە .کە گەشاو گووتی دایکم چەند جارێک خەندەی کرد ، زانیم بۆئەوەی بووە گەشاو نەترسێ ، زانیم ئەو دڕندەیە دەستدرێژییشی کردۆتە سەری ئینجا کوشتوویەتی. لەوکاتەوە بڕوام بە خوا و ئایین و یاسا و دادگا نەما ، بڕوام بە سەرۆک و وڵات و قەوم و تەنانەت لەسایەی ئەوانە نیشتمانیش نەما. نەفرەتم لە هەموو ئەو شتانە کرد بەهایان هەیە . ئاخەر ئەگەر خوایەک هەیە و وەک باسی دەکەن دەڵێن ئاگای لە هەموو شتێکە ، بۆ هیچی نەکرد ئەم شەوە بۆ ئەو ژن و منداڵە بێ کەسە ؟ ئاخەر دەزانی ئەو شەوە من بام چیم دەکرد ؟ دادەبەزیمە خوارەوە و لەوێ کوڕی سەرۆک و دار و دەستەکەییم لە پێستەکەیان دادەماڵی لەکۆڵ ئەو وڵاتەم دەکردنەوە . دواتر ئەو ژن و منداڵەم دەخستە باوەشم و سواری گالیسکەکەم دەکردن لەگەڵ خۆم دەمبردنەوە ئاسمان

، لە زمانی ئەو خەڵکە پیسە قوتارم دەکردن ، لە بەهەشتیش خانویەکم پێدەدان و ژوورێکی جوانیشم بۆ گەشاو دروست دەکرد پڕ لە یاری ، هەردیشیم بۆ مەیسەر زیندوو دەکردەوە ، لەپشت ماڵەکەشیان یاریگایەکم لە فریز دروست دەکرد ، لاپچینێکم دەکـردە بەری گەشـاو و نەمدەهێشـت چیتـر بە پێخواسی یاری بکات و پێیەکانی بریندار بن .

بڕیاریشـم دەدا مەلائیکەتەکـان هەمـوو ڕۆژێ تۆپـانێی لەگەڵ بکەن و ئەگەر بشدۆڕێنن هیچی پێ نەڵێن ، تەنانەت بڵندیشی بکەن لەکاتی گۆڵ کردن . بەخۆشم لە سەر کورسیەک لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکانەی لەوێن لە دیار گەمەکەی دادەنیشتم بۆ ئەوەی کەیفی پێ بێ ، ئەوەیە خودایەتی .

بەهەرحاڵ کە گەشـاو چـاوی بەمـن کەوت و چیتـر پێویسـتی نەدەکرد بێ دەنگ بێ لە ترسی ئەو کەسـانەی دایکیـان لەبەر چاوی کوشتبوو ، دەستی بەگریان کرد و خۆی بە تەرمەکەی دادا ، تۆند دەستی بە شـوێنی گوللەکـان وەنـا و گـووتی دایە مەمرە ئێستا دوعایەکت بۆ دەکەم کونەکان قەپات ببنەوە. ئەو قسـەیە هی دایکی بوو ، بەخۆم چەندینجار لە کـاتی نەخۆشـی لە بێ دەرمانیان گوێم لێ ببوو دەستی لەسـەر ئەو شـوێنانەی گەشاو دادەنا کە دێشا ، دەیگووت گەشاو گیان مەگریێ ئێستا دوعایەکـت بـۆ دەکەم چـاک دەبـیەوە ، ئینجـا چاوەکـانی دادەخست و دەمێک لێوی دەجوڵاند ،پاشان چاوی دەکردەوە و فویەکی بە چواردەوری خۆیدا دەکرد . گەشاویش بەڕاستی قەنـاعەتی پـێ دەهـات و دەیگـووت دایە چـابوومەوە . جـا

بەڕاستیش وا دەردەکەوت بەڵای لێ نەمابێ . ئەو شەوە چەند جار بەچاوی بەفرمێسکەوە هەمان شتی کرد کە دایکی لەکاتی نەخۆشی بۆ ئەوی کردبوو . کە بینی ناجوڵێتەوە سەیری منی کرد و گووتی مامە ئەردەشێر من بەتەنێ دەترسێم . دایکم مردووە وەڵامم ناداتەوە ، ناجوڵێ . هەڵستاوە و خۆی خستە باوەشم ، منیش گووتم گەشاو مەترسێ لەگەڵ منی . گووتی ئەدی کێ لە باوەشم بکات و شەوان دەست بخاتە ناو پرچم ، کێ گەمانەکانم بۆ بێنێ و کێ لەگەڵم بێت بۆ میزکردن ، کێ کە خەوم هات جێم بۆ ڕایەخێ . خۆ من هێشتا بچووکم . من خۆم پێنەگیرا لەگەڵ قسەکانی گریام ، بچووکی چی ؟ بەو گەورەیەش دایکی خۆم بەبیرهاتەوە و غەریبیم کرد . ئەو ڕاستی دەکرد ، هیچ جێ ڕاخستنێک وەکو جێ ڕایەخستنی دایک نیە ، هیچ خواردنێک ناگاتە ئەو خواردنەی دایک بەدەستەکانی خۆی بۆت لێ دەنێت ، کە دایک مرد هیچ لە شتەکان تام و چێژیان وەکو خۆی نامێنێ. بەناچاری فرمێسکەکانم سڕیەوە و گووتم وەرە بابچینە دەرەوە ، نەمدەزانی چیبکەم ، ئەویش نەیدەویست وا بەئاسانی لە دایکی جیابێتەوە، هەردەیگووت ئاخەر خۆ دایکیشم لەبن خۆڵ نانێن؟ منیش لە قەهران گووتم گەشاو بەسە ، دایکیشت دەچێتە ئەو شوێنەی باوکت لێی کاردەکات ، بۆئەوەی ژیانێکی لە ئێستا باشترتان هەبێ. ئەویش بە چاوی بە فرمێسکەوە گووتی ئەدی بۆ منیش لە ئێستاوە لەگەڵ خۆیان نابەن ؟ خۆدەزانن ئەمن بەتەنیا دەمێنمەوە ، چۆن دەبێ بەجێمبێڵن؟ منیش گووتم

نا ،تۆیان لەلای من داناوە . ئێنجا لە دەرگای جیرانێکیانم دا ، زۆری پێنەچوو ، پیاوێک دەرگای کردەوە ، منیش گووتم ئەو کوڕە باڵێرە بێ تا دەچم چارەیەک لە تەرمی دایکی دەکەم، ئەویش لە پێش گەشاو گووتی ئەدی بۆ نایبەیە لای کەس و کاری خۆی ؟ منیش گووتم ئەو ئێستا کەسی نەماوە . پیاوەکە گووتی ئەدی بۆ نایبەیە لای خۆت ؟ منیش گووتم دەیبەم چۆن نایبەم ، بەڵام دەمەوێ تا دایکی دەنێژین ، لە شوێنێک بێ . دەرگاکەی بە ڕوومدا پێوەدا . ناچار لە دەرگایەکی ترمدا هەندەی پێنەچوو پیاوێک کردیەوە ، هەمان شتم بەویش گووت. زۆر بەناشیرنی بەلایتێک سەیری گەشاوی کرد و گووتی ئەوە کوڕی مەیسەرە ؟ منیش گووتم بەڵێ . گووتی برۆ کاکە برۆ ، داخوا دایکی لەسەرچی کوژراوە . ئەوشەوە دەرگا بە دەرگا گەڕام کەس گەشاوی لەخۆی نەگرت ، تەنانەت هەندێک لە ڕووی ئەو منداڵە بچووکە زۆر قسەی ناشیرنیشیان کرد . منیش ناچار بردمە لای هاوڕێیەکم بەناوی ئەیمەن ، کە هەموو گەڕەکەکە پێیان وابوو خۆڕیترین کەسە لەسەر ئەو گۆی زەویە ، چونکە مەی دەخواردەوە ، کەچی بێ ئەوەی یەک قسەش بکات دەربارەی مەیسەر ، کە نەفرەت لێکراوترین ژن بوو لەو گەڕەکە ، گەشاوی لە باوەش کرد و گووتی برای بچووکی منە ، غەمت نەبێ تا دەگەڕێیەوە ، لەلای دایکم دایدەنێم . دەمێکیش بە دیاریەوە گریا و چەندجارێکیش سەری ماچ کرد . گەشاو کەبینی منیش دەڕۆم فرمێسکی بە چاودا هاتەخوارێ و گووتی زوو وەرەوە . منیش لێی نزیک

کەوتمەوە و دەستم بەسەری داهێنا ، گووتم غەمت نەبێ . بوتڵێک مەیشم لەو هاوڕێیەم وەرگرت و کە ئەو بەردەوام ئیشی دەکرد تەنیا بۆئەوەی ساردکەرەوەکەی بێ مەی نەبێ ئینجا گەڕامەوە ماڵی مەیسەر ، تەرمەکەم بە کۆڵی خۆم داداو بەناو کۆڵانەکان دەستم بە هات و هاوار کرد ، بەمنبا ئەو شەوە هەموو دونیا بەخەبەربێنم ، نەهێڵم کەس بخەوێ ، هێدی هێدی مەیشم دەخواردەوە . بانگی هەموو گەڕەکم کرد ، کەس نەهات بەژداربێ لە نێشتنی مەیتی ئەو ژنە. کەچی ئەوەی لەبارەیەوە بیستبووم و دەگووترا ، هەر ئەو خەڵکە بوون دەچوونە لای و پارەیان پێدەدا لەگەڵی جووت بن، ناچار لەدەرگای مزگەوتم دا . گووتم هەرنا ئەوێ ماڵی کەس نیە ، ماڵی خوایە و بۆ هەمووان وەکو یەکە ، کەچی نەمزانی ماڵی مەلایە و ئەویش ڕێگری دەکات لەوەی ئەو ژنە لەوێ بشوڕێ و بە خاکی بسپێرین . کە مەلاژنیش هاتە دەرەوە چونکە لەژێر کاریگەری مەلا و ئەو خەڵکە پەروەردەببوو ، بەسەری سپیەوە گووتی ئەوە تەرمی مەیسەری لەشفرۆشە ، من دەستی ناکەمێ ئاوەگرە . کە ئەویش وای گووت ناچار خۆم پاڵێکم بە مەلا و مەلاژن وەناو تەرمی مەیسەرم بردە شوێنی مردوو شۆرین ، لەوێ بەدەستی خۆم شوشتم و دواتر کفنم کرد . ئینجا لە بن هەیوانی مزگەوت دامنا و دەستم کردە قورئانێک ، بە زۆر سوڕەتی " النور " ئایەتی (١١ تا ٢٠) م بە مەلا خوێندەوە . چونکە دەیگووت دونیاش خرابێ ئەم ئایەتە ناخوێنمەوە . بە خۆشم گۆرانیەکم لەسەر

تەرمەکەی گـووت ، کە ئەو زۆری حەز لـێ بـوو . دواتـر خسـتمەوە سـەر شـان و لەبەر بـێ ئۆتـۆمبێلی بـردم لە خوارەوەی گەڕەکەکە لە نزیک چڵکاوی شار ، لە تەنیشت ئەو قامیشـە درێـژانەی دەم ئـاو و دەم ئـاو شـین ببـوون نێشـتم، دووبەردیشم لەملاو لەو لای گۆڕەکەی دانا . لە ژێر سـەری بـوتڵە مەیەکەم هەمـووی خـواردەوە ، دواتـر لەقەهـران سـەرخۆش بووم و خەوم لێکەوت . کە بەخەبەر هـاتم بینیم سـەرم بە گـۆڕەکەی کـردووە و دەوروبەرم چـۆڵە ، چەنـد جارێک هیوام خواست خەون بێ ، بەڵام ڕاستی بوو . لەناکاو گەشـاوم بە بیرهـاتەوە و هەڵستام خـۆم بگەینمە لای ، پـێش ئەوەی بگەمەوە ماڵی هاوڕێکەم ، لە نزیک مـاڵی مەیسـەر کە ئێستاش لەبەر چاومە دەرگاکە لەسـەر پشت کرابـۆوە ، دوو ئۆتـۆمبێلی پـۆلیس دەورەیـان لێـدام و دەسـتگیریان کـردم و ڕاستەوخۆ بردمیان بۆ بنکە .

لە ڕێگا بـۆئەوەی دەروونـم ئـازار بـدەن دەم نـادەم لەپشـترا پاڵیان بەسـەرم وەدەنا و دەیانگووت سـەرت بڵند نەکەیت . کە گەشتینە بنکەش ڕاستەوخۆ لە ئاودەستێک دەرگایان لەسـەرم پێوەدا ، ئینجـانەی ئاودەسـتەکە پـڕی پیسـایی بـوو ، جانـازانم شوێنی عەزابدانی بەندکراوەکان بوو یان بنکەکە خۆی پیس و پۆخڵ بوو . دوای کاتژمێرێک بانگیان کردمە پێش ئەفسـەری لێکۆڵێنەوە . پۆلیسێک جا نازانم ئەفسـەر بەخۆی ڕێی پێدابوو وابکـات یـان هەر لەخـۆیەوە وای دەکـرد ، لێـی پرسـیم تـۆ عەنتەری ؟ منیش هیچم نەگووت چونکە پرسیارەکەی شایانی

وەڵام دانەوە نەبوو ، عەنتەری یەعنی چ ؟ گووتی بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ منیش گووتم ئەوە چ قسەیەکە تا وەڵامت بدەمەوە؟ گوتی تۆ خۆت بە چ دەزانی ؟ لێم هەڵستاوە سەر پێیان ، منیش زانیم دەیەوێ لێم بدا گووتم ڕێز لە جلەکەی بەرت دەگرم تۆش ڕێزی بگرە ، کارێک مەکە ناچاربم بێ ڕێزی بکەم . گووتی چەندجار مەیسەرت ..... ؟ کەوای گووت شێت بووم ، گووتم ئەو پیرۆزترین ژن بووە لە تەمەندا بینیبێتم سوکایەتی پێ مەکە. دواتر چیت بەچاوی خۆت بینیوە دەربارەی ئەو ژنە ، چوزانی کەسێکی چۆن بووە ؟ گووتی ئەدی بۆ کوشتت ؟ گووتم من نەمکوشتووە . گووتی ها ؟یان پارەت نەبوو پێی بدەی حەزیشت لێ بوو بچیتە لای ، چووی بێ پارە لەگەڵت نەخەوتووە و تۆش بە زۆر وات لێکردووە و دواتر کوشتووتە وایە ؟ گووتم نا ، ئەوە بیرکردنەوەی تۆیە . لەوکاتە شەقێکی لە بن گوێم دا ، منیش خۆم پێنەگیراو بۆکسێکم لە کەپوی دا ، کڕکڕاگەی کەپوی شکاو و خوێن بە دەم و لەوسی داهاتە خوارێ ، لەناکاو هەرچی پۆلیسی ناو ئەو بنکەیە هەبوو تێم ئاڵان ، بەداری پۆلیس و کەلەپچە و زنجیر وەرگەڕانە من ، منیش بە ڕاست و چەپدا بۆکسم دەوەشاند ، لە هەر یەکێکم دەدا شوێنێک لە دەموچاوی بریندار دەبوو . لەناکاو ئاسنێک لە پشتەوەڕا بەسەرم کەوت و هەموو گیانم سڕبوو . هەستم کرد سەرم گێژی دەخوارد . لە هۆش خۆم چووم ، دوای دەمێک کە بەخۆ هاتمەوە بینیم بە دوو کەلەپچە لە پەنجەرەیەک منیان بەستاوەتەوە. لەوکاتە

ئەو ئەفسەرە هات کە هەموو شتێکی بەچاوی خۆی بینی . لێم نزیک کەوتەوە گووتی خوێڕی لەناو بنکە دەست لە پۆلیس بڵندەکەیتەوە ؟ زللەیەکی ڕاوەشاند ، منیش تەکانێکم بە دەستم دا لەقەهران ، کە کەلەپچەکە و پەنجەرەکە پێککەوتن زرینگەی هات ، ئەفسەرەکە بستێک لەخۆی هەڵدا ، وایزانی دەستم دەیگاتێ لێیدەمەوە . ئینجا بە دوو سێ پۆلیس بەداران دیسان لێیان دام ، یەکێکیان پرچی گرتم بەهێز ڕایکێشا بەری نەدا تا قانێکی پڕ بە چەنگی لەبنڕا دەرهێنا . پۆلیسەکانی تریش کە بینیان بە ئەفسەرەکەشەوە پێدەکەنین ، دەیانگووت دەچیە لای قەحپان؟ منیش بە دەم و کەپوی بەخوێنەوە ملم بەلایەکدا شۆڕببۆوە . بڕوابکە بە هەموویان غیرەتی منیان نەبوو ئەگەر لە ناو بەرگی حوکمەت نەبان . بە کەلەپچەکراویش ترسیان هەبوو لێیان بدەم . ئێوارەکەش سواری ئۆتۆمبێلیان کردم و بەڕێکەوتین بۆ لای حاکم خەفەر . کە گەیشتینە دادگا لەوێ نەبوو ، پۆلیسەکانیش تەلەفۆنیان بۆکرد ، ئەویش گووتی بیهێننە بەردەرگای ماڵ . پۆلیسەکانیش منیان بردە بەردەرگای ماڵی دادوەر ، یەکێکیان لە دەرگای داو هەندەی پێنەچوو منداڵێک هاتە دەرەوە ، ئیفادەکەی لێیان وەرگرت و بردیە ژووروێ ، ئیمەش دەمێک ناو ئۆتۆمبێل چاوەڕێمان کرد ، ئۆتۆمبێلەکە پیکابێکی دووچاوە بوو. بەڵام لەبەر زۆری پۆلیسەکان من و دوو پۆلیسیان لەپشتەوە سوار کردبوو . لەوکاتەش دوو سێ کچی گەنجی جوان لە ماڵەکەی تەنیشت ماڵی دادوەر هاتنە دەرەوە و لەبەر شەوقی گڵۆپەکان منیان

بینـی ، دیـاربوو زگیـان پـێم سـووتا ، کە هەسـتیان کـرد بەنـدکراوم و لەبـن پێیـان دایـان نیشـاندووم. یەکێکیـان لە پۆلیسێکی پرسی ئەوە لەسەر چ گیراوە ؟ پۆلیسەکە بۆئەوەی بمشکێنێ گووتی لەسـەر دزی ، بـۆیەش وای گـووت دەیزانی ناوی دز لەم وڵاتە لە دیدی خەڵکەوە ناشیرینە . کچەکە هیچی نەگـــووت بەڵام لەگەڵ ئەو قســـەیە هەرســـێکیان پـــێکەوە سـەیرێکیان کـردم و ڕۆیشـتن . مـن لە قەهـری بـێ ڕەوشـتی پۆلیسـەکان هیچ قسـەیەکم پێ نەدەکرا ، دەست و پێم کەلەپچە و زنجیر بوو ، هەرچیم بگووتبا سوکایەتیان پێدەکردم ، یـان پێلەقەیەکیـان لێـــدەدام و دوور دەکەوتـــنەوە نەوەک لێیـــان بدەمەوە . دوای کەمێک منداڵەکە فایلەکەی هێناوەو بەو شەوە منیان هێنا ئەو بەندیخانەیە ، ئێستاش سەیرم پێ دێ دادوەری خەفەر بۆ لە دادگا نەبوو؟ چی دەکرد لەماڵەکەی خۆی ؟ چۆن دەبێ زیندانی ببرێتە ناو گەڕەک و بەردەرگای ماڵی دادوەر تا ئیفادەکەی بخوێنێتەوە و واژووی بەندکردنی بکات .

بۆ بەیانیش دووبارە هاتنەوە دوام و منیان بردە لای دادوەری ڕسـمی ، لەبەرئەوەی کێشـە زۆربـوو لە هـۆڵی دادگـا منیـان لەلایەک ڕاگرت ، تـا دادوەر بـانگم دەکـات ، ئەو پۆلیسـانەی ئێـوارە منیـان بردبـوو بـۆ لای دادوەری خەفەر و وەڵامـی کچەکانیان دایەوە گووتیان ئەو کوڕە دزی کردووە ، هەر ئەو پۆلیسانە بەدەروبەرمەوە بوون. لەناو هۆڵەکە دیاربوو کچێکی کـوردی ئەوڕوپانشـین لەگەڵ دایکـی هـاتبوونە دادگـا و کێشەیەکیان هەبوو ، کەوتبوونە لای ئێمە . کچەکە قەمیسێکی

کچانەی ڕەنگ زەردی لەبەردابوو ، سینگی تۆزێ کرابۆوە، پۆلیسەکان کە بینیان بە فێڵ خۆیان لە دایکی نزیک کردەوە و لێیان پرسی کێشەتان چیە ؟ دایکیشی کە تاڕاددەیەک پیربوو ، بە دڵێکی بێگەرد کەوتە قسەکردن بۆیان . منیش سەیرم دەکردن بە ئاشکرا هەموو شتێکم لێ دیاربوو ، کچەکە لەبەر ئەوەی ماندوو ببوو لەسەر چیچکان دانیشتبوو، پۆلیسەکانیش بەپێوە ڕاوەستابوون ، بە نۆرە لەسەرەوەڕا سەیری سینگ و مەمکیان دەکرد. دەست و پێم کەلەپچە نەبوایە لەوێش دەمکردە فەرتەنە. لەناکاو ئەو پۆلیسەی کە ئێوارەکەی بە کچەکانی ووتبوو ئەو کوڕە لەسەر دزی گیراوە ، کە منی بینی سەیریان دەکەم پێکەنی گووتی دێیە ئێرە شوێنی من ؟ مەبەستی ئەوەبوو منیش بچم تەماشاکەم ، منیش گووتم نا من دز نیم . کە وام گووت تێگەیشتن ئەوانم بینیوە بەدزیەوە سەیری سینگ و مەمکی ئەو کچە دەکەن ، کچەکەش لەوکاتە هەستی بە شتێک کرد و لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە، دوای ئەوەی کەمێک دوور کەوتەوە و پشتی بە لادیوارێک دا، لەڕووی من خەندەیەکی کرد وەک ئەوەی بڵێ دەم خۆش . پۆلیسەکانیش کە ئەمەیان بینی زۆر تووڕە بوون ، جا نازانم لە قەهری ئەوە بوو کچەکەیان بینی لە ڕووی منی بەندکراو پێکەنی لەبەرئەوەی وا وەڵامی پۆلیسەکانم دایەوە، یان لەوە گەیشتن پێم گووتن ئێوە دزن نەک من ، جا با دزیەکەشتان دزینی کەل و پەل نەبێ ، دزینی چێژ بێ .

ئانیا گووتی چەند جوان وەڵامت داینەوە. ئەردەشێر گووتی ئاخەر ئەوان زۆر ئازاری منیان دا ، هەوڵیان دەدا سوکایەتیم پێ بکەن بێ ئەوەی هێشتا هیچ بزانن لەبارەی ئەوەی من بکوژم یاخود نا ، ئاخەر دامنا من نا یەکێکی تر کاتێک بەهۆی تۆمەتێکەوە دەستگیر دەکرێ هێشتا دیارنیە تاوانبارە یان بێ تاوان، چۆن دەبێ بە ناشرینترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن؟ ئێ ئەدی ئەگەر دەرکەوت بێ تاوانە ، ئەوسا چۆن قەرەبوی ئەو سوکایەتیە دەکەنەوە کە لەبەرامبەری کراوە ؟ مرۆڤ هەیە لەو زیندانە پازدەساڵە بەندە بەتۆمەتی ئەوەی کەسێکی کوشتووە ، دوای دەساڵ زیندانی دەرکەوتووە بەهەڵە گیراوە، بکوژ لە شوێنێکی تر و لە ئەنجامدانی تاوانێکی تر دانی بەم تاوانەش داناوە و دەرکەوتووە ئەو پیاوە بەندکراوە بکوژنیە . پێم بڵێ چ قەرەبوی دەساڵ زیندانی دەکاتەوە ؟ لەکاتێکدا ئەو تەمەنێکی لەدەست چووە ، چما پارە و پولی هەموو دونیا دەتوانێ یەک ڕۆژ ژیان بۆ کەسێک بگەڕێنێتەوە ؟ بەهەرحاڵ ئانیا خان ئەوە بەسەرهاتی من و مەیسەر بوو، چونکە وابزانم لێرە بەدواوەت بیستووە لە حاکم عبدلرەحمانەوە . خۆی ئەلێرەوە بوو حاکمم بۆ یەکەمجاربینی ، ئەویش هەر لێرەوە گوێبیستی بەسەرهاتی گیرانەکەم بوو و هات بۆ باوکی تۆی گێڕایەوە و تۆش گوێت لێ بوو و هاتیە ئێرە .

ئانیا گووتی بەڵێ ، کەواتە هەر لەبەرئەوەش بوو وەڵامی دادگات نەدەدایەوە و دەتگووت جارێ ئێوە پێم بڵێن " ئەگەر کوڕی سەرۆکی وڵات تاوانێک بکات دەتوانن دادگایی

بکەن " ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ هەر لەبەر ئەوە بوو چونکە پێم وابوو ئەگەر دادگا نەتوانێ کوڕی سەرۆکی وڵات دادگایی بکات چ پێویست دەکات من وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە ؟ ئانیا گووتی ڕاستە. بەڵام پێشوەی بڕۆم پرسیارێکی ترم هەیە دەمەوێ لێتی بکەم ؟ ئەردەشێر گووتی بیکە . ئانیا گووتی ئەدی گەشاو چی بەسەرهات ؟ ئاگات لێی نیە ؟ ئەردەشێر گووتی بەڵێ ، ڕۆژی پێنج شەممان کاتێک مەهاجەی پیاوان دەست پێدەکات لەگەڵ ئەیمەنی هاوڕێم ، ئەو کوڕەی شەوەکەی بردمە لای و وەکو برا بچووکێک لە خۆی گرت ، دێنە سەردانم و دایکی ئەو کوڕە بە جوانترین شێوە ئاگای لێیە بەڵام چەند ڕۆژێکی سەرتا دوای ڕووداوەکە هاوڕێکەم بۆی گێڕامەوە و گووتی حاڵی باش نەبوو ، ڕۆژانە دەچۆوە لای مامڵی خۆیان و لای ئەو یاریگایە بچووکەی کەوتبووە پشت ماڵیان ، کە دەیبینی خانووەکەیان چۆڵە و منداڵ بەبەرد لە دەرگای حەوشەکەیان دەدەن و لایەکی دەرگاکە ڕووخاوە و گڵۆپی بن هەیوانەکە شکاوە و شوشەی پەنجەرەکان ورد و خاش بوونە و بە حەوشەدا بڵاو بوونەتەوە ، دەهاتەوە و چەند ڕۆژێک لەسەر چاو دەکەوت و دەگریا ، دەیگووت ماڵەکەمانیان تێکدا ، هەموو شتێکیان وێران کرد ، بەهیچ چاک نابێتەوە ، دایکم ئێستا ببینێ ئەو ماڵەی بەیەکەوە نانمان لێی دەخوارد و لێی دەخەوتین و بەیەکەوە سەیری تەلەفیزیۆنمان دەکرد ، بۆتە کەلاوە و پڕی بەرد بووە ، دڵی تونـد دەبێت . چۆن ئەو هەموو شوێنەی بەتەنیا پێ خاوێن دەکرێتەوەو پێی

دەماڵدرێ ؟ لەوکاتە ئانیا گریا هەرچەند ویستی قسەبکات نەیتوانی ، هەستی بە هەناسە تەنگی کرد ، لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوە و سەیری هەرچوار دەوری خۆی و ئەو دیوارە بڵندەی زیندانی کرد ، دەتگووت دەیەوێ بە ئەردەشێر بڵێ چۆن بەرگەی ئەو ئازارە دەگری ، لەکاتێکدا خۆت لەناو ڕاستی چیرۆکەکە ژیان دەکەی ، کەچی من بە گێڕانەوە بەرگەی ناگرم . ئەردەشێر لەوکاتە وەک ئەوەی گوێی لەو دەنگە نادیارە بووبێ گووتی بۆ من لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە ئێستا گەشاو دێتە سەردانی من ، کەچی بە تۆمەتی کوشتنی دایکی گیراوم . زۆریش خۆشیدەوێم چاوەڕێیە ڕۆژێک بەربم بەیەکەوە بچنەوە ناو خانووەکەی خۆیان و بژین . ئانیا زیاتر گریا لەگەڵ ئەم قسەیەی ئەردەشێر ، سەری بە شیشەکانی زیندان کرد ، بە چاوی بە فرمێسکەوە گووتی باوکم پێی گووتم کچم خۆت لە نوسینی ڕۆمان مەدە ، ئەگەر کارئەکتەرەکان خەیاڵیش بن ، تۆ دەبیە یەکێک لەوان . ئێستا هەستدەکەم یەکێکم لە کارئەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەم ، ئەو ڕۆمانەی خەڵک وادەزانن تەنیا خەیاڵێکە نازانن هەموو چیرۆکەکانی لەڕاستیەوە وەرگیراون، ئای گەشاوی دڵ بچووک ، خۆزگە هیچم لەبارەوە نەبیستبای . داخوا ئێستا چەند جوان و ناسکە، داخوا ئێستا حەزی لە چەند شتی جوانە و خەون چۆن بە دایکی و باوکیەوە دەبینێ ، مااڵە کۆنەکەی چۆن دێتەوە بەرچاو ؟ ئینجا ڕووی کردە ئەردەشێر و گووتی ئەدی تۆ ؟ تۆ دەزانی چ ئازارێکی لە بن نەهاتووی بۆمن ؟

ئەردەشێر ڕووی خۆی وەرگێڕا، وەک ئەوەی نەیەوێ سەیری چاوەکانی بکات . دەیویست دوای تەواوبوونی چیرۆکەکان بڕوات ، بە خۆیەوە گرێی نەدات بۆ ئەوماوە درێژەی لەزیندان دەمێنێتەوە . ئینجا ئانیا دەستی کردە جانتاکەی و ڕۆیشت ، ئەردەشێر لەلای خۆی ڕا دڵی بەخێرایی کەوتە لێدان ، ئاگری عەشق گرپەی دەکرد لە ناخیدا ، دەیویست پەشمانی بکاتەوە لەو بڕیارە بەخشندەیەی دایبووی . لە ناخەوەش دەنگێک دەیگووت کێ دەڵێ بە تۆ ڕازی دەبێ ، تۆیەکی بیست و پێنج ساڵ بەند کراو ؟ ئانیاش بە هەمانشێوە حەزی دەکرد تۆند باوەشی لێبدات و بڵێ هیچ سنووریک نیە بۆ خۆشەویستی . بەڵام دوودڵ بوو لەوەی ئەردەشێر پێی ڕازی دەبێ یاخود نا دوای ئەوەی زانیبووی کچی سیاوەشە . لەپڕ ئەردەشێر بە دەنگێکی بڵند بانگی کرد نیلوفەر ئەی خانمی کەنارەکان . ئانیا لەگەڵ ئەم قسەیە ئاوڕیدایەوە و بەغار بۆ لای گەڕایەوە ، ئەردەشێریش بەغار بەرەو پیلی چوو ، لەناو گۆڕەپانەکە تۆند باوەشیان لێکدا ، هەردووکیشیان دەستیان بە گریان کرد ، دەمێک بەیەکتریەوە وەنوسان ، لە دووڕەوە کەس پێی لێکنەدەکرایەوە ئەوانە دووکەسن . ئانیا بە گریانەوە گووتی دەزانی زۆر ڕقم لێتە ؟ ئەردەشێر گووتی منیش . حەزدەکەم چیتر نەتبینمەوە تکایە . ئینجا بۆ یەکجاری هەردووکیان لێک جیابوونەوە و ئانیا بەرەو دەرگای گەورەی زینداندەکە بەڕێکەوت و ئەردەشێریش گەڕایەوە ناو مەمەڕەکە و ئەم دیوی شیشەکان . ئانیا لە بەردەرگا گەورەکە بەرلەوەی پێی

بخـاتە دەرەوە ئـاوڕی لەنـاو گۆڕەپـانەکە و ئەو گوڵـدانانەی ئەردەشێر هەڵیواسـی بـوو دایەوە . ئەردەشێریش بەرلەوەی بچێتەوە نـاو قاوشـەکەی ئـاوڕی لە دەرگـا گەورەکە دایەوە ، بەڵام لەبەر قەرەبـاڵغی نـاو گۆڕەپـانەکە کە لەوکـاتە مەهـاجە کۆتایی هاتبوو بەندکراوەکان کەس و کاری خۆیان بەڕێدەکرد ئانیای چیتـر نەبینیەوە . ڕاسـتەوخۆ چـۆوە سـەر جێگـاکەی ، گرێک لە ناخیەوە پەنگی خواردبۆوە ، ئەو بەدەستی خۆی ئەو کچەی پڕ بە دڵ خۆشیدەویست بەڕێی کرد لە داخی ئەو سزا قورسەی بەسەریاندا چەسپێندرابوو . لەسـەر جێگاکەی ڕاکشا سـەری بە بـالیفەکەی کـرد ، فرمێسـکیش تـک تـک بەسـەر ڕوومەتەکانیـدا دەڕژا . لەتـاو ئەو ئـازارەی سـەرتاپا گیـانی داگرتبوو دەستی کردەوە هەمان کلکە مراکی پێشـترێ کە لە تەوقیف وێنەی ئانیای پێ کێشابوو ، لەبنەوەش چەند دێرێک نوسینی کردبوو. دووبارە وێنەیەکی ئانیای لەسـەر دیـوارەکە هەڵکـۆڵی ، بەڵام ئەمجـارە لەجـارەکەی پێشـوو جـوانتر ، لە بـنەوەش نووسـی نیلـوفەر ئەوەنـدە عاشـقتم نـامەوێ تـۆی فریشـتە لەگەڵ خـۆم بسـووتێنم لەم دۆزەخەی تێیکەوتـووم ، تکایە لەو هەموو خۆشەویستیەی بە نهێنی بۆ تۆم هەبووە و نەمدرکاندوە بمبووڕە .

****

ئانیاش کە دەرگـا گەورەکەی زینـدانی تێپەڕانـد ، حەزی کـرد بەتەنیا دابنیشێ ، ڕاستەوخۆ چووە ناو پـارکی شـانەدەر ، کە

ببووە دوو بەش و هەر بەشەی کەوتبوونە لایەکی زیندانی مەحەتە. کە گەیشتە لای کورسیەک دەمێک دانیشت بیری لەو هەموو چیرۆکە تراژیدیایانەی ئەردەشێر کردەوە ، بەڵام ئەو خۆشەویستیەی بۆ ئەو لەلای دروست ببوو لێنەگەڕا بە ئارامی دابنیشێ و تەکانی دا هەڵستێتەوە بگاتە ڕۆمانەکەی و دەست بە نوسین بکات ، بەپەلە گەڕایەوە لای ئۆتۆمبێلەکەی و چۆوە ماڵ . بینی دایکی خەریکی خرکردنەوەی کەل و پەلەکانە ، بەرلەوەی بەقادرمەکەدا سەرکەوێ و بچێتەوە ژوورەکەی لێی پرسی دایە ئەوە چی دەکەی ؟ دایکی گووتی کچم تەواو ماڵمان بار دەکات . ئانیا کە بینی بۆتە ڕاستی و دەبێ ئەو ماڵەی تەمەنێکە لێی گەورەبووە بەجێبێڵێ نەیدەزانی دڵخۆش بێ بە بڕیارەکەی باوکی یان دڵتەنگ ، بەڵام ئەو تادەهات زیاتر لە پێکهاتنەکەی بەینی حاکم عبدلرەحمان و مەنسووڕی باوکیەوە لەسەر ئازادکردنی مام تاوێر لە فڕ و فێڵی گەورەکانی ئەم وواڵتە دەگەیشت ، لەوە دەگەیشت چ دەگوزەرێ لەناو دادگا ، کەچی ئەو خەڵکە قوڕبەسەرە لێی بێ ئاگان . هەرکەس لەماڵەکانی خۆیان خەریکی ئیش و کاری ڕۆژانەن و شتێکیشیان لێ بقەومێ دەچنە بن دەستی ئەو جۆرە بەرپرس و دادوەر و مەلا و کوڕی سەرۆک و پۆلیسانە .

ئەو شەوە ئانیا هەموو کەل و پەلەکانی خۆی کۆکردەوە ، ئەوەی لەناو جانتا جێی بۆوە خستیە ناو جانتا ، ئەوەشی جێی نەبۆوە خستیە ناو پارچە پەڕۆکێک و لچکەکانی لە هەر

چوار لاوە گرێدا . ئێنجا بە قادرمەکەدا چووە خوارەوە تابزانێ دایک و باوکی چی دەکەن ، بینی مەنسوورِی بازرگان لەسەر مێزەکەی مدبەغ دانیشتووە و دەخواتەوە ، ئانیاش دەستی کردە پێکەکەی پێشی قومێکی لێ دا و نێو چاوانی گرژ کرد .
مەنسوورِ سەیری پێهات ، گووتی چیە حەزدەکەی بخۆیەوە ؟
ئانیا گووتی ئەم شەو بەڵێ ، تەنیا ئەم شەو . ئینجا بەیەکەوە لەگەڵ باوکی دانیشتن و تا درەنگ قسەیان گێڕایەوە و خواردیانەوە ، پاشان هەردووکیان دەستیان بە گریان کرد ، ئانیا سەری بردە بنگوێی باوکی و گووتی ڕاستە بڕیارێکی قورِست داوە ، بەڵام هاتنە دەرەوە لەو پیسیە خودی پاک بوونەوەیە ، ئێستا تا ئاستی پەرستن خۆشمدەوێی . مەنسوورِ بە چاوی بە فرمێسکەوە گووتی ئانیا خۆشەویستی تۆ و دایکت بۆ من گەورەترین سەرمایەیە ، دەوڵەمەندیەک خۆشەویستیت لێبستێنێتەوە لە دۆزەخ بە ئازارترە ، نامەوێ بەنەفرەت بێ . لەوکاتە دایکی ئانیا کە گوێی لەو قسەیە بوو هاتە لای مەنسوورِ و گووتی ئێمە کێمان هەیە لەتۆ زیاتر سیاوەش ، دەستی لەملی کرد و چەند جارێک ڕوومەتی ماچ کرد ، ئانیا سەیری پێهات چونکە قەت نەیبینی بوو دایک و باوکی لە پێش چاوی یەکتری ماچ بکەن . لەناکاو ئەردەشێری بە بیرهاتەوەو خەیاڵ بردیەوە ناو زیندان ، نەدەکرا وا بە ئاسانی لە بیری بکات .
لەپڕ بە باوکی گووت تۆ قەت عاشق بوویت ؟ باوکی بە نیمچە سەرخۆشیەوە سەرێکی بادا و گووتی بەڵێ ، بۆ دەپرسی ؟

ئانیا گووتی بۆیە دەپرسم دەمەوێ بزانم تۆ چۆن لە عەشق دەڕوانی ؟ مەنسوور گووتی کچم عەشق ئاگرێکە هەم بەرپێت ڕووناک دەکاتەوە هەمیش دەتسووتێنێ ، کە لە شەوی سەرما و سۆڵدا وەکو ڕێبوارێک لە دوورەوە ئەو ئاگرە دەبینی لەناو تاریکی شەوق دەداتەوە ناتوانی بەرەو لای نەچی ، کە دەشگەی ناتوانی لێی دوورکەویەوە تا نەبیە خەڵوز ، بەڵام هەرجوانە . ئانیا لەگەڵ ئەو قسەیەی باوکی قومێکی لە مەیەکەی پێشە خۆیداو هەڵستا ، گووتی من دەڕۆمەوە ژوورەکەم . ئینجا بەقادرمەکەدا بەسەرکەوتەوە و گەیشتە بەلەکۆنەکە ، شەو درەنگ بوو ، لەبڵندیەوە دەستی لەسەر مەحەجەڕەکەی پێشەوە داناو دووبارە سەیری ئاسمان و بلاجگتۆرەکەی پێش مالّیان و ئەو ڕێزە دار قەڵەم تۆزە کرد ، کە تەمەنێک بوو ببوونە هاوڕێ و هاودەمی ، نەدەکرا دوا مالّئاواییان لێ نەکات و بەجێیانبێڵێ . هەستی دەکرد هەموو دار و دیوار و گوڵ و تەنانەت تابلۆکانی قەد دیوارەکەشی دەگرین ، هەستی دەکرد گیتارەکەی بێ ئەوەی کەس بیژەنێ خۆی خۆی دەژەنێ و باس لە عەشقێک و جیابوونەوەیەکی ئەبەدی دەکات . عەشقێک کە هەرگیز لە بیرناکرێ و جیابوونەوەیەک کە هەرگیز پێک گەیشتنەوەی تێدانیە .

****

لەوکاتە لەزیندانیش ئەردەشێر سەری لەسەر بالیفەکەی دانابوو ، سەیری یەکێک لە پەنجەرە بڵندەکانی دەکرد ، تەنیا لەو زیندانە گەورە ئەو بەختەبەربوو . حەزی دەکرد ڕووحی لە جەستەیەوە بێتە دەرێ و بە کەلەنی شیشی یەک لەو پەنجەرانە ڕابکات و هەموو سنوورەکان تێپەڕێنێ ، ئینجا سەر شەقام و سەر شەقام بە پێی پەتی ڕێبگرێ و بەبن گڵۆپی سەرجادەکاندا بڕوا و لەماڵی ئانیا نزیک بێتەوە ، پاشان وەکو فریشتەیەک خۆی بخزێنێتە ژوورەکەی و لەژێرسەری دابنیشێت و دەست لەناو پرچە خاوەکەی وەربدا، کەئانیاش بە خەبەرهات ڕووحی ئەویش بکێشێت و بەیەکەوە بفڕن بەرەو ئاسمان و بچنە سەر هەسارەیەکی تر ، لەوێ بۆخۆیان دریژە بە ژیان بدەن و نەهێڵن ژمارەیان زیاد بکات ، نەوەک نەوەکانیان هەمان چیڕۆکی ئێرە بەسەر یەکدا بهێننەوە ، هێدی هێدی بەو خەیاڵانە خەوبردیەوە چ خەوێ ؟ وەک ئەوەی هەموو گیانی بیەوێ لێک بترازێ و گۆشت و ئێسقانی لێک جیابووبێتەوە ئازاری هەبوو ، هەرخۆی وەردەگێڕا سەر ئەم تەنیشت و ئەو تەنیشت .

****

مەنسووڕی بازڕگان کە هەستی کرد شەو درەنگە و دەبێ سبەینێش ماڵیان باربکات ، لەگەڵ دایکی ئانیا بەیەکەوە هەڵستان بچنە ژوورەکەی خۆیان بۆئەوەی بخەون ، بە چەند

هەنگاوێک لەقادرمەکە نزیک کەوتنەوە دایکی ئانیا گووتی سیاوەش تۆ بڕۆ من سەرێک لە ئانیا دەدەم ئینجا دێم ، مەنسوور گوتی منیش دێم با پێکەوە بچین کەیفی پێدێ . ئینجا بەیەکەوە بە قادرمەکەدا سەرکەوتن و گەیشتنە بەلەکۆنەکە ، بینیان ئانیا لەسەر زەوی ڕاکشاوە نەچۆتەوە ژوورەکەی خۆی ، دونیاش هێشتا سارد بوو ، مەنسوور ئەو دیمەنەی پێناخۆش بوو شڵەژا ، بەپەلە دەستی خستە بن سەری و گووتی کچم چیتە ؟ ئانیا بە زمانی تێکئاڵاوەوە گووتی لێم گەڕێن با ئەم شەو لێرە بخەوم ، ڕاستت فەرموو عەشق ئاگرە هەم بەرپێت ڕووناک دەکاتەوە ، هەمیش دەتسووتێنێ ، ئافەرین باوکە چ پێناسەیەکە . مەنسوور زانی سەرخۆشە بە دایکی ئانیای گووت هیچ نیە برۆ جێگاکەی بۆ ڕێک بخە ئێستا دەیهێنم ، ئینجا مەنسوور ئانیای کچی وەکو سەردەمی منداڵی لە باوەش کرد و بردیە سەر جێگاکەی خۆی . ئانیا بێ ئەوەی نقەی لە دەم دەربێ کە هەستی کرد جێگاکەی گەرم و خۆشە خەوی لێکەوت . دایکیشی بە تانیەکەی پێدادا تا بن گەردەنی . ئینجا لەگەڵ مەنسوور چوونەوە ژوورەکەی خۆیان . کە ڕاکشان مەنسوور گووتی هەست دەکەم ئانیا کەسێکی خۆشدەوێ ، دایکی ئانیاش گووتی ڕاستە منیش هەست بەوە دەکەم ، دەبێ کێ بێ؟ مەنسوور گووتی نازانم، بەڵام وادیارە لێک دوورکەوتونەتەوە هەربۆیەش ئەو قسەیەی منی پێ پەسەند بوو کە لەبارەی عەشق بۆم کرد .

چل و یەک

بۆ بەیانیەکەی ماڵی ئانیا باری کرد ، مەنسوور خانوویەکی لە گەڕەکێکی هەژارنشین گرت کە پێکهاتبوو لە دوو ژوور و هەیوانێک . ئانیا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کە تەنیا لەو هەموو سەروەت و سامانە ئەویان مابوو بەدوای ئەو لۆریەدا ڕۆیشت تا بەردەرگای خانووە تازەکە ، کە لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی بینی خانوویەکی وێرانەیە ، هەموو پەنجەرەکانی شکاون و نوقتەی گڵۆپەکان بێ گڵۆپن حەوشەش پڕی بەرد و دارە . باوکی زوو گووتی ڕاستە شوێنێکی باش نیە بەڵام پاکی دەکەینەوە ، ئینجا ئانیا و دایکی و مەنسوور بەیەکەوە دەستیان کرد بە خاوێنکردنەوەی خانووەکە ، ئانیا هەستی دەکرد ئەم خانووەی لە شوێنێک بینیوە بەڵام بەبیری نەدەهاتەوە لەکوێ .

دوای ئەوەی بەر لە هەر شوێنێک حەوشەکەیان پاک کردەوە، ماڵەکەیان لە لۆریەکەدا هێنا خوارێ و لۆریەکەیان بەڕێکرد . ئانیا و دایکی پاشان دەستیان کرد بە پاککردنەوەی ژوورەکانیش و هەموو ئەو بەردودار و ووردەشووشانەیان بە فەردەیەک گواستەوە پشتەوەی خانووەکە ، لەوێ قۆرتێک هەبوو کردیانە ناوی ، لە تەنیشت قۆرتەکەش یاریگایەکی بچووکی تۆپانێی لێ بوو .

لە بەیانیەوە تا نزیک عەسر خەریکی ئەو خانووە بوون تا توانیان تەواو پاکی بکەنەوە و ماڵەکەی خۆیانی ناو دابنێن . مەنسووڕیش هەموو گڵۆپەکانی تێیەخستەوە و کارەبایەکە لەکوێ پچڕابوو چاکی کرد . ئینجا ئانیا چووە بەردەرگای حەوشە تا سەیری دەوروبەر بکات ، بینی منداڵێک لە بەرامبەر ماڵیان دانیشتووە لەسەر بەردێک دەستی خستۆتە بن چەناگەی و بە غەمباری سەیری خانووەکە دەکات . ئانیا تەزیەک بە هەموو گیانی داهات ، هێدی هێدی لێی نزیک کەوتەوە ، کە گەیشتە لای لێی پرسی بچکۆڵ تۆ ناوت چیە ؟ منداڵەکە بە دەنگێکی تۆزێک نزم گووتی گەشاو . ئانیا دەمێک تاسا ، نەیزانی چی بڵێ ، دواتر بەحاڵ گووتی کوڕی خاتوو مەیسەر ؟ گەشاو گووتی بەڵێ . ئینجا ئانیا بۆی دەرکەوت ئەوان هاتوونەتە ئەو خانووەی ماڵی مەیسەر و ئەو گەڕەکەی ئەردەشێر تێیدا ژیاوە ، خۆی پێنەگیرا توند گەشاوی خستیە باوەشی و لە قورپەی گریانی دا ، بە چاوی بەفرمێسکەوە گووتی دەبیە کوڕی من ؟ گەشاو گووتی نا چونکە من کوڕی

مەیسەرم ، چاوەڕێم ڕۆژێک دایکم بێتەوەماڵێ . ئانیاش بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بێنێ ڕۆژێک بە دایک و باوکی شاد دەبێتەوە هەمان قسەی ئەردەشێری بۆ دووبارە کردەوە و گووتی دایک و باوکت چوونە ئیش بکەن تا خانویەکی باشتر بگرن و ژوورێکی تایبەتت بۆ دابنێن ، تا ئەوکاتە دێ تۆ هەرکات حەزت لێ بوو وەرە لای ئێمە و بەیەکەوە لەو خانووە سەیری تەلەفیزیۆن دەکەین . گەشاویش گووتی تەلەفیزۆنتان هەیە ؟

ئانیا گووتی بەڵێ . گەشاو گووتی ئێمەش تەلەفیزیۆنمان هەبوو هەموو جارێ لەگەڵ دایکم لەو خانووە بەیەکەوە سەیری پاپامان دەکرد . ئانیا دەستێکی لەسەر شانی دانا و لە دوورەوە سەیری خانووەکەی کرد ، هەموو ئەو چیرۆکانەی بەبیرهاتەوە کە لەبارەی مەیسەر و هەردی و گەشاو و تەنانەت کوڕی سەرۆک و تەواوی خەڵکی ئەو گەڕەکە بیستبووی . گووتی گەشاو ئەردەشێر دەناسی ؟ گەشاو وەڵامی دایەوە گووتی بەڵێ مامە ئەردەشێرم خۆشدەوێ ، ئەو کەسێکی باشە . ئانیا گووتی چۆن دەزانی ؟ گەشاو گووتی هەموو جارێ کاکە ئەیمەن وا دەڵێ . ئینجا ئانیا بۆی دەرکەوت گەشاو لەگەڵ ئەیمەنی سەرخۆشیتی هاوڕێکەی ئەردەشێر . لەو ڕۆژەوە گەشاو و ئانیا بوونە هاوڕێ ، گەشاو هەرکات حەزی لێبا دەچۆوە ماڵە کۆنەکەی خۆیان و باوەشی لە ئانیا دەدا لە هەمان ئەو ژوورانەی پڕ بوو لە یادەوەریەکانی خۆی و دایکی . بەیەکەوە سەیری

تەلەفیزیۆنیان دەکرد و نانیان دەخوارد و دەچوونە پیاسە ، ئەم بەریەککەوتنە بۆ هەردووکیان گرینگ بوو ، چونکە هەم گەشاوی گەڕاندەوە ناو ماڵەکەی خۆیان کە ئەو بەردەوام دڵی تونـد بوو بە بینینی خانووەکە بەکەلاوەیی و نەشدەکرا دەستبەرداری بێ چونکە پڕ بوو لە یادگاری . هەمیش ئازارەکانی ئانیای کەم کردەوە ، چونکە وا هەستی دەکرد گەشاو گەورەترین دیاریە لە نێوان خۆی و ئەردەشێر .

چل و دوو

دوای ئەوەی ماڵەکەیان بەتەواوەتی داناوە و لەو خانووە جێگیربوون ، ئێوارەک ئانیا چۆوە گژ ڕۆمانەکەی و ئەوەی نەینووسیبوو نوسی ، دواتر لەسەر یەکترناسینەکەی خۆی و گەشاو و ماڵ بارکردنەکەشیان بۆ ناو ئەو خانووە ئەوەندەی لەسەر نوسینەکە زیادکرد "چیرۆکەکان ئەوەندە سەیر دەچنەوە ناویەک و ئاوێتە دەبن ، وا لە مرۆڤ دەکەن بڵێ دەبێ دەستێکی ئەنقەست هەبێ لەو کارە ، دەنا چۆن لەخۆڕا واڕێک دەکەون " . دواتر بیری لەوە کردەوە وەختی ئەوە هاتووە ناوێک بۆ ڕۆمانەکەی دابنێ ، چونکە نزیک ببۆوە لە کۆتایی . لەوکاتە دەنگی دەرگای حەوشە هات بەپەلە چوو بیکاتەوە ، بەرلەوەی سووژیەکە ڕاکێشێ گووتی کێیە ؟

چونکە ئەو خانووە وەکو خانووەکەی خۆیان نەبوو کامێرای پێوەبێ و لە ژوورەوەڕا بزانێ کێیە ، باوکیشی لە ماڵ نەبوو لە دەرگەدانەکەش لە هــی ئەو نەدەچــوو . لەودیــو دەنگــی پیاوێکی بە تەمەن هات گووتی منم . ئانیا گووتی تۆ کێی ؟ دەنگەکە گووتی مام تاوێرم . ئانیا سام گرتی بوو گووتی مام تاوێر ؟ ئینجا زانی باوکی بەریداوە و بەم شەوە لەگەڵ خۆی هێناویەتیەوە وەکو مفاجەئەیەک بۆ ماڵەوە . بە پەلە دەرگاکەی کردەوە بینــی مــام تــاوێر و بــاوکی پێکەوە ڕاوەســتاون ، لە خۆشیان دەستی بە گریان کرد و توند باوەشی لێدا ، گووتی وای چەند بەختەوەرم کە لێرە دەتبینمەوە ، چەند بەختەوەرم کە دەبینم بەربووی ، فەرموو فەرمــوو وەرە ژووری . ئینجــا پڕیدا باوکیشی و چەند جارێک ڕوومەتەکانی ماچ کرد گووتی سوپاس باوکە ، من شانازیت پێوە دەکەم ، ئاخ نــازانم چۆن بەســەرخۆم دا زاڵــبم ئەوە چ خۆشــیەکە !! ببــوورن ئەگەر شــڵەژاو دیــارم ببــوورن . ئینجــا مــام تــاوێر و مەنســووڕ بەیەکەوە چــوونە ژوورەوە ، مەنســووڕ بینــی دایکــی ئانیــا دووبــارە لە دیــار تەلەفیزیــۆن خەوی لــێ کەوتــووە . بە پێکەنینەوە بە مام تاوێری گووت لەوەتەی ئەو ژنەم هێناوە خەوتــووە ، مــام تــاوێر پێکەنــی گــووتی ڕاستە پێشــتریش کە دەهــاتمە ماڵتــان وەهــای دەکرد خەو دەیبــردەوە . مەنســووڕ گووتی گوێت لێیە ئانیا ؟ تۆ ئەو کاتە بچــووک بــووی . لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگە دایکی ئانیا بە خەبەرهات ، کە چاوی بە مام تــاوێر کەوت گــووتی ئەی کــۆرەبم ئەوە مــام تــاوێر نــیە ؟

مەنسوورِ گووتی بۆنا ، بەڵێ خۆیەتی . ئینجا دایکی ئانیا پرِیدایە و شانی ماچ کرد گووتی برا یاخوا بەخێربێیەوە، فەرموو لێرە دابنیشە بردیە بنەبانی ژوورەکە . مەنسوورِیش لە تەنیشتی دانیشت. ئانیا بە گەرمی دووبارە بەخێرهاتنی کرد و لە لایەکەیتری دانیشت . مام تاوێر گووتی ئانیاخان لەگەڵ رِۆمانەکەت چۆنی ؟ ئانیا گووتی زۆر باشم خەریکە تەواو دەبێ ، تەنیا ناوم لێی نەناوە . مام تاوێر گووتی دڵم زۆر بەوە خۆش بوو کاتێک ئەردەشێر پێی گووتم ئانیا باسی تابووتەکانیشی کردووە لە رِۆمانەکەی . ئانیا کە ناوی ئەردەشێر هات هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی بەڵێ بەشێکی سەرەکیم بۆ ئەوە تەرخان کردووە . مام تاوێر گووتی ئەوە هەواڵێکە زۆر لەوکاتەی پێیان رِاگەیاندم بەربووی دڵخۆشترم دەکات ، تازە گۆرِەکان وون نابن بۆ هەرکوێیەکیان ببەن ، هەربژی . ئینجا رِووی کردە مەنسوورِ و وەکو جاران ناوی هێنا گووتی کاکە سیاوەش من ئانیام چەند جارێک بینی بەڵام چ بزانم ئەوە کچە بچووکەکەی تۆیە واگەورە بووە ؟ ئانیاش لەوکاتە گووتی وەڵا مامە تاوێر هەر یەکەمجار تۆم بینی هەستم کرد ئاشنای ، بەڵام بە تەواوەتی نەمدەزانی چۆن ، ئێ ئەوکاتەی ئێوەش باسی دەکەن و هاتووچۆتان لەگەڵ باوکم هەبووە من بچووک بوومە . مام تاوێر گووتی بەڵێ بچووک بووی ، هەموو جارێ وا لە بیرمە دایکت جوان پرچتی دادێنا و دەیکردە دوو بەش لەم لاو لەولای سەرت بە دوو پارچە پەرۆکی سپی دەیبەستا ، بڕوابکە هەرلە کارمامز دەچووی

ئەوەندە قشت بووی . لەگەڵ ئەو قسانە مام تاوێر ئەردەشێری بەبیرهاتەوە کە بۆ یەکەم جار چۆن باسی جوانی ئانیای بۆ دەکرد کە تازە هاتبووە سەردانی .

ئانیا گووتی ئێوە لەگەڵ ئەردەشێر یەکترتان زۆر خۆشدەویست ، دەبێ ئەوکاتەی بەربووی بە چ شێوەیەک خواحافیزیتان لەیەکتر کردبێ ؟ مام تاوێر چاوکانی پڕ فرمێسک بوو ، گووتی نا هەر نەچوومە لاشی ، ڕاستەوخۆ بەجێمهێشت . ئانیا گووتی بۆ ؟ مام تاوێر گووتی وا باشترە ، با وابزانێ من پیاوێکی بێ وەفا بوومە ، دەنا ئەو هەموو خۆشەویستیەی ئێمە بۆ یەکمان هەیە ، دوورکەوتنەوەم ڕقێکی لەگەڵ نەبێ ، دەیکوژێ . ئانیا گووتی ئەوە چ وەفایەکە ئێوە هەتانە ، بەڕاستی سەبری دەوێ ؟ مام تاوێر گووتی دونیا وەفا و عەشق و بەخشندەیی و ڕاستگۆیی و هاوڕێیەتی لێ دەربێنە ، چ دەمێنێتەوە لە ڕق و نەفرەت و شەڕ و پیسی زیاتر ؟ ئێمە دەبێ هەموو ئەو شتانە وەکو خۆی بیهێڵینەوە و پارێزگاریان لێبکەین .

ئانیا تۆزێک داما ژوورەکە کەمێک بێ دەنگی بە خۆیەوە بینی لە ناکاو ڕووی لە مام تاوێر کردەوە و گووتی لەبیرتە کە یەکەمجار یەکترمان بینی بە منت گووت لە کوردەواری قسەیەک هەیە دەڵێ ئەو کەسانەی یەکەمجار یەکتری دەبینن لێک بکۆڵنەوە یان دۆست دەردەچن یان دوژمن ؟ مام تاوێر پێکەنی گووتی بەڵێ لە بیرمە ، لە بیرمە تۆش وەڵامت دامەوە

و گووتت بەڵام مەرجیش نیە هەموو دوژمنایەتیەک کوشتنی لێ بکەوێتەوە ، ڕەنگە بگۆڕێ بۆ دۆستایەتی .
ئینجا ئانیاش پێکەنی لەگەڵ ئەم قسەیە دەستی مام تاوێری ماچ کرد ، مام تاوێریش سەری .
ئەو شەوە مام تاوێر لەماڵی مەنسوورِ مایەوە بەیانیەکەش ئەوبڕە جل و بەرگ و یاتاغەی پێی بوو ، بە کۆڵی خۆی دادا و بۆ دواجار خواحافیزی لە ئانیا و دایکی ئانیا و مەنسوورِ کرد ، ئینجا چووە کۆڵان و ئەو ڕێیە خۆڵەی گرت کە دەیبردەوە سەر شەقامی سەرەکی . تا لە چاویش وون بوو ئانیا و دایکی و مەنسوورِ لەبەر دەرگای حەوشەڕا سەیریان کرد ، لە دواجار بێ ئەوەی ئاورِ بداتەوە دەستێکی هەڵشەقاند ، وەک ئەوەی بڵێ ئاگام لێیە سەیرم دەکەن ، بڕۆنەوە ژووری پێویست ناکات ئەوەندە خەفتبارم بن .
کە گەیشتە سەر شەقامەکەش ئۆتۆمبێلێکی بە کرێ گرت و ڕێک ئەو ڕێیەی گرت دەیبردەوە ئەو چیایەی تابووتە مۆمیاکراوەکانیان لێی دۆزیبۆوە .
لە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد کە هەر لە منداڵێک دەچوو بۆ یەکەمجار چاوی بە دونیا هەڵێنابێ و سەرسام بێ بەو دیمەنانەی دەیبینێ ، تا گەیشتە هەریر . لەوێ ڕاستەوخۆ لەو چیایەی ڕووانی پەیکەرەکەی لە قەدی هەڵکەندرابوو ، ئەو پەیکەرەی خەڵک پێیان دەگووت دەرگای کافران ، بینی هەروەکو خۆی ماوە ، بە ئەستەم

زەردەخەنەیەکی کرد . ئینجا ئەوێی تێپەڕاند و هەندەی نەبرد گەیشتە باتاس . لەسەر شەقامی گشتی دابەزی ، لە دووڕەوە سەیری چیایەکە و ئەو ئاقارەی کرد کە کەوتبووە بنارەکە، ئینجا یاتاغەکەی بەکۆڵدادا و بەڕێ کەوت .

لەسەر ڕێی خۆی بینی کەسێک لە دیار کۆمەڵێک مەڕ و بزن ڕاوەستاوە ، کە چووە پێش بینی شوانەکەیە .

کە یەکتریان بینیەوە لەدوورڕا مام تاوێر گووتی نەکەی دەست لە بۆ تفەنگەکەت ببەی لە ئێستاوە میوانی تۆم . شوانەکەش پێکەنی گووتی " ئەدی برا ئەمە هەر پەخۆ کەیف پە مێوانا تێ " ئینجا یەکتریان لە باوەش گرت و نیوەڕۆکەی پێکەوە چوونەوە ماڵ .

لە حەوشە مام تاوێر کە چاوی بەو دارە کەوتەوە شوانەکە لەسەر ئەستێرەی خێزانی چاندبووی ، سڵاوێکی لێکرد وەک ئەوەی سڵاو لە کەسێکی زیندوو بکات .

شوانەکە دڵی بەمە زۆر خۆش بوو ، دەتگووت وا هەست دەکات بێجگە لە خۆی کەسێکی تریش هەیە قسە لەگەڵ ئەستێرە بکات ، هەموو هەروا نەزانن مردووە .

پاشان دوای نان خواردن مام تاوێر هەموو ئەو شتانەی بەسەری هاتبوو بۆی گێڕایەوە ، دواتر ڕووی لە چیا کرد و خۆی گەیاندە ئەشکەوتی سێدەری .

لەو ڕۆژەوە ئەوێی بە یەکجاری هەڵبژارد تێیدا ژیان بکات .

لە چایەپەستێک و یاتاغێک و چەند پارچە جلێکێکی زیاتر

لـەگەڵ خۆی نەبـــرد ، کـــە لەلایـەکی ئەشکەوتەکـە بـە داریّی وەکردبوون، بەڵام لە مرۆڤەکانی هەمـوو دونیـا بەختەوەرتـر بوو . هەموو سبەینان بەر لە ڕۆژهەڵاتن لە خەوهەڵدەستا و دەچووە سەر لوتکەیەک تا دونیا ڕۆناک دەبۆوە .

هەمـوو ئێـوارانیش لەســەر لـوتکەیەک دادەنیشـت و لە ڕۆژ ئاوابوونی دەڕوانی .

جارجـاریش بە پێدەشـتەکاندا پیاسـەی دەکـرد و لەلای گـۆمە ئاوەکـان دادەنیشـت بـۆئەوەی تەماشـای کـرم و ئەو فەرخە بۆقانە بکات کە تێیدا مەلە دەکەن .

چل و سێ

دوای ڕۆیشتنی مام تاوێر ئێوارەیەک ئەیمەنی سەرخۆش و دایکی و گەشاو هاتنەماڵی سیاوەش ، دایکی ئانیا زۆری پێ خۆش بوو ، چونکە ئەو ماوەیەکی درێژ بوو هیچ هاوڕێیەکی نەبوو بێتە سەردانی و هاوتەمەنی خۆی بێ . چونکە پێش ئەوەی ماڵیان باربکات لە گەڕەکی فیرعەونەکان ، ژنەکانی ئەوێ نەدەهاتنە بەردەرگا و تەنانەت لە حەوشەش دانەدەنیشتن تا خۆیان بدەنە بەر ڕۆژ و بکەونە ناو باس و خواستی دونیا ، کەچی لەو گەڕەکە هەژارنشینە زیاتر خەڵکەکە تێکەڵ دەبوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان پتەوتر بوو ئەو شەوە دایکی ئانیا و دایکی ئەیمەن بەیەکەوە کەوتنە قسان سیاوەش و ئەیمەنیش گوێیان گرتبوو ، ئانیاش لەلایەک

دانیشتبوو لە دیار چایەپەستێکی چاو سێنیەک کە پڕ بوو لە پیاڵە و بن پیاڵە چای تێدەکرد . گەشاویش بە مۆبایلەکەی ئانیا خەریکی ئاتاری بوو. دوای ئەوەی دایکی ئانیا و دایکی ئەیمەن لە قسەکان بوونەوە ، ئانیا بە دایکی ئەیمەنی گووت دەزانم زۆرتان ئاگا لە گەشاو بووە و ئێستا وەکو کوڕی خۆتانی لێ هاتووە ، بەڵام ئێوەش بڵێن و نەڵێی تەمەنتان گەورەیە و منداڵیش خزمەتی دەوێ ، ئەگەر حەز بکەن با گەشاو لەلای من بێ ، یان دەکرێ بڵێم با ئەرکی بەخێوکردن و ئاگا لێبوونەکەی لەسەر هەردوو لامان بێ . دایکی ئەیمەن پێکەنی گووتی کچم نموونەت زۆر بێ کە بەو گەنجیە ئامادەی منداڵێک لە خۆت بگری ، من هیچ کێشەیەکم نیە گەشاو حەزی لە کوێیە با لەوێ بمێنێتەوە ، لەوە باشتر لە جیاتی ماڵێک دووماڵی هەبێ ؟ لە جیاتی دایکێک و باوکێک چەندین دایک و باوکی هەبێ ؟ ئانیا زۆر دڵی خۆش بوو بەو وەڵامەی دایکی ئەیمەن ، لەوکاتە مەنسوورِ بە جواب هات ، گووتی تاماوەیەک لەمەو پێش لەناو بازرگانە هاوپیشەکانم گوێم لێ دەبوو دەیانگووت قەت منداڵی کەس نابێتە هی کەس ، یان دەیانگووت هیچ منداڵێک وەکو منداڵی خۆت نیە ، ئێستا بۆم دەرکەوتووە ئەوان ئەوەش بە هەبوونی کەل و پەل و قازانج و دەوڵەمەندی تێگەیشتوون ، دەنا ئینسان ئەگەر تۆزێک شەریف بێ چ جیاوازی هەیە لە نێوان منداڵی خۆت و منداڵێکی تر ؟ با لە گۆشت و خوێنی خۆشت نەبێت . ئێستاش وا لە بیرمە هەموو جارێ باپیرم دەیگێڕاوە دەیگووت کاتێک

مەڕداربووین ڕۆژێک مەڕێکمان زا ، دوو بەرخی بوو ، بەڵام مەڕەکە بەخۆی لەسەر بەرخەکان چوو و مرد ، لەو ڕۆژەوە بزنێکمان شیری بەو دوو بەرخەدا تا گەورەبوون . وە زۆر جاریش لەسەر ئەوە چیرۆکێکی تری دەگێڕایەوە دەیگووت ڕۆژێک لە دیار مەڕومااڵت بووم ، ڕۆژ خەریک بوو ئاوا بێ، منیش مەڕ و بزنەکانم بەدوای خۆمدا بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە ، لەڕێگا بینیم لەلای کونە ڕێوەیەک ، دایکە ڕێوەیەک پاڵکەوتووە چوار فەرخە کەرۆێشک گوانی دەمژن ، بڕوابکەن سەرەتا وام زانی خەونە ، بەڵام کە تەواو چوومە پێش بینیم ڕاستیەکە بەچاوی خۆم دەیبینم ، جا نازانم دایکی کەرۆێشکەکان چی بەسەر هاتبوو . لەگەڵ ئەو قسانە بابەتی دانیشتنەکە گۆڕا تا گەیشتە ئەوەی دایکی ئەیمەن گووتی لەم دونیایە شتی زۆر سەیر ڕووەدا ، شتی زۆر سەیر دەبیندرێ کە لەمەوپێش نەبیندراوە . باپیری منیش بەڕەحمەت بێ شوان بوو وەکو باپیری تۆ ، خەڵکی قوشاغڵو و ترپەسپیان بوو ، جارێک دەگەڕێتەوە ماڵ و لەسەر جێگا دەکەوێ ، خەڵک لێی کۆدەبنەوە و دەڵێن چی بووە ؟ ئەویش بەزمانی حاڵ دەڵێ کە لەدەشت بووم لەدیار مەڕوو بزنەکانم بینیم لە ئاسمانەوە شتێکی خڕ هاوشێوەی سێری نانکردن ئینجا لەسەر گەورەیی دابەزی ، پاشان دەرگایەک بۆوە و سێ کەس لە ناوی هاتنە دەرەوە ، کە لێم نزیک بوونەوە بە زمانێک قسەیان دەکرد لێیان تێنەدەگەیشتم ، شێوەشیان هیچ لە ئێمە نەدەچوو ، چاویان سێ گۆشە بوو . دوای ئەوەی سەیری منیان کرد و

لە دەوروبەریان ڕوانی چوونە ناو مەڕ و بزنەکانم بەرانێکیان گرت و بردیانە ناو سێرەکە ، ئینجا دەرگاکەیان پێوەداوە و چوونەوە ئاسمان . لەوکاتە مەنسوور گووتی ڕەنگە ئەوە دەفری فڕیو بووبێ ئێستا قسەی زۆری لەسەرە دەڵێن بوونەوەری تر هەیە لە دەرەوەی زەوی . بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ تا ئەو چیرۆکەی تۆش بە پڕ و پاگەندەم دەزانی ، بەڵام تۆ کە دەڵێی باپیرم شتێکی وای بینیوە ئێ خۆ لەو دەشتە چ تەلەفیزیۆن و ئامێرێک نەبووە تا بڵێم گوێی لێ بووە . دایکی ئەیمەن گووتی ناوەڵا ڕادیۆشیان نەبوو بەسااڵیش نەیاندەزانی نەک لە دونیا ، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر چ باسە .

ئەیمەن بە دیار ئەو قسانەوە هەر پەنجەکانی خۆی دەتەقاند ، مەنسووڕیش ڕووی تێ کرد و گووتی کاکە تۆ زۆر قەلەق دیاری ، ئەیمەنیش سەرێکی خستە بن گوێی وگووتی وەڵا دوو دەقەیتر دابنیشم شێت دەبم بۆ مەی ، من دەڕۆم . دەرگای ساردکەرەوەکەم چاوەڕێم دەکات بیکەمەوە ، قەت ئەوەندە لە جێیان دانەنیشتوومە و ئێوارەیەکیش نەبووە تا ئەو کاتە سەرخۆش نەبووبم . مەنسووڕ پێکەنی . ئەیمەن گووتی ئەگەر تۆش دێی وەرە داوەتم بە . مەنسووڕ ووتی ناوەڵا سوپاس نااڵێم ناخۆمەوە ئەوەی ڕاستی بێ منیش سەر و پەیوەندیم هەیە لە گەڵی ، بەڵام سبەینێ زوو دەبێ بڕۆم بۆ کار ، ئێستاش درەنگە با بۆ شەوێکی تر بێ . ئینجا ئەیمەن هەڵستایەوە و بە دایکی گووت من دەڕۆم ، دایکی یەکەوسەر تێگەیشت گووتی کێچت کەتە کەوڵی ها ، خۆت پێنەگیرا ؟ ئانیا

تێگەیشت ئەیمەن مەیخۆرێکە خۆی وا ڕاهێناوە دەبێ هەموو شەوێ بخواتەوە ، خەندەیەکی کرد لەگەڵ قسەکەی دایکی ، قۆرتەکانی سەر ڕوومەتی بەدیار کەوتن . دایکی ئانیاش بە دەم ڕۆیشتنەوە بە ئەیمەنی گووت کوڕم واز لەو شتە تاڵ و ژارە بێنە ، تۆ پیاوێکی ڕێک و پێکی . ئەیمەن گووتی دادە خۆ لە تاڵی و ژاریەکانی دونیا تاڵ و ژارتر نیە . ئانیا کەیفی بەو قسەیە هات ، تێگەیشت ئەو هەر بەخۆڕایی دەستی نەبردووە بۆ مەی خواردنەوە . دوای ڕۆیشتنی ئەیمەن دایکی لە مەنسووڕی پرسی باشە تۆ چۆن لە مەی خواردنەوە دەڕوانی؟ مەنسووڕ گووتی دوای ئەزموونێکی دوور و درێژم لەگەڵ مەی ، لەوە گەیشتم ئەو کەسانەی حەرامیان کردووە هۆشیار بوونە نەوەک نەفام ، لەوەش گەیشتم خۆمەست کردن بە مەی فێڵ لەخۆ کردنە ، ئینسان دووردەخاتەوە لەو مەستیانەی سرووشت پێمان دەبەخشێ ، بۆ مەستیەکی دروست کراو . لەوەش گەیشتم خوێندنەوەی شیعرێک یان پەیبردن بە ڕاستیەک و دۆزینەوەی جۆرێکی تری بیرکردنەوە و سەیرکردنی گۆمە ئاوێک و شاخێک و باخێک بارتەقای هەزاران بووتڵ مەی مرۆڤ سەرخۆش و مەست دەکات ، بێ ئەوەی هیچ زیانێک بە ڕووح و جەستە بگەینێت . هەر کەسێکیش زیرەکانە بیربکاتەوە مەی لە چیەوە هاتوە دەگاتە ئەو ئەنجامە . دایکی ئەیمەن گوتی لە چیەوە هاتووە؟ مەنسووڕ گووتی دەگێڕنەوە لەکۆندا مێشهەنگینێک ئاوی ناو دنکە تریێیەکی بۆگەنی دەخوات ، دوای ئەوەی گێژ دەبێ و

دەکەوێتە سەر زەوی ، خاوەنەکەی کە دەیبینێ لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات ، دەگاتە ئەو ئەنجامە لە خواردنی ئاوی ناو دنکە تریێیەکی بۆگەنی دووچاری ئەم کێشەیە بۆتەوە ، پاشان کە مێشەکە بەبەرچاویەوە هەڵدستێتەوە و نامرێ سەرنجی ڕادەکێشێ . ئینجا بە خۆی دواتر تڕێ بۆگەنی دەکات و ئاوەکەی دەخواتەوە ، لەم ڕێگایەوە بە درووستکردنی شەڕاب دەگات . واتا ئەگەر وورد بڕوانین دەبینین مێشەهەنگینەکە مەست نەبوو بەڵکو گێژ بوو دواتر هاوسەنگی خۆی لە دەست دا و ئەو ڕۆژە نەیتوانی کارەکانی بە ڕێک و پێکی وەکو ڕۆژەکانی تر ڕاپەڕێنێ . ئەوە جیا لەوەی لە سایەی باش ڕانەپەڕاندنی کارەکانیشی ئەو ڕۆژە شانەکەیان کەم و کوڕی تێدەکەوێت ، واتا ئەوەی ئێستا هەندێک لە مرۆڤەکان پێیان وایە مەستیە لای مێشەکە گێژبوون بوو . بەدیوێکی تریش ئەگەر بڕوانین ڕەنگە خاوەنی مێشەکە لەکاتی خواردنەوەی ئاوی تڕێ بۆگەنیەکە ، چێژێکی وای نەبینی بێ و ئەسڵەن ئەویش بە گێژبوونی زانی بێ ، وەک ئەوەی ئێستا دوای خواردنەوەی ئەو هەموو مەیە لە تەمەنی خۆم بەمە گەیشتم مەست بوون بە مەی خەیاڵ شڕ و شەپڕێ و دەکات و بیرکردنەوەکان بەرەو ئاڵۆزی دەبات ، بەڵام چونکە مرۆڤ حەزی لێیە لە ڕاستی و ئازارەکان ڕابکات ، لە جیاتی ئەوەی چێژیان لێ ببینێت و بە خۆشیەوە بەرەنگاریان ببێتەوە هەڵدێ لەبەریان . بۆ ئەم حالەتەش لە مەی باشتر نیە ، تا خۆت لە گێلی بدەی و هەر بەڕاستی گێژ بێت . دەکرێ خاوەنی

مێشــەکەش بەدەرفەتــی زانیبــێ لەمەودوا تریێیەکــانی بکــاتە شــەڕاب و ســەرەنجی خەڵک بۆخــۆی ڕاکێشــێ و بەرهەمــی باغەکەی پڕ فرۆشتر بکات ، کە بۆ لایانی ئابووری ڕێگایەکی نوێ و گرینگ بووە. لەوەش گەیشتم ئینسان لە کاتی مەستیدا تەندروست بیرناکاتەوە ، ئەگەرچی ئازادتر دەبێ لە قسەکردن ، وە بــێجگە لەوەش مەی وا لە مــرۆڤ دەکــات ئەو کــارەی دەیوێ بیکات پێی دەکات جا چاک یان خراپ . خۆم پێم وایە مەی تەنیا بۆ ئەوە باشە حەفتەی جارێک بیخۆیەوە تا گێژ بی و بزانی ڕۆژانە لە چ مەستیەک دای لێی بێ خەبەری .

چل و چوار

دوو مانگی ڕێک ئانیا خەریکی هەڵەچنین بوو بۆ ڕۆمانەکەی ، لە کاتی هەڵەچنین بڕیاریدا ناوی لێبنێ " گاڵتەجارپییەکانی دادگا " . تازە دونیا خۆشی کردبوو ، وەرز گۆڕابوو زستان خەریک بوو ماڵئاوایی بکات و بەهار بێ ، گژوگیا لێرەو لەوێ سەریان دەرهێنابوو ، جاروبار بۆنیان بە هەوادا بڵاو دەبۆوە. پەڕەسێلکەکان تازە گەڕابوونەوە و لەسەر تاق و دیوار و تێلەکانی کارەبا دەبیندران ، جیریوە جریویان دەکرد . ئانیا عەسرێکیان سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو ، بەڕێکەوت بۆئەوەی بچێ قسە لەگەڵ چاپخانەیەک بکات تا بزانێ چۆن کتێبەکەی لە بۆ چاپ دەکەن و چەندی تێ دەچێ . ڕێی کەوتە سەرئەو شەقامەی بە پێش زیندانداا تێدەپەڕی ، کۆمەڵێک دیمەنی ئەم

بەر و ئەو بەری شەقامەکە ڕۆژە کۆنەکانیان بەبیرهێنایەوە ، ئەو ڕۆژانەی بەپێ لەبەر باران لە سەردانی ئەردەشێر دەگەڕایەوە ماڵ . لەگەڵ ئەو خەیاڵانە گەیشتە بەرامبەر زیندانەکە ، ڕووی خۆی وەڕگێڕا بۆئەوەی سەیری دار و دیوارو ئەو تێلەدڕکاویانە بکات کە لەسەر دیوارەکە قایم کراون . بینی زیندانەکە تێکچووە دیوار و سیم و دەرگاکەیان هەڵگرتووە و ڕاستەوخۆ گۆڕەپانەکە لە دەرەوە ڕا بە ئاسانی دەبیندرێ ، بێ ئەوەی هیچ پاسەوان و بەندکراوێکی لێ بێ . ئانیا سەری سوڕما ، ئەگەرچی لە دوورەوە گوێی لێ ببوو قەولە بەندیخانەکە ببەنە دەرەوەی شار . بە ئۆتۆمبێلەکەی لایدا و ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی کەس ڕێی لێ بگرێ ، چووە ناو گۆڕەپانەکە . دەرگای کردەوە و هاتەخوارێ ، بینی قاوشەکان هەموو وەکو خۆیان ماون تەنیا شیشەکان بڕاونەتەوە ، ئینجا سەیری هەر چوار دەوری خۆی کرد ، نە ئەردەشێری لێ مابوو نە مام تاوێر و نە ئەو هەموو بەندکراوەشی لەگەڵیان بەند کرابوون . دەمێک لەو شوێنە ڕاوەستا کە ئەردەشێر بەسەرهاتی بۆ دەگێڕایەوە . هەستێکی سەیر دایگرت هەموو ئەندامەکانی سڕببوون . ئینجا بە تامەزرۆییەوە ڕاستەوخۆ چووە ناو مەمەڕەکە ، بێ دەنگی هەموو قوژبنێکی داگرتبوو، تەنیا ترقە ترقی پێڵاوەکانی دەهات . قاوش قاوش لە لای تەوقیفەکانڕا دەستی بەگەڕان کرد ، تا گەیشتە ئەو ژوورەی ئەردەشێری تێدابوو ، لەوێ بینی هەموو تاق و دیوار نوسراوە ، یەک یەک دەستی بە خوێندنەوەی نوسینەکان کرد.

لەناکاو بینی لە قونیچکێک وێنەیەک هەڵگەندراوە سەیری کرد شێوەی تۆزێک لەخۆی دەچێ ، لەبن وێنەکە چەند دێرێک نووسینیشی بینی کە خوێندیەوە نوسرابوو " نیلوفەر ئەی خانمی کەنارەکان ، ئەی خوداوەند ، هاتن بە دەستی خۆت بوو چونکە بەتەنیا هاتی دەتتوانی بڕیاربدەی نێی ، بەڵام ڕۆیشتن بۆ ؟ خۆ ئەوکاتە منیش لەژیانتدا هەبووم دەبوا پرسێک بکەی مادام بە تەمای ڕۆیشتن بووی " . ئینجا بە تەواوەتی بۆی دەرکەوت ئەردەشێر پڕ بە دڵ ئەوی خۆشویستووە ، دەستی بەگریان کرد و توند باوەشی لە دیوارەکەدا ، گووتی بۆ هیچت پێنەگووتووم دەربارەی ئەو خۆشەویستیە ئەردەشێر ؟ ئینجا بەبیری هاتەوە ، کە پێشتر پێی گووتبوو چەند ناخۆش دەبوو ئەگەر دەرچوون لە دونیاش بە ئاگادارکردنەوەبا و کاتێکی بۆ دیاری بکرابا .

ئەردەشێریش گووتبووی نا پێم وایە خۆشتر دەبوو ، چونکە ئەوکات هەرکەس پەلەی دەکرد لەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدات و لەوەی دەیەوێ بیلێت و لەوەی لە دڵیەتی نایدرکێنێ . دواتر لەوێڕا ڕاستەوخۆ پەڕیەوە ئەو بەری لای حوکمەکان تا بزانێ لەوێ چی نوسیوە ، کە چووە ژوورەکە دووبارە بینی نوسین لەسەر دیوارەکان هەیە بەڵام کەمتر لە ژووری تەوقیفەکان . بە چاوی بە فرمێسکەوە گەڕا گەڕا تا گەیشتە شوێنەکەی ئەردەشێر ، بینی لەوێش هەمان وێنەی درووست کردووە لە بنەوەش نوسیویەتی نیلوفەر ئەوەندە عاشقتم نامەوێ تۆی فریشتە لەگەڵ خۆم بسووتێنم لەم دۆزەخەی تێیکەوتووم ،

تکایە لەو هەموو خۆشەویستیەی بەنهێنی بۆتۆم هەبووە و نەمدرکاندووە بمبووڕە " ئانیا لەم نوسینەوە زانی ئەردەشێر لەبەرئەوەی حوکم بووە خۆی کردۆتە قوربانی و نەیویستووە ئەو بە خۆیەوە گرێ بدات و ئەو حوکمە دوور و درێژە لەگەڵی بچێژێ . فرمێسک تک تک بەسەر ڕوومەتەکانیدا ڕێچکەیان بەست ، گووتی نا ئەردەشێر ئەوە چ قسەیەکە . ئاخەر ژنێک چی دەوێ لەوە زیاتر پیاوێک بەڕاستی خۆشیبوێ ؟ تا درەنگ لەوێ مایەوە ڕۆژ زەرد هەڵگەڕابوو وەکو ڕەنگی دەم و چاوی ، خەریک بوو ئاوابێ ، بەوپیا لەو زیندانە کاوڵە نێتە دەرەوە ، کە سەردەمێک هەموو بەندکراوەکان ئاواتی دەرچوونیان تێدا دەخواست. ئەو عەشقەی ئەردەشێر وای لێکرد لەپڕ بڕیاربدا چارەنووس بگۆڕێ ، بۆخۆی چارەنووسێکی تر نیشان بکات ، بەوە ڕازی نەبێ کە هەیە . بۆیە لە تەنیشت وێنەکە چەند دێرێکی زیاد کرد و نوسی ئەردەشێر لە پاداشتی ئەو عەشقە گەورەیەی بەنهێنی بۆ منت هەبووە ، منیش بەنهێنی لەسەرت ڕادەوەستم تا ئازاد دەبی، بیست و پێنج ساڵ چاوەڕوانی بۆ عەشق چیە ؟

٢٠٢٠ – ٢ – ١٨

هەولێر ـ قەتەوی

کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر

- ئەشکی قەڵەم — شیعر
- دیوانی هەڵۆی سامی — شیعر
- مەحەببەت دەکەمە ئایین — شیعر
- من شەیتان ئاشت دەکەمەوە — شیعر
- ژووری ژمارە سێ لە شێتخانە / بەرگی یەکەم — ڕۆمان
- کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکان — ڕۆمان
- گاڵتەجاڕییەکانی دادگا — ڕۆمان

سوپاس و پێزانین

بەو هیوایەم لە دوا ڕۆژ ڕۆڵی هونەرمەند " ئاواز ئەحمەد بۆرە ، ناسراو بە مەهۆ " لە بیر نەکرێت ، کە هیچ کات نەیهێشتووە لە لایانی ماددیەوە پەکم بکەوێت ، لێرەوە سوپاسی دەکەم ، ئەو کەسێکە " ئانانا " یانە هەڵسوکەوت دەکات ، بەردەوام گووتویەتی " تۆ بنووسە خەمی لە چاپدانت نەبێ " کە هەمیشە لەم ڕووەوە کێشەم هەبووە ئەرکی سێ کتێبی منی لە ڕابردوو و ئەم ڕۆمانەی ئێستا لەبەردەستە لە ئەستۆ گرتووە و خۆی بە خاوەنی زانیوە ... لە کاتێکدا کەس بە دەنگیەوە نەهات لە دەرگای زۆربەی ناوەندەکانم دا ، بە وەزارەتی ڕۆشنبیریشەوە ، کە خەرجیەکەی نەیدەکرد نیوەی پارەی ئەو فەرشە سوورەی لەسەر قادرمەکەیان ڕایەخستراوە و ڕۆژانە هاتووچۆی

بەسەردا دەکەن ، کە دەکرێ ئەوێ فەرشی هەر لێ نەبێ . بە تەواوەتی لەوە گەیشتم هەموویان تەنیا خەریکی بازرگانی و پارە خواردن و دیکۆراتی بێ ناوەڕۆکن جا هەرچۆن ڕێککەت هیچی تر نا .

ناوەندەکان چەندین ڕۆمانی بیانیان چاپ کردووە لە سەر ئەرکی خۆیان لەبەرئەوەی هی کەسانێکن ناویان هەیە ، کە هەندێکیان هی ئەوە نین هەر بڵاویش بکرێنەوە ، کەچی ئامادەنین ڕۆمانێک چاپ بکەن باس لە ئازار و مەینەتی و خۆڕاگری و دونیایەک نهێنی و کۆمەڵێک بەهای مێژوویی ژێرخاک کەوتوو و ئاستی بیرکردنەوەی سۆسیۆلۆژی ئەم وواڵاتە و بە گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات ، کە ئیرادەیان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ دەگەڕێنێتەوە ، چونکە خۆمانەیە ...

بازاڕی کتێبیش لە لایەکی تر بوەستێ ، کە بازاڕێکی تەم و مژاوی و ڕەشە ، کەس نازانێ وەرگرتنی کتێب و کڕین و فرۆشتن تێیدا چۆنە و چۆن نیە ...

کە ڕێک ئەو سەردەمەم بەبیردێنێتەوە بە منداڵی لە ساڵی نەوەدەکان لەگەڵ بابم دەچووینە دەوزێی کەڵەک بۆ قاچاغی ، هەرچی قاچاغچی هەولێر و دەوروبەر هەبوو لەوێ خڕدەبوونەوە ، هەمووش یەکتریان دەناسی ، قاچاغچیەکانی

ئەو بەری زێش لە موسڵێ ڕا تەنەکە ڕوونیان دێنا و بە بەلەم دەیان پەڕاندەوە ئەم بەرە ، قاچاغچیەکانی ئەم بەرەش چۆن ڕێک بکەوتبا وا لێیان دەکڕین نرخ دیار نەبوو ، کەسیش لە ڕوونی باش و خراپی نەدەپێچاوە گرینگ قازانجی تێدابا ، خەڵکی ناوشاریش کۆیرانە ئەو ڕوونانەیان دەکڕی ، بە کورتی لە کەناری ئەو زێیە " سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسیەوە " ئەوەندە بازاڕێکی بێ خاوەن و ئاڵۆز بوو .

❊❊❊